# بۆکان لە مێژوودا

«کۆمەڵەی ٤٨١ وتار»

(بەرگی یەکەم)

# بۆکان لە مێژوودا

## «کۆمەڵەی ٤٨١ وتار»

ئەنوەر سوڵتانی

بنکەی ڕۆشنگەری

**کتێب:** بۆکان لە مێژوودا (کۆمەڵەی ٤٨١ وتار) بەرگی یەکەم
**نووسەر:** ئەنوەر سوڵتانی
**دیزاین و ڕووبەرگ:** چیمەن ئیلخانیزادە
**بڵاوکەرەوە:** بنکەی ڕۆشنگەری، ئاڵمان
**نۆرەی چاپ:** یەکەم، ٢٠٢١
نیگارەکانی ڕووبەرگ لە کاشییەکانی ئیزیرتوو وەرگیراون

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

بۆ یادی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی دژە فێئۆداڵیی ساڵی ۱۹۵۳ی بۆکان و دەوروبەری، نەمران:

حاجی قاسم کەریمی
عەبدوڵڵا ئێرانی
ڕەئووف مەلا حەسەن
عەلی میرەبەگ
سەید کاکە
عومەرخانی بابامیری
مام فەتحوڵڵای ئاڵبڵاغ

# پێرست

**سەرەتا** ........................................ ٢١
سپاس و پێزانین ........................................ ٢٧

**بەشی یەکەم: بۆکان: ناسنامە، مێژوو، ڕووداو** ........................................ ٢٩
ناوی بۆکان ........................................ ٣١
چەند تێبینییەک لەسەر ناوی شاری بۆکان ........................................ ٣٢
وشەی بۆکان و بۆچوونە جیاجیاکان ........................................ ٤٧
چەند سەرچاوەی کۆنی فارسی سەبارەت بە ناوی بۆکان ........................................ ٤٨
ناوی مێژوویی کانی و مووچە و مەزراکانی ناوچە ........................................ ٥٣
ناوی تایبەت و نائاسایی ........................................ ٥٧

**زانیاریی گشتی سەبارەت بە شاری بۆکان** ........................................ ٥٩
ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام ........................................ ٦١
بۆکان بە قەڵەمی دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور ........................................ ٦٢
شیکاریی ئاماریی دانیشتووانی ناوچەی بۆکان ........................................ ٦٧

**مێژووی دێرین** ........................................ ٧١
بۆکان، شوێنەوارێکی میترایی و یادگارێکی ماخوای ئاناهیتا ........................................ ٧٣
شارەکانی ئێران لە سەردەمی پارتییەکان و ساسانییەکاندا ........................................ ١٢٣
بۆکان لە هەندێک سەرچاوەی بیانیدا ........................................ ١٢٤
هەڵکەوتی مێژوویی بۆکان ........................................ ١٢٦
شارستانییەتی ماننایی ........................................ ١٢٧
مانناکان لە ئینسیکلوپیدیای بریتانیکادا ........................................ ١٢٩
شارستانییەتی زاموا/ زاموئا (زاموای نێوخۆیی) ........................................ ١٣٠
مۆنیومێنتی ئیزیرتوو ........................................ ١٣٢
بەردەنووسێکی بزربووی سەر چیای تەرەغە ........................................ ١٣٣
بەردەنووسێکی هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین لە «قەڵایچی»ی بۆکان ........................................ ١٥٥
پیرەقەڵا و گردی کەونارای نێوشاری بۆکان ........................................ ١٧٣
پارسوا ........................................ ١٧٩
بەردەنووسی بەغستان (بیستوون) ........................................ ١٨٢
سەردەمی بێخەبەری ........................................ ١٨٤
ئەشکەوتی سەهۆڵان ........................................ ١٨٥
ئاورگەی شیز و تەختی سولەیمان ........................................ ١٨٦
تەختی سولەیمان یان «گەنزەک» و «ئازەرگوشەسب»ی مێژوویی ........................................ ١٨٧
گۆڕستانی مەلا جامی ........................................ ١٩٤
ساڵی شێخی ........................................ ١٩٦

**بۆکان لە مێژوونامەی شارەکانی دەوروبەریدا** ........................................ ١٩٩
ناوی شار و گوندەکانی ئێران ........................................ ٢٠١

ڕوانینێک بە ئازەربایجانی ڕۆژاوادا ........................................ ٢٠٢
ساوجبولاق ........................................................................ ٢٠٣
جوغرافیا و مێژووی بانەی کوردستان............................................ ٢٠٤
سەردەشت لە ڕێبازی شۆڕشدا..................................................... ٢٠٦
میاندواو، تیکاب و ساینقەلا ........................................................ ٢٠٨
مەراغە (افرازەرود) .................................................................. ٢٠٩
گەڕەکی سورخابی تەورێز و مقبرةالشعرا......................................... ٢١١

**ناوچە جوغرافییەکان** ......................................................... ٢١٣
لێکۆڵینەوە لە دۆخی سروشتی، ئابووری و مرۆڤیی کوردستان لە نموونەی... ....... ٢١٥
جوغرافیای سروشتیی کوردستانی موکریان بە پێداگری لەسەر... ............... ٢١٨
جوغرافیای گشتیی ئوستانی کوردستان........................................... ٢١٩
جوغرافیای مێژوویی کوردستان ................................................... ٢٢٠
فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران......................................................... ٢٢١
نەخشەی موکریان .................................................................. ٢٢٢
نەخشەی ورمێ (ارومیە)............................................................. ٢٢٦

**بۆکان و کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا** ......................................... ٢٣١
بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان............................................. ٢٣٣
بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا......................................... ٢٣٦
بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا......................................... ٢٣٩
بەڵگەنامەکانی یەکییەتیی سۆڤیەت ................................................. ٢٤١
بەڵگەنامەکانی ئێران و عوسمانی.................................................... ٢٤٤
بەڵگەنامە سیاسییەکانی بۆکان چییان لێهات؟ ..................................... ٢٤٦
سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگەنامە مێژوویی‌یەکاندا.................................. ٢٦٠
ساوجبڵاغی موکری (مەهاباد)....................................................... ٢٦٣
دادگای پێشەوا و هاوڕێیانی.......................................................... ٢٦٥
بۆکان لە سەدەی بیستەمدا........................................................... ٢٦٧
کۆبوونەوەی مامۆستایان و شارەزایانی پەروەردەی شارەکانی کوردستان... ....... ٢٧٣

**ڕووداوە مێژوویی‌یەکان** ........................................................... ٢٨٩
ڕووداوەکانی بۆکان .................................................................. ٢٩١
سەردار عەزیزخان.................................................................... ٢٩٣
عەزیزخان و بابییەکان ............................................................... ٢٩٥
عەزیزخانی سەردار و قرةالعین ..................................................... ٢٩٩
ئەشکەنجە لە ژێرخانی ماڵی عەزیزخانی سەردار................................... ٣٠٢
نامەی سەرداری موکری.............................................................. ٣٠٦
وێنەیەکی مێژوویی و چەند ڕوونکردنەوەیەک........................................ ٣٠٩
کوردستان لە ڕێبازی مێژوودا بەگوێرەی گێڕانەوەی بەڵگەنامەکان ............... ٣١٨
کتێبی سەوز .......................................................................... ٣٢٠

کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا ..................... ٣٢٣
مێژووی هاوچەرخی کورد ..................... ٣٢٥
شۆڕشەکانی کورد ..................... ٣٣٠
ڕۆژمێری مێژووی ئێران (بەرگی ١) ..................... ٣٣٢
ڕۆژمێری مێژووی ئێران (بەرگی ٢) ..................... ٣٣٥
شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆماری کوردستان ..................... ٣٣٧
سەفەری دووهەمی ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ ..................... ٣٤٢
دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ..................... ٣٤٥
حکوومەتی کوردستان ..................... ٣٤٨
کۆماری کوردستان ..................... ٣٥٤
هەڵکرانی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە بۆکان ..................... ٣٥٧
ڕاپەڕینی ئەفسەرانی [پارێزگای] خوراسان ..................... ٣٥٩
ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خوراسان و حەماسەی خارک ..................... ٣٦٠
بیرەوەرییەکانی مورتەزا زەربەخت ..................... ٣٦١
لە مەهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس ..................... ٣٦٢
ڕێکەوتی ئیعدامی شەهیدانی بۆکان و سەقز ..................... ٣٦٣
ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ تا ١٣٥٧ ..................... ٣٧٧
ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان و گوندەکانی... ..................... ٣٧٨
ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٣١ - ١٣٣٢ی هـ/ ١٩٥٢ - ١٩٥٣ی زایینیی بۆکان... ..................... ٣٨٨
ناوی ڕاپەڕیوەکانی ساڵی ١٣٣٢ی شاری بۆکان ..................... ٤١٢
ڕووداوەکانی بۆکان لە ڕۆمانی «تاقەدار»دا ..................... ٤٢٤
ئیسلاحاتی ئەرزی لە بۆکان ..................... ٤٢٧
شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە ..................... ٤٣٣
کوشتاری ناوچەی چۆمی مەجیدخان ..................... ٤٣٥

**بۆکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان** ..................... ٤٣٧
ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ..................... ٤٣٩
ڕێکخراوە و حیزبە سیاسییەکان ..................... ٤٤٢
حیزبی ئازادیی کوردستان ..................... ٤٤٦
کۆمەڵەی «ژ. ک» لە بۆکان ..................... ٤٥٠
کۆمەڵەی ژ. ک تا کۆمار ..................... ٤٦٢

**وتووێژ** ..................... ٤٦٧
وتووێژی ڕادیۆیی لەگەڵ مامۆستا برایمی ئەفخەمی ..................... ٤٦٩
وتووێژی خالید محەممەدزادە لەگەڵ مامۆستا سەید جەلالەددینی حوسێنی ..................... ٤٧٢

**هۆزە کوردەکان** ..................... ٤٧٣
میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ..................... ٤٧٥
باو و باپیری تایفەی دێبوکری ..................... ٤٧٧
هۆزی فەیزوڵلابەگی ..................... ٤٧٩

بنەماڵەی عەبدوڕڕەحمان‌بەگی موکری ..... ٤٨٠
عێلی بارزان..... ٤٨٢
مێژووی هۆزی بڵباس ..... ٤٨٤

**بەشی دووهەم: چاند و هونەر** ..... ٤٨٧
چاند و هونەر..... ٤٨٩

**شوێنە فەرهەنگییەکان**..... ٤٩١
خانووبەرە مێژووییەکان ..... ٤٩٣
بنکەی فەرهەنگیی حەمامیان ..... ٤٩٦
«سینەما سەعدی»ی بۆکان ..... ٤٩٨
جارێکی دیکە سینەما «سەعدی»ی بۆکان ..... ٥٠٤
شێعر، شرۆڤەی شێعر و ژیاننامەی شاعیران..... ٥١٧
دەسنووسی نووسراو لە بۆکان..... ٥١٩
کێشی شێعری هەندێک شاعیری بۆکانی..... ٥٢١
شێعرێکی فارسیی شێخبابا..... ٥٢٣
شێعرێکی زێوەر بۆ ناودارانی ناوچەی بۆکان..... ٥٢٩
وەڵامی شێخی زەنبیل (شای حەکیم) بە شێعرەکەی عەبدوڵلابەگی زێوەر..... ٥٣٣
شێعری گەنجاڵی‌بەگ ..... ٥٣٧
شێعری حاجی سەلیم‌خان (حاجی سەرتیپ) لە وەڵامی شێعرێکی شێخ ڕەزای... ..... ٥٤١
شێعرەکانی عەلی گەلاوێژ ..... ٥٤٦
بیری رابردوو..... ٥٤٨
دەنگی هەرمان ..... ٥٤٩

**بۆکان لە کتێبی شێعر و مێژووی ئەدەبی کوردی‌دا**..... ٥٥١
ئەلبوومی کەشکۆڵ ..... ٥٥٣
بۆکان لە دەسنووسە کوردییەکانی بەرلین‌دا ..... ٥٥٧
ئەنجومەنی ئەدیبان ..... ٥٦٢
مێژووی ئەدەبی کوردی، مامۆستا عەلائەددین سەجادی..... ٥٦٥
ڕشتەی مرواری، مامۆستا عەلائەددین سەجادی..... ٥٦٧
مێژووی ئەدەبی کوردی، دوکتۆر مارف خەزنەدار ..... ٥٧١
مێژووی وێژەی کوردی، مامۆستا سدیق بۆرەکەیی (صفی‌زادە)..... ٥٧٤
تەلای دەستەوشار..... ٥٧٦
چەند مێژووی دیکەی ئەدەبی کوردی ..... ٥٧٩
دیوانی سەیفولقوزات ..... ٥٨١
کاروانی خەیاڵ..... ٥٨٣
دیوانی ئاوات ..... ٥٨٥
دیوانی حەقیقی..... ٥٨٨
کۆڵکەزێڕینەی حەقیقی..... ٥٩٠
کتێبی شێعر و پەخشانی سوارە ..... ٥٩١

تاپۆ و بوومەلێڵ ۵۹۵
سوارەی ئێلخانیزادە و هەندێک لایەنی کەمتر باسکراوی ژیان و کارەکانی ۵۹۸
شوێنەواری نادیاری سوارە ۶۰۴
چەپکێک لە گوڵ ۶۰۹
«سرود پرستو»ی وەفا ۶۱۱
شێعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا ۶۱۳
نەمریی لە ئەدەبدا ۶۲۰
سەیفولقوزاتی قازی ۶۲۱
مامۆستا هەژار (بۆ کوردستان) ۶۲۳
جارێکی دیکەش مامۆستا هەژار و بۆکان ۶۲۵
وتاری هەژار موکریانی ۶۳۲
مامۆستا خالید حیسامی (هێدی) و ئاوێنەشکاو ۶۳۳
چێشتی مجێوری عەلیخانی بەگزادە ۶۳۶
محەممەدسەدیق مەحموودی ۶۳۸

**مۆسیقا** ۶۴۱
مێژووی مۆسیقای کوردی ۶۴۳
مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژاوای ئێرانەوە ۶۴۵
حەسەن زیرەک، ڕوانینێک لە دەروونەوە ۶۴۷
حەسەن زیرەک (گەوهەرێ) ۶۵۹
ناڵەشکێنە، سەرجەمی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک ۶۶۰
حەسەن زیرەک لە ڕوانگەی هونەرمەند و مۆسیقار و نووسەرانی کوردەوە ۶۶۴
«لە دڵمایە»ی مامۆستا ڕەشید فەیزنژاد ۶۶۶
مامۆستا قادر عەبدوڵلازادە (قالەمەڕە) ۶۶۹
کۆمەڵەی ۴۴ وتار سەبارەت بە هونەرمەندی مەزنی کورد قالەمەڕە ۶۷۲
ئیبراهیم فەتاحی ۶۷۳

**وێنەکێش، پەیکەرساز** ۶۸۱
خاتووزین هونەرمەندی هەڵکەوتووی گوندی بۆگەبەسی ۶۸۳
مامۆستا عوسمان ڕەحمانزادە ۶۸۵
کاریکاتۆر لە بۆکان ۶۸۸
هونەرمەندی شێوەکار مستەفا شێرزاد ۶۹۰
هونەرمەند ڕێبین حەیدەری ۶۹۱

**چاپەمەنی دەورەیی** ۶۹۷
بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا ۶۹۹
ڕۆژنامەوانیی کوردی ۷۰۲
گۆڤاری نیشتمان ۷۰۳
جارێکی دیکەش گۆڤاری نیشتمان ۷۰۵
ڕۆژنامەی کوردستان (۱۹۴۶) ۷۰۹

گۆڤاری کوردستان ........................ ٧١٥
سێ گۆڤاری سەردەمی کۆماری کوردستان ........................ ٧١٩
گۆڤاری هەڵاڵە........................ ٧٢٠
دیسان گۆڤاری هەڵاڵە ........................ ٧٢٢
گڕوگاڵی منداڵانی کورد ........................ ٧٢٣
ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی تاران........................ ٧٢٥
ڕۆژنامەی کوهستان (چاپی تازە ١/٢) ........................ ٧٢٩
ڕۆژنامەی کوهستان (چاپی تازە ٢/٢)........................ ٧٣٤

**کتێب: کوردی، فارسی، زمانەکانی دیکە** ........................ ٧٣٩
کتێبی کوردی ........................ ٧٤١
دوو کتێبی سەرچاوە ........................ ٧٤٤
فەرهەنگی کتێب و چاپەمەنی دەورەیی کوردستان ........................ ٧٤٥
«قاموس‌الاعلام»ی شەمسەددینی سامی ........................ ٧٤٩
کتێبی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ........................ ٧٥١
کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی........................ ٧٦٢
کوردستانی موکری، حوزنی موکریانی ........................ ٧٦٣
هەڵکەوتی دیرێکی لە کوردستان........................ ٧٦٤
افتتاح ناصری........................ ٧٦٦
مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان........................ ٧٦٨
کورد و عەجەم ........................ ٧٧٢
سێبەری ئازادی ........................ ٧٧٤
چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان........................ ٧٧٦
کتێبێکی ئەلێکترۆنیی جووتیار حاجی تۆفیق ........................ ٧٧٨
کتێبی فارسی ........................ ٧٨٣
زانستنامەی گەورەی ئیسلامی........................ ٧٨٤
زانستنامەی جیهانی ئیسلام........................ ٧٨٥
شەرەفنامەی بدلیسی ........................ ٧٨٦
کوردانی ئێران ........................ ٧٨٧
یەکگرتوویی قەومیی کورد و ماد ........................ ٧٨٨
نادرشای ئەفشار لە ناوچەی بۆکان........................ ٧٨٩
مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبی موکریان، بۆکان........................ ٧٩٠
مێژووی فەرهەنگ و ئەدبی موکریان مەهاباد، سەردەشت و شنۆ........................ ٧٩١
ڕوانینێک بە مێژووی مەهابادا........................ ٧٩٢
مێژوو و فەرهەنگی سەقز........................ ٧٩٤
بژی مەشرووتە، بمێنێ قانوون!........................ ٧٩٥
ترسی سەقز ........................ ٨٠٠
مێژوو و جوغرافیای دارولسەڵتەنەی تەورێز ........................ ٨٠٤
وێنەی مێژوویی سەردەمی قاجار ........................ ٨٠٥

دوو کتێب ........................................ ٨٠٦
کتێبی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران ........................................ ٨٠٨
ژیاننامەی کەسایەتییەکانی ئێران ........................................ ٨١٤
ژەنەڕاڵ حەسەن ئەرفەع و کورد ........................................ ٨١٦
ژیاننامەی مام جەلال تاڵەبانی ........................................ ٨١٩
کتێبی کورد و کوردستان ........................................ ٨٢٤
ئیعترافاتی حوسێن برووجێردی ........................................ ٨٣١
بۆکان لە ڕێڕەوی مێژوودا ........................................ ٨٣٢
بوکان در گذر تاریخ ........................................ ٨٣٣
کتێب بە زمانانی دیکە ........................................ ٨٤٠
فتوح سوادالعراق ........................................ ٨٤٣
مینۆرسکی لە بۆکان ........................................ ٨٤٤
ناوی موغولیی «شوێن» لە کوردستانی موکریان ........................................ ٨٤٦
لەشکرکێشانی ڕۆم و بیزانس بۆ سەر ئاترۆپاتێن ........................................ ٨٤٨
بنچینەکانی کورد ........................................ ٨٤٩
ڤاسیلی نیکیتین و کورد ........................................ ٨٥٠
ئێران و بیزانس لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی زایینیدا ........................................ ٨٥٢
کوردستان میشنێری ........................................ ٨٥٧
کورد و کوردستان بەقەڵەمی درێک کینان ........................................ ٨٦١
ئێرانی ئەمڕۆ ١٩٠٦ – ١٩٠٧، ئێران و میزۆپۆتامیا ........................................ ٨٦٣
کوردستان لە سێبەری مێژوودا ........................................ ٨٦٤
مێژووی ماد، نووسینی دیاکۆنۆف ........................................ ٨٦٥
پاشایەتیی ماد، ئیقرار عەلییێف ........................................ ٨٦٦
وێنەی دوایین یاری ........................................ ٨٨٣
ڕاولینسۆن ........................................ ٨٨٥
جوولەکەی بۆکان ........................................ ٨٨٦
ئیتالیاییەکان لە کوردستان ........................................ ٨٨٨
مێژووی کوردستان ........................................ ٨٨٩
شۆڕشی نەتەوایەتیی کورد ........................................ ٨٩١
کریس کۆچێرا و ناسیۆنالیزمی کورد ........................................ ٨٩٤
جاناتان ڕاندڵ و کۆماری کوردستان ........................................ ٨٩٧

**بەشی سێهەم: کەسایەتییەکان** ........................................ ٩٠٣
پێشەکی ........................................ ٩٠٥

**کەسایەتییە فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و...** ........................................ ٩١١
فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد ........................................ ٩١٣
ئافرەتە ناودارەکانی کورد ........................................ ٩١٦
ناودارانی کورد و کوردستان ........................................ ٩١٧

مێژووی ناودارانی کورد ........................................................ ٩١٩
زانایانی کورد ........................................................ ٩٢٢
بلیمەتانی کورد ........................................................ ٩٢٣
گوڵزاری شاعیرانی کوردستان ........................................................ ٩٢٥
چیرۆکنووسانی بۆکان ........................................................ ٩٢٧
چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........................................................ ٩٢٩
ناوی بەشێک لە نووسەران، ئەدیبان و هونەرمەندانی بۆکان ........................................................ ٩٣٣
تیکۆشەرانی سیاسیی خەڵکی بۆکان و ناوچەکە ........................................................ ٩٤٠
ناوداران و هۆنەرانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا ........................................................ ٩٤٣
ئەحمەدی کۆری موکریانی ........................................................ ٩٤٤
میسباحوددیوانی ئەدەب ........................................................ ٩٤٥
میسباح و سالارسەعید ........................................................ ٩٤٦
مێژووی کۆچیدوایی میسباحوددیوانی ئەدەب ........................................................ ٩٤٩
حاجی بابەشێخ ........................................................ ٩٥١
دیسان سەبارەت بە حاجی بابەشێخ ........................................................ ٩٥٣
دیسان سەبارەت بە حاجی بابەشێخ ........................................................ ٩٥٤
شێخ ڕەزا و شێخانی تاڵەبانی بۆکانین ........................................................ ٩٥٦
حوزنی و گیوی موکریانی ........................................................ ٩٥٨
میسریخانم ........................................................ ٩٦٠
سەعیدی هومایوون و پێشەوا ........................................................ ٩٦١
ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق ........................................................ ٩٦٤
حەمەڕەشیدخانی بانە ........................................................ ٩٧٠
مامۆستا سەید سەلام عەزیزی ........................................................ ٩٧١
مامۆستا هێمن (هەواری خاڵی) ........................................................ ٩٧٤
مامۆستا حەسەن قزڵجی (ژیان و بەرهەمەکانی) ........................................................ ٩٧٧
حەسەنی قزڵجی (پێکەنینی گەدا) ........................................................ ٩٧٨
شێخ شەمسەدینی بورهان ........................................................ ٩٨٠
مەلا عصامالدین شەفیعی ........................................................ ٩٨١
میرزا عەلی سەمیمی (خێروێژ) ........................................................ ٩٨٤
ژیاننامەی نەمر عەلی گەلاوێژ ........................................................ ٩٨٧
مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک) ........................................................ ٩٩٠
شێعرێکی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک) ........................................................ ٩٩٢
مەلا بابەوەیسی ........................................................ ٩٩٨
میرزا ئەسەدوڵلا غوەلامعەلی ........................................................ ١٠٠٠
مەلا هادی ئەفخەمزادە ........................................................ ١٠١١
محەممەدسەدیق مەحموودی ........................................................ ١٠١٣
یادی کاک ئەنوەر ئێرانزادە بەخێر بێ! ........................................................ ١٠١٥
ئەم کەسایەتییانەی بۆکانم چۆن دیون؟ ........................................................ ١٠١٧

١ – ٣. قازی کاکەحەمەی بۆکان، سەیزادەی گەورە و مەلا سەدیقی قزڵجی ......... ١٠١٧
٤. مامۆستا حەسەنی قزڵجی ...... ١٠٢٠
٥. مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە و یەکەم بانگکرانم بۆ ساواک ...... ١٠٢٣
٦، ٧، ٨. مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی، سەید عەبدوڵڵا کازمی و سەیزادە. ...... ١٠٢٦
٩. حاجی مەهدی شەیبانی ...... ١٠٣٠
١٠. مامۆستا محەممەدی نووری ...... ١٠٣٢
١١ – ١٢. نەمران حاجی قاسم کەریمی و میرزا حسێنی برای ...... ١٠٣٥
١٣. کاک سوارەی ئێلخانیزادە ...... ١٠٣٩
١٤. کاک محەممەدی ئێلخانیزادە (کاوە) ...... ١٠٤٣
١٥. کاک محەممەد ئەشعەری ...... ١٠٤٥
١٦ – ١٧ بەڕێزان عەبدوڵڵا و ئەحمەد سامبەگی ...... ١٠٥٠
١٨– ١٩ بەڕێزان عەبدوڵڵا و عەلی شەرەفکەندی ...... ١٠٥٤
٢٠. نەمر حسێن فاتحی ...... ١٠٥٧
٢١. نەمر حسێن مەجیدی ...... ١٠٥٩
٢٢ – ٢٣. نەمران هەمزاغای حەمیدی و ڕابیعەخانمی هاوسەری ...... ١٠٦٠
٢٤. میرزا حسێن غوڵامعەلی و کوڕەکانی ...... ١٠٦٥
٢٥. عەباس‌ئاغای بێهداری ...... ١٠٦٧
٢٦. مامۆستا گۆران ...... ١٠٦٩
٢٧. کاک برایم فەڕشی ...... ١٠٧٢
٢٨. کاک نادر فەتحی (شوانە) ...... ١٠٧٥
٢٩. کاک کامران ئەمین‌ئاوە ...... ١٠٨٤
٣٠. خاتوو نیگار عینایەتی، کەسایەتییەکی کورد لە ئورووپا ...... ١٠٩٣
٣١. هونەرمەندی کورد کاک سولەیمان فەڕشی ...... ١٠٩٥
٣٢. وتارە بەنرخەکانی مامۆستا جەعفەر قزڵجی ...... ١٠٩٨
٣٣. مامۆستا ڕەحمانی محەممەدیان (١٣٢٢ – ١٣٩٥) ...... ١١٠١

**بیرەوەرییەکان** ...... ١١٢١
بیرەوەرییەکانی سەردار موقتەدیری سەنجاوی ...... ١١٢٣
ئەمانوڵڵاخان (حاج عزالممالک)ی ئەردەڵان ...... ١١٣٣
بیرەوەرییەکانی میرزا کەریم بەهرامبەگی ...... ١١٣٧
بیرەوەرییەکانی عەبدوڵڵاخانی ناهید (ئیفتخار) ...... ١١٣٩
مێژوولکەی بنەماڵەی قازی ...... ١١٤٠
وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی ...... ١١٤٢
چێشتی مجێور ...... ١١٤٣
ئاڵەکۆک، بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان ...... ١١٤٤
سەدەی کارەسات ...... ١١٤٥
بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی ...... ١١٤٦
داکۆکی لە دوو ڕوخساری هەڵکەوتەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ...... ١١٤٨
بیرەوەرییەکانی دوکتۆر هاشم شیرازی ...... ١١٥٠

بیرەوەری و شێعرەکانی محەممەد نووری ........................................ ۱۱۵۳
بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسندی ........................................ ۱۱۵۴
بیرەوەرییەکانی ئەمیری قازی ........................................ ۱۱۵۶
بیرەوەرییەکانی مەلا محەممەدی خزری ........................................ ۱۱۶۰
بیرەوەرییەکانی سەعید کوێستانی ........................................ ۱۱۶۴
بیرەوەرییەکانی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسەن) ........ ۱۱۶۸
بیرەوەرییەکانی ناسر حیسامی ........................................ ۱۱۷۲
بیرەوەرییەکی کاک خالیدی سەیادەت ........................................ ۱۱۷۳
بیرەوەریی پێشمەرگەی کورد، عوسمان نۆباری ........................................ ۱۱۹۱
مامۆستا حەسەنی قزڵجی، بیرەوەریی حەسەن ماوەڕانی، هاوکارێکی حیزبی ........ ۱۱۹۹
بیرەوەرییەکانی ئەمین‌لەشکر ........................................ ۱۲۲۱
بیرەوەرییەکانی ئارچیباڵد ڕووزڤێڵت ........................................ ۱۲۲۳
بیرەوەرییەکانی سەرتیپ عەلی‌ئەکبەر درەخشانی ........................................ ۱۲۲۴
بیرەوەرییەکانی قەسابی لوڕستان ........................................ ۱۲۳۰
بیرەوەرییەکانی سپەهبود ڕەزم‌ئارا ........................................ ۱۲۳۸
بیرەوەرییەکانی چەند کەسایەتیی سەردەمی پەهلەوییەکان (۱۹۰۱–۱۹۷۹) ........ ۱۲۴۲
یادداشتەکانی ئەسەدوڵڵا عەلەم ........................................ ۱۲۵۷
بیرەوەرییەکانی سەرتیپ هاشمی ........................................ ۱۲۶۸
بیرەوەرییەکانی لاهروودی و سێ نامەی پێشەوا ........................................ ۱۲۷۲
بیرەوەرییەکانی حەمزە فەراهەتی ........................................ ۱۲۸۳
چەند بیرەوەرییەکی خۆم ........................................ ۱۲۸۵
دەبیرستانی کەشاوەرزی لە بۆکان ........................................ ۱۲۸۵
وەرزش لە بۆکان ........................................ ۱۲۸۹
قوتابخانەی گوندی باغڵووجە ........................................ ۱۲۹۶
چەتەی سەر گوندی بوغدەکەندی ........................................ ۱۳۰۴
دوورخرانەوەی من لەگەڵ مامۆستایانی بۆکان و موکریان ........................................ ۱۳۱۲
بیرەوەرییەکانم لە زیندانی شادا ........................................ ۱۳۴۴
هەڵبژاردنەکانی سەرەتای شۆڕشی ۱۳۵۷/ ۱۹۷۹ی ئێران لە ناوچەی بۆکان ........ ۱۴۰۸
دەستەی نوێنەراتیی گەلی کورد ........................................ ۱۴۱۵

**گیانبەختکردووان** ........................................ ۱۴۴۵
پێشەکی ........................................ ۱۴۴۷
چۆنییەتیی گیانبەختکردنی نەمر دوکتۆر قاسملوو ........................................ ۱۴۴۸
هەندێک زانیاری سەبارەت بە گیران و گیان بەختکردنی مامۆستایان... ........ ۱۴۴۹
گیانبەختکردووانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان ........................................ ۱۴۵۳
نامیلکەی گیانبەختکردووانی کوردستان ........................................ ۱۴۵۶
کتێبی ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات ........................................ ۱۴۵۹
ئەفسەرانی کورد و هەڵوێستیان لە جەنگەی هێرشی هەمەلایەنەی... ........ ۱۴۶۴
شەهیدانی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق (پاشان ئەکسەرییەت) لە بۆکان ........ ۱۴۶۶

**پێشڕەوانی کاروکاسبی لە بۆکان** ............ ١٥٣٩
پێشەکی ............ ١٥٤١
١. ئاش و ئاشەوانی ............ ١٥٤٣
٢. دارتاشی ............ ١٥٤٤
٣. ئاسنگەری ............ ١٥٤٧
٤. تەنەکەسازی ............ ١٥٤٨
٥. حەمامچییەتی ............ ١٥٤٨
٦. بەننایی ............ ١٥٥٠
٧. پێڵاودروون ............ ١٥٥١
٨. فەڕش و تەون و خومگەری ............ ١٥٥٢
٩. ددانسازی ............ ١٥٥٥
١٠. چەرچییەتی ............ ١٥٥٦
١١. زیندروون، کورتاندروون وناڵبەندی ............ ١٥٥٧
١٢. لێفەدروون ............ ١٥٥٨
١٣. هەللاجی ............ ١٥٥٨
١٤. جۆلایی ............ ١٥٥٩
١٥. خوری: (شتنەوە، لە شانەدان و ڕستن)؛ بادانی دەسرە و پێچ... ............ ١٥٦٠
١٦. حەسیرچنین، باوەشێنی حەسیر ............ ١٥٦٢
١٧. تەقیلە و کڵاوی پیاوان؛ دەسکێش و سەرکڵاو و گۆرەوی مەرەز... ............ ١٥٦٢
١٨. سرکە و ترشیات و مرەبا ............ ١٥٦٣
١٩. ماستفرۆشی ............ ١٥٦٤
٢٠. نان کردن ............ ١٥٦٤
٢١. نانەوایی ............ ١٥٦٥
٢٢. بەفرەچاڵ و بەفرفرۆشی ............ ١٥٦٦
٢٣. قەننادی ............ ١٥٦٨
٢٤. تۆشە و شیرینیپەزی ............ ١٥٧٠
٢٥. دەرمانفرۆشی و شکستەبەندی ............ ١٥٧١
٢٦. کوورەخانە ............ ١٥٧٣
٢٧. بلووکی سمیت ............ ١٥٧٣
٢٨. مەیخانە و مەشرووبفرۆشی ............ ١٥٧٤
٢٩. شەربەتی مێوژ ............ ١٥٧٨
٣٠. پیپسی کۆلا ............ ١٥٧٩
٣١. فیشەکەشێتە و نارنجەک ............ ١٥٨٠
٣٢. دووچەرخە ............ ١٥٨١
٣٣. وێنەگری (عەکاسی) ............ ١٥٨٢
٣٤. کتێب و ڕۆژنامە و کەرەسەی نووسین ............ ١٥٨٤
٣٥. بانک ............ ١٥٨٦
٣٦. بیمە (دڵنیایی) ............ ١٥٨٦

٣٧. ڕادیۆفرۆشی و کەرەسەی دیکەی نێوماڵ ........................................ ١٥٨٦
٣٨. تەلەفیزیۆن ........................................ ١٥٨٧
٣٩. دەزگای فۆتۆکۆپی ........................................ ١٥٨٨
٤٠. کەرەسەی کارەبا (بەرق) ........................................ ١٥٨٩
٤١. قەوان و شریتفرۆشی ........................................ ١٥٩٠
٤٢. شۆفیری ........................................ ١٥٩٢
٤٣. تەعمیرکاری (فیتەری)ی ترۆمبیل ........................................ ١٥٩٢
٤٤. گاراجداری ........................................ ١٥٩٣
٤٥. قەپانداری ........................................ ١٥٩٤
٤٦. عەللافی ........................................ ١٥٩٥
٤٧. بەقاڵی ........................................ ١٥٩٦
٤٨. ویشکەفرۆشی ........................................ ١٥٩٧
٤٩. کووتاڵفرۆشی ........................................ ١٥٩٨
٥٠. خەڕازی و عەتاری ........................................ ١٥٩٩
٥١. بەرگدروون (خەیاتی) ........................................ ١٦٠٢
٥٢. ماشێنفرۆشی ........................................ ١٦٠٤
٥٣. فەڕشفرۆشی ........................................ ١٦٠٧
٥٤. قاوەخانە ........................................ ١٦٠٨
٥٥. کەبابخانە ........................................ ١٦١١
٥٦. سوولی یا جەرگودڵفرۆشی ........................................ ١٦١٢
٥٧. ڕێستووران و چڵەوکەبابی ........................................ ١٦١٢
٥٨. سەروپێ ........................................ ١٦١٣
٥٩. ساندویچی ........................................ ١٦١٤
٦٠. پیتزایی ........................................ ١٦١٥
٦١. تەلار ........................................ ١٦١٥
٦٢. ماست و پەنیرفرۆشی ........................................ ١٦١٦
٦٣. خوێفرۆشی ........................................ ١٦١٨
٦٤. مریشک و قەلفرۆشی ........................................ ١٦١٩
٦٥. کارگەی دروستکردنی دۆشاو ........................................ ١٦٢٠
٦٦. گیاوگژی کوێستان ........................................ ١٦٢١
٦٧. دەڵاڵ (دەسفرۆشی لیباس) ........................................ ١٦٢٢
٦٨. جلوبەرگی ئامادە ........................................ ١٦٢٣
٦٩. دەسفرۆشی دیکە: تەسبێحفرۆش و... ........................................ ١٦٢٤
٧٠. گۆرەوی و سەرکڵاو و بەرهەمی دەسچنی دیکە ........................................ ١٦٢٥
٧١. سەلمانیی پیاوان ........................................ ١٦٢٥
٧٢. ئارایشگای ژنان ........................................ ١٦٢٧
٧٣. مامانەکانی بۆکان ........................................ ١٦٢٨
٧٤. کیسەکێش و کرێکاری حەمام ........................................ ١٦٢٩

٧٥. کەرەسەی وەرزش ........................................ ١٦٣٠
٧٦. شووشەبڕی و شووشەفرۆشی ........................................ ١٦٣٠
٧٧. گەچ و ئاهەک و سمیت و خشت و ئاسن و داری ساختمان.................. ١٦٣٠
٧٨. بەردتاشی ........................................ ١٦٣٢
٧٩. مۆدنە و سەبیلە ........................................ ١٦٣٢
٨٠. مسگەری ........................................ ١٦٣٥
٨١. جۆشکاری ........................................ ١٦٣٧
٨٢. پەنچەرگیری ........................................ ١٦٣٧
٨٣. نالّبەندی ........................................ ١٦٣٨
٨٥. کا و وێنجەفرۆشی ........................................ ١٦٤١
٨٦. بازاڕی حەیوان........................................ ١٦٤١
٨٧. چۆداری ........................................ ١٦٤٣
٨٨. دەبباغی یا پێستەخۆشکردن........................................ ١٦٤٤
٨٩. زێڕینگەری ........................................ ١٦٤٥
٩٠. قەسابی ........................................ ١٦٤٦
٩١. شکستەبەندی ........................................ ١٦٤٧
٩٢. سەللاخخانە (کوشتارگا)........................................ ١٦٤٨
٩٣. پێست و ڕیخۆڵەفرۆشی........................................ ١٦٤٨
٩٤. تەڕەبارفرۆشی ........................................ ١٦٤٩
٩٥. میوەفرۆشی........................................ ١٦٤٩
٩٦. ئاجیلفرۆشی ........................................ ١٦٥٠
٩٧. بێستانچییەتی........................................ ١٦٥٢
٩٨. گوڵفرۆشی ........................................ ١٦٥٢
٩٩. باغەوانی........................................ ١٦٥٣
١٠٠. کەمپیۆتێر و کەرەسەی کەمپیۆتێر........................................ ١٦٥٤
١٠١. تەلەفۆن، تەلەفۆنی موبایل ........................................ ١٦٥٥
١٠٢. تەعمیری یەخچاڵ و کەرەسەی کارەبایی........................................ ١٦٥٥
١٠٣. پۆستەی تایبەت، خزمەتگوزاریی پۆستە........................................ ١٦٥٦
١٠٤. بلیتی تەیارەفرۆشی........................................ ١٦٥٧
١٠٥. تابلۆنووسین........................................ ١٦٥٧
١٠٦. ڕەنگکردنی دیوار و دەرک و پەنجەرە ........................................ ١٦٥٧
١٠٧. سافکاری و ڕەنگکردنەوەی ترۆمبیل ........................................ ١٦٥٨
١٠٨. فایتوون و تاکسی........................................ ١٦٥٨
١٠٩. داشقەچییەتی........................................ ١٦٥٩
١١٠. کەڵوعەرابە........................................ ١٦٦٠
١١١. گوێدرێژ بۆ گەیاندن و گواستنەوە........................................ ١٦٦١
١١٢. بارکێشیی نێوان گوند و شارەکان........................................ ١٦٦٢
١١٣. سێتەگەری ........................................ ١٦٦٢

١١٤. سەد یا بەنداوی بۆکان ........................................................................ ١٦٦٢
١١٥. دووکان لە گوندەکان ........................................................................ ١٦٦٤
١١٦. ئیش‌وکاری خەڵکانی غەیرە خۆجێیی........................................................ ١٦٦٥
١١٧. کەتیرەبڕی........................................................................................ ١٦٦٦
١١٨. ئاردەتووفرۆشی ................................................................................ ١٦٦٧
١١٩. ورچ و مەیموون هەڵپەڕاندن.................................................................. ١٦٦٧
١٢٠. خەیار و شووتیی عەجەمستان ............................................................... ١٦٦٨
١٢١. عەتر و سابوون و کتێب! .................................................................... ١٦٦٨
فەرمانبەران و کاسبکارانی ئازەربایجانی لە بۆکان ........................................... ١٦٧٠

**گرنگترین ناوەندەکانی کەسب و کار لە بۆکانی قەدیم** ................................ ١٦٧٣
١. قەپان و مەیدانی گەنم.......................................................................... ١٦٧٦
٢. خیابانی کۆن ..................................................................................... ١٦٧٨
٣. قەیسەری .......................................................................................... ١٦٧٨
٤. گوزەری خەیاتەکان.............................................................................. ١٦٨١
٥. مەیدانی کافرۆشەکان ............................................................................ ١٦٨١
٦. ڕاستەی ئاسنگەرەکان............................................................................ ١٦٨٣
٧. مەیدانی حەیوان.................................................................................. ١٦٨٤
٨. گاراج ............................................................................................... ١٦٨٤

## سەرەتا

پڕۆژەی نووسینی ئەم کتێبە ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٥ بە نامەیەکی نەمر حەمەحوسێن‌خانی سەرداری موکری (١٨٨٠ ـ ١٩١٤) دەستی پێکرد[١] و دوای هەشت ساڵ و دوو مانگ کاری بێ‌پسانەوەی هەفتانە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، بە گوشاری بەردەوامی هەندێک لایەن بۆ سەر خۆم و کەس‌وکارم، لە ڕۆژی ٢٠١٣/١١/١دا کۆتایی پێهات.

گێڕانەوەی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان ئەو مەترسییەی هەیە کە خوێنەر تامەزرۆی ڕابردوو بکا و لە بیری ئێستا و داهاتووی‌دا نەهێڵێ. ئەو چەشنە بیروبۆچوونە بەتایبەت بۆ گەلێکی وەک کورد کە تا گەیشتن بە سەرەوەریی نەتەوەیی و چوونەدەر لە ژێردەستەیی ئەم و ئەو ڕێگایەکی دووری لە پێشە، مەترسییەکی زیاتری هەیە. ئەگەر ئێمە لەجیاتی نەخشەڕێگای داهاتوو، هێز و توانای سیاسیمان بخەینە خزمەت گێڕانەوەی ڕووداوە کارەساتبارەکانی ڕابردوو، ڕۆژەڤی ئەمڕۆمان ببێتە باسی قەڵای دمدم و هونەری مۆسیقامان لە زەلی فۆلکلۆر بچەقێ، دەبێ حەسرەتی دواکەوتوویی‌یەکانی ئەمڕۆشمان بێتە سەر ئازارەکانی ڕابردوو و ببین بە گەلێکی شینگێڕی ڕابردووی بێ‌داهاتوو!

---

١. دەقی نامەکە دواتر دەکەوێتە بەرچاو.

مێـژوو کاتـێ کەڵکـی دەبێ کە چرای ڕێـگای داهاتوو بێ و هەمـوو هیوای منیش لە باس‌وخواسـی نـاو ئەم وتارانە، دەرخسـتنی لایەنـی بەهێـز و لاوازی ڕابردوومانە، بە ئامانجی ئەوەی کەڵکی داودۆزیی ئێستا و ڕێدۆزیی دوارۆژی هەبێ. هەموو شیکاری و پشکنینێکی ڕابردووش لەم وتارانەدا تەنیا بەو ئامانجە کراون، جا بە هەمان شێوەش لێم وەردەگیرێ یان نا، وەستاوەتە سەر کۆمەڵگا و تاکی خوێنەری وتارەکان.

ئەگـەر تەمـەن مۆڵەتـی بدایـەم و بمتوانیبایـە مێژوویەکی پوختی شـاری بۆکان بنووسم، کەڵکی زۆرم لەم یادداشتانە وەردەگرت و لەو ڕێگایەوە کتێبەکەم دەکردە بەرهەمێکـی پشت‌ئەسـتوور بـە بەڵگە، بـەڵام ئەگەر ئەوەش نەکرا، هیـچ نەبێ لێرەدا هەندێـک بەڵگـەی ڕوون کەوتۆتـە بەردەسـتی ئـەو کەسـانەی کـە دواتـر مێـژووی بۆکان و موکریان و بەگشـتی کوردستان دەنووسنەوە. شارەکانی کوردستان وەک دیاربەکـر و کرماشـان و سـنە و سـلێمانی و هەولێر و مەهاباد زووتـر و زیاتریان لەسـەر نووسـراوە. هیوادارم ئەم کارەی منیش دوای بەرهەمە بەنرخەکانی نەمران برایمی ئەفخەمی[١] و ڕەحمانی محەممەدیان،[٢] وەک سـێهەم هەنگاو لەپێناو نووسـینی مێژووی بۆکان‌دا سەیر بکرێ.

لـە ئامادەکردنـی وتـارەکان بـۆ چاپـی سـەرجەمیان وەک کتێـب، کـە ئەمسـاڵ بەڕێوەچـوو، گۆڕانـکاری بەسـەر هەندێـک بەشـی وتـارەکان‌دا هاتـووە، ئەویش بە زیادکردنی چەند دێڕێک یاخود بە ئامانجی تازەکردنەوەیان؛ هەروەها چەند وتارێکی لێ زیاد کراوە کە پێشتر بوونیان نەبووە.

ڕاسـتە ئەم وتارانە چەقیان لەسـەر بۆکان و ناوچەکەی بەسـتووە، بەڵام جگە لە پشکنینی هەندێک سەرچاوەی تایبەت بەناوی بۆکان، کەمتر بەشیکی ئەو چوارسەد و چەنـد وتـارە هەیـە کـە تەنیا بۆکانـی گرتبێتـەوە و پەیوەندیـی بە مێژووی گشـتیی کوردستانەوە نەبێ. ئەو کتێب و وتارانەی وا لێرەدا ناسێنراون، سەرچاوەی مێژوویی و ئەدەبـی هەمـوو خاکەکەمانن و منیش هەر بـەو ئامانجـە خوێندوومنەتەوە و لێرەدا

١. تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان.
٢. بۆکان لە سەدەی بیستەمدا، بەرگی ١ و ٢.

ناساندوومن.

نووسینی مێژووی ناوچەیی و خۆجێیی لقێکی گرنگی مێژوونووسیی ئورووپایە. هەر لەو لەندەنەی من ئێستا لێی دەژیم، بە دەیان کەس هەن کە تەمەنی خۆیان تەرخانی لێکۆڵینـەوە لـە مێـژووی گەڕەکێکی تایبەتی شـارەکە کردووە و لەسـەر ئەو قوژبنە تایبەتەی شـار چەند کتێبیان نووسـیوە. ئەوە لە هەموو ئورووپا و ڕۆژاوادا باوە و سەرجەمی کاری ئەو کەسانەشە کە بۆتە مێژووی سەرجەمی شار و وڵاتەکان.

بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارانە، زیاد لە ٢٨٠ کتێب یا وتار و لێکۆڵینەوەم خوێندۆتەوە و جگە لە چەند بیرەوەرییەکی خۆم کە ژمارەیان زۆر نییە، پاشماوەیان پشتئەستوور بە کتێب و بابەتی نووسراوی کەسانی دیکەن. تەنانەت لە نووسینی بابەتی شەهیدانی فیدائیدا، گەرچی کەڵک لـە کتێب وەرنەگیراوە، بـەڵام وتوووێژم لەگەڵ ١٩ کـەس کـردووە و ژمـارەی پەیوەندیـی تەلەفۆنـی یـا ئیمەیلـی نێردراو یا گەیشـتووی دەسـتم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە تایبەتە، لە ٢٥٠ی تێپەڕکردووە! بەکورتی، ویستوومە لەخۆڕا شتێک نەنووسرێ و زانیارییەکی بێبەڵگە نەدرێتە خوێنەر.

ئـەم قسـانە بۆیـە ناکـەم ئافـەرەم لـە کەسـێک وەربگـرم، بەڵکوو بۆیەیـان دەڵێم کە بزاندرێ ئەگـەر کەسـانێک گلەییم لێبکـەن و لایـان وابێ شـتێکی بێبەڵگـەم گوتووە، هەندێک بێئینسـاف دەبن. دیـارە منیش وەک هەمـوو خەڵکی ئـەم جیهانـە، خاوەنـی هێڵی فکری و باوەڕی خۆمم و ئەو بیروباوەڕەش دەبێ لە نووسـینەکانمدا ڕەنگیان دابێتەوە؛ ئەوە یاسـایەکی گشـتییە بۆ هەموو مرۆڤێک و منیش لێی بەدەر نیم، بەڵام هۆکار و هاندەرم بۆ نووسـین لەسـەر بۆکان هەر ئەوە بووە کە شـارەزای بەشـێک لـە مێژووی شـارەکە هـەم و ئـەو شـارەزاییەم لەسـەر شـار و ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان نییـە. بۆ نموونـە ئەگـەر بمویسـتایە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ سـەبارەت بـە مەهابـاد یـا سـەقز و میاندواوی بنگوێـی بـۆکان بکـەم لـە خۆمدا هیـچ زەمینـە و پێشینەیەکم نەدەبوو و دەبووایە تەنیا پشت بە بۆچوون و هەواڵی ڕاست و ناڕاستی خەڵکانی تر ببەستم؛ لە کاتێکدا بۆ بۆکان وا نییە و ئەگەر باسی پەروەردە و خوێندن لـە بـۆکان بکرێ، چ وەک قوتابی و چ وەک مامۆستا ئاگاداری گەلێک ڕووداو و

کاروبار و دەوری کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی شارەکە بووم و هەڵەشیان دەربارە بکەم، زۆر گەورە نابێ؛ بە هەمان شێوە بە باری سیاسکۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی و هەموو بواری دیکەشدا هەروایە.

بۆکان تاکە شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بیستبێتم و زانیبێتم تا کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووش وەک گوندێک بە دەست ئاغاواتەوە بووبێ و خەڵکی شارەکە تا ساڵانێکی زۆر خاوەنی تاپۆی سەربەخۆی مڵک و ماڵ و دووکان و باغ و مووچە و مەزرای خۆیان نەبووبێتن. دیارە دیاردەیەکی وا گرنگیش دەبێ لەم وتارانەدا ڕەنگی دابێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، من خۆم بە هەڵگری بیری چەپ دەزانم و دژی هەموو شێوازێکی چەوسانەوەم و چەوسانەوەی مرۆڤ بە دیاردەیەکی چەوت و بێفەڕ و شانازیشکێنی هەژاران و کەمدەسەڵاتان دەزانم. لە بابەتی جیاجیای ئەم وتارانەشدا دژایەتی ئاغا و دەرەبەگم کردووە و لام وایە ئەوە کارێک بووە دەبووایە بیکەم. بەشێک لە ژیانم لە سەردەمێکدا تێپەڕ بووە کە هێشتا سیستەمی نگریسی دەرەبەگایەتی لە ئارادا بوو و ئاغاوات لە ناوچەکەدا خودایەتییان دەکرد، بەڵام لێرەدا گرنگ یەک خاڵە: هەر شتێکم سەبارەت بەو سیستەمە چەوسێنەرە نووسیبێ، سەبارەت بە سیستەمەکە خۆی بووە، دەنا کێشەی شەخسیم لەگەڵ هیچ ئاغایەک وەک تاکەکەس یا بنەماڵە نەبووە؛ هەموو هەوڵێکیشم داوە بالانس ڕابگرم و گەلێک قسە هەبووە بیانکەم، بەڵام نەمکردوون بۆ ئەوەی بالانسی ڕوانینە سیاسی و باوەڕییەکەم تێکنەچێ.

گەلێک جار باسی زوڵم و زۆری ئاغاواتی ناوچەکەم لە سەردەمی کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢/ ١٩٥٣، کردووە. ئەو دەم بۆکان بورکانی ڕاپەڕین و خەبات دژ بە ئاغاوات و پێشڕەوی شۆڕش و ڕاپەڕینی دژی دەرەبەگایەتی لە هەموو ناوچەکە بوو. هەر کەسێک مێژووی ئەو ساڵانە بنووسێ، ناتوانێ باسی ئاگرتێبەردانی ماڵی حاجی قاسمی کەریمی و عەلی میرەبەگ و گرتن و لێدان و زیندانی کردنی ئازادیخوازانی ڕاپەڕیو لەلایەن ئاغاکانی بۆکانەوە نەکا. ناتوانێ باسی هەڵاتنی عەبدوڵڵا ئێرانی و میرزا حەمەڕەئووفی مەلا حەسەن لە دەست ئەوان نەکا، ناتوانێ باسی تالانوبڕۆی

سەدان ماڵی خەڵک و دەرکرانیان لە شار و گوندەکان نەکا، کە گزیر و داردەستی ئاغاکان کردیان و دەیان چەشنە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دیکەش... جا ئەگەر چووبێتمە سەر باسی ئەو سەردەمانە، بەشێوەی ئاسایی ئەو خاڵانەشم ڕاگەیاندوون و ئەگەر بەڵگەیەک هەبووبێ، هێناومەتەوە؛ نە درۆم بۆ کەس هەڵبەستووە و نە کێشە و ناتەبایییەکانم گەورە کردۆتەوە. لە هەموو ئەو باسانەدا، بۆ من تەنیا ئەوە گرنگ بووە کە سیستەمە چەوسێنەرە ئاغا و ڕەعیەتییەکە لەقاو بدەم و هەرگیز نەبووە پلەی بابەتەکان بهێنمە خوارێ و بیانخەمە گۆڕەپانی کێشەی شەخسی لەگەڵ ئەم و ئەوەوە. لە هیچ شوێنێکی ئەم کتێبەدا ناوی کەسم بە خراپ نەهێناوە و خۆم لە سووکایەتی بەم و بەو پاراستووە.

لایەنێکی دیکە کە پێویستە باسی بکەم ئەوەیە خۆم لەوە دوور خستۆتەوە کە بەناوی نووسینی مێژووی بۆکانەوە مێژووی شارەکانی دەوروبەر بشێوێنم. باسی مامۆستا هەژار و پەیوەندییەکانیم لەگەڵ بۆکان کردووە، بەڵام دەسبەجێ گوتوومە هەژار خەڵکی مەهاباد و بەشێک لە مێژووی شاری مەهابادە؛ سەبارەت بە مامۆستا هێدی بە هەمان شێوە. ناوچەی فەیزوڵلابەگی لە نێوان سەقز و بۆکاندا هاوبەشە و هەر قسەیەکم سەبارەت بەو ناوچەیە و خەڵکەکەی کردبێ، نەمویستووە وەک تەشوێ هەر بۆ لای بۆکانی داتاشم و مێژووی شاری سەقزی پێ بشێوێنم. دەرحەق بە کەسایەتییە بۆکانییەکانیش لێرەولەوێوە بەڵگەی ئەوتۆیان بۆ ناردووم کە بڵاوکردنەوەیان دەیتوانی ناوی فڵانە شاعیر و ناوبەدەرەوەی شارەکە بزڕێنێ، هەر بۆیەش هەرگیز بڵاوم نەکردوونەتەوە.

خوێنەر دەبێ ئاگادار بێ کە بەهۆی دوورودرێژیی ماوەی بڵاوبوونەوەی وتارەکان و ڕەنگاوڕەنگیی نێوەرۆکەوە، بابەتەکانی کتێبەکە هەمەچەشنەن، بەڵام بە هیممەتی برادەریکی خۆشەویستم ئەو بابەتە لێکدابڕاوانە خراونەتەوە سەر یەکتر و هاوبەشی و هاوشێوەیی مەنتیقییان لێ‌پێکهاتووە، خوێنەر لە ڕێگەی پێرستەکانەوە دەتوانێ بابەتی دڵخوازی خۆی بدۆزێتەوە.

سەبارەت بە شێوە خەت و ڕێنووسیش دەبێ بڵێم زمانی کوردی سەرەڕای

دەستێوەردانی ناشارەزایان لەسەر هەندێک تەلەفیزیۆن و سایت و حیسابی فەیسبووکی و شتی هاوشێوە، بەختەوەرانە لە پێشکەوتن و گەشەسەندندایە و مەجبووریشە وابێ. ساڵبەساڵ سەدان وشەی نوێ دێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و کتێب و بە هەمان شێوە، ڕێنووسیش تووشی گۆڕان دێ و منیش بەپێی پێویست ئەم ڕەوتەم ڕەچاو کردووە، بەڵام دیسانیش بۆ دڵنیابوونەوەی تەواو، ئەم ئەرکەم ئەسپاردە دەست شارەزایانی خۆی.

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر لە پاڵ ساڵانی هەتاوی، ساڵی زایینیم زیاد کردوون و لە کوێ پێویست بووبێ واژە و دەستەواژە و ڕستەم لە نێو دەقە ڕاگوێزراوەکاندا خستوونە نێو ڕاستەکەوان و هەرچی هەن تێبینی خۆمن.

## *سپاس و پێزانین*

ئەم کارەی من هەر لە سەرەتاوە تاکەکەسی نەبووە و زیاد لە ٢٠٠ بەشی وتارەکان برایانی بەڕێزم کاک برایم فەرشی و کاک نادر فەتحی و ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان تایپیان کردوون و کاک نادری خۆشەویست وابووە هەندێکیانی دووجار و سێجار بۆم گۆڕیبێ. بۆ هەموو ئەو زەحمەتانە سپاسی هەر دوو لایان دەکەم و منەتباریانم. جگە لەوان، زۆرێک لە دۆست و برادەری ناسیاو پەیوەندییان پێوەگرتووم، هەڵەیان ڕاست کردوومەتەوە و زانیاریی زیاتریان لەسەر بابەتەکان پێداوم و دەیان کەس و دەزگای چاپەمەنی کتێبیان بە ئەمانەت یان پێشکەشی بۆ ناردووم کە خوێندوومنەتەوە و بوونەتە بەشێک لە وتارەکانی ناو کتێبەکە. بەبێ ئەو یارمەتی و پشتگیرییانە، ئەم کارە نەدەگەیشتە قۆناغی ئێستای. لە ڕاستیدا بە هیممەتی ئەو هاوکارەخۆشەویستانە بوو کە «بۆکان لە مێژوودا» بوو بە سەکۆیەک بۆ ڕادەربڕین و دیالۆگێکی سالم وەک بەرهەمێکی لاوەکیی ئەم کارە هەرەوەزییە. بۆ هەموو ئەو گەورەیی و دەستگرۆییەیە، سپاسیان دەکەم.

لە پێش ئەوانیشدا، سپاسی زۆرم هەیە بۆ گەلی دە خوێنەران کە لەو ماوەی هەشت ساڵەدا گەلێک ئیمەیل و تەلەفۆن و نامەیان بۆ ناردووم و ڕێنموونییان کردووم و هەڵەی قەڵەمیان ڕاست کردوومەتەوە، منیش بە پێخۆشییەوە پێشنیارەکانیانم وەرگرتوون و ڕەچاوم کردوون. ئەوانە هاندەرێکی گەورە بوون بۆ من و لەسەر ڕێبازەکەم سوورتریان کردووم.

بەکورتی جیا لە ئەرک و کاری بەردەوامی کاک نادری فەتحی (شوانە)، کاتێک کە ویستم سەرجەمی وتارەکان لە بیچمی کتێبدا بڵاوبکەمەوە، ڕێزدار دوکتۆر کامران ئەمین‌ئاوە ئەرکی ئامادە کردن و ڕێکخستنی سەرلەبەری کارەکەی گرتە ئەستۆ و ئەم کتێبەی لێ بەرهەم هێنا کە ئێستا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر، لە ڕاستیشدابوو بە نووسەری دووهەمی کتێبەکە. بۆ هەموو ئەو یارمەتی و دڵسۆزییانە سپاسی دەکەم. ڕێز و سپاسی زۆریشم پێشکەشە بە خاتوو چیمەن ئێلخانی‌زادە بۆ ڕازاندنەوەی هونەرمەندانەی ڕووبەرگ و چارەسەری گرفتی تێکنیکیی کتێبەکە. هەموو ئەو یارمەتییانە بێ بەرانبەر بوون، دەستی هەموولایەکیان خۆش بێت.

ئەنوەر سوڵتانی

لەندەن، ٢٠٢١.١١.٢٠

## بەشی یەکەم

# بۆکان: ناسنامە، مێژوو، ڕووداو

## ناوی بۆکان

ئەم بەشە تەرخانی هەندێک بابەت کراوە کە سەبارەت بە ناو یان وشەی «بۆکان» نووسراون. بەشێکیان هی خۆمن و زیاتریانم لە سەرچاوەکانی بەردەستم وەرگرتوون. لەو پەیوەندییەدا دەبێ بڵێم گرفتی سەرەکی لەو بوارەدا ئەوەیە زۆربەی نزیک بە هەموو ئەو کەسانەی وا لە بابەتەکە دواون بیچمی فارسیی وشەکە، واتە «بووکان»یان گرتۆتەبەرچاو و هەر لەویشیان کۆڵیوەتەوە. ئەوە ڕێبازێکی باش نییە بۆ کاری توێژینەوەی جیددی کە دەبێ پشتئەستوور بێ بە زانیارییە مێژوویی‌یەکان و تەنیا لەسەر ئەمڕۆی وچان نەگرتبێ. بۆکان و ناوچەکەی مێژوویەکی دەدوازدە هەزار ساڵەی ژیاریان هەیە و دەگونجێ ناوەکە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی گەلێک زوو، کە هێشتا نە نیشانەیەک لە زمانی فارسی بوو و نە ئارییەکان بە ناوچەکەدا وەرببوون. لە تۆپۆنێمی واتە «وجە تسمیە»دا گرنگ ئاوردانەوە لە مێژووی کۆنە و دیارە ئەوەش زانیاریی زۆر سەبارەت بە گەلانی کۆنی ناوچە و زمانی ئەوانی پێویستە یا لایکەم دەبێ ناوێکی تایبەت بە مەزندە و گریمانەی وەرگیراو لە ڕووداوە مێژوویی‌یەکان ببرێتەوە سەر بنەمایەکی بە متمانەی مەعقوول کە هیچ نەبێ شان لە شانی ڕاستییە سەلماوەکانی زانایان بدا.

## چەند تێبینییەک لەسەر ناوی شاری بۆکان

## ١

من لەم وتارەدا گەڕاومەتەوە بۆ بنەما و واتای وشەی گەلێک لەمێژینی «بۆکان» و هیوادارم کەم تا زۆر خاڵم پێکابێ و ڕووناکییەکم خستبێتە سەر ڕێگای لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی دواڕۆژ سەبارەت بە شاری بۆکان و ناوەکەی.

ناوی شاری بۆکانیش وەک مێژووی شارەکە تا ئیستا نەکەوتۆتە بەر توێژینەوەی ڕاستەقینە؛ ئەو شتانەش وا لێرەولەوێ سەبارەت بە باسەکە نووسراون لە دۆخی بیروبۆچوونی خەڵکی ئاسایی نەچوونەتەدەرێ و ڕووناکییەکی ئەوتۆیان نەخستۆتە سەر مێژووی پڕ تەمومژی ئەم شارە.

خەڵکی ناوچەکە لایان وایە ناوی بۆکان لە بنەڕەتدا «بووکان» بووە و ئەوەش بەهۆی نەریتێکەوە، کە گوایە لە ڕابردووی کۆندا، کاتێ بووک لە ماڵە باوان هاتۆتەدەر، پێش چوونە ماڵی زاوا، بردوویانەتە سەر حەوزەگەورەی نێوەڕاستی شار و ئاشکرایە ئەوە دەبێ هیمایەک بووبێ بۆ پاکیی بووک وەک ئاوی زوڵاڵی سەرچاوەی حەوزەکە و هیوای بەختەوەری و ژیانێکی سپیی دوور لە چارەڕەشیی دواڕۆژ. نووسەر و قەڵەم بەدەستی شار و ناوچەکەش بە شێعر یان نووسین، بەڵگەیان بۆ ئەم بۆچوونە پێکهیناوە.

لە ڕاستیدا ئەم وتارە بەنیازی دامەزراندنی سەرەتای باسێکی زانستی لەمەڕ بنەچەکی ناوی بۆکان نووسراوە. کلیلی کردنەوەی گرێپووچکەی ئەم باسە، بە بۆچوونی من، وشەی «بەگە» یان «بەغە»یە. بەگە یان بەغە یان بهەگە، خودای هەموو ئەو گەلانە بووە کە پێش هاتنی زەردەشت لە هیندەوە تا ڕۆژاوای ئێران و بەشێک لە میزۆپۆتامیا ژیاون. ئاڤێستاناسی ئێرانی ئیبراهیم پووردداوود لە وتارێکدا بەناوی «بەغە»وە دەنووسێ: «وشەی یەکجار کۆنی بەغ لە کۆنەوە لە زمانی ئێمەدا ماوەتەوە. لە زمانە کۆنەکانی ئێران وەک ئاڤێستایی و فارسیی کۆندا بەغ لەسەر زاری خەڵک

بووە و لە گاتاکاندا کە هەڵبەستی زەردەشتن و کۆنترین بەشی ئاڤێستا پێکدێنن، بەگە بەواتای بەش و بەخت هاتووە. لە بەشەکانی تری ئاڤێستاشدا بەغە هەر هەمان واتای هەیە. وشەکە لە چاوگی بەگەوە دێ کە لە زمانی پەهلەویدا بۆتە بەختەن. کارلێکراو (إسم مفعول)ی وشەکە واتە بەخت لە ئاڤێستادا هاتووە کە لە زمانی پەهلەوی و فارسی و [کوردیش]دا بۆتە بەخت... بەغ لە زمانە کۆنە ئێرانییەکاندا وەک «بهەگ»ی سانسکریت، مانای بەش و بەخت دەدا و لە مانای دووهەمدا واتای خوداوەندیشی هەیە کە چەمکی بەخشندەشی لێوەردەگیرێ.»

پوورداوود لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا دەنووسێ: «پێش پێغەمبەرایەتیی زەردەشت، بە خوداوەند دەگوترا بەغ و پاشانیش کە ئەمان تاقەخوایان ناونا ئەهوورامەزدا، وشەی بەغ لە واتای ئەسڵی و پێشووی خۆیدا مایەوە.» بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، پووداوود بەڵگە دەهێنێتەوە و دەڵێ: «داریووششای هەخامەنشی لە بەردەنووسەکەی بێستوون (کێوی یەزدانی بەغستان)دا، کاتێ ڕووداوەکانی ساڵانی چوارەم و پێنجەمی شایەتیی خۆی دەگێڕێتەوە، دەڵێ ئەهوورامەزدا و بەغانی تر لەبەرئەوە یارمەتیی منیان دا، چونکوو من قین لەدڵ و درۆزن و زاڵم نیم.» مامۆستا عەلائەددین سەجادیش لە مێژووەکەی خۆیدا، کاتێ هاتۆتە سەر باسی قەومی کاسی، دەنووسی: «یەکێک لە سۆراخی هیندوئورووپاییەکان بەسەر کاسییەکاندا، وشەی بوگاش یان بوغاشە کە بە مانای خوایە.» وشەدانی دێهخودای زمانی فارسیش دەڵێ: «بەگە لە سانسکریتدا بەواتای خودا بووە و لە کتێبی پیرۆزی ڤیدادا ئەم واتایە چەند جار دووپات کراوەتەوە، واتە لەنێو هیندوئێرانییەکاندا پێش جیابوونەوەیان لە یەکتر، ئەم شتە باو بووە.»

خاتوو ماری بۆیس پسپۆڕی ناوداری مێژووی زەردەشت و ئاڤێستا، لە کتێبی مێژووی زەردەشتایەتیدا چۆتە قووڵایی باسەکەوە و بە دوورودرێژی سەبارەت بە واتای وشەی بەغە و بەگە دواوە و مانای خوداوەندی بۆ وشەکان پەسەند کردووە. دوکتۆر فەرەوەشی دانەری فەرهەنگی پەهلەوی بە فارسی، چوار واتای خودا، سەروەر، شا و هێزی خودایی بۆ بەغ لێداوەتەوە و «بەک»یشی بە خودا و سەروەر

مانا کردۆتەوە. نووسەری «واژەنامە مینوی خرد»، دوکتۆر ئەحمەدی تەفەززولی بەغانی بە خودایان زانیوە و زانای بەناوبانگی ئێرانی «ملک الشعرا بهار» لە کتێبی «سبک شناسی»دا گوتوویەتی: «ئەم وشەی بەغە، یەکەم جار لە نووسراوێکی سارگونی شای ئاشووردا لەگەڵ پاشگری‌دا لە شێوەی بەغدات‌دا هاتووە کە ناوی پیاوێکی ئێرانی بووە.»

ئەم وشەیە لە دراوی شاهانی ساسانیش‌دا بینراوە، بەڵام لێرەدا، واتایەکی هەندێ نزمتر لە ئەهوورامەزدای پێ بەخشراوە. لە کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان‌دا ئاڵوگۆڕێک بەسەر مانای بەغدا هات و تەنیا واتای گەورەی لێ خوێندرایەوە. تەنانەت لە کتێبی یادگاری زەریران‌دا تەنیا بە مانای سەر هاتووە. دایرةالمعارف فارسی، فرهنگ معین، فرهنگ رشیدی، برهان قاطع، آصف اللغات و چەندین قاموسی دیکەی زمانی فارسیش هەمان واتایان بۆ وشەی بەغ لێداوەتەوە؛ فەرهەنگی ڕەشیدی لە مادەی «بەغداد»دا واتای «عطیە الصنم»ی هێناوە، بەڵام پووورداوود بەرپەرچی بۆچوونەکەی داوەتەوە و گوتوویەتی بەغ لای ئێرانییەکان «صنم» نییە و خوداوەندە.

مێژوونووس، زمانەوان و زانای ناسراوی ئازەربایجانی ئەحمەد کەسرەوی زنجیرەوتارێکی لەسەر ناوی شار و گوندەکانی ئێران نووسیوە و گەرچی ئاوڕی لە کوردستان نەداوەتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی داویە بە دەستەوە دەتوانن یاریدەری باسەکەی ئێمە بن. لە دوو وتاری جیاوازدا کە لەسەر وشەی باکۆ پێتەختی ئازەربایجانی باکووری نووسیوە، کەسرەوی دەڵێ:

«وشەگەلی باک و بەک و بەغ لە زمانە کۆنەکانی ئێران وەک هەخامەنشی و پەهلەوی‌دا جگە لە واتای خودا، مانای پەرەستنیشی هەبووە. وشەی باکۆ لە بنەڕەت‌دا باگاوان یان باکاوان بووە و لە زەمانی ساسانییان و پێش ئەوانیشەوە، لە ئەرمەنستان و ئاران و ئازەربایجان و شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئاواییگەلێک بەو ناوە هەبوون و لە هەموویان‌دا ئاگرێک ڕۆشن بووە... کە وابوو، باگوان یان باگاوان بەواتای شاری خودا یان شوێنی خودایە.»

کەسرەوی هەروەها دەڵێ: «نەک هەر باکۆ، بەڵکوو بەغدا و بەعقووبەش شاری

خودا بوون و ئەوەی ئەرمەنییەکان پاش قبووڵ کردنی ئایینی مەسیح بەکیان بە بت مانا کردۆتەوە یان لامعی خۆی لەوە پاراستووە کە ناوی بەغداد بنووسێ و لەباتی ئەو، ناسناوی دارولئیسلامی هێناوەتەوە، نیشان دەدا کە ئەم شارانە، شوێنی ئایینێکی کۆن بوون و پەیوەندییان بەناوی بەک و بەغەوە هەبووە.»

ئەوەی تا ئێستا گوترا، ڕوانینێک بوو بەسەر لایەنی زمانەوانیی وشەی بۆکاندا. ئەم ڕوانینە، یەکلایەنی و ناتەواوە ئەگەر نەخرێتە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە و ڕووداوەکانی مەڵبەندی بۆکان لە پەیوەندیی باسەکەدا شی نەکرێتەوە.

کۆنترین دەوڵەتی ناسراوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بۆکانیش وەک بەشێک لە ناوچەکە)، دەوڵەتی ماننایە. پێش ئەوان، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەم بە دواوە چەند دەوڵەت ـ شار و دەوڵەتی ناوچەیی لە بەشی ڕۆژاوای خاکی ئێران پێکهاتبوو، بەڵام دەوڵەتیماننا یەکەم دەوڵەتی یەکگرتووی ناوچەکە بوو کە مەڵبەندێکی بەرینی گرتبووە خۆی و خاوەنی توانایەکی ئابووری و دەسەڵاتێکی سپایی ئەوتۆ بوو کە دەیتوانی سەر لە حاندی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو دەم (ئاشوور، ئوورارتوو و...) بەرز بکاتەوە. ئەم یەکگرتنە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگاو بە مەبەستی خۆپاراستن لە مەترسیی دراوسێ بە هێزەکان پێکهات و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووهەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین، واتا ئەو سەردەمە گرنگەی کە ئارییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا دەهاتن و شەپۆلی یەکەمیان تا سنووری خاکی ماننا کشابوو. مانناکان بەشێک بوون لە یەکییەتیی هۆزەکانی لوولووبی و گۆتی کە ئەوانیش لە مەنزوومەی زاگرۆس جیا دەبنەوە و خاکەکەیان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی باشووری گۆلی ورمێ هەتا ڕۆژاوای باشووری زەریاچەی کاسپیەن (خەزەر) بەتایبەت نێوان مەراغە تا سەقز و بۆکانی گرتبووە بەر.

بریتانیکای ئینسیکلۆپیدیای زمانی ئینگلیزی دەنووسێ:

«مانناکان لەلایەن سێ هێزی گەورەی سەردەمی خۆیانەوە گەمارۆ درابوون، ئاشوور لە ڕۆژاوا، ئوورارتوو لە باکوور و ماد لە باشوور، [سەکاکانیش لە باشوور و

ڕۆژاواوە]؛ ئەم قەومە پاش هێرشی سەکاییەکان و پەیدابوونی ماد لە سەدەی حەوتەمی پێش‌زایین، ناسنامەی قەومیی خۆیان لە دەست دا و چوونە ژێر دەسەڵاتی مادەکانەوە. دوژمنی گەورەی ماننا‌کان دەوڵەتی ئاشوور بوو. ئاشوورییەکان تەنیا لە نێوان سالانی ٨١٠ تا ٧٤٤ی پێش‌زاییندا، بەلای کەمەوە چواردە جار هێرشیان بردە سەر خاکی ماننا، هەزاران کەسیان بە کۆیلە لێ‌گرتن و سەدان پیشەساز و هونەرمەندیان لێ‌ڕاگواستن بۆ شاری نەینەوا. ئوورارتوویی‌یەکانیش لە ئاشوور باشتر نەبوون، تەنیا ڕوسای یەکەم شای ئوورارتوو، ٢٢ قەڵا، واتە ٢٢ شار و شارۆچکەی ماننای داگیر کرد.»

بەڵام هێرشی گەورە بۆ سەر خاکی ماننا لەلایەن سارگۆنی دووەمی شای ئاشوورەوە بوو (٧١۶ ـ ٧١٠ی پ. ز). سارگۆن بە ڕەواندز و حاجی ئۆمەراندا بەرەو پیرانشار و سولدووز داگەڕا و پاش ماوەیەک ڕۆیشتن بەرەو زەریاچەی ورمێ، گەڕایەوە و ئەمجار لەشکرەکەی بە ئیندرقاش و قومقەڵای سابڵاغدا بەرەو میاندواو برد و بە دۆڵی چۆمی تەتەهوودا ڕووی کردە ئیزیرتووی پێتەختی ماننا لە نزیک گوندی ئێستای قەڵایچی بۆکان و لەوێوە گەیشتە شیز، واتە ئاورگەی ئازەرگوشەسپ و پاشان چووە ساین‌قەڵا کە ئەو دەمە، ناوی «ئەوکان» بوو.

لە هەموو ئەو شوێنانەش، وەک سێڵاو هەموو شتێکی لە ناوبرد و داری بەسەر بەردەوە نەهێشت، بەڵام دەوڵەتی ماننا سەرباری ئەو هەموو دڕەندەیی‌یە، هەر مایەوە و لە گرێژەنە نەچوو، تا ماوەیەک دواتر کە مادەکان دەستیان بەسەر خاکەکەیاندا گرت و دەسەڵاتیان بڕینەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانە، بۆکان یەکێک بووە لە دەوڵەت ـ شارەکانی ماننا و بەشێک بووە لە یەکییەتیی هۆزە مانناییەکان کە کەوتە بەر هێرشی ئاشوور و ئوورارتوو و پاشان بە دەست مادەکان داگیر کرا. لە سەردەمی حکوومەتی مادەکانیشدا بۆکان بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتەکەیان و کەوتبووە ناو جەرگی مادی بچووکەوە. جگە لە ئیزیرتوو، قەڵای گوندی ئاغجەیوان لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە، هەروەها شوێنەوارە بەردینەکانی سماقان و بی‌بی‌کەند لە دەوروبەری شار و قەبری فەرەوەرتیشی شای ماد

(٦٣٣ ـ ٦٠٠ی پ. ز) لە فەقرەقای مەهاباد کە تەنیا ٥٠ کیلۆمیتر کەوتۆتە ڕۆژاوای بۆکانەوە، بەڵگەی ئەو ناوچەرگایەتییەی بۆکانن لە سەردەمی دەسەڵاتداریی مادەکاندا.

بەم پێیە، مێژووی ناسراوی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و پێشتر؛ واتە ئەو سەردەمەی کە هێشتا ئایینی تازەی زەردەشت لە ناوچەکەدا بڵاونەبۆوە. ئەوەندە تاکوو ئێستا ڕوون بۆتەوە دیارە کە، زەردەشت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین، واتە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمدا ئایینی خۆی بڵاوکردۆتەوە.

لێرەدا نیاز چوونە ناو باسی پەیوەندییەکانی زمانی کوردی و شێوە ئاخافتنی مادەکان نییە. ئەرکی ئەم وتارە، توێژینەوەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئایینییەکانی دانیشتووانی ناوچەی بۆکان لە مێژووی پێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشت و خودای ئەهوورامەزدا، واتە ئەو سەردەمەی کە خودای گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە، خودای بەغ بووە. ئەوەی ئاشکرا بێ ئەوەیە کە میهرپەرستی ئایینی زاڵی ئەو سەردەمە بووە و دانیشتووانی شارەکان، ڕووگە و ئاورگەیان بۆ خودای میترا دروستکردووە، واتە ڕێزگرتن لە ئاگر نەریتێک بووە کە لە ئایینی میترایی‌یەوە بۆ زەردەشتییەکان ماوەتەوە. خوای ئاناهیتاش لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا خاوەنی ئاورگەی تایبەتی خۆی بووە و هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن کە ئاگرپەرستی، بە خودای ئاناهیتاوە بەستراوە. بەداخەوە ئاسەوارە کۆنەکانی شاری بۆکان و ناوچەی دەوروبەری نەکەوتوونەتە بەر توێژینەوەیەکی زانستییانە و ئەوەی ئێستا دەزانرێ تەنیا بەشێکە لەو ڕاستییە شاراوەیەی کە دەبێ دیرۆکناس و مێژوونووسان لە داهاتوودا بیخەنە ڕوو. ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین ئەوەیە کە لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری زیادە لە ٣٠ گردی مێژوویی هەن کە بەناوی شوێنەواری مێژوویی‌یەوە ناسراون و لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەر بەو ناوە سەبت کراون. زۆربەی ئەم شوێنانەش مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جێی باسی ئێمە. وەک پێشتر گوتمان بۆکان بەشێک بووە لە خاکی مانناکان و دوور نییە هەندێک لەو ٢٢ قەڵایەی وا ئوورارتوویی‌یەکان لێیان زەوت کردبوون و

ئەو قەڵایانەش وا ئاشوورییەکان وێرانیان کردن، هەر ئەو گردە مێژوویی‌یانە بن کە یەکیان لە نێوەڕاستی شاری بۆکانە و پاشماوەشیان لە گوندەکانی دەوروبەرین. گردی کولتەپە ئێستا کەوتۆتە نێو شاری بۆکانەوە، گردی ناچیت و حەمامیان و شێخلەر تەنیا چەند کیلۆمیترێک لە شارەوە دوورن. ئەمانە و زۆر گردی دیکە لە باخچە، تیکانتەپە، ئاڵبلاغ، سارووقامیش و ئەحمەداوا مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین، واتە پێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشت یان سەروحەدی بڵاوبوونەوەی. هەندێ گردی تری وەک تەپەی گوندی کانی‌کووزەڵە و سەراو و ڕەحیم‌خان و مەڵلالەر و تەپی و عەزیزکەند و... کە مێژوویەکی کۆنتریشیان هەیە، دوور نییە لەو سەردەمەدا هەر ئاوەدان بووبن. لە بیرمان نەچێ کە زۆرێک لەم گردە مێژوویی‌یانە ئەگەر بە شێوەی زانستییانە لێیان بکۆڵدرێتەوە، شوێنەواری چەند شارستانییەتی جیاوازی یەک لەبان یەکیان تێدا دەبیندرێ کە ئەوە خۆی نیشانەی بەردەوام‌بوونی ژیان و شارستانییەت بووە لە ناوچەکەدا. بۆکان خۆی و قەڵای نێوەڕاستی شارەکە شتێکی زۆریان لێ‌نازاندرێ، بەڵام ئەوانیش بەشێکن لەو زنجیرە گردە مێژوویی‌یانەی کە شارستانییەتیان دەگەڕێتەوە هەر بۆ ئەو سەردەمانە، واتە بۆ مێژوویماننا و ماد.

ئێستا ئەگەر ئەو ڕاستییە بخەینە پاڵ دەسکەوتەکانمان، نموونەکەی ئەو پشکنینە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٨دا لە گردی قەڵای بۆکان کرا و توێژەری ئیدارەی «میراث فرهنگی»ی ئێران، دوای پشکنینی چەند توێژی خوارەوەی گردەکە، ڕایگەیاند: «مێژووی ژیاری لەسەر ئەو گردە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا.» ئیتر دەتوانین بەڕوونی بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە شاری بۆکان لە سەردەمی پێش زەردەشتدا شوێنێکی ئاوەدانی ئایینی میترایی بووە و ناوی لە ناوی خوای بەغ یان بەگەوە وەرگرتووە.

بەم پێیە ناوی شاری بۆکان لە سەرەتادا دەبێ «بەکان» یان «بەگان» یان «بەغان» بووبێ کە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەغ یان بەک + ان. بەشی یەکەم ناوی خودایە و بەشی دووهەم پاشگرێکە واتای شوێن دەدا. هەرچەندە دەکرێ پاشگری «ان»

نیشانەی کۆ بێ، بەڵام ئەوە شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

کە وابوو، بۆکان بەواتای شاری خوای بەگە یان شوێنی خوای بەگەیە و ئەوەش دەبێ بەهۆی ئاورگە یان ڕووگەیەکی گەورەوە بووبێ کە خەڵکی شارەکە بۆ «بەغ»یان دروستکردووە و زۆر وا هەیە ئاورگەکە لە شوێنی ئێستای مزگەوتی جامیعی بۆکان لە داوێنی گردەکە و بەری ڕۆژهەڵاتی حەوزەگەورە بووبێ.

هەر ئەو زانیارییە کەمەی کە ئێستا لەبارەی مێژووی بۆکانەوە بە دەستمانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ڕابردووی ژیان و شارستانییەت لە بۆکان زۆر کۆنترە لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانی. تەنیا چەند میترێک لە داوێنی باشووری قەڵا و لەسەر گۆلی مەردانبەگ، ژوورێکی دەسکردی بەرین دۆزراوەتەوە کە بە شێوەی بیناکەیدا ئەشکەوتێکی مادی یان پەرستگەیەکی میترایی بووە. ئەم ژوورە ئێستا کەوتۆتە ناو ماڵی یەکێ لە بنەماڵە ناوبەدەرەوەکانی بۆکان و لە سەردەمی منداڵیی مندا دۆزرایەوە، بەڵام تا ئێستا لە هیچ کوێ باسی نەکراوە و نەناسراوە. گردی ئاوایی قەڵایچی و ئەشکەوت یان بینای بەردینی ئاغجەیوان و بیبیکەند و فەرهادتاشی گوندی سماقان و زۆر شوێنی دیکەی ناوچەکە لە باری بینا دروستکردنەوە شوێنەواری مادین. ئەم بەڵگانە بەسەر یەکەوە پەیوەندیی شاری بۆکان و ناوچەی دەوروبەری لەگەڵ سەردەمێک دەگەیەنن کە خودای ئەهوورامەزدا هێشتا جێی خودای بەغی نەگرتبۆوە و ئەگەر ئایینی زەردەشتیش بڵاوببۆوە، ڕێز و ئیحترامی خودای بەگە لەجێی خۆی هەر مابوو و نیازێک بە گۆڕینی ناوی شاری بۆکان کە لە پەیوەندی لەگەڵ خودای بەگە دانرابوو، نەدەبینرا.

سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕەش وا بەسەر وشەکەدا هاتووە (لە بەکانەوە بۆتە بۆکان)، دەبێ بگوترێ گۆڕانی پیتێکی بزوێن شتێکی ئاسایییە و وشەی کۆن ئاڵوگۆڕی زۆر لەوە زیاتری بەسەردا دێ، بەتایبەت لە مێژوویەکی دوورودرێژی چەند هەزار ساڵەدا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نوکتەیەک بکری: ئازەربایجانییەکانی ناوچەی موکریان و تەورێز، ئێستاش ناوی بۆکان بە شێوەی بەکان دەبەن و ئەوە ڕەنگە ڕیشەی لە مێژوویەکی کۆندا بێ. ئەگەر ناوەکە لە زمانی کوردیدا، بەپێی باردۆخی

تایبەتی زمانەوانی گۆڕابێ، لە زمانی ئازەربایجانی و دوور نییە لە زمانی ئازەریی کۆنیش‌دا هەر لە شێوەی کۆنی خۆی‌دا مابێتەوە. بەداخەوە ئەمڕۆ زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر زمانی ئازەریی کۆن کە جیاواز بووە لە ئازەربایجانی و تورکی، بە دەستەوە نییە تا یارمەتیی باسەکەی ئێمە بدا. بۆ چەسپاندنی زیاتری بۆچوونەکەمان لەمەڕ ڕەچەڵەکی ناوی بۆکان پێویستە ئاوڕێک لە ناوچەکە و گوندەکانی دەوروبەری بدەینەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و نزیک بە تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب)، ئاورگەیەکی بەناوبانگی مێژوویی لێ‌بووە، کە ئاسەواری ئێستاش هەر ماوە. ئاورگەی ئازەرگوشەسب یان ئازەرگوشنەسب یان ئاورگەی شاهی کە زیاتر هەر بە ناوە گشتییەکەیەوە، واتا شیز ناسراوە. شیز لە سەردەمی ساسانییەکان‌دا (٢٢٤ ـ ٦٥٢ی ز) یەکێک بووە لە گرنگترین ئاورگەکانی ئێران و شاهانی ساسانی بەپێیان لە تیسفوونەوە هاتوونەتە زیارەتی. ئەم ئاورگەیە لە نزیک شارێکی مێژوویی دروستکراوە کە ئێمە بەناوی گەنجەک یان گەنزەکەوە دەیناسین. خوسرەو پەرویزی شای ساسانی کاتێ لە ساڵی ٦٢٣ی زایینی، کە لەلایەن هیراکلیۆسی ئیمپراتۆری ڕۆمەوە هاوکاری دەکرا، لەبەر بەهرامی چووبینە هەڵات و پەنای هێنایە شیز، لەوێ چاوەڕوانی هاتنی شاهین و شاربەرازی سەردارانی سپاکەی خۆی کرد.

ئاوەدانیی ئاورگەکە لە سەردەمی ساسانییەکان‌دا پێچەوانەی ئەوە نییە کە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر. نووسەری کتێبی «مێژووی ژیانی ئابووریی گوندنشین و چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران» دەڵێ: «لە سەردەمی کۆنتردا خودایەتیی سێ خودایی ئەهوورامەزدا و میهر و ئاناهیتا ئایینی خەڵک بووە و ئاگرپەرستی بەتایبەت پەیوەندیی بە خودای ئاناهیتاوە بووە.» بەو پێیە ئێمە دەبێ لەژێر خۆڵەمێشی ئاورگەکان‌دا، کە تا ئێستا هەر بەناوی زەردەشتییەکانەوە ناسراون، شوێنی شارستانییەتی کۆنتر هەڵبگرین. ئەویش لە ناوچەیەکی کۆنی وەک بۆکان‌دا کە دەیان شوێنەواری سەردەمی ماد و ماننای لێ‌شاردراوەتەوە. بۆ نموونە با سەیرێکی گوندی بۆگەبەسی بکەین کە دە کیلۆمیترێک کەوتۆتە باشووری شاری بۆکانەوە.

ئیبراهیم پووررداوود دەڵێ: «وشەی بەگ یەکەم جار لە شێوەی بەیتبەگی یان بەیتبەگەیادا بینراوە کە ناوی شارێکی ماد بووە و سارگۆنی ئاشووری لە لەشکرکێشانەکەیدا بۆ سەر خاکی ئوورارتوو وماننا (٧١٦ـ٧١٥ی پ. ز) باسی دەکا.» بەشی یەکەمی ئەم ناوە بەڕاشکاوی وشەیەکی ئاشوورییە و لەگەڵ بەگی یان بەگەیا، پێکەوە واتای ماڵی خودا دەدەن. ئەوەی کە سارگۆن شارەکەی بە شوێنی ماد ناوبردووە و مادەکانیش لە باشووری خاکی ماننا نیشتەجێ بوون و بۆکان بەشێک بووە لە خاکی ماننا، دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە قەڵا و گوندی بۆگەبەسی لە باشووری بۆکان، هەمان بەیتبەگی بێ و تەپۆڵکە مێژووییەکەی نێوەڕاستی گوندیش کە ئێستا شوێنی ماڵی ئاغای گوندەکەیە، ڕاستیی بۆچوونەکەمان زیاتر دەچەسپێنێ. گوندی بیبیکەند لە ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا جیا لە ئەشکەوتە دەسکردەکەی کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد، هەر ناوەکەشی شوێنەوارێکی مێژووییە. ناوی گوندەکە هەرچەندە لە ڕواڵەتی ئێستایدا لە وشەیەکی تورکی دەچێ، بەڵام بەئاشکرا شوێنی ناوی بەکی پێوە دەبیندرێ و لام وایە لە ڕابوردووی کۆندا دەبێ «بەیکەند» یان «بەیکەن» بووبێ کە دوای سەلجووقییەکان و موغولییەکان ئەم ئاڵوگۆڕەی تێدا وەدی هاتبێ. ناوی کۆنی شاری ساینقەڵاش لە ڕۆژهەڵاتی باکووری بۆکان جێی سەرنجە. ناوی ئەم شارە لە سەردەمی ماننا‌کان و هێرشی سارگۆنی دووهەمدا ئەوکان بووە و هەر بەو شێوەیەش لە تەقویمی ئاشوورییەکاندا هاتووە. هەرچەندە دۆزینەوەی پەیوەندیی ئەم ناوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گەرای بیرکردنەوەیەک دەخاتە مێشکەوە و سەرنج بەرەو وشەی «وەک» یان «بەک» ڕادەکێشێ کە دەبێ دوور نەبێ لەو باسەی ئێمە لەمەڕ بۆکان. بۆ ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە مێژووییە لەسەر ناوە کۆنەکانی ناوچەی بۆکان زیاتر بچەسپێنین، با سەیری ناوی گوندێکی دیکە بکەین.

قوڕەبەراز گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەر ڕێگای ئاورگەی ئازەرگوشنەسب کە ئێستا بە تەختی سولەیمان دەناسرێ. ڕواڵەتی ئێستای ناوەکە، شتێکی ئەوتۆمان نادا بەدەستەوە، مەگەر بیخەینە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە. خوسرەو

پەرویزی شای ساسانی وەک گوتمان ڕوو لە دۆست و پشت لە دوژمن، لەبەر بەهرامی چووبینە هەڵات و هات لە گەنجەک دانیشت تا «شاهین» و «شاربەراز»ی سەردارلەشکر بێنە هانای و لەژێر پلاری نەیار ڕزگاری بکەن. ئایا پەیوەندی دانی ناوی قوڕەبەراز لەگەڵ ناوی شاربەرازدا شتێکی دوور لە مەنتیقە؟ بەتایبەت کە ئەو دوو سەردارە دەبووایە لە سنووری ڕۆژاوای ئێرانەوە بەرەو گەنجەک هاتبایەن و بەسەر گوندی قوڕەبەرازدا تێپەڕبووبان. هەمان حاڵەت بۆ پەیوەندیی ناوی ئێستای گوندی «جامەرد» لە هەمان ناوچە لەگەڵ «زامەرد»ی سەرداری ساسانی جێگەی بیرلێکردنەوەیە.

بە هیوای ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە، هەنگاوێک بێ بەرەو ڕووناکی و سەرەتای کارێکی جیددی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ناوچەکە دامەزرێنێ. داهاتوو دەبێ زۆر شتی تاریکی ئەمڕۆ ڕوون بکاتەوە.

سەرجەمی ئەم وتارە سەرەتا لە ژمارەی ١٩ی گۆڤاری مامۆستای کورد چاپی سوید، ساڵی ١٩٩٢ و پاشان لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، ١٩٩٢ بڵاوبۆتەوە و ئێستاش لەسەر ماڵپەڕەکە هەر ماوە. لێرەدا هەندێک گۆڕانکاریی تێدا وەبەرچاو گیراوە و کورت کراوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

١. افخمی، ابراهیم، تاریخ و فرهنگ و ادب مکریان، بوکان، ل ١٥.

٢. پورداوود، ابراهیم، پنجاه گفتار پورداوود مقاله بغ، ل ٤٠١ ـ ٤٢٦.

٣. سەجادی، عەلائەددین، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٣١.

٤. بۆیس، ماری، مێژووی زەردەشتایەتی (ئینگلیزی)، بەرگی ١، ل ٢٣، ٥٨ و ١٩٦، بەرگی ٢، ل ٧، ١٥، ١٣٩ و ١٤٣.

٥. لغتنامه دهخدا، ماده بغ.

٦. فرەوشی، د. بهرام، فرهنگ پهلوی، ماده بغ.

٧. تفضلی، د. احمد، واژەنامه مینوی خرد، مادەی بغان.

٨. ئینسیکلۆپیدیای نوێی بریتانیکا، مادەی ماناناکان.

٩. لە هەموو ئەو فەرهەنگانەدا کە ناوبراون، وشەی بغ.

١٠. کسروی تبریزی، احمد، کاروند کسروی، مقاله باکو.

١١. انصاف‌پـور، غلامرضـا، تاریخ زندگی اقتصادی روسـتائیان و طبقات اجتماعی ایران از دوران ماقبل تاریخی تا پایان ساسانیان، ل ٣٤٨.

## ٢

لێرەدا بۆچوونی کەسێک سەبارەت بە وشەی بۆکان دەهێنمەوە، کە خۆم لەگەڵیدا نیم. لە ڕوانگەی منەوە بە لاڕێدا بردنی خوێنەر دەبێ ئەگەر کەسێک بنەمایەکی خەیاڵیی موغولی یان تورکی و عەربی بۆ بابەتێکی وا لەمێژین هەڵبەستێ.

بابەتەکەم لە وێبلاگێکی فارسی وەرگرتووە کە ئەوە ناوەکەیەتی: «مجله اینترنتی شهر من بوکان، مجله اینترنتی اخبار و رویدادها و همه چیز در باره بوکان». ناوی وتارەکەش «بوکان به اختصار»ە، بەڵام بەڕوونی ڕانەگەیەنراوە کێ نووسەریەتی جگە لە ئادرەسێکی ئیمەیل کە بەگوێرەی ئەو، ئەم وتارە یا سەرجەمی وێبلاگەکە هی دوکتۆر قەسیم عوسمانی نوێنەری دوو دەورەی خەڵکی بۆکان لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێرانە. من هەڵبژاردەیەکی بۆچوونی نووسەرم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی:

«... سەبارەت بە بنەمای ناوی شارەکە گێڕانەوەی زۆر هەیە و یەک لە ناودارترینیان ئەوەیە کە خەڵکی شار لە کاتی زەماوەنددا دەچوونە سەر حەوزێکی گەورە و ناوبەدەرەوەی شارەکە... لەبەروەی وشەی بووک بە کوردی واتای «عروس»ی هەیە ئیتر ئەو ناوچەیەش کە دواتر بوو بە شار، ناوی بووکان، واتە «عروسان»ی لەسەر دانرا.

بەڵام ئەو بۆچوونە تەنیا کاتێ ڕاستە کە ئێمە وشەکە بە زاراوە فارسییەکەی «گۆ» بکەین لە کاتێکدا دانیشتووانی شار و هەموو کەسێکی کوردزمان وەک «بۆکان»ی گۆ دەکەن.

لە بۆچوونێکی دیکەدا دەگوترێ کە لە سەردەمی هێرشی موغولەکاندا، یەک لە فەرماندەرانی سپای چەنگیز، کە ناوی بۆکان بووە، ناوی خۆی لەسەر بۆکان دانا کە ئەو دەم گوندێکی بچووک بوو. دەگوترێ چیایەک لە موغولستانیش هەر بەو ناوەوە هەیە کە لە ناوی ئەو فەرماندەیە وەرگیراوە.

بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە دەگوترێ لە قەدیمدا ژنان بۆ شۆردنی شتومەکی

ماڵ دەچوونە سەر ئەو حەوزە و ئەگەر کەسێک بیپرسیایە ئەو فلاّنەکەسە لە کوێیە، دەیانگوت چووە بۆ کانی... جا ئەم وشەیە دواتر بەو کەسانە دەگوترا کە هاتوچۆی زۆری سەر کانییەکەیان دەکرد و وردەوردە لەوێ نیشتەجێ ببوون.»

دیارە نووسەری وتارەکە، وەک زۆرێک لە خەڵکانی تر، لە مەسەلەی تۆپۆنیمی، واتە «وجه تسمیه»ی ناودا تەنیا ڕواڵەتی ئێستای بینیوە و سەرنجی نەداوەتە سەر ئەو خاڵە گرنگەی کە مێژووی ژیاریی مرۆڤ لە ناوچەی بۆکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٠ ـ ١٢ هەزار ساڵ پێش ئێستا و لای‌کەم مێژووی سەلماوی زیاد لە سێ‌چوار هەزار ساڵەی هەیە. لەو ماوەیەدا خەڵکانێکی زۆر بە زمان و زاراوەی هەمەچەشنە لەوێ ژیاون و هیچ لێکۆڵینەوەیەک بایەخی نابێ ئەگەر لێکۆڵەر ئاوڕێک لەو مێژووە دوورودرێژە نەداتەوە و دیاردەکان نەخاتە چوارچێوەیەکی زەمانیی وا دوورودرێژەوە.

## ٣

ئەم وتارە لە ماڵپەڕێک بەناوی «آفرینش، روزنامه مستقل صبح ایران»[1] وەرگیراوە کە من لە لینکی وێبلاگێکی کوردی بەناوی «بوکان‌سیتی»دا دۆزیومەتەوە.[2]

نووسەری وتارەکە دەسنیشان نەکراوە و تەنیا بە هەواڵنێری «آفرینش» ناوی براوە. زانیارییەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر سەرەتایی و ژورنالیستین و دەقاودەق هەمان ئەو خاڵانەن وا لەسەرەوەتردا لە وێبلاگی «مجله اینترنتی شهر من بوکان، مجله اینترنتی اخبار و رویدادها و همه‌چیز در باره بوکان» دیتمان، هەر بۆیەش لێرەدا دووپاتی ناکەمەوە.

مەسەلەی زانیاریی بەخشین گەلێک گرنگە و دەبێ بزاندرێ هەر قسەیەکی ئەفواهی لێرەولەوێ دەکرێ بۆی هەیە لەلایەن خەڵکانێکەوە وەربگیرێ و دووپات بکرێتەوە، وردەوردەش ببێتە ڕای گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و سەرەڕای هەڵەبوونەکەی، لە بیر و مێشکی خەڵکدا جێگیر بێ.

---

1. http://www. afarineshdaily. ir/afarinesh/News. aspx?NID=26946
2. http://boukancity. blogfa. com.

ئەو قسەیە بۆیە دەکەم کە لە سەردەمی خوێندنم لە پۆلی نۆی قوتابخانە لە بۆکاندا بەشداری کێبەرکێیەکم کرد کە گۆڤاری «اطلاعات کودکان» لە تاران وەڕێیخستبوو و داواکرابوو هەر کەس بابەتێکی کورت سەبارەت بە شارەکەی خۆی بنووسێ. ئەوە ساڵی ۱۳۳۹ی هەتاوی و ۱۹۶۰ی زایینییە. ناوی وتارەکەی من ئەوە بوو: «بوکان شهر عروسان» و خەلاتی یەکەمیشم بردەوە لەبەروەی یادی بەخێر بێ کاکم بۆی ڕێکوپێک کردبووم! بەڵام ئەوە بۆ دونیای منداڵی و مێرمنداڵی بوو و ڕاست هەر ئەو شتانەم دووپات کردبۆوە کە لە خەڵکم بیستبوو بەبێ ڕوونکردنەوە و دەستێوەردان! ئێستا ۶۰ ساڵ دوای ئەو قسە بێتامانەی ئەو دەمی من، وێبنووسێک دووپاتی هەمان قسەی خەڵکی ئاسایی دەکاتەوە، کە ئەگەر ئاماژەیەکیشی بۆ ڕاستی تێدابێ، هەموو ڕاستییەکە نییە و ئەویش و هەر کەسێکی دیکەش کە پێی دەنێتە ئەو گۆڕەپانە، پێویستە پێیەوە ماندوو بێ و بە ڕێبازێکی زانستیدا بڕوا، دەنا زۆر هاسانە بڵێی بۆکان لە ئەسڵدا بۆقان بووە، وەک چۆن لە ئێراندا گورگان و کرمان هەیە، ئەویش بۆقانە!

## ۴

ئەوەی خوارەوەش بۆچوونێکی هاوشانی دوو بابەتی پێشترە و لە ماڵپەڕی فەرمانداریی شاری بۆکان سەر بە ئوستانداریی ئازەربایجانی ڕۆژاوا وەرگیراوە.[1] لێرەشدا «بووک» بەواتای وەوی و «ان» وەک نیشانەی کۆ وەرگیراوە و گوتراوە کە: «گوندییەکان [نەک خەڵکی بۆکان]، لە گواستنەوەی ئەم گوند بۆ ئەو گوندی بووک، کاتێ کە بە گوندی بۆکاندا تێپەڕبوون، بردوویانەتە سەر حەوزەکەی و لەوێ ماوەیەک هەڵپەڕیون، هەر بۆیەش شوێنەکە بە بووکان ناوی دەرکردووە!»

نووسین و ڕستەبەندیی یادداشتەکە زۆر لاوازە و لەویش لاوازتر لایەنە زانستییەکەی و ئیستیدلالەکانییەتی. ناوی نووسەری بابەتەکەش ڕانەگەیەندراوە.

1. http://www. bookan ag. ir/tabie1. asp.

## وشەی بۆکان و بۆچوونە جیاجیاکان

ئەوەش بەشێکە لە وتاری «بوکان لە ڕێڕەوی مێژوودا» کە کاک «سەلام ئیسماعیلسورخ» بە فارسی نووسیویەتی. من لێرەدا تەنیا ئەو دێڕانەم لێوەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە ڕاستەوخۆ باس لە پرسی «ناو»ی بۆکان دەکەن. دیارە ئەوەی گوتراوە «ئوستوورەی زانستی» ناتوانێ ڕاست بێ لەبەرئەوەی ئوستوورە هی سەردەمانێکی پێش پەیدابوونی خەت و نووسین و ڕاگواستنی زانست لە کەسێکەوە بۆ کەسانی تر بووە. ئەوە نووسینەکەی کاک سەلامە:

«هەندێک کەس لایان وایە وشەی «بووکان» کورتکراوەی «بووکەکان»ە و [خەڵک لە ڕابردوودا] ڕێوڕەسمی شایی و چۆپیگرتنیان لەسەر کانیاو و سەرچاوەکان بەڕێوە بردووە، لە بۆکانیش حەوزێکی گەورە هەبووە کە بەناوی «کانیی بووکان»ەوە ناسراوە، ئینجا لەفزی کانی قرت کراوە و تەنیا ناوی بووکان بەسەر شارەکەوە ماوە، بەڵام هەندێکی تر لایان وایە «بوو» بەواتای زێد و «کان»یش بەواتای کانگای ئاو هاتووە. ئەم بۆچوونە زیاتر پشتئەستوورە بە ئوستوورەی زانستی...»

## چەند سەرچاوەی کۆنی فارسی سەبارەت بە ناوی بۆکان

ئەم سەرچاوانەم تەنیا بۆ ئەوە پشکنیوە کە بەڵکوو دەریچەیەکمان بەرەوە ئەو تاریکییە بۆ بکەنەوە کە بۆ دیاریکردنی بنەمای ناوی بۆکان پێویستمان پێیەتی، بەڵام بەداخەوە وەک دەبینن زۆربەیان بە لاڕێدا ڕۆیشتوون و نەیانتوانیوە دوو هەنگاو بگەڕێنەوە سەردەمانی پێش خۆیان.

١. مدارالافاضل، تألیف اللەداد فیضی سرهندی، باهتمام دکتر محمد باقر، مجلد اول، انتشارات دانشگاه پنجاب، لاهور ١٩٨٤/١٣٣٧؛ بڕ:

بوک: بە ضم، فارسی، مگر و بود و باشد! هەروەها گیایەکی ئاویی نەرم کە دەینێنە ژێر چەخماخ، شوێنی ڕواندنی خەڵە و جێگایەک کە خەڵەی لێدەشاردرێتەوە و هەروەها چاڵی خەڵە.

بوک: ساز.

٢. فرهنگ تاریخی زبان فارسی، بخش اول (آ ـ ب)، فراهمآورده شعبه تألیف فرهنگهای فارسی، بنیاد فرهنگ ایران، تهران ١٣٥٧/ ١٩٧٨؛ بڕ:

بوگان: ڕیخۆڵە، ڕیخۆڵەکوێرە! ریش چون بوگانا، سبلت چون سوهانا.

٣. فرهنگ نظام (فارسی به فارسی) با ریشەشناسی و تلفظ واژەها به خط اوستایی، تألیف سید محمد داعیالاسلام، جلد ١، چاپ دوم انتشارات دانش، تهران ١٣٦٢/ ١٩٨٣؛ بڕ:

بک (فارسی)، بوونەوەرێکە لە ئاو و ویشکانیدا دەژی و ناوەکانی دیکەی بریتین لە: «وزغ و ضفرع و غوک و قورباغە». ئەم وشەیە لە هەندێ ویلایەتی ئێران وەک باشوور کەڵکی لێوەردەگیرێ و لە تەبەرستان (مازندەران) «وەک»ی پێدەڵێن. لە «برهان قاطع»دا سێ واتایان بۆ لێداوەتەوە.

یەکەم: شوێنی هەڵاتن؛ دووهەم: دارستان؛ سێهەم: خەیاری ناودەشت.

بک (بوک)، دوو واتای هەیە: دەموچاو و هەروەها چەشنە کووزوویەکی

دەمتەنگ و ملکورت و زگپان و خڕ، کە تونگەی پێدەڵێن.

دانەری «برهان قاطع» واتای بێعەقڵی و بێهونەریشی بۆ لێداوەتەوە، بەڵام «سەروەری» دەڵێ: «پەک» بەو واتایەیە، نە «بەک».

بێک (بە کەسر) بەواتای بەندی پەنجە (قامک) و هەروەها زوخاڵ (برهان قاطع).

٤. فرهنگ نفیسی، تألیف مرحوم دکتر علی‌اکبر نفیسی (ناظم الاطبا)، جلد اول (ا ـ پ)، کتابفروشی خیام، تهران، ١٣٥٥/ ١٩٧٦؛ بڕ:

بوگان (Bugan)، اسم، پارسی، [بمعنی] زهدان و بچەدان و رحم و گلزار، کە لێرەدا جگە لە واتای منداڵدان، واتای گوڵزاریشی بۆ لێدراوەتەوە، بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا بە پیتی گاف نووسراوە.

٥. فرهنگ انجمن‌آرای ناصری، تألیف امیرالشعراء رضا قلیخان متخلص بە هدایت، کتابفروشی اسلامیە، تهران (نمایش ٣١)؛ بڕ:

بک: (اول مفتوح)، بۆق. هەروەها دەڵێن لە برهان [قاطع]دا بەواتای شوێنی هەڵاتن و دارستان هاتووە و بە «بوک» بەواتای دەم و چاو و چەشنە کووزوویەک هاتووە [تونگە].

لە گوندەکانی [ئوستانی] فارس بە قلیانی سواڵەتیش دەگوترێ.

بەک هەروەها «چغر»یشی پێدەگوترێ.

٦. فرهنگ فارسی عمید، تألیف حسن عمید، جلد اول، امیرکبیر ١٣٥٧/ ١٩٧٨؛ بڕ:

بوک: کورتکراوەی «بود کە» یا «بووکە»یە، بەواتای بەڵکوو، بریا، مەگەر و دەشێ.

بوکان (بووکان): فارسی، زهدان و رحم [واتە منداڵدان] زنان حاملە را بیم بد کە پیش از وقت، زبیم او بدرآیند اجنە از بوکان.

ڕوونکردنەوە: ئەوەی لەم قامووسەدا بە پیتی کاف نووسراوە، لە ڕاستیدا گافە، بەڵام لە کۆندا جیاوازییەک لە نووسینی دوو پیتی «ک» و «گ»دا دانەنراوە. بەڵگەی منیش بۆ ئەم قسەیە لە خوارەوەدا، لە قامووسی نەفیسی دەردەکەوێ.

٧. آنندراج، فرهنگ جامع فارسی، تألیف محمدپادشاه متخلص به شاد، کتابفروشی خیام، تهران، چاپ دوم، ١٣٦٣/ ١٩٨٤؛ بڕ:

لەم سەرچاوەیەدا، وشەکە بە هەر دوو شێوەی بوگان (بووگان) و بوکان (بووکان) واتا کراوەتەوە.

بوگان به ضم اول و کاف فارسی [واتە گاف]، لەسەر کێشی خوبان، فارسی، [بەواتای] زهدان، واتە منداڵدان. «شمس فخری» لە کتێبی «معیار جمالی»دا گوتوویەتی: زنان حامله را...»

بوگان ناوی شارۆچکەیەکە لە ویلایەتی ساوجبولاقی موکری، دەڵێن کەشوهەوایەکی خۆشی هەیە و لە «برهان قاطع»دا بەواتای گوڵزار هاتووە. [ئەگەر وابێ دەبێ بە کافی عەرەبی بێ لەبەروەی «بووکان» واتای کان و مەعدەنی بۆنی خۆش دەدا].

بوکان (بووکان): بە ضم، فارسی، چەشنە پێڵاوێکی ئاسنە دەیکەنە پێ بۆ ئەوەی بەسەر بەفردا بڕۆن و بەواتای ماڵی بەفر [چاڵە بەفر؟]یش هاتووە.

٨. برهان قاطع، تألیف محمدحسن بن خلف تبریزی متخلص به برهان، باهتمام دکتر محمد معین، جلد اول: آ ـ ث، امیر کبیر، تهران ١٣٦٢/ ١٩٨٣؛ بڕ:

بوگان (بووگان): بە کافی فارسی، لەسەر کێشی خوبان، بە منداڵدان دەگوترێ کە بە عەرەبی پێی دەڵێن «رحم»، بەواتای گوڵزاریش بینراوە.

هەروەها بورهانی قاطع، واتایەکی بۆ وشەی بوک (بووک) هێناوە کە بێسوود نییە لێی ئاگادار بین:

بوک و مگر: لەسەر کێشی «کوه و کمر» بەواتای «بوک» دێ و هاوچەشنی مەگەرە بەواتای «بود کە» و «باشد کە» [با وابێ یا ئەگەر وابێ]، بە عەرەبی «عسی و لعل»ی پێدەگوترێ.

٩. فرهنگ جدید فارسی ڕازی، تألیف محمود سعیدپور، چاپ چهارم، انتشارات فخر ڕازی، تهران ١٣٧٠/ ١٩٩١؛ بڕ:

بوگان (بووگان): به ضم باء، زهدان، بچەدان، رحم (منداڵدان).

١٠.قاموس کتاب مقدس، ترجمە و تألیف مستر هاکس، انتشارات اساطیر، چاپ اول بیروت ١٩٢٨، چاپ تهران ١٣٧٧/ ١٩٩٨؛ بڕ:

بوکیم (گرینۆک): ناوی شوێنێکە لە سەرووی جەلجال و لای ڕۆژاوای وڵاتی ئەردەڵان بەهۆی گریانی بنی ئیسرائیل لەو شوێنە، وایان ناوناوە. [ئەوەم هەر تەنیا بۆ مەسەلەی هاوشێوەیی ناوەکە هێناوە.]

١١.گیتاشناسی ایران، جلد اول، کوەها و کوهنامە ایران، نوشتە مهندس عباس جعفری، طرح و تهیە از گیتاشناسی، تهران ١٣٦٨/ ١٩٨٩؛ بڕ:

کتێبێکی باشە، زانیاری لەسەر چیاکانی ئێران دەداتە خوێنەر. ناوی کێوەکان بە پیتی ئەلفوبێ (فارسی) ڕێکخراون. من بۆ ناڵەشکێنە و تەرەغە گەڕام نەمدۆزینەوە، بەڵام چەند کێوی وەک بەردەزەرد و بەردەسووری تێدایە و یەک لەوان دەڵێ لە دێهستانی ئەختاچی ڕۆژهەڵاتە، کە سەر بە شاری مەهابادە، ٤٩ کیلۆمیتر لە باشووری ڕۆژاوای مەهابادە و لە باشووری ڕۆژاوای بۆکانیشە، بەرزاییەکەی ١٥٩٥ مترە و وا هەیە ناوی چیای دیکەی ناوچەکەشی تێدا بدۆزرێتەوە.

١٢.فرهنگ فارسی خرد، تألیف م. سعیدیپور ـ آذینفر، چاپ انتشارات خرد، تهران ١٣٥٦/ ١٩٧٧؛ بڕ:

بوگان: بە ضم باء، اسم، زهدان، بچەدان، رحم [بەواتای منداڵدان]. لێرەدا ناوێک لە بۆکان نەهاتووە.

١٣.سرمە سلیمانی (فرهنگ فارسی بە فارسی)، تقیالدین اوحدی بلیانی، بە تصحیح و حواشی محمود مدبری، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، ١٣٦٤/ ١٩٨٥؛ بڕ:

بوک (بووک): بەواتای «عسی» و «لعل»ە و هاوچەشنە لەگەڵ «مەگەر».

١٤.لغتنامە دهخدا، تألیف علیاکبر دهخدا، زیر نظر دکتر محسن معین، شمارە مسلسل ١٢٥، حرف ب (بس ـ بیضە)، انتشارات سازمان لغتنامە، دانشگاه تهران، سال (؟)؛ بڕ:

بوک (بووک): بود کە [واتە ئایا دەبێ؟] بوک طعامی بما دهد [بەڵکوو

خواردنێکمان بداتێ].

(تذکرةالاولیا عطار)، چونکە بر بوک است جملە کارها [لەبەروەی هەموو کارێک لەسەر ئەساسی ئەگەر داندراوە...] مولوی رومی؛ وشەی استثناء.

لەم سەرچاوەیەدا گەلێک واتای جۆربەجۆر بۆ وشەی «بوک»ی فارسی لێدراوەتەوە، لەوانە، تۆپەڵە دروستکردن، کڕین و فرۆشتن، هەڵکەندنی کانی بە داروچیلکە بۆ ئەوەی ئاوی لێ‌دەربێ؛ ئاڵۆز بوونی کار و جووت‌بوونی ژن و پیاو و شتی تر، بەڵام «بەوک»ی عەرەبی بەواتای «سەرەتای کار»یشی هێناوە.

کاتێکیش دەگاتە وشەی بۆکان، ناوێک لە شاری بۆکانی کوردستان ناهێنێ، بەڵام ئەم زانیاریانە دەدا بەدەستەوە:

بوکان: گوندێک لە دێهستانی کەمین لە بخشی زەرقانی شاری شیراز.

بوکان: گوندێک لە دێهستانی ئەلەمووت، بەخشی «معلم کلایە»ی شاری قەزوین

١٥.فرهنگ بزرگ سخن، بەسرپرستی دکتر حسن انوری، جلد دوم (ب ـ پ)، انتشارات سخن، تهران ١٣٨١/ ٢٠٠٢؛ بڕ:

بوک: لای بەرزی جگ لە یاریی جگێن دا.

بوک (Buk): بەڵکوو (شاهان جهان بە جملگی بشتابید تا بوک بقیتی ز دین دریابید).

مەگەر: خواست و ئارەزوو (بر بوک و مگر عمر گرامی مگذارید/ خود محنت ما جملە ز بوک و مگر آمد ـ انوری).

١٦.فرهنگ فارسی معین، دکتر محمد معین، جلد ٥ (اعلام: آ ـ خ)، چاپ هفتم انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٦۴/ ١٩٨٥؛ بڕ:

بوکان (Bukan): بووکان ناوی بەخشێکی شارستانی مەهابادە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد لە ئوستانی چوارەم (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)، ناوەندەکەی قەسەبچەی بۆکانە لە ٥٦ کیلۆمیتری باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد، دانیشتووانی ٢٠٥٧٩ کەسن. ئاوی شارەکە لە چۆمی سیمینەڕوودەوە دێ و بەرهەمی کشتوکاڵی بریتین لە گەنم، جۆ، تووتن، چەوەندەر و...

## ناوی مێژوویی کانی و مووچە و مەزراکانی ناوچە

لە کتێبی «پادشاهی ماد»، نووسینی ئیقرار عەلییێفدا[1] ناوی دەیان و سەدان شار، شارۆچکە، دەوڵەت ـ شار، قەڵا و بنکەی سپایی ناوچەیماننا و ماد هاتووە کە ئەمڕۆ بە شوێنی گەلێک کەم لەوانە نەبێ نازانین. ئەوانەی خوارەوە تەنیا نموونەیەکی بچووکی ئەو ناوانەن: بوشتو، هارهار، زامرو، کیتی هامانو، کارسیبوتو، ساسیاشو، سیبار، مێشتا، لاتاشە، گیلزان، هارمیشاندویی، پارسانایی، کیبابارو‌تاکایی، ئوشتاشەتایی، گینگی بیری، دیمامایی، سیمگوریایی، کیندوتائوشی، تائورلایی، ... (ل ٣٢٩).

ئەو ناوانە چییان بەسەر هاتووە؟ ئاشکرایە ناوی گەلێکیان بەگوێرەی خەڵکی سەردەم و زمانی سەردەم، تووشی گۆڕان هاتوون یا فەوتاون و نەماون، بەڵام جەمسەری دیکەی ئەو پرسیارە دەبێ وەڵامی ئەوەی پێ بدرێتەوە کە لایکەم هەندێک لەو ناوانە چوونەتە ناو زمانی خەڵک و گەلانی سەردەمەکانی دواترەوە و وا هەیە تا ئەمڕۆش پارێزرابن یا بە گۆڕانکارییەکەوە تێکەڵاوی زمانی ئێستای ئێمە بووبێتن.

ناوچەی بۆکان و موکریان بەگشتی، ناوچەیەکی مێژوویی‌یە و پێشینەی نیشتەجێبوونی مرۆڤ تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەدوازدە هەزار ساڵێک پێش ئێستا، خۆ ئەگەر زیاتریش نەبێ. وەک مێژووی نووسراو، ئاشوورییەکان لە ٤ هەزار ساڵێک پێش ئێستادا باسیان لە گەلێک دەوڵەت ـ شاری بچووکی ناوچەکە کردووە و دوای پێکهاتنی دەوڵەتی یەکگرتووی ئەو دەوڵەت ـ شارانەش، لە چەند مەزنەدەوڵەتی وەک ئوورارتوو و ماننا و ماد دواون. بۆکان مۆرکی هەموو ئەو شارستانییەتانەی ئەو دەم و پێش ئەوی بەسەرەوەیە و درەنگتر، لە سەردەمی هەخامەنشی تا ساسانی و هەروەها لە بڕگەی هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە هەتا سەردەمی موغول و قاجاریش

---

١. اقرار علی‌یف، پادشاهی ماد، ترجمه کامبیز میربهاء، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران، اسفند ١٣٨٨/ ٢٠١٠، فارسی، صفحه ٣٢٩.

هەر خەڵکی لێ نیشتەجێی بووە و دەڵێن دەبێ قەڵای نێوەڕاستی شار لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا دروستکرابێ؛ تەنانەت من گومانم لەوەدا نییە کە پێش دروست بوونی ئەو قەڵایەش، گردی نێوەڕاستی شار چۆڵ و بێخاوەن نەبووە.

شار و ناوچەیەک بەو مێژووە دوورودرێژەوە دەبێ چ گەنجێکی کەونارا بێ و چەندە گەوهەری فەرهەنگیی لە دڵی خۆیدا شاردبێتەوە؟ لێکۆڵینەوە لەو مێژووە دەوڵەمەندە کارێکی هاوبەش و بەردەوام و پسپۆڕایەتی و لێزانی و دەسپاکی و بودجەی زۆر و حکوومەتی ساغ و بێفێڵ و دڵسۆزی پێویستە، کە ئەمڕۆ تەنانەت یەکیشیان بۆ کورد ئامادە نییە هیچ، پێچەوانەکەشیان لە کاردایە!

جگە لە کەرەسەی فیزیکی و نووسراو، یەک لەو بەڵگانەی وا یارمەتیی توێژەرانی مێژووی کۆن دەدا، «تۆپۆلۆژی»، واتە ناوی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان وەک شار و گوند و چیا و ڕووبارە، بەڵام بەداخەوە لە زۆر حاڵەتدا کاتێ دەسەڵاتی سیاسی لە دەستێکەوە دەگاتە دەستێکی تر، یەک لە یەکەم کارەکان، گۆڕینی ناوی شوێنەوارە سروشتییەکانە، ناوی شار و گوند و ڕووبار و چیا و شەقام و کۆڵان و بینا دەگۆڕێن و ناوی تازەی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی تازەیان لەسەر دادەنرێ.

ئێمە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ناوچەی خۆماندا ئەم دیاردەیەمان لە تورکیای ئاتاتورک، لە عێراقی دوای ١٩٥٨ و دوای هاتنە سەرکاری بەعس، هەروەها لە ئێرانی مەلاکاندا بە چاو بینی و دیتمان چۆن ڕژیمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان ناوی خۆیان لەسەر ئەو شەقام و شوێنانە دادەنێن کە هیچ پەیوەندییەکیان بەوانەوە نییە و بۆ دروستکردنیان هیچ کارێکیان نەکردووە. ئەو شەقامانەی وا ئێستا لە ئێران ناوی «خومەینی» یان لەسەرە لە سەردەمی خومەینی و مەلاکانی قومدا دروست نەکراون و وا هەیە ئەو مەلایەی وا ناوی لەسەر شەقامێک دانراوە لە کاتی لێدران وڕاکێشرانی شەقامەکەدا تەنانەت لە دایکیش نەبووبێ! بەڵام دەسەڵاتە و هەیە و ناحەقە و ناحاڵییە و چیشی لەگەڵ ناکرێ!

کەوابوو، بۆ ناسینی بنەما و ئەسڵی هەر ناوێک بەتایبەت لە کوردستانی کەونارادا دەبێ ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە و پێشینەیان بین و بەڕواڵەتی ئەمڕۆیان

فریو نەخۆین. ناوی سەقز بە «بنێشت» واتا کردنەوە و لە ناوی کرماشاندا سۆراغی «کرم» گرتن و لە ناوی بۆکاندا شوێنی «بۆق» هەڵگرتن فڕی بەسەر توێژینەوەی زانستییانەوە نییە. لە کرماشان دەبێ «قرمیسین»ی کۆن بدۆزینەوە و لە سەقز جێ پێی «سەکاکان» و لە بۆکان سۆراغی «بەغ» و «بەگ» خوداوەندی کۆنی پێش ئارییاییەکان هەڵبگرین، دەنا بەهەڵە دەچین.

ئەوەندەی من سەرنجم داوە و لە ماوەی کەمی ژیانم لە چەند گوندی کوردستان بینیومە، یەک خاڵی گرنگ هەیە کە لەبەرچاوی توێژەران ون بووە و کەمتر باسی کراوە: داگیرکەر و زۆردار دەستیان بەوە ڕاگەیشتووە ناوی شار و گوندەکان یا چیا و ڕووبارەکانی ناوچە بگۆڕن، بەڵام لە یەک شت غافڵ بوون یا فریای نەکەوتوون، ئەویش ناوی کانی و مووچە و مەزرای دەوروپشتی گوندەکانمانە. زۆرێک لەو مووچە و مەزرایانە، ناوی تایبەتیان هەیە. هەندێکیان ناوی ناسیاوی وەک «باخەنەمامە» و «سەرچنار»یان لەسەرە کە دەزانرێ و دەناسرێنەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان لە زمانی ئێستای خەڵک یا زمانە ناسراوەکانی ناوچەدا نامۆ و نەناسراون. ئەو ناوانە دەبێ مێژوویی بن و پەیوەندییان بە فەرهەنگە گەلێک کۆنەکانی ناوچەکەوە هەبێ کە ئێستا نە خۆیان ماون و نە زانیارییەک لەسەر زمانیان بە دەستەوەیە.

من بەداخەوە شارەزاییم لەسەر ئەو ناوانە گەلێک کەمە و لێرە لە دوورەوڵاتی ناتوانم نموونەی باش بۆ بۆچوونەکەم بهێنمەوە، بەڵام هەر بەگوێرەی بیرەوەریی خۆم ئاوهەڵدێری «وەشێن» یا «سەروەشێن» لەلای عیلمابات و ئاجیکەند ناو دەبەم کە وشەیەکی نەناسراوە و نابێ بە ساویلکەیی بەدوای واتای وەشاندن و شتی ئەوتۆدا بگەڕێن یا کێو و مەزرای «باڵووقایە» لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی سەقز و کێوی «حاجیکیمی» لە قەرەگوێز و...

سەدان ناوی ئەوتۆ لەم بوارەدا دەدۆزرێتەوە کە زانیاریی ئێمە لە زمانە باوەکانی ئەمڕۆ هیچ یارمەتییەکمان بۆ شوێن هەڵگرتنی بنەما و ڕەگ و ڕیشەیان نادا، مەگەر پسپۆڕانی زمانە کۆنەکان بتوانن بە هانامانەوە بێن. بۆ نموونە گەلۆ قەڵای «هارهار» کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ناوی برا، نابێ لە شوێنی «خوڕخوڕە»ی گەورکایەتی

ئێستا هەڵکەوتبێ و هارهار هەمان خوڕخوڕەی ئێستا بێ؟

چ کارێکی بەڕێوجێ دەبێ ئەگەر کەسانێک لە داهاتوودا بتوانن لیستەیەکی تێروتەسەل لە ناوی کانی و مووچە و مەزرای گوندەکانی ناوچە پێکبهێنن کە پاشان لەگەڵ ناوە مێژوویی‌یەکاندا بەراورد بکرێن و پەیوەندیی کۆن و تازەکان پێکەوە بدرێن. هەنگاوێکی ئەوتۆ دەتوانێ گەلێک لایەنی تاریکی مێژووی ناوچەکە ڕوون بکاتەوە و وەڵامی زۆر پرسیاری ئێستا نەزانراو سەبارەت بە جوغرافیا و لە ڕێگای ئەویشەوە مێژووی ئەم بەشەی کوردستان بداتەوە. ئەوەندەی من سەرنجم دابێ، گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت هەڵگری زیاترین ناوی کەوناران لە موکریان و بانگی توێژەران دەکەن بچنە سۆراغیان: ترکەش، بێکۆس، هەنگەوێ، نەڵۆس، شەختان، ئافان، واوان، مامکاوێ، ئاڵوەتان، مووسالان، ئالان و...

ئەوانەی خوارەوە ناوی هەندێک حاکم و شای ناوچەیماننا و مادن کە لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا تۆمارکراون. ئەمڕۆ، هیچ نیشانێک لەو کەسانە بەسەر شار و گوندەکانەوە نەماوە، بەڵام تۆبڵێی کانیاو و کێڵگە و مەزراکان مۆرکی ناوی ئەوانیان بەسەرەوە نەمابێ: سیراشیمە، ئاماهار، زاریشو، ساناشو، ئاردارای، تاتای، زانزار، سیراشو، ئاروا، بارزوتا. من هەموو ناوی ئەم شوێن و حاکم و عێل و عەشیرە کۆنەی سەردەمی ماننا‌کانم هاوڕێ لەگەڵ ئەوانی سەرەتای وتارەکە، لە تاقە یەک لاپەڕەی کتێبی «پادشاهی ماد»[1] دەرهێناوە کە نووسەری کتێبەکە بەیارمەتیی سەرچاوە ئاشوورییەکان نووسیونی. جا دەبێ بزانین ئێمە لەسەر چ گەنجینەیەکی زێڕینی مێژوویی وەستاوین و لێی بێئاگاین و ئەرک و کارمان لەپێناو لێکۆڵینەوە و ناسینەوەیان تا چ ڕادەیەک گەورەیە. بەتایبەت دەبێ لە بیرمان بێ گەلانێکی دیکە لە ناوچەی ئێمەدا هەن، کە بە زۆر و زۆرداری دەیانەوێ هەموو دیاردەیەکی کەونارا بکەنە مڵکی خۆیان و زمانی خۆیان و ئێستایان بەو مێژووە زێڕینەوە ببەستنەوە و ئێمەش پەڕاوێز بکەن.

---

١. بڕ: اقرار علی‌یف، پادشاهی ماد.

## ناوی تایبەت و نائاسایی

ناوچەی بۆکان وەک پاشماوەی کوردستان بەگشتی، شوێنێکی لەمێژینەیە و دەیان شارستانییەتی جیاواز بە درێژایی مێژوو لەو شوێنەدا سەریان هەڵداوە، کە دوای ماوەیەک فەوتاون و نەماون. ئاسەواری ئەو شارستانییەتانە لە شێوەی فیزیکیدا ئەو کەرەسەی ئیشوکاری ژیانەیە وا لێرەولەوێ لەژێر خاک دەدۆزرێنەوە و ئەگەر قاچاخچی بێویژدان لێبگەڕێن، دەبرێنەوە سەر خاوەنەکانیان و پەیوەندیی مێژوویییان ڕوون دەبێتەوە، بەڵام مێژوونووس جگە لەو کەرەسە و ئامێرانە، لە ڕێگایەکی دیکەشەوە پەیوەندییە مێژوویییەکان هەڵدەسەنگێنێ: ناوی شوێن و کەسەکان!

گەلێکناویگوند وشار ودۆڵ وچیا وڕووبار وموومچە ومەزرا ودار ودەوەن و گوڵ و گیا هەن کە ئەگەر رواڵەتی ئێستایان لەسەر داماڵدرێ و بنەچەکیان ئاشکرا بکرێ دەبینن نوێنەرایەتیی مێژوویەکی کۆن و لەمێژین دەکەن. ناوی گوندی «بۆگەبەسی» کە لە فارسیدا وەک «بیگ اوبسی» دەنووسرێ، هیچ پەیوەندییەکی بە «بیگ»، واتە «بەگ» و ئاغا و خانەوە نییە و ئاڵوگۆڕکراوی «بەغ»ی خودای خەڵکی ناوچەکە بووە لە پێش هاتنی زەردەشتدا، بەو شێوەیە سەدان و هەزاران ناوی تر.

لە بۆکان و دەوروبەری هەندێک ناوی کەسایەتی هەن و بوون، کە دوور نییە ئاڵوگۆڕکراوی ناوی کۆن و مێژوویی بووبێتن. بەشێکیان ناسناو و لەقەبن، بۆ نموونە، سەیدەشینە، حاجیسوورە، حاجیسەوزە (لە باغڵووجە)، حەمەبۆر (لە قومقەڵای مەهاباد)، کاڕەش. ئەو سیفەتی ڕەنگە لەنێو ئینگلیزییەکاندا زۆرە و وێدەچێ بنەمای هیندوئورووپیی کۆنی هەبێ. ئەوانیش مستەر یا میسیز «براون»، «بلاک»، «گرین»، «گرەی» و «وایت»یان زۆرە.

نموونەیەکی دیکە لە بۆکان ناوی «شەوەکی»یە (ماڵی حەمە شەوەکی)، دیارە واتای ئێستای وشەکە، «سبەینێ/ بەیانی»یە، بەڵام بۆ ئەوە دەبێ زیاتری لێ

بکۆڵدرێتەوە و هەوڵ بدرێ ببرێتە سەر بنەچەکێکی کۆنتر- کە وا هەیە «شەوەک» و «شەبەک» بێ، وەک ئاماژەیەک بە «شەبەکەکان»ی باشووری کوردستان، بەتایبەت کە زاراوی بنەماڵەکە لە کاتی هاتنیان بۆ بۆکان چەشنە نیشانەیەکی ئەو شێوە زاراوەیەی پێوەدەبینرا. بە هەمان شێوە، ملوشتر، قالەسێسەر، حەسەنمەلوو، حەمەنەغە، عەبەکەڵیچە، عەبەدەڕژێ و زۆرێکی تر.

کۆکردنەوەی ئەو ناوانە کارێکی پێویستە و لەو پێویستتر لێکۆڵینەوە و بردنەوەیانە بۆ سەر بنەمای کۆنی سوومێری و عیلامی و ئاشووری و تەنانەت موغولی و تورکی. کەسانێک کە بە کۆکردنەوەی ئەو ناوانەوە خەریک دەبن، نابێ لە هەندێ وشە و ناسناوی سەمەرە بترسن، کە وا هەیە ئەمڕۆ واتایەکی ناحەزیان هەبێ: سەگەنێر، لابەقنگ، پارەپیس، سینگشێر، کۆڵ، شێت و... ئەو ناوە بەڕواڵەت سەیروسەمەرە و ناحەزانەی ئێستا، دوور نییە لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا، ناو یا خود ناسناوێکی پڕواتا و ڕازاوە بووبێتن.

با هەوڵ بدەین پەردە لەسەر ئەو ڕەمز و ڕازە ئوستوورەیی و مێژوویییانە لابەرین!

# زانیاریی گشتی سەبارەت بە شاری بۆکان

ئەم بەشە تایبەتە بە زانیاریی گشتیی مێژوویی و جوغرافیایی و ئینسانی سەبارەت بە بۆکان بۆ ئەوانەی زانیاریی باشیان لەسەر ناوچەکە نەبێ.

## ئینسیکلۆپێدیای ئیسلام[1]

چاپی کۆنی ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام (١٩٣١) هی سەردەمێکە وا مینۆرسکی هاوکاریی قامووسەکەی کردووە و بابەتی بۆ نووسیون.

لەو چاپە و لەژێر ناوی «Bokan» یا «Bukan»دا هیچ بابەتێک نەنووسراوە، بەڵام زیاد لە چوار لاپەڕە تەرخانی «SÄWDJ BULAK»، واتە شاری سابڵاغ کراوە. لەم بەشەدا کە نووسەرەکەی ڤیلادیمیر مینۆرسکییە، باسی ئەو ناوچانەش کراوە کە بە دەوروبەری سابڵاغەوەن و یەک لەوان بۆکانە.

مینۆرسکی لە مەسەلەی دێهستان و ناوچەکانی دەوروبەری مەهابادا باسی شارویران، ئەختاچی، بێهی و تورجان دەکا و دەڵێ ناوەندی دێهستانی بێهی بۆکانە بە قەڵای جوانی نشیمەنگەی سەردارەکانی موکرییەوە. هەروەها دەڵێ دێهستانی بێهی ٦٥ گوندی گرتۆتە خۆی، تورجان ٣٨ گوند و ئەختاچی ٩٠ گوندی هەیە [کە دەزانین بەشێک لەو دێهستانە ئێستا سەر بە مەهاباد و بەشێکی دیکەی عاید بە بۆکانە]. ژمارەی گوندەکانی «گەورکی موکری»ش، کە دەڵێ نزیک بە سەرچاوەکانی تەتەهوو و باشووری ڕۆژهەڵاتی چیای کورتەکە، ٢٤ گوندە.

مینۆرسکی لەم شوێنەدا کورتەیەک لە وتاری خۆی بەناوی «ناوی موغولیی شوێن لە کوردستانی موکری» و وتارێکی دیکەی بەناوی «لەشکرکێشانی بیزانس ورۆمییەکان بۆ سەر ئازەربایجانی باشوور» هێناوە، کە من پێشتر باسی هەردووکیانم کردووە)، ئینجا کورتەیەکی مێژووی سیاسیی ناوچەکە و هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی خەڵکی وەک جلوبەرگ و هەڵپەرکێ و... ناساندووە. چاپی تازەی کتێبەکە ئەو بابەتەی تێدا نییە.

---

1. Encyclopaedia of Islam, 1931, SAWDJ BULAK.

## بۆکان بە قەڵەمی دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور

ئینسیکلۆپیدیای «ئێرانیکا» بە هیممەتی «د. احسان یارشاطر» و هاوکارەکانی لە زانستگەی کۆلۆمبیای ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێ و چەندەها ساڵە سەدان کەس بە نووسینییەوە خەریکن.

بابەتی ئێرانیکا، مێژوو و ئەدەب و زانستی ئێرانە و هەندێک لە بەشەکانیشی کورد و شارە کوردنشینەکانی ئێران و مێژوویان دەگرێتەوە. یەک لەو کەسانەش کە بۆ نووسینی بابەتی سەبارەت بە کورد و کوردستان هاوکاریی کردوون پرۆفیسۆر د. ئەمیر حەسەنپوورە، یادی بەخێر بێ.

لە بەرگی چوارەمی ئێرانیکا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە بەناوی Bukan، کە کاک ئەمیر نووسیویەتی. بابەتەکەی کاک ئەمیر لە ساڵی ١٩٨٩دا نووسراوە، ئەو دەم بۆکان «بەخش»ێکی مەهاباد بوو. دێهستانی تورجان کە لە وتارەکەدا وەک یەک لە سێ دێهستانی بۆکان ناسێنراوە، لە کاتێکدا ئەو دێهستانە ٢٦ ساڵ پێش نووسرانی بابەتەکە لە بۆکان جیاکراوەتەوە و کەوتۆتە سەر شاری سەقز. هۆی بەرچاونەگیرانی ئەو فاکتەش کۆن بوونی سەرچاوەکانی بەردەستی نووسەر بووە و ئەوە یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی کاری توێژینەوە لە دەرەوەی وڵاتە. زانیاریی سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی شاریش هەر لە سەرچاوەی کۆن وەرگیراوە و بەو بۆنەیەوە لەگەڵ ڕاستەقینەی ئەمڕۆدا یەک ناگرنەوە. هەر چۆنێک بێ، بابەتەکە گەلێک کورت و لە عەینی کاتدا پشتئەستوور بە بەڵگە و فاکتە. گەلێک بابەتی هاوچەشن لە بەرگی جیاوازی کتێبەکەدا هەن کە نێوەرۆکەکەیان ئەم زنجیرەوتارانە دەگرێتەوە و من دەبێ لە دەرفەتی دواتردا تەرجەمەیان بکەم و لێرەدا بیانهێنم.

ئەوە وەرگێڕاوی نووسراوەکەی کاک ئەمیری حەسەنپوورە:

## بوکان

بوکان، بە کوردی «بۆکان»، ناوی شار، واتە بەخش و ڕووبارێکە لە شارستانی مەهاباد، ئازەربایجانی ڕۆژاوا.

شارەکە کەوتۆتە لێواری ڕۆژهەڵاتی سیمینەڕوود (بە تورکی تەتەهووچای)، کە لە ناوچەکەدا بەناوی «چۆمی بۆکان» دەناسرێ و کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان سەقز[1] و میاندواو،[2] لە دەوروبەری ٥٦ کیلۆمیتریی باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد. شارەکە دەوری ناوەندێکی ئیداری و بازرگانی بۆ چەند دەرزەن گوندی ئاوەدان دەبینێ. تا ئەم دواییانە واتە ساڵانی ١٣٣٠ی هەتاوی و ١٩٥٠ی زایینی بۆکان تەنیا گوندێکی گەورە (قەسەبە) بوو بە ٣٠٧٤ کەس دانیشتۆوە (ڕەزمئارا، فەرهەنگ، بەرگی ٤، لاپەڕە ٩٨)، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی بەخێرایی لە ٣٣٠٧ کەسی ساڵی ١٣٣٥ی‌هـ/ ١٩٥٦ی‌ز، گەیشتە ٩٣٠٧ لە ١٣٤٥ی‌هـ/ ١٩٦٦ی زایینی‌دا. پاشان ساڵی ١٣٥٥ی هـ/ ١٩٧٦ی‌ز، بوو بە ٢٠٥٧٩ کەس (سازمان برنامە و بودجە، ١٣٤٦ی‌هـ/ ١٩٦٧ی‌ز، ١٣٥٨ی‌هـ/ ١٩٧٩ی‌ز)، ئەوەش لە بنەڕەتدا بەهۆی کۆچکردنی گوندنشینەکانەوە بووە دوابەدوای ئیسلاحاتی ئەرزیی ساڵانی ١٣٤٠ی هەتاوی[3] و ١٩٦٠ی زایینی.

بەخشی بۆکان لە باری فەرمییەوە لە سێ دێهستان پێکهاتووە: ئەختاچیی بۆکان (بە ٤٨ گوند و ١٦٠٦٠ کەس دانیشتوو)، بێهی (٦٢ گوند و ١٦١٧٧ دانیشتوو) و ترجان[4] (بەکوردی تورجان؛ ٢٨ گوند و ٧٥٤٨ کەس دانیشتوو؛ ڕەزمئارا، هەمان بەرگ، هەمان شوێن). دانیشتووانی [شارەکە] کورد و سوننی و سەر بە ڕێبازی شافیعین؛ بە سۆرانی، واتە زاراوەی ناوەندیی زمانی کوردی قسە دەکەن. خەڵکی گوندەکان بە کشتوکاڵەوە خەریکن (گەنم، جۆ و دانەوێڵەی دیکە، چەوەندەری قەند،

---

١. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا وەک «سەققز» نووسراوە. دیارە ئەو شێوازە بۆ پاراستنی شێوازی ئێرانیکا بووە کە فارسییە.
٢. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا وەک «میاندوئاب» نووسراوە. دیارە ئەوە بۆ پاراستنی شێوازی ئێرانیکا بووە.
٣. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا، لەجیاتی ١٣٤٠ەکانی هەتاوی، نووسراوە ١٩٤٠ەکانی هەتاوی و ئەوەش دەبێ هەڵەی چاپ بێ و لێرەدا ڕاست کراوەتەوە.
٤. بەضم «ت».

تووتن و دەغڵودانی هاوینەی تر)، هەروەها باغەوانی و ئاژەڵداری. گوندەکە پێشتر کۆمەڵگایەکی جوولەکەی دەوروبەری ٧٠ بنەماڵەیی تێدا بوو (ڕەزمئارا، هەمان بەرگ، هەمان شوێن).

ناوی جوغرافیایی بۆکان پێش سەردەمی قاجارەکان لە سەرچاوە مێژوویییەکاندا تۆمار نەکراوە (بۆ «وجە تسمیە»ی وشەکە بڕواننە مینۆرسکی، ل ٦٨ ـ ٦٩). ناوچەکە بەشێک بوو لە ئەمارەتی بەهێزی موکری (بۆی بڕواننە؛ کۆتاییەکانی سەدەی نۆهەمی کۆچی/ چاردەهەمی زایینی تا کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی/ نۆزدەهەمی زایینی)، کە ناوەندەکەی لە ساوجبولاغ[1] (بە کوردی، سابڵاغ) بوو و ئێستا بۆتە مەهاباد. لەگەڵ هەرەسی ئەمارەتی موکریدا، ئاغاکانی دێهبوکری (بەکوردی دێبوکری)، بنەماڵەیەکی ئەشرافی زەمیندار (کە هەندێک جار بەهەڵە «عەشیرەت»یان پێدەگوترێ) و خاوەنی گوندێکی زۆر لە ئەختاچی، بێهی و شارویران[2] (لە شارستانی مەهاباد) بوون، لە بۆکان سەریان هەڵدا. ئەوان دوژمنی قورس و قایمی شازادەکانی موکری بوون.

سەرەڕای قەوارە بچووکەکەی، بۆکان لە ژیانی سیاسی ـ فەرهەنگیی ناوچەکەدا دەورێکی مەزنی بینیوە. گوندی ئاوەدانی ئاغا دەسەڵاتدارەکان دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆری مەلا، فەقێ و شێخ (ڕێبەرانی ڕێبازە ئایینییەکان) لەخۆ بگرن. گوندی تورجان و خانەقا[3] (لە شارستانی مەهاباد) بۆ قوتابخانە ئایینییەکانیان بەناوبانگ بوون. (دارولعیلمی تورجان و خانەقای شێخی بورهان) فەقێی وڵاتانی ئیسلامیی دراوسێش دەرسیان تێدا دەخوێند (هێمن، ل ٨ ـ ٩، تورجانی، ل ٥٣٦ ـ ٥٣٧).

خەڵکی بۆکان چالاکانە بەشداری کۆماری کەمتەمەنی کوردستانی ساڵانی ١٣٢٤ـ٢٥ی هەتاوی/ ١٩٤٦ی زایینییان کرد، کە پێتەختەکەی لە مەهاباد بوو (ئیگڵتۆن). شارۆچکەکە خاوەنی چاپخانەیەک بوو کە تێیدا کتێب و گۆڤار بە کوردی چاپ دەکران. شەش ساڵ

١. ساڤوج بولاغ.
٢. شەهر ڤەیران.
٣. خانقاە.

دواتر، ناوچەکە بوو بە ناوەندی ڕاپەڕینێکی وەرزێری کە دواتر لە هەموو ئوستانە کوردییەکاندا پەرەی سەند (موخەممەدۆف). هێزەکانی وەرزێران توانییان ئاغاوات لە گوندەکان وەدەربنێن و لە بۆکانیان کۆ بکەنەوە. ئەرتەش دەستی خستە کارەکەوە و ڕاپەڕینەکە بێبەزەییيانە سەرکوت کرا (هێمن، ل ٣٨ ـ ٣٩؛ هەروەها کوردستان [بڵاڤۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی] ڕۆژی ٢٣ی فێورییەی، ١٩٧٣، ل ١ و ٣). خەڵکی بۆکان لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی/ ١٩٧٨ـ ٧٩ی زایینیدا لە ئێران و لە بزووتنەوەی خودموختاریخوازیی دوای ئەودا، بەشدار بوون.

**بیبلیۆگرافی:**


- و. دۆگلاس، وڵاتی سەمەرە و خەڵکی میهرەبان، نیویۆرک، ١٩٥١، ل ٨٤ ـ ٨٦.
- و. ئیگڵتۆنی لاو، کۆماری کوردستانی ١٩٤٦، ئۆکسفۆرد، ١٩٦٣.
- هێمن [محەممەدئەمین شێخولئیسلامی]، تاریک و ڕوون، چاپی نوێ، ١٩٧٤.
- ڤ. مینۆرسکی، ناوی موغولیی شوێن لە کوردستانی موکری، بولتەنی سواس ١/١٩، ١٩٥٧، ل ٥٨ ـ ٨١.
- ک. موخەممەدۆڤ، ڕاپەڕینی جووتیاران لە ئێران، نیو تایمز، ١٩٥٣، ژمارە ٣، ل ١٦ ـ ١٩.
- ژ. دو مۆرگان، مەئمووریيەتی زانستی لە ئێران، بەرگی ٢، پاریس، ١٨٩٥، ل ٤٠ ـ ٤٢.
- و. ڕوودۆڵف و ح. سەلاح (سۆران)، «هۆزی فەیزوڵڵابەگیی بۆکان»، ئارشیڤی بایسلێر، ژمارە ٦، ١٩٦٧، ل ٢٧٥ ـ ٣٠٤.
- سازمان برنامە [و بودجە]، مرکز آمار ایران، سرشماری عمومی نفوس و مسکن، جلد ٥٥، شهرستان مهاباد، آبان، ١٣٤٥ شمسی/ اکتبر ـ نوامبر، ١٩٦٦، بهمن ١٣٤٦ شمسی/ ژانویە ـ فوریەی، ١٩٦٧، ص. د.
- هەروەها: سرشماری عمومی نفوس و مسکن، جلد ٤٨، شهرستان مهاباد، آبان، ١٣٥٥ شمسی/ اکتبر ـ نوامبر، ١٩٧٦، آبان ١٣٥٨ شمسی/ اکتبر ـ نوامبر، ١٩٧٩،

ص. ش.

ـ ا. ترجانـی، مـختصر شـرح حال اسـتاد [واته ئوسـتاد ئه‌حمـه‌د تورجانی‌زاده] به قلم خودش، نشـریه دانشـگاه آذربایجان، تبریز، ۲۶، ۱۳۵۳ شمسـی/ ۱۹۷۴، ص ۳۵۶ ـ ۳۸.

Originally Published: December 15, 1989.
Last Updated: December 15, 1989.
This article is available in print,
Vol. IV, Fasc. 5, p. 511.
©2012 Encyclopædia Iranica. All Ri.

## شیکاریی ئاماریی دانیشتووانی ناوچەی بۆکان

لە ژمارە ٩٧ی گۆڤاری مەهاباد (ساڵی نۆهەم، خاکەلێوەی ١٣٨٨)دا وتارێکی دوو لاپەڕەیی فارسیم بینی کە کاک ئەیووب پەسەندی نووسیبووی. وتارەکە سەبارەت بە چوار دێهستانی ئەختاچی، یەڵتەمر، بێهی و گەورکە لە دەوروبەری بۆکان.

بەداخەوە سەرەتای وتارەکە دیار نییە و وێدەچێ لە ژمارەکانی پێشتردا بڵاوکرابێتەوە. من سەیری ژمارەکانی پێشووترم کرد و نەمدۆزییەوە؛ وا هەیە ئەو بەشی سەرەتایەی وتارەکە، سەبارەت بە ناوچەیەکی بەرینتر لە شاری بۆکان بووبێ.

هەر چۆنێک بێ، زانیارییەکانی ناو وتارەکە، گرنگ و بەکەڵکن و من بە ئیجازەی نووسەر و بەڕێوەبەرانی گۆڤاری مەهاباد وا لێرەدا ڕایدەگوێزم. باشتر دەبوو ئەگەر بکرایەتە کوردیش، بەڵام بەداخەوە کاتی ئەوەم نییە.

ئەوە وتارەکەیە:

# استقرار فضایی و اسکان جمعیت در سکونتگاه‌های شهرستان بوکان

ایوب پسندی
کارشناس ارشد برنامه‌ریزی شهری

**1_دهستان آختاچی شرقی:**

این دهستان دارای 22 روستا با 8826 نفر جمعیت می‌باشد. مساحت این دهستان در حدود 258,06 کیلومتر مربع می‌باشد. میانگین جمعیتی هر روستا در این دهستان در حدود 239 نفر می‌باشد (شناسنامه آبادیهای شهرستان بوکان، 1375). بررسی دقیقتر بیانگر این است که روستاهای کوچک مقیاس این دهستان کم‌کم خالی شده و روستاهای بزرگ مقیاس بزرگتر خواهند شد، پایین بودن نرخ رشد جمعیت روستاهای کوچک مقیاس و بالا بودن آن در مورد روستاهای بزرگ مقیاس شاهدی بر این مدعاست. بدین ترتیب حرکات جمعیتی در این دهستان نسبتا در جهت تجمیع تدریجی است، بنابراین خدمات‌رسانی را نسبتاً آسان خواهد نمود(مهندسین مشاور زیستا، 1379: 666). تراکم نسبی جمعیتی برای این دهستان در سال 75 برابر 34 نفر در هر کیلومتر مربع محاسبه شده است، و مقام اول را در سطح شهرستان دارا می‌باشد سه روستای با جمعیت بالای 1000 نفر وجود دارد.

وجود اراضی کشت آبی با شبکه رودخانه سیمینه رود از عوامل مساعد طبیعی در این دهستان به شمار می‌رود. وجود اراضی مرتعی و کشت دیم در مراتب بعدی قرار دارند. بنابراین وجود معیشت کشاورزی دامداری باعث ایجاد تراکم زیاد جمعیتی نسبت به سایر دهستانهای شهرستان در این دهستان را به دلیل مساعدت شرایط طبیعی_ اقتصادی توجیه می‌کند. سطح این دهستان از دشت های رسوبی و دامنه‌ای به همراه تپه‌ها و کوهها تشکیل شده است. الگوی استقرار و اسکان مراکز جمعیتی با شکل امتداد رودخانه سیمینه رود کاملاً تطابق دارد. تنها سه روستای این دهستان در فاصلهٔ نسبتاً دورتر از رودخانه واقع شده‌اند (همان: 749 و 750).

**2_دهستان آختاچی مرکزی:**

این دهستان دارای 25 روستا با جمعیت 6863 نفر جمعیت می‌باشد. مساحت این دهستان نیز در حدود 243,09 کیلومتر مربع می‌باشد (شناسنامه آبادیهای شهرستان بوکان، 1375). میانگین جمعیت روستاهای این دهستان در حدود 274 نفر می‌باشد. علاوه بر این تمامی 25 روستای این دهستان جمعیتی کمتر از 750 نفر داشته‌اند. تمرکز برنامه‌ریزی بر روی گروههای جمعیتی بیش از 500 نفر یا به عبارت دیگر وجود آستانه‌های جمعیتی بالای 500 نفر برای ارائهٔ خدمات، خدمات‌رسانی برای روستاهای این دهستان را با مشکل مواجه نموده است، چرا که تنها 3 روستای این دهستان جمعیتی بیش از 500 نفر داشته‌اند و توان اخذ خدمات را داشته‌اند. تراکم جمعیت در این دهستان 28 نفر در هر کیلومتر مربع بوده است. اغلب روستاها در کنار جاده بوکان_ مهاباد واقع شده و در فاصله کمی از آن قرار گرفته‌اند. بیشترین سطح این دهستان از واحدهای شکل زمینی تپه‌های کم ارتفاع یا نسبتاً مرتفع با قلل مدور می‌باشد. وجوددشت‌های دامنه‌ای با شیب ملایم و پست یکی از عوامل وجود مراکز قوی از جمله فراکند مرکز دهستان روستای بیش از 1000 نفر وجود ندارد. بنابراین وجود مراتع، زمینهای کشاورزی، آبی دایم از عوامل استقرار مراکز جمعیتی و اسکان می‌باشد(مهندسین مشاور زیستا، 1379: 745 و 746).

**3_دهستان ایل تیمور:**

این دهستان به مرکزیت روستای نوبار دارای 27 روستا با جمعیتی در حدود 6399 نفر می‌باشد (شناسنامه آبادیهای شهرستان بوکان، 1375). میانگین جمعیت روستاهای این دهستان در حدود 237 نفر می‌باشد و تمامی ۲۷ روستای این دهستان جمعیتی کمتر از 1000 نفر دارند و 90 درصد روستاها نیز جمعیتی کمتر از 500 نفر دارند. به عبارت دیگر تنها 3 روستای این دهستان آستانهٔ جمعیتی لازم برای اخذ خدمات را دارند.

مساحت این دهستان در حدود 314/52 کیلومتر مربع و تراکم جمعیتی مراکز جمعیتی آن در حدود 20 نفر در هر کیلومتر می‌باشد. بررسی نرخهای رشد روستاهای همگروه نیز بیانگر حذف تدریجی روستاهای کوچک و بزرگتر شدن روستاهای بزرگ مقیاس است (مهندسین مشاور زیستا، 1379: 746).

اکثریت قریب به اتفاق روستاهای این دهستان روی اراضی دیم واقع شده‌اند. به علت عدم وجود شبکه‌های ارتباطی بین منطقه‌ای دهستان ایل تیمور، الگوی استقرار مراکز تنها از شرایط طبیعی طبعیت کرده و در سطح آن پراکنده شده‌اند. اکثریت سطح این دهستان از نظر واحدهای شکل زمین از کوههای نسبتاً مرتفع با قلل مدور تشکیل شده و عامل جدایی روستاها از یکدیگر و فاصلهٔ آنها گسترش کوههای مذکور است. در این دهستان نیز عدم وجود شرایط طبیعی مساعد برای کشاورزی از وجود مراکز جمعیتی بیش از ۱۰۰۰ نفر خبری نیست (همان: 746).

**4_دهستان بهی فیض الله بگی:**

این دهستان به مرکزیت روستای یکشوه دارای 26 روستا و جمعیتی در حدود 8500 نفر بوده است (شناسنامه آبادیهای شهرستان بوکان، 1379). میانگین جمعیت در روستاهای این دهستان در حدود 327 نفر می‌باشد. همچنین بررسی حرکات جمعیتی به سمت رشد روستاهای بزرگ مقیاس و حذف روستاهای کوچک مقیاس است(مهندسین مشاور زیستا، 1379: 668).

اکثر روستاهای این دهستان کوچک مقیاس می‌باشند و کمتر از 750 نفر جمعیت دارند و تنها یک روستا جمعیتی بیش از 1000 نفر دارد. 91/3 درصد روستاهای این دهستان جمعیتی کمتر از 500 نفر دارند و از آستانه خدمات‌رسانی برخوردار نیستند.

مساحت این دهستان در حدود 437,86 کیلومتر مربع است و تراکم نسبی جمعیت در آن در حدود 20 نفر در هر کیلومتر مربع است. در این دهستان امکانات طبیعی مناسب برای ایجاد و گسترش تراکم جمعیتی به دهستانهای دیگر بیشتر موجود بوده است. محدودهٔ سد مخزنی زرینه‌رود در این دهستان واقع شده است. بخش اعظم از سطح این دهستان به فلاتها و سطوح مرتفع قدیمی با پستی و بلندی زیاد اختصاص دارد و اراضی با تپه‌های نسبتا مرتفع با قلل مدور و کوههای نسبتاً مرتفع در مکانهای دوم و سوم واقع شده‌اند(مهندسین مشاور زیستا، 1379: 462 و 748).

**5_دهستان آختاچی محالی:**

این دهستان به مرکزیت روستای قره موسالو دارای 33 روستا با حدود 12 هزار نفر جمعیت می‌باشد(فرهنگ آبادیهای شهرستان بوکان، 1375) میانگین جمعیت در این دهستان 363 نفر در هر روستا می‌باشد و اکثر روستاهای آن جمعیت کمتر از 1000 نفر دارند. تنها یک روستا در این دهستان جمعیتی بیش از 1500 نفر دارد.

علاوه بر آن حدود 80 درصد روستاهای این دهستان جمعیتی کمتر از ۵۰۰ نفر دارند. تنها 9 روستا در این دهستان جمعیت بیش از 500 نفر داشته و قابلیت اخذ خدمات بالادست را دارند. مساحت این دهستان در حدود 55/ 416 کیلومتر مربع و تراکم نسبی جمعیت در این دهستان در سال 75 برابر 29 نفر در هر کیلومتر مربع بوده است، که از این نظر در سطح شهرستان مقام دوم را دارا می‌باشد. در این دهستان یک روستای با جمعیت بیش از 1000 نفر جمعیت وجود دارد و بقیه روستاهای این دهستان که از نظر تعداد در مقام اول قرار دارد، زیر 1000 نفر جمعیت هستند. کاربری اراضی این دهستان در وضع موجود بیشتر کشت دیم و آبی می‌باشد و مراتع بالقوه مناسب در مکان بعدی قرار دارند. در این دهستان نیز دشت‌های

## شهردار محترم مهاباد!

با سلام و خستهٔ نباشید، ضمن و تشکر و قدردانی از زحمات و زیباسازی شهرمان در اکثر نقاط و فعالیت خستگی‌ناپذیر شما شهردار عزیز و پرسنل محترم، ما اهالی و حجره‌داران میدان مرکزی میوه و تره‌بار مهاباد داریم به جای تنگ کردن محوطه میدان و فروش آن چه به غیر و چه به خود اهالی میدان، شما سرور گرامی به محوطه‌سازی آن و تسهیلات لازمه جهت رفاه حال حجره‌داران، رانندگان و زیباسازی میدان بپردازید. با توجه به اینکه هر ساله تعداد ماشینها بیشتر و ترافیک سنگین‌تر می‌شود و ما انتظار داریم در جهت ترقی و بیشتر مطرح بود میدان میوه و تره‌بار مهاباد قدم بردارید. از شهردار محترم خواهشمندیم در راستای هر چه شکوفاتر شدن میدان با چند نفر از مسئولین و معتمدین میدان جلسه‌ای داشته و رفع مشکل شود. قبلاً از همکاری شما نهایت سپاس را داریم.

# مێژووی دێرین

لەم بەشەشدا وەک بەشی پێشوو، هەندێک سەرچاوە ناسێنراون کە سەبارەت بە مێژووی کۆنی ناوچەکانی نزیک و دووری بۆکان زانیاریمان دەدەنێ. زۆربەی زۆری سەرچاوەکانی ئەم بەشە تایبەت بە بۆکان نەنووسراون و من هەوڵم داوە ئەو بەشانەیان تێدا دەسنیشان بکەم کە بۆکان و ناوچەکەی دەگرنەوە. لە پەیوەندیی مێژووی ناوچەی بۆکاندا، مێژووی ماننـاکان (گۆتی و لووللووبی) گرنگایەتیی زۆریان هەیە کە دەگوترێ پێتەختەکەیان لە نزیک گوندی قەڵایچی بووە لە ڕۆژهەڵاتی باکووری بۆکان؛ ئینجا لە شەڕ و پێکدادانی ئەوان لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی گەورەی ئاشوور و ئوورارتوو هەروەها سەکاکان و ماد، مێژووی ئەوانیش ئاوێتەی مەسەلەکە دەبێ و دەبێ لەوانیش بکۆڵدرێتەوە.

## بۆکان، شوێنەوارێکی میترایی و یادگارێکی ماخوای[1] ئاناهیتا

قـەڵای نێوەڕاسـتی شـاری بـۆکان، حەوزەگـەورەی داوێنـی قـەڵا، «خورێنـک»ی خوارەوەتر، شوێنی ئێستای مزگەوتی جامیع بە پلیکانەکانییەوە بەرەو قەڵا، ژووری بەردینـی سـەر گۆلـی مەردانبـەگ و گۆڕسـتانی گڵەجانـە، هەموو بەسـەر یەکەوە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانەن کە دووهەزار سـاڵێک پێش ئێسـتا لە شـوێنەوارەکانی میترایی و پەرستگاکانی ماخوای ئاناهیتادا بەدی دەکران.

جگە لە ئاسەوارە فیزیکییەکان، ئەم دیاردانەش، بەرچاون:

- وشەی «بۆکان» و پەیوەندییەکەی لەگەڵ خودای «بەکە» یان «بەغ»؛
- هەڵکەوتنی جوغرافیایی بۆکان لە بنگوێی ئاورگەی پادشایی «شیز» و ئیزیرتووی قەڵایچی و فەقرەقای مەهاباد و حەسەنلووی نەغەدە و زێویەی سەقز؛
- مێـژووی ڕووداوەکانـی ناوچە و سـەرەڕێ بوون بۆ هاتوچۆی نێوان شـیز و گەنـزەک (تەختی سـولەیمانی ئێسـتا) لەگـەڵ سـنوورەکانی ڕۆژاوای ئێران، کە گۆڕەپانـی گەلێـک هێرشـی دەوڵەتانی ئاشـوور و یۆنان و ڕۆم بووە بۆ سـەر حکوومەتیماننا و ئوورارتوو تا ماد و ساسانی و شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی حکوومەتانی یەکلەدوای‌یەکی ئێران لە ناوچەکە، هەموو بەسەر یەکەوە بۆکان دەکەنـە شـوێنێکی تایبەتمەنـد کـە کەوتۆتە ناوجەرگەی بەشـێک لـەو ڕووداوە مێژوویی‌یانە و لە عەینی کاتدا پەیوەندیی نزیکی بە ئایینی میترایی و ماخوای ئاناهیتاوە بووە کە پێش سەرهەڵدانی زەردەشتایەتی، ئایینی خەڵکی ناوچەکە و

١. خودای مێیینە، ژنخودا.

پانتاییی‌یەکی گەلێک بەرفراوانتری هەموو خاکی هیند و ئێران و میزۆپۆتامیا و ئاسیای بچووک بووە؛ بەڵام دوای هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، زۆرێک لەو ئاسەوارانە شێوێنراون و تێکدراون یان لە نموونەی مزگەوتی جامیعی ئێستادا، پەرستگا میتراییی‌یە کە شێوازی پەرستگای زەردەشتی و دواتر مزگەوتی موسوڵمانانی پێدراوە.

لە ڕاستیدا، بۆکان شوێنی ئەشکەوتێکی میترایی و پەرستگای ماخوای ئاناهیتا بووە و خەڵک لە شوێنی دوور و نزیکەوە هاتوونەتە زیارەتی. ئەو پەرستگایە دوای هێرشی عەرەب، کراوەتە مزگەوتی موسوڵمانان. حەوزەگەورە و دوو جۆگەلەی لای باکوور و ڕۆژهەڵاتی حەوزەکە، خوڕێنکی لای ڕۆژاوای بە دەنگی نەرمی خوڕەی ئاوەوە کە ئەو دەنگە نەرمەی ئاو بۆ ئیماندارانی ئایینی میترایی خاوەنی گرنگایەتیی تایبەت بووە، هەروەها ڕیزە پلیکانێکی بەردچین، کە ڕاست لە بەردەرگای پەرستگاکەوە دەگەیشتە سەر گردێکی تۆبرەڕێژ و قەڵا و سەربازخانەی سەر ئەو گردە، کە بۆ پارێزگاری کردن لە عەمبار و گەنجینەی دیارییەکانی زیارەتکاران دروستکرابوو، دیزە و گۆزە و کەرەسەی دۆزراوە لە «گڵەجانە»ی داوێنی ڕۆژهەڵاتی قەڵا و ژووری لە بەردتاشراوی سەر گۆلی مەردانبەگ کە ١٠٠ میترێک لە حەوزەگەورەوە دوورە، هەموو بەسەر یەکەوە بەڵگە و نیشانەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ئەوانە هەموو شوێنەواری مێژوویی سەردەمێکی کۆنی چەند هەزار ساڵەن و لەگەڵ ناوی شارەکە و ڕووداوە تۆمارکراوەکانی مێژوونووسانیش‌دا یەک دەگرنەوە.

وا هەیە ژمارەی زۆری سەرچاوەکانی ناو ئەم وتارە خوێنەر جاڕز بکا. لە کورتکردنەوەش‌دا ناکرێ سەرچاوەکان وەلا بنێم و ڕاگەیاندنەکان، کە بەشێکی زۆریان تازەن و لە سەرچاوەی دیکەی پەیوەندیدار بە ناوچەکەدا نەبینراون، بێبەڵگە و سەرچاوە بڵاوبکەمەوە. هەر بۆیەش لە پوختەی کتێبەکەدا ئاماژەکان یەک لەدوای یەکتر هاتوون، بەڵام هەوڵ دەدەم زۆرێکیان بخەمە پەراوێزەوە بۆ ڕیفرەنسی ئەو خوێنەرانەی کە بۆ دیعایەکانی من خوازیاری بەڵگە و سەرچاوەن.

❊❊

ئیماندارانی ئایینی لەمێژینی میترایی بۆ پیرۆز کردنی یادی ماخوای ئاناهیتا کە ئیلاهەی ئاو و پاکی و بێخەوشی بووە، بووک، واتە کچی باکرەیان لە ڕۆژی مێردکردنیدا بردۆتە سەر چاوگەیەکی ئاوی پاک وەک نیشانەی بێخەوشی و پاکی.

بەشێک لە خەڵکی ناوچەی بۆکان، ناوی شارەکە دەبەنەوە سەر چەمکی «بووک» و دەڵێن لە ڕابردوودا نەریتێک هەبووە کە بووکیان پێش ئەوەی بچێتە ماڵی زاوا، بردۆتە سەر«حەوزەگەورە»ی نێوەڕاستی شار، حیکایەتێک کە من لە وتاری پێشووی خۆمدا سەبارەت بە بنەمای وشەی بۆکان،[1] دژی وەستابووم و ئێستا دەزانم لەو بەڕواڵەت ئەفسانەیەدا هەندێک ڕاستی هەیە و پێداهەڵگوتنی شاعیران کورد بە «شاری بووکان»دا، دوور لە بنەمایەکی مێژوویی و ئایینی نەبووە.[2] ئەرکی ئەم وتارە، بردنەوەی شوێنەوارە فیزیکییەکانە بۆ سەر بنەمای مێژوویییان، هەڵسەنگاندنی ناوی شارەکە و پەیوەندی دانیانە بە ڕووداوەکانی ناوچەکەوە.

## یەکەم، مێژووی کۆنی شار و ناوچەکە

کۆنترین دەوڵەتی یەکگرتووی ناسراوی ناوچەی موکریان، بە بۆکانەوە، دەوڵەتی «ماننا»یە. ماننـاکان پێکهاتەیەک بوون لە یەکییەتی هۆزەکانی لووللووبی و گۆتی. پێش سەرهەڵدانی مانناکان، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێهەمی پێشزایین بەدواوە، دەوڵەت ـ شاری ناوچەیی لووللووبی و گۆتی و کاسی (وەک چەند بەشێک لە «مەنزوومەی زاگرۆس»)[3] لە ڕۆژاوای ئێران و سەرووی «دووچۆمان» پێکهاتبوون. ماننا خولقاوی یەکگرتوویی دەوڵەت ـ شارەکانی ناوچەکە بوو و مەڵبەندێکی

١. بڕ: ئەنوەر سوڵتانی، چەند تێبینییەک لەسەر ناوی شاری بۆکان، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ١٩، ساڵی ١٩٩٢، هەروەها ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، بەشی نووسەران.
http://bokan.de

٢. شاری بۆکان وەکوو بووکان جوانە (هەژار)، بووکی شارانە شاری بۆکانی (حەقیقی)، شاری بۆکان بەڕواڵەت بووکە (هەڵۆەدا). بڕ: افخمی، ابراهیم، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بۆکان، ناشر: مؤلف، چاپ تبریز، ١٣٦٢(؟)، ص ٨ ـ ١٠.

٣. زاراوەیەکە بۆ ئەو قەومانە کەڵکی لێوەردەگیرێ کە پێش هاتنی ئارییەکان بۆ ناوچە، لە دەوروپشتی زنجیرە چیای زاگرۆس دەژیان و لە ڕاستیدا بنەچەی کورد دەبێ ببرێتەوە سەر ئەوان نەک ئارییەکان کە گەلێک دواتر گەیشتوونەتە ناوچەکە.

بەرینی گرتبووە خۆ، توانایەکی ئابووری و دەسەڵاتێکی سپایی ئەوتۆشی هەبوو کە دەیتوانی لە بەرانبەر دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەو دەم، ئاشوور و ئوورارتووی دراوسێی ڕابوەستێ. ئەم یەکگرتوویی‌یە ئاکامی پێشکەوتی ئابووریی کۆمەڵگا و توانای سپایی بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر دراوسێ بەهێزەکانی بوو.

مێژوویماننا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووهەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین، ئەو سەردەمە گرنگەی کە دوای ماوەیەکی کەم، ئارییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا هاتن و شەپۆلی یەکەمیان لە سنووری خاکی ماننا درا. خاکی ماننا کەم‌وزۆر هەموو موکریانی ئێستای دەگرتەوە و زیاد لەوە، هەموو ڕووبەری بەرینی نێوان ڕۆژهەڵاتی باشووری گۆلی ورمێ هەتا ڕۆژاوای باشووری دەریاچەی کاسپیەن (خەزەر)، «بەتایبەت نێوان شاری مەراغە تا سەقز و بۆکانی داگرتبوو».[1] ڕەحیم ڕەئیس‌نیا کە ئەو ڕستە کورتەی سەرەوەم لە زمان ئەوەوە هێناوە، فەسڵێکی دەوڵەمەندی کتێبەکەی خۆی بەناوی «آذربایجان در سیر تاریخ»ی تەرخانی مێژوو و فەرهەنگی مانناکان کردووە (ل ١٩٣ تا ٢٤٠) و تێیدا دەڵێ: «دەوڵەتەکە لە سەرچاوەی ئاشووری‌دا وەک مونا، ماننا، مانناس و لە بەردەنووسە ئوورارتوویی‌یەکان‌دا وەک مەنا و لە [سەرچاوەی] بابلی‌دا وەک میننی هاتووە.»[2] ڕەئیس‌نیا دوای ئەوەی بەڵگە لە چەند سەرچاوە دەهێنێتەوە، دەنووسێ: «بەم پێیە، ناوچەی دەسەڵاتدارییەتی دەوڵەتی ماننا، بەسەریەکەوە لەگەڵ خاکی ئەمڕۆی ئازەربایجانی ئێران‌دا یەک دەگرێتەوە و ئەو دەوڵەتە یەکەمین دەوڵەتی خاوەن ئیعتیباری پێکهاتوو لەسەر ئەو وڵاتە دێتە هەژمار.»[3]

ئاماژەی ڕەئیس‌نیا بە «خاکی ئازەربایجان» بە حیسابی ئەوەی ناوچەی موکریانیش لە دابەش‌کردنی فەرمیی ناوچەکانی ئێرانی ئەمڕۆ و لە سەردەمێکی کۆنتریش‌دا، بەشێک لە ئازەربایجانی پێکهێناوە، ڕاستە و هەڵە نییە، بەڵام بەداخەوە نووسەر لە عەینی

---

١. رئیس‌نیا، رحیم، آذربایجان در سیر تاریخ، ج ١، ل ١٩٤.
٢. هەمان، ل ١٩٣.
٣. هەمان، ل ١٩٦.

کاتدا دەسنیشانی پەیوەندەکانی کورد و موکریان و بۆکان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە و ئەو مێژووە ناکا و ئەوەش لای‌کەم لە ڕوانگەی ئێمەوە هەڵە و نابەجێیە. لەو سەردەمە و لە سەردەمی دواتردا، واتە کاتی هێرشی ئارییایی‌یەکان و دامەزرانی حکوومەتی ماد لەسەر خۆڵەمێشی حکوومەتی ماننناش، پێشینییانی کورد (لوولloوبی، گۆتی و ماننا)، نیشتەجێی ناوچەکە بوون و هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بە دەستەوە نییە دەری‌بخا پێشینییانی کورد لە سەردەمی دوای ئەو مێژووەدا گەیشتبنە شوێنەکە و بەو حیسابە ناوچەکە هەتا بووە شوێنی ژیانی کورد و پێشینییانی لەنێو قەومە دێرینەکان بووە؛ جا کەسێک بە ڕێبازێکی سیاسیی تایبەتەوە بیسەلمێنێ یان نا، ڕاستییەکە ناگۆڕدرێ.[١] وەک پێشتر گوترا، دوژمنی گەورەی ماننناکان دەوڵەتی ئاشوور بوو.[٢] ئاشوورییەکان تەنیا لە نێوان سالانی ٨١٠ ـ ٧٧٤ی پێش‌زایینیدا، بە لای کەمەوە چواردە جار هێرشیان کردە سەر خاکی ماننا، هەزاران کەسیان بە کۆیلە بردن و سەدان پیشەساز و هونەرمەندیان لی‌ڕاگواستنە شاری نەینەوای پێتەختی خۆیان. سارگۆنی دووهەم شای ئاشوور[٣] تەنیا لە هێرشی ساڵی ٧١٤ی پێش‌زایینیدا ٣٨ «دەوڵەت شار»ی ناوچەی مانننای خاپوور کرد. ئوورارتوویی‌یەکانیش[٤] هیچ لە ئاشوور باشتر نەبوون، تەنیا «ڕۆسای یەکەم»،[٥] شای ئوورارتوو، ٢٢ قەڵا واتە ٢٢ شار و شارۆچکەی مانننای داگیرکرد.[٦] هەموو دەوڵەت ـ شارەکانی مانننای وەک لافاو ڕاماڵی و داری

---

١. ئەوەی وا لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک حیزبی ڕەگەزپەرستی تورک کە خەتی فکری لە تورکیا و ئایدیۆلۆژیی پان تورکیسم وەردەگرن، کورد بە «میوان»ی شاری ورمێ و ناوچەکە و کۆچبەری تازەهاتوو دەقەبڵێنن، هەڵوێستێکی سیاسییە و هیچ بنەمایەکی زانستی و مێژوویی نییە.

٢. حکوومەتی هەزار ساڵەی ئاشوورییەکان لە میزۆپۆتامیا، دەوروبەری ١٨٠٠ی پێش‌زایین دامەزرا و ساڵی ٦٢٢ی پێش‌زایین بەدەستی حکوومەتی ماد کۆتایی پێهات.

٣. لە نێوان ساڵانی ٧١٦ تا ٧١٠ پ. زدا حوکمی ئاشووری دەکرد.

٤. حکوومەتێک، کە بە بنەچەکی ئەرمەنییەکانی ئەمڕۆ دەزانرێ و ساڵانی ١٥٠٠ تا ٦٠٠ی پێش‌زایین لە ناوچەیەکی بەرینی ڕۆژاوای وڵاتی مانننای (لە نێوان گۆلی ورمێ و گۆلی وان و ئەرمەنستان) دەسەڵاتدار بووە.

٥. لە نێوان ساڵانی ٧٣٥ ـ ٧١٤ی پ. ز، حکوومەتی ئوورارتووی کرد.

٦. دیاکۆنۆف دەنووسێ: «سارگۆنی دووهەم لە ساڵی ٧١٣ پ. ز. لەشکرکێشانەکەی خۆی بۆ ناو خاکی ماد دەست پێکرد». بڕواننە: ا. م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه فارسی کریم

بەسـەر بەردەوە نەهێشـت،[١] بەڵام دەوڵەتیماننا سەرەڕای ئەو هەمووە دڕندەیی‌یە، هەر مایەوە و لە گرێژەنە نەچوو، تا ماوەیەک دواتر، کە مادەکان دەسـتیان بەسـەر خاکەکەیاندا گرت و دەسەڵاتیان بڕینەوە.

بۆکان یەکێک بووە لە دەوڵەت ـ شـارەکانی ماننا و بەشـێکی سـەرەکی بووە لە یەکییەتیـی هـۆزە مانناییـیەکان. پێتەختی مانناکان لە ناوچەی بۆکان بووە و ئێسـتا کەموزۆر هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە وێرانەکانی «شاری ئیزیرتوو» لە نزیک گونـدی قەڵایچی شـوێنەواری بەجێمـاوی پێتەختی مانناکان بێ. زووتر، لە سـەدەی نۆزدەهەمدا کەسـانی وەک ڕاولینسـۆن، ئەفسەری سـپایی بریتانیا لە ئێران، گومانی ئەوەیان دەکرد کە ئەم ناوچەیە هەمان هەگمەتانەی پێتەختی مادەکان بووبێ.

گیرشمەن، کەوناراناسی فەرەنسی گەنجینەی گوندی زێویەی سەقز و کەرەسەی دۆزراوەی شوێنەکە وەک «هونەری جەواهێرسازیی ئاشووری و سەکایی» ناودەبا، بـەڵام لای وایـە هونـەری مانناکانیش لـە بەرهەمهێنانیاندا دەوری بـووە.[٢] هەر لەو پێوەندییـەدا، ئانـدرێ گـودار دەڵێ: «جێسـازانی زۆربـەی دەسـکردە هونەرییەکانی گەنجینەکەی سەقز [واتە زێویە]، هەمان ئەو ناوچەیەیە.» و دیاکۆنۆفیش ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ،[٣] هەروەها قەڵای سەر گردی «حەسەنلوو»ی نەغەدە بە قەڵایەکی مانناییی دەناسرێ[٤] و لە ئەنجامدا کەرەسەی دۆزراوەی شوێنەکەش دەبێ وەک پیشاندەری هونەری مانناییی یان لایکەم، تێکەڵاوێک لە مانناییی و ئوورارتوویی دابندرێ.

ئەو ئاماژانە بەسەریەکەوە دەرخەری پێشکەوتی کۆمەڵگای مانناکانە و هەروەها ئـەو ڕاسـتییە دەگەیەنێ کە ناوچەی موکریان، بـە بۆکانەوە، لە هەزارەی دووهەم و یەکەمی پێش‌زاییندا جەمسـەرێکی گرنگی بەیەک گەیشـتنەوەی هونەر و فەرهەنگی

---

کشاورز، انتشارات پیام، تهران، ٢٥٣٧ی شاهنشاهی، ل ٢٠٦.

١. «من ئێزینگی ئاگرینم خستە هەموو گوندەکانیانەوە و تێکڕای وڵاتەکەیانم کردە کۆگایەکی وێرانە و لەبیرەوەچوو.» هەمان، ل ٢٠٦.

٢. گیرشـمەن، «ایران از آغاز تا اسـلام»، ص ١٠٩، وەرگیراو لە کتێبی: آذربایجان در سـیر تاریخ، پێشوو، ل ٢١٦.

٣. بۆ هەردووکیان بڕواننە: ڕەئیس‌نیا، پێشوو، ل ٢١٩.

٤. هەمان، ل ٢٢١.

ماننا، ئاشوور، ئوورارتوو و سەکاکان بووە.

بەم پێیە، مێژووی ناسراوی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش حکوومەتی ماد، گەرچی لە سەردەمی ئەوان و ماوەیەکی زۆر دوای ئەوانیشدا، گرنگایەتییەکەی خۆی پاراست. بە قسەیەکی تر، بۆکان لە سەردەمێکدا کە هێشتا ئایینی تازەسەرهەڵداوی زەردەشتی لە ناوچەکەدا بڵاونەبۆوە، ئاوەدان و شوێنی ژیانی خەڵک بووە.

درەنگتر، لە سەردەمی حکوومەتی مادەکانیشدا بۆکان بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتەکەیان کە کەوتبووە ناوجەرگەی «مادی بچووک»ەوە. قەڵای گوندی «ئاغجەیوان» لە ڕۆژهەڵاتی شار، هەروەها شوێنەوارە بەردینەکانی «سماقان» و قەڵای «بیبیکەند» لە دەوروبەری شار، هەروەها ئەشکەوت یان ژوورێکی لە بەردتاشراو لەسەر گۆلی مەردانبەگی بۆکان،[1] قەبری فەرەوەرتیش شای ماد (٦٣٣ـ٦٠٠ پ. ز) لە فەقرەقای مەهاباد، کە تەنیا ٥٠ کیلۆمیتر کەوتۆتە ڕۆژاوای بۆکانەوە و گەنجینەی زێویەی سەقز لە بنگوێی شارەکە، هەموو بەڵگەن بۆ ئەو ناوجەرگایەتییەی بۆکان لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتیی ماننا و ئینجا مادەکاندا.

**

بەپێی سەرچاوەکان، زەردەشت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێشزایین، واتە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پ.ز دا بانگاوازی بۆ ئاینی خۆی کردووە.[2] مێژووی شار و

١. من بە منداڵی ئەو ژوورە یەکپارچە لە بەردتاشراوەم بینیوە، کە ئاوی تێدا کۆببۆوە. تاقەیەکی تێدا دابین کرابوو کە ڕوخسارێکی ناسراوە بۆ ئەو ژوورە بەردینانە لە شوێنەکانی دیکەش و تایبەت بە دانانی چرا بووە بۆ ڕووناکی. ئەوەندەی بزانم ژوورەکە ئێستا کەوتۆتە ژێرخانی ماڵێکەوە لەسەر گۆلی مەردانبەگ، نزیک حەوزەگەورە و سەری گیراوە. دواتر دەچمەوە سەر باسی ئەو ئەشکەوتە.

٢. بۆ نموونە، بڕواننە: علییف، اقرار، «پادشاهی ماد»، ترجمە فارسی کامبیز میربهاء، ص ٢٥. هەروەها ئینسیکلۆپێدیای بریتانیکا، بەرگی ٨، مادەی میترائیسم. لە هەمان پەیوەندیدا ئا. م. دیاکۆنۆف نووسەری «مێژووی ماد» لە لاپەڕە ٣٨ تا ٥٦ی مێژووەکەی خۆیدا (وەرگێڕاوی فارسیی کەریم کەشاوەرز)، گەلێک بەوردی لەسەر پەیوەندییەکانی ئاڤێستا بە گەلانی ناوچە و سەردەمەکەیانەوە دواوە و هەمان هەزارەی یەکەمی پێشزایینی وەک سەردەمی سەرهەڵدانی زەردەشت و ئایینەکەی دەسنیشان کردووە.

ناوچەی بۆکان دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک پێش ئەو سەردەمە، بەڵام بەداخەوە سیاسەت، بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا هەموو سەدە و هەزارەی پێش هاتنی ئارياییەکانی لەسەر ڕووپەڕی مێژووی ناوچەکە سڕیوتەوە و بەتایبەت حکوومەتی پەهلەوی لە ئێران، ئەو مێژووە پڕشنگدارەی بە کلکی هەخامەنشییەکانەوە بەستۆتەوە، وەک ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی پێش «شاهی شاهان» بوونی نەبووە و سەرەتای مێژووی ناوچەکە بە کۆرشی هەخامەنشی دەستی پێکردووە! لە ڕەوتی گرنگی دان بە ئارییەکاندا ئوروپایی بەتایبەت ئاڵمانییەکان لەلایەک و میدیای یەکێک لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەلایەکی ترەوە،[1] دەوری سەرەکییان هەبوو و هەر ئەوان و داردەستەکانیان لە نێوخۆ، چ لە ئێران و چ لە سەرجەم ناوچەکە، هەوڵیان دا مێژووی پێش هاتنی ئارییەکان لە کتێبی دەرسیی قوتابخانەدا شوێنی نەبێ و کۆمەڵانی خەڵکیش، بەتایبەت توێژی خوێندەواری دەم لەپێش، بە ساکاری کەوتنە شوێن قسەکانیان و هەموو ئەو سەدە و هەزارەیە بە ساکاری سڕایەوە وەک ئەوەی حکوومەتی ماد و هەخامەنشی لە وڵاتیکی چۆڵوهۆڵی بێپێشینە و بێمێژوودا سەریان هەڵدابێ یان لە ئاسمانەوە بەربووبێتنە خوارەوە و مێژووی پێش ئەوان، ئەفسانە و خەیاڵ بێ!

مخابن ئەو ئاوەی کە ئێرانییەکان بە فیتی لاوەکییەکان ڕشتیان، گەلێک لە نووسەر و مێژوونووسانی کوردیش پێیان تێنا و لە ئەنجامدا «ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین» بوو بە مێژوو و نەک هەر مێژووش، بەڵکوو بە دروشم و تەنانەت سروودی نەتەوایەتیشمان! ئەو درۆ و تەزویرە ئاشکرایە لە هەموو ماوەی سەدەی بیستەمدا و تا ئەمڕۆش کە ١٦ ساڵ لە سەدەی بیستویەکەم تێدەپەڕێ، درێژەی هەبووە[2] و شانازی کردن بە ئاری بوون و تەنانەت زەردەشتی بوون ئێستا

---

١. نەمویست ناوی ئەو گەلە بهێنم، بۆ ئەوەی تاوانی ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی ئایینی لە نووسراوەکەم نەدرێ. هەموو هەوڵم ئەوەیە بابەتەکە زانستی و بێلایەن و بەڵگەمەند بێ.
٢. بەختەوەرانە کتێبی «کورد کێیە»ی کاک سۆران حەمەڕەش کە لە ساڵی ٢٠١٣دا بڵاوبووەوە، دژ بەو هەڵوێستە هەڵەیە وەستاوە و بەردێکی خستۆتە گۆمی وەستاوی مێژوونووسینی سەد ساڵەی کوردەوە لە کوردستان و جووڵاندوویەتییەوە. بڕ: حەمەڕەش،

بۆتە ویردی سەر زاری خەڵکی کورد و سەرلەنوێ ڕێکخراوە و ئاورگەی بۆ دروستکراوە.[١] کەسیش نییە بڵێ ئەو خاکە لەمێژینەی ئێمە، پێش هاتنی ئارییەکان و پێش پێغەمبەرایەتیی زەردەشتیش مێژوویەکی دوورودرێژی بووە و ئارییەکان قەومێک بوون کە وەک ئاشووری و ڕۆمی و عەرەب و موغول هێرشیان کردۆتە سەر خاکەکەمان و داگیریان کردووە.

بەکورتی، ڕاستەقینەی زەق و ئاشکرا ئەوەیە مێژووی ناوچەی ئێمە بە چەند هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئارییەکان و ئەم ماوەیە بە دەستەقەست لەبیرکراوە، بۆیە دەبێ بە هیممەتی مێژوونووسانی شارەزا، زیندوو بکرێتەوە و بخرێتەوە ناو کتێبی دەرسیی منداڵان و لاوەکانمانەوە.

## دووهەم، ناوی شارەکە

وشەی «بەغ» لە بیچمی جیاوازی وەک «بەغە»/ «بەغا»/ «بەک»/ «بەکە»/ «بەکە»/ «بەگ»/ «بەگە»/ «بهەگە»/ «بهاگا»دا، ناوی خودای هەموو ئەو گەلانە بووە کە پێش سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت،[٢] لە ناوچەیەکی بەرینی نیوان هیندووستان و کوردستاندا ژیاون. ئیبراهیم پوورداوود ئاڤێستاناسی ئێرانی (١٢٦٤ ـ ١٣٤٧ی هەتاوی/ ١٨٨٥ ـ ١٩٦٨ی ز)، لە سەرەتای کتێبی «یەشتەکان»دا[٣] دەنووسێ: «پێش پێغەمبەرایەتیی زەردەشت، بە خوداوەند دەگوترا «بەغ» و پاشانیش کە ئەمان [واتە زەردەشتییەکان] تاقە خودایان ناو نا «ئاهوورامەزدا»، وشەی «بەغ» لە واتای

---

سۆران، کورد کێیە؟ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانییەتەوە هەتاوەکوو سەدەی دەیەمی زایینی، بڵاوکەرەوە: نووسەر، لەندەن ٢٠١٣.

١. دیارە هەڵبژاردنی ئایین لە هەر شێوەیەکی خۆیدا مافی تاکەکەسە و من بەو قسەیەم نامەوێ دژ بە خواستی کەسانێک بوەستم کە دەیانەوێ زەردەشتایەتیی کۆن لە کوردستاندا نوێ بکەنەوە. بۆچوونی من تەنیا ئەوەیە کورد بۆچی مێژووی خۆی دەباتەوە سەر سەدە و ساڵانی حکوومەتی ماد و سەردەمی زەردەشت، هیچ بیرێک لە مێژووی پێش ئەوان ناکاتەوە؟

٢. پێغەمبەری ئارییەکان و بناغەدانەری ئایینی مەزدیسنایی، کە ساڵ و سەردەمی ژیانی ڕوون نییە و دەگوترێ لە ساڵانی نێوان ١٢٠٠ تا ١٠٠٠ی پێشزایینیدا ژیاوە، پسپۆڕانی ئایینەکە هەندێک جار باس لە ساڵانی نێوان ٤٠٠٠ تا ٤٠٠ یان ٦٠٠٠ تا ٦٠٠ی پێشزایینیش دەکەن، بەڵام زیاتر و بەگشتی لەسەر ساڵانی ٦٠٠ی پێشزایین ساغ دەبنەوە.

٣. وەک بەشێک لە پێنج بەشی کتێبی ئاڤێستا.

ئەسڵی و دێرینی خۆیدا مایەوە.»[١]

دیاکۆنۆف، نووسەری کتێبی «مێژووی ماد» کاتێ سەبارەت بە بەردەنووسی بێستوون[٢] دەدوێ، لە باسی ئایینی مادی موغیدا دەڵێ: «لە بەردەنووسە هەخامەنشییەکاندا، بەگ (بەگوێرەی ئاشوورییەکان، «بەگە»)، واتای خوداوەندی بووە.» هەر ئەو لە پەراوێزی وشەی بەگ ـ خودادا دەنووسێ: «بڕوا وایە کە [پێش هەخامەنشییەکان]، زاراوەی بەگا زیاتر بە ماخوای ئاناهیتا گوترابێ، بەڵام لە بەردەنووسە هەخامەنشییەکاندا بەگشتی بۆ چەمکی خودا کەڵکی لێوەرگیراوە.»[٣]

خاتوو ماری بۆیس گەورە پسپۆڕی ئایینی زەردەشتایەتی (١٩٢٠ ـ ٢٠٠٦)، لە بەرگی یەکەمی کتێبی «مێژووی زەردەشتایەتی»دا دەنووسێ: «لە ڕیوایاتی پارتی و فارسی نێوەڕاستدا، ئەهوورامەزدا کە زۆرجاران واتای «بەغ» یان «بەک»ی لێوەرگیراوە، بە «بەغا» ناودەبرێ. بۆی هەیە زەردەشتییانی ڕۆژاوای ئێران ئەو چەشنە کەڵک وەرگرتنەیان بۆ بەرزترین خوداکان بەکار هێنابێ.»[٤]

---

١. پورداوود، ابراهیم، «یشتها (١)»، گزارش پورداوود، بەکوشش بهرام فرەوشی، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ سوم، تهران ١٣٥٦/ ١٩٧٧.

٢. بێستوون کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان. بەردەنووسی بێستوون گەورەترین بەردەنووسی جیهانە کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە. دەقەکە بە فەرمانی داریووشی یەکەم، شای هەخامەنشی، لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمیدا (٥٢٠ پ. ز) بە سێ زمان نووسراوە: «فارسی کۆن، عیلامی و بابلی»، «زمانی دووهەمی بەردەنووسەکە تا نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە زمانی مادی دەزانرا، بەڵام دواتر بە هەوڵی کەسانی وەک وێسترگارد، ڕاولینسۆن، دی سولی و نوریس، ڕەمزی زمانەکە کرایەوە و ئیتر بە عیلامیی تازە ناسرا.» بڕ: علی‌یف، اقرار، پادشاهی ماد، ترجمه کامبیز میربهاء، نشر ققنوس، تهران ١٣٨٨/ ٢٠٠٩، ل ١١٨ و ١١٩. هاینتس لوشای کەوناراناسی ئاڵمانی سەبارەت بە وشەی بێستوون دەنووسێ: بیستون (فارسیی نوێ)، هەمان بهیستون (فارسیی نێوەڕاست)، بەگستانا (فارسیی کۆن) و بەگیستانون (یۆنانی)یە. بڕ: کلایر، ولفرام و کالمایر، پتر، «بیستون کاوش‌ها و تحقیقات سال‌های ١٩٦٣ تا ١٩٦٧»، برگردان فرامرز نجد سمیعی، سازمان میراث فرهنگی و گردشگری، تهران ١٣٨٥/ ٢٩٩٦، وتاری هاینتس لوشای، ل ١٦.

٣. ئا. م. دیاکۆنۆف، پێشتر، ل ٣٤٣ و ١٥٩.

4. Boyce، Mary; A History of Zoroastrianism.

بڕوانە تەرجەمەی فارسیی کتێبەکە: بویس، ماری، «تاریخ کیش زرتشت»، ترجمه همایون صنعتی‌زاده، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات توس. تهران ١٣٧٦/ ١٩٩٧، پەراوێزی ژمارە ٢٤ لاپەڕە ٣١٢ و ١٣.

ماری بۆیس لە درێژەدا دەنووسـێ: «جەژنی پاییزە، کە لە ڕۆژاوای ئێران ناوی میترا و جەژنی میهرەگانی لێنرابوو، لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بەناوی «بەغا»وە پەیوەند دەدرا و جەژنـی «بەغـاکان»ی پێدەگوترا. وەک دەبینین، خودای بەغا بۆ ئێرانییەکانی پێش زەردەشت خاوەنی پیرۆزایەتییەکی تایبەت بووە.»[١]

بۆیس هەروەها دەڵێ: «جێی سەرسوڕمانە کە لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکاندا نـاوی بـەغ نەهاتـووە، بەڵام ئەگـەر ئەو ڕاسـتییە بگرینە بەرچاو کە چـۆن «بهاگا»ی ڤێدایـی پەیوەندیـی بە میتـراوە بوو، «بەغـا»ی ئێرانیش لەگەڵ میترای زەردەشـتیدا پەیوەندیـی نزیکـی هەبوو، دوور نییە هەر ئەو یەکبوونی ناوە لەگەڵ ناوی گشـتیی «بـەغ» کـە پێـش زەردەشـت بەگشـتی هەڵگـری واتای خودا بـوو، بووبێتـە هۆکاری داکشـان و فەوتانـی نـاوی خوداکـە و دژایەتیکردنـی زەردەشـت لەگەڵ پەرسـتنی خودای جۆربەجۆر، ئەوەش زیاد لەوانی تر داوێنی «بەغ»ی گرتبێتەوە.»[٢]

مێژوونووس، زمانەوان و زانای ناسـراوی ئازەربایجانی «ئەحمەد کەسـرەوی»[٣] زنجیرەوتارێکی لەسەر ناوی شار و گوندەکانی ئێران نووسیوە و هەرچەند ئاوڕی لـە کوردسـتان نەداوەتـەوە، بـەڵام ئـەو زانیارییانـەی داویـە بەدەسـتەوە، دەتوانـن یاریدەری باسەکەی ئێمەش بن. کەسرەوی لە دوو وتاری جیاوازدا کە سەبارەت بە وشەی «باکۆ»ی پێتەختی ئازەربایجانی باکووری نووسیوە،[٤] دەڵێ:

«وشەگەلی «باک» و «بەک» و «بەغ» لە زمانە کۆنەکانی ئێران وەک هەخامەنشی و پەهلەویدا جگە لە واتای خودا، مانای پەرستنیشـی هەبووە.» کەسـرەوی دەنووسێ: «وشـەی «باکـۆ»، لـە بنـەڕەتدا «بـاگاوان» یـان «بـاکاوان» بـووە و لـە سـەردەمی

١. هەمان، ل ٧٧ و ٧٨.
٢. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٧٨.
٣. سەید ئەحمەدی حوکماواری (کەسرەوی)، پارێزەر، مێژوونووس و ڕووناکبیری گەورەی ئازەربایجانی (١٢٦٩ ـ ١٣٢٤ی هەتاوی) کە بە زمانی فارسـی ٧٠ بەرگ کتێبی پڕنێوەرۆکی نووسیوە. ڕێکخراوی تیرۆریستیی «فیدائیيانی ئیسلام» لە تاران کەسرەوییان لە ٥٧ ساڵیدا لەنێو بینایەی دادگوستەری تاران بە گولـلە و چەقۆ کوشت و ئەم گەنجینە گەورەیەیان لە دەست مرۆڤایەتی دەرهێنا.
٤. کسروی، احمد، نامهای شهرها و دیههای ایران.

ساسـانیان و پێش ئەوانیشـەوە، لە ئەرمەنسـتان، ئاران، ئازەربایجان و شـوێنەکانی دیکـەی ئێـران، ئاواییگەلێـک بـەو نـاوە هەبوون و لـە هەموویاندا ئاگرێک ڕۆشـن بووە... کەوابوو، باگوان یان باگاوان بەواتای شاری خودا یان شوێنی خودایە.»[١]

کەسرەوی لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ: «ئەوەی ئەرمەنییەکان پاش قبووڵ کردنی ئاینی مەسـیح «بەک»یان بە «بوت» مانا کردۆتەوە یان مێژوونووسـی عەرەبی دوای ئیسـلام «بەلعەمـی» خـۆی لەوە پاراسـتووە ناوی «بەغـداد» بنووسـێ و لەجیاتییان، ناسناوی «دارولئیسلام»ی هێناوە، نیشان دەدا کە ئەم شارانە، شوێنی ئایینێکی کۆن بوون و پەیوەندییان بەناوی «بەک» و «بەغ»ەوە هەبووە.»[٢]

فێردیناند یوستی کتێبێکی بە زمانی ئاڵمانی هەیە کە لە ڕاستیدا فەرهەنگی «ناوە ئێرانییـەکان»ە و تایبەتـە بە نـاوە مێژووییەکانـی ئێران. گەرچـی کتێبەکە لە تاران چاپکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئاڵمانی بوونەوە نەمتوانی کەڵکی پێویست لە بۆچوون و تێبینییەکانی یوستی سەبارەت بە بنەمای ناوەکان وەربگرم؛ لەگەڵ ئەوەشدا سەیری پیتی/ب/ی کتێبەکەم کرد و ئەم ناوانەم تێدا دۆزییەوە: بەگە (خودا، ئیزەد)، بەگەبارە، بەگەبارتوو، بەگەبازوو، بەگەبوخشـا، بەگەداتە، بەگەدووشـتە، بەغایوچ، بەگەکەرت، بەگەچیبـرە، بەگەمەشـتوو، بەغەلایـوس، بەگەپـارە، بەغەلاتـوو، بەگـەرات، بەگەس، بەگەوەرنە، بەغداد خاتوون، بەغداخوچ، بەغووش و...[٣]

فەرهەنگی فارسـی بـە زمانی پەهلـەوی، دوکتۆر بەهرام فەرەهوەشـی[٤] لە پیتی/ب/دا ئـەم ناوانـەی هێنـاوە کـە پەیوەندییـان بـە باسـەکەی ئێمەوە هەیە: بـەغ، بەگ، بەگاندا، بەغانی، بەغدا، بەکدا، ئەشتەت (بەغدوختی ڕاستی و دروستی)، سپەندارمەت

١. هەمان سەرچاوە.
٢. هەمان.
3. Justi، Ferdinand Von; Iranisches Namenbuch.
نامنامه ایرانی، تألیف فردیناند یوستی، با پیشگفتاری از دکتر علی‌اشرف صادقی، انتشارات اساطیر، تهران ١٣٨٢/ ٢٠٠٣.
٤. لـە زمانـی فارسـیدا کارێکی کەم لەسـەر ئەو زمانە و بەگشـتی زمـان و ئایینە کۆنەکان کراوە و ئەوەش کە هەیە زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕاوی کاری ئورووپاییەکانە. تەنانەت دوکتـۆر پەرویـز ڕەجەبـی لە کتێبی «هزارەهای گمشـدە»دا سـەبارەت بـەو فەرهەنگە دەڵێ: «هەر نەنووسرایە باشتر بوو.»

(بەغدوختی زەوی). بەغ ڤەغاڤەند (بەغی خاوەن‌شکۆ).[١]

بەکورتی، دەبێ بڵێم لە مەسەلەی پەیوەندیی ناوی ئێستای شاری بۆکان و خودای «بەغ» یان «بەک»ی پێش زەردەشتایەتییەوە دوو ئەگەری گونجاو هەیە:

وشەی «بۆکان»ی ئێستا، سەرەتا بەغ + ان (بەغان)؛ یا بەک + ان (بەکان) بووە؛

وشەکە، لە بنەڕەتدا بەغ + کان (بەغکان)؛ یا بەک + کان (بەککان) بووە؛[٢] ئینجا بە درێژەی ساڵ و سەدە و بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی و کارتێکەریی زمانی گەلانی دیکەی ناوچەکە، وشەی بەغان یان بەغکان سواون و بوون بە «بەکان» یان «بۆکان»ی ئەمڕۆ.

## سێهەم، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی - ئایینییەکان لە بۆکان و ناوچەکە

کورتەی باس: لە سەردەمەمی پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشت و خودای ئەهوورامەزدا، واتە ئەو سەردەمەی کە خودای گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە خودای «بەغ» بووە، «میترائیسم»، واتە «ئایینی پەرستنی تیشکی هەتاو»، ئایینی زاڵی هەموو ناوچەکە، بە کوردستانیشەوە، بووە.[٣] لە ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکادا سەبارەت بە میترائیسم هاتووە: «میثرا، خودای هەتاو، دادپەروەری، پەیمان و شەڕ بووە. لەو سەردەمەدا ئێرانییەکان ئایینی چەند خوداییان بوو و میثرا گرنگترینی خوداکان بوو. لە تەتەڵەیەکی سەدەی ١٥ی پێش‌زایین‌دا کە پەیمانی ئاشتیی نێوان دوو قەومی میتانی و هووریی تێدا نەخش کراوە، سوێند بە میثرا خوراوە.»[٤]

لەو سەرەمەدا دانیشتووانی شار و گوندەکانی ناوچە، ڕووگە و ئاورگەیان بۆ پەرستنی تیشکی هەتاو دروستکردووە، ڕێزگرتن لە ئاگریش نەریتێک بووە کە لە ئایینی میترایی‌یەوە بۆ زەردەشتییەکان ماوەتەوە. خودای «ئاناهیتا»ش وەک «ماخوای

---

١. ورجاوند، دکتر بهرام، «فرهنگ فارسی به پهلوی»، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم، ١٣٥٨/ ١٩٧٩، پیتی/ب/.

٢. ئەوەیان بەگوێرەی بۆچوونە گشتییەکەی ئەحمەدی کەسرەوی سەبارەت بەو چەشنە ناوانەیە (بڕواننە پێشتر).

٣. بڕوانە: «Mithraism» in The New Encyclopaedia Britanica, Vo. 8.

٤. هەمان شوێن.

ئاو» لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا خاوەنی ئاورگەی تایبەت بەخۆی بووە و هەندێک لــە مێژوونووســان تەنانــەت دەڵێــن دیاردەی ئاگرپەرســتی، بــە ماخــوای ئاناهیتاوە بەستراوەتەوە.

مــن بــە یارمەتیی هەندێک ســەرچاوە و هەواڵی چەند مێژوونــووس و لێکۆڵەری بوارەکە، باسێک لەمەڕ ئایینی میترایی (پەرستنی هەتاو یان تیشکی هەتاو) و پێگەی کۆمەڵایەتیــی ماخوای ئاناهیتا لە ناوچەکە دادەمەزرێنم و ســەرچاوەی زانیارییەکان ڕادەگەیەنــم و بــەراوردی تایبەتمەندییەکانی شــاری بۆکان لەگەڵ ئــەو زانیارییانەدا دەکــەم، لــە کۆتاییش‌دا ئاکامێک لەو هەڵســەنگاندنانەم وەردەگرم بــۆ ئەوەی بتوانین بڕیارێکی کەم‌وزۆر جێ‌متمانە لەســەر پێشــینەی مێژوویی ئایینی شارەکە و بنەمای وشەی «بۆکان» بدەین.

**١. میترائیسم**

مورتەزا ڕاوەندی لە کتێبی «تاریخ اجتماعی ایرانیان»دا دەنووسێ: «ئایینی ئێرانی لە سەردەمی کۆن‌دا [سەردەمی پێش زەردەشتایەتی]، هەمان ئایینی ساکاری پەرستنی سروشــت بــوو، لــە هیندووســتان و ئێــران‌دا دوای ئاســمان، «میهر» یــان «میترا»یان دەپەرســت... کە خودای لەوەڕگەی بەرین بوو و ڕەوەی مەڕ و گاڕانی دەبەخشــییە ئەو کەسانەی وا خۆشی دەویستن... لێرەدا سەرزنجیرەی بەغەکانیش، ئاسمان بوو.[١] لــە پەیوەندیــی ئەو بۆچوونــەی ڕاوەندی‌دا دەکرێ ئاماژە بە قســەی «گۆردن چایڵد» گەورە کۆمەڵناس و کەوناراناسی ئوسترالیایی بکرێ کە دەڵێ: «ئامانجی مەزهەب لە ڕۆژهەڵات‌دا دابین کردنی مادیات بوو و پەرســتنی خودا بۆ ڕەزامەندیی ئەو نەبوو بەڵکوو بۆ بەرهەمی باش، بارانی بەڕێ‌وجێ، سەرکەوتن لە شەڕ... بە دەست‌هێنانی سامان و سەلامەتی بوو.»[٢]

پێگــەی «میهــر» یــان هەتــاو لــە مێــژووی ناوچەکــەدا: بۆچوونــی گشــتی لەمــەڕ

١. راوندی، مرتضی، «تاریخ اجتماعی ایران»، جلد اول، چاپ امیرکبیر، تهران، ١٣٥٦/ ١٩٧٧، ص ٧٢.
٢. چایلد، گوردون، «سیر تاریخ»، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٤٦/ ١٩٦٧، ص ١٤٧ـ ١٤٨.

ئایینـی میترایی، واتە «میهرپەرسـتی» ئەوەیە کـە میترا خودای هەتاو بێ، وەک چۆن خودایـەک بـۆ مانگ و ئەسـتێرەکان هەبووە، هەتاویش خودای خـۆی بووبێ، دیارە هەتاو یان «تیشکی هەتاو»یش لە پەیوەندیی هەوا و گەرما و سەرما و باراندا بوون کە شـوێنیان لەسـەر کاری کشـتوکاڵ و پیتـی مەزرا و لەوەڕگەی ئـاژەڵ داناوە و ئـەوە بۆچوونـی گـۆردن چایڵد پشتڕاسـت دەکاتەوە کـە ئامانج لە ئاییـن لای کەم لە ڕۆژهەڵاتی جیهان دابینکردنی مادیات بووە. تەنانەت ئەمڕۆش دۆعا و نزای خەڵک یان بۆ سـاغی و سلامەتی کەسەکە و خەڵکانی دەوروپشتییەتی یان بۆ بەختەوەری کە بەشی هەرە زۆری ئەو بەختەوەرییەش لە «مادیات»دا خۆلاسە دەبێتەوە.

سەبارەت بە هەتاو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، زانای ئەمریکی، «جۆن ناس»ی باوک، لە کتێبی «سەرجەمی مێژووی ئایینەکان»دا دەنووسێ: «لە میسر، عیبادەتی خودای «ڕەع» بـرەوی هەبـوو و لە ئایینەکەدا، هەتاو لە بیچمی دەموچاوی مرۆڤـدا دەردەکەوت و مەزهەری هەتاوی نیوەڕۆیان بوو. لە عەینی کاتدا هەتاوی بەیانان و ئێوارانیشیان هەبـوون.»[١] هـەر ئـەو دەڵـێ: «خـودای «باربـار»ی سـوومێرییەکان کـە دواتـر ناوی «شـێمێش»ی وەرگرت، لە شـاری لارسـا خودای هەتاو بوو.»[٢] مشـیرالدولە (پیرنیا) نووسـەری کتێبی «مێژووی ئێرانی کەونارا» دەڵێ: «پەرسـتنی میهر [میترا] لە ئایینی ئاریەنە کۆنەکان و لە سـەردەمی پێش ئاڤێسـتادا هەبووە و پەیوەندیی بە هەتاوەوە بووە. ئەوان «میهر»یان بە واسـیتەی نێوان جیهانی سـەرێ و خوارێ و ڕووناکی و تاریکـی دەزانـی... پەرسـتنی میهـر لـە جیهانی کـۆندا گەلێک باو بـووە و لە بابل و ئاسیای بچووک و ڕۆم و... لایەنگرێکی زۆری بووە.»[٣]

بەڵام مەسـەلەی هەتاو لە بۆچوونی پسـپۆڕێکدا سووڕێکی نەرم دەخوات کاتێ کـە دەڵـێ ئایینـی میترایی لە ڕاسـتیدا پەرسـتنی «تیشـکی» هەتاو بووە نـەک هەتاو

١. ناس، جان، «تاریخ جامع ادیان»، ترجمه علی‌اصغر حکمت، چاپ چهارم، انتشارات آموزش انقلابی، تهران ١٣٧٠/ ١٩٩١، ص ٥٣ ـ ٥٤.
٢. هەمان، ل ٦٦.
٣. پیرنیا (مشـیرالدوله)، حسـن، «تاریخ ایران باسـتان»، چاپ دنیای کتاب، تهران ١۴۶٢، ص ١۶٩.

خـۆی: «میثـرە، بەپێچەوانـەی بـاوەڕی ئێمـە، لە بیچمی خـودای هەتـاو دەرناکەوێ، بەڵکـوو ئەو ڕووناکی و تیشـکی زێڕینی هەتـاوە.»[1] بەگوێرەی بۆچوونی توێژەرێکی تر «میترا هەمان خودای ڕووناکییە کە لە هیندووستان بە هەتاو شوبهێنراوە.»[2]

هاشم ڕەزی لە زمان «ماری بۆیس»ەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «دیارە توێژینەوە لە میثرای ئایینی ڤێدایی (هیند) و میترای ئاڤێستایی، دوای ئەوەی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ خەڵکانی جیاجیای بەشـێکی زۆری جیهان پەرسـتوویانن، نابێ کارێکی هاسان بێ.»[3] پسپۆڕێکی دیکەی ئەو بوارە هەر لەو پێوەندییەدا دەنووسـێ: «ئایینی میهر نزیک بە ١٤ سەدە پێش لەدایکبوونی عیسا لەنێو ئێرانی و هیندییەکاندا پەیڕەو کراوە... هەموو ئەو ئایینانەی وا شـوێنی میترائیسـمیان هەڵگرتووە، گەلێک دابوڕەسمی خۆیان لەو ئایینە وەرگرتووە، بەڵام ناوی خۆیان لەسـەر داناوە.»[4] «میترا، لە پێش زەردەشـتدا، یـەک لـە گەورەتریـن خودایانی هینـد و ئێرانی بوو. ڕەنگە هەر بەهـۆی ڕێزی میترا [لای خەڵـک]ەوە بووبێ کە زەردەشـت نزیکەی ١٠ سـاڵ بە نهێنـی پڕوپاگەندەی بۆ ئایینەکەی خۆی دەکرد.»[5] لە کتێبی «ڤێدا»ی هیندییانی قەدیمدا چەند جار ناوی میهر لە شێوەی «میثرا»دا، دووپات بۆتەوە.[6]

دوو کـەس لـە توێژەرانـی عەرەبیـش چوونەتـە ناو باسـەکەوە و سـەبارەت بە پەرسـتنی هەتـاو بۆچوونێکـی هاوشـێوەیان هەیـە: «عیبادەتگای هەتاو لـە حەزرای دووچۆمان شـوێنەوارێکی سـەردەمی ئەشـکانییەکان [سـەبارەتە بە ساڵی ٢٥٠ پ. ز

١. رضی، هاشم، «آئین مهر (میترائیسم)»، چاپ سوم، انتشارات بهجت، تهران ١٣٧١/ ١٩٩٢، ص ١٤.
٢. ورمـازن، مارتیـن، «آییـن میتـرا»، ترجمه بزرگ نادرزاد، نشـر سرچشـمه، تهـران ١٣٧٢/ ١٩٩٣، ص ١٧.
٣. رضی، هاشم، هەمان، ل ٤٨.
٤. کومون، فرانتز، «دین مهر»، برگرداننده پارسـی: احمد آجودانی، انجمن پاسـداری از زبان پارسی و فرهنگ ایرانی، لس‌آنجلس، ١٣٧٥ ـ ١٩٩٦، ص ١٦.
٥. رجبی، دکتر پرویز، «هزاره‌های گمشده اهورامزدا، زرتشت و اوستا»، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات توس، تهران ١٣٨٢/ ٢٠٠٣، ص ٣٧٢.
٦. «لـە هەمووشـیاندا، وشـەی میهـر واتـای «پەیمـان» دەدات». بڕواننـە: ورمـازن، مارتین، پێشوو، ل ١٦.

تا ٢٢٦ی زایینی]. شاری حەزرا یان هەترا، لە خوارووی عێراق و ١١٠ کیلۆمیتری باشووری ڕۆژاوای شاری مووسڵ، لە سێ سەدەی یەکەمی دوای لەدایکبوونی عیسادا گەیشتە لووتکەی مەزنایەتی خۆی... خودای هەتاو (میهر) لای ئەوان گرنگایەتیی زۆری هەبوو و بە گەورەی هەموو خودایانی دیکەیان زانیوە.»[1]

ئەوەی زیاتر جێگەی باسی ئەم وتارەیە بریتییە لەو ڕاستییەی کە ڕێز و حورمەتی خودای هەتاو دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتیش وەک خۆی مایەوە. ئارتوور کریستێنسێن لە کتێبی «ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان»دا دەنووسێ: «لە ڕووی خوێندنەوەی دەقی ئەو سەرچاوانەی کە سەبارەت بە نەسرانی بەدەستەوەن، خاڵێک پتر لە هەموو شتێک سەرنج ڕادەکێشێ و ئەویش پلەی بەرز و باڵای خۆرە کە لە ئایینی مەزدەیەسنیی ساسانییەکان‌دا بوویەتی. یەزگردی دووەم سوێندێکی ئاوای خواردووە: سوێند بە هەتاو، خودای مەزن، کە بە تیشکی خۆی پرشنگی داوەتە جیهان و بە تین و بڵێسەی سەرجەم دنیای گەرم داهێناوە.[2]

وەک لە سەرەوە گوترا، دوای پەرەسەندنی زەردەشتایەتیش «میهر» وەک خودا و جێی پەرستنی خەڵک مایەوە و لە کتێبە ئایینییەکەی زەردەشت، واتە ئاڤێستاش‌دا دەیان جار پەسندی گەورەیی ئەو کراوە. بەشی «یەشتەکان»، وەک بەشێک لە پێنج بەشی ئاڤێستا، پاژێکی تایبەت بە پەسندی «میهر»ی هەیە کە پێی دەگوترێ «میهر یەشت». ئەو بەشە لە ٣٥ «کردە» و دۆعا پێکهاتووە و لە کردەی ٢ هەتا ٣٥ بەو شێوەیە دەست پێدەکەن: «ئێمە پەسنی میهر دەدەین کە خاوەنی دەشتی بەرینە... ئەو ئاگاداری وتاری ڕاستە.»[3] هەر لەو پەیوەندییەدا دوکتۆر «ذبیح‌الله» صفا توێژەری بەناوبەنگی ئێرانی دەنووسێ: «یەشتی دەهەمی ئاڤێستا (میهریەشت)، تایبەت بە «میثرە»یە و

١. بڕواننە: سفر، فواد و مصطفی، محمدعلی، «هترا (حضرا) ـ گزارش کاوش‌های باستان شناسی و بازسازی آثار معماری شهر حضرا»، ترجمه و تحشیه نادر کریمیان سردشتی، سازمان میراث فرهنگی کشور (پژوهشگاه)، تهران ١٣٧٦/ ١٩٩٧، ص ٢١، ٢٢، ٣١ و ٧١.

٢. کریستێنسێن، ئارتوور، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، وەرگێڕانی بۆ فارسی غولامڕەزا ڕەشیدیاسەمی، وەرگێڕانی بۆ کوردی سەلاحەددین ئاشتی، چاپی دووهەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١، ل ١٨٦.

٣. مهریشت، کرده ١٠: بڕواننە: پورداوود، ابراهیم، پێشوو، ل ٤٤٧.

وەقفی پەسـندی «خوەرینە» کراوە.»[١] ئەوە پشتڕاسـت کردنەوەی هەمان بۆچوون و گێڕانەوەی پووردراووده کە پێشتر باسی کرا.

سـەبارەت بـە خولقانـی هەتاو، لە میهریەشـتدا هاتـووە: «هێزێکـی دەروونی و ڕەمـزاوی... میتـرای لەنێـو دڵـی تاشـەبەردێکدا هێنایـە جیهان و میتـرای ڕازاوە بە زێـوەری زێڕینـەوە لە بەرزایی چیا سـەری دەرهێنا... هەشـت کـەس لە یارانی میهر لەسەر بورج دانیشتوون... لەوێ نە شەوە نە ڕۆژ. (بەندی ٥٠)... میترا خودای هەتاو (= تیشک و ئاگر)یش وەک ئاگر خودی، لە هەناوی بەردەوە بەدی دێ.»[٢]

یەکـەم هەواڵێـک کـە لە میترا بیسـترابێ، لەو تەتەڵە قوڕینانەدایـە وا لە «بوغازی کۆی» لە نزیک ئانکارا دۆزراونەتەوە و تێیاندا باس لە پەیمانێک دەکرێ کە لە نێوان دوو قەومـی هیتـی و میتانی بەسـتراوە؛ لە پەیمانەکەدا تـکای یاریدە لە دوو خودای گەورەی هیند و ئێرانی واتە میترا و ڤارونا کراوە.[٣]

لێکۆڵەرێـک دەڵـێ: «باوەکـوو لـە تەتەڵەی بوغـازی کۆیدا بەباشـی دەردەکەوێ کـە میتـرا لـە پانتایـی ئێـران بەتایبـەت ڕۆژاوای وڵاتەکـەدا ناوێکـی ناسـراو بـووە، بـەڵام تـا سـەردەمی ئەردەشـێری دووهەمـی هەخامەنشـی (٤٠٤ تـا ٣٥٩ پ. ز) و بەردەنووسـەکەی ئـەو لـە هەمـەدان، هیـچ هەواڵێکمـان لـە میتـرا نییـە. واتـە شـوێنەوارەکانی کۆرش و داریووش و خەشایارشـا و ئەردەشێری یەکەم ناوێکیان لـە میهـر و ناهیـد نەبردووە و لـە شـوێنەوارەکانی ئەردەشـێری سـێهەمیشدا تاقە یـەک جـار نـاوی میهـر هاتووە، بـەڵام ئەردەشـێری دووهـەم لە بەردەنووسـەکەی هەمـەداندا دەڵـێ: ئـەم کاخـەم بـە خواسـتی ئەهوورامـەزدا و ئاناهیتـا و میترا دروستکرد.»[٤] هەر ئەو شایە، لە بەردەنووسی شووشدا سوێندێکی هاوچەشن دەخـوا و دەڵـێ: «ئـەم هەیوانەم لەسـەر خواسـتی ئەهوورامـەزدا و ئاناهیتا و میترا

١. بڕواننە: صفا، دکتر ذبیح‌الله، «مزداپرسـتی در ایران قدیم»، چاپ سـوم، شـرکت مؤلفان و مترجمان ایران، ١٣٣٧/ ١٩٥٨، ص ٧٨.
٢. رجبی، دکتر پرویز، پێشوو، ل ٣٧٥.
٣. رضی، هاشم، پێشوو، ل ٣.
٤. رجبی، هەمان، ل ٣٢٩.

(میهر) سەرلەنوێ دروستکردەوە، با ئەوان لە پەنای خۆیانم بگرن و لە هەموو ڕق و دوژمنایەتییەک بمپارێزن و ئەوەی بنیاتم نا، تێکینەدەن و زیانی پێنەگەیەنن.»[١]
من لە درێژەی ئەم وتارەدا دەگەڕێمەوە سەر بابەتی ئەو سێ خودایە.

مورتەزا ڕاوەندی کۆمەڵناسی ئێرانی و نووسەری زنجیرە کتێبی بەنرخی مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران (١٢٩٢ـ١٣٧٨ی هـ/ ١٩١٣ ـ ١٩٩٩ی ز)، لە زمان «هانری شارل پۆنس»ەوە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: «زەردەشت لە کاتی ڕیفۆرم کردنی ئایینیدا پلەی میترای لە ڕیزی خوداکان هێنایە خوارەوە و کردیە هاوشانی ئیزەدەکان، واتە ئەو فریشتانەی وا دەسکردی ئەهوورامەزدان.»[٢]

بەگوێرەی وتەی ڕاوەندی، «تاکی میترائیست لە باری ئەخلاقییەوە لە نەزم و نیزامێکی هاوشێوەی سەربازیدا دەژیا. مرۆڤی ئیمانداری میترایی، خەباتکار، داوێنپاک، نەترس و دڵپاک بوو و لەسەر پەیمانی خۆی دەمایەوە»[٣] ڕاوەندی لە پەیوەندیی میترائیسمدا دەست دەنێتە سەر خاڵێکی گرنگ کە بۆ ناوچەی کوردستان خاوەنی گرنگایەتیی تایبەتە، ئەویش مێژووی بنەماکانی عیرفان و سۆفیایەتییە. ڕاوەندی دەڵێ: «ئەخلاقی پارێزکارانەی میترائیستەکان گەورەیی و شکۆیەکی بێهاوتای دەبەخشییە ئایینی میترایی.»[٤]

درەنگتر، لە سەردەمی مادەکان و کاتێکدا کە زەردەشت ئایینەکەی ئاشکرا دەکا، بەشی ڕۆژاوای ئێران (بە کوردستان و ئازەربایجانەوە)، دەبنە شوێنی سەرهەڵدانی ئایینەکە. بەگوێرەی بۆچوونی «جەیمز دارمیستتێر»ی فەرەنسی و وەرگێڕی کتێبی ئاڤێستا بە فەرنسی (١٨٤٩ ـ ١٨٩٤)، «ناوەند و لانکەی ئایینی زەردەشتی [وڵاتی] مادەکان و زۆریش وێدەچێ، ئاترۆپاتێن بووبێ و ئایینی زەردەشت لەوێوە ڕێگای

١. هەمان، هەمان لاپەڕە.
٢. راوندی، هەمان، ل ٤٨٣
٣. هەمان، هەمان شوێن.
٤. ڕاوەندی، هەمان، ل ٤٨٤.
نووسەر لە درێژەی بۆچوونەکەیدا دەڵێ: «دەوروبەری ساڵی ٦٧ی پێشزایین عیرفانی میترایی بۆ یەکەم جار گەیشتە جیهانی ڕۆژاوا و لە سەدەی یەکەمی زایینیدا ئیماندارانی میترایی بەئاشکرا بانگەشەی ئایینەکەی خۆیان [لە ڕۆژاوا] دەکرد.»

بڕیوە و چۆتە ڕۆژهەڵات[ی ئێران]، ئاڤێستاش کاری موبەدەکانی مادە.»[١]

بەکورتی، لەو هەواڵ و بۆچوونانەی شارەزایان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، ئەم چەند ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەون:

ئایینی میثرایی لە هەزارەی دووهەمی پێش‌زایین، واتە لە دەوروبەری ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستادا لە ئێران و هیندووستان پەیڕەوکراوە؛ (ئەو جوغرافیایە لەو سەردەمانەدا، کوردستانی ئێستاشی گرتۆتەبەر)؛

میترائیسم بەواتای پەرستنی هەتاو یان تیشکی هەتاو و لە ڕاستی‌دا پەسنی ڕووناکییە؛

ئەو سەردەمە، دەوروبەری هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی زەردەشت و سەرهەڵدانی زەردەشتایەتی بووە؛

تا چەند سەدە دوای ئەویش هێشتا ئاریایی‌یەکان نەهاتبوونە ئێران (نەهاتبوونە کوردستان)؛

خودای میثرا لە سەردەمی زەردەشتیش‌دا ڕێزی لێ‌دەگیرا و لەگەڵ ئاناهیتا و ئەهوورامەزدا «سیانە»یەکیان پێکدێنا؛

درەنگتر، زەردەشت میثرای لە ڕیزی خوداکان هێنایە خوارەوە و کردییە هاوشانی «ئیزەد» واتە فریشتەکانی دەسکردی ئەهوورامەزدا؛

ڕەسمی پیرۆزکردنی ئاگر لە ئیماندارانی میثرایی‌یەوە گەیشتە زەردەشتییەکان و لای ئەوان مایەوە؛

لەو بۆچوونانەدا هیچ نیشانەیەک نییە تا دەریبخا ئیماندارانی زەردەشتی پەرستگە و شوێنە پیرۆزە میثرایی‌یەکانیان لەنێو بردبێ؛ لە کاتێک‌دا پێگە و پلەی خوداکان تووشی گۆڕان هاتوون، پەرستگاکان وەک خۆیان ماونەوە؛

لە ئایینی میثرایی‌دا «ئەخلاقی پارێزگارانە» وەک بنەمای ئەو دیاردەیەی وا ئێمە ئەمڕۆ بە عیرفان و سۆفیایەتی دەیناسین، گرنگایەتیی زۆری پێدەدرا. ئەو خاڵە تایبەتە

---

١. وەرگیراو لە: راوندی، مرتضی، هەمان، ل ٤٨٧.

یارمەتی توێژینەوەکانی دوارۆژ لەمەڕ ڕەگ و ڕیشەی قایم داکوتراوی سۆفیایەتی و دەروێشایەتی و شێخایەتی لە کوردستان دەدا. هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران و تەنانەت ناوچە سوننەنشینەکانی بەلووچستان و باشووری ئێرانیش ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نابیندرێ.[١]

## ٢. ماخوای ئاناهیتا

«ئەناهیتا» یان «ئاناهیتا»، خودای ئاو و کانیاو و ڕووبار، هەروەها خودای ئەوین و دووگیانی بووە. لە ئینسیکلۆپیدیای ئێرانیکادا هاتووە:

«ئاناهیتا گەورەکچی ڕووباران و نیشانەی ئاوی پیرۆز و هەموو ڕووبارەکانە، سەرچاوەی هەموو ئاوێکی سەر زەوییە، باڵایەکی بەرزی بێوێنەی هەیە... لە ئێرانی کۆندا، بەهۆی گرنگایەتیی ئاوەوە، چەند خودا هەبوون کە پارێزگاریی ئاویان دەکرد و ئاناهیتا خۆشەویستترینیانە... لە پەرستگاکانی ئاناهیتادا ڕێچکەیەک بۆ تێپەڕبوونی ئاو دەکرایەوە. پەرستگاکانی ئاناهیتا لە نزیک ڕووبار یان سەرچاوەی ئاوێک بوون و ئاوەکە بە لێژێکی کەمدا دەڕژایە خوارەوە بۆ ئەوەی دەنگی ئاو بەنەرمی بگاتە گوێ، هەروەها میحرابیان بۆ دۆعا و پاڕانەوە دروست دەکرد.»[٢] لەبەروەی پەرستگای «ئاناهید» لە تەنیشت کانی یان سەرچاوەی ئاو بنیات دەنرا، وا بیر دەکرێتەوە کە شێوازی بیناکەیان گەلێک جیاواز بوو لەوانەی وا بۆ پەرستگای ئاگر دروست دەکرا؛ شێوازێکی میعماریی گەلێک دیاری هەبوو لەچاو ئەوان و تایبەتمەندییەکانی بریتی بوون لە کۆڵەکە و تاق.[٣]

سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری بەو شێوەیە باسی ئاناهیتا و سەرچاوەی ئاوەکان دەکا:

---

١. باوەڕی گشتیی خەڵک و زۆربەی توێژەرانی بابەتەکە ئەوەیە کە عیرفان بنەمایەکی ئیسلامی هەیە. لە ڕووی ئەم زانیارییانەوە پێچەوانەکەی دەردەکەوێ.
٢. دکتر پرویز رجبی، «هزارەهای گمشدە»، سەرچاوەی پێشوو.
3. (hypothesis of I. A. Orbeli، revived in C. Trever، «À propos des temples de la déesse Anahita en Iran Sassanide،» Iranica Antiqua 7، 1967، p. 122); (M. L. Chaumont)، ANAHID، http://www.iranicaonline. org/articles/anahid.

«ئەستێرەی ئاناهید/ ناهید/ ئاناهیتا، بە ئەستێرەی ئاوی ڕەوان زانراوە و هەر بۆیەش پەرستگاکانی ناهیدیش لە لێواری ڕووبار و کانیاو دروستکراون. هەروەها باوەڕیان بە کەسایەتیی مێیینەی ئاناهید هەبووە و ئاوی سەرچاوە و کەرێزەکانیان بە هی ئەو و ئەویشیان بە پشتیوان و لایەنگری ئەو ئاوانە زانیوە. ئەوەش کە لە بیرۆکەی کۆنی ئێرانییاندا چاوگەی کانیاوەکانیان بە شوێنی ئاناهید داناوە، پیاوان مافی ئەوەیان نەبووە لێی نزیک ببنەوە، هەر لەو باوەڕەوە هاتووە.»[١]

ئێستا با ئەو زانیارییانە بخەینە چوارچێوەی شوێنەوارەکانی ئێستای نێو شاری بۆکان:

پەرستگای ئاناهیتا، کە ئێستا مزگەوتی موسوڵمانانە، بە کۆڵەکە و تاقەوە، کە دەکرێ وەک درێژەی نەریتی بینا مێژووییەکە سەیر بکرێ، لە دوولای باشوور و ڕۆژاواوە بە ئاوی ڕەوان دەور دراوە، یەکیان حەوزەگەورەیە و ئەویتر جۆگاوێکی حەوزەگەورەیە کە بەرەو ڕۆژهەڵات ـ باشوور دەکشێ. هەردوک ئەو ئاوانە تەنیا پێنج میترێک لە پەرستگا (مزگەوت)ەکەوە دوورن. ئاوی «خوڕێنک»ی لای ڕۆژاوای حەوزەگەورە، بەو دەنگە بلاوێنەیەوە گومان لەوەدا ناهێڵێ کە جێگەی سەرنج و نەک هەر سەرنج بەڵکوو پەرستنی ئیماندارانی میترایی و شوێنکەوتووانی ئاناهیتا بووبێ. ئاوی خوڕێنک لەژێر حەوزەگەورەوە سەرهەڵدەدا و دیاردەیەکی دەسکردی مرۆڤ نییە[٢] و هەمان ئەو هەستە دەخوڵقێنێ کە ئیماندارانی ئاناهیتای خواوەندی باڵابەرزی ئاو، لە سەرچاوەیەکی ئاوی لای پەرستگاکەیان چاوەڕوانیان کردووە.

ئەوەش کە لە سایتەکەدا گوتراوە پیاوان مافی ئەوەیان نەبووە لە چاوەی ئاوەکە نزیک ببنەوە، دەتوانێ چەشنە پەسندێک بێ بۆ ناوی بۆکان و پەیوەندی ئەو لەگەڵ بووک و هاتنی بووکان بۆ سەر حەوزەگەورەی نیشانەی پاکی.

---

١. مرادی، غیاث‌آبادی، «آناهید، ستاره آب‌های روان»، سایت پژوهش‌های ایرانی
http://ghiasabadi. com/anahid.

٢. تەنانەت کاتێکیش کە لە سەردەمی منداڵیی مندا جارێک بۆ خاوێنکردنەوەی تەختی بنی ئاوی حەوزەگەورەیان بەتاڵ کرد، ئاوی خوڕێنک بەردەوام مایەوە.

ماری بۆیس دەڵێ: «ئەرداڤی سوورا ئاناهیتا»[1] لە یەشتەکان[ی ئاڤێستا]دا کیژۆڵەیەکی گەلێک جوان و باڵابەرزە... سواری کالیسکەیەک بووە کە چوار ئەسپی با، هەور، باران و تەرزە ڕایدەکێشن. جەژنی گەورەی «تیرگان» یا جەژنی ئاو، کە لە سەردەمی بوتپەرەستییەوە مابۆوە، لە ڕاستیدا بۆ ئاناهیتایە و «تیر و تیشتەر»ی پێدەگوترێ کە تا ئێستاش لە ناوچەی کرمان وەک جەژنی باران بەڕێوەی دەبەن.»[2]

ئیبراهیم پووررداوود دەنووسێ: «ئەوەی کە پەرستگای ناهید چ لە ئێران و چ لە وڵاتانی دراوسێ، لە لێواری ڕووبار یان شوێنی پڕئاو دانراون، دەکرێ بمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین بەتایبەت پەرستگای فریشتەی ئاویان لە نزیک ئاو بنیات ناوە[3] و ناهید فریشتەیەکە کە ئەرکی پارێزگاریی ماکەی ئاو لەسەر شانی ئەوە، وەک چۆن «تیشتەر» (تیر) فریشتەی بارانە و میترا (میهر) فریشتەی تیشکە.»[4]

بنەمای «بووکەبارانە»ی نێو کوردانیش کە تا ئێستا هەر ماوەتەوە، دەبێ لە پەیوەندیی گەورەکچی ئاناهیتادا بووبێ، بەتایبەت کە تا ئەمڕۆش ئاماژەی بە گەورەکچان تێدایە و ئەوە دەتوانێ ڕاستەوخۆ ببرێتەوە سەر خاتوو ئاناهیتا. با سەیرێکی ئەو دەقە فۆلکلۆرییەی ڕێوڕەسمی بووکەبارانە بکەین کە سنووری سەدە و هەزارەی بەزاندووە و گەیشتۆتە ئەمڕۆش:

---

1. Ardavi Sura Anahita;

«سوورا» سیفەتێکی گشتییە بەواتای خاوەن توانایی و هێز، «ئاناهیتا»ش بەواتای پاک و بێخەوشە. ماری بۆیس، «تاریخ کیش زرتشت»، ل ٩٠.

٢. بۆیس، ماری، هەمان، ل ٨٩ تا ٩٠.

٣. پورداوود، ابراهیم، یشتها (١)، چاپ اساطیر، تهران، ١٣٧٧/ ١٩٩٨، ل ١٧٠.

٤. هەمان، ل ١٦٢. پووررداوود لە شوێنێکی دیکەی هەمان سەرچاوەدا دەڵێ: «پەرستگاکانی ناهید لە ئێران تایبەت بوون بە ژنانی ڕاهیبەی پارێزکار، بەپێچەوانەی ئاسیای بچووک کە بەهۆی کارتێکەریی ئایینە سامییەکانەوە شێوازێکی دیکەیان هەبوو.» هەمان، ل ٤٦٩. پێویست بە گوتنە کە پووررداوود ئەو قسەیەی بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی هەندێک لە لێکۆڵەرە ڕۆژاواییەکان کردووە کە بۆ نموونە لە کتێبی هیترا (خضرا)، واتە شاری هەتاودا ڕەنگی داوەتەوە. بەگوێرەی ئەوان پەرستگاکانی ئاناهیتا شوێنی ڕابواردن بوون. من لەگەڵ بۆچوونی پووررداوود سەبارەت بە سامییەکان نیم کە هەست دەکەم بۆنی ڕەگەزپەرستیی لێوە دێ، لام وایە ئەو بەو قسەیە ویستوویەتی تۆمەتەکە لەسەر شارەکانی ئێران لابەرێ و بڵێ تەنیا سامییەکان وەهابوون!

**«بووکە بارانە ئاوی دەوێ،**

**ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ،**

**دەرزی گەورەکچانی دەوێ،**

**هێلکەی بارۆکانی دەوێ.»**

تەنانەت هاتنی ناوی «بارۆکە»ش وەک مریشکی تازەپێگەیشتووی یەک ساڵە، دەتوانێ واتایەکی پەیوەندیدار بە باسەکەی ئێمەوەی هەبێ و گەورەکچان و ئاناهیتا بگرێتەوە. هەروەها دوور نییە بکرێ لە وشەی «دەغڵان»یشدا چەشنە ئاماژەیەک بە باوەڕی ئیماندارانی میترایی ببینرێ کە هەتاو و گەرما و تیشکی هەتاویان بۆ پێز و بەرەکەتی دەغڵودانی خۆیان ویستووە یان لە خودای ئاو، واتە ئاناهیتا پاڕاونەوە ئاو بگەیەنێتە دەغڵودانی چێندراویان و تێراوی بکا.

ئێرانییەکان و هەندێک لە لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی هەوڵی ئەوە دەدەن ئاناهیتا بە خودایەکی ئێرانی بناسێنن و بڵێن ناوی ئاناهیتا لە کتێبی ئایینی هیندییەکان، واتە «ڕیگ ڤیدا»دا نەهاتووە[1] و بەو پێیە هی سەردەمی یەکبوونی هیند و ئێرانییەکان نییە؛ یان دەڵێن ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش پەرستبێتیان، باوەڕەکە لەگەڵ پەرەسەندنی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشیدا بڵاوبۆتەوە.[2] دیارە ئەوانە دەبێ وەڵامێک بن بۆ بۆچوونی ئەو کەسانەی وا پێیان وایە میترائیسم دیاردەیەکی غەیرە ئێرانییە و لە دەرەوەی ئێران سەری هەڵداوە و دواتر ئێرانییەکان وەخۆیان گرتووە. من تەنیا لە سێ سەرچاوەدا شەش نموونەی جیاواز لەو بۆچوونانەم چاوپێکەوت:

- «وا دەزانرێ کە هاتنی ئاناهیتا بۆ ناو ئێران لەژێر کارتێکەریی وڵاتی بابل و

---

١. رجبی، دکتر پروین، هەمان، ل ٣٤٦.
٢. گویری، سوزان، «آناهیتا در اسطورەهای ایرانی»، انتشارات جمال‌الحق، تهران ١٣٧٢، ص ٣١.

باوەڕە ئەستێرەناسییەکانی بابلدا بووبێ.»[١]

- «ئاناهیتا ماخوایەکی بابلی بووە، لەوێ بەناوی «ئەرێدوی» ناسراوە و دواتر ناسناوی ئاناهیتا (پاکوخاوێن)یان لێ زیاد کرووە.»[٢]
- «ئاناهیتا ماخوایەکی سامییە.»[٣]
- «ڕاپ» لای وایە «ئاناهیتا لە ڕێگەی ئەرمەنییەکانەوە گەیشتۆتە ناو مادەکان.»[٤]
- نیبرگ دەڵێ: ئاناهیتا خودایەکی توورانییە و بە ماخوای سەیحوون ناوی دەبا.»[٥]
- «ئێرانییانی نیشتەجێی عیلامی کۆن، لەوێ فێر بوون کە خودای خۆیان ئاناهیتا لە پەیوەندیی دوو ڕواڵەتی ڤێنووسی سەر زەوی و ئیشتاری بەهێزدا بدۆزنەوە. لەوێش بە خودای ئیشتاریان دەگوت «The Lady» واتە خاتوونەکە.»[٦]

لە کاتێکدا دەگوترێ: «دیاری کردنی مێژوو بۆ دەرکەوتنی ماخوای ئاناهیتا کارێکی ئەستەمە و تەنانەت نازاندرێ لە کەیەوە بەو ناوە ناسراوە، ڕێکەوتی ساڵ و سەدەی زۆربەی ئەو شتومەکە پەیوەندیدارەی وا لە ناوچەی کرماشان (بەتایبەت هەرسین) هەروەها ئەلەشتەر و خورماوا دۆزراونەتەوە هی هەزارەی یەکەمی پێشزایینن.»[٧] لە ساڵی ١٩٣١- ٣٢دا لە گردی «گیان»ی نەهاوەند پەیکەری دایکەخوایەک دۆزراوەتەوە کە گیرشمەن دەڵێ هی ساڵانی ٢٥٠٠ تا ١٨٠٠ی پێشزایینە.[٨] لەویش کۆنتر، پەیکەرێکی ئاناهیتای هەزارەی سێهەمی پێشزایینە کە لە ناوچەی «ویلێندۆرف»ی ئوتریش (نەمسا) دۆزراوەتەوە.[٩]

بەم پێیە، ئێمە دەبێ مێژووی دەرکەوتنی ئاناهیتا لەنێو گەلانی ناوچەکەدا

١. پیرنیا (مشیرالدوله)، حسن، هەمان، ل ١٦٩.
٢. رجبی، دکتر پرویز، هەمان، ل ٣٤٦.
٣. هێرۆدۆت، ٢٥١/١ وەرگیراو لە ڕەجەبی، دوکتۆر پەرویز، پێشوو، ل ٣٤٩.
٤. هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
٥. هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٦.
6. Mary Bois، «Encyclopaedia Iranica»، Edited by Ehsan Yarshater، Rout Leage & Kegan Paul، London، Boston and Henley، 1985، Vol. 1، «ANAHID».
٧. گویری، سوزان، پێشتر، ل ٤١.
٨. هەمان، ل ١٥.
٩. هەمان، ل ١٣-١٤.

بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمێکی گەلێک زووتر لە هاتنی ئارییەکان و ئەوەش لە پەیوەندیی ئەم باسەی ئێستای ئێمەدا گەلێک گرنگە. پەرستنی ماخوای ئاناهیتا لە ناوچەیەک کە بۆکانیشی تێدا هەڵکەوتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئارییەکان و بەو پێیە، لای‌کەم بەشێک لە پەرستگەکانی پەیوەندیدار بە ئاناهیتا دەکرێ مێژوویەکی کۆنتر لە مێژووی ماد و هەخامەنشی و ئەشکانییان هەبێ. ئەوە بۆیە دەڵێم کە هەیئەتێکی کەوناراناسیی ئێرانی، لە باسی شار و ناوچەی بۆکان‌دا ئاماژەی بە سەردەمی ئەشکانی (٢٥٠ی پێش‌زایین تا ٢٢٦ی زایینی) و ساسانی (٢٢٤ تا ٦٥١ی زایینی) کردووە.[١] گەلێک ئیشانەی نووسراو بۆ نموونە تەتەڵە ئاشوورییەکان بە دەستەوەن کە دەریدەخەن قەڵای نێو شار و ٣٠ تا ٤٠ قەڵای دەوروبەری بۆکان، تەمەنێکی گەلێک درێژتریان هەیە و مێژوویان لای‌کەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مانناکان (سەدەی هەشتەم تا شەشەمی پێش‌زایین)، تەنانەت پێش ئەوانیش. زۆرێک لەو شەڕانەی وا نێوان ئاشوور و واننا یان ئاشوور و ئوورارتوو ڕوویان داوە، ڕاست لەو ناوچەیەدا بووە و ئاشکرایە ناوچەکەش جێ‌ژیانی مرۆڤ و شوێنی حوکماتی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت ـ شارەکان بووە، تەنانەت پێش ئەوەی لەژێر ئاڵای دەوڵەتی مانناد یەک بگرن و دەسەڵاتێکی هەمەگیری ناوەندی لە ناوچەکەدا بنیات بنێن، ئەو دەوڵەت ـ شارانە هەبوون.

درەنگتر و لە سەردەمی مادەکانیش‌دا دەبینین: «ئاناهیتا وەک ماخوای ئاو، یەک لە خۆشەویستترین «ئیزەد»ەکانی ئایینی زەردەشت بووە و لە ئاڤێستا و ئایینی زەردەشت‌دا هیچ ماخوایەک بەو خۆشەویستییەوە ناو نەبراوە کە ئاناهیتا ناو براوە.»[٢] هەروەها دەگوترێ «وا دیارە مادەکان یەکەم ئێرانییەک بوون کە دەرەتانیان بە پەرەسەندنی توخمی پێکهێنەری ئاناهیتا داوە.»[٣] واتای ناڕاستەوخۆی ئەو

---

١. هەیئەتی کەوناراناسیی ئێران ساڵی ١٣٥٠ی هـ/ ١٩٧١ی ز، ڕایگەیاندووە: ناوچەی بۆکان بنکەی سپایی ئەشکانی و ساسانییەکان بووە.» وەرگیراو لە ئەفخەمی، ئیبراهیم، پێشتر، ل ١٥.

٢. رجبی، دکتر پرویز، هەمان، ل ٣٤٤ ـ ٣٤٥.

٣. هەمان، ل ٣٥٠.

قسەیەی سەرەوە ئەوە دەبێ کە سەرهەڵدانی ماخوای ئاناهیتا لە ئێرانەوە نەبووە و ئاناهیتـا لـە بنـەڕەتدا خودایەکی غەیـرە ئێرانییە. مـادە ئارییەکانیش تەنیـا ئەوەیان کردووە کە بۆ یەکەم جار لە ئێراندا دەرەتانی پەرەسەندنیان بە بیرۆکەی ئاناهیتایی داوە. ئیتـر لـە هەموو سـەردەمی دوای مـاد هەتا ساسـانییەکان و هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە (سـەدەی حەوتەمی زایینی)، بە هەندێک بەرز و نزمییەوە، ناو و بیرۆکەی ماخوای ئاناهیتا وەک خودا یان ئیزەد (فریشتە) لە باوەڕی خەڵکدا ماوەتەوە و تەنیا شمشیری ئیسلام توانیویەتی بیبڕێ و تێکیشکێنێ، ڕاست وەک ئەوەی لەم ساڵانەدا خەلافەتی ئیسـلامی «داعش» لەگەڵ شـوێنەوارە ئاشوورییەکانی ناوچەی مووسڵ و ژن و پیاوی ئیمانداری ئێزدیی ناوچەی شنگالی کرد.

دیارە ئەگەر باوەڕە ئایینییەکە خۆی بە زەبری شمشیر لەنێو برا و ئیسلام جێگەی گرتـەوە؛ هێشـتا هەندێک نیشـانەی فیزیکی و بەشـێک لە دابونەریت و مەناسـیکی میترایی لە بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکەدا مانەوە، بۆ نموونە شەخسەپەڕۆ و داری چاکـی و هەندێـک لە کانیـاوە پیرۆزەکانی ئاناهیتایـی وەک بابەقەتار و باوەگوڕگوڕ پاشـماوەی هەمـان ئـەو بیروبـاوەڕەن و ئەگەر ناوێکـی عەرەبی و وەک «سـەعدی وەقاس»یان لێنرابێ، تەنیا بۆ پاراسـتنیان بووە لە دەسـت و شمشـیری داعشەکانی سەردەمی خۆیان.

لەلایەکـی تـرەوە نیشـانەی هەندێـک بـاوەڕی ئایینەکـەش لەناوخەڵـکدا مانەوە، بـەڵام جێگـە و پێگەیان گۆڕا و تەنانەت لە کەیسـی وەک خاوەنی ئاو (خێوی ئاو)دا، ئاناهیتای جێگەی هانا و پەنای خەڵک، بیچمی ترسێنەری هاوشێوەی ساحێبی ئاوی بەخۆیەوە گرت و بوو بە شێوازێکی «ئاڵ»ی منداڵڕفێن!

ئەو گۆڕانکارییانە بە درێژایی ١٤ سەدە لە مزگەوتەکان و لە ڕێگەی مەلا و فەقێ و شێخ و دۆعانووسەوە یان لە ڕێگەی تەفسیر و شیکردنەوەی کتێب و سەرچاوەی عەرەبییەوە، چووە ناو بیر و زەینی کۆمەڵانی نەخوێندەواری خەڵکەوە و لە ڕاستیدا باوەڕێکـی میترایـی بـوو بـە دوگمێکی ئیسـلامی، کە ئێسـتا بە جلوبەرگـی عەرەبی

ئیسلامییەوە دەیانبینین.[١]

ئـەو زانیارییانـەی سـەرەوە دەریدەخـەن کـە باوەڕ بە خـودای ئـاو و ئاوەدانی مێژوویەکـی کۆنتـر لـە مێـژووی زەردەشـتایەتیی هەیـە و دەبێ پێشـینەی لای‌کەم بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بوت‌پەرستی لە هەزارەی سێهەمی پێش‌زایین یان ماوەیەک دوای ئـەو. بە هەمان شـێوە، پەرسـتگەکانی «خـودای ئاو»یش دەبـێ مێژوویەکی وا کۆنیـان هەبـێ و نابـێ وەک هەندێـک لـە ئێرانییەکان دەیکـەن، لە پەیوەندیـی ئایینی زەردەشـتدا سـەیریان بکەین. بەکورتی، مێژووی باوەڕ بە ماخوای ئاو و ئاوەدانی، لە ئایینی ئارییەکان کۆنترە و لە کاتی هێرشەکانی ئەوان بۆ سەر ناوچەی زاگرۆس ئەو باوەڕە لەنێو خەڵکدا برەوی بووە و چەسپاوە.

دوکتۆر پەرویز ڕەجەبی دەنووسـێ: «لە قەڵەمڕەوی فەرهەنگیی ئێراندا چەشـنە بینایەکی مێژوویی دەبینین کە دەکرێ بە پەرستگەی ئاناهیتایان بزانین. ئەو بینایانە بـە قـەڵای کچ (قلعه دختـر) دەناسـرێن.»[٢] مێژوونووس و لێکۆڵـەری ئێرانی دوکتۆر «ئیبراهیـم باسـتانی پاریـزی» کتێبێکی هەیە بەنـاوی «خاتون هفت قلعـه». فەرهەنگی دێهخودا سەبارەت بە پێکهاتەی «خاتون هفت قلعه» گوتوویەتی کینایە لە ئەستێرەی «زوهره»یە؛ دیارە زوهرەش ناوی عەرەبییە بۆ ئەستێرەی ناهید، دەشزانین کە ناوی دیکەی ئەسـتێرەی ناهید (ئاناهیتا)یە.[٣] کتێبی باسـتانی پاریزی لە بابەت ئەو قەڵایانە نووسراوە، کە ناوی «کچ»یان لەسەرە و پەیوەندییان بە ئاناهیتاوە هەیە. من دووری

١. نموونەیەکی ئەو گۆڕانکارییە، شـینگێڕیی جوانەمەرگ بوونی سـوهرابی کوڕی ڕۆستەمە بەدەستی باوکی خۆی کە بۆ ماوەی چەند سەدە نەریتی ساڵانەی خەڵک بوو و ئیماندارانی موسـوڵمانی شـیعە وەریانگێڕایە سـەر شـینگێڕی بۆ ئیمام حسـێنی کوڕی ئیمامی عەلی لە سەحرای کەربەلا.

٢. رجبی، دکتر پرویز، هەمان، ل ٣٦٩.

٣. بڕواننـە: وشـەی «خاتـون هفـت قلعـه [ ن ِ هً ق َ ع َ/ ع ] (ترکیـب اضافـی، اِ مرکـب ) کنایـه از سـتاره زهـره اسـت. (مجموعـه مترادفـاتَ ص ٢٠٠َ).» وەرگیـراو لـە ماڵپـەڕی فارسـی واژەیاب. ناوی هەمان ئەستێرە لای ڕۆمییەکان «ڤێنووس» و لای یۆنانییەکان ئافرۆدیت»ە و هەردووک ئەوانیش خودای ئەڤین و جوانین. دەبێ بنەمای هەموو ئەو باوەڕانە یەک بن، چ ڕۆژاوایی‌یـەکان لـە ڕۆژهەڵاتیان وەرگرتبێ، چ پێچەوانەکەی بـێ. مرۆڤایەتی یەک دیاردەیە ئەگەر جیاوازییەکان گەورە نەکرێنەوە.

نازانـم تەنانـەت ناوی کۆنی بۆکان و قەڵاکەی لە پەیوەندیی کچ و بووکدا بووبێ و بـۆ نموونـە پێـی گوترابێ «قەڵای بووکان» شـتێک وەک قەڵای کچـان کە دەزانین لە تورکی‌دا هەیە و «قیزقەڵاسی» پێدەگوترێ یان لە ئێران «قلعه دختر»ی پێدەڵێن.

باسـتانی پاریـزی مێژوونـووس و توێژەری ناسـراوی ئێرانی لـە کتێبی «خاتون هفت قلعه»دا باسی مێژووی هەندێک قەڵای کچ لە کرمان و فارس و ئازەربایجان و ... کردووە. من بەداخەوە نەمتوانیوە تا ئێسـتا بیخوێنمەوە، بەڵام ناوی کتێبەکە بۆم گەلێک سەرنجڕاکێشە.[1]

سـەرنجڕاکێش ئەوەیە بەگوێرەی سـەرچاوەیەک[2] لە زمانی فارسـی‌دا دوو ناوی دیکەش بۆ ئەستێرەی ناهید هەیە: بیدخت و بیلوفت. بیدخت هەمان بەغ دوخت، واتە «کچـی خـودای بـەغ»ە و دەتوانێ پەسـندێک بێ بۆ ئـەو بۆچوونەی کە قەڵای سـەر گردی تۆبرەڕێژی نێوەڕاسـتی بۆکان (یان بووکان)یش بە شـانازیی بووکێنیی کچی خودای بەغ یان خوداکەوە بنیاتنرابێ. وشەی «بیلوفت»یش لە باسەکەی ئێمە دوور نییە. چەند قاموسی فارسی بە «ناوێک بۆ ئەستێرەی زوهرە» یان ناهیدیان لە قەڵەم داوە، کە هەمان ئاناهیتای جێگەی باسی ئەم کتێبەیە.[3]

دوکتۆر پەرویز ڕەجەبی کە دوو پاراگراف سەرەوەتر بۆچوونەکەیم لەمەڕ قەڵای کچ (قلعه دختر) ڕاگواسـت، هەروەها دەنووسـێ: «بوونی سـواڵەت لەو پەرسـتگا و قەڵایانـەدا دەبـێ ئـەوە بگەیەنـێ کـە خەڵکـی ئـەو سـەردەمانە بـۆ چاکبوونـەوەی

١. بەداخـەوە تـا ئێسـتا نەمتوانیـوە نوسـخەی کتێبەکـە بدۆزمـەوە و بیخوێنمـەوە و ئـەو زانیارییانەشم لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنەکانی سەر ئینترنێتەوە دەست کەوتووە، بەڵام دەزانم کتێبەکە دەتوانێ هەندێک پرسیاری سەبارەت بە قەڵای کچ و بووک و لە ئەنجامدا مەسەلەی بۆکان و قەڵاکەی و بووکی سەر حەوزەگەورە ڕوون بکاتەوە.

٢. ویکی پیدیا دانشنامه آزاد، وشەی ناهید (سیارە).

٣. مـن لـە نێـوان ئەو ناوە و ناوی گونـدی «بڵفەت»ی سەردەشـتیش‌دا نزیکایەتییەک دەبینم. تەنانەت بینیومە بە ڕاست یان چەوت ناوەکەیان وەک «بولفەت»یش نووسیوە کە هەندێک لە بیلوفت نزیکتر دەبێتەوە. با ئەوەش بڵێم لە هیچ بەشـێکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بە ڕادەی شاری سەردەشت و پیرانشار نیشانەی ناوی مێژوویی پێش ئیسلام بەسەر گوند و دیاردە سروشـتییەکانەوە نەمـاوە. نسـتان، ئاڵوەتـان، ئالان، بێکـۆس، نێزێ، تەمەرچیـن، بێوران، تا گاگەشی مەنگوڕایەتی و... کێ لەوانە دەکۆڵێتەوە؟

نەخـۆش و بەرەکەتکەوتـن لـە حاسـڵی کشـتوکاڵ، کەڵکیان لە ئاوی سـەرچاوەی پەرسـتگەکان وەرگرتووە[١] یان بۆ گەیشـتن بە ئارمانج و ئارەزوو ئاویان پێشـکەش بـە پەرسـتگەکە کـردووە و بەڕواڵـەت دوای ئەو پێشـکەش کردنە، زەرفەکانیشـیان شکاندووە.»[٢]

ڕشتنی ئاو بە دوای خۆشەویستێک و ئەندامێکی بنەماڵە لە کاتی سەفەرکردنیدا، کـە لـە هەندێک بەشـی کوردسـتان باوە، نابـێ بێپەیوەند بەو نەریتـە و ئەو باوەڕە بـێ و تەنانەت شـکاندنی گۆزەی ڕەش بە دوای کەسـێکدا کـە ئەمڕۆش لە زمان و فەرهەنگی خەڵکدا هەیە، دەبێ پاشماوەی ڕێوڕەسمێک و باوەڕێکی ئەو سـەردەمانە بێ.

لە پەیوەندیی سواڵەتی بەجێماوی سەدە و ساڵانی زوو، دەبێ بڵێم قەڵای ناسراو بە سەردار لەسەر حەوزەگەورەی بۆکان، تەنیا لە سەدەی بیستەمدا دووجار هەڵکۆڵراوە و بناغەی دیوار و بینای لەسەر داندراوە. یەکەم لە سەردەمی سەردار سەیفەددینخان و سـەردار حەمەحوسـێنخاندا (کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم)؛ دووهەم جاریش لەلایەن سپای پاسدارانی ئێستای ئێرانەوە (دوای ١٩٨١). دیـارە ئەگەر سـواڵەت یان گۆزە و دیزە نەشـکاوێکیش لە شـوێنەکەدا دۆزرابێتەوە لەو دوو بیناسازیانەدا فەوتاون و نەماون، بەڵام لە خەڵکانی بەساڵاچووی شارەکەم بیسـتووە کـە لـە سـەردەمی دروسـتکرانی قەڵاکـەی سـەیفەددینخان سـواڵەت و گۆزە و دیزەی شکاو لە شوێنی قەڵادا بینراونەتەوە.

هەروەها لە شوێنەواری مێژوویی ناسراو بە «گڵەجان» لە داوێنی ڕۆژهەڵاتی قەڵای سەرداری بۆکان و پشت دوخانیاتی کۆن لە گەڕەکی «زاخەکان»، گەلێک کەرەسە و

---

١، هـەر ئێسـتاش زۆرێـک لـە خەڵکـی کوردسـتان ئـاوی هەندێـک کانیـاو و سـەرچاوە بە دیاردەیەکـی پیـرۆز دەزانـن و وەک شـفا و عیلاجـی نەخۆشـی دەیخۆنەوە یان بـە منداڵی نەخۆشـیانی دەدەن، تەنانـەت لـە بـۆکان بـاوە کاتـێ کە منـداڵ دەکۆخێ یـان خواردنێک لە گـەرووی دەگیـرێ، دایکـی ئەگـەر ئاوی بابەقەتاریشـی نەبێ بیداتێ، بە ئەسـپایی لە پشـتی منداڵەکـە دەدا و بـە زمـان دەڵێ «ئاوی بابەقەتار!» یان هـەر «بابەقەتار!» بۆ ئەوەی منداڵەکە گەرووی بکرێتەوە و بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی.
٢. رجبی، دکتر پروین، هەمان لاپەڕە.

شتومەک دۆزرایەوە و من بەکورتی ئاماژە بەو تاڵانوبڕۆیە دەکەم کە هەر لە تەمەنی خۆمدا لەو شوێنەوارە گرنگە ڕووی داوە و ئێستا گەلێک شایەدی کارەکە زیندوون و ماون. ئەگەر هەڵەوپەڵە و کارنەزانیی خەڵکەکە و نابەرپرسیاریی بەناو بەرپرسانی دزی حکوومەتی شا و دەستچەپەڵیی قاچاخچی و دەڵاڵەکانیان لێگەڕابا، وا هەبوو ئەو شوێنە گرنگە وەک گەنجینەیەکی گرنگی فەرهەنگی بنرخێنرایە و تەنانەت یارمەتیی زۆری ئەم باسەشی بدایە و گەلێک لایەنی شاراوەی بۆ ئەم باسەی ئێستاش ڕوون بکردایەتەوە.

گڵەجان، بەگوێرەی بیرەوەریی خەڵک و بۆ نموونە، ڕێزدار ڕەشید سپێهری خەڵکی بۆکان و دانیشتووی ئێستای سوید، گەنجینەیەکی بەنرخ لەگوێن گەنجینەی زێویە بوو، بەڵام قاچاخچیی ناڕەسەن لەلایەک و بێخەبەریی هەندێک خەڵک بەتایبەت هەرزەکاری بێئاگا لەلایەکی ترەوە، داریان لە کوولەکەی ڕۆحی ئەو شوێنەوارە بەنرخە دا و فەوتاندیان. شتومەکی دۆزراوەی گڵەجان کە لە ماوەی سێ دەیەی نێوان ١٣٣٠ تا ٥٠ی هەتاوی (١٩٥٠ تا ٧٠ ی ز)دا دەدۆزرانەوە، هەمووی دەدرانە دەست دەڵاڵی بۆکانی و مەهابادی و لە ئەنجامدا دەبوون بە ملک وماڵی قاچاخچییانی تەوریز و تاران و ئوورشەلیم و لەندەن و نیۆیۆرک، کە ئێستا دەبێ لە گەلێک کۆلێکسیۆنی شەخسی و تەنانەت حکوومیی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکادا شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان کرابێ. ئیتر سواڵاتەشکاو هیچ، کە هەر دوای دۆزرانەوە فڕێدراون و نەماون، پەیکەرە هونەرییەکانیش لە دەست کورد چوونەتە دەرێ و ئێستا بۆ سەلماندن و چەسپاندنی بۆچوونی کەسێکی دەسکورتی وەک من دەبێ پەنا ببرێتە بەر بیرەوەریی خەڵک و ئەوەی لە شوێنەواری مێژوویی زێویەی سەقز کرا و ڕەشیدخانی کەیخوسرەوی

شینی بۆ گێڕا،[1] لە گڵەجانی بۆکانیش دووپات ببێتەوە.[2]

بەڵام بەگشتی شوێنی ناسراو بە گڵەجان درێژەی شوێنەوارە مێژوویییەکانی دیکەی بۆکانە کە بە گۆلی مەردانبەگ و ئەشکەوتی سەر گۆلەکە لەلای باشووری ڕۆژاوای شار دەست پێدەکا و دەگاتە خوڕێنک و حەوزەگەورە و جۆگەلە ئاوەکانی باشوور و باکووری، ئینجا پەرستگای کۆنی ئاناهیتا (مزگەوتی جامیعی ئێستا)، ڕیزە پلیکانە بەردچنەکانی بەردەمی پەرستگا[3] بەرەو قەڵا و خودی قەڵا، تا دەگاتە گڵەجانە لە داوێنی ڕۆژهەڵاتی قەڵا و «کێلەشین»ی هەندێک ئەولاتر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی باکوور.

دوکتۆر ڕەجەبی لە درێژەدا دەنووسێ: «پەرستگاکانی ئاناهیتا سامانێکی زۆریان هەبووە و هەندێک پەرستگای گەورەی وەک ئەوانەی شاری «کەنگاوەر» و «هەمەدان» جیا لەو پێشکەشییانەی وا بۆیان بردوون، خاوەنی زەویوزار و گوندیش بوون [مەوقووفە] و ئەگەری ئەوە هەیە کۆیلەشیان بووبێ کە بۆ دابین کردنی خواردن بۆ پیاوە ئایینییەکان و مجێورەکانی پەرستگە، لەسەر ئەو زەویوزارانە کاریان کردبێ.»[4]

---

١. بڕواننە دوو بەرگ کتێبی ئەو دڵسۆزەی گەل و نیشتمان: کەیخوسرەوی، ڕەشید، نخستین گزارش: «دوران بیخبری یا غارت آثار فرهنگی ایرانیان ـ گنج زیویە» و دردنامە روستائیان زیویە، چاپ نخست، ناشر: نویسندە، ١٣۶۴/ ١٩٨۵ و دومین گزارش: «دوران بیخبری یا صهیونیزم جهانی و خطر نابودی آثار باستانی منطقە باستانی زیویە و قاپلانتو و نشانەهائی از ساختمان هکمتانە و غار دیو سپید»، انتشارات آفرینش، تهران ١٣۶٩/ ١٩٩٠.

٢. بەهۆی گرنگایەتیی مەسەلەی گڵەجانە و ئەوەی کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی نەکراوە، من هیوادارم ڕێزدار ڕەشید سپێهری بیرەوەرییەکانی خۆی لەم بارەیەوە بە دووروودرێژی بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە.

٣. ئەو ڕیزە پلیکانە بەردینە، تا سەردەمێکیش کە من لە بۆکان بووم (سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم)، هەر مابوو، کە خەڵکی لەسەر حەوزەگەورە و بەردەم مزگەوتی جامیعەوە دەگەیاندە ناوقەدی قەڵا. بە بۆچوونی من پێش ئەوەی لە سەردەمی سەیفەددینخاندا دەست لە شوێنەکە وەربدرێ و لەوێوە پلیکانی لە بەردی سپی تاشراوی تا بەرزایی قەڵا بۆ دابندرێ، ئەو پلیکانە مێژوویییەی جێگەی باسی من، لەوێشەوە تا بەرزایی قەڵا درێژەی بووە. پلیکانی جێی باسی من، لە بەردی بچووک بچووک دروستکرابوو و پانایییەکەی دەگەیشتە دوو میترێک.

٤. ڕەجەبی، دوکتۆر پەرویز، هەمان، ل ٣۵۵.

مـن بـۆ مەسـەلەی کارکردنـی بـێ حەقدەسـت لـە پەرسـتگا ئایینییـە کۆنەکانـی ناوچـەی بۆکانیـش بۆچوونێکـم هەیـە و دەمەوێ دەسنیشـانی خانەقای شـێخان لە بورهـان و زەنبیـل بکـەم، کـە سـۆفی و موریدەکانیـان سـاڵانە لـە ڕێگای دوور و نزیکـەوە دەچنـە زیارەتیـان و مـاوەی مانـگ و دوو مانـگ و زیاتریـش کاری بـێ حەقدەسـتی وەک دروێنـە و کۆڵکێشـان و خاوێنکردنەوە دەکـەن. ئەو نەریتە نابێ بێبنەمـا و پێشـینەیەک بـێ کـە دوکتۆر ڕەجەبی لە باسـی پەرسـتگاکانی ئاناهیتا و کاری کۆیلەکاندا هێناویەتە گۆڕێ. ئاشـکرایە کارەکە دەبێ سـەدە و ساڵانێکی زۆر بێ بیچمی خۆبەخشانەی بەخۆیەوە گرتبێ و کۆیلایەتی بە واتا کلاسیکییەکەی نەبێ، بـەڵام خەسـلەتی کارەکـە هەر یەکە و لـە هەردووکیـاندا حەقدەسـتێک بەرانبەر بە کارکـردن نییـە و هەردووکیان بۆ ڕەزامەندیی یان لەپێناو خـودادا دەکرێن. ئەوەش جیـا لـە مەسـەلەی گشـتیی عیرفـان و سـۆفیایەتی لە ناوچەکـە نییە، کـە هەر خۆی دەکـرێ ڕیشـەی لـە میترائیسـمدا بێ و لـە سـەردەمی زاڵ بوونی ئیسـلامدا ڕەنگی ئیسـلامیی بـە خۆیـەوە گرتبێ. هەویری ئـەم بابەتە ئاوی گەلێـک زۆر هەڵدەگرێ و دەبێ لە کتێبەکەدا زیاتری لێبدوێم.

## چوارەم، سەردەمانی مێژوویی:

### سەردەمی ماد و هەخامەنشی

دوای هاتنـی ئارییـەکان و سـەرهەڵدانی ئایینـی زەردەشـتیش، کتێبـی پیـرۆزی زەردەشـتییەکان (ئاڤێسـتا)، باسـی لـە ئاناهیتـا (ناهید) کـردووە. بەگوێرەی قسـەی ئیبراهیـم پـووورداوود، «ناهیـد یـەک لـە ئیزەدەکانی ئایینی مەزدیسـنا بـووە و وەک فریشتەی ئایینەکانی دیکە، لە عیبادەت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا ڕێزی لێگیراوە.»[١] لە یەشـتی پێنجەم لە «یەشـتەکان»ی ئاڤێستادا، باسـی گەورەیی و جەلالی فریشتەی خاوەنی ئاو دەکرێ کە ناهید (ئاناهیتا) بێ.

بەڵام زانیاری ئێمە سـەبارەت بە ئاناهیتای سـەردەمی ئارییەکان بەتایبەت دوای

١. پورداوود، ابراهیم، یشتها (١)، ل ١٧٣.

هەخامەنشییەکان (٥٥٠ تا ٣٢١ی پ. ز) لە ساڵانی پێش ئەوان زیاترە. «ڕۆمەن گیرشمەن» دەڵێ: «ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشی لەسەر بنەمای ئایین دانەنرابوو، وەک ئەوەی بۆ نموونە، لە سەردەمی خولەفای عەباسی‌دا وا بوو... [ لەگەڵ ئەوەش‌دا] ئایینی ئاناهیتایی بە فەرمی لەلایەن ئەردەشێری دووهەم جێگری داریووشی هەخامەنشییەوە ڕاگەیەنرا بەو ئامانجەی کە ببێتە ئایینی سەرانسەریی هەموو خەڵکی ئیمپراتۆرییەتەکە.»[١]

سەبارەت بە تەعبیری «فریشتەی خاوەنی ئاو» کە لە نووسینی پووردداوودا هاتووە، دەبێ بڵێم «خاوەنی ئاو» یان «خواوەندی ئاو» یا «ساحێبی ئاو» یان «خێوی کانی» لە کوردستان و لە ناوچەی بۆکان، تەعبیرێکی بێگانە نییە و ناسیاوی گوێی هەموانە. خاوەنی ئاو وەک «ئاڵ» لە بیروبۆچوونی ئێستای خەڵکی ئاسایی‌دا چەمکێکی نیگاتیڤە و شتێکی ترسێنەر وەک جندۆکەیە، بەڵام هەر لە پەیوەندیی دیاردەی ئاودا ماوەتەوە و بەگوێرەی بۆچوونەکە، «ساحێبی ئاو» کەسێکی بالابەرزی سپی پۆشە کە لە لێواری حەوز یان ڕووبار ڕادەوەستێ. دوور نییە ئایینە نوێترەکانی وەک زەردەشتی یان ئیسلام بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە پیرۆزکردنی خودای ئاو واتە ئاناهیتا، ئەو ناوونازۆرە خراپەیان خستبێتە شوێنی و ئیتر بە درێژەی سەدە و ساڵ، وەک گەلێک خورافەی ئایینەکانی تر، چووبێتە ناو میشکی خەڵکەوە. تەنانەت لەو باسەش‌دا دەبینین خاوەنی ئاو سپی‌پۆشە و ڕەنگی سپیش ڕەنگی پاکی و بێگەردییە، کە ئاناهیتاش ماخوای پاکی و بێ‌خەوشییە.

پووردداوود دەنووسێ: «لە وردە ئاڤێستاش‌دا کە بەشێکی دیکەی ئاڤێستایە، ناوی دۆعای چوارەم، «ئابان نیایش»، واتە دۆعای ئاوانە و لە یەشتی ئاوان وەرگیراوە. ئەو دۆعایە لە کاتێک‌دا دەگوترێتەوە کە لە لێواری ڕووبار، سەرچاوەیەکی ئاو

1. Roman Ghirshman، Vladimir Minorsky، Ramesh Sanghri; «Persia The Immortal Kingdom»، Draphic Society، New York، P. 42 & 87.

یـان ئاوهەڵدێرێک وەسـتا بـن.»[١] هەر ئەو دەڵێ: «بە وتەی شـێفتلویتز زانای ئاڵمانی، لـە ئەفسـانەیەکی ئیسـلامیدا نـاوی ئەسـتێرەی زوهرەیان نـاوە «بذوخـت ئەناهیذ»؛ ئـەو وشـەیە لە «بەغ دوخت ئەناهیت»ەوە هاتووە و واتـای ناهیدی کچی بەغ (خودا) دەدا.»[٢] بەگشتی، «لە ئاڤێستا و ئایینی زەردەشتدا هیچ ئیزەدێک بەڕادەی ئاناهیتا بە گەرمی و خۆشەویستییەوە باسی ناکرێ.»[٣]

پـووردااوود ئامـاژە بـە بۆچوونێکـی «سـیر هێنـری ڕاولینسـۆن»یش دەکا و دەنووسـێ: «هەندێـک لـە زانایـان وای بـۆ دەچـن کـە مێـژووی پەرسـتگاکەی هەمـەدان [پەرسـتگای ناهیـد] دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی هوەخشـەتەرە دووهەمین شـای مـاد (٦٢٥ ـ ٥٧٥ پ. ز) یـان ئازدیاگـی جێگرەکـەی (؟)... ئیزیـدۆرۆس خاراکسـی جوغرافیزانـی یۆنانـی لـە دەوروبـەری سـاڵی ٣٧ی زایینـیدا ژیـاوە، سـەردانی هەمەدانـی پێتەختـی مادەکانـی کـردووە و چۆتە سـەر باسـی خەزێنە و پەرسـتگای ئـەوێ و پەرسـتگای ناهیـد لـە کەنـگاوەر.»[٤] وەک گوتـرا، بەگوێـرەی سـەرچاوەکان، دوای مـاد (٧٠٥ ـ ٥٥٠ پ. ز)، لـە سـەردەمی هەخامەنشـییەکانیشدا (٥٥٩ ـ ٣٢١ پ. ز) ئاناهیتـا ڕێـزی لێگیـراوە و «شـاهانی هەخامەنشـی ئاناهیتایـان وەک ئەهوورامـەزدا و میتـرا سـتایش کـردووە[٥] و نـاوی ئـەو بـۆ یەکـەم جـار لـە بەردەنووسـەکانی داریووشـی دووهـەمدا، لە شـووش و هەمـەدان دەرکەوتووە کە تێیـاندا ئاناهیتا ڕاسـت دوای ئەهوورامەزدا و پێش میترا ناوینووسـراوە.»[٦] ئەوەش لـە کاتێکدایـە کـە «سـەرەڕای هەموو توێژینـەوە و بنـاوان کۆڵینەوەیەک، تا ئێسـتا بەڕوونی دەرنەکەوتووە ئایینی هەخامەنشییەکان چی بووە.»[٧]

---

١. هەمان، ل ١٥٨ و ١٥٩.
٢. هەمان، ل ١٦٦.
٣. رجبی، دکتر پرویز، هەمان، ل ٣٤٥.
٤. هەمان، ل ٤٦٩.
٥. گویری، سوزان، هەمان، ل ١٧.
٦. هەمان، ل ٦.
٧. رضی، هاشـم، «تاریخ مطالعات دینهای ایرانی دینهای آریایی، مغان، مادی، هخامنشـی، زروانی، میترایی، زرتشتی...»، سازمان انتشارات فروهر، تهران ١٣٦٦/ ١٩٨٧، ص. ٢٠.

## سەردەمی ئەشكانی (٢٥٠ی پ. ز - ٢٢٦ی ز)

بەگوێرەی سەرچاوەكان «لە سەردەمی ئەشكانی‌دا (٢٥٠ی پ. ز تا ٢٢٦ی ز) ئاناهیتا لەگەڵ ئەهوورامەزدا و میهر (میترا) ستایش كراوە.»[١] بۆ نموونە «لە سەردەمی ئەشكانیان‌دایە كە ئاناهیتا و میترا دەگەنە لووتكەی دەسەڵاتی فەرمی و هاوڕێ لەگەڵ ئەهوورامەزدا «سیانە»یەك پێكدێنن.»[٢]

سەبارەت بەو «سیانە» یان «ترینیتی»یە، نووسەرانی كتێبی هەترا (حضرا) دەڵێن: «لە شاری «حەزرا»دا باوەڕ بە سیانەی شەمەش، سەن و عەشتار (هەتاو و مانگ و ناهید) هەبوو، بەڵام هەرسێكیان لە وجوودی یەك خودادا كۆ نەدەبوونەوە و نەدەبوون بە یەك»[٣] كە ئەوەش پەسندێكە بۆ هەبوونی «تثلیث»ی ئاناهیتا، میترا، مەزدا لەلای ڕۆژهەڵاتی خاكی ئەوان، واتە لە كوردستان و ئێرانیش. گیرشمەن لەو بارەیەوە دەنووسێ: «گەرچی پەرستنی سیانەی ئەهوورامەزدا، میترا، ئاناهیتا لە سەردەمی پارتی [ئەشكانی]یەكانیش‌دا بەردەوام بوو، سیستەمی ئایینی ئاناهیتا گەلێك زوو ڕێبەرایەتیی كارەكەی بەدەستەوە گرت بەشێوەیەك كە هەموو ئەو پەرستگایانەی وا لە دەقە مێژوویی‌یەكان‌دا ئاماژەیان پێكراوە، پێشكەش بەو كراون.»[٤] «ڕەجەبی»ش لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ: «پێشتر هەموو پەرستگەیەكی ئێرانی لەو سەردەمەدا پێشكەش بە ئاناهیتا كراون... و بنیات‌نانی پەرستگەی شیز [لە تەختی سولەیمانی ڕۆژهەڵاتی بۆكان]یش دەدرێتە پاڵ مادەكان، بەڵام تەنانەت ئەگەر لە سەردەمی مادیش‌دا هی ئاناهیتا نەبووبێ، تایبەت كرانی ئەو بەناوی ئاناهیتاوە لە سەردەمی ئەشكانییەكان‌دا، دەورێكی گرنگ دەبینێ... لە سەردەمی ئەوانەوەیە كە دروستكردنی پەرستگەی سەرداپۆشراو لە ئێران‌دا دەبێتە باو... دوایین ڕاپۆرتێك كە سەبارەت بە ئاناهیتای سەردەمی ئەشكانیمان هەیە هی ساڵی ٢٢٤ یان ٢٢٦ی

١. گویری، سوزان، هەمان، ل ٦.
٢. رجبی، دكتر پرویز، هەمان، ل ٣٥٦.
٣. سەفر، فوئاد و مستەفا، محەممەدعەلی، پێشتر، ل ٧٢ تا ٧٤.
4. Ghirshman, Roman; «Iran Parthians and Sassanians», Translated [into English from French] by Stuart Gilbert and James Emmons, Thames and Hudson, USA, 1962, P. 89.

زایینییە.»[١]

بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بۆکان و پەیوەندی دانی بە ئاناهیتاوە، پێویستە لە بیرمان بێ کە سەردەمی ئەشکانییەکان لووتکەی پەرستنی ماخوای ئاناهیتا بووە و لای‌کەم یەک سەرچاوەش بەدەست ئێمەوە هەیە کە قەڵای بۆکان بە شوێنەوارێکی سەردەمی ئەشکانی دەزانێ.[٢] پەرستگاکانی ئاناهیتا لە سەردەمی ئەشکانیان‌دا سەرداپۆشراو و چوارگۆشە بوون. مزگەوتی بۆکانیش چوارگۆشەیەکی تەواوە، هەروەها لە دوولاوە بە ئاوی ڕەوان دەورردراوە کە ئەوە خۆی گرنگایەتیی ئاو لە ئایینی میترایی‌دا دەسەلمێنێ و ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە پەرستگاکانی میترایی لە لێواری ڕووبار یان کانیاوێکی لووزەوبەستوو دروست دەکران، ئاوی حەوزەگەورە لە دوولاوە دەڕوا و خوڕێنکیش دەبێتە لای سێهەمی و دووانیان لە مەودایەکی چوارپێنج میتریی بەردەمی پەرستگاکەن و خوڕێنکیش تەنیا ٣٠ یان ٤٠ میترێکی لێوە دوورە.[٣]

١. رجبی، دکتر پرویز، پێشتر، ل ٣٥٦ تا ٣٥٩.
٢. بڕواننە: افخمی، ابراهیم، پێشتر.
٣. حەوزەگەورە لە ڕاستی‌دا کانیاوێکە ئاو وەک زنە لە ژێری سەرهەڵدەدا و خوڕێنکیش هەر بەشێک لەو ئاوەیە کە لە ژێر زەوی‌دا لێک جیا دەبنەوە.



ئەم وێنەیە سەرچاوەی کارە هونەرییەکەی مامۆستا «عوسمان موبارەکی»یە وا لە لاپەڕە دووهەمی ئەم وتارەدا دەبیندرێ. بەداخەوە خاوەن و ساڵی هەڵگرتنی وێنەکە نازانم، بەڵام دەبێ لە ساڵانی ٤٠ی هەتاوی (٦٠ی زایینی)دا هەڵگیرابێ.

دیسان دەگەڕێمەوە سەر باسی پەرستگا میتراییەکان. ڕەجەبی لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێ: «گەڵاڵەی سەرەکیی ئەم پەرستگایانە[ی سەردەمی ئەشکانی] بریتی بوو لە تەلارێکی چوارگۆشە، کە لە هەر چوار لاوە دەرگا بەرەو ڕەواقێک دەکرایەوە و پلیکانێک لە پانتایی دیوارەکەدا دادەنرا، کە دەگەیشتە سەربان ئەو شوێنەی وا ئاورگە و شوێنی کوشتاری حەیوانی قوربانی لەوێ هەڵکەوتبوو... بە تەنیشت پەرستگاکانەوە شوێنی تایبەت بە نیشتەجێ بوونی ڕووحانییەکان دابین دەکرا... هەروەها ژووری داخراویشیان هەبوو کە لەوێدا ئاگری پیرۆز بەبێ دووکەڵ و لەسەر خۆڵەمێش دەگڕا.»[1]

جێگای مزگەوتی جامیعی ئێستا و لە ڕاستیدا پەرستگا مێژوویییەکە بە شێوەیەکە کە لە هیچ لایەکەوە دەرەتانی گەورەبوونەوە و شێواندنی بیچمە چوارگۆشەکەی گونجاو نییە. لە دوولای باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە گرد و بەرزایی

١. ڕەجەبی، هەمان، ل ٣٦٨، هەروەها گیرشمەن، ڕۆمەن، ١٩٦٢، ل ٥٨.

قەڵا و داوێنی باشـووری قەڵاکەیە، کە دەبێ پێش دروسـتکرانی پەرستگاکەش هەر بووبـێ (چ سروشـتی، چ توورەکەڕێژ)؛ لە دوو لای دیکەشـەوە ئـاوە (حەوزەگەورە خۆی و جۆگەلەی بەری ڕۆژهەڵاتی کە دوای تێپەڕبوون بە بەردەمی پەرسـتگاکەدا بەرەو باشوور دەئاژوێ).



وێنەی حەوزەگەورە و مزگەوت

وێنەکـە لەسـەر قـەڵاوە هەڵگیراوە. ئەو بەشـەی مزگەوت کـە کەوتۆتە لای قەڵا (لـە منـارەوە بەرەو لای ئەو سـێ کەسـەی وا کەتوونەتە ناو وێنەکـەوە) درەنگتر لە ساڵانی ٣٠ (٥٠ی زایینی)دا دروستکرا و خرایە سەر بەژنی سەرەکی مزگەوت؛ دەنا لە ڕاسـتیدا مزگەوت هەر ئەو بەشـە بوو وا هەشـت گومبەزی لەسەر سەربانەکەی قوت بوونەتەوە و وەک دەبیندرێ، چوارگۆشەیەکی تەواوە

## سەردەمی ساسانی (٢٢٤ - ٦٥٢ی ز)

ئەو زانیارییانەی سـەرەوە سـەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئایینی ماخوای ئاناهیتا بوون پێش سـەردەمی ماد و درەنگتر لە دەورەی حکوومەتی ماد و هەخامەنشـی و ئەشـکانیدا. ئێسـتا بـا بزانین لـە حکوومەتی ساسـانیدا ئاناهیتا لـە چ پلەوپایەیەکی پەرستندا بووە.

پەرویز ڕەجەبی دەنووسێ: «ئاناهیتا لە سەردەمی ساسانیش‌دا ئیزەدێکی[1] خاوەن دەسەڵات بوو و ئیتر لەو قۆناغەدا ئایینی ئاناهیتایی بە بەژنی ئایینی زەردەشتەوە لکاوە.»[2] «بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ساسانییەکان ڕێزیان لە ناهید (ئاناهیتا) دەگرت و بە پارێزەری زنجیرەی خۆیانیان دەزانی، دەوری ئەو ماخوایە لە بەردەنووسەکان‌دا گەلێک گرنگ بوویەوە و زۆربەی جار یان وێنەیان دەکێشایەوە یان بەهۆی پەیکەرێکی بەردینەوە لە لێواری جۆگە و ئەستێری ئاو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ستایشیان دەکرد. ئەناهیتا «فەڕ»ی دەبەخشی و گوڵی لەیلووپەڕ[3] نیشانەی ئەو بوو.»[4]

هەندێک کانیاو و چاک (شەخس یان شەخسەپەڕۆ)ش لە کوردستان هەن، کە ئێستا ناوی سەحابەی ئیسلامییان بەسەرەوەیە، بەڵام دەبێ پاشماوەی پەرستگا کۆنەکانی پێش ئیسلام و تەنانەت پێش زەردەشتایەتیش بن لەبەروەی بیروباوەڕی زەردەشتایەتی ئەو بوعدەی نییە و لە ئایینەکەدا گرنگایەتیی یەکەم بە ئاگر دەدرێ نەک بە ئاو و چاک و شەخسەپەڕۆ. ناوی ئەو شوێنانە دەبێ دووجار تووشی گۆڕانکاری هاتبێتن: یەکەم جار دوای هێرشی ئارییەکان و دووەم جاریش دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لە ناوچەکە و سەرەڕای ئەو دوو شەپۆلە

---

١. لەو سەردەمەدا، ئیزەد پلەیەک لە خودا نزمتر بووە.
٢. ڕەجەبی، د. پەرویز، هەمان، ل ٣٦٠.
٣. گوڵی لەیلوپەڕیش وەک شەستپەڕ لە هەندێک شوێنی کوردستان لەسەر گۆڕی ئازیزان دادەنێن.
٤. سودآور، ابوالعلاء، «فره ایزدی در آیین پادشاهی ایران باستان»، نشر نی، تهران ١٣٨۴، ص ٨٣.

فەڕ یان فەرە، عەتا یان جیلوەی خودایەتییە و کەسێک بە خاوەنی دەبێ کە گەیشتبێتە ڕادەیەک لە کەمال (ویکی پێدیای فارسی).

واتای پێچەوانەی ئەم وشەی «فەڕ»ە لە زمانی کوردی‌دا وەک «بەدفەڕ» و «خۆشفەڕ» ماوەتەوە و گەیشتۆتە سەردەمی ئێمەش. بەدفەڕ دەبێ کەسێک بێ کە «فەڕی ئیزەدی» نییە.

نموونە: بەدفەڕ بوو، بەگەڕ بوو/ ئەم بیژووە بەکری مەرگەوەڕ بوو (هەژار)

ئەرێ ئەی ئاسکی ناسک هەتاکەی دەستەمۆ نابی
ئەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ هەتاکەی نایە ماڵی من

(هێمن)

بەهێزەی کە بەسـەریاندا تێپەڕ بووە، هێشـتا پیرۆزایەتییەکەی پێشـووی خۆیان لە بیروبۆچوونـی خەڵکدا پاراسـتووە. ئەوەش ڕاسـتییەکی هەمەگیـری جیهانییە کە لە هەمـوو کۆمەڵگایەکدا سـەرخانی فەرهەنگی (باوەڕ و ئاییـن و داب‌ونەریت)، گەلێک تەمەن‌درێژتر لە ژێرخانی ئابووری و سیستەمی سیاسین و دەسبەجێ دوای گۆڕانی سیستەمی سیاسی تووشی گۆڕان نایەن.

کە وابوو لای‌کەم بەشێک لە چاک و زیارەتگەکانی ئەمڕۆی کوردستان پێشینەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە ئاو و کانیاو پەیوەندییان بە ماخوای ئاناهیتاوە بووە و ئەمڕۆ باوەکوو ئایینەکە خۆی نەماوە، بەڵام نەریتەکە و پیرۆزایەتیی کانیاوەکە لەنێو خەڵکدا هەر ماوە. بۆ نموونە، کانیاوی «بابەقەتار» و «باوەگوڕگوڕ» کە لە زۆر شوێنی کوردسـتان هەن و نموونەیان بابەقەتاری نزیک گوندی خوراسـانەی (سـەر ڕێگای بـۆکان ـ مەهابـاد) و باوەگوڕگـوڕی لای گونـدی سـلێمانکەندیی (نێـوان سـەقز و بـۆکان)ن.[1] هەندێـک خەڵکـی ناوچەکـە ئێسـتاش ئـاوی بابەقەتـاری خوراسـانە بـۆ چاکبوونەوەی کۆخە بەتایبەت کۆخەی منداڵان بەکار دەهێنن.[2]

## پێنجەم، بۆچوونی مێژوونووسان

ئێستا دەبێ بچینە سۆراغی مێژوونووسان و بزانین ئەوان لەمەڕ مێژووی سەردەمی خودایەتیـی بـەغ و خودایانـی دیکەی پێش ئەهوورامەزدای زەردەشـت دەڵێن چی و ناوچەی بۆکان و دەوروبەرەکەی تا تەختی سولەیمان و گەنجەک و ئاورگەی شیز

١. باوەگوڕگوڕی ناسراوی کەرکووکیش نابێ لە بیر بکرێ.

٢. بـۆ دۆزینـەوەی «وجـە تسـمیە»ی ئەو ناوانـە و گەلێک ناوی دیکەی ناوچەکـە، خراپترین شێواز ئەوەیە پەیوەندییان بە زمانی ئێستای خەڵکەوە بدرێ. نموونەی کارەکە ئەو کەسانەن وا بـۆ نموونـە، دەڵێـن هەورامان «هەورئاما» بووە و کاتێ کە هەور هاتۆتە سـەر ئاسـمانی ناوچەکە، کەسـێک هاواری کردووە هەور ئاما! یان ناوی کۆماسـی لەوەوە هاتووە کە خێگە ماسـتیان کۆکردۆتەوە و داویانە بە شـەڕکەران لەگەڵ خۆیاندا بیبەن و ئەو خێگە ماسـتانە ئەوەنـدە زۆر بـوون وەک کێوێکیـان لێ‌هاتـووە و بۆیە بەو خەڵکەیان گوتووە کۆماسـی! لە ڕاستی‌دا ئەو وشانە بنەمایان لە زمان و بیروباوەڕێکی کۆنی چەند هەزار ساڵەدایە و خودی زمانەکان سـەدان و هەزاران سـاڵە فەوتاون. تاقە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەو وشـە نەناسـراو و نامۆیانە، بردنەوەیانە بۆ سـەر دیاردە کۆنەکان و توێژەری زانا ئەگەر بتوانێ و نیشـانە و سەرەپەتێکی مێژوویی دەست بکەوێ، دەبێ بیانگەڕێنێتەوە سەر بنەما کۆنەکەیان.

لەو سەدە وساڵانەدا شایەدی چ ڕووداو و شەڕ و کارەساتێک بوون؟

مینۆرسکی دەڵێ «شوێنی گرنگی تەختی سولەیمان تەنانەت لە سەردەمی پێش ئاری و بەرلە دەورەی میدییەکانیش سەرنجی زۆری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. تاقمێکی ئەمریکایی لەو شوێنەدا ژمارەیەکی زۆری سواڵەتی نەخشاوی پێش مێژوویی‌یان دیتۆتەوە.»[1]

دەزانین تەختی سولەیمان، واتە گەنجەک (یان گەنزەک) و بە هەمان شێوە، ئاورگەی هەرە گرنگی «شیز»یش لە بنگوێی بۆکان بوون و بە شێوەیەکی سروشتی دەبێ بۆکان کارتێکەریی زۆری ژیانی ئایینی فەرهەنگی ئەو شوێنانەی لەسەر بێ. ناشبێ لە بیرمان بچێ کە بۆکان و شیز و گەنجەک لە هەموو ماوەی دوورودرێژی پێش دامەزرانی حکوومەتێک بەناوی ئێران، خاوەنی سیستەمێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بوون و بەشێک بوون لە حکوومەتی گۆتی وماننا. دوای بنیاتنانی حکوومەتە ئێرانییەکان وەک ماد و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیش گرنگایەتیی ئەو شوێنانە بە هەندێک هەڵکشان و داکشانەوە وەک خۆی مایەوە و هەتا هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە درێژەی کێشا، هێرشێک کە وەک بولدوزێر هەموو دیاردەیەکی فەرهەنگیی خەڵکەکەی وێران کرد، ڕاست وەک داعشی ئەمڕۆ و ئەوەی وا لەگەڵ پالمیرا و شوێنەوارە گرنگە مێژوویی‌یەکانی کردی.

با چاوێک بەو شوێنەوارانەدا بخشێنین کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و لە مێژوویەکی دوورودرێژی چەند سەدەیی‌دا ناوەندی گەورەی ئایینی سیاسی بوون نەک هەر لە ناوچەکە بەڵکوو بۆ سەرانسەری ئێران و تەنانەت بۆ دراوسێی وەک یۆنان و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی (بیزانس)یش.

خاڵی سەرەکیی بۆچوونەکانی من لێرەدا، جگە دوای ڕاگواستنی زانیاریی سەرچاوەکان سەبارەت بە شیز و گەنجەک، ئەوەیە کە ناگونجێ ئاورگەیەکی

---

١. ڤیلادیمیر مینۆرسکی، «لەشکرکێشانی ڕۆمی و بیزانسییەکان بۆ سەر ئاترۆپاتێن»، کتێبی «مینۆرسکی و کورد»، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپی دووهەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦، ل ١٠٧.

گرنـگ وەک شـیزی ئازەرگوشنەسـب لـە بنگوێـی بـۆکان بووبێ و شـاهانی ئێران لـە تیسـفوونەوە بەپێیـان هاتبێتنە زیارەتی و لەشـکری یۆنان و ڕۆم هاتبێتنە سـەر شـوێنەکە و شـەڕ و پێکدادانـی بەردەوامـی دوو سـپای ڕۆم و ئێـران هەر لەسـەر سنوورەکانی ڕۆژاواوە تا گەنجەک (گەنزەک)ی خەزێنەی جەواهیراتی شاهانی ئێران ڕوویان دابێ، بەڵام بۆکانی سـەرەڕێی ئەو سـپایانە لەو ڕووداوە سـپایی ـ سیاسـی ـ ئایینییانـە دوورەپەرێـز بووبـێ. بە بۆچوونێکی ئەوتۆوە، لەبەر نەبوونی نیشـانەی ڕاسـتەوخۆ سـەبارەت بـە مێـژووی کۆنـی بـۆکان، باڵـی ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی ناوچەکە دەکێشمە سەر بۆکان؛ هۆکارەکەشی ڕوونە: ئەگەر سپای یۆنان و ڕۆم لە سـنووری ڕۆژاواوە هاتبنە سـەر شیز و گەنزەک، ئاشـکرایە دەبێ بە بۆکان‌دا تێپەڕ بووبێتن و ئەگەر سپای ئێرانیش چووبێتنە بەرگریی ئەو لەشکرانە، هەر دەبێ دوای شیز و گەنزەک، بە بۆکان‌دا وەربووبێتن.

نزیکایەتییەکـی جوغرافیایـی ئەوتـۆ لە یـەک چوارچێوی سیاسـیی دیاریکراودا، ئاشکرایە دەبێ هاوبیریی خەڵکەکەش بەرهەم بێنێ و هەر بۆیەش بۆکان و قەڵاکەی و پەرسـتگاکەی وەک درێـژەی فەرهەنـگ و بـاوەڕی ناوچەی شـیز سـەیر دەکرێ و نـەک هـەر درێژەی ئەویش بەڵکوو تەنانەت لە سـەردەمی پێش هاتنی ئارییایی‌یەکان بـۆ ناوچەکـە، گرنگتـرە لەویـش. بە بۆچوونی من شـیز لـە سـەردەمی ئارییەکان و زەردەشـتایەتی‌دا گرنگایەتیی زۆری پەیدا کرد، دەنا پێشـتر و لە سـەدە و سـاڵانی زاڵبوونی ئایینی میترایی و مەزنایەتیی ماخوای ئاناهیتادا، دوور نییە بۆکان ناوەندی گەورەی باوەڕەکە بووبێ و ئەوەش لە هەموو ئەو دیاردە فیزیکییانەدا دەردەکەوێ کە ئێستا پاشماوەیان ماوە و ئەگەر بازاڕی ناسراو بە «خیابانی کۆن»ی داوێنی قەڵای بخرێتە سەر، بۆکان دەکەنە شارەدێیەک کە ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی تێدا ژیاون و بازاڕەکەش شـوێنی ئاڵوگۆڕی شـتومەک و بەرهەمی کشتوکاڵیی زیارەتکارانێک بووە وا لە شوێنی جیاجیای دەرەوەی شارەوە هاتوونەتە زیارەتی پەرستگاکە.[١]

١. کەسـانێک کـە شـاری ڕۆما، پێتەختـی ئیتالیایان چاوپێکەوتبێ، دەبێ پاشـماوەی شـاری مێژوویی «ڕۆم»یشیان بینیبێ و بزانن کە ئەویش و شارە ناوبەدەرەوەکانی دیکەی جیهانی

## ئاورگەی شیز

«میترا» پێش زەردەشت یەک لە مەزنترین خوداکانی هیند و ئێرانی بوو.»[١] بایەخ و گرنگایەتیی میترا و بە هەمان شێوە، ئاناهیتاش دوای زەردەشت هەر مایەوە. «ئەردەشێری دووهەمی هەخامەنشی لە بەردەنووسی هەمەداندا دەڵێ: «من ئەم کاخەم بە خواستی ئەهوورامەزدا و ئاناهیتا و میترا دروستکرد... ئەردەشێری سێهەمیش لەسەر دیواری باکووریی تەختی جەمشید (پرێسپۆلیس) نووسیویەتی: ئاناهیتا و میترای خودا ئاگایان لە من و ئەم وڵاتە و ئەو شتانە بێ کە من بنیاتم نان.»[٢]

ئەگەر ئاورگەی شیز لە سەردەمی زەردەشتایەتیدا بووبێتە خاوەنی گرنگایەتیی زۆر، کە هەرواش بووە، ئاورگەی زەردەشتییەکان لەسەر خۆڵەمێشی پەرستگای ئایینێکی کۆنتر (ئاناهیتا ) داندراوە. ئەوەش بەڵگەیەک بۆ پەسندی بۆچوونەکە: «پاشماوەی پەرستگەیەکی ئاناهیتاش لە وێرانەکانی تەختی سولەیماندا بەرچاو دەکەوێ.»[٣]



پاشماوەی شیز

کۆن، لەچاو شاری گەورە و «سوپەرشار»ەکانی ئێستا لە گوندێکی گەورە زیاتر نەبوون.
١. دکتر پرویز رجبی، «هزارەهای گمشدە»، پێشوو.
٢. هەمان.
3. http://iranatlas. info/sheez/sheez_index. htm.

«دەبێ ئەو خاڵە قبووڵ بکەین کە ڕێزگرتن لە ئاناهیتا و ئاگرپەرستن، سەرەتا لە شیز برەوی سەند و ڕێزگرتن لە ئاناهیتاش لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هەر لەوێوە گەییە ئەرمەنستان، بەڵام ئەو ناوەندە [واتە شیز بە تێپەڕبوونی زەمان پەیوەندیی لەگەڵ موئبەدان[ی زەردەشتی] و نەریتە ئاڤێستاییەکان پەیداکرد...»[1]

من ئەو «شیز»ەی وا لێرەدا گوتراوە، بە ناوچەی شیز دەزانم کە بۆکانیش بەشێکی بووە و بێگومان دەورێکی مەزنی گێڕاوە لە پەرەسەندی بیروباوەڕی پەرستنی ئاناهیتا لە ناوچەکە و زۆر وا هەیە شوێنی دیکەی دوور و نزیکی خۆشی.

هەروەها ئەو ڕادە زانیارییەی کە ئێستا بە دەستمانەوەیە، وا دەگەیەنێ کە پەرستگای ئاناهیتا لە بۆکان، لە سەردەمیماننایی و پێش ئەو، پەرستگای دەوڵەت ـ شارێک بووە. ئیرەج ئەسکەندەری لە کتێبی پڕبایەخی «در تاریکی هزارەها»دا کە تەرخانی شارسانییەتی شووش کراوە، دەنووسێ: «دوای سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ شارەکان، یەکەمین ڕێکخراوی دەوڵەتی، شێوازی حکوومەتی ئایینی بەخۆیەوە گرت و حاکمییەت وەک «خەڵاتی خودایی» سەیر دەکرا... پەرستگا کۆنەکان[ی سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی] وەک شوێنی دەرکەوتنی ئیلاهییەتی تایفە یان هۆز، بەشێک لە کۆمۆن بوون و بەو بۆنەیەوە دیاری و پێشکەشی و کاری خۆبەخشانەی ئەندامانی کۆمۆنیشیان پێدەگەیشت، لە کاتێکدا پەرستگای شاری وەک پاڵپشتی ئەشرافییەتی ئایینی، لە شێوەی هێزێکی ئابووری و سیاسیی حاکم بەسەر کۆمەڵگادا، بەشی زۆری زێدەبەرهەمی کۆمەڵگاکەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و کۆمۆنی لە بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراودا دەچەوساندەوە. خەسڵەتی چەوساندنەوەی پەرستگای شاری لەژێر ناوی خودای کۆنی ئەودا شاردرابۆوە و خودا هەمان ناوی پێشووی لەسەر بوو.»[2]

---

1. S Wikander، «Feuerpriester in Kleinasien und Iran»، S. 180, 181.

بابەتەکەم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: ن. پیگولوسکایا، «شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان»، ترجمه عنایت‌الله رضا، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٧/ ١٩٩٨، ص ۴۶۶.

٢. ایرج اسکندری، «در تاریکی هزارەها»، بەکوشش علی دهباشی، چاپ دوم، نشر قطره،

بـەم پێیـە، پەرسـتگای بۆکانیـش وەک شـیز، باوەکـوو دوای هاتنـی ئارییـەکان پەیوەندیی بە ئایینی مەزدیسـناوە درابێ و بووبێتە شـوێنی موئبەدانی زەردەشـتی، بـەڵام نـاوی خـودای ئاناهیتای هەر لەسـەر ماوە تـا ئەوەی عەرەبـەکان هاتوون و تەفروتونایـان کردووە. نیازم ئەوەیە بڵێم ڕابردووی ژیانی شارسـتانییەت لە بۆکان زۆر کۆنتـرە لە سـەردەمی ئەشـکانی و ساسـانی کـە هەندێک سـەرچاوە، مێژووی قەڵاکە دەگەڕێننەوە سەردەمی ئەوان (بڕواننە سەرەوەتر).

تەنیـا چەنـد میترێـک لـە داوێنـی باشـووری قـەڵا و لەسـەر گۆلـی مەردانبەگ، ژوورێکی چوارگۆشـەی دەسـکردی بەردین هەیە، کە بە حیسـابی شێوەی تاشین و بیناکردنەکەی، دەبێ شوێنەوارێکی مادی یان ماننایی بێ. ئەو ژوورە ئێستا کەوتۆتە نـاو ماڵـی یەکـێ لە بنەماڵـە ناوبەدەرەوەکانی بـۆکان و لە سـەردەمی منداڵیی مندا دۆزرایەوە، ئەو شوێنەوارە تا ئێستا لە هیچ کوێیەک باسی نەکراوە و نەناسراوە.

شوێنەکە ئەشکەوتێکی میترایی بێ. تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەشکەوتە دەسکردانەی وا بۆ پیرۆزکردنی خودای هەتاو (میترا) دروست دەکران لە سەرەوەتردا باسیان کرا؛ کاتێ ئەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ هەندێک ڕاسـتەقینەی فیزیکیی ژوورەکە و مێژووی ناوچە دادەنرێ، دەکرێ بگەینە ئەو باوەڕەی کە لە مەودایەکی دەوروبەری ١٠٠ میتریی خوڕێنک و حەوزەگەورەدا ئەشکەوتێک بۆ پەرستنی میترا و تیشکی هەتاو داتاشرابێ. ئەشکەوتە میترایی‌یەکان کە گابارەشیان پێدەگوترێ، بۆ کوشتن و قوربانیکردنی گا کەڵکیان لێوەرگیراوە.[1] ئەفسانە و ئوستوورەی شەڕی گامێشی نێر، واتە کەڵ لەگەڵ شـێریش مێژوویەکی گەلێک کۆنی هەیە و لە مەلحەمەی «گیلگامیش»ی ئاشووری و هەروەها لە شـوێنەوارە هونەرییەکانی ئەو سـەردەمەدا کە لەسـەر بەرد تاشـراون، ماونەتـەوە. بەیتێکـی کوردیش بەناوی کەڵ و شـێر هەیە کە گەیشـتۆتە سـەردەمی

تهران ١٣٨٠/ ٢٠٠١، ص ٤٦٢ ـ ٤٦٧.

١. ئـەوەی دەگوتـرێ گا، نازانـم گا و مانگا هەردووکیانن یان خود هەر گایە؟ لە ئینگلیزی و فارسـیدا ڕەسـم وایـە بەهەردووکیـان هـەر گا دەگوتـرێ مەگـەر کەسـێک بیـەوێ زۆر لە مەسەلەکە ورد بێتەوە و بڵێ گای نێر یان مێ؛ بەڵام لە کوردیدا «گا» و «مانگا»یە کە هەمان ماگا واتە گای مێیە.

ئێمە[1] و وەک بزانم هەندێک شوێنیش هەن بەناوی کەڵ و شێرەوە کراون کە یەکیان لــە دەوروبــەری گوندی «قەڵای ڕەسووڵەسـیت»ی ســەر چۆمیمەجیدخانە لە نێوان بۆکان و میاندواو.

ســەبارەت بــە ئەشــکەوت یان ژووری لە بەردتاشــراوی بۆکان دەبــێ بڵێم خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەو دەمەی وا من چاوم بە ئەشکەوتەکە کەوتووە (٥٥ ساڵێک پێش ئەمڕۆ)، تا ناوقەدی ژوورەکە ئاوی تێدا بوو. زۆر وێدەچێ ئەم ئاوە ساڵانێکی درەنگتــر، لــە شــوێنی دیکــەوە دزەی کردۆتە نــاو ژوورەکە، لەبــەروەی مەودایەکی ٢٠ ـ٣٠ میتــری زیاتــری نییە لەگــەڵ ئاوی گۆلی مەردانبەگ و لەوەش زیاتر، ئاوی جۆگەلەی لە خوڕێنکەوە سەرچاوەگرتوو بە بن دیواری ماڵەکەدا تێدەپەڕێ.

کاتێ دەچینە باســی ئەو چەشــنە بینایانە لە ناوچەکە، دەبێ باســی گردی ئاوایی «قەڵایچــی» و ئەشــکەوت یــان بینایــەی بەردینــی «ئاغجەیــوان» و «بیبیکەنــد» و «فەرهادتاش»ی گوندی سماقان و زۆر شوێنی دیکەی بکەین کە لەباری بیناسازییەوە، شــوێنەواری مــادی و پێــش مادیــن و مێــژووی شــار و ناوچەکــە دەبەنــەوە ســەر سەردەمێکی کۆنتر لە ئەشکانی و ساسانی، سەردەمێک کە خودای «ئەهوورامەزدا»ی زەردەشــتییەکان هێشــتا جێی خودای «بەگە» یان «بەغ»ی نەگرتبۆوە و تەنانەت کاتێ ئایینــی زەردەشــتیش بڵاوببوویــەوە، ڕێــز و ئیحترامی خودای «بەگــە» لە جێی خۆی هــەر مابــوو، لــە ئەنجــامدا نیازێــک بە گۆڕینــی ناوی ئەو شــوێنەی وا لــە پەیوەندی خــودای بەگەدا ناوانرابوو (بۆکان) نەبوو و ناوەکە لە ســەردەمی زەردەشــتایەتی و دوای ئەویش هەر لەسەر شارەکە مایەوە و نەگۆڕا.

ســەبارەت بــەو ئاڵوگــۆڕەش وا بەســەر وشــەکەدا هاتــووە و لــە «بەغــان» و «بەکان»ەوە بۆتە بۆکان، دەبێ بگوترێ سوانی پیتێکی کۆنستانت یان گۆڕانی پیتێکی ڤاوڵ لەســەر زمانی خەڵک شــتێکی ئاســاییە و وشــەی کۆن بە تێپەڕبوونی زەمان ئاڵوگۆڕی زۆر لەوە زیاتریشی بەسەردادێ، بەتایبەت لە مێژوویەکی دوورودرێژی چەنــد هــەزار ســاڵە. لێــرەدا پێویســتە ئامــاژە بــە نوکتەیــەک بکــرێ: ئازەربایجانییە

1. https://soundcloud. com/hedi jh 2/o8jjsblxwhr7.

تورکزمانەکانی ناوچەی موکریان و تەورێز، ئێستاش ناوی «بۆکان» بە شێوەی «بەکان» بێژ دەکەن و ئەوەش دوور نییە ڕیشەی لە مێژوویەکی کۆندا بێ و ئەگەر ناوەکە لەنێو کورداندا، بەپێی بارودۆخی تایبەتی زمانی کوردی گۆڕابێ، لە زمانی ئازەربایجانی و دوور نییە لە زمانی «ئازەریی کۆن»یشدا،[1] هەر شێوەی کۆنی خۆی پاراستبێ. بەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر زمانی ئازەریی کۆن بەدەستەوە نییە تا یارمەتی باسەکەمان بدا.

## ناوچەکە بەگشتی

لە کۆتاییدا، بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکان لەمەڕ بنەچەکی ناوی بۆکان و دەورێک کە لە پەرەسەندنی ئایینی میترایی و برەو پێدانی باوەڕ بە ماخوای ئاناهیتادا بینیویەتی، پێویستە ئاوڕێک لە ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی ناوچەکە بدەینەوە.

ئاورگەی «ئازەرگوشەسب» یان «ئازەرگوشەن ئەسەب» یان ئاورگەی شاهی، کە زیاتر هەر بە ناوە گشتییەکەی ئاورگە، واتە «شیز» ناسراوە،[2] لە سەردەمی ساسانییەکاندا (٢٢۴ ـ ۶۵٢ی ز) یەکێک بووە لە گرنگترین ئاورگەکانی هەموو ئێران و شاهانی ساسانی بەپێیان لە تیسفوونی نزیک بەغداوە هاتوونەتە زیارەتی. ئەم ئاورگەیە لە نزیک شارێکی مێژوویی دروستکراوە کە ئێمە بەناوی «گەنجەک» یان «گەنزەک»ەوە دەیناسین. لە شەڕی خوسرەو پەرویزی شای ساسانی (۶٢٨ـ۵٩٠ی ز) لەگەڵ بەهرامی چووبینەی سەرداری سپای خۆی[3] لە ساڵی ۶٢٣دا، خوسرەو لەلایەن «هیراکلیۆس» ئیمپراتۆری ڕۆمەوە هاوکاری کرا و سپای یاریدەدەری بۆ نێردرا. «بە گوتەی «ئێدوین ڕایت»، [سپای] بەهرام سەرەتا لە چیاکانی بانە دامەزرا، بەڵام لەژێر گوشاری

---

١. ئازەری کۆن کە لە ئێران پێی دەگوترێ «آذری باستان». لقێکی زمانە ئێرانییەکان و گەلێک وێچووی زمانی کوردی بووە و ئێستا تەنیا لە چەند گوندێکی ئازەربایجانی ئێران و ناوچەیەکی بچووک لە کۆماری ئازەربایجاندا ماوە و لە گیانەڵڵای فەوتاندایە.
٢. لە ڕاستیدا «شیز» ناوی ئاورگەیەکی تایبەت نییە و واتای گشتیی ئاورگەی هەیە، بەڵام وەک «غلط مصطلح» بەو ئاورگەیە دەگوترێ کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان.
٣. بەهرام لە ساڵی ۵٩٠ی زایینیدا ڕاپەڕی و داوای پادشاهی کرد، هەرئەوەش بووە هۆکاری شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ خوسرەو.

هێزی ژێر فەرمانی خوسرەودا هەتا «گەنزەک» پاشەکشەی کرد. «هەردوو لەشکر لە دەشتی «داناک» کە تەبەری بە «دنق» و فیردەوسی بە «دوک»ی نووسیوە و کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی گەنزەک پێکگەیشتن.»[1] خوسرەو کە دوای شکستەکانی پێشووی لە سپای بەهرام، بۆ پاراستنی خەزێنەی جەواهێراتی شاهی هاتبووە ئاورگەی شیز و لەوێ چاوەڕوانی هاتنی چەند سەردارێکی سپای خۆی دەکرد تا بە لەشکرەوە بێنە یاریدەی؛ یەک لەو سەردارانەی خوسرەو پەرویز، ناوی ڕۆسمیزان و ناسناوی «شاربەراز» بوو. هەروەها چەند کەس لە سەردارانی سپاکەی خۆی گرت و خستنییە زیندانەوە کە یەک لەوان «زامەرد» بوو.[2]

ئێستا، «قورەبەراز» و «جامەرد» دوو گوندن لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەر ڕێگای بۆکان بۆ شاری «گەنزەک» کە ئێستا بە «تەختی سولەیمان» دەناسرێ. ڕواڵەتی ئێستای ناوی قورەبەراز شتێکی ئەوتۆمان پێنادا و «جامەرد»یش بەڕواڵەت واتایەکی ئەمڕۆیی نییە، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێرانیش لە بەڵگە فەرمییەکاندا کردوویانەتە «جوانمرد»! بەڵام ئەگەر ناوەکان بخەینە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە دەبینین خوسرەو پەرویز ڕوو لە دۆست و پشت لە دوژمن، لەبەر بەهرامی چووبینەی سەرداری سپای خۆی هەڵات و چوو لە گەنزەک دانیشت تا «شاربەراز» بێ بە هانایەوە و لەژێر پلاری ڕزگار بکا. لە قۆناغێکی دواتریشدا «زامەرد»ی دەستبەسەر کرد. من پەیوەندی دانی ناوی گوندی «قورەبەراز» بەناوی «شاربەراز» و گوندی جامەرد بە «زامەرد»ەوە بە بۆچوونێکی وێچوو دەزانم.[3]

بەهیوای ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە، هەنگاوێک بێ لە تەمتومانی مێژووی نادیار (و هەندێک جاریش چەواشەکراو)ەوە بەرەو ڕووناکی و ڕوونکردنەوە و کاری

---

١. رئیس‌نیا، رحیم، «آذربایجان در سیر تاریخ»، ج ١، ص ١٩۴.
٢. نینا پیگولفسکایا، «ایران و بیزانس در سده‌های ششم و هفتم میلادی»، ترجمه کامبیز میربهاء، نشر ققنوس، تهران، ١٣٩١/ ٢٠١٢، ص ١٠۴ و ١٢۶.
٣. من لام وایە زۆر وێدەچێ ئەم دوو گوندەی ئێستای جامەرد و قورەبەراز لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینیدا شار یان خود شارەدێیەک بووبێتن، دەنا وێناچێ تەنیا گوندێکی چەند ماڵی بە شانازیی ئەم کەسایەتییە مەزنانە و ئەوم ڕووداوە گرنگانەوە ناونرابێتن.

جیددی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ناوچەکە. داهاتوو دەبێ زۆر خاڵی تاریکی ئەمڕۆمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

## شەشەم، ئاکام و کۆتایی

حەوزەگەورە، بە دوو جۆگەدا ئاوی لەبەر دەڕوا، خوڕێنک لە لایەکی دیکەوە و هەموویان بۆ ئاناهیتای خاوەنی ئاو، قەڵای عەمباری پێشکەشییەکان و سەربازخانەی پارێزگاری کردنی ئەو گەنجینەیە، مزگەوتی چوارگۆشەی کۆڵەکەدار، پلیکانی نێوان مزگەوت و قەڵا، گڵەجان (گۆڕستانی پیرۆز)، ئەشکەوت یان ژووری لە بەردتاشراوی سەر گۆلی مەردانبەگ، گۆلی لەیلووپەڕ و...

ئەو دیاردە فیزیکییانەی سەرەوە هاوڕێ لەگەڵ بۆچوون و هەڵسەنگاندنی شارەزایانی بواری مێژووی کۆنی ناوچەکە، دەریدەخەن ئەگەری زۆر هەیە ئەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ تایبەتمەندیی پەرستگاکانی ئایینی میترایی و ماخوای ئاناهیتادا (سێ هەزارەیەک پێش ئێستا) یەک بگرنەوە.

وشەی «بۆکان» لە پەیوەندییەکی نزیکی خودای «بەگە»دایە کە پێش هاتنی ئارییەکان و دەرکەوتنی ئایینی زەردەشت، خودای گەلانی ناوچەکە بووە و شارەکەش ناوی خۆی لەو وەرگرتووە. ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی ناوچە ئەم نزیکایەتییانە دەسەلمێنن.

کۆتایی قسە: بۆکان لەو سەردەمانەدا شوێنەوارێکی میترایی و پەرستگایەکی ماخوای ئاناهیتا بووە.[1]

**نەورۆزی ١٣٩٥ی هەتاوی/ ٢٠١٦ی زایینی**

١. بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە، وتارێک بوو بەناوی «چەند تێبینییەک لەسەر ناوی شاری بۆکان» کە بەهاری ١٩٩٢ لە ژمارە ١٩ی گۆڤاری «مامۆستای کورد» چاپی ستۆکهۆڵمدا بڵاوکرایەوە، پاشان برادەرانی ماڵپەڕی ڕۆژهەلات/ بۆکان وەک نامیلکەیەک بڵاویان کردەوە و لەسەر ماڵپەڕەکەشیان دانا. ساڵی١٩٩٦ پێداچوونەوەیەکی وتارەکەم کرد و لەسەر هەمان ماڵپەڕ داندرایەوە.

## شارەکانی ئێران لە سەردەمی پارتییەکان و ساسانییەکان‌دا[1]

ئەم کتێبە پڕبایەخە لەسەر بارودۆخی شارەکانی «بین‌النهرین»، واتە هەرێمی دووچۆمان و مێژوو و کولتووری خەڵکی باکووری ڕۆژاوای ئێران لە سەدەکانی سێهەم تا پێنجەمی زایینی‌دا نووسراوە. نووسەر، خاتوو پیگولوسکایا کتێبەکەی بە ڕووسی نووسیوە، پاشان لە زانستگەی سۆربۆنی فەرانسە کراوەتە فەرەنسی و ئینجا «عنایت‌الله رضا» وەریگێڕاوەتە سەر فارسی و بۆ تەرجەمەکەی خۆی کەڵکی لە هەر دوو دەقی ڕووسی و فەرەنسی بینیوە. کتێبەکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ بارودۆخی ئابووری ـ سیاسی ـ فەرهەنگیی شارەکان و لەنێو ئەوانەدا گەنزەک و ئاورگەی شیز لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان. نووسەر دەنووسێ:

«ستایش کردنی ئاناهیتا و پەرستنی ئاگر سەرەتا لە شیز برەوی سەند و پاشان لە سەردەمی پارتییەکان‌دا گەیشتە ئەرمەنستان (ل ٤٦٦)... پێش هێرشی عەرەب، شیز لە هەموو وڵات(ی ئێران)دا گرنگایەتیی زۆری هەبوو. لەو شوێنە، بەتایبەت ناوچەی گەنزەک و بە تەنیشت ئاورگەی ناوداری ئاتورگوشەسب (ئازەرگوشنەسب)ەوە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی «موغ» هەبوو. ئەوە شوێنی پەروەردەی هەموو موغەکان بوو و «سرووشی موغان»ی پێدەگوترا. شوێنێک بوو کە موغەکانی هەموو ئێران لەوێ کۆدەبوونەوە تا فێری نزا و پاڕانەوەکانی زەردەشتی کوڕی سپیتامان بن... لە شیز پێرستێک لە دەقی جۆربەجۆری ئاڤێستا لەسەر پێستی گا نووسرابوو...»

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ مێژووی بەشی ڕۆژهەڵاتی بۆکان.

---

١. ن. پیگولوسکایا، شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان، ترجمە عنایت‌الله رضا، چاپ سوم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران ١٣٧٧ش/ ١٩٩٨ م.

## بۆکان لە هەندێک سەرچاوەی بیانیدا

لێرەدا چەند سەرچاوەیەک دەناسێنم کە لە وتاری بەنرخی مینۆرسکی (ناوی موغولیی شوێن لە کوردستان)م وەرگرتوون. زۆربەی زۆری ئەم سەرچاوانەی وا مینۆرسکی باسیان دەکا بە زمانگەلی وەک ئاڵمانی و فەرەنسی و ڕووسی نووسراون و من ناتوانم سەریان لێهەڵێنمەوە. لەلایەکی دیکەوە کتێب و سەرچاوەی کۆنن و بە هاسانی دەستم پێیان ڕاناگا.

ئەوەی پێم دەکرێ و دەشیکەم ئەوەیە ناوی سەرچاوەکان لێرەدا رابگەیەنم بۆ ئەوەی خەڵکانی شارەزای ئەو زمانانە ئەگەر لە داهاتوودا ویستیان، بتوانن بچنە سۆراغیان و بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لەمەڕ ناوی شوێن لە ناوچەی بۆکان کەڵکیان لێوەربگرن. ئاشکرایە ئەو سەرچاوانە سەبارەت بە ئێران بەگشتی نووسراون و تایبەت بە ناوچەی بۆکان نین، بەڵام هەر ئەوەی مینۆرسکی لەنێو وتاری سەبارەت بە موکریاندا ناوی بردوون دەریدەخا کە بەشی تایبەت بە ناوچەی بۆکانیشیان تێدا دەدۆزرێتەوە.

Ptolemy «Catalogue of Median Places».

واتە: کاتالۆگی ناوە مادییەکان بەگوێرەی «بەتلەمیوس».

G. Hoffmann, «Auszüge aus Syrischen Akten Persischer», Märtyrer, 1880.

H. Hübschmann, «Die Altarmenischen Ortsnamen».

لەم سەرچاوەیەدا:

«Indogermanische Forschungen, 16; 1904, 197 – 490,

Justy, «Iranisches Namenbuch» ; 1895. M. Streck, «Das Gebiet d. heutigen Landschaften Armenien, Kurdistan und west Persien», Zeit F. Assiryologie, 14, 1899, 103 – 172, 6, 7, 8, x9.

سەبارەت بە مێژووی مانناکان:

Jermiah Li, 27, «The Kingdom of Ararat (Urartu, Minni (Manna) and Ashchenaz (Scythians)».

Beck W., «Das Reich d. Mannäer» im Verhandi d. Bert, Gesell F., Anthropologie, 1894, 479 – 87.

G. Melikishvilli, «Voprosi istorii Maneyskogo Tsartva», im Vest. Drevney i. «Ocherki po drevney istorii Azerbayjanna, Baku, 1956, 57 – 169.

کە ئەوەی دوایی‌یان ڕوانگەی تورکەکان سەبارەت بە مێژووی ماد و پێش ئەو دەردەبڕێ و پێویستە بە پارێزەوە وەربگیرێ.

Io. Col. E. M. Wright, «Eeight Campains of Sargon», in Journal of, Near Eastern Studies, II, 3, 1943, 173 – 85.

مینۆرسکی هەروەها ناوی ئەم توێژەرانەشی هێناوە و گوتوویەتی ئەم کەسانە تۆپۆنیمی واتە «وجە تسمیە»ی زۆر کۆنی زنجیرەی زاگرۆسیان لە پەیوەندیی سەرچاوە ئاشوورییەکاندا خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە:

Billerbeck, Thureau – Dangin, Forrer, E. Speiser, Herzfeld, J. Marguart.

## هەڵكەوتی مێژوویی بۆكان

بـا سـەیرێكی سـاكاری هـەل و هەڵكەوتـی بـۆكان بكەیـن لە مێـژووی كۆنـی پێش ئیسلامدا، جیا لەو ڕاستییەی كە بۆكان خۆی بەشێك بووە لە مادی بچووك. ئەگەر وەك شار، ناوچە یا ناوەندێك بیگرینە بەرچاو، دراوسییەكانی بریتی بوون لە:

لە بەشـی ڕۆژهەڵاتەوە: تەختی سـولەیمان، ئاورگەی شـیز و شـاری پەراسپەی ساسانییەكان، سماقان و فەرهادتاشی بیبیكەند.

لـە لای ڕۆژاواوە: فەقرەقای مەهاباد (قەبری فەرەوەرتیشـی مادی)، شـارویران، گردی حەسەنلووی نەغەدە و شارسانییەتی ئوورارتوی ئەرمەنی.

لـە باكـوورەوە: گونـدی قەڵایچـی، گونـدی سـەراو و ڕەحیمخانـی سـەر چۆمیمەجیدخان كە یەك لەو دوو شـوێنە بەرانبەر دێتەوە لەگەڵ «نسـا»ی پێتەختی مانناییەكان.

لـە لای باشـوورەوە: گـردی گرنگـی گونـدی بۆگەبەسـی، زێویـەی سـەقز، شارستانییەتی سەكایی و كاسی و دوورتریش ئاشوور و گۆتی و لووللووبی.

ئەگەر ٣٨ گردی مێژوویی بۆكان و دەوروبەری، بە گردی قەڵای نێوشار، گردی كولتەپە، حەمامیان و ئەوانی دیكەوە بگرینە بەرچاو، كە سارگۆنی دووهەم پادشای ئاشـووری لـە سـاڵی ٧١٦ ـ ٧١٥ی پێشزاییـن دەوڵـەت ـ شـارەكەی فەوتاندن، ئەوا گرنگایەتیی مێژوویی شار و ناوچەكەمان تا ڕادەیەك بۆ دەردەكەوێ. لە بەشەكانی دواتـردا باسـی هەنـدێ سـەرچاوە دەكەم كە سـەبارەت بـە شارسـتانییەتی مانناییی دواون و مانناییەكانیش بەبێ هیچ گومانێك لەم ناوچەیە ژیاون و هەروەها باسی شارستانییەتی دیكەی ناوچەكەن.

بەكورتی، بۆكان و دەوروبەری موزەیەكی مەزنی سەرئاوالەیە.

## شارستانییەتی ماننایی

تا ئەم ساڵانەی دوایی دەگوترا کە پێتەختی مانناکان لە دەوروبەری گوندی سەراو و ڕەحیمخانی سەر چۆمیمەجیدخان بووبێ. وا دوای توێژینەوەی ئەم دوایییانە لە ئاسەوارەکانی گوندی قەڵایچی هەندێ بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی سەراو و ڕەحیمخان، هەندێک لە شوێنەوارناسە ئێرانییەکان ناوی گوندی قەڵایچی وەک پێتەختیماننا دەبەن. هەر دوو شوێنەکە لە نزیک بۆکان و سەر بە بۆکانن.

ئەم یا ئەو، مانناکان لە ناوچەی دەوروبەری بۆکاندا حوکمێکی بەرفراوانیان دامەزراندبوو و پێش هاتنی مادەکان بۆناوچەکە، دەسەڵاتیان بەسەر دەیان «دەوڵەت ـ شار»دا دەڕۆیشت. مانناکان لەگەڵ ئوورارتوویییەکان لە بەشی ڕۆژاوای خاکەکەیان لە شەڕێکی هەمیشەییدا بوون، بەڵام ئەوە ئاشوورییەکان بوون لە دوای چەند جار لەشکرکێشانە سەر ناوچەکە، لەساڵی ٧١٤ی پێشزاییندا نزیکەی ۴٠ دەوڵەت ـ شاریان تا گوندی بۆگەبەسی باشووری بۆکان لێ وێران کردن و مادەکان بوون کە هاتن و حکوومەتەکەیان بەیەکجاری لێهەڵوەشاندنەوە.

پان تورکیستەکانی ئەمڕۆی تورکیا، کە دەیانەوێ هەموو دیاردەیەکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرنەوە سەر ڕەگەزی تورک، لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیان داوە خۆیان بە مانناکانەوە ببەستنەوە و زمانی مانناکان بە تورکی دابنێن و ئەوەش دیعایەیەکی بەتاڵە و ئاشکرایە فرِی بەسەر ڕاستییەوە نییە.

مێژووی مادی دیاکۆنۆف لە زۆر شوێندا باسی شارستانییەتی مانناکان دەکا، ئەوەش هەر لە یەکەم دێڕی یەکەم لاپەڕەوە هەتا نێوەڕاستەکانی کتێبەکە و بەتایبەت فەسڵی دووهەم (ل ١٣٩ بەدواوە لە تەرجەمەی فارسیدا)؛ هەروەها کتێبی فارسی «آذربایجان در سیر تاریخ ایران، از آغاز تا اسلام»نووسینی ڕەحیم ڕەئیسنیا باسێکی زۆری لە حکوومەتی مانناکان کردووە و بە کۆنترین دەوڵەتی موعتەبەری دەزانێ و دەڵێ: «لەسەر خاکی ئازەربایجان» داندراوە (ل ١٣٩). ڕەئیسنیا دەڵێ «ماننا» یەک لە

ڕێکخراوە حکوومییەکانی «لووللووبی ـ گۆتی» بووە (ل ١٩٧)؛ دواتریش دەنووسێ لە نێوان ساڵانی ٨١٠ تا ٧٧٤ی پێش‌زایین‌دا، هێزەکانی ئاشوور ١٤ جار هێرشیان کردە سەر خاکی ماننا (ل ١٩٨). ڕەئیس‌نیا کە ڕوانگەیەکی تا ڕادەیەک «تووڕانی» هەیە، لە لاپەڕەی ٢٠١ی کتێبەکەی‌دا ناوی یەک لە شاهانی ماننایی بە «ئازا» دەبا و دەڵێ «ئازا لایەنگریی ئاشوورییەکانی دەکرد.» زۆر وا هەیە ئازا هەمان ناو بێ وا کوردان ئێستا لەسەر کوڕانی خۆیانی دادەنێن یا دەیکەنە ناسناو بۆ واتای بەجەرگ و دلێر. لە لاپەڕەی ٢١٦ش‌دا لە زمانی ئاندرێ گوداری کۆنەوارناسەوە دەڵێ: «هونەری سەکایی لە بنەڕەت‌دا هونەرێکی مانناییی‌یە...»

لە پێوەندی لەگەڵ مانناکان‌دا گەلێک سەرچاوەی دیکە هەن و دوو لەو کتێبانە، «تاریخ مردم ایران» نووسینی دوکتۆر «عبدالحسین زرین‌کوب» و «تاریخ ایران‌زمین»ی دوکتۆر «محمدجواد مشکور»ن.

بەداخەوە لە سەرچاوە کوردییەکان و بۆ نموونە، لە «خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان»ی ئەمین زەکی‌بەگ‌دا ئاماژەیەک بە مانناییی‌یەکان نەکراوە.[١]

١. رحیم رئیس‌نیا، آذربایجان در سیر تاریخ ایران از آغاز تا اسلام (بخش اول)، انتشارات نیما، تبریز ١٣٦٨/ ١٩٨٩، فارسی.

## مانناکان[1] لە ئینسیکلوپێدیای بریتانیکادا

ئینسیکلوپێدیای بریتانیکا یەک لەو سەرچاوانەیە وا سەبارەت بە ماننایییەکان بابەتی نووسیوە و من لێرە لە درێژەی باسی مانناکاندا وەرگێڕاوی کوردیی بابەتەکەتان پێشکەش دەکەم:

«خەڵکی دانیشتووی باکووری ڕۆژاوای ئێرانن، کە خاکەکەیان پێی دەگوترێ مانای (Mannai) یا مانا (Mana)، لە باشووری گۆلی ورمێ و ئازەربایجان و کوردستانی ئێستا. لە سەردەمی خۆیاندا تا سەرەتای یەکەمین هەزارەی پێش‌زایین، مانناکان لە سێ لاوە لەلایەن سێ هێزی گەورەوە دەور درابوون: ئاشوور لە ڕۆژاواوە، ئوورارتوو لە باکوورەوە و مادەکان لە باشوورەوە. لەو سەردەمەدا کە ئاشوور بەرەو ڕۆژهەڵات پەرەی دەسەند ناویان بۆ یەکەم جار لە ساڵنامەی شای ئاشوور، «شەلمانەسەر»ی سێهەم (٨٥٩ ـ ٨٢٤ی پێش‌زایین)دا هاتووە. بۆ دواجاریش لە ساڵنامەی ئوورارتوودا ناویان براوە لەلایەن روسا (Rusa)ی دووهەمەوە (٦٨٥ ـ ٦٤٥ی پ. ز)؛ هەروەها لەلایەن ئاشوورییەکانەوە [بۆ دواجار] لەلایەن «ئیسارهادۆن»ەوە (٦٨١ ـ ٦٦٩ی پ. ز) بەگشتی، ماننایییەکان دوای هێرشی «سەکا» و سەرهەڵدانی مادەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش‌زاییندا، ناسنامەی خۆیان لە دەست دا و چوونە ژێر دەسەڵاتی مادەکانەوە. ناوی شوێن و کەسەکان لە زمانی ماننایی‌دا پێوەندیەکی بە زاراوەیەک لە زمانی حوری (Hurrian)یەوە هەبوو.

ڕروون کردنەوە:

مـن ئـەم تەرجەمەیـەم لەبـەر چاپێکی کۆنی بریتانیـکا ئامادە کردووە. ئێسـتا کە سـەردانی چاپـی تـازەی بریتانیکام کـرد بۆ پێداچوونـەوە و تەواوکردنـی وتارەکە، بەداخەوە بابەتی لەمەڕ ماننایی تێدا نەبوو.

1. Mannaeans

## شارستانییەتی زاموا/ زاموئا (زاموای نێوخۆیی)

وەک لە چەند بەشی پێشتر باسم کرد، مێژووی بۆکان پێوەندیی نزیکی بە هەندێ شارستانییەتی کۆنەوە هەیە و لەوانە مادی و شارستانییەتەکانی پێش هاتنی ماد و ئارییایییەکان بۆ ناوچەکە.

لەو شارستانییەتانەدا باسی «ماننـاکان»م کرد و لێرەدا سەبارەت بە «ئەیالەتی زاموا» دەدوێم. دیاکۆنۆف لە مێژووی ماددا کاتێ خاکی ماد لەباری جوغرافیایییەوە دابەش دەکا (ل ٨٥ی ترجمەی فارسی) و دەنووسێ: «ب: لێواری باشووری گۆلی ورمێ و حەوزەی چۆمی جەغەتوو و ئەو ڕووبارانەی وا بە شێوەی هاوتەریب لەگەڵ ئەودا دەڕژێنە خوارێ [و تەتەهووی بۆکان یەک لەوانە]، لە سەدەی نۆهەم[ی پێشزایین]دا بە «زامو»ی نێوخۆیی دەناسرا و بەسەر چەند یەکەی سەربەخۆی سیاسیدا دابەش دەبوو (حاررانا، ماننا، مێسی و...). ئەم ناوچەیە، درەنگتر ناوکی دەوڵەتی ماننای پێکهێنا [واتە زاموا پێش ماننا بووە] و دەکرێ لە سەدەی حەوتەمی پێشزایین بەدواوە بە ناوەندی ئابووریی ماد بێتە حیساب... ئەیالەتی «زاموئا» یا «لووللوو» لە باری جوغرافیایییەوە پەیوەندیی زۆری لەگەڵ ئاشوور هەبووە و هەموو ئەو خاکەی کە لە گۆلی ورمێوە تا بەشەکانی ژووروویی ڕووباری دیالە (ناوچەی شاری ئێستای میاندواو و بانە و سلێمانی و زەهاو و سنە) لە واتای بەربڵاوی خۆیدا بەو ناوە دەناسرا و زاموئایی پێدەگوترا. زاموئا، بەشی سەرەوەی دۆڵی ڕووباری «زێ»ی بچووک بووە... (ل ٨٦ ـ ٨٧).»

مێژووی مادی دیاکۆنۆف و سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمانە ناوی «زاموا»یان تۆمار کردووە و توێژەرەوەی مێژووی کۆنی ناوچەی بۆکان پێویستە سەیری هەموو ئەو سەرچاوانە بکا.

خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندیی زاموا و شوێنەوارە کەوناراکەی قەڵایچیدا ئەوەیە مامۆستای کەوناراناس دوکتۆر حەسەنزادە یەک لە پسپۆڕانی بواری کەلەپووری

فەرهەنگیی ئێرانە، لەسەر ئەو بابەتە کاری کردووە و وتاری نووسیوە کە یەکیان بریتییە لە:

حسن‌زاده، یوسف، «تحلیل آماری بقایای معماری محوطه مانایی قلایچی بوکان»، نشریه سازمان میراث فرهنگی ایران، سال دوم، شماره ٣، بهار و تابستان سال ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، صفحات ٤٨ ـ ٥٦.

## مۆنیومێنتی ئیزیرتوو

بـۆکان و ناوچەکـەی پێش هەموو کەس و زیاد لە هەمـووان هی مانناکانە. ماننـاکان گەورەترین هێز و دەسەڵاتی ناوچەکە بوون پێش ئەوەی داگیرکەرانی ماد پێیان بگاتە مەڵبەندەکە و بنەمای هەموو شتێکمان لێ تێکبدەن. پێتەختی ماننـاکان لە نزیک گوندی «قەڵایچی» بۆکان بووە و لەوێوە بەربەرەکانی ئاشوور و ئوورارتوو و سەکاکان کراوە، بەکورتی «ماننا» ناوێکە ئاوێتەی مێژووی شـاری بۆکان بووە و پێویسـتە لە هەموو نووسین و کارێکی هونەری‌دا ئەم پەیوەندە مێژوویی‌یە ڕەنگ بداتەوە. تەنانەت گردی قەڵای نێوەڕاسـتی شـاری بۆکان شـوێنەوارێکی دەستەخوشکی ئیزیرتوویە و دەبێ لێی بکۆڵدرێتەوە.

دانرانـی کارێکـی هونـەری بەنـاوی» مۆنیومێنتـی ئیزیرتـوو» لـە نێوەڕاسـتی شـاری بـۆکان لـەو کارە مەزنانەیە کە جێگەی دەسخۆشـییە، پێـش هەموو کەس لە خوڵقێنەرەکـەی، کاک هێمـن قارەمانـی و ئینجـا لـە هەمـوو ئەوانەی وا دەسـتیان لە پێکهێنانی‌دا بووە و هەروەها شـارەوانی شـارەکەش کە ڕەزامەندیی لەسـەر دانانی مۆنیومێنتەکەیدەربڕیوە.

هیوادارم هەنگاوی هاوچەشن بۆ زیندووڕاگرتنی مێژووی دەوڵەمەندی شارەکە و کەسایەتیی ناوداری وەک سەردارەکان، بەتایبەت شەهید حەمەحوسێن‌خان، عەللامەی قزڵجی، شاعیرانی وەک ئاوات، حەقیقی، نووری، سوارە، وەفا و هونەرمەندانی وەک حەسـەن زیـرەک و قالەمەڕە بەڕێوە ببرێ و هەیکەلی ئەو گەورەپیاوانە لە شـوێنی جیاجیای شارەکە بەرز بکرێتەوە.

بۆکان ناوەندی هونەرە و سیمای شارەکە دەبێ ئەو تایبەتمەندییە دەربخا.

## بەردەنووسێکی بزربووی سەر چیای تەرەغە

«وەرگێڕی کوردی پێی خۆشە سپاسی زۆری پرۆفیسۆر ماریۆ سالڤینی و دوکتۆر مەریەم دارا بکا بۆ مۆڵەت پێدانی میهرەبانانەیان بۆ تەرجەمە و بڵاوکردنەوەی ئەم وتارەیان و هەڵگرتنی مافی کۆپی ڕایتس لەسەری.»

ئەم وتارە سەبارەت بە بەردەنووسێک نووسراوە کە بە خەتی بزماری و زمانی ئوورارتوویی لە بەرزاییەکانی چیای تەرەغەی بۆکان هەڵکەندراوە و گرووپێکی شاخەوانی لە ساڵی ١٩٩٧دا بە کامێرای تەلەفۆنی موبایل فیلمیان لێ‌هەڵگرتۆتەوە. دواتر پسپۆڕێکی ئیدارەی «میراث فرهنگی»ی ئێران لە وتاری ساڵی ٢٠٠٨ی خۆی‌دا هەواڵی فەوتان و بزربوونی بەردەنووسەکەی ڕاگەیاندووە.[١] لە ئەنجامدا، فیلمی ئەو گرووپە شاخەوانە بۆتە تاقە سەرچاوە و نیشانەی بەجێماوی ئەم شوێنەوارە مێژووییە و سێ پسپۆڕی خەتی بزماری دەقی تۆمارکراوی نێو فیلمەکەیان تەرجەمەی ئینگلیزی و فارسی کردووە.[٢]

وتارەکە بە ئینگلیزی نووسراوە و گۆڤارێکی ئەنجومەنی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و قەفقاز لە ئێرەڤانی ئەرمەنستان بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی ئۆکسفۆردی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٨دا بڵاوی کردۆتەوە، منیش ڕاستەوخۆ کردوومەتە کوردی.

نووسەرانی وتار، پرۆفیسۆرێکی ئیتالی و پسپۆڕێکی ئێرانین، کە لە ساڵی ٢٠١٩دا چوونەتە شوێنەکە و بە یارمەتیی شاخەوانێک و دوو کەسی دیکەی خەڵکی ناوچە، شوێنی بزربوونی بەردەنووسەکەیان بە چاو بینیوە، ئینجا لە هەمان ساڵدا

---

١. حەسەن‌زادە، یۆسف. ٢٠٠٨، «بەردەنووسی تازەدۆزراوەی ئوورارتوویی بۆکان دزراوە»، باستان پژوهی شمارە ٢-٤، ص ١٢٩-١٣٠.

٢. [زۆرجاران ڕاگەیاندنی هەواڵی شوێنەوارە مێژووییەکان قاچاخچیی نوستوو وەخەبەر دێنێ و دەبێتە هۆکار بۆ دزین و تاڵانوبڕۆی شوێنەوارەکە. هەر بۆیەش دەبێ لە ڕاگەیاندنی هەواڵی شوێنەوارە مێژووییەکان‌دا بیر لە هەموو لایەنێکی کارەکە بکرێتەوە. ئەو بەردەنووسە بەنرخەش دەبێ لە ماوەی ١١ ساڵی نێوان ساڵی ١٩٩٧ی فیلمەکە و ٢٠٠٨ی ڕاگەیاندنی هەواڵی نەمانەکەی‌دا دەستی چەپەڵی تاوانبارانی پێگەیشتبێ. وەرگێڕ]

ئەم وتارەیان نووسیوە و بڵاویان کردۆتەوە.

بەردەنووسەکە لە چەند لایەنەوە خاوەنی گرنگایەتییە:

یەکەم، بەڵگەیەکی ژیاریی مرۆڤ بەگشتییە و دەتوانێ گۆشەیەکی تاریکی مێژووی شارسانییەت لە جیهان و ناوچەکەدا ڕوون بکاتەوە.

دووهەم، دەوروبەری ٢٩٠٠ ساڵ پێش ئێستا نووسراوە و مێژووی بەبەڵگەی شارستانییەتی ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوروبەری سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا.

سێهەم، بە زمانی ئوورارتوویی نووسراوە، کە بۆ گەلی ئەرمەنی ـ وەک وەچەی ئوورارتوویی‌یە کۆنەکان ـ جێگەی گرنگایەتیی تایبەتە.

چوارەم، بۆ پسپۆڕانی مێژووی «ماننا» و هەردوو گەلی کورد و ئازەربایجانیش کە بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە سەر ئەوان، گرنگایەتیی زۆری هەیە باوەکوو بە خەت و زمانی باپیرانی ئەوان نەنووسرابێ.

پێنجەم، بەگوێرەی بۆچوونی نووسەران، تاقە شوێنەوارێکی نووسراوی ئوورارتوویی‌یە کە تا ئێستا لە باشووری گۆلی ورمێ دۆزرابێتەوە و ئەوە بۆ مێژووی سەرجەم ناوچەکە، بەبێ جیاوازیی ئێتنیکی بایەخدارە، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمانەدا باشووری گۆلی ورمێ و ناوچەی کوردستان و ئازەربایجان و... بەدەست منناکانەوە بووە، کە لەگەڵ ئوورارتوو و ئاشووردا شەڕی بەردەوامیان بوو؛ شوێنی بەردەنووسەکە دەریدەخا کە یەک لە شاهانی ئوورارتوو، واتە «ئیشپوینی» لەو قۆناغە تایبەتەی مێژوودا توانیویەتی لە خوارەوەی گۆلی ورمێ بەسەر منناکاندا زاڵ بێ و مۆری خۆی لەسەر چیاکانیان بدا.

فیلمێک کە بۆتە بنەمای خوێندنەوەی بەردەنووسە بزربووەکە، بە کامێرای تەلەفۆنی موبایل هەڵگیراوە و ئەو کەسەی وا هەڵیگرتووە، خزمەتێکی کەموێنەی بە مێژووی ناوچەکە کردووە، بەڵام کەسەکە شاخەوان بووە، نەک فیلمهەڵگری پیشەیی و لە باری تەکنیکی هونەری فیلمەوە ناتەواویی لە کارەکەی‌دا هەیە و لە

ئەنجامدا بەشێکی بەرچاو لە نووسراوەکە ناخوێندرێتەوە.[١]

وەک ئاکامێکی ئەم بارودۆخە، نووسەرانی وتار، تاوانی کاری چەپەڵی شکاندن و فەوتاندنی بەردەنووسەکەیان داوەتە پاڵ «تالانچییە تازەکان» کە «وێرانگەرانی مێژووی هاوبەشن» و تووک و نفرینیان لێ کردوون کە گەنجینەیەکی بەنرخی ئەوتۆیان لە دەست مرۆڤایەتی دەرهێناوە.

تەرەغە و دەوروبەری ئێستا شوێنی ژیانی کوردە. ئەرکی گەورەی سەرشانی هەمووومان پاراستنی مێژووی کۆن و تازەمانە. گەلی بێ مێژوو گیایەکی بێ ڕیشەیە، ئەوانەی وا مێژووەکەمان بنکۆڵ دەکەن و ڕیشەی پەیوەندیی شارستانییەتمان لەگەڵ ڕابردوو دەردێنن، لە بەرانبەر مێژوو و ئەخلاقدا تاوانبارن و دەبێ دەستی چەپەڵیان لە ژیانی فەرهەنگیمان دوور بخرێتەوە. هەرکام لە ئێمە دەبێ سەربازێکی پاسەوانی شوێنەوارە دێرینەکانی وڵاتەکەمان بین، نەک هاودەست و هاوکاری قاچاخچییە نێونەتەوەیی‌یەکان. ئەوە ئەرکێکی مرۆڤایەتیشە، کورد بەشێکی دابڕاو لە جیهان نییە، مێژووی ئێمەش بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی و بەو پێیە لە بەرانبەر جیهانیش‌دا بەرپرسین. ئەم ئاکارە چەپەڵە و کردەوەی قێزەونی قاچاخچییەتی بە شوێنەواری ژێرخاکی، دەبێ بوەستێندرێ و قاچاخچییان لەقاو بدرێن، جا سەر بە هەر نەتەوەیەک بن جیاوازییەکی نییە.

ئێمە بۆکەمتەرخەمی لەئەرکی پاراستن وچاوەدێریی میراتەبەجێماوەکانی فەرهەنگی ڕابردوودا دەبێ خۆمان بە بەرپرس بزانین و هەرگیز نابێ بە چاوێکی ناسیۆنالیستی یان ئایینی سەیری دۆزەکە بکەین؛ زوربەی زۆری ئەو ئاسەوارە کۆنانە بەرهەمی دەستی باووباپیرانی میللەتانی دیکەی ناوچە بۆ نموونە، ئەرمەنی و ئاشوورین و دەیان قەومییەتی جۆراوجۆر لە ماوەی ئەو هەزاران ساڵەدا چاویان پێیان کەوتووە و پاراستوویانن، جا ئەگەر ئێستا چارەنووس لە بەردەستی ئێمەی داناون، ئەوە بۆ پاراستن و گەیاندنیانە بەدەستی نەوەی دواڕۆژ، نەک فەوتاندن و بە قاچاخچی

١. بەداخەوە لە وتارەکەدا ڕوون نەکراوەتەوە ئەم گرووپە شاخەوانە کێ بوون و ئەو کەسەی وا فیلمەکەی هەڵگرتۆتەوە، کێیە.

فرۆشـتنیان! ئوورارتوو لە سـەردەمی جێگەی ئاماژەی ئەم بەردەنووسەدا، دووهەم دەسەڵات و دەوڵەتی ناوچەکە دوای ئاشوور بووە و شکاندن یان دزینی بەڵگەیەکی وا بایەخـدار ناتوانـێ ئـەو مێـژووە پڕشـنگدارە بگۆڕێ یـان مێـژووی گەلێکی دیکە دەوڵەمەند بکا!

ئەوەی خوارەوە وەرگێڕاوی سـەرجەم وتارەکەیە و هەموو ئەو وێنانەش کە لە کۆتایـی وتارەکـەدا دانـراون، کراونەتە پاشـکۆی دەقە کوردییەکـە. بەداخەوە کۆپیی لینکـی فیلمـی بنەمـای کارەکە لەگەڵ وتـارە ئینگلیزییەکە نییە تـا وەرگێڕی کوردیش ڕایبگوێزێتـە ئێـرە، بەڵام وێنـەکان لەبەر هەمان ئەو فیلمە هەڵگیراون کە باسـی کرا، واتە کەموزۆر هەمان شتن.

**ڕوونکردنەوەی چەند خاڵ:**

لە دەقە ئینگلیزییەکەدا کەڵک لە هەندێک نیشانەی تایبەتیی زمانەوانی وەرگیراوە کە وا هەیە لە تەرجەمە کوردییەکەدا دەقاودەق نەبن، خوێنەری شارەزای بوارەکە دەبێ بۆ وردبوونەوە بگەڕێتەوە سەر دەقی ئەسڵی.[1]

نە دەقی ئینگلیزی و نە تەرجەمە کوردییەکە دوایین قسە سەبارەت بە نێوەرۆکی ئەم بەردەنووسە ناکەن و هیوایە پسپۆڕانی وەک ڕێزدار ڕەسووڵ بەششاش کەنزەق و خەڵکانی ئاگاداری دیکە، زیاتری لەسەر بنووسن و زۆریش دوای نەخەن، بۆ ئەوەی چـاوی ئەویندارانـی تامـەزرۆی مێژوو زووتر بـەو زانیارییانە، ئەگـەر هەبن، ڕوون ببێتەوە. هەروەها هیوادارم خەڵکانی ئاگاداری مەسەلەکە، چۆنییەتی تاوانی شکاندنی بەردەنووسـەکە و نـاوی تاوانبـارە داخ لەدڵـەکان ئاشـکرا بکـەن. بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکـە خزمەتێکی زۆرە بە پارێزگاری لـە گەنجینە نەتەوایەتییە مێژووییەکەمان و بەرگر دەبێ لە دووپاتبوونەوەی تاوانەکە، هەر کەس کردبێتی.

---

1. https://www.academia.edu/42181622/An_Urartian_rock_inscription_on_Mt_Taragheh_in_ Iranian _Azerbaijan.

## بەردەنووسێکی ئوورارتوویی لە چیای تەرەغە، لە ئازەربایجانی ئێران

میریۆ سالڤینی ـ مەریەم دارا[1]

**پوختەی بابەت:** نووسـراوێکی ئوورارتوویی نوێی سـەر تاشەبەرد لە چیای تەرەغە، نزیک گوندی عیلمابادی ڕۆژاوای بۆکان لە ئازەربایجانی ئێران دۆزراوەتەوە. بەڵگەی بەردەسـتمان چۆنیەتییەکـی گەلێـک ناتـەواوی هەیە، بـەڵام نووسـەران[ی وتارەکە] هەوڵیـانداوە ڕەمـز و ڕازی فیلمێکی کۆن یـەکالا بکەنەوە بۆ ئەوەی لەتوکوتەکانی دەقـە بزمارییەکـە بخەنـەوە سـەر یەک، کـە دەگەڕێتەوە بـۆ سـەرەتاکانی مێژووی ئوورارتوویی. ناوی ئیشـپوینی شـا[2] و مینوای[3] کوڕی، سـەردەمێکی بەرەو دوایین چارەکی سـەدەی ٩ی پێشزایین پیشـاندەدەن. ئەوە کۆنترین دەقی ئوورارتوویییە کە لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوای ئێران دۆزرابێتەوە.

**زانیـاری:** مێـژووی ئوورارتوویی، دەقە بزمارییەکان، ئێران، ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوای، نووسراوی سەر تاشەبەرد، تالانچییان

### ناساندن

تیمێکی شاخەوانی ساڵی ١٩٩٧ لە کاتی شاخەوانیی سەر چیای تەرەغەدا، کە ٢٢٥٠ میتر لە ڕێکی دەریاوە بەرزە و کەوتۆتە دەوروبەری ٦ کیلۆمیتریی باکووری گوندی تەرەغە و ٢.٦ کیلۆمیتریی گوندی عیلماباد (وێنەی ژمارە ١)، نووسراوێکیان بە خەتی بزماری لەسـەر تاشـەبەردێکی نزیـک لووتکەی چیاکە دۆزییـەوە. عیلماباد کەوتۆتە دەوروبـەری ٢٥ کیلۆمیتریـی بـەری ڕۆژاوای بـۆکان و ٣٢ کیلۆمیتریی قەڵایچی، لە ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوای کۆماری ئیسـلامیی ئێران. شـاخەوانەکان توانییان بەهـۆی تەلەفۆنـە موبایلەکەیانـەوە ڤیدیۆیـەک لـە نووسـراوەکە تۆمار بکـەن، بەڵام ئاکامەکـەی کەیفییەتێکـی خراپـی هەبـوو (وێنـەی ٢). بەگوێرەی قسـەی ئیسـماعیل

1. An Urartian Rock Inscription on Mt. Taragheh in Iranian Azerbaijan by Mirjo Salvini and Maryam Dara.
2. King Ispuini.
3. Minua.

فەرامەرزی،[1] نووسراوەکە کەوتبووە نزیک لووتکەی چیاکە و وێرانەی مەتەرێزێکیش لە نزیک نووسراوەکە بەرچاو دەکەوت.

«میراث خبر»[2] لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەواڵی «دزران»ی ئەو نووسراوەیەی ڕاگەیاند. یۆسف حەسەنزادە هاوڕێ لەگەڵ هەواڵی بێسەروشوێنبوونەکەی، ڕاپۆرتێکیشی سەبارەت بە نووسینەکانی بڵاوکردەوە.[3] بەو شێوەیە، سەرەتا بەڵگەیەکی بەفیلمکراو[ی ٣٧ خولەکی] بەرهەم هات، ئینجا ڕەسووڵ بەششاش کەنزەق[4] توانی هەندێک وشەی نووسراوەکە لەو فیلمە ساغ بکاتەوە، بەڵام هەرگیز ئەنجامەکەی بڵاونەکردەوە. ئەو وای خستە بەرچاو کە بۆی هەیە نووسراوەکە دەقێکی دووانەی ئاشووریشی هەبووبێ و دەسنیشانی ئەوەی کرد کە ناوی خالدی[5] و ئیشپوینی[6] تێدا ناسیوەتەوە.

نووسراوەکە بۆ توێژینەوە لەسەر ئوورارتوویییەکان گەلێک گرنگە، لەبەر ئەوەی

١. وتوێژی مانگی ژوەنی ٢٠١٩.

٢. [بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی «میراث فرهنگی» ئێرانە لە تاران بڵاو دەبێتەوە: «https://miras.news»، بەداخەوە ئارشیڤی بڵاوکراوەکە هیچ تۆمارێکی بۆ ژمارەکانی ساڵی ١٣٨٥/ ٢٠٠٨ی خۆی لەسەر ئینترنێت دانەناوە، دەنا دەبووایە ئەم وتارە گرنگەشم لێرە دابنایە. وەرگێڕ]

٣. نووسەران[ی وتار] پێیان خۆشە سپاسی پرۆفیسۆر ستێفان کرۆڵ، یۆسف حەسەنزادە، ئیسماعیل فەرامەرزی و ئۆغوز ئاراس بکەن بۆ زانیاری و یارمەتی بەنرخیان لەپێناو دۆزینەوەی فیلم و وێنەکان. زانیارییەکانی پرۆفیسۆر کرۆڵ بریتین لەوانەی خوارەوە: تەرەغە ناوی گوندەکەیە، نزیکەی ٦ کیلۆمیتر لە بەردەنووسەکەوە دوورە، ئەم شاخەی وا بەردەنووسەکەی لێ دۆزراوەتەوە ناوی «بەرەغانە»یە [ئەم ناوەم بۆ ساغ نەبۆوە، بۆی هەیە هەمان تەرەغە بێ (؟) وەرگێڕ]. ئێمە پشتڕاستی ناوی تەرەغە دەکەینەوە [و دەڵێین] خەڵکی خۆجێیی بینیویانە (بڕوانە خوارەوەتر). ئێمە هەروەها سپاسی دوکتۆر یەرڤاند گرێکیان دەکەین بۆ هەندێک بیرۆکەی بەکەڵک. حەسەنزادە ٢٠٠٨: پەڕەی ١٢٩. سەیر کردنی بەڵگەکان وای دەردەخا کە لە ڕاستیدا وێچوو نییە نووسراوەکە دزرابێ؛ واهەیە زیانی پێگەیەنرابێ یان شێوێنرابێ.

٤. Rasoul Bashash Kanzagh [بەگوێرەی زانیاریی من، پسپۆڕێکی ئێرانیی خەتی بزمارییە. وەرگێڕ].

٥. Haldi [لە دەقەکەدا بە پیتی /ح/ نووسراوە بەڵام لە زۆر دەقی کوردی و فارسی و عەرەبیدا وەک خالدی دەنووسن. وەرگێڕ]

6. Ishpuini.

تا ئێستا هیچ نووسراوێکی ئوورارتوویی لە باشووری گۆلی ورمێ[1] نەدۆزراوەتەوە. نووسـراوەکە دەوروبەری ٨٠ سـانتیمیتر تا ٦٠ سـانتیمیتر پان بووە و دە دێڕ دەقی بزماریی ئوورارتوویی گرتۆتەبەر. وێنەکانی دەوروبەری تاشـەبەردە نووسـراوەکە، هەموو پیشاندەری کوترانەوە و ورکەی بەجێماوی تێکشکانی نیشانەکانی سەرەتا و کۆتایی دێڕەکانن (وێنەی ٣).

**تەرەغە؛ نووسینەوەی پیت بە پیتی بەردەنووسەکە**

دۆخـی خراپی بەڵگەی بەردەسـت، سـەرەڕای هەوڵێکی زۆر بـۆ خوێندنەوەی، تەنیا مۆڵەتـی ڕاگواسـتنی هەندێک بەشـیمان پێدەدا. ئێمە لێـرەدا دەتوانین هەندێک وێنەی وەرگیراو لە ڤیدیۆکە پیشـان بدەین هاوڕێ لەگەڵ نووسـینەوەی ئەو نیشـانانەی وا دەبینرێن و دەسنیشان کردنی دێڕی پەیوەندیداری نێو دەقەکە. ئێمە زیاد لە دە دێڕ هیچی دیکەی تێدا ناناسینەوە.

وێنەی ٤. سەرەتای دێڕی ١ تا ٤.

دێڕی ٣. ]مان کور بی- ا- ئی[

وێنەی ٥. سەرەتای دێڕی ١ تا ٥.

دێڕی ١. ]-نی- نی

دێڕی ٢. م یش- پو-[

دێڕی ٣. مان شو مان کورب[ی-

دێڕی ٤. ئو؟(-)ئو[،]خ- پو؟- تا[

وێنەی ٦. بەرەو کۆتایی دێڕەکانی ١ تا ٣

دێڕی ١. ]- دی- نی- نی ئوش- گ[ی-

دێڕی ٢. م]د] سار،(؟)- دو- ری]-[

دێڕی ٣. ]-ا - نی[ی

---

١. [باشـووری گۆلی ورمێ و موکریانی ئێسـتا، لەو سەردەمانەدا بەگشتی لەژێر دەسەڵاتی ماننایییەکاندا بووە، بەڵام شـاهانی ئوورارتووش وەک ئاشـوورییەکان گەلێک جارهێرشیان کردۆتە سەری. وەرگێڕ]

وێنەی ٧.

دێڕی ١. ] ]ئوش-گی[-[

کۆتایی دێڕی ٢. د]ئو

وێنەی ٨.

دێڕی ١. ]-شی-نی دخال-دی[-

دێڕی ٢. ]ئی-نی-نی م]د[ [

دێڕی ٣. ] ]ئەی[-ئی ممی-نوو- ]ئەی[-[

وێنەی ٩.

دێڕی ١. ]-دی-نی-نی ئوش-گ]ی-

دێڕی ٢. م[دسار - ]دوو- ری]- [

دێڕی ٣. ]- ا- ن]ی

وێنەی ١٠.

دێڕی ١، کۆتایی. ]ئوش- گی- نی

دێڕی ٢، کۆتایی.]- ]دوو- ری]- ئی- حێ

دێڕی ٣، بەرەو کۆتایی. —پ]وو- ئو- ]ی- نی- حێ

وێنەی ١١.

دێڕی ٥، ]خ پوو؟- تا[

دێڕی ٦، ] میش؟؟ ا- گ]و؟- بی؟

دێڕی ٧، ] خ ما- نی مێش[-

وێنەی ١٢

دێڕی ۴، ] ئوش- تا- خ[

دێڕی ٥، ]- لی ا خ خ[

دێڕی ٦، ]- لو- ]بی؟[ خ خ

دێڕی ٧، ]- ئێ ممی- ن]یو]- ]ئا[- [

وێنەی ١٣.

دێڕی ٧، ]ما نی می[ش-

دێڕی ٨، ]- نی شی- د[ا-

دێڕی ٩، ] خ ا ی ر[ی

وێنەی ١٤.

دێڕی ۴. -ت[ا- ]بی؟[ خ

دێڕی ۵، ] ا خ خ [

دێڕی ۶، - ل]و- ]بی؟[خ خ خ [

دێڕی ٧، ] ممی- [نو-ا [

وێنەی ١۵.

دێڕی ٣، بەرەو کۆتایی، - پ]و- وو- ]ی- نی[- ح[ئێ]

کۆتاییەکانی دێڕی ۴ تا ٧ ئێستا ناخوێندرێتەوە.

نوسخەی ئەسڵی لە ڕێگەی یەکخستنەوەی لەتوکوتی جۆربەجۆری ڤیدیۆ ئەسڵییەکە پێکهات (وێنەی ١۶).[١]

درێژایی دێڕەکان وێدەچێ ڕێکوپێک نەبێ، هەر بۆیەش سازدانەوەی نیشانەکان لە سەرەتا و کۆتایی هەر دێڕێکدا جێگەی دڵنیایی نییە. ئەم مەسەلەیە لە بەردەنووسی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێ، بەتایبەت لە ناوچە دوورەدەستەکاندا، بۆ نموونە لە ئۆوجاسەر - ئیلانداغ[٢] (سی تی یوو ئەی ٣-٨)ی شا ئیشپوینی و مینوا، هەروەها لە ئۆرتاکەنت[٣] (سی تی یوو ئەی ٨-٧) ی ئارگشتی ١.[۴]

ڕاستەکەوانەکان بۆچوونی گشتی سەبارەت بە پانتایی کەلەبەری نێوان وشەکان پیشاندەدەن (وێنەی ١۶).

1. [Dḫal-di-ni]-ni uš-ma-ši-ni Dḫal-di-ni-ni [uš-gi-ni] (17 signs)
2. [ ? ] miš-pu-ú-i-ni-ni mD[sar5 ?-du-ri-e-ḫé] (14 signs + X ?)

---

١. شێوانی کۆپییەکە بەستراوەتەوە بە وێنەکانی بەردەست و لەسەر بنەمای تۆمارە ڤیدیۆییەکەدایە.

2. Ojasar-Illandagh.

3. Ortakent.

4. Argishti 1.

3. [ ? ] MAN ŠÚ MAN KURbi-a-e mmì-nu-a-n[i miš-pu]-ú[-i-ni-e-ẖé] (20 signs?)
4. ]ú?(-)ú-ẖi?-ni x x ni ⌈uš-ta]-x[
5. ]-pu-ta-li šu-ri-li a x x[
6. M]EŠ? a-⌈gu-bi]? ⌈ba]-ad-gu-lu-⌈bi] x x [
7. ]x ma?-ni miš-pu-ú-i-ni-e mmì-nu-a(-)[
8. ]x-ni ši-'a?-li šú-ri x[
9. ]x a i ri du? te x x[
10. ] ⌈D]ẖal-di-ni[(-)

(١) بەهۆی (سپاس بۆ) پارێزگاری کردنی [خودای خاڵدی]، بەهۆی (سپاس بۆ) یارمەتی (؟)ی خودای خاڵدی

(٢) ] (ئێمە)، کە ئیشپوینی، کوڕی ساردوری (ن)

(٣) ؟ ] شای گەردوون، شای وڵاتی بیا (و) مینوا [کوڕی ئیشپوینی]

(٤) ] X X X X X X

(٥) ] X X ناوچەکانی/ وڵاتانی (شوری+لی) X

(٦) ] من ڕێبەرایەتیم کرد؟، من دەستم بە سەردا گرت X

(٧) ]X بۆ ئیشپونی و مینوا

(٨) ] X X X X چەک

(٩) ] X X X

(١٠) ] خودای خاڵدی[

دێڕی ١: ڕوونووس کردنی پیت بەپیتی[ی دێڕەکە] بەو شێوەیە: خاڵدی+ح+نی+نی ئوشماشی+نی خاڵدی+ی = نی+نی ئوشگی+نی، کە بە مەزندە دەبێتە: بەهۆی خاڵدییەوە، بەهۆی پارێزگاری کردن، بەهۆی خاڵدییەوە، بەهۆی – یارمەتی (؟).

دێڕی ٢: ناوی ئیشپوینی دۆخی ناوێکی هەیە بۆ کرداری تێپەڕ، کە حاڵەتی بکەریی ناڕێکوپێکیشی پێدەگوترێ و بەو پێیە بە دڵنیایی ناوی مینوا، کە لەگەڵ ناوی باوکیدا دێ، تەنانەت ئەگەر پاشگریش بێ، نەپارێزراوە[؟]. ئەوە تایبەتمەندی عینوانی شاهانەیە، کە بە عادەت لە سەرەتای نووسراوەکاندا نابیندرێ. عەینی شتە بۆعیبارەتە تێنەپەڕەکان و لە دەقی ئیشپوینی و مینوادا ئەو حاڵەتە لە [بەردەنووسی]

یاشـیلالیچ[١] (سـی تی یوو ١، ئەی ٣ـ٢) و کێلەشـین[٢] (سی تی یو ١، ئەی ٣ـ١١)یش‌دا بینراوە، بەڵام ئەوە دۆزە سەرەکییەکە نییە.

دوایین نیشانەی دێڕی ٢ بریتییە لە ـ حێ، کۆتایی پاشگری شاهانە، وەک لە دەقی سـی تی یو ١، ئەی ٣ ـ ٦دا هاتووە و دێڕی سـێهەمی ئاوایە: ئوش ـ تا ـ بی میش ـ پو ـئوو ـ ی ـ نی ـ نی م دسـار ـ دو ـ ری ـ ێ ـ حێ ممی ـ نو ـ ا ـ نی میش ـ پو ـ ئوو ـ ی ـ نی ـ حێ.

دێڕی ٣: وەک لە [بەردەنووسـی] کێلەشـینیش‌دا وەهایە، تەنیا ئیشپوینی عینوانە شاهانەکانی هەیە. عینوانی «مان شوو» یەکەم جار بۆ ساردوریی یەکەم[٣] هاتووە، کە باوکی ئیشپوینی بووە (سی تی یوو ئەی ٣ـ١١). لە هەندێک دەقی ئیشپوینیش‌دا، کە بریتین لە نووسراوی دوو زمانەی کێلەشین (سی تی یو ئەی ٣ـ١١ Rev. ١٦) و لە ئاڵقە برۆنزییەکانی «یوخاری ئەنزەف»[٤] (سـی تی یو ۴ بی ٢ـ٧)دا هاتووە و عینوانی مان کورنا ـ ی ـ ری بە شـوێنی‌دا دێت. ئێمە لە نووسـراوەی بەردەسـت‌دا، لەجیاتی مـان کورنـا ـ ی ـ ری، عینوانـی مـان کوربیـا ـ ا ـ ئـێ، بەواتـای «شـاهی وڵاتـی بیا» دەبینیـن. ئـەوە لە هەردوو ڕوانگەی وشەناسـی و زمانەوانییەوە گرنگترین توخمە. بیـا ـ ئـێ بیچمێکـی ڕوونی ئیزافە/ مڵکییـە، ئیجازەمان پێدەدا ناوی شـوێنی بیا، تاک بخەینەوە، کە بنەمای ناوی خۆجێیی «بیاینیلی»یە و نرخی شی‌کردنەوە زمانەوانی و وشەناسییەکەی پشتڕاست دەکاتەوە: کوربیا = ا = ئێ = لی، (وڵاتانی) بیا،[٥] لێرە لە دەسپێکی دێڕەکەدا ئیتر وێناچێ شوێنێک بۆ عینوانێکی دیکەی شا، وەک «مان دان ـ نو»ی نێو دەقەکانی باس‌کراو مابێتەوە.


دێڕی ۴: ئێمە هیچ وشەیەکی ناسراوی تێدا نابینین.

دێڕی ۵: ] ـ پو ـ تا ـ لی وا هەیە بیچمێکی کرداری لە پێوەندیی ناوی شوری=لی‌دا

---

1. Yashilalich.
2. Kelishin.
3. Sarduri I.
4. Yukari Anzaf.

٥. بڕوانە سی تی یو ۵: ۴٣٢.

بێ، بەواتای «وڵاتانی»، بەبێ ڕوونکەرەوەی ک و ر. بڕوانە سی تی یو، ئەی ٣ ـ ٦ دێڕی ٥، کە تێیدا کورشو ـ ری ـ لی بۆ خاک یان وڵاتانی فەتحکراو بەکار هێنراوە. ئەوە سرشتی سپایی دەقەکە دەردەخا. لێرەدا بوونی نیشانی شو (لابات ٣٥٤)، لەجیاتی «شوورە»ی زۆر گشتیتر پێوەندییەکی زیاتر لەگەڵ خەتی بزماریی ساردوری یەکەم و توخمێکی نوێ لە تەنیشت عینوانی مان شوو بە واتای «شاهی گەردوون» زیاد دەکا. بیچمی دوو نیشانەی «ـ لی» کۆنە [1] (بڕوانە سی تی یو ٤: ٢٨٧، ژمارە ٠٥٩)، شێوازێکی باوە بۆ زۆربەی بەردەنووسە دێرینەکانی ئیشپوینی.

دێڕی ٦: لە سەرەتادا واهەیە ] مێش؟؟ ا ـ گ [ئو؟ ـ بی؟] بێ. ئەگەر خوێندنەوەی «مێش» بێهەڵە بێ، هاوشێوەی ئەو فۆڕمەیە وا بەهۆی «ساردوری»ی یەکەم، نەک ئیشپوینی و مینواوە پشتڕاست دەبێتەوە، بەڵام ڕوون نییە ئایا لەوێدا شوێن هەبێ بۆ ئەو دوو نیشانەیە. خوێندنەوەی گونجاوی ئاگو = بی واتای «من ڕێبەرایەتیم کرد/ من لامبرد» دەداتەوە و شێوەی وشەکە گومانی ئەوە دەخاتە بەردەم کە «کراو» (مەفعوول)ێکی تاک بێ. لەوەش زیاتر، شێوەی وشەی دواتر، بە پاشگری — بی یەوە، پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە نووسراوەکە تەنیا بەناوی ئیشپوینییەوە بێ.

بەراوردی بکە لەگەڵ ئەوەی وا لە دەقی «میهرقاپیسی»دا[2] هەیە (سی تی یو ١، ئەی ٣ تا ١) دێڕی ١ تا ٣ (دوو کراو، بەڵام کردارێکی تاک)، هەروەها لەگەڵ شێوازی ناو دێڕی ٣٢ تا ٣٥، کە لەوێدا کردارەکان شێوازی «کۆ»یان هەیە.

شێوازی کرداری تێپەڕی بەدگولو ـ بی بەواتای «من دەستم بەسەرداگرت؟»[3] لەگەڵ بکەری شوری = لی لە دێڕی ٥دا یەک دەگرێتەوە و گومانی هەندێک کردەوەی سپایی لە ناوچەی تەرەغە پێکدەهێنێ، بەڵام بەداخەوە [لە دەقەکەدا] هیچ ناوێکی شوێن، پارێزراو نەماوەتەوە.

دێڕی ٧: ناوی ئیشپوینی و مینوا وا هەیە بەشێک بن لە فۆڕمی دۆعا کردن.

١. [عەینی وشە بزمارییەکەی نێو دەقە ئینگلیزییەکە ڕاستەوخۆ ڕاگوێزراوەتە ئێرەش. وەرگێڕ].

2. Meher Kapisi.

٣. سی تی یو ٥: ٤١٤.

دێڕی ٨: شوو ـ ری بەواتای نێزە و چەکە.[١]

دێڕی ١٠: ناوی خاڵدی لە – شیدا، [لەباری ڕێزمانەوە] «کراو»ێکی کرداری تێپەڕە، نەک تێپەڕ و تێنەپەڕ پێکەوە. کەوابوو ناتوانێ بەشێک بێ لە شێوازی ئاسایی تووک و نفرین کردن و کۆتاییش بە نووسراوەکە دەهێنێ.

لە کۆتاییدا، ئەم بەردەنووسە، ئێستا وون بووبێ یان تێکشکێنرابێ، بە یارمەتیی فیلمێکی کۆن بە چۆنییەتییەکی لاوازەوە، نیوەپارێزراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئاکامەکەی سەرنجدانێکی گەلێک بەنرخە. کۆنترین بەردەنووسی ئیشپوینی و مینوا کەوتۆتە ناوچەیماننا لە دوورترین شوێنی پێتەختی ئوورارتوو [«تووشپا»ی مێژوویی و «وان»ی ئێستا]. بەداخەوە «ناوی هیچ شوێن»ێک لە دەقەکەدا ناخوێندرێتەوە. ئەوەش ئەگەرێک سازدەکا کە بۆی هەیە شانۆیەکی نەبینراوی نوێمان بە کارتێکەریی نادیارەوە بۆ بکاتەوە.

ئێمە پێش هەموو شت دەبێ ئەم ڕاستییە بگرینە بەرچاو کە هەموو تەتەڵەکانی ئیشپوینی (لەسەر بەرد، تاشەبەرد یان شتومەکی برۆنزی) و بەتایبەت لەشکرکێشانەکانی، وێڕای ناوی «مینوا»ی کوڕی تۆمار کراون.

ژمارە و بەربڵاویی ئەم بەردەنووسە یادگارییانە گومانی ئەوە دروست دەکەن کە شا ئیشپوینی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کوڕەکەی کردبێتە هاوبەشی ئازایەتییەکانی خۆی؛ ئەوەش لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا دۆخێکی نەناسراوە. سەمەرە ئەوەیە ئەگەر ئێمە سەرنجی هەموو ئەو دەقانە بدەین کە لە ماوەی حوکماتی ئیشپوینیدا نووسراون، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان هەن کە ناوی ئیشپوینی بەتەنیایی دەربخەن. ئاماژەی ئێمە بەتایبەت بەو دەقانەیە وا کەوتوونەتە نزیک وان،[٢] وەک «کالەجیک»[٣] (سی تی یو ١، ئەی ٢ ـ ١)، «ئەشاغی ئەنزەف»[٤] (سی تی یو ١، ئەی ٢ ـ ٦ی ئەی، بی، سی، ئەی ٢ ـ

---

١. سی تی یو ٥: ٤١٥.

2. Van.
3. Kalecik.
4. Ashaghi Anzaf.

٧ی ئەی، بی؛ ئەی ٢ ـ ٨) یان لە «خەزینە پیری قاپیسی»[١] (سی تی یو ١، ئەی ٢ ـ ٥).

ئێستا ڕوون بوویەوە کە مینوا لە تەمەنی پێگەیشتوویی خۆیدا، بەناوی باوکییەوە بەردەنووسەکەی «زڤستان»ی[٢] نووسیوە (سی تی یو ١، ئەی ٢ ـ ٢ ئەی ـ جی).[٣] لە ئەنجامیشدا ئەم بەردەنووسە دەبێ مێژووەکەی بگەڕێندرێتەوە بۆ دوای ستیلەکەی[٤] «قەرە گویندوز»[٥] (سی تی یو ١، ئەی ٣ ـ ٩)،[٦] واتە دوای لەشکرکێشانەکەی بۆ سەر «مێشتا»[٧] (حەسەنلوو)[٨] و خاکی ئەوێ. ئەم دۆزینەوەیە ئەنجامی مێژوویی لێ دەکەوێتەوە و شایانی لێکۆڵینەوەی زیاترە.

## کۆتایی

لە ٤ی مانگی نوامبر[ی ساڵی ١٩١٩]، دوای کۆنفرانسی سەردەمی ئاسن لە شاری سنە،[٩] نووسەرانی ئەم وتارە چووین بۆ پشکنینی شوێنی بەردەنووسەکە. لە شاری بۆکانەوە دەستمان پێکرد. بە ڕابەرایەتیی شاخەوان ئیسماعیل فەرامەرزی گەیشتینە لووتکەی چیای تەرەغە (دەوروبەری ٢٥٠ میترێک لەسەر زەوییەوە: وێنەی ژمارە ١٧)؛ لەوێ پشتڕاستی ئەم ڕاپۆرتەمان کردەوە کە باسمان کرد. شایەدییەکانی ڕێزدار فەرامەرزی و دوو ڕێنوێنی خۆجێیی، هەروەها ئەو وێنانەی وا توانیمان هەڵیانبگرینەوە (وێنەی ژمارە ١٨ تا ٢٠)، بەڕوونی شوێن[ی بەردەنووسەکە]یان لەسەر ئەو چیایە پیشان دەدا و دەریاندەخست کەسانێکی نەناسراو، کە گومان دەکرێ تاڵانچی بووبن، ئەم بەشەیان، کە زۆروکەم بە دڵنیایییەوە دەتوانین بڵێین شوێنی بەردەنووسەکەی

1. Hazine Piri Kapisi.

٢. Zevistan، [وشەیەکی کوردییە بە واتای وەرزی زستان، بەڵام لێرەدا ناوی شوێنە. لە نزیک شار و گۆلی وان لە باکووری کوردستان دوو گوند بەناوی زڤستانی سەروو و خواروو هەن. وەرگێڕ].

٣. بڕوانە ئەو سەرنجەی وا لە سی تی یو ٤، پەڕەی ٣١٢ و سی تی یو ٥، پەڕەی ٤٥ لە ژێر عینوانی دەقی ئەی ٢ـ٢دا دراوە.

٤. [ستوون یان کێلی نووسراو. ئێرانییەکان وەک «ئێستیل» حونجەی دەکەن. وەرگێڕ]

5. Karaguduz.

٦. سالڤینی ١٩٨٤ ب: لاپەڕە ٥٧ـ٦٢.

7. Mishta.

٨. سالڤینی ١٩٨٤ ئەلف: لاپەڕە ١٩ـ٢٠.

9. Iron Age Conference in Sanandaj.

ئیشپوینی و مینوا بووە، هەڵکەندووە و شکاندوویانە. ڕەنگی جیاوازی تاشەبەردەکە و هەبوونی نیشانەی کوترانەوە (مەخمەڵینەکان؟)[1] وەک ئەوانەی وا لە ڤیدیۆکەدا بینراون، دەریدەخەن کە ئەوە شوێنی بەردەنووسەکە بووە. باشە، لەتوکوتەکانی براونەتە کوێ؟

ئێمە دەتوانین چی بڵێین؟ لەبەر ئەوەی کردەوەی تاوانبارانەی تاڵانچییان مۆڵەتی ئەوەمان پێنادا کە لەنێو کێشەکانی دیکەشیدا، لایەکەم دێڕە کۆتاییەکانی دەقەکە بخوێنینەوە؛ هەست دەکەین کە دەبێ بە شێوازی تووک و لەعنەت کردنی ئاسایی ئوورارتووییەکان لەو کەسانەی وا لە داهاتوودا نووسراوەکانی شا دەشێوێنن، کۆتایی بە قسەکانمان بهێنین:

a-lu-še i-ni DUB-te tú-li-i-e a-lu-še pi-tú-li-i-e ....... tú-ri-ni-ni Dḫal-di-še DIM-še DUTU-ni-[še] DINGIRMEŠ-še ma-a-ni DUTU-ni pi-i-ni

واتە: با خودای خاڵدی، خودای تۆفان، خودای هەتاو، هەر کەسێک ئەم بەردەنووسە دەشکێنێ، هەر کەسێک دەیشێوێنێ... (لەبەر تیشک)ی هەتاو لەنێوبەرێ.

ئێمەش هەمان دروشم دژ بە تاڵانچییە تازەکان، وێرانگەرانی میراتی مێژوویی هاوبەش، بەرز دەکەینەوە!

**Mirjo Salvini**
Former Institute of Studies on Aegean and
Near East Civilizations,
National Research Council, Roma, Italy.
mirjo.salvini38@gmail.com

**Maryam Dara**
Linguistics, Inscriptions and
Texts Research Center of RICHT
Tehran, Islamic Republic of Iran
maryam_dara@yahoo.com

## سەرچاوەکان

حەسەنزادە، یۆسف. ٢٠٠٨، «بەردەنووسی تازەدۆزراوەی ئوورارتوویی بۆکان دزراوە»، باستانپژوهی، شمارە ٢-٤، ص ١٢٩-١٣٠.

1. Lichens.

Labat, R. 1948. Manuel d’épigraphie akkadienne. Paris.
Malbran-Labat, F., R. Labat 1976. Manuel d’épigraphie akkadienne (Signes, Syllabaire, Idéogrammes). Paris.
Pecorella, P.E., M. Salvini (eds) 1984. Tra lo Zagros e l’Urmia. Ricerche storiche ed archeologiche nell’Azerbaigian
Iraniano. InGr 78. Roma.
Salvini, M. 1984a. La storia della regione in epoca urartea, in Pecorella, Salvini 1984: 9-51.
Salvini, M. 1984b. La stele di Karagündüz, in Pecorella, Salvini 1984: 57-62.
Salvini, M. 2008. Corpus dei testi urartei, vol. I. Le iscrizioni su pietra e roccia: I Testi. DocAs VIII/1. Roma.
Salvini, M. 2012. Corpus dei testi urartei, vol. IV. Iscrizioni su bronzi, argilla e altri supporti, nuove iscrizioni su
pietra paleografia generale. DocAs VIII/4. Roma.
Salvini, M. 2018. Corpus dei testi urartei, vol. V. Revisione delle epigrafi e nuovi testi su pietra e roccia (CTU A),
dizionario urarteo schizzo, grammaticale della lingua urartea. Paris.

## کورتکراوەکان

سی تی یو ٤ و ٥ = بڕوانە سالڤینی ٢٠٠٨؛ ٢٠١٢؛ ٢٠١٨

لابات = بڕوانە لابات ١٩٤٨ و ماڵبرانت لابات، لابات ١٩٧٦.

وتارەکە لەبەر ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە کراوەتە کوردی:


ئارامەزد (ARAMAZD)، گۆڤاری ئەرمەنیی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەرگی ١٣، ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٩، لاپەڕە ٦٩ - ٨١

ئەنجومەنی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و قەفقاز، ئێرەڤان، ئۆکسفۆرد ٢٠١٩؛ ئەنجومەنی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و قەفقاز بە هاوکاری ئەنستیتوتی کەوناراناسی و قەومناسی (ئەکادێمیای نەتەوایەتیی زانستیی ئەرمەنستان)، ئێدیتۆر: ئارام کۆسیان، یارمەتیدەری ئێدیتۆر: ئارسن بوبۆخیان، ئەرڤاند گرێکیان و ئارمێن پێترۆسیان.

ISBN 978-1-78969-484-0

ISBN 978-1-78969-485-7 (ePdf)

© Association for Near Eastern and Caucasian Studies, Yerevan 2019. All rights reserved




وێنەی ژمارە ١، شوێنی بەردەنووسەکەی تەرەغە




Figure 2. The largest photogram from the video.

وێنەی ژمارە ٢، گەورەترین وێنەی هەڵگیراو لە ڤیدیۆکە.




Figure 3. Left and central section of lines 1-8.




Figure 4. Beginning of lines 1-4.

وێنەی ژمارە ٣، دەستەچەپ، بەشی لای چەپ و ناوەندی دێڕی ١ تا ٨. وێنەی ژمارە ۴، دەستەڕاست، سەرەتای دێڕی ١ تا ۴.



Figure 5. Beginning of lines 1-5.




Figure 6. Towards the end of lines 1-3.

وێنەی ژمارە ۵، دەستەچەپ، سەرەتای دێڕی ١ تا ۵. وێنەی ژمارە ۶، دەستەڕاست، بەرەو کۆتایی دێڕی ١ تا ٣.






Figure 7. End of lines 1-2.




وێنەی دەستە چەپ، ژمارە ٧، کۆتایی دێڕی ١ تا ٢. وێنەی دەستەڕاست، ژمارە ٨ (بڕوانە ڕوونکردنەوەی خوارەوە)



Figures 8-10. Lines 1-3.

وێنەی ژمارە ٩، دەستەچەپ، وێنەی ژمارە ١٠، دەستەڕاست.
[هەر سێ وێنەی] ژمارە ٨، ٩ و ١٠ دێڕی ١ تا ٣[ی بەردەنووسەکە پیشان دەدەن].



Figures 11-12, 14. Lines 4-7.

وێنەی ژمارە ١١، ١٢ و ١٤، دێڕی ٤ تا ٧




Figure 13. Lines 7-9.




Figure 15. Line 3 towards the end.

وێنەی ژمارە ١٣، دەستەچەپ، دێڕی ٧ تا ٩.  وینەی ژمارە  ١٥، دەستەڕاست، دێڕی ٣ بەرەو کۆتاییەکەی.




Figure 16. The autographic copy composed from the fragmentary images.

وێنەی ژمارە ١٦، نوسخەیەکی لەبەرنووسراوە، کە لەسەر بنەمای وێنەی لەتوکوتەکان پێکهێندراوە.



Figure 17. Mt Taragheh.

وێنەی ژمارە ١٧، چیای تەرەغە.



Figure 18. Almost at the summit of the mountain. The person is indicating the point where the inscription was situated.

وێنەی ژمارە ١٨، نزیک تروپکی چیاکە. ئەو کەسە، ئاماژە بە شوێنێک دەکا کە بەردەنووسەکەی لێبووە.




Figure 19. Detail of the gap in the rock.




Figure 20. Rock and lichens below the break.

وێنەی ژمارە ١٩، دەستەچەپ، چۆنییەتیی بۆشاییەکە لەسەر تاشەبەردەکە پیشان‌دەدا.
وێنەی ژمارە ٢٠، تاشەبەردەکە و مەخمەڵینە (گلسنگ)ی لای خوارەوەی شوێنە تێکشکاوەکە.

## بەردەنووسێکی هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین  لە «قەڵایچی»ی بۆکان

بەگوێرەی هەواڵی بڵاوکراوەکانی «سازمان میراث فرهنگی ایران» و پشتڕاستکردنەوەی چەند پسپۆڕی ئێرانی و ئورووپایی، ساڵی ١٣٦۴/ ١٩٨٥، کاتی هەڵکۆڵینی گردێکی مێژوویی لە دەرەوەی گوندی قەڵایچی، کە کەوتۆتە ٨ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی بۆکان،[١] بەردەنووسێکی ١٣ دێڕییان دۆزیوەتەوە.[٢] بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە زۆرینەیەک لە شوێنەوارناسان قەڵایچی بە شوێنی زیرتو یان ئیزیرتووی پێتەختی ماننایەکان دەزانن و تا ئەمڕۆ هیچ بەڵگە و نیشانە و تەتەڵەیەک نەدۆزراوەتەوە کە زمان و خەتی تایبەت بە خودی «ماننایی»[٣] دیاری کردبێ، دۆزرانەوەی بەردەنووسەکە لە جەرگەی حکوومەتی ماننادا، گرنگایەتیی زۆری پێدراوە، بەڵام کێشە لەمەدایە کە بەردەنووسەکە بە خەت و زمانی ئارامی[۴] نووسراوە، خەت و زمانی خەڵکی سووریا و دووچۆمان، نەک زمانی ناوچەی ماننا، واتە موکریان و ئازەربایجان کە بەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆمان لەسەری نییە.

سەبارەت بە ساڵ یان سەردەمی نووسرانی بەردەنووسەکە، ئاندرێ لومەیر[٥] شوێنەوارناسی فەرەنسی دەنووسێ:

«... نیوەرۆکی بەردەنووسەکە ئیجازەی ئەوەمان پێنادا بزانین بە فەرمانی کامیەک

---

١. بڕوانە:
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%BE%D9%87_%D9%82%D9%84%D8%A7%DB%8C% DA%86%DB%8C

٢. بەردەنووس = تەتەڵە، کەتیبە، لەوحە.

٣. ماننا‌کان لە بەشێکی بەرچاو لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین‌دا، لە ناوچەی کوردستان و ئازەربایجانی ئێستا، واتە باشووری گۆلی ورمێ دەسەڵاتی زۆریان هەبوو و دوای ئاشوور و ئوورارتوو، سێهەم قەومی خاوەن هێزی ناوچەکە بوون.

۴. Aramic زمانێکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و لەگەڵ زمانە سامییەکان‌دا هاوڕیشە بووە.

5. Andre Lumair.

لــە حاکمانــی ماننایی یا کامە پادشــای ماننایی هەڵکەندراوە [نووســراوە]. بەگوێرەی ئــەو مێــژووەی وا بــە یارمەتیــی تایبەتمەندییەکانــی خەتــی نووســینی دەوروبــەری کۆتاییەکانی ســەدەی هەشــتەمی پێشزایین دەتوانرێ ســەردەمی شاهانی ماننایی دەسنیشــان بکــرێ، ئیرانــزوو (Iranzu) لە دەوروبــەری ٧١٨ی پێشزایین [؟]؛[١] ئازا (Aza) لە ٧١٦ـ٧١٧ی پ. ز (؟)؛ئوولسوونوو (Ulsunu) لە دەوروبەری ساڵی ٧١٣ی پ. ز [حوکماتیان کردووە]؛ هەروەها وێدەچێ بتوانین ئەهشاری (Ahshari)ش کە لە سەردەمی حوکمی ئاسەرحدوون (٦٦٩ تا ٦٨٠ی پ. ز) و ئاشوور بانیپاڵ (٦٦٠ی پ.ز) [دوو کــەس بوون لە شــاهانی ئاشــووری]، لەنێو ئــەو مێژووانەدا بگونجێنین. تەنانەت ئەگەر ئاماژەیەکیش بە لەتی شکاوی بەردەنووسەکە نەکرێت، دیسانەکە لە ڕاســتیدا ناوی «ئوولســوونوو» بەگوێرەی مێژوو دیاریکردن و بە ئەگەرێکی نزیک بــە دڵنیاییــەوە، خۆی لەوانی دیکە وێچووتر پیشــاندەدا. لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی زانیاریــی ڕێژەییمــان لە دەورەی مێژوویی حاکمانیماننــا، دەرەتانی ئەوەمان پێنادا مێژووی وردی نووسراوەکە دیاری بکەین» (لومەیر، سەرەوە، لاپەڕە ٨).

کەوابوو، ئەگەر ســەردەمی نووســرانی بەردەنووســەکە هەر ئەو ســاڵانە بێ وا لومەیــر دەڵــێ (دەوروبــەری ٧١٣ی پێشزایین) یان ئەوەی وا مــن لە بەراوردکاریی ســاڵەکاندا پێیگەیشــتم (٧١٨ی پێشزاییــن)، هەردووکیــان دەکەنــە کۆتاییەکانــی چاخــی ئاســن ـ کە ســەردەمێکی گرنگــی ژیان، بەتایبــەت ژیانــی فەرهەنگیی مرۆڤی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە بە کوردستانەوە.

ـ لــەو ســاڵانەدا ئایینــی کۆنــی میترایــی لــە گەشەســەندندا بوو و بــەرەو ڕۆژاوا دەکشا؛

---

١. بەداخەوە لێرەدا هەڵەیەک کەوتۆتە ڕێکەوتی حکوومەتی شــاهانی مانناییەوە و ســاڵانی حوکمی ئیرانزوو و ئوولسوونوو بە یەک شێوە بە ساڵی ٧١٣ نووسراوە. ئەم هەڵەیە دەبێ ڕاست بکرێتەوە دەنا ڕێکەوتی نووسرانی بەردەنووسەکەش گرفتی تێدەکەوێ. ئیرانزوو لە پێش سەردەمی ئازا (ساڵانی ٧١٧ و ٧١٦ی پ. ز) لەسەر حوکم بووە، جا ئەگەر قەبووڵمان بێ کــە ماوەی ١٠ ســاڵیش حکوومەتی کــردووە، ئەودەم دەبێ کۆتاییەکانی دەســەڵاتی لە دەوروبــەری دەســپێکی حوکمــی ئــازادا بووبێ (و بەو پێیــە ســاڵی ٧١٨ی پێشزایین زیاتر گونجاو دەنوێنێ.

- زەردەشتایەتی ئێران و هیندی داگرتبوو؛
- یەهوودییەت بە کتێبی «عهدعتیق»ەوە هاتبووە مەیدان (٧٥٠ تا ٢٠٠ پ. ز) و مەسیحیەتیش درەنگتر، بەڵام بە حەماسەتی زیاترەوە لە کۆتایی ئەو هەزارەیەدا سەری هەڵدا؛
- ئاشوورییەکان لە ساڵی ٦٣٩ی پێش‌زایین ئیمپراتۆرییەتی کۆنی عیلامییان تێکشکاند، کە تا ئەودەمانە دووهەزارساڵێک بەسەر تەمەنی‌دا تێپەڕ دەبوو؛
- یەکەم دەوڵەتی یەکگرتووی ناوچەی باشووری گۆلی ورمێ هەر لەو سەردەمانەدا (هەزارەی یەکەمی پ. ز) لەلایەن ماننائاکانەوە دامەزرا؛
- ماوەیەک درەنگتر ئیمپراتۆرییەتی ماد (٦٧٨ تا ٥٥٠ پ. ز) حکوومەتی کرد؛
- بەشوێنی‌دا زنجیرەی هەخامەنیشی (٥٥٠ تا ٣٣٠ پ. ز) هاتنە سەر ڕووپەڕی مێژووی ناوچە؛
- بەکورتی، مرۆڤایەتی ئەو سەردەمانە لە هەژێن‌دا بوو و گەلێک ڕووداو ڕووی دەدا کە پێشتر نەبیندرابوون.

نە ماننا و نە ئوورارتوو و نە ئاشوور، وەک سێ هێزی مەزنی ناوچەکەی ئێمە، لەو گۆڕان و پێشکەوتانە بەدوور نەبوون؛ بەتایبەت ماننائاکان، وەک گرووپێک دەوڵەت ـ شاری سەر گرد و لێواری ڕووبارەکان بەخۆیان‌دا هاتنەوە و پێداویستیی خۆڕاگری لەبەرانبەر هێرشکاریی بەردەوامی ئاشوور و ئوورارتوو، یەکیخستن و حکوومەتێکی یەکگرتوویان پێکهێنا، کە بەپێی بۆچوونی زۆرێک لە پسپۆڕانی شوێنەوار و مێژوو (لومەیر، یەغمایی، حەسەن‌زادە)، «زیرتوو» یان «ئیزیرتوو»یان لە تەنیشت گوندی ئێستای قەڵایچی کردە پێتەختی خۆیان. دەسکەوتە شوێنەوارییەکان تا ئێستا، گرنگایەتیی شوێنەکەیان وەک شارێکی گەورە بە پەرستگە و تەلار و هونەری میعماری و کاشیکاریی نایابەوە سەلماندووە و ئەو تایبەتمەندییانە بەسەریەکەوە وێڕای هەندێک نیشانەی مێژوویی، ئەگەری پێتەخت بوونی ماننائاکان بۆ شوێنەکە بەدوور نازانێ؛ بەتایبەت کە ئەم بەردەنووسە ڕاستەوخۆ ناوی دوو خودای خاڵدی و هداد، بەتایبەت خاڵدی، بە زەعتەر یان ئیزیرتووە دەبەستێتەوە.

دوای دۆزرانـەوەی بەردەنووسـەکە لەلایـەن شوێنەوارناسـی ئێرانـی ئیحسـان (ئیسـماعیل) یەغمایی‌یەوە لە سـاڵی ١٩٨٥دا، سـەرەتا ڕەسـووڵ بەششاش کەنزەق، پسـپۆڕی زمانـە دێرینـەکان لـە تـاران خوێندییـەوە، ئینجـا ئورووپایی‌یـەکان دوو تەرجەمەی دیکەیان خسـتە بەردەسـت (ئاندرێ لومەیر[1] و فرێدریک ماریۆ فەیلس[2])؛ چەند پسـپۆڕی دیکەی شـوێنەواریش بابەتیان لەسـەر نووسی و هەڵیانسەنگاند (بۆ نموونـە، یۆسـف حەسـەن‌زادە[3]، مەریـەم دارا[4] و کازم مـەلازادە[5] لـە ئێـران و چەند کەسی دیکەی ئورووپایی).

بەردەنووسـەکە شـکابوو و لەتێک لە دەسـتەچەپی لای سـەرەوەی پێنج ساڵێک دواتر لە بازاڕێکی شت‌ومەکی قاچاخی دێرین‌دا دۆزرایەوە و لەگەڵ بەژنی سەرەکی بەردەنووسەکەدا خرایە سەریەک. بەهۆی نێوەرۆکی هەندێک نامۆیەوە بۆ شوێنەکە، کە دواتر باسی دەکرێ، بۆچوونی زوربەی پسپۆڕان هاوڕێ بوو لەگەڵ ئەگەر و گومان و کەمتـر وا بـوو بڕیارێکـی کۆتایی لەسـەر لایەنەکانـی کارەکە بدرێ. سـەرەتا گوترا بەردەنووسەکە لە تەلاری پەرستگەی قەڵاکەدا دۆزراوەتەوە، ئینجا دوای پرس‌وجۆ، بەرپرسی کۆڵینەوەکان و دۆزەرەوەی بەردەنووسەکە، ئیحسان (ئیسماعیل) یەغمایی گوتی: لە دەرەوەی تەلارەکە، بەڵام لە نێوەوەی دیوارەکانی قەڵادا دۆزیویەتەوە.[6]

بابەتێکی دیکەی جێی باس، خەت و زمانی نووسینەکانی سەر تەتەڵەکەیە. زمانێکی بەبرەوی وەک ئارامی لایکەم لە کۆتایی‌یەکانی هەزارەی دووهەمی پێش‌زایینەوە تا

---

1. ndre LeMaire.

٢. Frederic Mario False کە ئێرانییەکان بە فالسی حونجە دەکەن.

٣. بڕوانە ئەم وتارانە:

ـ درآمـدي بـر باستانشناسـی، تاریـخ و فرهنـگ ماناهــا بــر اســاس جدیـدترین یافتەهـا، باستان‌پژوهی، ١٣٨٨، س ٩، ش ١۵، ص ۵۴ تا ۶٣.

ـ تپه‌ای در بوکان که قطعه‌ای از تاریخ ایران در دل آن نهفته است، ایران آنلاین، ١٣ یا ١٧ آبان ١٣٩٩، اخبار شهرستان‌ها.

٤. اسـتل آرامی قلایچی بوکان، کتیبه بومی منطقه یا وارداتی؟، نشـریه زبان‌شـناخت، سـال دهم، شماره اول، بهار و تابستان ١٣٩٨، ص ١٩ تا ٣٩.

٥. پادشاهی مانا؛ نگاهی به ساختارهای فرهنگی، اجتماعی و سیاسی مانا برپایه آگاهی‌های باستان‌شناسی و جغرافیای تاریخی، باستان‌پژوهی، ١٣٨٨، سال ۴، شماره ٧، ص. ۴۵ تا ۵٣.

٦. مەریەم دارا، پەراوێزی ژمارە ٢، لاپەڕە ٣٧.

کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی پ.ز لە ناوچەی دووچۆمان و سووریادا قسەی پێدەکراو تەتەڵـە و بەردەنووس و ستێلی پێ دەنووسـرا. تەنانەت زمانی ئاشـوورییەکانیش بـوو، کـە تەتەڵـەی خۆیـان پـێ دەنووسـی، بـەڵام ئارامیی کۆن لـە نێوەڕاسـتەکانی هەزارەی یەکەمدا برەوی نەما و چەند لقی وەک ئارامیی عیبری و ئەدەبی و درەنگتر مەسیحیی لێ جیابوونەوە.

سەردەمی نووسرانی بەردەنووسەکەی ئێمە سەردەمی برەوی ئارامیی کۆنە.

ئێسـتا پرسـیار ئەوەیـە ئـەو خەت و زمانە لـە لایماننـاکان چ دەکا؟ ئەوان هیچ بەردەنووسـێکیان لـێ بەجێنەمـاوە بۆ ئەوەی بزانین بە چ زمانێـک دواون؛ تەنانەت مادەکانـی دوای ئەوانیـش کـە بەشـی سـەرەکییان لـە هەمـان ناوچەدا ژیـاون، هیچ بەردەنووسێکیان لێ نەدۆزراوەتەوە! کەوابوو هۆکاری مەنتیقی و زانستی بۆ بوونی تاقە یەک بەردەنووسی ئارامی لە خاکی ماننا دەبێ چی بێ؟

ئا) ئایا کەسـێکی ئارامیزانی ئارامینووس هاتۆتە ناوچەکە و بەردەنووسـەکەی نووسیوە؛ یاخود

ب) بەردەنووسـەکە لـە ئەنجامـی فتووحاتێـکدا، لـە ڕێگایەکـی دووری وەک دووچۆمانەوە هێنراوەتە قەڵایچی؟

پ) ئاشکراشـە کـە ناتوانین بڵێیـن هی ئوورارتوویییەکانی بـن گوێی ماننا بووە، لەبەر ئەوەی بە خەتی بزماریی ئەوان و زمانەکەیان نەنووسراوە.

بە بۆچوونی من، یەک لەو وەڵامانەی وا دەکرێ بە پرسیارەکە بدرێتەوە ئەوەیە کە زمانی ئارامی لە ناوچەی ماننا و مادیش برەوی بووبێ و ئەو هێڵە سنوورییەی وا ئێرانییەکان دەیانەوێ لە نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و دووچۆمان بیکێشـن و لێکیـان جیـا بکەنەوە، لە ڕاسـتیدا بوونـی نەبووبێ؛ بەڵام ئەوە بۆچوونی کەسـێکی وەک منە کە لە دەرەوەی ئاڵقەی شوێنەوارناسیم و دیاردەکان یەکلایەنە و تەنیا لە ڕێگەی مێژووییەوە سـەیر دەکەم و ئەوە ناتوانێ زۆریش دروسـت بێ و لەلایەن پسپۆڕانە وەربگیرێ.

خاڵێکی گرنگـی دیکە لـەو پەیوەندییەدا نێوەرۆکی نووسـینەکانە، کە سـێبەرێکی

دیکـە دەخاتـە سـەر بەردەنووسـەکە. بـە عادەتـی بەردەنووسـە مێژووییـیـەکان، نووسـەری بەردەنـووس دوای ڕاگەیاندنـی پەیامەکـەی خۆی، جا پەیمانی سیاسـی یان سـپایی، بڕیاری حکوومی، سـتوونی شـانازی یا فەرمانی شایەک بێ، بۆ ئەوەی نووسراوەکە لە داهاتوودا بە ساغی بمێنێتەوە و نەشکێندرێ و نەدزرێ، لە سەرەتا یـان کۆتایـی هەموو یان زوربەیاندا تووک و نزایەک ئاراسـتەی ئەو کەسـانە دەکا وا دواتر دەیشـکێنن یان دەیشـێوێنن و دەیدزن. ئەم بەردەنووسـە تایبەتە تووک و لەعنەتەکەی هەیە، بەڵام هیچ نیشـانەیەک لە بەشـەکانی دیکەی تێدا بەرچاو ناکەوێ. ئایا بەردەنووسەکە بەشی دیکەشی بووە و ئێمە بە هەواڵی نازانین؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ پسپۆڕانی شوێنەوارناس بیدەنەوە، بەڵام منی ناشارەزا دەمەوێ بۆچوونێکی خۆم دەرببڕم: ئێمە لە بەردەنووسەکەی سەر چیای تەرەغەشدا بەبـێ ئەملاوئـەولا ڕووبەڕووی تووک و نزایەکی هاوشـێوە بووینەتـەوە. لەوێشدا ئەوەندەی دەرکەوتووە، بەردەنووسەکە هیچ بەشێکی دیکەی جگە لەو نفرین کردنانە نییـە. بڵێـی ئـەوە نەریتێک یان داب‌وڕەسـمێک نەبووبێ کە شـاهانی فاتحی ناوچەکە ویستبێتیان تەنیا بەو چەند دێڕە و نەک هیچی تر، مۆرکی خۆیان لە شوێنێک بدەن و بوونی خۆیان، سـپایان، دین و ئایینیان و خوداکانیان لەو شـوێنە تایبەتە بسەلمێنن؟ بڵێـی ئـەوە وەک خزمەتێک بە خوداکان (لێرەدا خالـدی) بەڕێوەنەبرابێ؟ ئەگەر ئەم بۆچوونـە کاڵـەی من بسـەلمێنین، وا هەیە چیتر چاو بۆ بەشـەکانی دیکەی ئەم دوو بەردەنووسە نەگێڕین و لایکەم لە بەردەنووسەکەی تەرەغەدا کە شوێنی شێواوی بەردەنووسەکە لەگەڵ ژمارەی دێڕەکانیدا کەم‌وزۆر یەک دەگرێتەوە، چیتر مەجالێک بۆ باوەڕهێنان بە بزربوونی «پاشماوە»کەی نامێنێ.

هەرچۆنێک بێ، ئێستا بەردەنووسەکەی قەڵایچی لە تاران لە موزەی نەتەوایەتیی ئێـران ڕاگیـراوە و وێڕای گەلێک ڕەمز و ڕازی هەزاران سـاڵەی مرۆڤی دێرینی ئەو دەڤەرە، چاوەڕوانی ڕووناکی خسـتنە سـەر لایەنە تاریکەکانییەتی و بێ‌گومان هەر دوو گەلـی کـورد و ئازەربایجانـی، کـە خۆیـان بە وەچـەی ماننـاکان دەزانـن، زیاتر تامەزرۆی بیسـتنی هەواڵەکانن و خوازیارن لێیـان ڕوون‌بێتەوە ئەگەر دۆزرانەوەی

بەردەنووسەکە ٢٧٠٠ ساڵێکی پێچوو، ئایا پەردەلادان لەسەر نهێنییەکانی ئەم بەردەنووسەش ئەوەندە ساڵی دیکەی پێویستە؟ هیوادارم وا نەبێ و زانستی دواڕۆژی مرۆڤ بتوانێ یارمەتیی وەڵامدانەوەی زووتری پرسیارەکانی ئەمڕۆی ئێمە بدا.

## پرسی خوداکان

گرنگایەتیی بەردەنووس و بەشێکی بەرچاوی دەسکەوتەکانی دیکەی قەڵایچی لە پەیوەندیی شوێنی زیرتوو یان ئیزیرتوودایە. ئەگەر گردی دێرینی قەڵایچی هەمان ئیزیرتوو بێ، کە بۆچوونی گەلێک لە دێرینەناسان ئەوە دەسەلمێنێ، بەردەنووسەکە لە لایەکەوە بەڕوونی ناوی دوو خودای خاڵدی و هداد وەک خودایانی جێگەی ڕێز و پەرستنی خەڵک دێنێ (دێڕی ٥، ١١ ـ ١٢)؛ لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بە ناوی زەعتەر (ZcTR/BS) دەکا، کە دەبێ شوێنی خوداکان یان شوێنێک بێ کە خەڵکەکەی باوەڕیان بەو خودایانە هەیە. زەعتەر هەمان زیرتوو یان ئیزیرتووی پێتەختی مانناکانە، کە ئێستا لەلایەن زۆرێک لە شوێنەوارناسانەوە بە قەڵایچی دەزانرێ. لێرەدایە کە دەکرێ ئەم بەردەنووسە وەک بەڵگەیەکی قایمی پەیوەندیی خوداکان لەگەڵ زەعتەر (قەڵایچی) بگیرێتە بەرچاو. خودای هداد هی ناوچەی سیکانە و پەیوەندیی بە مانناوە کەمترە، بەڵام خودای خاڵدی[١] باوەکوو خودای ئوورارتوویی‌یەکان بووە، وەک خودایەکی خۆجێیی، پەیوەندی بە ناوچەکانی باشووری ئوورارتوو و باکووری مانناشەوە دراوە. کەوابوو ئێمە دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئایینی ماننـاکان‌دا لە ئیزیرتوو، بەتایبەت و واننا بەگشتی، هەروەها لە هەندێک شار و ناوچەی دراوسێی واننا وەک، مووساسیر[٢] و گیلزان،[٣] بەشوێن خودای خاڵدی‌دا بگەڕێین.

**

ئەوانەی باسیان کرا ئاماژەیەک بوون بە مێژوو و ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی هەزارەی

---

١. Haldi خاڵدی/ حاڵدی/ هاڵدی، خودای گەورەی ئوورارتوویی و مانناکان.
٢. Musasir شارێک لەلای سەرووی زێی گەورە لە خاکی ئوورارتوو.
٣. Gilzan ناوچەیەک لە ڕۆژاوای گۆلی ورمێ و دراوسێیەتی واننا و ئوورارتوو.

یەکەمی پێش‌زایین لە سەر خاکی دەوڵەتیماننا و باشووری ئوورارتوو، بەڵام هەموو ئەو باس‌وخواسە لە پەیوەندیی بەردەنووسی دۆزراوەی قەڵایچی‌دا هاتوونەتە گۆڕێ، هەر بۆیەش پێویستە بچینە سۆراغی بەردەنووسەکە و نێوەرۆکی نووسراوەکانی. ئەوەی من بە بەردەنووسی ناودەبەم، لە ڕاستی‌دا ستوون یان ستێلێکی بەردینە کە بەگوێرەی نووسینی ئاندرێ لومەیر:

«نفرین نامەیەکە بە زمان و خەتی ئارامی، کە میترونیوێک بەرز و ٨٠ سانتیمیتر پانە. لە ١٣ دێڕ پێکهاتووە و کەموزۆر هەموو دێڕەکانی دەخوێندرێنەوە، بەڵام وێدەچێ بەشێکی سەرەکیی لە سەرەتاکانی‌دا فەوتابێ (ل ١١٠)... هەموو سێزدە دێڕی پێکهاتەی ئەم بەردەنووسە لە ڕاستی‌دا وەک کۆتایی بەردەنووسێک سەیر دەکرێن کە بۆی هەیە لەلای سەرەوەی ئەم ستێلە یان ستێلێکی دیکە کە بەتەواوەتی فەوتاوە، پێکەوە بەردەنووسێکی تەواویان پێکهێنابێ... لە باری تایبەتمەندیی مێژوویی خەتەوە... بەردەنووسی بۆکان پەیوەندیی بە نیوەی دووهەمی سەدەی هەشتەمی پێش زایین و ئەگەر وردتری بکەینەوە، کۆتایی‌یەکانی ئەو سەدەیە و سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی پێش‌زایین پەیدا دەکات... دەکرێ بڵێین بەردەنووسەکە یادگارێکی شاهانە (وەک پەیکەرەکەی تەل‌فەخریە) یان سوێندخواردننامە، یان پەیمانێکی ژێردەستکردن (وەک بەردەنووسەکەی سەفیرە)بێ.» (سەرەوەتر، ل ١١٦ی وەرگێڕاوی فارسی).

با بچینە سۆراغی تەرجەمەکانی بەردەنووسی قەڵایچی.

یەکەم تەرجەمەی بەردەنووسەکە بە فارسی کاری ڕەسووڵ بەششاش کەنزەق بووە، ئینجا تەرجەمەی ئینگلیزیی ئاندرێ لومەیر بەڕێوە چووە، کە ئەویش هەر ڕەسووڵ بەششاش کردوویەتە فارسی، بەشوێنی‌دا تەرجەمەی ئینگلیزیی فەیلس هاتووە. لێرەدا هەر سێ تەرجەمەکە خۆیان و وەرگێڕاوی کوردییان بەرچاو دەکەون، بەڵام کارەکەی ئاندرێ لومەیر کە وردەڕیشاڵی زیاتری هەیە خراوەتە پێش هەموانەوە:


TRANSCRIPTION
1'. ZY.YHNS.'YT.NŞB['].ZNH[-------?]
2'. BLHMH.'W.BŠLM.[K]L.MH.MWTN'.[--?]
3'. ZY.HWH.BKL.'RQ'.YŠMWH.'LHN.B[Y]
4'. T.MLK'.HW'.WLS.H'.L'LHN.WLS.
5'. H'.LHLDY.ZY.BZ'TR.ŠB'.ŠWRH.
6'. YHYNQN.'GL.HD.W'L.YŠB'.WŠB
7'. 'NŠN.Y'PW.BTNR.HD[.]W'L.YML'
8'. WHY.WY'BD.MN.MTH.TNN.'ŠH.WQL.
9'. RHYN.W'RQH.THWY.MMLH[H?]MYT.MR
10'. 'H.PR'.R Š.WMLK'.H'.ZY.[--]D/R/B.
11'. 'L.NŞB'.ZNH.XRS'H.YHPKH.HD[D.]
12'. WHLDY.WŠB'.ŠNN.'L.YTN.HDD.QLH[.]
13'. BMTH.WYMH'HY.KL.LWS.NŞ[B]'.ZNH.

لەبەر نووسینەوەی دەقی بەردەنووسەکە بە پیتی لاتینی ئەمڕۆیی لەلایەن ئاندرێ

لومەیرەوە وەرگیراو لە تەرجەمەی فارسیی ڕەسووڵ بەششاش کەنزەق.

**دەقی بەردەنووسەکە بە زمانی فارسی و کوردی**

ب. وەرگێڕاوی فارسیی تەرجەمەکەی لومەیر لەلایەن ڕەسووڵ بەششاش کەنزەقەوە:

١. کسی کە این سنگ یادبود را بردارد [...]

٢. در جنگ یا صلح، همە آفت [...]

٣. کە وجود دارد در سراسر این زمین. کە خدایان ویران کنند خانە

۴. آن شاه را زیرا کە او ناسزا گفت بە خدایان و او کە ناسزا گفت

۵. بە خالدی در زعتر. باشد کە هفت گاو مادە

۶. شیر دهند یک گوسالە را و او سیر نشود و هفت

٧. زن بپزند در یک تنور و آنها نشوند

٨. پر (سیر نشوند)، باشد کە محو شود از کشورش دود آتش و صدای

٩. دو آسیاب؛ و باشد کە زمینش نمک سودە شود؛ و باشد کە بمیرد سرور

١٠. ش، بە آشفتە خاطری؛ و در حق این شاه کە [...]

١١. بر روی این استل، کە تختش، او را واژگون کنند خدایان هدا(د)[1]

---

١. هدد، هداد، بەعل (HDD)خودایەکی خەڵکانی شام و دووچۆمان بوو.

١٢. و خالدی؛[١] و که هفت سال متوالی ه ـ(ـ داد) برنیاورد بانگش را

١٣. در کشـورش؛ و او نابود کند کسـی را که ناسـزا بگوید نسـبت به این سـنگ یادبود.

پ. وەرگێڕاوی کوردیی بەردەنووسەکە[٢] (تەرجەمەی لومەیر)

(بەداخـەوە دەسـتم بـە دەقـی ئینگلیزیـی وتارەکـەی لومەیـر ڕانەگەیشـت کـە ڕاستەوخۆ لە ڕووی تەرجەمە بکەمەوە، بۆیە هەر فارسییەکەم کردە کوردی.)

١. هەر کەس ئەم بەردی یادگارە هەڵبگرێ [....]

٢. لە شەڕ یان لە ئاشتی‌دا هەموو خەسارێک [...]

٣. کە هەیە لە سەرانسەری زەوی‌دا. خودایان وێرانی بکەنماڵی

٤. ئەو شایە، لەبەر ئەوەی جنێوی دا بە خودایان و ئەو کە جنێوی دا

٥. بە خاڵدی لە زەعتەر، با حەوت مانگا

٦. شیر بدەنە یەک گوێلک[ی ئەو؟] و تێر نەبێ و حەوت

٧. ژن لە تەندوورێکدا نان بکەن و ئەوان نەبن

٨. پڕ (تێر نەبن). با نەمێنێ لە وڵاتی‌دا دووکەڵی ئاگر و دەنگی

٩. دوو بەرداش؛ وە با زەوییەکەی ببێتە شۆرەکات؛ وە با بمرێ گەورە

١٠. کەی بە پەرێشانی؛ وە سەبارەت بەو شایەی وا [...

١١. بەسەر ئەم تەتەڵەیەدا؛ کە تەختی، وە وەریگێڕن خودایانی هد(اد)

١٢. وە خاڵدی؛ وە با حەوت ساڵی یەک لەدوای یەک هـ(داد) بەرز نەکاتەوە دەنگی

١٣. لە وڵاتەکەی‌دا؛ وە نەیهێڵێ ئەو کەسەی وا جنێو بدا بەو بەردی یادگارە.

دووهـەم کەسـی ئورووپایـی «ف. م. فەیلس»یش[٣] دەقەکەی تەرجەمـە کردۆتەوە. کاری ئەویـش وەک هـی بەشـشـاش وردە جیاوازییەکی لەگـەڵ وەرگێڕاوەکەی

١. خودای باشووری ئوورارتوو وماننا. وا هەیە پەرستگای قەڵایچی بە ماڵی خودای خاڵدی بزاندرێ.

٢. ڕەسـووڵ بەشـشـاش جارێک دەقەکەی خوێندۆتەوە و بە فارسـی تەرجەمەی کردۆتەوە. جارێکیش تەرجەمەی ئاندرێ لومەیری وەرگێڕاوەتە سەر فارسی.

3. Frederic Mario False.

لومەیـردا هەیە و من بۆ ئاگاداریـی زیاتری خوێنەر لێرەدا ئەوانیش دەهێنمەوە باوەکوو وەرگێڕاوی سەرەوەی لومەیر ویچووتریش بێ:

وەرگێڕاوی فارسـی ڕەسـووڵ بەششـاش کەنـزەق، وەک یەکەمیـن وەرگێڕاوی فارسیی دوای دۆزرانەوەی بەردەنووسەکە:

١. این سنگ یادبود یانس است

٢. برای میهمانی به افتخار او یا برای پایان یافتن هرگونه آفت و بلائی

٣. که بود در سراسر [این] خاک؛ باشد که برگزینند اورا خدایان

۴. معبد شاهی که اوست ولص اکنون؛ برای خدایان ولص

۵. اکنون برای خالدی در زعتر هفت گاو

۶. پروار کنند یک گوساله و هفت قوچ دنبەدار و هفت

٧. زن/ آتش هدیه کنند به یک آتشکده، باشد که آشکار نشود

٨. وحی و محو شود از سرزمین تنین آتش و نوای

٩. آسیابها و زمینش به شورەزار مرده مبدل شود میرک (امیر)

١٠. فرع، رئیس و شاهی که [تعدی کند]

١١. نسبت به این سنگ یادبود. تختش واژگون کند اورا

١٢. و خدای خالدی و هفت سال نباشد نوای ...

١٣. به سرزمین ویم اگر برباید مزدوری این سنگ یادبود را.

وەرگێڕاوی کوردی دەقەکەی بەششاش [١٣ دێڕ]:

١. ئەوە بەردی یادگاریی «یانس»ە[١]

٢. بۆ میوانداریيەتی بە شانازیی ئەو یاخود بۆ کۆتایی هاتنی هەر چەشنە ئافەت و بەڵایەک

٣. کە بوو لە سەرانسەری [ئەم] خاکە؛ با هەڵیبژێرن خودایان

۴. پەرستگەی شاهی کە ئەوە وێلس[٢] ئێستا، بۆ خودایانی وێلس

---

١. دەبێ ولص یان ئولووسوو شایماننا بێ.
٢. هەمان شای ماننا.

٥. ئێستا بۆ خاڵدی لە زەعتەر حەوت گا

٦. دابەستن گوێلکێک و حەوت بەرانی دووگدار[١] و حەوت

٧. ژن/ ئاگر بە دیاری بدەن بە ئاورگەیەک، با دەرنەکەوێ

٨. وەحی و بفەوتێ لەسەر زەویی تنین[٢] ئاگر و دەنگی

٩. بەرداشەکان و زەویش ببێ بە شۆرەکاتی مردوو و میرۆکەی (میری)

١٠. لق، سەرۆک و شایەک کە [دەسدرێژی بکا]

١١. سەبارەت بەو بەردە یادەوەرییە، تەختی هەڵگەڕێنێتەوە

١٢. خودای خاڵدی؛ وە حەوت ساڵ نەمێنێت دەنگی...

١٣. لەسەر خاکی ویم[٣] ئەگەر بەکرێگیراوێک بیرفێنێ ئەم بەردە یادەوەرییە.

وەرگێڕاوی فەیلس [لە ١۴ دێڕدا]:

١. [اگر شاهی (در آینده) وجود داشته باشد] که این استل را از میان بردارد [...]

٢. در جنگ یا صلح، همه طاعون [...]

٣. که بر تمام زمین وجود دارد ـ باشد که خدایان آنرا به این خاطر مجازات کنند.

۴. کاخ: و او در مقابل (همه) خدایان نفرین شود و

٥. در برابر خالدی، (خدای) ZcTR/BS باشد که هفت گاو

٦. یک گوساله را شیردهند ولی آنرا سیر کنند و باشد که هفت

٧. زن در یک تنور بپزند، ولی آنها را پر کنند

٨. و باشد که دود آتش و صدای سنگ‌های آسیاب

٩. از کشور پاک شود

١٠. و باشد که سرزمین او مانند شوره‌زار شود و در برابر او

١١. فرمانده سردسته (؟) شورش کند و شاه که خواهد نوشت

١٢. بر این استل، باشد که هداد تخت او را بگیرد.

---

١. دەبێ مەڕ بێت نەک بەران.
٢. بۆم ساغ نەبوویەوە کوێیە.
٣. دڵنیا نیم چییە.

١٣. با خالدی و برای هفت سال علف در دشت نروید

١۴. در سرزمین او، و باشد که تمام نفرین‌های این استل او را برگیرند (با هم)[1]

وەرگێڕاوی کوردیی دەقی فەیلس [لە ١۴ دێڕدا]:

١. [ئەگەر شایەک (لە داهاتوودا) هەبێت] کە ئەم ستێلە تێدابەرێ [...]

٢. لە شەڕ یان ئاشتی‌دا، هەموو تاعوونێک [...]

٣. کە لەسەر هەموو زەوی‌دا بوونی هەیە، با خودایان بۆ ئەو کارەی سزای بدەن.

۴. کاخ: وە لە بەرانبەر هەموو خودایان تووکی لێ بکرێ و

۵. لە بەرانبەر خاڵدی، [خودای] ZcTR/BS. با حەوت مانگا

۶. شیر بدەنە گوێلکێک، بەڵام تێری بکەن و با حەوت

٧. ژن لە تەندوورێک‌دا [نان] بکەن بەڵام تێری بکەن[2]

٨. وە با دووکەڵی ئاگر و دەنگی بەرداش

٩. لە وڵاتی بسرێتەوە

١٠. وە با خاکەکەی وەک شۆرەکاتی لێ بێ و لە بەرانبەر ئەودا

١١. فەرماندەی تاقم (؟) ڕاپەڕێت و شا کە دەنووسێ

١٢. لەسەر ئەم ستێلە، با هداد تەختەکەی لێ بستێنێ.

١٣. لەگەڵ خاڵدی؛ وە بۆ ماوەی حەوت ساڵ گیا لە دەشتەکان نەڕوێ

١۴. لەسەر خاکەکەی ئەو؛ وە با هەموو تووکی نێو ئەم ستێلە داوێنی بگرنەوە (پێکەوە).

---

1. Fales, F. M. (2003). "Evidence for West_East contacts in the 8th BC: The Bukan Stele", In G. B. Lanfranchi and M.Roaf and R.Rollinger (eds.), Continuity of Empire (?) Assyria, Media, Persia, Padova: S.A.R.G.O.N Editrice e Libreria: 131_148.

وەرگیراو لە وتاری مەریەم دارا.

٢. لە تەرجەمە فارسییەکەدا نووسراوە «پری بکەن» لە زمانی ئینگلیزی‌دا بە تێرخواردن دەڵێن پڕبوون، بەڵام لە تەرجەمەدا نابێ ئەوە بنووسرێ و لەجیاتیان دەبێ بگوترێ تێر بوون.

## کۆتایی قسە

بەردەنووسەکەی قەڵایچی تووکنامەیەکە ڕووی لەو کەسانەی وا دواتر دەیشکێنن، شتی لەسەر دەنووسن یان دەیدزن. ئەو تووک و نزایە وا هەیە ئەمڕۆ نرخ و بایەخێکی نەمابێ، بەڵام گرنگایەتییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیندرێ:

١. تاقە بەردەنووسێکە بە خەت و زمانی ئارامی، کە لە ناوچەیماننا دۆزراوەتەوە و ئەوە خاکی ماننا بە دووچۆمان و شامەوە دەبەستێتەوە؛ موکریان و بەگشتی کوردستان یان ئازەربایجان دیاردەیەکی جیاواز و هەڵبڕاو لە فەرهەنگی دووچۆمان و ڕۆژهەڵاتی ناوین نین.

٢. پەیوەندیی زەعتەر (ئیزیرتوو) و لە ڕاستیدا قەڵایچی، بە خودای خاڵدی و هدادەوە دەدا؛ خاڵدی خودای ئوورارتوویی‌یەکان بووە و ئەوەش ڕوونکەرەوەی پەیوەندییەکی دیکەی ئیزیرتوویە لەگەڵ ئوورارتوویی‌یەکان و خەڵکانی گیلزان و مووساسیر کە باوەڕیان بە هداد هەبوو؛

٣. وا هەیە لەوانە گرنگتر، پەیوەندیی خودای خاڵدی بێ لەگەڵ ئیزیرتوو و ئەوە خۆی پەسندێکە بۆ نێوجەرگەیی و پێتەخت بوونی ئیزیرتوو، لەبەر ئەوەی خودایەکی گەورەی وەک خاڵدی بە شار و شوێنی بچووکەوە پەیوەند نەدراوە، کەوابوو دەکرێ زەعتەر یان ئیزیرتوو پێتەختی ماننا‌کان بووبێ؛

٤.سەردەمی نووسرانی بەردەنووسەکە (سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمی پێش زایین)ە و زۆر جیاواز نییە لە سەردەمی نووسرانی بەردەنووسەکەی تەرەغە (کۆتایی‌یەکانی هەمان سەدە).[١]

٥. بەردەنووسەکە دەوروبەری ٢٨٠٠ ساڵێک پێش ئێستا نووسراوە. ئەو خەڵکانەی وا لەو سەردەمەدا لەسەر خاکی قەڵایچی ژیاون، بە حیسابی جوغرافیا پەیوەندییان بە هەر دوو گەلی کورد و ئازەربایجانییەوە بووە کە ئەمڕۆ لە شوێنەکە دەژین، جا یەکیان نزیکتر و ئەوی دیکە دوورتر، لەو

---

١. بۆ بەردەنووسەکەی تەرەغە، بڕوانە: بەردەنووسێکی بزربووی سەر چیای تەرەغە، هەر لەو کتێبەدا.

ماوە دوورودرێژەدا خاکەکە دەیان جار دەستاودەست گەڕاوە و چەندەها هێرشکاریی کراوەتە سەر. هیچ ڕوون نییە لە ماوەی هەزاران سەدە و ساڵی دیکەی دوای ئێمەشدا دۆخەکە چۆن دەبێ و چ چارەنووسێک بەسەر خەڵک و خاکەکەدا زاڵ دەبێ. گرنگ بۆ ئەخلاقیات و فەرهەنگێکی ئەمڕۆیی ئەوەیە کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە بتوانن بە ئاسایش و هێمنایەتی بژین، ئابووریی و فەرهەنگیان گەشە بستێنێ و دوور بن لە شەڕ و خوێنڕشتن. نە کێلە قەبرێک و نە گوند و شارێک نابێ ببنە هۆکار بۆ دژایەتی و ڕقەبەریی نێوان گەلان؛ دەبێ ئارەزووی هەموومان هاوکاری و دۆستایەتی بێ و لەپێناو ئەم دوو ئامانجە مەزنەدا هەنگاو بنێین. نرخی خاک نابێ زیاتر بێ لە نرخی مرۆڤ. لە هاوکاری و دۆستایەتی‌دا پێشکەوتن دەبێ، نەک لە داگیرکاری و یەکتر داپڵۆسیندا. با بەردەنووسەکانی قەڵایچی و تەرەغە جێگەی شانازیی گەلی کورد و ئازەربایجانی و ئێرانی و ئەرمەنی و ئاشووری بن؛ با هەموو لایەکمان لە دەوری ئەو دەسکەوتە مێژووییانە کۆببینەوە و جەژنی هاوکاری و هاوپشتی بگرین!

## چەند وتاری پیشەیی

بنەمای کاری من بۆ نووسینی ئەم بابەتە، دوو وتاری ژمارە ١ و ٢ی خوارەوە بوون:

١. آندره لومر، کشف یک کتیبه به زبان آرامی مربوط به قرن هشتم پیش از میلاد در بوکان (آذربایجان غربی)، ترجمه فارسی رسول بشاش کنزق، نشریه اثر، تابستان و پاییز ١٣٧٧، شماره ٢٩ و ٣٠، تهران، ص. ١٠٩ تا ١٢٠.

http://ensani.ir/fa/article/220866/%DA%A9%D8%B4%D9%81_%DB%8C%DA%A9_%DA%A9%D8%AA%DB%8C%D8%A8%D9%87_%D8%A8%D9%87_%D8%B2%D8%A8%D8%A7%D9%86-%D8%A2%D8%B1%D8%A7%D9%85%DB%8C-%D9%85%D8%B1%D8%A8%D9%88%D8%B7-%D8%A8%D9%87-%D9%82%D8%B1%D9%86-%D9%87%D8%B4%D8%AA%D9%85-%D9%82%D8%A8%D9%84-%D8%A7%D8%B2-%D9%85%DB%8C%D9%84%D8%A7%D8%AF-%D8%AF%D8%B1-%D8%A8%D9%88%DA%A9%D8%A7%D9%86-%D8%A2%D8%B0

%D8%B1%D8%A8%D8%A7%DB%8C%D8%AC%D8%A7%D9%86-
%D8%BA%D8%B1%D8%A8%DB%8C-

بــە داخــەوە وەرگێڕی فارســیی وتارەکە، تەنیا ئــەم تایبەتمەندییــە ناتەواوەی بۆ وتاری پرۆفیسۆر لومەیر ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەوە تایبەتمەندیی تەواوی وتارەکەیە:
Lemaire, André, "Une Inscription Araméenne du VIIIe S. av. J.-C. Trouvée à Bukân (Azerbaïdjan Iranien)." Studia Iranica 27 (1998): 15–30, esp. 16-17

٢. مریم دارا، اســتل آرامی قلایچی بوکان؛ کتیبه بومی منطقه یا وارداتی؟، نشــریه زبان‌شــناخت، ســال دهم، شماره اول، بهار و تابســتان ١٣٩٨ تهران، ص ١٩ تا ٣٩.

https://www.academia.edu/41423588/%D8%A7_%D8%B3%D8%AA%D9%84_
%D8%A2%D8%B1%D8%A7%D9%85%DB%8C_%D9%82%D9%84%D8%
A7%DB%8C%DA%86%DB%8C_%D8%A8%D9%88%DA%A9%D8%A7%
D9%86_%DA%A9%D8%AA%DB%8C%D8%A8%D9%87_%D8%A8%
D9%88%D9%85%DB%8C_%D9%85%D9%86%D8%B7%D9%82%D8
%A7_%DB%8C%D8%A7_%D9%88%D8%A7%D8%B1%D8%AF%
D8%A7%D8%AA%DB%8C_Aramaic_stele_of_Qalaychi_Bukan_local_or_imported_

٣. ئەوەش لیستەیەک لە سەرچاوەی پەیوەندیدار بە چەند زمانی جیاجیا سەبارەت بــە بەردەنووســەکەی بــۆکان لــە ســایتێک بەنــاوی بیبلیۆگرافی. وەکــوو دیارە دۆزرانەوەی بەردەنووسەکە ڕەنگدانەوەی زۆری جیهانیی بەشوێن‌دا هاتووە:


http://cal.huc.edu/browsesigla.php?subclass=Bukan%20Inscription&generalclass=
Old%20Aramaic



وێنەی ساغکراوەی هەردوو بەشی بەردەنووسەکە لە مووزەی نەتەوایەتیی ئێران، تاران وەرگیراو لە وتاری ئاماژەپێکراوی سەرەوەی مەریەم دارا



وینەی بەردەنووسەکە لە وتاری ئاندرێ لومەیردا، وەرگیراو لە تەرجەمەی فارسیی وتارەکە لەلایەن ڕەسووڵ بەششاش کەنزەقەوە.



لەبەرنووسینەوەی دەقی بەردەنووسەکە بە ئەلفوبێی ئارامی لەلایەن ئاندرێ
لومەیرەوە، وەرگیراو لە تەرجەمەی فارسیی وتارەکەی لەلایەن ڕەسووڵ
بەششاش کەنزەقەوە.

## پیرەقەڵا و گردی کەونارای نێوشاری بۆکان

ئـەوەی پێـی دەگوتـرا «قـەڵای بـۆکان»، دەسـکردێکی نوێـی سـەردەمی سـەردار سـەیفەددینخانی بابامیـری (١٨٦٣ - ١٨٩٠ز) و حەمەحوسـێنخانی کـوڕی (١٨٨٠-١٩١٤) سـەردارە، کە لەسەر گردێکی خاکیی مێژوویی لەنێو جەرگەی شار و سـەر حەوزەگـەورە بنیادنرابـوو و پاشـان ببـووە ناوێکـی گشـتی بـۆ گردەکـە. بۆ دروسـتکردنی بینایەکی وا گەورە بە سـێ بورجی بەرز لە سـێ گۆشـەی ڕوو لە ئاوەدانی و حەوش و حەسار و ژمارەیەکی زۆری ژوور و عەمبارەوە، پانتاییەکی ١١٠٠ میتری چوارگۆشـە لەسـەر گردەکە تەخت کرابوو، کە گوتراوە ئەعیانی، واتە واتـە بەپێـی نامەکەی پشـت پێبەسـتوو ژێربینـای دوو قاتەکەی بـە دوو پلیکانی لە بەردتاشراوەوە لەسەریەک ٤٦٠٠ میتری چوارگۆشە بێ.[١]

ئاشـکرایە، سـەرەڕای خۆشەویست بوونی قەڵا لای خەڵکی شار و ناوچەکە، ئەو تەلارسـازییە بە پێوانـەی ئەمڕۆیی و لە ڕوانگەی کەوناراناس و مێژوونووسـانەوە دەستێوەردانێکی نابەجێ بووە لە مێژووی دێرینی گردەکە و زیانێکی زۆری گەیاندۆتە توێژینەوەکانی دواڕۆژ سەبارەت بە شێوەی ژیانی خەڵکانی پێشووی شار و ناوچە، زیانێک کە لانیکەم وەبەر چەند توێژی لای سەرەوەی گردەکە کەتووە و تازە هیچی لەگـەڵ ناکـرێ، بەڵام ئـەو زیانە لەچاو بەڵایەک کە بەسـەر هەندێک گردی لەمێژینی کوردسـتان وەک قەڵای هەولێر و کەرکووک هاتوون زۆر نییە، هۆکارەکەشـی ئەو ڕاسـتییەیە کە قەڵای بۆکان تەنیا شـوێنی ژیانی یەک بنەماڵە بووە و ئەوانیش دیارە سـێچوار چاڵیان زیاتر لەسـەری هەڵنەکەندووە، بەڵام ئەگەر ببووایەتە ماڵی دەیان بنەماڵەی جیاجیا، هەرکام لەوانە بەگوێرەی نیازی خۆیان دەستیان بکردایەتە بیناسازی و چاڵـی ئـاو و ئـاوەڕۆ هەڵکەنـدن و وێـران کردنی توێژەکانـی ژێرەوەتـری گردەکە،

---

١. نامەی ژمارە ٨٢٢٢/٥، ڕۆژی ١٣٧٥/٣/١٢ی ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشـی بۆکان بۆ ئامووزش و پەروەرشی ئازەربایجانی ڕۆژاوا.

كاره‌ساتێک ده‌قه‌وما كه‌ ئیتر قه‌ره‌بوو نه‌ده‌كرایه‌وه‌. هه‌وڵی بنه‌ماڵه‌ی سه‌رداره‌كانی بۆكان بۆ ڕاكێشانی ئاوی حه‌وزه‌گه‌وره‌ بۆ سه‌ر قه‌ڵا له‌جیاتی هه‌ڵكه‌ندنی بیری ئاو، كارێكی مه‌زن و خزمه‌تێكی باش بووه‌ گه‌رچی ئه‌ویش پێویستی به‌ هه‌ندێک هه‌ڵكۆڵینی گرده‌كه‌ له‌پێناو ڕاكێشانی لووله‌ی ئاو، هه‌بووه‌.[١]

ده‌ستێوه‌ردانی دواتری گرده‌كه‌، هی سپای پاسدارانی كۆماری ئیسلامی بوو، كه‌ له‌ ڕۆژی ١٣٦٠/٧/١ی هه‌تاوی/ ١٩٨١زایینی پێگه‌یه‌كی سه‌ربازییان بۆ كۆنترۆڵ كردنی خه‌ڵكی شار له‌سه‌ر گرده‌كه‌ دامه‌زراند و وێده‌چێ تا ئێستاش هه‌ر به‌ده‌ستیانه‌وه‌ مابێ. ئیتر له‌و قۆناغه‌دا، ئه‌گه‌ر به‌ هه‌ڵكه‌وتیش شوێنه‌وارێكی كۆنی توێژه‌كانی سه‌ره‌وه‌ی گرده‌كه‌ به‌جێمابێ، له‌نێو چووه‌.

به‌هۆی مێژووی دووردرێژی ژیانی مرۆڤ له‌ ناوچه‌یه‌كدا كه‌ «ئاورگه‌ی شیز» و «گه‌نزه‌ک»ی ته‌ختی سوله‌یمان له‌ ڕۆژهه‌ڵات، «ئیزیرتوو»ی قه‌ڵایچی له‌ باكوور، «فه‌قره‌قا»ی مه‌هاباد و «حه‌سه‌نلوو»ی نه‌غه‌ده‌ له‌ ڕۆژاوا و زێویه‌ له‌ باشووری هه‌ڵكه‌وتبێ و زیاد له‌ ٣٨ گردی توبره‌ڕێژی مێژوویی له‌ كوله‌ته‌په‌ و ناچیت و بۆگه‌به‌سی و گونده‌كانی دیكه‌ ده‌وره‌یان دابێ، كه‌ هه‌ركامیان له‌ ڕابردوودا ده‌وڵه‌ت ـ شارێک بووبێتن، به‌ڵگه‌ و نیشانه‌كانی گردی قه‌ڵای بۆكانیش له‌مێژبوو چاویان بڕیبووه‌ پسپۆڕانی كه‌وناراناس كه‌ قفڵی ڕه‌مز و ڕازی سه‌ربه‌مۆری ڕابردووی چه‌ند هه‌زار ساڵه‌ی بكه‌نه‌وه‌.

زانیارییه‌ک كه‌ تا ئه‌م دواییانه‌ش سه‌باره‌ت به‌ مێژووی گرده‌كه‌ ده‌درا ته‌نیا ئه‌وه‌ بوو كه‌ له‌ سه‌رده‌می ئه‌شكانییه‌كان (٢٤٧ی پێش‌زایین تا ٢٢٤ی زایینی) و ساسانییه‌كان (٢٢٤ تا ٦٢٥ی زایینی)دا سه‌ربازخانه‌یه‌كی حكوومی بووبێ، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ و ئیتر هیچ. له‌ ئه‌نجامدا ئه‌گه‌ر كه‌سێک بیویستایه‌ له‌ مێژووی

١. بۆ ئه‌م كاره‌، چاڵێک له‌ ته‌نیشت به‌ری باكووری حه‌وزه‌گه‌وره‌ هه‌ڵكه‌نرابوو كه‌ كه‌تبووه‌ نێو حه‌وشی ماڵی مه‌رحوومی میرزا حه‌مه‌كه‌ریمی كه‌ریمی و من له‌ هاتوچۆی ماڵی ئه‌وان و هاوڕێیه‌تیی كاک عه‌بدوڵڵای كه‌ریمی مامۆستای خانه‌نشینی ده‌بیرستانی بۆكان‌دا چاوم پێی كه‌وتبوو. كه‌ره‌سه‌یه‌كی كانزایی كه‌ وێده‌چوو ماتۆڕی پۆمپاژ كردنی ئاو بێ له‌ژێر چاڵه‌كه‌دا ده‌بینرا.

کۆنـی شـار و ناوچەکـە بکۆڵێتـەوە، دەبووایـە سـەربازخانەی ئەشـکانییەکان ببەسـتێتەوە بـە سـەردەمی سـەیفەددینخانی بابامیـری لـە سـەدەی بیسـتەمدا و ئیتـر پێـش ئەشـکانییان و دوای ساسـانییان لـە ناوچەکـە چـی قەوماوبـێ و چ کەسانێکی لێژیابێتن و ئەو خەڵکە چ فەرهەنگێک و نەریتێک و هونەرێکیان بووبێ، لە کەس ئاشکرا نەبوو، ئەگەریش پسپۆڕێک و دووان لێی ئاگادار بووبێتن، تەنیا مەزندە و گومـان و قیـاس کردنێک بوو لەگەڵ شـوێنەوارەکانی دەوروبەر، بەبێ هیچ فەکتێکی ڕاسـتەوخۆ. ئەو ناتەواوی و بۆشـایی‌یە گەورانەش لە ڕێگەی سەرچاوە مێژوویی‌یە نووسـراوەکانەوە پڕ نەدەکرانەوە و دەبووایە کەوناراناسـی بهاتایەتە یارمەتی دان، کـە ئەویـش بەهۆی ئەو زیانـە بەربڵاوەی وا دووو بینای گەورە لە بەژنی گردەکەیان دابوو، زیاتر لە خەون و خەیاڵ دەچوو تا واقیع.

بەختەوەرانـە لـە هەواڵێکی دوو سـاڵ پێش ئێسـتادا هاتبوو کـە خەونەکە هاتۆتە دی و گردی قەڵا کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتییانە[١] لەلایەن تیمێکی پیشـەیی شوێنەوارناسـانی ئیـدارەی «میراث فرهنگی»ی ئێرانەوە. هەر ئەو پسـپۆڕانە پێشـتر لەسەر پاشماوەکانی شارستانییەتی «ئیزیرتوو» لە گوندی «قەڵایچی»دا، کاری زۆری مەیدانییـان کـردووە و بۆچوونـی تایبـەت بـە خۆیان سـەبارەت بە ڕابـردووی ئەو شـوێنەوارە دەستەخوشـکەی قەڵای بۆکان هەبووە. وێدەچێ ئێستا گردی قەڵا دوای ئـەو هەمـوو وێرانـکاری و تێکدرانـەی ڕابـردوو، کەوتبێتە بـەر چاوەدێریی فەرمیی ئـەو دەزگا حکوومییـە. ئەو هەواڵە هیوامان پێدەبەخشـێ کـە لێکۆڵینەوەکانی دواتر شـێوازێکی ئوسـووڵی و پیشـەیی‌یانەیان دەبێ و ئەگەر شـوێنەواری یەک یان دوو توێژی سەرەوەی گردەکەش فەوتابێ، توێژینەوە لە توێژەکانی خوارەوەتردا دەتوانێ ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەی سـەدە و هەزارەکانی ڕابـردووی ژیـاری ناوچەکەمان بۆ دەربخا. ئەو کورتە هەواڵە ڕاگەیەنراوەی سایتی «خبر آنلاین»ی ئێران کە باسی کرا، تەنیـا ئەوەنـدەی پێدەگوتین کە لێکۆڵینەوە تازەکە دەریخسـتووە گردی قەڵا لانیکەم

١. سایت «خبرآنلاین»، ١٣ شهریور ١٣٩٧، بخش استان‌ها، استان آذربایجان غربی.

حـەوت توێـژی جیاجیای هەیـە و دیارە هەرکام لـەو توێژانە نیشـانەی فەرهەنگ و سـەردەمێکی جیاوازن، ژیاری لەسـەر گردەکەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە ژمارەی توێژی هەندێک گردی توبرەڕێژی هاوشـێوەی ئـەوەی بـۆکان، بەگوێرەی مێـژووی ناوچەکان، گەیشـتۆتە ١٠ و ٢٠ و تەنانـەت ٢٦ توێـژی جیاوازیـش، خۆ ئەگەر کەشـفیاتی تازەی بۆکان تا ڕادەی سـێ هـەزار سـاڵ پێش ئێسـتا چووبێتە پێشـەوە، دەزانین ژیاری لەو ناوچـە کەونارایەی ئێمە مێژوویەکی دوورودرێژتری هەیە و دەبێ قسـە لەسـەر ١٠ تا ١٢ هەزار سـاڵ پێش ئێستا بکرێ؛ بۆ ئەوەش دەبێ چاوەڕوانی توێژینەوەی زیاتری دواڕۆژ بین.

وا هەیە بۆ خوێنەر و بیسەرێکی ئاسایی هەواڵەکە، تەنیا ئەوە گرنگ بنوێنێ کە لە قەڵادا چ بەردەنووسێکی مێژوویی یان چەند کووپە سکە و جەواهێرات دۆزراوەتەوە، بەڵام بۆ پسپۆڕانی کەوناراناس، وا هەیە کوتە سواڵەتێک و گۆزەیەکی شکاو دەوری جامـی جیهانبیـن بگێڕن و لـە ئاوێنەی بەڕواڵەت لێڵی ئـەواندا پەیوەندیی هونەریی چەنـد فەرهەنگـی دوور و نزیـک و کارتێکەرییان لەسـەر یەکتر بدۆزنـەوە. ئەوەش بـۆ شـوێنێکی مێژوویـی وەک بۆکان سـەمەرە نییە، کە ناوجەرگەی شارسـتانییەتی ماننایی و دراوسـێی دیواربەدیواری شـوێنەواری گرنگی «شـیز»ی پێش ساسانی و «حەسـەنلوو»ی ئوورارتوویی و «فەقرەقا»ی مادی و سـەقزی سەکایی بووە و چەند جـاران کەوتۆتـە بەر هێرشـی ئاشـوور و ئوورارتوو و یۆنـان و ڕۆم و عەرەب و موغـول و دانیشـتووەکانی مەجبـوور کـراون لـە ئایینـی میترایی خۆیانـەوە ببن بە زەردەشتی و چەند سەدە دواتر، سەعدی وەقاس بیانکاتە موسوڵمان.

ئـەم هەواڵـە بـۆ منیش وەک هەموو کوردێک دڵخۆشـکەرە بوو، بەتایبەت کە لەم دوایییانەدا خەریکی نووسینی بابەتێک بووم سەبارەت بە «ئایینی میترایی و ماخوای ئاناهیتـا لـە بـۆکان» و بۆ زۆرێک لـە بۆچوونەکانـم فەکتی ڕاسـتەوخۆی مێژووییم دەسـت نەدەکەوت، هەر بۆیەش کارەکەم قۆناغ بە قۆناغ تووشـی تەگەرە و کۆسپی تازەتـر دەبـۆوە. توێژینـەوەی زانـا ئورووپاییەکانیش یارمەتیی زۆری باسـەکەی منیـان نـەدەدا، لەبـەروەی لێکۆڵینەوەکانی ئـەوان بەکورتی نەبـێ بنەماکانی ئایینەکە

لــە هینـد و ئێـران و میزۆپۆتامیـا ناگرنەوە، بەڵکـوو زۆربەی زۆریان سـەبارەت بە قۆناغەکانـی دواتـر و کاتێکن کـە ئایینەکە گەیشـتبووە ڕۆم و پاشـماوەی ئورووپا. مـن گەلێـک هیـوادارم توێژینەوەکانی ئێسـتا ڕوونکەرەوەی هەندێـک لایەنی تاریکی مێژوویی شار و ناوچەکە بن و ئەگەر کەسانێک دواتر بیانەوێ لەو بابەتە گرنگ و سەرنجڕاکێشە بکۆڵنەوە، بتوانن کەڵکیان لێوەربگرن.[١]

لـە بارودۆخێکـی وادا، گرنـگ ئەوەیـە دانیشـتووانی شـاری بـۆکان، بەتایبـەت ڕووناکبیرانـی دڵسـۆزی گـەل و نیشـتمان لە پشـت پسـپۆڕانی لێکۆڵەر بوەسـتن و یارمەتییـان بـدەن بـۆ ئـەوەی توێژینەوەکانیان لـە فەزایەکـی ئازادی زانسـتییانە و پرۆفیشناڵدا درێژە پێبدەن و وریا بن لە ئەگەری وچاندان یان وەستانی کارەکەدا چەتە و دزی شـوێنەوار، کە زۆرجاران سـەریان بە دامودەزگا دەسـەلاتدارەکانەوە بەندە، زەفەر بە گردەکە نەبەن و ڕیسی ئەو پسپۆڕە زەحمەتکێشانە نەکەنەوە خوری. چەتەی شـوێنەوار کەسـانێکی تاکوتەرا نین بەڵکوو هەموویان بە تۆڕێکی نادیاری قاچاخچییانی گەورە و دەسەلاتداری بەهێزەوە بەستراونەوە، کە بێهەستوخوست، وەک مێرووڵـە، لـە هەوڵی تالانکردنی سـەرمایەی ژێـرزەوی دان بێئەوەی بە چاو ببینرێـن؛ ئـەو مێرووڵانـە بە یەکەوە پەیوەسـتن و لە کۆتاییدا بێئـەوەی زۆربەیان ئاگاداریـش بـن، بـەو شـارە ئالۆزە پـڕ حەشـیمەتە ژێرزەوییـەوە پەیوەسـت دەبن، مەگـەر ئێمـە ڕێگەیـان لێبگرین. زۆرێک لە دەلالانی خۆجێیی کە کار بۆ ئەو چەتە و دزانـە دەکـەن، بەدوای نانـی ڕۆژانەیاندا دەگەڕێـن و نازانـن کەوتوونەتە خزمەتی کام سیاسـەت و کام مافیـای شـوێنەوارەوە. ئەرکی ئێمەیە بیانناسـین و ئاگاداریان بکەینـەوە کە دەسـت لەو کارە قێزەوەنەیان هەڵبگرن، خـۆ ئەگەر نەیانکرد، لەقاویان بدەیـن و بـە خەڵکیان بناسـێنین و ڕاکێشـی دادگایـان بکەیـن. کاری توێژینەوەی وا

١. ئـەم قسـانە گەلێـک ناتـەواو دەبن ئەگـەر لێرەدا یادی مامۆسـتای نەمـر تۆفیق وەهبی و مامۆستای هێژا عەبدوڕڕەقیب یۆسف نەکرێنەوە، کە بەتایبەت مامۆستا عەبدوڕڕەقیب زیاد لـە هەمـوو کوردێک لەسـەر بابەتی میترائیسـم لە کوردسـتان کاری کردووە و شـارەزایی هەیە، تەمەنی درێژ بێ. ئەوە ئەدرەسـی سـایتی گەلێک دەوڵەمەندی مامۆسـتایە کە هەڵگری هەزاران بەڵگەنامەی مێژوویی سەبارەت بە کوردستان.

دوور نییە ساڵانێکی زۆر و هەر ساڵەی دووسێ مانگێک درێژەی هەبێ. دەبێ نەهێڵین لە پشووی نێوان ساڵەکاندا چەتەی دزی دزێو بکەونە گیانی و هەوڵی پسپۆڕان پووچەڵ بکەنەوە. ئەوە ئەرکی هەموو خەمخۆرێکی گەل و نیشتمانە نەک هەر لەسەر گردی قەڵای بۆکان، بەڵکوو لە هەموو شوێنێکی وڵات و بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستیی دەزگا بەرپرسە فەرمییەکان.

با هەمووومان چارەنووسی گەنجینەی زێویە و تاڵانی بەربڵاوی خەڵکی ناشارەزای ناوچە و چەتەکانی شوێنەوارمان لەبەرچاو بێ، کە نەمر ڕەشیدی کەیخوسرەوی لە سەردەمی پەهلەویدا چ زەحمەتێکی لەپێناو بەرگریکردنی لە گەنجینەکە کێشا و سەدان ڕاپۆرت و دوو بەرگ کتێبی لەسەر نووسی،[١] بەڵام لەبەرەوەی بەتەنیا مایەوە و کۆمەڵانی خەڵک بە ناشارەزایی، پشتیان نەگرت، نەگەیشتە ئەنجام.

ئەم باسە پێشکەش بە یادی ئەو گەورەپیاوە دەکەم و هیوادارم هەرکام لە ئێمە شانازیی ئەوەمان هەبێ کە بەگوێرەی توانا ببینە داکۆکیکەرێکی سەرمایە فەرهەنگییە مێژووییەکانمان.

٢٠٢٠/٥/٢٧

١. رشید کیخسروی، «دوران بی‌خبری یا غارت آثار فرهنگی ایرانیان» و «دوران بی‌خبری، کردستان و نیاکان باستانی کردان»، چاپی ١٣٦٣ ـ ١٣٦٩/ ١٩٨٤ ـ ١٩٩٠، فارسی.

## پارسوا

کاک عومـەر عەبدوڵڵابەگـی لە ژمـارە ١٢١ی گۆڤاری «ڕامان»دا وتارێکی نووسـیوە بەنـاوی «جێگـەی پارسـوا لـە مێـژووی کوردسـتان‌دا». وتارەکـە لـە پەیوەندیـی سـاغکردنەوەی بنەمـای وشـەی «پارسـوا» و پـارس (فـارس)، هەروەهـا شـوێنی پارسـوا و دراوسـێیەتیی لەگەڵ مادا نووسـراوە و پەسـندی بۆچوونێکی دیاکۆنۆف نووسـەری کتێبی «مێژووی ماد»ی داوە کە گوتوویەتی پارسـوا بەواتای تەنیشـت و پەراسـوو (قەبرغە)یە و وشـەیەکی مادییە، هەر مادەکانیش ئەم ناوەیان بە حیسابی دراوسێیەتی بە قەومی «پارس» داوە، کە لە تەنیشت خۆیان دەژیان.

کاک عومەر لە نووسـینەکەی‌دا، بۆچوونی نووسـەری کتێبی «تمدن مهاباد» کاک مەحموودی پێدرامی داوەتە دواوە کە بە کەڵک وەرگرتن لە هەمان کتێبی «مێژووی مـاد»ی دیاکۆنـۆف، وشـەی پارسـوای بەسـەر دوو بەشـی پـارس + وادا دابـەش کردبوو و نووسیبووی بە لابردنی پیتی /ر/ لەسەر بەشی یەکەمی وشەکە، دەتوانین بگەینـە سـەر گوندی «پەسـوێ»ی نزیک پیرانشـار و بـە هەمان پارسـوای ڕۆژاوای گۆلـی چیچێسـت (ورمـێ)ی بزانیـن و بۆ بەشـی دووهەمیشـی کە شـوێن و مەکان بگەیەنێ، قەڵای «بوشـتۆ»ی ئاماژەپێکراوی دیاکۆنۆفی لەگەڵ پاشـماوە کەوناراکانی «قەڵاتی شا» لە هەمان ناوچە بە یەک زانیبوو.

نووسـەر هەروەها بەرپەرچی بۆچوونی کاک ڕەحیمی مەحموودزادەی شـنۆیی دەداتـەوە کـە لـە وتارەکـەی خـۆی‌دا کەڵکـی لـە کتێبـی «بعضـی از اسـامی کهن و ایرانـی» میهـردادی بەهـار[1] وەرگرتووە بۆئەوەی وشـەی «پرسـە» بە «پڕ لە سـەگ» واتـا بکاتـەوە و بڵـێ «لە کوردی‌دا هەروەک وشـەی مێژوویی پڕاسـپە یا فراسـپەیە کـە مانـای پڕ ئەسـپیان هەیە» و لە ئەنجـامدا بگاتە هەمان ئاکامـی کاک مەحموودی پێدرام و پارسـوا لەگەڵ گوندی پەسـوێی باشـووری ڕۆژهەڵاتی شارسـتانی شنۆدا بە یەک دابنێ.

---

١. بەداخەوە من چاوم بە هیچکام لەم سـێ سـەرچاوانە، واتە نووسـینەکەی کاک مەحموود پێدرام، کاک ڕەحیم مەحموودزادە و ڕێزدار میهرداد بەهار نەکەوتووە.

کاک عومەریش لە نووسینەکەی‌دا پشت بە زانیاریی‌یەکانی هەمان کتێبی دیاکۆنۆف دەبەستێ و پەسندی دابەش‌کردنی وشەکە بەسەر دوو بەشی سەرەوەدا دەکا، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. ئەو دەنووسێ، «برایان مەحموودی پێدرام و ڕەحیمی مەحموودزادە دەبێ بزانن کە وشەی پەسوێ لە دوو بەش پێکهاتووە، «پەس» یان «پەز» بەواتای مەڕ و «وێ» بەواتای شوێن و مەکان و بە لەبەرچاوگرتنی کەسب‌وکاری خەڵک کە زۆربەیان ئاژەڵدار بوون، زۆر ئاسایی‌یە ئەو شوێنە ناوی جێی مەڕ بێ یان شوێنێک بێ کە مەڕی زۆر بووە.»

ئینجا دەچێتە سەر شوێنی هەڵکەوتی پارسوا و دەڵێ «بەشی سەرووی ڕووباری سیروان و ڕووبارە بچووکەکانی سێ‌کوچکەی سلێمانی – زەهاو – سنە، لە نیوەڕاستی سەدەی نۆیەمی پێش‌زایین‌دا پێی گوتراوە «پارسوا و جێگاکەشی بریتی بووە لە خوارووی ڕووباری زێی بچووک و سەرووی سیروان؛ هاوکەوشەنیش بووە لەگەڵ خاکی ماد وماننا و بابل» (ل ١٣٣ ـ ١٣٥). وەک دەرەنجامی ئەم سنوور دیاری‌کردنە، قەڵای گرنگی بوشتۆ دەباتەوە سەر گوندی «بست»ی دیواندەرە و وەک باشووریترین سنووری وڵاتی ماننا و دەسپێکی خاکی پارسوا دەسنیشانی دەکا؛ لە ڕێگەی ئەم هاوسنوورییەشەوە دەڵێ پارسوای تەنیشت وڵاتی ماد کەوتۆتە باشووری خاکەکەی ئەوان کە وابوو، هەموو بەشی باکووریتری لە چوارچێوەی خاکی ماددا بووە.

دیارە هەرسێ نووسەری ئەم وتارانە پشتیان بە یەک سەرچاوە بەستووە کە مێژووی مادی دیاکۆنۆف بێ و ئەوە دەتوانێ جێگەی قسە بێ، لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانی دیاکۆنۆف ڕەخنەی زۆریان لێ‌گیراوە، بۆ نموونە: نامیلکەی محەممەدعەلی خونجی بەناوی «بررسی تاریخ ماد» کە تێیدا دەیان هەڵەوپەڵەی نەزەریی دیاکۆنۆفی کەوتۆتە بەرچاو. هەروەها کتێبی «پادشاهی ماد»ی ئیقرار عەلییێفی ئازەربایجانی[1] پێش کتێبەکەی دیاکۆنۆف نووسراوە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی کۆنترۆڵی یەکییەتیی سۆڤیەتییەوە، ماوەیەک دوای ئەو بڵاو بۆتەوە و ئەویش گەلێک زانیاریی تێدایە کە دەکرێ بۆ ئەم بابەتە کەڵکیان لێ وەربگیرێ. بە هەمان شێوە،

---

١. اقرار علی‌یف، پادشاهی ماد، ترجمه کامبیز میربهاء، انتشارات ققنوس، تهران١٣٨٨/ ٢٠٠٩.

نووسـراوەکانی مینۆرسـکی کە هەندێکیان ڕاست سـەبارەت بەو بابەتەن و تەنانەت وەرگەڕاونەتە سەر زمانی کوردیش.

هەرچۆنێک بێ، بابەتەکە گەلێک گرنگە و جێگەی خۆشحاڵییە کە کورد پسپۆری زانا و خاوەن بۆچوونی ئەوتۆی هەیە بتوانێ بچێتە بوارێکەوە کە لە ڕابردوودا تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسانی ئوروپایی یاخود مێژوونووسانی تورک و ئێرانی بووە و زۆریش لەگەڵ کورد میهرەبان نەبوون!

ئـەوەی لـە پەیوەندیی بـۆکاندا گرنگ بێ ئـەم خاڵەیە کە شارسـانییەتی جێگەی باس واتە «پارسوا» لە دراوسێیەتیی ماد و ماننادا بووە و بەگوێرەی ئەو سنوورەی وا ئـەو بـۆ وڵاتـی مادی دیاری دەکا و دەڵێ لە باشـووری گۆلـی ورمێوە تا گوندی بسـتی دیوانـدەرە کێشـرابوو، ناوچـەی بۆکانیش دەکەوێتە جەرگـەی مادەوە و بەو بۆنەیەوە، دەتوانرێ بۆ مێژووی ئەم شارەش کەڵکی لێ وەربگیرێ.

ڕەخنەیـەک کـە منـی خوێنـەر دەتوانـم لـە نووسـراوەکەی بگـرم، ناتەواویـی خاڵبەندییەکانـە، کـە بەداخـەوە زۆر کتێـب و نووسـراوەی دیکـەی کوردیش پێیەوە دەناڵـن. بـۆ نموونـە، لێـرەدا هەندێـک جار نازانـدرێ ئـەوەی نووسـراوە بۆچوونی کاک عومـەرن یـا دیاکۆنـۆف، واتـە ئـەو دوو هەڵوێسـتە لـە هەندێـک شـوێندا بەڕوونـی دیـاری نەکـراون، لـە کاتێـکدا دوو کەوانۆکـەی سـووک و هاسـان، یـان بـە ئیتالیـک کردنێـک یـان گـەورە و بچـووک کردنـەوەی یەکیـان و شـتی لەو چەشـنە، دەیانتوانـی سـنووری بۆچوونەکانمـان بـۆ دیـاری بکـەن. خاڵبەندییەکـی ئەمڕۆیـی، نـەک شـێوازە کـۆن و هەردەمبیلەکـە لـە نووسـیندا هیچـی لـە پیـت و ئەلفـوبێ کەمتر نییە و دەبێ وەک ئەوان بایەخی پێ بدرێ.

سەرچاوە:

عومەر عەبدوڵڵابەگی، جێگەی پارسـوا لە مێژووی کوردسـتاندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٢١، هەولێر، ٢٠٠٧/٦/٥

## بەردەنووسی بەغستان (بێستوون)

بەداخەوە نووسراوەیەک کە نیشاندەری دەسەڵاتدارییەتی مادەکان بێ تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و زانیاری سەبارەت بەوان تەنیا لە بەردەنووسە ئاشووری و هەخامەنشییەکانی ئێران و هەندێک نووسراوەی یۆنانییەکان‌دا دەست دەکەوێ.

یەک لە بەردەنووسە گرنگەکانی سەردەمی هەخامەنشی، بەردەنووسی بەغستان یان بێستوونە لە کرماشان. بەردەنووسەکە بە سێ زمان نووسراوە: عیلامی، ئەکەدی و ئەوی دووهەمیان، کە ئێستا دەڵێن عیلامیی کۆنە، تا نیوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش هەر دەگوترا بە زمانی مادییە، کە دوایی بەرپەرچدرایەوە.

من لێرەدا هەڵبژاردەیەکی ئەو بەردەنووسە دەهێنمەوە کە لە پەیوەندیی ماد و مادەکان‌دایە و هەندێ بۆچوونی خۆم لەمەڕ ڕووداو و شوێن و کەسایەتییەکانیشی لێ زیاد دەکەم:

«... من بووم بە شای ئەم [شوێن]انە:... ماد ... مەک کوران...»

تۆ بڵێی ئەم «مەک‌کوران»ە، موکری و موکریان نەبێ؟

«... من «گاوماتەی موغ»م کوشت لە قەڵایەک بەناوی «سیکایائووەتیش» و لە وڵاتێک بەناوی «نیسایە» لە ماد...»

ئایا ئەم «نیسایە»یە هەمان پێتەختی مانناکان نییە؟ ئەگەر ئەو بێ، ئایا قەڵایچی (ئیزیرتوو) یا «سەراو»ی لای بۆکان نییە؟ ئەی قەڵای «سیکایائووەتیش» کامەیە و دەبێ کوێ بێ؟

«... پیاوێک بەناوی «فەرەوەرتیش» لە «مادیە» ڕابوو و نافەرمانیی منی کرد. سپایەکەم نارد... لە شوێنێک بەناوی «ویدەمە» شەڕیان لەگەڵ کرد و سپای ئەو نافەرمانەیان تێکشکاند... سپای خۆم لە گوندێک بەناوی «کەمبەد» لە ماد مایەوە تا من گەیشتمێ... لە شوێنێک بەناوی «کودوروش» لە ماد بە یارمەتی ئەهوورامەزدا تێکمشکاند و فەرەوەرتیش هەڵات بۆ گوندی ڕەغە... لەوێ گیرا و لە هەگمەتانە

کوشتم...»

ئەو ناوی شوێنانە، ئێستا کوێ دەگرنەوە؟ ئێرانییەکان دەڵێن ڕەغە هەمان «ڕەی» یا «شـەهریڕەی» نزیک تارانـە و هەگمەتانـەش هەمەدانە، بەڵام ئەوانـە دوورن لە ڕاسـتی. چـۆن لە «ڕەی» کابرایـان گرتووە و چاویان دەرهێنـاوە و لووت و دەمیان کردووە و زمانیان بڕیوە، ئینجا هەڵیانگرتووە و بردوویانە لە هەمەدان بە شمشـێر کوشـتوویانە! (ئەو زانیارییانەم لە دەقی بەردەنووسـەکە وەرگرتووە). بە بۆچوونی مـن ڕەغـە، شـەهریڕەی تـاران نییـە و دەبـێ گوندێک بێ لـە هەمـان دەوروبەری بۆکان و مەهاباد و مياندواو؛ هەگمەتانەش زۆر وا هەیە قەڵایچی بێ.

«... ئەمانە دۆست و برادەری منن: ...»

لێـرەدا داریـووش شـانازی دەکا کـە لـە مـاوەی پاشـایەتیی خۆیدا ١٩ شـەڕی کردووە و ٩ پادشای گرتوون و هەمووشی بە یارمەتیی ئەهوورامەزدا! ئینجا ناوی ٦ دۆسـت و بـرادەری خـۆی دەبا کە هەموویان «پارسـی»ن، واتە خەڵکانی سـەر بە هۆز و قەومی تر، وەک ماد و سەکایی هیچکام دۆستی نەبوون.

لە بەردەنووسەکەدا، هەروەها ناوی چەند شوێنی دیکەی «ئەرمەنستان» هاتوون کە بەهۆی تێکەڵاویی مێژووی گەلی ئەرمەنی و کورد و دەستاودەست گەڕانی شار و ناوچەکانـەوە، بایەخـی ئەوەیـان هەیـە ئەوانیش سـەیر بکرێن و لێیـان بکۆڵدرێتەوە بۆ ئەوەی شوێنی ئێستایان دیاری بکرێ.

**سـەرچاوە:** دەقی بەردەنووسـەکەی بێسـتوون، وەک گەورەترین بەردەنووسی دۆزراوەی مـرۆڤ، کـە بـە نووسـینی ئەمڕۆیـی زیـاد لە پێنجشـەش لاپەڕەی سـەر کاغـەزە، لـە زۆر زمان و گەلێک سـەرچاوەدا دەدۆزرێتـەوە؛ هەڵبژاردەکەی من لەم کتێبە وەرگیراوە:

«متن سـنگ نبشـتەهای داریوش بزرگ در بغسـتان و اسـتخر»، هاوپێچی وتاری سێهەم لە کتێبی: تاریخ ایران، امیرحسین خنجی، فارسی.

## سەردەمی بێخەبەری

دزیـن و ڕووتاندنـەوەی «گەنجینەی زێویە» و ڕاگواسـتنیان بۆ ڕۆژاوا و ئیسـڕائیل، ئیتر ئەمڕۆ پرسـیار نییە و گەلێک ڕوونە. لە سـاڵی ١٩٤٦ بەدواوە «زێویە»ی سـەقز هەڵکـۆڵدراوە و ڕاگوێـزراوە هەتـا دواییـن کوتە سـواڵەتی لێدەرهاتـووە و چیتری لێنەماوەتەوە.

زێویە گوندێکی شـاری سـەقزە و بەگوێرەی هەندێ سـەرچاوە کە ناویان لەم کتێبـەی نەمر«ڕەشـید کەیخوسـرەوی»دا هاتـووە، دوور نییـە هەمـان هەگمەتانـە یا ئەکباتانـی پێتەختـی مـادەکان بووبێ. کەیخوسـرەوی بۆ ماوەیەکی ٣٠ سـاڵە دژ بە تاڵانچییانی ئەو گەنجینە بەنرخەی سـەردەمی ماد و سەکاییەکان وەستا و هەندێ کەسـی وەک پرۆفیسـۆر گیرشـمەن و پرۆفیسـۆر «گودار»ی لەقاودا، کە دەسـتیان تێکەڵی دەستی قاچاخچییانی وەک «ئەیووب ڕێبنۆ» بووە؛ ئەو کەسەی کە بۆ ماوەی چەندەهـا سـاڵ بە سـەدان کرێـکارەوە خەریکـی هەڵکۆڵین و دۆزینـی زێویە بوو و دەسکەوتەکانی هەموو بردە دەرەوەی ئێران. بەداخەوە کەیخوسرەوی تەمەنی هاتە کۆتایی بێئەوەی هیچکام لەوانەی وا بەرپرسی ئەو ڕووتاندنەوە فەرهەنگییە بوون بکەونە گیر.

زێویە و شارسـانییەتی ماد و سـەکاکان بۆ مێژووی کۆنـی پێشزایینی ناوچەی بـۆکان خاوەنـی گرنگایەتیی زۆرە. بۆکان بەشـێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی ماد و بۆ شـوێنکەوتنی مێـژووی ئـەو سـەردەمانە، پێویسـتە هەموو سـەرچاوەیەک جا کتێب بـێ یـان کەرەسـە، وێنە و فیلم، بکەونە بەر سـەرنج. ئەم دوو بـەرگ کتێبە زانیاریی زۆرمان لەسەر شوێنەکە و چۆنییەتیی ڕووتاندنەوەی شوێنەوارەکان ئاڕاستە دەکا.

یـادی نەمـر ڕەشـیدخانی کەیخوسـرەوی داکۆکیکـەری کۆڵنەدەری شـوێنەوارە تاڵانکراوەکانی زێویە بەخێر بێ![1]

١. رشید کیخسروی، «دوران بیخبری یا غارت آثار فرهنگی ایرانیان، گنج زیویه و دردنامه روستائیان زیویه»، جلد اول، ناشر: نویسنده، ١٣٦٣/ ١٩٨٤، فارسی.
رشید کەیخوسروی، «دوران بیخبری، کردستان و نیاکان باستانی کردان، آرامگاه رستم و سـاختمان هگمتانه در آئینه باسـتان شناسـی، منطقه زیویه و قاپلانتو»، جلد دوم، انتشـارات آفرینش، تهران، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، فارسی.

## ئەشکەوتی سەهۆڵان

گۆڤاری مەهاباد لە ژمارە ٨٧ی خۆیدا وتارێکی ڕێزدار سەید محەممەد سەمەدی بە زمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە کە سەردێرەکەی بەو چەشنەیە: «غار آبی سهولان مهاباد». پێشتر ژاک دو مۆرگان سەری ئەشکەوتەکەی دابوو (١٨٩٢ تا ١٨٩٩) و بۆ یەکەم جار هەندێک زانیاریی سەبارەت بە ئەشکەوتەکە لە کتێبی «مەئموورییەتی زانستی»دا ڕاگەیاندبوو (بەشێکی ئەم کتێبە بەناوی «جوغرافیای غرب ایران» لەلایەن دوکتۆر «کازم وەدیعی»یەوە تەرجەمەی فارسی و چاپ کراوە). درەنگتر هەیئەتێکی ئەشکەوتپشکنی زانستگەی ئۆکسفۆردی بریتانیا سەردانی ئەشکەوتەکەیان کردبوو و چەند کەسی تریش بابەتیان لەسەر نووسیبوو.

وتاری سەمەدی ئاماژەیەکە بە دوو کاری یەکەم، ئینجا هەندێک زانیاریی سەبارەت بە ئەشکەوتەکە، جنسی بەرد، ڕادەی گوشاری هەوا، تەڕایی و بەرزیی شوێنەکە لەچاو بەرزایی دەریای تێدا ڕاگەیەنراوە. ئەو زانیارییانە گەلێک سەرەتایین، بەڵام بۆ نووسینی دواتری مێژووی بۆکان و ناوچەکە بەسوودن، بەتایبەت کە نووسەر ڕاستەوخۆ سەردانی شوێنەکەی کردووە و نەخشەی ناو ئەشکەوتەکەی کێشاوەتەوە و شوێنی ئاوەکە و «کونەکۆتر» و «کونەماڵان»ی دیاری کردووە، بەڵام ئاشکرایە بۆ ناسینی چۆنییەتی و خەسلەتەکانی سروشتیی ئەشکەوتەکە و کێوەکە، دەبێ کەڵک لە زانیاریی خەڵکانی زەویناس و شارەزای ئەم بوارە وەربگیرێ. دیارە لە دەرەوەی ئەشکەوت چیای تەرەغەیە بە مێژوویەکی دووررودرێژەوە کە چۆتە ناو شێعر و ئەدەب و بەیت و بەندی کوردی و گەلێک بیرەوەریی لە خۆیدا شاردۆتەوە کە دەبێ پەردەیان لەسەر هەڵبگیرێ و ئەوەش کاری نەوەکانی داهاتوو و نووسەرانێکە بیانەوێ خۆیان بە مێژووی ناوچەی بۆکانەوە خەریک بکەن. سەهۆڵان کەوتۆتە سەر جادەی مەهاباد بۆ بۆکان. ئەشکەوتی سەهۆڵان لە نزیکی گوندی سەهۆڵان و دووررونیزیکی عیساکەند هەڵکەوتووە لەسەر ڕێگای بۆکان و مەهاباد.[١]

---

١. سید محمد صمدی، «غار آبی سهولان مهاباد»، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٨٧، ساڵی هەشتەم، ٢٠٠٨/١٣٨٧، ٥٩ لاپەڕە، فارسی.

## ئاورگەی شیز و تەختی سولەیمان

سەبارەت بە جێ و شوێنی ئاورگەی ئازەرگوشەسەب لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و نزیک بە شاری «گەنزەک»ی کۆن یا تەختی سولەیمانی ئێستا گەلێک بابەت نووسراون. گرنگایەتیی شیز بۆ نووسینی مێژووی شاری بۆکان، گەلێک زۆرە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا (٢٢٤ تا ٦٥٢ی زایینی) شیز شوێنێکی گرنگ و یەک لە سێ ئاورگەی گەورەی ئێران بووە و تەنانەت شاهانی ساسانی لە تیسفوونەوە هاتوونەتە زیارەتی. بەو پێیە، هاتوچۆ و هەروەها شەڕ و گەڕێکی زۆر لە دەوروبەری شارەکە بووە و لەوانە شەڕی ئاشووری و یۆنانی و ڕۆمی و عەرەبە لەگەڵ ئێرانییەکان و هەر لە ئەنجامی ئەو شەڕانەشدا شارەکە وێران کراوە و ئاگری هەمیشەیی ئاورگاکە، کووژاوەتەوە.

کتێبی «ئازەربایجان، پێش مێژوو و دوای ئەو» زانیارییەکی بەرچاوی سەبارەت بە شیز و تەختی سولەیمان ئاراستە کردووین و لەوانە دەڵێ:

«قەڵای تەختی سولەیمان ٣٨ بورجی ڕازاوەی هەبووە و گۆلی ئاوی ناو قەڵاکە ١٢٠ میتر درێژایی، ٨٠ میتر پانایی و ٦٥ میتر قووڵایی هەبووە و هەر چرکەیەک ١٠٠ لیتر ئاوی لێ‌هەڵقوڵیوە... هیراکلیوس ئیمپراتۆری ڕۆم لە ساڵی ٦٢٤ی زایینیدا وێرانی کرد...» باسی ناوچەکە لەم کتێبەدا کەوتۆتە فەسڵی چوارەم، لاپەڕە ١٣٦ تا ١٤٠.

بۆ نووسینی مێژووی بۆکان، پێویستییەکی زۆرمان بە مێژووی شیز و تەختی سولەیمان، زەردەشتایەتی و پێش ئەو، واتە میترائیسم هەیە.[1]

---

١. سید اسمعیل وکیلی، «آذربایجان، پیش از تاریخ و پس از آن»، چاپ ندا، ١٣٦٢/ ١٩٨٣، ٣١٠ صفحه، فارسی.

## تەختی سولەیمان یان «گەنزەک» و «ئازەرگوشەسب»ی مێژوویی

لــە بەشــەکانی پێشــتردا گەلێک جارســەبارەت بە گەنــزەک و ئاورگەی پەنادەســتی، واتــە ئازەرگوشەســب یــان ئازەرگوشنەســب (تەختــی ســولەیمانی ئێســتا) دواوم. تەختی سولەیمان شوێنەوارێکی گرنگی مێژوویی سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و هەندێک بەشــی هی ســەردەمانی پێش ئەوانە و کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان لە بەری ئەوبــەری ڕووبــاری جەغەتوو و نزیک شــاری تیکاب یان تیکانتەپەی هەوشــار؛ لە باری دابەشبوونی جوغرافیای ئێرانیشەوە سەر بە تیکابە.

ئەم زانیارییانەی خوارەوەم سەبارەت بەو شوێنە مێژووییەیە لە ماڵپەڕی «میراث فرهنگی ایران»دا چاوپێکەوت و بەباشی دەزانم لێرە و لە درێژەی باسەکانی پێشوودا بڵاویان بکەمەوە.

بــا هــەر لێــرەدا ئــەوە بڵێــم کــە هەندێــک کەســی ناشــارەزا، بــەڵام دەمارگیــر لە ئازەربایجــان پەیــدا بوون کە بە ڕق و کینەیەکی زۆرەوە دەڕواننە کورد و مێژوو و زمانەکــەی و بەداخــەوە خزاونەتــە ناو زۆر ماڵپــەڕی وەک ویکیپیدیاوە (ئینگلیزی و فارسی) و سەبارەت بە شار و ناوچە و کەسایەتییە کوردەکان بابەت بڵاو دەکەنەوە کە هەندێک بەشیان دوورە لە ڕاستی؛ هەر بۆیەش دەبێ ئاگادار بین و نەهێڵین ئەو تاقمــە تایبەتــە لە بێدەنگی و هەســتی برایەتیی کــورد بۆ بەرژەوەندیی شۆڤینیســتی خۆیــان کەڵــک وەربگــرن. زۆرێــک لەوانــە، مێژووی کــورد بــەراوەژوو دەکەنەوە و شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچە بە دیاردەیەکی ئازەربایجانی لە قەڵەم دەدەن.

ئەم بابەتانەی خوارەوە وا هەیە لەو چەشنە نەبێ، بەڵام وریایی دەوێ لە هەندێک بۆچوون و هەواڵی ناســک وردبینەوە و ڕاســتییەکان بە چاویلکەی دەمارگیریی ئەم یا ئەو نەبینین.

**سرگذشت تخت سلیمان از زبان مادری مهربان**[۱]

تخت سلیمان محوطه‌ای به وسعت ۱۲ هکتار است که آثار مختلفی در آن وجود دارد. یکی از آثار برجسته مجموعه، برج و بارویی بیضی شکل است که به دوران اشکانی مربوط می‌شود. در داخل این بخش، ۳۸ برج و بارو با نمایی خارجی از سنگ‌های نقشدار به چشم می‌خورد که به ارتفاع ۱۸ متر و عرض ۴ متر در میان دو دروازه شمالی و شرقی محدود شده اند.

در بخش دیگری از مجموعه، هسته اصلی کل تخت سلیمان قرار دارد که یک معبد به‌نام چهارطاقی آتشکده آذرگشسب است. در کنار معبد، عبادتگاه شاهان و جنگاوران قرار دارد، چرا که این آتشکده به سلاطین و سرداران سپاه اختصاص داشت. در کنار معبد آتش، معبد ستایش آب ساخته شده است.

این معبد با معبد بیشابور فارس شباهت بسیاری دارد، اما آثار کمی از آن برجا مانده است. مجاور این بخش‌ها، تالار سلاطین ساخته شده که از آن برای مراسم نیایش آتش در روزهای خاص و به‌حضور پذیرفتن سفیران دیگر کشورها استفاده می‌شد. طرح و مقیاس تالار شباهت بسیاری به ایوان مداین دارد، اما از آن کوچکتر است.

در واقع تخت سلیمان برای سلسله ساسانیان همان نقشی را بر عهده داشت که تخت جمشید در زمان هخامنشیان.

تمام این اجزای معماری در مجموعه اصلی عبادتگاهی ساخته شدند، اما در خارج از این مجموعه و دورتادور آن، یک شهرستان دوره ساسانی وجود داشت. این شهرستان برای خدمات‌رسانی به ساکنان آتشکده و کسانی که تعلیم و تربیت موبدان را بر عهده داشتند، پدید آمده بود. شهرستان ساسانی در واقع وظیفه تامین نیازهای زوار و ساکنان مجموعه را انجام می‌داد. این شهرک پس از متروک شدن آتشکده، تخریب شد و هم‌اکنون در عمق چهار متری سطح زمین در زیر خاک مدفون است.

---

۱. تکاب، خبرگزاری میراث فرهنگی، ابراهیم حیدری.

سه آتشکده بسیار مهم در دوران ساسانی در ایران وجود داشت که هم‌اکنون تنها آثاری از آتشکده آذرگشسب که به‌نام تخت سلیمان شهرت پیدا کرده، بر جا مانده است. این آتشکده از نظر مسایل اعتقادی، باورهای دینی و نقشی که در حیات سیاسی و اجتماعی دوران ساسانیان داشت از اهمیت بسیاری برخوردار بود.

آتشکده آذرگشسب در واقع نماد اقتدار حکومت ساسانیان محسوب می‌شد، خصوصا پس از خیزش مزدکیان و شکل‌گیری جنبش آن، «خسرو انوشیروان» به عمران و آبادی این آتشکده با عنوان عامل وحدت ملی و یکسان‌سازی دین کشوری توجه ویژه‌ای کرد.

آتشکده آذرگشسب در زمان حمله رومیان به ایران و غلبه آنان بر سپاه خسرو پرویز، غارت و ویران شد، در حالی که رومیان هیچ کاری به پایتخت کشور نداشتند. حمله رومی‌ها، اعراب و پذیرش دین اسلام از سوی ایرانیان تغییراتی در وضعیت آبادانی آتشکده پدید آورد و اغتشاشات اواخر دوره ساسانیان نیز موجب شد هیچ تجدید بنایی در این محل انجام نشود تا این که در دوران ایلخانان، این مجموعه به‌عنوان پایتخت ییلاقی حکام مغول مورد استفاده قرار گرفت. پس از سقوط ایلخانان، تخت سلیمان تقریبا متروک شد و به‌عنوان یک شهرک خدماتی کوچک با امکاناتی نظیر آهنگری، سفالگری و نانوایی مورد استفاده قرار گرفت. در دوران صفویه دیگر این مجموعه به‌طور کامل متروک شد و هیچ استفاده‌ای از آن نشد. اسم تخت سلیمان نیز در واقع از قرون هفت و هشت هجری قمری و از سوی اهالی منطقه که اطلاعات تاریخی درستی از این بنا نداشتند، انتخاب شد. در حالی که این نام صحیح نیست و همان آتشکده آذرگشسب نام صحیح مجموعه است.

این نام در متون اوستایی، کتاب‌های تاریخ ایران قدیم، نوشته‌های مورخان یونانی، ارمنی و رومی بارها آمده است. در شاهنامه فردوسی نیز حدود ٧٠ بار اسم آتشکده آذرگشسب ذکر شده است. پس از دوران صفویه این مجموعه کاملا متروک ماند تا این که در قرن‌های ١٧ و ١٨ میلادی، مستشرقان غربی به ایران آمدند و به بررسی مناطق تاریخی ایران پرداختند.

نخستین بررسی‌های باستان‌شناسی در تخت سلیمان از سوی یک هیات آلمانی انجام شد. بررسی‌های هیات آلمانی در تخت سلیمان براساس توافق میان دولت ایران و آلمان از سال ۱۳۳۷ آغاز شد. سرپرست این هیات «دراوستن» بود که پس از او، پروفسور «نومن» و دکتر «هوف» کار او را به مدت ۱۹ سال ادامه دادند. من نیز به‌عنوان نماینده سازمان ملی حفاظت آثار باستانی وقت، در سال‌های ۵۵، ۵۶ و ۵۷ با هیات آلمانی همراه بودم. عمده فعالیت‌های آنان روی کار باستان‌شناسی متمرکز بود و دو جلد کتاب، چندین مقاله و تعداد زیادی نقشه و مدارک حاصل کار آنان است.

بعداز انقلاب اسلامی تا سال ۷۲، محوطه در اختیار ما بود، اما به‌دلیل وضعیت کشور در آن دوران و اولویت‌های دیگری که وجود داشت، اقدامات چندانی در تخت سلیمان انجام نشد. بیشتر فعالیت‌های این دوره به حفاظت‌های اضطراری و نگهداری‌های اولیه اختصاص داشت تا این که در سال ۷۲ براساس دستور رییس جمهور وقت، ۱۰ پروژه بزرگ ملی فرهنگی ـ تاریخی تعریف شد که یکی از آنها تخت سلیمان بود.

این دوره از فعالیت‌های ما در تخت سلیمان با گسترش شهرها، توسعه شهرک‌سازی، جاده‌سازی و ازدیاد جمعیت مصادف بود. این عوامل خطر از میان رفتن آثار معماری برجا مانده را افزایش می‌داد. به‌همین دلیل نخستین کاری که در این زمان انجام دادیم، عبارت بود از تعیین حریم مجموعه و وضع یک سری ضوابط حفاظتی به‌منظور جلوگیری از دخل و تصرف در مجموعه تخت سلیمان. بعداز تعیین حریم، عملیات نجات‌بخشی آثار شروع شد که شامل حفاظت اضطراری، تثبیت آثار باقی مانده و نظافت کل مجموعه بود.

در کل محوطه تخت سلیمان حجم عظیمی از خاک و مصالح فرو ریخته وجود داشت که بخشی از آن مصالح را برای مرمت‌های بعدی نگهداری کردیم و حدود ۱۵۰ هزار متر مکعب زواید کارگاهی را به منطقه‌ای دیگر منتقل کردیم. علاوه بر این اقدامات فنی، اطلاعات مکتوب موجود درباره تخت سلیمان، نقشه‌ها، عکس‌ها و

مدارک فنی را جمع‌آوری کردیم و یک مرکز اسناد و کتابخانه تخصصی راه‌اندازی کردیم.

فرآیند ثبت تخت سلیمان در فهرست میراث جهانی هم شنیدنی است. این امکان خیلی اتفاقی پیش آمد. پنجم یا ششم بهمن ماه سال ۸۰، آقای گلشن در محوطه سازمان مرا دید و گفت: «اگر بتوانیم ظرف چهار یا پنج روز مدارک مورد نیاز برای پرونده ثبتی تخت سلیمان را آماده کنیم، امکان ثبت این اثر در فهرست میراث جهانی وجود دارد.» پس از آن به همراه دو نفر از همکاران با انجام حدود ۱۴ ساعت کار روزانه موفق شدیم این پرونده را تنظیم کنیم. برای ترجمه پرونده نیز به‌طور اتفاقی توانستیم مترجم خوبی پیدا کنیم که با نظارت دکتر چگینی این پرونده را ترجمه کرد. در همین زمان خانم «تانیکوچی» سرپرست هیأت کارشناسان ادواری یونسکو که پیش از آن به تخت سلیمان آمده بود، برای ما از سازمان یونسکو یک هفته فرصت اضافی گرفت و موفق شدیم پرونده را به پاریس ارسال کنیم. پس مطرح شدن پرونده تخت سلیمان در یونسکو درسال ۸۱، هیأتی ایتالیایی به‌سرپرستی آقای «یوکا» و هیأتی از ترکیه به‌سرپرستی «عمر مدران» به ایران آمدند. خوشبختانه با همکاری گروهی از همکاران و همیاری مسئولان میراث فرهنگی این اثر در فهرست میراث جهانی ثبت شد.

**

یونسکو در جریان فعالیت‌های سال ۲۰۰۵ تخت سلیمان قرار گرفت.

نظریه باستان‌شناسان آلمانی در تخت سلیمان رد شد.

تهران، میراث خبر گروه استان‌ها، زهرا کشوری: آخرین کاوش‌ها در محوطه باستانی تخت سلیمان به رد نظریه باستان‌شناسان آلمانی مبنی بر وجود یک حصار خشتی ساسانی پیرامون تخت سلیمان منجر شد.

مجموعه ساسانی تخت سلیمان بزرگترین و زیباترین آتشکده ساسانی در ایران است. آتش این آتشکده قرن‌ها روشن بوده و در کنار دریاچه تخت سلیمان که

چشمه‌ای بسیار اسرارآمیز است، نگهداری می‌شده است. این نزدیکی نشان می‌دهد که ساسانیان آب و آتش را در کنار هم می‌پرستیده‌اند. یوسف مرادی سرپرست کاوش در تخت سلیمان گفت: «هیات آلمانی که سالیان پیش این محوطه را کاوش کرده بود، معتقد بود یک حصار خشتی به طول ١١٢٠، عرض ١٢ و ارتفاع ٩ متر دورتادور این محوطه تخت سلیمان کشیده شده است. بنابر اطلاعات حاصل از این کاوش‌ها، این دیوار اولین بنای ساسانی تخت سلیمان است که بعدها تخریب و بر روی آن دیواری سنگی ساخته شده است، اما کاوش‌های هیأت کاوش نشان داد که این دیوار خشتی نیست، بلکه از خشت و خاک توأمان ساخته شده است. همچنین برخلاف نظر آلمانی‌ها این دیوار پیوسته نیست، بلکه ساختار توده توده دارد. در واقع این حصار یک دیوار توده‌ای خشتی خاکی است که به دوران ایلخانی تعلق دارد.»

او گفت: «این دیوار در زمان آباقاخان ساخته شده است. او که کاخ شکار خود را روی آثار ساسانی ساخته بود، برای کنترل بیشتر این محوطه و پرکردن فضاهای تخریب شده در دوره ساسانی اقدام به پر کردن این دیوار با خشت و خاک کرده است.»

آخرین حاکم ایلخانی که «آباقاخان» نام داشت مردم تخت سلیمان را از این منطقه بیرون راند و تخت سلیمان را به شکارگاه خود تبدیل کرد. مردم در این زمان در بیرون از مجموعه تخت سلیمان زندگی می‌کردند و پس از مرگ آخرین حاکم ایلخانی بار دیگر به تخت سلیمان بازگشته و خانه‌های خود را با بقایای کاخ‌های ایلخانی بنا کردند. مجموعه این اطلاعات به‌خوبی نشان می‌دهد که شکوه و عظمت تخت سلیمان در دوره ایلخانی رو به زوال گذاشته و مردم این منطقه از حاکمان ایلخانی به‌ستوه آمده بودند.

وێنەیەکی زۆری تەختی سولەیمانیش لەسەر ماڵپەڕی میراث فرهنگی ایران هەیە کە بەبێ ئیجازەی ئەوان وا هەیە نەکرێ ڕایانگوێزی. ئەوە دووان لەم وێنانەن:





## گۆڕستانی مەلا جامی

کاک قادر فەتاحی قازی کارێکی گرنگی کردووە بەوەی هەندێک زانیاری لەسەر گۆڕستانی مەلا جامی و گۆڕستانی گومبەزان و تاقەدار و بەردەڕووتانی شاری مەهاباد گردوکۆ کردووە و لە نامیلکەیەکدا بڵاوی کردۆتەوە.

هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی مێژوو و زیندووکردنەوەی ناوی کەسایەتی مێژوویی گەلەکەمان ئەرکێکی گەورەی سەر شانی هەموومانە، بەتایبەت کە دوژمنی داگیرکەر بە هەموو توانایەکی شەیتانیی خۆیەوە هەوڵی کوێرکردنەوەی سەرچاوەکان و لەنێوبردنی ئاسەوارەکانمان دەدا و تەنانەت نەک زیندوو، بەڵکوو بەسەر مردووەکانیشمانەوە ناچێ، وەک «وەرەهرام» کە گۆڕستانی مەلا جامی مەهابادی خاپوور کرد.

باسی نامیلکەی «گۆڕستانی مەلا جامی» لێرەدا لەبەر دوو هۆ دەهێنمە گۆڕێ:

یەکەم، وەک نموونەیەکی کار، کە دەبێ لە بۆکانیش ڕەچاو بکرێ و گۆڕستانە مێژوویی‌یەکانی نێو شار، هەروەها تورجان و حەمامیان و باغلووجە و گۆڕستانەکانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و سەر چۆمی‌مەجیدخان و... بپشکێندرێن و نووسراوەی سەر بەردە قەبرەکانیان بخوێندرێنەوە، بنووسرێنەوە و لە پەیوەندیی مێژووی ناوچەکەدا هەڵسەنگێندرێن. بۆ نموونە، ئەو بەردە قەبرە گەورە و نائاسایی‌یانەی وا لە گوندی شەرەفکەند هەن و خەڵکی گوندەکە بە «قازانخانم» ناویان دەبەن، کە بەئاشکرا دەبێ هی سەردەمی «غازانخان» و موغولەکان بن، بکەونە بەر لێکۆڵینەوە.

دووهەم، قەبرەکان هەندێکیان هی ئەمیرانی موکرین کە دەزانین باپیرییەکانی ئەمڕۆی بۆکان و مەهاباد و مياندواو بنەچەکیان دەگەڕێتەوە سەر ئەوان و بەو بۆنەیەوە پەیوەندییان بە مێژووی بۆکانەوە هەیە.

لە لاپەڕە ١٠ ـ ١١دا باسی بنەچەکی بنەماڵەی هیدایەتی کراوە، کە ئاغاواتی گوندی حاجیکەند و باپیرانی شەهید سەید ئەبووبەکری هیدایەتین بۆمبایان بە پۆستەدا بۆ

ناردە ماڵێ و شــەهید کرا. ســەید یەبووبەکر نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی بۆکان بوو لە یەکەم دەورەی مەجلیسی شووڕای دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران.

لــە لاپــەڕە ٢٠دا باســی قەبری «شــاپەیکەرخانم» کــراوە و لە پەڕاوێــزدا لە زمان نەمــر عومــەری عەلیــارەوە نووســراوە کــە شــاپەیکەرخانم هاوســەری مارفـئاغای دێبوکری و خوشکی پاشاخانی موزەففەروددەولە (شجاع الملک) بووە.

لە لاپەڕە ٢٤دا باسی گۆڕی مارفـئاغای کوڕی ڕەسووڵئاغای سەرۆکی تایفەی دێبوکری دەکا کە برای عەباسئاغای دێبوکری بووە.

لە لاپەڕە ٢٥دا باسی گۆڕی سوڵتانئاغای کوڕی هەمان مارفـئاغا کراوە.

لە هەمان لاپەڕەدا باس لە گۆڕی شاعیری ناودار مەلا مارف کۆکەیی دەکرێ کە لە نزیک گۆڕی شێخزادە بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا هیچ نیشانەیەکی لێنەماوە.

لە هەمان لاپەڕەدا باسی گۆڕی بابەخەلیفە سەید عەبدولقادری ئەتهەری کراوە و گوتراوە لە ساداتی ماوەڵۆ بوون لە گوندی ئاڵیکەندی باکووری بۆکان.[1]

١. قادر فتاحی قازی، «گورستان ملا جامی در مهاباد، به انضمام گوشەیی از تاریخ مهاباد»، تبریز، خرداد ماه ١٩٨٠/١٣٥٩، ٢٦ لاپەڕە، فارسی.

## ساڵی شێخی

لە بۆکان و موکریان بەگشتی بە ساڵی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای نەهری و هاتنی خۆی و کوڕەکانی لە شەمزینانەوە بۆ ورمێ و موکریان، دەگوترێ ساڵی شێخی. شێخ پاییزی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی بەرانبەر بە ١٨٨٠ زایینی هاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای چەند مانگێک تێکشکا و گەڕایەوە باکوور. بەو پێیە، ساڵی شێخی ساڵی ١٢٩٧ ک/ ١٨٨٠ی زایینییە. دیارە لە جەنگەی هاتنی شێخ بۆ ورمێ و چوونی شێخ عەبدولقادری کوڕی بۆ مەهاباد و پاشان میاندواو تا بناو، ناوێک لە بۆکان نایەتە گۆڕێ، لەبەروەی سپای شێخ بەگوێرەی پلانەکەیان دەبووایە لە مەهابادەوە بچن بۆ تەورێز و دوای گرتنی ئەو شارە، بەرەو تاران بئاژوێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، هەواڵی زۆر بە دەستەوەیە کە کورد لە هەموو شارەکانی موکریانەوە تا سنە، جەمجەم و پۆلپۆل چوونەتە ناو سپای شێخ عەبدولقادرەوە، بەتایبەت مورید و سۆفی و دەروێشی نەقشی و سەرەکهۆزانی ناوچەکە: مەنگوڕ، مامەش، زەرزا، دێبوکری و فەیزوڵلابەگی. هەندێک بەڕاست و هەندێکی تر بەڕواڵەت، لەگەڵ سپاکە کەوتوون و تەنانەت بەشێک لە سپای ئێران لە هەوشار، کە سوننی بوون، بایانداوەتەوە لای سپای کورد.

لەو ماوەیەدا، ناوچەی بۆکانیش جەرگەی هاتوچۆ و ئامادەسازی و پشتگیری و بەشداریی خەڵک لە سپای شێخ عەبدولقادر بووە و گەلێک ڕووداوی گرنگی تێدا ڕوودا‌وە، بەڵام بەداخەوە سەرچاوەکان باسێکی ئەو ڕووداوانە ناکەن و ئەرکی مێژوونووس و توێژەرانە لە کارەکە بکۆڵنەوە.

ئەوەی من بزانم، لە بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٨٨٠ - ١٨٨١ی زایینیی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا گەلێک بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بەو ڕاپەڕینە هەن، کە من کۆپی هێندێکیانیشم هەیە. سەر هەڵێنانەوە لەو بەڵگەنامانە و پشکنینیان کارێکی پێویستە و هیوادارم لە ناویان‌دا هەواڵی ئەو سەردەمەی شار و ناوچەی بۆکانیش دەربکەوێ. ئەوەندەی بزانم فایلی ساڵی ١٨٨٠ی عوسمانی لەنێو فایلەکان‌دا ون بووە، بەڵام هەر

لەو ساڵانەدا دوو فایلی گەورە بەناوی «کوردستان»ەوە هەن کە دەبێ سەیر بکرێن. هەروەها ئەم سەرچاوانەش گرنگن:

١. اسناد سیاسی ایران و عثمانی (٧ جلد)؛

٢. کارەکانی کاک محەممەد حەمەباقی، کە ۶ بەرگن و زیاتر وەرگێڕاوی کتێب و دەسنووسی فارسین سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە؛

٣. تاریخ و جغرافیای دارالسلطنه تبریز، نووسینی شازاده فەرهادمیرزا. دوکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ ئەم بەشەی کتێبەکەی فەرهادمیرزای بەناوی «الکساندر قورنیانس»ەوە بڵاوکردۆتەوە.

۴. ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠ نووسینی د. جەلیلی جەلیل، وەرگێڕان بۆ سەر کوردی، د. کاوس قەفتان.

۵. ئەم ڕاپەڕینە لە گەلێک سەرچاوەی دیکەی خۆیی و بێگانە، بۆ نموونە لە کارەکانی لازاریفدا باسی کراوە.

۶. دەسنووسێکی عەلی گۆنەخانی ئەفشار بەناوی «تاریخ خروج اکراد و قتل و غارت شیخ عبیدالله بدبنیاد و اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آذربایجان». ئەم دەسنووسە لە کتێبخانەی قوتابخانەی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکان (سواس) لە لەندەن بوو، من کۆپیم لێ‌هەڵگرت و ماوەیەک خەریکی نووسینەوە و ڕێکوپێک کردنی بووم، لە گۆڤاری مامۆستای کورد (ژمارە ١٩، پاییزی ١٩٩٢، سوید)یش‌دا هەڵسەنگاندنێکم لەسەر دەسنووسەکە و سەبارەت بە هۆکاری ڕاپەڕین و تێکشکانەکەی نووسی. ئینجا دەقە فارسییە ئامادەکراوەکەم نارد بۆ بنکەی ژین لە سلێمانی بۆ چاپ. ئەوان دابوویان بە کاک محەممەد حەمەباقی کە بیکاتە کوردی و لەگەڵ وێنەی دەسنووسەکەدا بڵاوی بکەنەوە. بەشی من لە چاپەکە ئەوەندە دراوە کە لە لاپەڕەی ناوەوەی‌دا نووسیویانە «پێشکەشە بە کاک ئەنوەر سوڵتانی لە لەندەن بۆ ماندووبوونە بێ‌سنوورەکانی لەگەڵ زیندوو کردنەوەی مێژووی نەتەوەیی‌دا» و لە سەرەتای وەرگێڕی کوردیش‌دا ئاماژە بە کارەکەی من کرابوو. دەستیان خۆش بێ.

دواتــر کاک «ســەلاحەددین ئاشــتی» پــاش نووســینەوەی دەقــە دەسنووســە فارسییەکە و پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڵاوی کردەوە. بەهۆی ئەو یارمەتییانەی وا بەڕێز محەممەدعەلی سوڵتانی بۆ ساغکردنەوەی دەقەکە ئاڕاســتەی منی کردبوو، کاک ســەلاح ناوی ئەویشی لەســەر کتێبەکە نووسیبوو، کە بە بۆچوونی من زۆر کارێکی باش بوو، چونکە بەشێکی گرنگی کارەکەی کەوتبووە ســەر شــانی و هەروەها بە نووسینی پێشــەکییەکی چڕوپڕ چەند کەلێن و قوژبنێکی ڕوانگەی نووسەری بۆ ڕوون کردبووینەوە. ئەوە ناوونیشانی هەر دوو کتێبەکەیە:

ـ عەلیخان گۆنەخان ئەفشار، «شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجــاریدا» وەرگێــڕ لە فارســییەوە، محەممــەد حەمەباقی، لــە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٧، لاپەڕە ۴٢۶، کوردی و فارسی.

ـ علی ابن امیرگونەخان افشار، «تاریخ خروج اکراد و قتل و غارت شیخ عبیدالله بدبنیــاد و اغتشــاش و فتنــە زیــاد در مملکت آذربایجان»، بەکوشــش انور ســلطانی، محمدعلی سلطانی و صلاح‌الدین آشتی، بنکەی ژین ٢٠٠٨، صفحە ٢۶٣، فارسی.

# بۆکان لە مێژوونامەی شارەکانی دەوروبەری‌دا

لـەم سـاڵانەی دوایـی‌دا کـەم‌وزۆر بۆ هەموو شـار و شـارۆچکەکانی دەوروبەری بۆکان یەک یان چەند کتێب و وتار نووسـراون. هەرکام لەو سـەرچاوانە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان پەیوەندییان بە بۆکانەوە هەیـە. ئـەم بەشـە بریتییە لـە هەڵێنجانی زانیاری لەو سـەرچاوانە، کە بەداخەوە بەشـێکیان لەگەڵ کورددا دۆستانە نەجووڵاونەتەوە و ئەوە دەتوانـێ زیـان بگەیەنـێ بـە هاوشـانی و برایەتیـی گەلانـی ناوچە و دوارۆژێکـی پـڕ لـە هـاوکاری و پێکەوەژیانـی دوور لـە دەمارگرژیی ئایینی و زمانی و نەتەوەیی.

## ناوی شار و گونده‌کانی ئێران

ئەحمەدی کەسرەوی ئەگەر تاقە کەس نەبێ، یەک لەو کەسانە بووە کە لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی زانستییانە لە بنەمای ناوی شار و گوند و ناوچەکانی ئێرانی کۆڵیوەتەوە و بۆ نموونە گوتوویەتی هەموو ئەو ناوانەی وا پێشگر یا پاشگری «بەک، باک، بەق»یان لەگەڵە، پەیوەندییان بە ئاورگەی پەرستنی «بەغ»، واتە خودای ئارییایی‌یەکانی پێش زەردەشتەوە هەبووە. گەرچی کەسرەوی ئەم باسەی لە پەیوەندیی شاری «باکۆ»دا کردووە و ناوێکی لە «بۆکان» نەبردووە، بەڵام بۆچوونە گشتییەکەی ئەو بوو بە بنەمای وتارێکی من لەسەر ناوی بۆکان کە هەر لەم کتێبەدا دەبیندرێ. بڕواننە «چەند تێبینیەک لەسەر ناوی بۆکان».

بەداخەوە من نوسخەی ئەم کتێبەی کەسرەویم لە لەندەن دەست نەکەوت، بەڵام لە سەرچاوەی دیکەدا تایبەتمەندییەکانیم هەڵگرتۆتەوە. بۆچوونەکانی کەسرەوی لەمەڕ ناوی کۆنی ناوچەکانی ئێران دەبێ بە هەند وەربگیرێن، بەڵام نابێ وەک بۆچوونێکی نەگۆڕ و یەکلاکراوە چاویان لێ بکرێ.[1]

---

١. احمد کسروی، «نام‌های شهرها و دیه‌های ایران»، جلد اول ١٩٢٩، جلد دوم ١٩٣١، (من ئاگاداری بەرگەکانی دیکەی نیم، بەڵام بۆی هەیە بەرگی دیکەشی هەبن)، ناشر (؟).

## ڕوانینێک بە ئازەربایجانی ڕۆژاوادا

بۆکان بەگوێرەی دابەشبوونی ئێران بەســەر ئوســتانەکان‌دا، بەشــێکە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا.

کتێبی فارســیی «نگاهی بە آذربایجان غربی» نووســینی «ایرج افشــار سیســتانی» کــە کۆمەڵــی زانیاریــی ســەرەتایی‌یە لەمەڕ شــار و دێهاتی ئەم ئوســتانە، بەگوێرەی سروشــتی کتێبەکــە، وەردە باســێکی لەمــەڕ بۆکان تێــدا بەرچاو دەکــەوێ. زانیاریی ناو کتێبەکە سەبارەت بە بۆکان کەمە و ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لە ساڵی نووســران و بڵاوبوونەوەی‌دا، واتە ١٣٦٩/ ١٩٩٠دا، هێشــتا بۆکان بەخشــێکی شاری مەهاباد بوو و زانیارییە گشتییەکانی لەمەڕ مەهاباد، بۆکانیشیان دەگرتەوە.

لەگەڵ ئەوانەش‌دا، کتێبی ئیرەجی ئەفشار سەبارەت بە مێژوو، جوگرافیا، ئابووری و سروشــتی شــاری بۆکان هەندێ بابەتی تێدا بەرچاو دەکەوێ و لەوانە لاپەڕە ٩٧٨ ـ ٩٧٩ باســی «وجە تســمیە»ی بۆکانی تێدا کراوە و بە شــاری «بووک»انی لە قەڵەم داوە یا لاپەڕە ٨٧٧ (بەرگی ٢)، باســی گەنمی مومتازی بۆکان دەکا یا لاپەڕەی ٧٠٦ تا ٧٢٤ کە باسی هۆزی دێبوکری و گەورک و مەنگوڕە و پێوەندیی بە بۆکانیشەوە هەیە. کتێبەکە بە فارسی نووسراوە.[1]

١. ایرج افشــار سیســتانی، «نگاهی بە اذربایجان غربی»، جلد اول، موسســە انتشــاراتی نســل دانش، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، تهران، ٥٢٧ صفحە، جلد دوم، موسســە انتشــاراتی نسـل دانش، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، تهران، صفحە ٥٣٣ تا ١٠٧٦.

## ساوجبولاق

ئـەم وتـارە و چەنـد وتـاری دیکـەی مینۆرسـکی کە لـە ئینسـیکلۆپیدیای ئیسـلامدا بڵاوبوونەتـەوە، تەرجەمـەی کوردی کراون و لە کتێبێکدا بڵاوبوونەتەوە. وەرگێڕی وتارەکان دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵایە، کە دەقەکانی لە زمانی فەرەنسییەوە تەرجەمە کـردوون و لـە کتێبێکدا بەنـاوی «بنچینەکانی کـورد و چەند وتارێکی کوردناسـی» بڵاوی کردوونەتەوە.

وتـاری سـاوج ـ بـولاق گەلێـک زانیاریـی جوغرافیایی و مێژوویـی و ئابووریی ناوچەکـەی ئاڕاسـتەی خوێنـەر کـردووە و بـۆ نموونـە گوتوویەتـی: «[کـورد] هەرێمـە تورکییەکانـی نێـوان تەتەهـوو و مەراغـەی لـە دەسـت داون کـە جـاران سـەر بـە موکری بوونـە (ل ١٠٢).» وتارەکـە گەرچی بەتایبەت نـاوی بۆکانی کەمتر هێنـاوە و لـە شـوێنیکدا گوتوویەتـی «گونـدی بـۆکان» (ل ٩٣)، بـەڵام لـە گەلێـک شـوێندا باسـی محاڵـی بێهـی و ئەختاچـی و تورجانی کـردووە، کە ئەمیان پێشـتر سـەر بـە بـۆکان بـوو. هەروەهـا زۆربـەی زۆری ئـەو زانیارییانـەی وا سـەبارەت بـە سـابڵاغ و موکریـان هێناونـی، بـۆکان و خەڵکـی ناوچەکانـی دەوروبـەری و هەروەهـا هـۆزە سـەرەکییەکانی بـۆکان (دێبوکـری، فەیزوڵڵابەگـی و گـەورک) دەگرنـەوە. مینۆرسـکی سـەبارەت بـە بـۆکان زانیاریـی شەخسیشـی زۆر بـوون. نووسـەر، هەروەهـا بـۆ لایەنـی جوغرافیایـی و کەونارانانسـی وتارەکـە، کەڵکـی لـە وتارەکانی ڕاولینسۆن وەرگرتووە، کە پێشتر لەم وتارانەدا ئاماژەیان پێکراوە.[1]

---

١. ڤیلادیمیـر مینۆرسـکی، «بنچینەکانـی کورد و چەند وتارێکی کوردناسـی»، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لە فەرەنسـییەوە بۆ کوردی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیر و هۆشـیاری (ی. ن. ک.)، سلێمانی ٢٠٠٧، ٢٧٨ لاپەڕە. ژمارەی سپاردنی نییە.

## جوغرافیا و مێژووی بانەی کوردستان

لـە ئاڵقەکانـی پێشـووتردا باسـی هەندێـک کتێبـم کـرد کە سـەبارەت بە شـارەکانی دەوروبەری بۆکان نووسراون و ئەم کارە بە پێویست دەزانم لەبەروەی نە بۆکان و نە خەڵکەکەی و نە مێژوویان لە شار و ناوچەکە دانەبڕاون و جەخت کردن لەسەر مێژووی دیاردەیەک بەبێ هەڵسـەنگاندنی کارتێکران و کارتێکردنی دەوروبەرەکەی، گونجاو نابێ.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە کتێبی بەنرخی «جغرافیا و تاریخ بانە، کردستان» بکەم کـە نووسـەری وردبین مامۆسـتا محەممەدڕەئـووف تەوەککولی بانەیی بە فارسـی نووسـیویەتی و چاپی سێهەمی سـاڵی پار بڵاوبۆتەوە. لە بەشی مێژوویی کتێبەکەدا گەلێـک بابەتـی وەک «موکریقـڕان» و «شـەڕی دمـدم»ی سـەردەمی شاعەباسـی سـەفەوی (سـەدەی ١٦) هەن کە ناوچەی موکریان و بۆکان دەگرنەوە و ژمارەیەک بەڵگەی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش ڕاگوێزراون کە ڕووداوی وەک ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدلـلای شـەمزینی ڕادەگەیەنـن کـە ئـەو ڕووداوەش لە پەیوەنـدی موکریان و بۆکاندا جێی سەرنجە (لە بەشەکانی دواتردا دەچمە سۆراغی ئەو بەڵگەنامانەش).

لە لاپەڕەکانی دوای ٤٣دا باسی کۆچ کردنی جوولەکەی شارەکانی بانە و سەقز و سنە و بۆکان کراوە بۆ تاران و لەوێوە بۆ ئیسرائیل لە نێوان ساڵانی ١٣٢٨ ـ ١٣٣٠/ ١٩٤٩ ـ ١٩٥١دا کە بۆ مەسەلەی شوێن هەڵگرتنی جوولەکەکان وەک بەشێکی گرنگ لـە دانیشـتووانی کۆنی بـۆکان گرنگە بزانین ئەوان لە پێـشدا چوونەتە تاران، لەلای گۆڕسـتانی نزیک مەیدانی خوراسـان بنەیان خسـتووە و نوێنەرەکانیان بە یارمەتیی دەوڵەت بەخێویان کردوون تا ماوەیەک دواتر کە نێردراون بۆ ئیسرائیل.

لـە لاپـەڕە ١٠١ تـا ١٠٣دا وێنـەی دوو نامـە لـە پەیوەنـدی عەزیزخانی سـەردار چاپ کراون.

لە لاپەڕەی ٣٧٥دا وێنەیەکی شێخبابای غەوساباد چاپ کراوە و باسی کوژرانی ئەو و

حەمەحوسێن‌خانی سەردار بەدەست تورکەکانیش کراوە.

لە لاپەڕەکانی دواتردا هەواڵی ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی حکوومەتی کۆماری کوردستان، حەمەڕەشیدخانی بانە، بارزانییەکان و بەسەرهاتی ناوچەکە لە ساڵانی دواتردا هاتوون کە دیارە ئەوانەش هەر پەیوەندییان بە بۆکانەوە هەیە.

لە لاپەڕە ٥٥٤دا دوو وێنەی عەبدوڵڵاخانی ناهید و حەمەدئاغای عەباسی چاپ کراون کە نوێنەرانی شاری سەقز بوون لە پەرلەمانی ئێرانی سەردەمی پەهلەوییەکان، ناهید لە فەیزوڵڵابەگییەکانی دەوروپشتی بۆکان و محەممەدئاغای عەباسیش سەر بە دێبوکرییەکان بوو.

لە بەشەکانی دواتری کتێبەکەدا باسی ساڵانی ١٣٤٦ ـ ٤٧ (١٩٦٧ ـ ٦٨) و ڕاپەڕینی باڵی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەها شاربەدەرکرانی مامۆستایانی بانە و سەقز و بۆکان و مەهاباد و ئینجا ڕووداوەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩/١٣٥٧ی ئێران بە بەڵگەوە کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە.[١]

١. محمدرئوف توکلی، «جغرافیا و تاریخ بانه، کردستان» چاپ سوم، انشارات توکلی، تهران، ٢٠٠٨/١٣٨٧، ٦٩٥ صفحه، فارسی.

## سەردەشت لە ڕێبازی شۆڕش‌دا

لە درێژەی ناساندنی کتێبی سەرچاوە سەبارەت بە شارەکانی دەوروبەری بۆکان، لێرەدا کتێبێک دەناسێنم کە بازرگانێکی سەردەشتی سەبارەت بە ڕووداوەکانی سالانی شۆڕشی ۱۳۵۷/۱۹۷۹ی ئێران لە سەردەشت نووسیویەتی و سەرەڕای ساکاری، گەلێک پڕ زانیاری و بەڵگەمەندە. خۆزگە بازرگان و خەڵکانی شارەزای شارەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم هیممەتەیان هەبووایە و هەرکام بەڕادەی توانا بەشێک لە مێژووی شار و ناوچەکانی خۆیانیان بۆ نەوەی دواڕۆژی کورد تۆمار بکردایە.

من بەبێ ئەوەی هەڵوێست لە بەرانبەر بۆچوونەکانی نووسەر بگرم، دەڵێم ئەو هەمووە بەڵگەیەی ئەو پاراستوونی و ئێستا خستوونییەتە بەردەستی خوێنەر، وا هەیە لە توانای دەیان کەس‌دا نەبووایە گردوکۆیان بکا و بۆ ئەم کارە دەبێ هەموومان سپاسی بکەین.

نووسەر، کاک ڕەحمان شەمامی، کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سەردەشت بووە و لە سەردەمی حوکمی شادا مودیرعامیلی شێروخورشید و بە شێوەیەک نزیک بووە لە دامودەزگا حکوومییەکان. لە سەردەمی شۆڕشیش‌دا بەرپرسێکی «شووڕای ئینقلاب» بووە لە سەردەشت.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێران لە موکریان، شەڕی ئێران و عێراق، کۆڕەوەی کوردی باشوور، کاروباری پەروەردە، تەندروستی، ئاسایش، حیزبایەتی، بازرگانی، سیاسەت و بەگشتی کەمتر ڕووداوێکی سەردەشت و ناوچەکە هەیە کە لە کتێبەکەدا ڕەنگیان نەدابێتەوە. ژمارەی بەڵگەنامە و وێنەی ناو کتێبەکە و بۆ نموونە دەسخەتی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی و کەسایەتییە سیاسییەکانی تر و بەرپرسانی حکوومیش لە کتێبەکەدا گەلێک زۆرن.

بەشی زۆری ئەو ڕووداوانەی وا لەو سالانەدا لە سەردەشت ڕابردوون، ناوچەی

موکریان و بۆکانیش دەگرنەوە و لەوانە: شەڕی کوردستان، هاتنی خەڵخاڵی، شەڕی نەغـەدە و بەگشـتی مێژووی سـاڵانی ژیانی نووسـەر لە سەردەشـت، کـەم وا هەیە پەیوەندیدار و هاوبەش نەبووبێت لەگەڵ ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی موکریان و بۆکان. نووسـینی مێژووی ئەو سـەردەمەی بۆکان وا هەیە بەبێ بەڵگەنامەکانی نێو ئەم کتێبە ناتەواو بێ.[١]

١. رحمان شـمامی، «سردشـت در گذرگاه انقلاب، مجموعه حوادث سـال‌های قبل و بعد از انقلاب به روایت یک بازرگان همراه با تصاویر و اسـناد و مدارک تاریخی»، ناشـر: مؤلف، چاپ اول، ١٣٨٦/ ٢٠٠٧، ١٢٥٦صفحه، فارسی.

## میاندواو، تیکاب و ساینقەڵا

شاری میاندواو کەوتۆتە باکووری بۆکان و گوندی سەر بە شاری بۆکان هەتا نزیک شارەکە کشاون. ڕۆژهەڵاتی بۆکان تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) و باکووری ڕۆژهەڵاتیشی شاری ساینقەڵا (شاهیندژ)ە، کە هەردووکیان کەوتوونەتە بەری ڕۆژهەڵاتی چۆمی جەغەتوو (زرینەرود).

تێکەڵاویی بۆکان لەگەڵ هەر سێ شارەکە گەلێکە. بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی تیکاب و ساینقەڵا کوردن و میاندواو خۆی و ژمارەیەک لە گوندەکانیشی شوێنی ژیانی کوردانن. گوندی «سەراو»ی میسباحوددیوانی ئەدەب و عەلیخانی حەیدەریی برای، هەروەها گوندی «گوێگجەلی»ی سەیفولقوزات لە نزیک میاندواون. پەیوەندییەکی لەمێژینە لە نێوان دانیشتووانی بۆکان و بەتایبەت میاندواودا هەبووە و لە سەردەمیماننا و ئوورارتوو و مادەوە تا ئێستا چارەنووسی ئەو دوو ناوچەیە بەیەکەوە گرێ دراوە گەرچی لە هەندێ قۆناغی مێژووییشدا کرژی و توندی لە نێوان دانیشتووانیان پەیدا بووبێ کە هۆکارەکەی سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی و حاکمانی ئازەربایجان لە تەوریز بووە، بەڵام بەگشتی ژیانێکی هێمن و دۆستانەیان لەگەڵ یەک بردۆتە سەر.

کتێبی «نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندوآب و تکاب و شاهیندژ» بۆ زۆر لایەنی مێژوویی شار و ناوچەکە بەسوودە، بەڵام بەداخەوە نووسەرەکەی جەمشید مەحبووبی، هەندێ جار لە چوارچێوەی توێژینەوەی بێلایەن چۆتەدەرێ و دەمارگیری و ڕق و کینی بەرانبەر بە کورد نواندووە. سەرەڕای ئەوەش بۆ نووسینی مێژووی بۆکان کەڵکی زۆر لەم کتێبە وەردەگیرێ، بۆ نموونە، زانیاریی سەبارەت بە ساڵی شێخی (١٨٨٠) و سەردەمی کۆماری کوردستان، هەروەها بەنداوی بۆکان و میاندواو، ئاورگەی شیز لە تیکاب، هۆز و ناوچەی هەوشار لە نێوان بۆکان و ساینقەڵا و گەلێک بابەتی تری تێدایە.[1]

---

١. جمشید محبوبی، «نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندوآب و تکاب و شاهیندژ» چاپ اول، ١٣٧٠/ ١٩٩١، ناشر: نویسنده، ٦٢٠ صفحه، فارسی.

## مەراغە (افرازەرود)

مەراغە یەک لە شارەکانی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە و کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی بۆکان. مەراغە کە لە سەردەمی ئیلخانیاندا لەلایەن هۆلاکۆخانەوە بوو بە پێتەختی ئێران (٦٥٦ی کۆچی)، لە چەندین بارەوە پەیوەندیی بە کوردستان و بۆکان پەیدا دەکا: کوێستانی ماینبڵاغ کە هاوینەهەواری خێڵە کوردەکانیش بووە کەوتۆتە نێوان مەراغە و ساینقەڵای نزیک بۆکان؛ لە سەردەمێکدا کە مەراغە پێتەختی هۆلاکۆخان بووە، بۆکان و سەرچۆمی تەتەهوو هەوارگەی هۆلاکۆ بووە و قەبری زۆرێک لە سەرانی موغول لە دەوروبەری بۆکان و بۆ نموونە لە گوندی شەرەفکەندن؛ مەراغە نزیکترین شوێنی پەیوەندیی ناوچەی موکریانە بە هێڵی ئاسنی سەرانسەریی ئێرانەوە، موکریقڕان لە مەراغە ڕووی داوە، سەردار حەمەحوسێنخانی سەرداری موکری لەوێ بەدەستی سپای عوسمانی ئیعدام کراوە و زۆر شتی دیکەی هاوشێوە...

بەداخەوە نووسەری کتێبی مەراغە گەلێک دژ بە کوردە، کە ئافەتی لێکۆڵینەوەی بێلایەنی ناوچەکەیە. لە باسی زمان و ڕەگەزیشدا (لاپەڕە ١٢٥) زمانی خەڵکی ناوچەکە بە ئازەری ناودەبا نە تورکی و دەڵێ ئەم دووانە لە یەک جیاوازن کە ڕاستەقینەش هەر وایە. مەسەلەی هاتنی تورکان بۆ ناوچەکەش دەگەڕێنێتەوە سەردەمی سەلجووقییەکان، کە ئەوەش لەگەڵ بۆچوونی تورکانی توورانی و پانتورکیست یەک ناگرێتەوە.

نووسەر لە چەند شوێندا باسی کورد دەکا، یەکیان کوشتاری شاعەباسی سەفەوی لە کوردی موکری (١٠١٩ی ک) و ئەویتر ڕووداوی بڵباس (١٢٨٤ی ک)؛ هەروەها هێرشی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدیللای نەهری بۆ سەر بناو، کە شارۆچکەیەکی پەیوەست بە مەراغەیە (١٩٧ی ک) دەخاتەڕوو و لە هەموو ئەوانەدا دژایەتی زۆری کورد دەکا. لە باسی حکوومەتی ئازەربایجان (١٣٢٤)یشدا

دژ بە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دەوەستێ (لاپەڕە ٧٠٧). ئەم کتێبە بۆ نووسینی سـەرجەمی مێژووی ناوچەی بۆکان گەلێک پێویسـتە و زانیاریی زۆر سـەبارەت بە دامەزرانـی قوتابخانـە دەوڵەتییەکان و سـپا و سـەربازخانە و... لە مەراغە ئاڕاسـتە دەکا، کە بۆ بەراوردکاریی لەگەڵ ژیانی سیاسی ـ فەرهەنگیی بۆکان گرنگی زۆریان هەیە.[١]

---

١. یونس مروارید، «مراغه (افرازەرود) از نظر اوضاع طبیعی، اجتماعی، اقتصادی، تاریخی»، ناشر (؟)، ١٣٦٠/ ١٩٨١، ٧١٥ صفحه، فارسی.

## گەڕەکی سورخابی تەورێز و مقبرةالشعرا

ئەم کتێبە باسی هەندێ گۆرستانی ناودارانی شاری تەورێز و یەک لەوان «سید حمزە» دەکا و کێلی قەبرەکان و ژیاننامەی خاوەنەکانیان ڕادەگەیەنێ. لەوانەی وا ناویان لە کتێبەکەدا هاتووە، خاقانی شروانی، ئەسەدیی تووسی، قەتران، هومامی تەبریزی و زۆر شاعیر و ناوداری دیکەی ناوچەکەن.

لە باسی «مقبرە سید حمزە»دا نووسەر ناوی هەندێ کەسایەتی دەبا کە نزیک قەبری سید حەمزە نێژراون و یەک لەوان «سەردار عەزیزخانی موکری»یە، کە لە ١٨ی شەشەکانی ساڵی ١٢٨٧ [کۆتایی ساڵی ١٨٧٠] لە تەورێز کۆچیدوایی کردووە و لەو شوێنە نێژراوە. نووسەر باسی ژیانی سەردار دەکا و دەڵێ ساڵی ١٢٠٧ لەدایکبووە و خەڵکی سەردەشتی سابلاغ بووە و پاشان باسی مەقام و مەنسەبەکانی دەکا لە دامودەزگای قاجارەکانی ئێران و ناسرەددینشای قاجاردا، هەتا وەزارەتی جەنگی ئێران. نووسەر هەروەها لەو مەئموورییەتە دەدوێ کە ناسرەددینشا بە عەزیزخانی دابوو بۆ کوشتنی بابییەکانی زەنجان [و چاری یان چەهریقی سەلماس] و بەداخەوە ئەویش بەڕێوەی بردن. نووسەر باسی وردبینی و ڕێکوپێکیی کارەکانی سەردار دەکا، هەروەها دەڵێ ملک و ماڵ و دەسەلاتی زۆری لە ئازەربایجان هەبوو.

نووسەر لە لاپەڕە ١١٩دا باسی ئەوە دەکا کە سەیفوڵلاخان [سەیفەددینخان]ی کوڕی سەردار عەزیزخان و تووباخانمی خوشکی لە نزیک ئەو، لە هەمان شوێن نێژراون. وا هەیە لە شوێنی دیکەی کتێبەکەدا زانیاری لەسەر ناودارانی کورد و بۆکان بدۆزرێتەوە، بەڵام من هیچم چاوپێنەکەوت.[1]

١. دکتر سید ضیاءالدین سجادی، «کوی سرخاب تبریز و مقبرەالشعراء»، انتشارات انجمن آثار ملی (١٣٣)، ١٣٣٦/ ١٩٥٧، ٥١١ صفحه، فارسی.

# ناوچە جوغرافییەکان

سەیری هەندێک سەرچاوەم کردووون کە بابەتی سەرەکییان سروشتی ناوچەی موکریان و کوردستان یان ئازەربایجان بووە. ئەوانەی خوارەوە ئەو کتێب و وتارانەن کە تێیاندا ئاماژە بە بۆکانیش دەدۆزرێتەوە.

## لێکۆڵینەوە لە دۆخی سروشتی، ئابووری و مرۆڤیی کوردستان لە نموونەی کوردستانی موکری‌دا

ئەم بەرهەمە کتێبێکی ڕێزدار حەبیبوڵڵا تابانییە، کە چاپی یەکەمی ساڵی ١٣٤٥/ ١٩٦٦ لە تەورێز بڵاوبۆتەوە و لە ساڵی ١٣٥٨/ ١٩٧٩، واتە سەردەمی شۆڕشی ئێرانیش‌دا جارێکی دیکە لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی سەیدیانەوە لە مەهاباد چاپ کراوەتەوە. نووسەر لە چاپی دووهەم‌دا هەندێک بابەتی نوێی لێ زیاد کردووە و ڕوانگەی سیاسی ـ نەتەوایەتیی خۆی ڕاشکاوتر دەربڕیوە، دیارە هۆکارەکەشی ئەو ئازادییە بوو کە لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا مسۆگەر کرابوو. چاپی یەکەمی کتێبەکە لە ساڵانێک‌دا بڵاو بوویەوە، کە ناو هێنان لە کورد تاوانێکی گەورە بوو و کەس لە کوولەکەی تەڕیش‌دا نەیدەوێرا باس لە توێژینەوە سەبارەت بە کوردستان بکا. کاری بوێرانەی نووسەر لەو سەروبەندەدا جێگەی ڕێزلێ‌گرتن و دەرس وەرگرتنە.

کتێبەکە پێداچوونەوەیەکی خێرای باری سروشتی ناوچەکە و پاشان باری ئینسانی و ئینجا لایەنی ئابووری موکریانە و هەر هەمووی لە پەیوەندیی بابەتەکانی ئەم نووسینانەی من دایە لەبەروەی گەلێک لە زانیارییە گشتییەکان، بۆکانیش وەک تێکڕای شارەکانی موکریان دەگرێتەوە.

ئەشکەوتی سەهۆڵان، بی‌بی‌کەند و خوراسانە، ناوەندی هەواناسیی داشبەند، سەرچاوەی سەدراباد، چۆمی کانی‌سیران و تیکانتەپە و سارووقامیش، بەنداوی بۆکان و دەشتاییەکانی بۆکان لەو بابەتە سروشتییانەن کە بۆکان و ناوچەکەی

دەگرنەوە (لاپەڕە ١٦ تا ٥٢).

بارودۆخی شاری بۆکان و ژمارەی دانیشتووانی، قەڵای سەردار و حەوزەگەورە و چۆمی تەتەهووش لە بەشی دواتردا باسیان کراوە (لاپەڕە ٦١ تا ٦٣).

هەروەها لە بەشی سەقزدا باس لە شوێنەواری کەرەفتوو و زێویە کراوە کە لە پەیوەندیی مێژووی بۆکانیش‌دا گرنگن (لاپەڕە ٦٥ تا ٧٢) و لە بەشی بانەش‌دا باس لە فەیزوڵڵابەگییەکانی بانە و عێراق کراوە کە بۆ توێژینەوە لە فەیزوڵڵابەگییەکانی بۆکانیش بەنرخن (لاپەڕە ٧٥). لە بەشی مێژوویی‌دا باس لە مانناکان کراوە کە ئەو باسە بەتایبەت بۆکان دەگرێتەوە. گەرچی ئاشکرایە لە کاتی نووسرانی کتێبەکەدا، ئەم زانیارییانەی وا ئێستا لەمەڕ قەڵایچی هەمانە، بەدەستەوە نەبوون (لاپەڕە ٨٤).

لە پەیوەندیی خەڵکانی وەک ئەلباری و خاخاردا (لاپەڕە ٩٢) من بیرم بۆ مەسەلەیەک چوو، ئەویش نزیکایەتیی ناوی گوندی خوڕخوڕەی سەقز لە قەومی «خارخار»ە. ئەوە جێگەی بیرلێ‌کردنەوەیە گەرچی لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە.

لە بەشی عەشایری موکری (لاپەڕە ٩٥ بەدواوە)دا گەورک و دێبوکری و بەگزادە باس کراون کە هەرسێکیان بۆکانیش دەگرنەوە.

بەشی سێیەمی کتێبەکە بەشی ئابووریی کوردستانە و ئەوەش بابەتێکە کەمتر کاری لەسەر کراوە. ئەم بەشە بەداخەوە کەم لاپەڕەیە (١٢٠ تا ١٣٣)، بەڵام هەر لەوێ‌دا بۆکان بە «سەرچاوە و عەمباری دانەوێڵەی کوردستان» ناو دەبرێ (لاپەڕە ١٢٤).

چەند زانیارییەکی سەرپێییش سەبارەت بە داب‌ونەریت و ڕێ‌ورەسمی ناوچەکە لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتووە کە دیارە ئەوانیش بۆکان دەگرنەوە (لاپەڕە ١٦٥ تا ١٩٤).

نووسەر کە لە سەردەمی خوێندکاریی من لە دەبیرستانی بۆکان‌دا مامۆستایەکی گەلێک بەڕێز و دڵسۆزمان بوو، دوای ئەم کتێبەش کاری تازەتری نووسین یان تەرجەمەی کردووە کە هەمووی لە بابەتی کوردستان و کورددان. یادی بەخێر بێ!

هەر لێرەدا با ئەوەش بڵێم برایەکی کاک حەبیبوڵڵا لە شاری تەورێز دەژیا و وێژەری بەرنامەی کوردیی ڕادیۆ تەورێز بوو کە پێش بەرنامەی کوردیی ڕادیۆ

تاران و کرماشان بەرنامەی کوردیی هەبوو و من خۆم گوێم لێببوو، بەڵام دڵنیا نیم ئایا وێژەری ئەو بەرنامە کوردییەش وا لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە ڕادیۆ تەورێز هەبوو، هەر ئەو ئاغای تابانییە بوو یان کەسێکی دیکە.[١]

١. حبیب‌اللـه تابانـی، «بررسـی اوضـاع طبیعـی، اقتصادی و انسـانی کردسـتان (در نموونە کردستان مکری)»، چاپ دوم، انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٥٨/ ١٩٧٩، ١٩٤ صفحه، فارسی.

## جوغرافیای سروشتیی کوردستانی موکریان بە پێداگری لەسەر بەراوی [ڕووباری] زێ

کتێبێکە لەسەر جوغرافیای سروشتیی ناوچەی موکریان کە تێیدا سەرنجی زیاتر دراوەتە سەر حەوزەی چۆمی زێ، واتە پیرانشار و سەردەشت و بانە.

نووسەر کاک سەعید خزری، لە دووتوێی کتێبەکەدا زانیارییەکی زۆری لەمەڕ بارودۆخی سروشتی ناوچەکە (ئاو و هەوا، ڕووبار و چیا، سەرما و گەرما، خاک و ئاو، دار و گیا، بەرزی و نزمی، ڕادەی باران، ڕووتانەوەی دارستان و خزینی زەوی و بوومەلەرزە و گەلێک بابەتی زانستی دیکە)ی گردوکۆ کردووە و بە زمانی ژمارە و ئامار و خشتە و وێنە، خستویەتە بەردەستی خوێنەر.

بۆکان و ناوچەی دەوروبەری لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا باسیان کراوە و بۆ زانیاری لەسەر هەر بابەتێکی سروشتی ناوچەی بۆکان دەکرێ سەرنجی ئەو بەشە تایبەتە بدرێ. بەگشتی کتێبەکە فەسڵی تایبەت بە بۆکانی نییە وەک بۆ شار و ناوچەکانی دیکەشی نییە، بەڵام خوازیاری بابەتەکان لە سەردانی فەسڵی تایبەت بە هەر دیاردەیەکی سروشتی‌دا دەتوانێ ئاماژە بۆ ناوچەی بۆکانیش بدۆزێتەوە.[١]

١. سعید خضری، «جغرافیای طبیعی کردستان موکریان، با تأکید بر حوزه زاب، شهرستان‌های سردشت، بانه، پیرانشهر، مهاباد، بوکان، سقز، نقده و اشنویه»، انتشارات ناقوس، تهران، ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ٢۴۵ صفحه، فارسی.

## جوغرافیای گشتیی ئوستانی کوردستان

بـۆکان و ناوچـەی دەوروبـەری خاوەنـی زیاترین پەیوەندیـی جوغرافیاییـن لەگەڵ شاری سەقز، پەیوەندیی مێژوویش با لە شوێنی خۆی بوەستێ.

چۆمـی تەتەهـوو، کـە سـاڵی ١٣١٦/ ١٩٣٧، ڕژیمـی ئێـران ناوی «سـیمینەرود»ی لەسـەر دانا، سەرچاوەکانی لە دێهسـتانی تورجان و مەنگوڕایەتییەوە دێن؛ تورجان خۆی بەشێکە لە سەقز و ڕووباری جەغەتوو (زرینەرود) لە ڕۆژهەڵاتی بۆکانیش لە چیاکانی چلچەمەی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ.

کتێبـی «جغرافیـای عمومـی اسـتان کردسـتان»، کـە سـەید یەدوڵـڵا نەجەفی بە فارسـی نووسـیویەتی ئـەو زانیارییانـەی سـەرەوە و گەلێـک تایبەتمەندیـی دیکـەی جوغرافیایی شاری سەقز و ئوستانی کوردستانی خستۆتە بەردەست، کە پەیوەندی بە بۆکانیشـەوە پەیدا دەکەن. نووسـەر لە باسـی بەنداوی بۆکان (سـد مخزنی شهید کاظمـی)دا دەنووسـێ: سـوودی ئاوەدێری کردنـی تەنیا بۆ ناوچـەی میاندواو هەیە، بـەڵام گۆلاوەکـەی ٢٠٩٠ کیلۆمیتـری دوو جـا لـە زەوی‌وزاری سـەقزی داگرتووە. بەرزایـی بەنداوەکـە ٥٠ میتر و پانتایی ١٤٥ میتر و ڕووبەری گۆلەکە ٤٥٠٠ هێکتارە. چۆمی خوڕخوڕە، جەغەتوو و سەقز دەچنەوە ناو گۆلاوی بەنداوەکە.

نووسەر هەندێ «یەکەی کێش»، واتە واحیدی وەزنی سەقزی دیاری کردوون کە لە بۆکانیش هەر هەمان شـتن: سـیە، ٢ کیلۆیە؛ پووت، ٨ سـیە واتە ١٦ تا ١٦/٥ کیلۆ؛ تەغار چوار پووتە؛ «مەن»یش، مەنی تەورێزە کە دەکاتە ٣ کیلۆ.

سـەبارەت بە کارخانەی «دوخانیات»ی سـەقزیش نووسـیویەتی پێشـتر لە تاران دامەزراوە و درەنگتر لە ساڵی ١٣٣٩/ ١٩٦٠ هێنراوتە سەقز.

هەندێـک زانیاریـی مێژوویی کۆنیش سـەبارەت بە سـەقز لـە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە بۆ مێژووی کۆنی بۆکانیش بەکەڵکن: ناوی سەقز «سیزیرتا» و یەک لە پێتەختەکانی ماد بووە، زانیاریی سـەبارەت بە زێویە و «ئارامائیت»یش وێڕای چەند وێنەیەک لە لاپەڕەکانی ٤٧٠ تا ٥١٥دا وەبەرچاو دەکەوێ.[1]

١. سـید یداللـه نجفی، «جغرافیای عمومی اسـتان کردسـتان» امیرکبیر، تهـران ١٣٦٩/ ١٩٩٠، فارسی.

## جوغرافیای مێژوویی كوردستان

ئەم كتێبە لە ڕاستی‌دا سەبارەت بە «ئوستان»ی كوردستان نووسراوە و ڕاستەوخۆ بـۆكان ناگرێتـەوە، بەڵام زانیاریی سـەبارەت بە ناوچەی بۆكان و كەسـایەتییەكانی ناوچە، لە كتێبەكەدا كەم نین.

هۆكارێكی ئاشكرای مەسەلەكە پەیوەندیی بەربڵاوی مێژوویی بۆكانە لەگەڵ سەقز وەك بەشێك لە «ئوستان»ی كوردستان و هۆیەكی تر ئەوەیە هەندێك لە گوندەكانی سـەر بە شـاری سـەقز (لە دێهسـتانی تورجـان) دەگەنە نزیك شـاری بـۆكان و بۆ نموونە گوندی بۆگەبەسی لە بنگوێی بۆكان سەر بە شاری سەقزە. هۆكاری سێهەم بێ‌گومان پەیوەندیی سروشتیی نێوان هەر دوو ناوچەكەیە بە ڕووبار و چیاكانەوە، ئەوانەش جیا لە پەیوەندیی ئینسـانی و نەتەوەیی دانیشـتووان و ئەو ڕاسـتییەی كە گەلێك لە كەسـایەتییە زانسـتی ـ مێژوویی ـ سیاسـییەكانی هەر دوو شـار و ناوچە، لـە یەكیانـەوە كۆچیـان كردۆتـە شـوێنەكەی تـر یا خـود ناوچـەی فەیزوڵلابەگی بە هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر و كەسایەتیی سیاسییەوە بەسەر هەر دوو شارەكەدا دابەش‌كراوە و نووسەری كتێبەكەش خۆی خەڵكی هەمان ناوچەیە.

بەگشتی ئەم كتێبە سەرچاوەیەكی باشە بۆ مێژووی هاوچەرخی بۆكان و ناسینی كەسـایەتییە ناودارەكانـی، وەك سـەردارەكان، قزڵجییـەكان و مـەلا و خوێندەواری وەك نەمران مەلا هادی ئەفخەم‌زادە و مەلا سەعیدی حافیدی و گەلێك كەسانی تر.

بەداخەوە ناوی كتێبەكە لەگەڵ نێوەرۆكی‌دا بەتەواوەتی یەك ناگرێتەوە و ڕاستە بابەتی نێو كتێبەكە سەبارەتە بە جوغرافیا و تاریخ، بەڵام جوغرافیای تاریخی نییە.[١]

---

١. جلال‌الدین شـافعی كورد، «جوغرافیای تاریخی كوردسـتان»، ناشر: انتشارات نون والقلم، تهران، ١٣٧٨/ ١٩٩٩، ١٠١٨ صفحە، فارسی.

## فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران

جوغرافیـای کۆنـی ئێـران بـۆ دەرخسـتنی بنەمـای مێژوویـی ناوی گوند و شـار و ڕووبـار و چیـای ناوچـەی بۆکان لـە ڕابردووی کـۆندا دەتوانێ بەکەڵـک بێ. ئەوە کارێکـی ئەسـتەمە لەبەرئـەوەی هـەر لەنێو ئێرانییەکانیـش‌دا کاری کەمـی لەسـەر کراوە و هۆکارەکەشـی ڕوانینی ڕەگەزپەرەستانەی حکوومەتەکانی دوای ڕەزاشایە کە هەوڵی «فارساندن»ی ناوەکانیان داوە و ناوە کۆنەکانیان خستۆتە پشت‌گوێ، جا شایەتی بووبێ یان مەلایەتی!

هـەر چۆنێـک بـێ، کتێبی «فەرهەنگـی جغرافیائی ایران» بریتییە لە سـەرجەم ۱۰ بـەرگ و عەباس‌عەلـی ڕەزمئـارا ـ ژەنەڕاڵـی سـپای ئێران لە سـەردەمی ڕەزاشـا ـ ئامـادەی کردووە. ئـەم ڕەزمئارایە، برای حوسـێن‌عەلی ڕەزمئارا سـەرۆک‌وەزیری پێشـووی ئێرانە کە فیدائییانی ئیسـلام کوشـتیان. ڕەزمئارا لە ڕاستی‌دا کتێبەکەی بۆ کەڵک وەرگرتنی سپای ئێران و ئاشنا کردنیان لەگەڵ شوێنە دوورەدەست و کەمتر ناسـراوەکان ئامادە کردووە و گەلێک نەخشـەی شـار و گوند و ناوچەکانی ئێرانی هاوڕێ لەگەڵ زانیارییەکی سـەرەتایی سـەبارەت بە شـوێنەکان تێدا کۆ کردۆتەوە. کتێبەکە بە فارسی نووسراوە و من تەنیا دەستم بە چەند بەرگیان ڕادەگا.

بەرگـی چوار، ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دەگرێتەوە و باسـی ناوچـەی بۆکانیـش لـەو بەرگەدایـە، بەرگی ۵ سـەبارەت بە ئوسـتانی پێنجـەم، واتە کوردسـتان و کرماشـانە کە دواتر کرا بە چەند ئوستانی بچووکتر وەک کوردستان، کرماشان، هەمەدان، ئیلام.

خوێنـەر لـە خوێندنـەوەی کتێبەکـەدا دەبـێ ئـاگاداری ڕوانگـەی «ڕەزاشـایی» نووسەرەکەی و هەڵوێست گرتنەکانی وەک ژەنەڕاڵێکی هەمان ڕژیم بێ.

زانیاری لەسەر ناوچەی بۆکانیش لە کتێبەکەدا دەست دەکەوێ.[1]

۱. عباس‌علی رزم‌آرا، فرهنگ جغرافیائی ایران، جلد ۱ تا ۱۰، ناشر: مرکز نقشه کشی ارتش ایران، تهران، ۱۳۲۰ (جلد ۴، آذربایجان).

## نەخشەی موکریان

لـە ڕابردوویەکی نەک دووردا نەخشـەی شـارەکانی کوردسـتان هـەر ئەوانە بوون کـە سـپای وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان بـۆ زاڵ بـوون و دەستبەسـەرداگرتنی خاکەکەمان دەیانکێشـاوە یاخود ئەوانەی وا گەڕۆکی بێگانە لێرەولەوێ بە نیوەچڵی ئامادەیان دەکرد؛ بۆ نموونە، کارەکانی ژاک دو مۆرگان سەبارەت بە موکریان.

ئێسـتا بەختەوەرانـە ڕۆڵەکانـی گەلی کورد پێگەیشـتوون و بە چەکی زانسـتەوە هاتوونەتە گۆڕەپانێک کە هی کوردە و بۆ کوردە و تەنیا دڵسۆزانی کوردیش وا هەیە بە شێوەی هەمەلایەنە و بە ئامانجی خزمەت بتوانن پێکی بێنن، بەڵام خاڵێکی گەلێک گرنـگ لـەو پەیوەندییەدا ئەوەیە هەوڵ نەدرێ گەلانی دراوسـێی کـورد بڕەنجێنێ و هەستی دژ بە کوردیان تێدا بجووڵێنێ.

کاری ڕێـزدار سـولەیمان چووکەڵـی بەناوی «نەخشـەی سیاسـی و دێموگرافی موکریانـی کوردسـتان» کـە بـە سـێ زمانی کـوردی، ئینگلیزی و فارسـی لە سـاڵی ٢٠٠٧دا بەرهـەم هاتـووە، لە بواری خۆیدا کارێکی سـەرکەوتووی گەلێک بەکەڵکە. نەخشـەی کاک سـولەیمان هەموو شار و گوندێکی موکریانی لە لێوار گۆلی ورمێوە هەتـا سـنووری عێـراق دەگرێتـەوە و بریتییە لە شـنۆ، نەغـەدە، مەهابـاد، میاندواو، بۆکان، سـاینقەڵا، تیکاب، سەردەشـت و خانێ (پیرانشـار). هەموو ئەو شـارانە، بە گوند و چیا و ڕووبار و ڕێگاوبانەوە نەخشـەیان کێشـراوە، خشتەی دانیشتووانیان بۆ ئامادە کراوە و زانیارییەکی پوخت، بەڵام بەبەڵگە سەبارەت بە مێژوو و پێکهاتەی دانیشـتووانی شـار و ناوچەکان بە هەر سـێ زمانەکە ئاڕاسـتە کراوە و بەگشـتی، سـەرەڕای هەڵوێسـتی دڵسـۆزانە و کوردپەروەرانە، هەموو کارەکانی بە شێوازێکی زانسـتی و پرۆفیشـناڵ کـراون. ئـەم کارە جێگەی دەسخۆشـییە و هیـوادارم کورد، خەمخۆری لێزان و زانای وەک کاک سولەیمانی زۆر بێ.

ئەوەنـدی مـن بزانم نەخشـەکە کەوتۆتە بەر هێرشـی ڕەگەزپەرسـتانی تورک و

ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئامادەکاری نەخشەکە لە کاری خۆیدا شێوازی زانستی ڕەچاو کردووە و نە خاکی کەسی داگیر کردووە و نە مافی کەسی پێشێل کردووە. بەداخەوە نەخشەکە شاری سەقز و بانەی نەگرتۆتەبەر، لە کاتێکدا ئەو دوو شارە کوردنشینە بەشێکن لە موکریان. نەخشەکە، ماوەیەکی زۆرە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان داندراوە.

پێکهێنانی «نەخشەی سیاسی و دێموگرافیکی موکریانی کوردستان» هەنگاوێکە بۆ سەلماندنی ڕاستەقینەی مێژوویی حزووری پڕڕەنگی کورد لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوای ئێران لەلایەن کاک «سولەیمان چووکەڵی»یەوە. کاک سولەیمان خاوەن ماستەری بواری جوغرافیای سروشتی (لقی جیۆمۆرفۆلۆجی)یە لە زانکۆی تاران و ئەوە یەکەم کاریەتی کەوتبێتە بەرچاوی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک.

نەخشەکە بە سێ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی داڕێژراوە و ئەم بابەتانەی گرتۆتەخۆ:

١. کورتەیەک لەسەر جوگرافیای سیاسیی موکریانی کوردستان. لەو کورتەباسەدا زانیارییەکی زۆر لەسەر کورد و ناوچەکە دراوەتە خوێنەر، بۆ نموونە دەنووسێ: «... ژمارەی دانیشتووانی موکریانی کوردستان بەگوێرەی ئامار، ١٢٤٠٢١٩ کەسە کە بێجگە لە کوردەکان کە نەتەوەی سەرەکیی موکریانی کوردستانن، ئازەرییەکانیش کە هۆزی کۆچەرن وەک کەمایەتی لە موکریانی کوردستاندا دەژین. لەسەر نەخشەکە، سنووری نێوان کورد و ئازەرییەکان بەباشی دەسنیشانکراوە...» ئەم بەشە زانیارییەکی پوخت و پاراوی سەبارەت بە پێکهاتەی زمانی و نەتەوایەتی و ئایینی ناوچەکە و گەلێک زانیاریی دیکەشی تێدا ڕاگەیەندراوە.

٢. خشتەی ناو و ژمارەی دانیشتووانی هەرکام لەم ٩ شارەی خوارەوە، کە لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کوردستانی موکریان پێکدێنن: شنو، بۆکان، پیرانشار، تیکاب، سەردەشت، سائینقەڵا، مەهاباد، میاندواو و نەغەدە. لێرەدا سەقز و بانە کە بە شێوەی نەریتی وەک بەشێک لە موکریان دەژمێردرێن، نەهاتوونەتە

حیسـاب، ڕەنگە لەبەر ئەو هۆیەی کە کاک سـولەیمان ویستوویەتی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئازەربایجانی ڕۆژاوادا بمێنێتەوە و باڵ نەکێشـێتە سـەر ئوستانی کوردستان، بەڵام هەر چۆنێک بێ، دەتوانرێ وەک ناتەواوی یان دەستێوەردانێک لە ڕاستەقینەی مێژوویی سەیر بکرێ.

٣. خشـتەی ڕێـژەی دانیشـتووانی موکریـان لەچـاو دانیشـتووانی ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا ڕاگەیەندراوە، کە دەڵێ سـەدا ٤٣یە، واتە نزیک بە نیوەی دانیشتووانی ئوستان کوردن.

٤. خشتەی ژمارەی گوند و ژمارەی دانیشتووانی گوندەکانی هەرکام لەو ٩ شارەی سەرەوە گەلێک دەوڵەمەند و بەنێوەرۆکە. لێرەدا کاک سولەیمان ژمارەی گوندە کوردنشـین یا تێکەڵاوە کورد و ئازەریـنشـینەکانی دەسنیشـان کردووە و هەم ژمارەی دانیشـتووان و هەم ڕێژەی بەراوردکاریی نێوان دانیشتووانی کورد و ئازەریی خسـتۆتە بەرچاو. ڕێژەی کورد لە تیکاب (تیکانتەپەی هەوشـار) ٦٩٪، لـە سـاینقەڵا ٧٩٪، لە میانـدواو ٣١٪ و لە نەغەدە ٤٩٪ە. لە شـارەکانی دیکەدا، واتە مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، پیرانشار و شنۆ، ڕێژەی کورد سەداسەدە.

٥. لـە بەشـێکی دیکـەی خشـتەکەدا پانتایـی ناوچە کوردنشـینەکان لەگـەڵ ناوچە ئازەریـنشـینەکان بـەراورد کـراون و بـە زمانـی ژمـارە لـە پەنـای یەکتـری خراونەڕوو.

٦. هەموو ئەوانەش لە لادەستی نەخشەیەکی ڕەنگیی گەورەی ناوچەکەدا بەگشتی هاتـوون و نـاوی شـارەکان، گونـدەکان و ڕێگاوبانـی نێـوان شـار و گونـدان بەڕوونی دیاری کراون.

زانیـاری سـەبارەت بـە بـۆکان لە نەخشـەکەدا گەلێـک زۆرن، جگە لە نەخشـەی سەرەکی کە هەڵکەوتی ناوچەی بۆکان لەچاو شارەکانی دەوروپشتی دەردەخا، ناوی هەموو گوندەکانی ناوچەکەش نووسـراون. شـێوازی نووسـینی ناوەکان تێکەڵاوێکە لە کوردی و فارسی، واتە هەندێک جار شێوازە کوردیـنووسینەکە غاڵبە و هەندێک جاریـش فارسـی. بـۆ نموونە، ناوی گونـدی «قەڵایچی» تەواو بە کوردیـنووسـراوە،

بـەڵام «جامـەرد» بـووە بـە «جوانمرد»ی فارسـی. هەندێـک جاریش هەر دوو شـێوە تێکـەڵ یەکتـر کراون وەک: «سـەیفەددین خـواری» و «ئەنبار» کە دەکرا «سـێوەدینی خوارێ» و «عەمبار» بنووسرێن.

بەگوێرەی نەخشـەکە، ژمارەی دانیشـتووانی نێو شـاری بۆکان ١٦٦٣٦٢ کەسـە. ژمـارەی گوندەکانـی دەوروبـەری بـۆکان ١٧٧ و ژمـارەی دانیشـتووانیان ٥٨٩١٧ کەسـە، کە هەر هەموویان کوردن. سـەرجەمی دانیشـتووانی شـار و دێش بەسـەر یەکەوە ٢٢٥٢٧٩ کەسە.

کاری کاک سـولەیمان گەلێـک ڕێکوپێـک و پرۆفیشـناڵە و دەتوانـێ وەک ڕەنگدانەوەیەکـی زانسـتییانەی کـورد بەرانبـەر ئـەو بێعەدالەتییـە سـەیر بکرێ کە بـە شـێوەی مێژوویی لە کـوردی ناوچەی ئازەربایجانی ئێران کراوە و هەمیشـە لە پەڕاوێزی ئازەرییەکاندا داندراون.

لە بەشـی دواتردا باسـی کاری تازەی کاک سـولەیمان لەمەڕ نەخشەی ئوستانی ورمـێ (ارومیـە) دەکـەم، بەڵام بـا ئەوەش بڵێم کە سـێبەری سیاسـەت و بۆچوونی سیاسـی بەسـەر نەخشەکانەوە گەلێک قورسـە و من ناچارم سەرەڕای ڕێزی زۆرم بـۆ کاک سـولەیمان و کار و خەباتـە جێگـەی ڕێزەکـەی، ئەو ڕاسـتییە دەسنیشـان بکەم و بڵێم ناوچەکە گەلێک شوێنێکی هەستیارە و مامەڵەکردن لەگەڵی دەبێ گەلێک حەکیمانە و بەپارێزەوە بێ.[١]

١. سـولەیمان چووکەڵی، «نەخشـەی سیاسـی و دێموگرافیکی موکریانی کوردستان»، چاپی ئەنسـتیتۆی کورد، سـتۆکهۆڵم ٢٠٠٧، نەخشـەی دیواری بە سـێ زمانی کوردی، فارسـی و ئینگلیزی.

## نەخشەی ورمێ (ارومیه)

دوابەدوای «نەخشەی موکریانی کوردستان» بەرهەمێکی دیکەی کاک سولەیمان چووکەڵی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢دا بڵاوبۆوە. ئەم کارەش وەک کارەکەی پێشووی کاک سولەیمان لە شێوازی نەخشەیەکی قەبارە گەورەی دیواری دایە، بەڵام تەنیا یەک ڕووی کاغەزەکەی گرتۆتەوە.

کاک سولەیمان هەڵگری ماستەری جوغرافیای سروشتی لە زانکۆی تارانە و ئەم کارەی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ بەڕێوەبردووە، لە شوێنێکیشدا سەرچاوەی کارەکانی خۆی ناساندوون کە زۆربەیان نەخشەی فەرمیی دامودەزگا حکوومییەکان، و بۆ نموونە سپای ئێرانن. نەخشەکە بەسەر دەیان بەشی جیاوازدا دابەشکراوە کە لە هەرکامیاندا سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دانیشتووانی ئوستان زانیاری دراوە. کاک سولەیمان لەبەر هەر هۆکارێک ناوی فەرمیی ئوستانەکە، واتە ئازەربایجانی ڕۆژاوای گۆڕیوە و کردوویەتە «ئوستانی ورمێ» کە لە ئەسڵدا ناوی شاری ورمێیە. هەر ئەم کارە دەرحەق بە ئوستانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتیش کراوە کە لە نەخشەکەدا ناوی ئوستانی سنە و تەورێزیان پێ دراوە؛ تەنانەت لە دەرەوەی چوارچێوەی جوغرافیایی ئێرانیشدا ئوستانی سلێمانی و ئوستانی هەولێر و ئوستانی وان و ئوستانی ئاگری نووسراون. من سەیرێکی نەخشەکەم کرد و بەدوای دۆزینەوەی هۆکاری مەسەلەکەدا گەڕام کە نەمدۆزییەوە، بەڵام وا هەیە زۆر لە بابەتەکە ورد نەبووبێتمەوە و کاک سولەیمان لە شوێنێکدا بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە ڕاگەیاندبێ. هەر چۆنێک بێ، هیوادارم ئەم ناوگۆڕینە بنەمایەکی زانستی هەبێ نەک سیاسی کە لە حاڵەتی دووهەمدا دەتوانێ زیان بگەیەنێتە بەژنی کارەکە، کارێک کە خۆی لە خۆیدا پرۆفیشناڵە و دەبێ بە هەمان شێوەش ئامادە کرابێ.

بەگوێرەی نووسینی کاک سولەیمان، لە پێکهێنانی نەخشەکەدا، هەموو گۆڕانکارییەکی

سنووری شارەکان لە چوارچێوەی ئوستان داهەتا ساڵی ٢٠٠٩/١٣٨٨، گیراوەتە بەرچاو و سەرچاوەی ئامارەکانیش سەرژمێری فەرمیی ساڵی ١٣٨٥/ ٢٠٠٦ی ئێرانە.

نەخشەکە بەگشتی تەرخانی جوغرافیای ئینسانیی ئوستانەکە کراوە، بەڵام جوغرافیای سروشتیش لە بەشێکیدا ئاماژەی پێکراوە. زانیارییەکانی سەر نەخشەکە بە سێ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی ڕاگەیەندراون. بەگوێرەی ئەو زانیارییانە، ئوستانی ورمێ [ئازەربایجانی ڕۆژاوا] سەرجەم ١٧ شارستان، ٣٩ شار و ٢٨٦٣ گوندی گرتۆتەبەر. سەرجەمی دانیشتووانی ئەو شار و گوندانە [لە ئاکامی ئامارەکانی ساڵی ١٣٨٥دا؟]، ٢٨٧٣٤٥٩ کەسن کە ٥٨٪ یان کورد و دەوروبەری ٤١٪ یان تورکن، پاشماوەکەش بریتین لە ئەرمەنی و ئاسۆری و جوولەکە. کارێکی سەرنجڕاکیشی پێکهێنەری نەخشەکە ئەوەیە لەوێدا ژمارە و شوێنی کوردانی چارداوەڕوو، زاخۆرانی، سەربیانی و مووسڵیانیشی ڕاگەیاندووە کە بەگشتی لە حیساباتی ڕۆژانەدا چاویان لێدەپۆشرێ و کەمتر کەسی خۆشمان هەیە تەنانەت بە بوونیان لە ناوچەکە بزانێ.

دانیشتووانی ئێستای ئوستان بەگشتی کورد و تورکی موسوڵمانن و ژمارەی ئەرمەنی و ئاسۆری و جوولەکە بەتایبەت لە گوندەکاندا زۆر کەمن، دیارە ئەو گۆڕانکاری و لە کەمیدانە، دەبێ لە ئەنجامی پەرەسەندنی هەستی ئایینی موسوڵمانان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیاسەت لەلایەک و پەرەسەندنی هەندێک ئاڵۆزیی نەتەوایەتی لەلایەکی دیکەوە هاتبێتە ئاراوە کە بەتایبەت دوای شەڕی ئازەری و ئەرمەنی دەیەی هەشتای زایینی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ڕووی دا. نەخشەکە بۆ دوو نەتەوەی کورد و تورک، ئاماری باوەڕپێکراوی ڕاگەیاندووە. ئاماری ئایینیی ئوستانیش کەموزۆر هەمان ئەو ژمارانە دەگرێتەوە کە لە سەرەوەتر بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی ڕاگەیەندرا، بەڵام لە بەشی ئاییندا جگە لە موسوڵمانی شیعە و سوننە و کوێرەسوننی و مەسیحی و جوولەکە، دەسنیشانی گۆران یا ئەهلی حەقیش کراوە، کە وێدەچێ ژمارەیان لە ئوستانەکەدا گەلێک زۆر بێ.

جگە لەو زانیارییە گشتییانەی ئوستان، هەندێک لە شارەکانیش لە نەخشەکەدا

بەشی تایبەت بەخۆیان هەیە و لەوێدا پێکهاتەی نەتەوایەتی و ئایینی دانیشتووان بە ئامار و ژمارە دەسنیشـان کراوە، بەڵام ئەو شـوێنانە هەموویان شـار و ناوچەیەکن کە کورد و تورکیان تێدا نیشتەجێیە، واتە بۆ ئەو شار و ناوچانەی کە سەرجەمیان کـوردن بەشـی تایبـەت تەرخان نەکـراوە و بۆکان یـەک لەوانە. شـارەکانی دیکەش بریتین لە مەهاباد، سەردەشت، شنۆ و پیرانشار. ئاشکرایە ئەم کارە بە هەڵە نەکراوە ودارِێژەری نەخشـەکە ویسـتوویەتی ژمارە و ڕێژەی کورد لە شـارە تێکەڵاوەکان‌دا بخاتە بەرچاو. دیارە دەبێ ئەم کارە بەو ڕوانگەیەوە کرابێ کە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا لـە بنـەڕەت‌دا ئوسـتانێکی کوردییـە و جگـە لـەو شـارانەی وا سـەرجەمی خەڵکەکەیان کوردن، وەک: (مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، شنۆ و پیرانشار)، کورد لە شارەکانی دیکەش‌دا قورسایی هەیە و تەنانەت لە زۆربەیان‌دا کەمایەتی نییە. ئەگەر ئەو کارە نەکراوە هەرکام لەو پێنج شـارە بەشـی خۆیان لەو دوو خشـتە گەورەیە پێـدراوە کـە بـۆ ناسـاندنی ژمـارەی دانیشـتووان و هەروەهـا ژمـارەی گوندەکانی هەموو شارەکانی ئوستان دابین کراوە؛ بۆ نموونە، من ئەم زانیارییانەی خوارەوەم سەبارەت بە بۆکان لەو دوو خشتەیە ڕاگواستووە:

ڕووبەری شارستانی بۆکان بەگوێرەی دوایین ئامار کە هی ساڵی ١٣٨٨/ ٢٠٠٩یە، ٢٥٤١ کیلۆمیتری دووجا بووە. سـاڵی ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، لە چوارچێوەی شارسـتانەکەدا ١٧٥ گوند هەبوون کە هەموویان کورد بوون. ژمارەی دانیشتووانی شارەکە بەتەنیا ١٥٠٢٩٧ کەس، ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان ٥١٥٠٨ کەس و ژمارەی دانیشتووانی شارستان، واتە گوند و شار بەسەریەکەوە ٢٠١٨٠٥ کەس بووە.

بەرهەمی زەحمەتەکانی کاک سولەیمان چووکەڵی گەلێک پرۆفیشناڵ و زانستییانەیە و هیـوادارم هەمـوو لایەکمـان یارمەتیی بدەین بتوانێ کارێکی هاوشـێوە بۆ ئوسـتانی کوردسـتان، کرماشـان و ئیلام بەتایبەت بۆ ئوستانی خوراسانی ئێران بەڕێوە ببات، کە زانیاری لەسـەر کوردەکانی ئەوێ گەلێک کەم دەسـت دەکەوێ و ئەگەریش ببێ سـەقەت و ناتەواو و چەواشـەکارانەیە. دەزانم کاک سـولەیمان بۆ مەسـەلەی پەیدا کردنی پشـتیوانێکی وەک ئەنسـتیتۆ کوردیی پاریس، کە وێدەچێ یەک لەو دووسـێ

شوێنە بێ یارمەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی نەخشەکەیەیان دابێ، تووشی زەحمەتی زۆر هاتووە، هەر بۆیەش ئەرکی هەموومانە لە درێژەی ڕێگادا یارمەتیی بدەین و بە تەنیای نەهێڵینەوە.

دڵنیام نەخشەکە دەتوانێ وەک بنەمایەکی باش بۆ شیکردنەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد لە ناوچەکە سەیر بکرێ و هەر بۆیەش هیوادارم توێژەرانی جوغرافیا و مێژووی کورد لە دوارۆژدا لێی غافڵ نەبن.[١]

١. سولەیمان چوکەڵی، «نەخشەی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئوستانی ورمێ»، ناوەندی بڵاوکردنەوە: کتێبخانەی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٢، (ISBN: 978-82-999042-0-9).

# بۆکان و کوردستان لە بەڵگەنامەکان‌دا

لە هەندێک بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی یاخود دەوڵەتانی ناوچە و زلهێزەکانی دەرەوەی ناوچەکە ئاماژەی دوور یان نزیک بە بۆکان و ڕووداوەکانی کراوە. ئەوانەی خوارەوە بەشێکن لەوان. بە تەنیشت ئەوانەوە هەندێک بۆچوونی خۆم سەبارەت بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی کۆن ڕاگەیاندووە وهەواڵێکیشم سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی بۆکان لە سەردەمی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران ڕاگەیاندووە، کە خۆم ڕاستەوخۆ ئاگام لێی بووە.

## بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان

ئەوەی ڕاستی بێ چارەنووسی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بە قایمی بەستراوەتەوە بە سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، بەتایبەت هی ئەو وڵاتانەی وا کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەڵام لەبەر خەسلەتی دیکتاتۆری و نهێنیکاریی ئەو وڵاتانە، وەدەستخستنی هەواڵ لێیان گەلێک ئەستەم و تەنانەت نەگونجاوە، جا چ ئێران بێ، چ تورکیا و چ سووریا.

وڵاتە ڕۆژاواییەکانیش لە سیاسەتی کوردستاندا دەوری گرنگیان بینیوە و لە هەندێک برگەدا وەک سەردەمی شێخ مەحموودی نەمر و کۆماری کوردستان و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور، بڕیاردەری سەرەکی ئەوان بوون؛ هەر بۆیەش پشکنینی ئارشیڤ و تۆمارەکانیان خاوەنی گرنگایەتیی تایبەتە و تا ڕادەیەک گونجاویشە.

ئەوەندەی من بزانم هەر دوو وڵاتی بریتانیا و ئەمریکا دوای ماوەیەکی ٣٠ ـ ٣٥ ساڵی، بەشێک لە بەڵگەنامەکانی سیاسەتی دەرەوەیان دەخەنە بەردەستی توێژەر و خوێنەری ئاسایی، هەروەها وڵاتی فەرەنسە ئیجازەیەکی هاوشێوەی کارەکە دەدا گەرچی من ئاگاداری چۆنییەتییەکەی نیم.

ئەرکێکی گرنگی نووسەرانی مێژووی دوارۆژی بۆکان دۆزینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگەنامانەن. بەداخەوە لە نێوخۆی کوردستان بە ئەمانەتدارییەوە سەیری ئەو بەڵگەنامانە ناکەن و من بۆ نموونە دیتوومە ئەو بەڵگەنامانەی وا من وەرمگێڕانە سەر زمانی کوردی و لە بەرگێکدا بڵاوم کردنەوە، لە چوار کتێبی جیاجیادا کە

درەنگتر لە کوردستان و ئێران بڵاوبوونەوە، بە دەیان جار کەڵکیان لێوەرگیراوە و دەیـان لاپەڕەیـان لێڕاگوێـزراوە. نووسـەرانی ئـەو کتێبانـە بۆ ئـەوەی وا بە زەینی خوێنـەر بگەیەنـن کـە دۆزینـەوە و وەرگێڕانـی بەڵگەنامـەکان کاری خۆیـان بـووە، تەنیـا لـە پەڕاوێزی لاپەڕەیەکدا سـووکە ئاماژەیەکیان بـە کتێبەکەی من کردووە و پاشان بە کەیفی خۆیان لە دەیان شوێندا بەبێ ناونیشان ڕایانگواستوون و کەڵکیان لێوەرگرتـوون! ئـەو کارە پێشـتر لەمـەڕ بەڵگەنامەکانی ئێران و عوسـمانیش کرا و چەنـد کتێـب بـە شـێوازی ناڕاسـت و نادروسـت بڵاوکرانـەوە، کـە هـەر هەموویان کۆپـی ئـەو بەڵگەنامانـە بـوون کـە لە ٧ بـەرگ کتێبـی وەزارەتـی دەرەوەی ئێراندا بڵاوببوونەوە و خوێنەریش دیبوویانن!

مـن ئـەم کارەم بۆیـە پێناڕاسـتە کـە ئەگـەر نووسـەر یـا توێژەرێـک ئەوەنـدە خۆخۆشەویسـت بێمافـی خەڵـک وا بەئاشـکرا پاماڵ بـکا و تا ئەو ڕادەیـە ئەمانەت نەپارێزێ، چۆن دەکرێ بڕوا بە کار و نووسـین و بۆچوونەکانی بکرێ؟ ڕاگواسـتن لە هەر سـەرچاوەیەک ڕادە و ڕێباز و شـێوازی خۆی هەیە و ناڕاسـت بوون لەگەڵ خەڵک کەس بە هیچ کوێیەک ناگەیەنێ!

هەر چۆنێک بێ، ئەو بابەتانەی وا لەم پەیوەندییەدا گرنگایەتی پەیدا دەکەن بریتین لە:

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا (بە سۆڤیەتی پێشووەوە)؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیا؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی هیندووستان؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا (بە عوسمانییەوە)؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران (بە هی سەردەمی قاجار و پەهلەوییەوە)؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی سووریا، میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئەرمەنستان؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئازەربایجان؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی گورجستان؛

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆمارە ئاسیاییەکانی پێشووی سۆڤیەت، وەک کازاخستان، ئوزبەکستان، تورکمەنستان و تاجیکستان، کە سیاسەتی نامرۆڤانەی ستالین و باقرۆف ژمارەیەکی زۆری کوردی ئاوارەی ئەو شوێنانە کرد و ئێستاش هەر شوێنی ژیانی کوردن.

## وێنە پەیوەندیدارەکان

نەخشەی کوردستان، بۆ نموونە بەشی نەخشەی هێزی هەوایی بریتانیا لە سەردەمی شەڕی یەکەم و دووهەم و دەورەی ئینتدابدا دەبێ بابەتی باشیان تێدا بدۆزرێتەوە.

ئاشکرایە مێژوونووس بۆ نووسینی بابەتێکی تایبەت ناکرێ و پێویستیش ناکا بە شوێن هەموو ئەو بەڵگانەدا بگەڕێ و چوارقورنەی جیهان بتەقێنێ؛ گرنگ ئەوەیە لە بوونی ئەو سەرچاوانە غافڵ نەبێ و بەگوێرەی دەرەتان و پێداویستیی کارەکەی خۆی، سەریان لێهەڵێنێتەوە.

دیارە بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە هەندێک لەو سەرچاوانەدا نین، بەڵام ئەوانی سەرەکییان وەک ئینگلیس، ئەمریکا، ڕووسیا، تورکیا، ئێران و عێراق دەبێ زۆریان هەبێ.

## بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا

دوای سەفەرێکی یەکساڵە بۆ بریتانیا و وەرگێڕان و دیراسە کردنی بەشێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە سەبارەت بە کورد و کوردستان، توێژەری جێگەی ڕێزی گەلی کورد، دوکتۆر کەمال مەزهەر لە ساڵی ٢٠٠٨دا کتێبێکی بە کوردی بڵاوکردۆتەوە کە من چاوم بە بەرگی یەکەمی کەوتووە.

لێکۆڵینەوە و ئاکاموەرگرتنی دوکتۆر کەمال لە بەڵگەنامەکان پێشینەی هەیە و خوێنەری کورد شارەزای وردبینی و ئەمانەتداری و هەستی دڵسۆزانەی نووسەر بە نیسبەت گەلی کوردەوەیە و هیچکام لەو لایەنانە پێویست بە ناساندنی من ناکەن. کتێبەکە سەرچاوەیەکی نوێیە بۆ هەڵسەنگاندنی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا. نووسەر بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە هەر چوار پارچەی کوردستانی لە «ئارشیڤی نیشتمانی»ی بریتانیادا دۆزیوەتەوە، وەریگێڕاونەتە سەر کوردی و دیراسەی کردوون، هەندێک جاریش بیرەوەری و بابەتی زیادکراوی خۆی خستوونەتە سەر، ئینجا بە خۆی و بە کاک عەبدوڵڵا زەنگەنەوە، پێشەکی، پەراوێز و پاشکۆیان بۆ ئامادە کردووە.

نێوەرۆکی دەقی کتێبەکە بەو چەشنەی خوارەوەیە:

سەرەتا و پێشەکی و ناساندن، ل ١ تا ٤٨؛

بەڵگەنامەکان، هەڵسەنگاندن و پەراوێز، ل ٤٩ تا ٥٨٠؛

وێنە و کۆپیی بەڵگەکان، ل ٥٨١ تا ٧٥٨؛

پێرستی ناوەکان، ل ٧٥٩ تا ٨٠٧؛

دواوشە و پاشگوتن، ل ٨٠٨ تا ٨٢٢.

ئەوەی وا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، بابەتی حەوتەم، «هەڵهاتن و خێرا ئاوابوونی خۆری مەهاباد...»ە لە لاپەڕە ٢٤٧ تا ٣٤٤. ئەم بەشە هەندێک بەڵگەنامەی لەخۆگرتوون کە پێوەندییان بە کۆمەڵەی «ژ. ک»، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە هەیە. کۆماری کوردستان لە نووسینەکانی

دوکتۆر کەمال‌دا بەناوی کۆماری مەهاباد یا جمهووری مەهابادەوە ناوبراوە و کاک عەبدوڵـڵا زەنگەنـە دوای وتوویژ لەگەڵ مامۆسـتادا، وشـەی کوردستانیشـی لەنێو دوو کەوان‌دا لێ زیاد کردووە (بڕواننە پەڕاوێزی ل ٢١٣).

مـن لەگـەڵ ڕێـزی زۆرم‌دا بـۆ مامۆسـتای خۆشەویسـت دوکتـۆر کەمـال، ئـەم کارە و ئـەم هەڵوێسـتە بـە هەڵـە دەزانم و لام وایە هەوڵی کـورد و ڕێبەرەکانی لەو سـەردەمەدا، لەپێنـاو «کوردسـتان» و لەژێـر نـاوی «کوردسـتان»دا بوو، جـا ئەگەر بارودۆخـی سیاسـی و لەوانە دابەش‌بوونی ئێران بەسـەر دوو ناوچەی دەسـەڵاتی سـۆڤیەت و ئینگلیـز بەرگـری خواسـتیان نەبووایـە، کۆمـاری کوردسـتان شـار و ناوچەیەکی بەرفراوانتری دەگرتەوە. گەرچی هەر بەبێ ئەوەش لە ماکۆوە تا گوندی سـەرای نێوان بۆکان و سـەقز لەژێر دەسـەڵات یا لانی‌کەم، نفووزی کۆماردا بوو و جیا لەو ڕاسـتییەش، وتار و دروشـم و قسـە و نووسـراوەی ڕێبەرانـی ئەو دەم و لە پێش هەمووانەوە پێشـەوا قازی محەممەد و بارزانی نەمر، هەموو سـەبارەت بە «کوردسـتان» و لەپێنـاو ئەودا بوو، نەک مەهابادی تاک‌وتـەرا. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، بەربەست کردنی ئەو چەمکە بەرفراوانە و ناوی «مەهاباد» لەسەردانانی، بە بۆچوونی مـن، لـە شـوێنی خۆی‌دا نییە و مامۆسـتایەکی زانا وەک دوکتۆر کەمـال نەدەبووایە باڵی بۆ ئەو زاراوەیە بکێشایە، بەتایبەت کە دوژمنانی کورد هەر بەشێوەی «کۆماری مەهاباد» سـەیری ئەو دەسـکەوتەی گەلی کورد دەکەن و بۆچوونی دوکتۆر کەمال دەتوانێ پاساوێک بێ بۆ هەڵوێستی ئەوان.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، لەم بەشەدا زۆر نین، گەرچی هەموو بابەتەکان بەگشتی حکوومەتی کۆماری کوردسـتان دەگرنەوە و بەوەش، دیارە پەیوەندی بە بۆکانەوە پەیدا دەکەن کە شاری دووهەمی کۆمار بووە. جیا لەوانە، لە لاپەڕە ٣٢٥دا باس لەوە دەکرێ کە «ڕووسـیا بانگهێشـتنی ژمارەیەک لەو سـەرکردە (کوردانە)ی بۆ شـاری باکۆ کردووە کە لە ئێران دەژین». ئەوەش وێدەچێ سەفەری یەکەمی باکۆ بێ کە لە بۆکانەوە عەلی‌ئاغای عەلیاری تێدا بەشدار بوو.

مامۆستا کەمال بیرەوەرییەکی خۆی لەمەڕ نەمر «محەممەدی مەولوود» ئاوێتەی بابەتەکانی تر کردووە و لە پەڕاوێزی لاپەڕە ٣٣٨ دا، کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە هەندێک

ڕوونکردنــەوەی لەســەر بابەتــەکان نووســیوە و تێیــدا بەرپەرچی «وەســیەتنامەی سیاســی» پێشــەوای داوەتــەوە و بە «وەســیەتنامەی هەڵبەســتراو»ی ناوبردووە. جا دەنووســێ ئەو وەسیەتنامە ســاختەیە ســەرەتا کەسـێک بەناوی «م. م. بۆکانی» لە گۆڤاری «خەباتی قوتابییان»دا بڵاوی کردۆتەوە.

لە سەرەتای کتێبەکە و باسی بایەخی زۆری بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، مامۆستا شوێنی پارێزرانی بەڵگەنامەکان بە «پەرستگا» دادەنێ و گلەیی‌یەک لە کوردانی دانیشتووی بریتانیا دەکا و دەنووسێ: «لە برایانی خۆشەویست سەباحی غالب، ئەنوەری سوڵتانی و شێرکۆ حەبیب بەولاوە، پێموایە کەسێکیان زیارەتی ئەو «پەرستگا» کەموێنەیان نەکردووە».

لــە بەشــی وێنەکانیــش‌دا وێنەیەکی ســەرنجڕاکێش لــە لاپەڕە ٦١١دا چــاپ کراوە کە لەژێری نووســراوە: «بەرلە ســاڵی ١٣٠٦ی هەتاوی/١٩٢٨ی زایینی، مەهاباد». لە وێنەکەدا مەلا عیســامەددین شــەفیعی، قازی شێخ محەممەدموحسینی قازی موکری، مەلا سەدیقی سیدقی و مەلا عەبدوڵڵای مودەرریسی دەبیندرێن.

مــن لــە کاتــی خوێندنەوەی ئەو بەشــەدا چەند لاپەڕەیەکم دەسنیشــان کرد کە لە ئەســڵ یا پەڕاوێزی لاپەڕەکانیان‌دا زانیاریی گرنگم ســەبارەت بە سەردەمی کۆماری کوردســتان بینیوە. لاپەڕەکان ئەمانەن: ٢١٣، ٢٢٠، ٢٢٥، ٢٣٠، ٢٤٧، ٢٦٢، ٢٦٤، ٢٦٨، ٢٧٣، ٣١٧، ٣٢٠، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٣٢، ٣٢٦ و ٣٢٨.

هیــوادارم بەختــی ئــەوەم هەبێ چاوم بە بەرگەکانی دواتری کتێبەکەی مامۆســتا ڕوون بێتەوە.

لە کۆتایی‌دا، سپاسی زۆری دوکتۆر کەمال دەکەم بۆ ئەو یادکردنە میهرەبانانەیەی من. لام وایە ئەگەر لە کاتی نووسینی ئەم سەرەتایەدا کتێبی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا»ی منی بدیایە، وا هەبوو بە پێویســتی نەزانــێ زەحمەتــی وەرگێڕانــی یــەک یــا دوو دانــە لە بەڵگەنامــەکان بداتــە بەرخۆی، لەبەروەی پێشتر لە کتێبەکەی مندا هاتبوون.[1]

١. کەمــال مەزهــەر، «کــورد و کوردســتان لە بەڵگەنامــە نهێنییەکانی حوکمەتــی بەریتانیادا»، بەرگــی یەکــەم، ئامادەکردنــی عەبدوڵــڵا زەنگەنــە و شــەهلا تاهیــر حەیــدەری، بڵاوکەرەوە:

## بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، بەتایبەت ئەو ڕاپۆرتانەی وا کۆنسوولییەتی شاری تەورێز و کرماشان بە بەردەوامی ئاراستەی باڵوێزخانەی وڵاتەکە لە تارانیان کردوون، زانیارییەکی زۆریان لەسەر دۆخی سیاسی، ئابووری و کولتووریی کوردستان گرتۆتەبەر.

بۆکان کە بەگوێرەی دابەشبوونی جوغرافیایی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە، کەوتۆتە سەر ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆنسوولییەتی تەورێزدایە، گەلێک لە ڕاپۆرتەکان باسی لایەنی ئابووری و سیاسیی شار و ناوچەکە دەکەن.

من ژمارەی ١٣٠ بەڵگەنامەی کۆنسوولییەتی تەورێز و باڵوێزخانەی تارانی بریتانیام وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە لەلایەن «بنکەی ژین»ەوە لە سلێمانی بڵاوبۆتەوە. بەڵگەنامە تەرجەمەکراوەکان بەگشتی سەردەمی کۆماری کوردستان (ساڵی ١٩٤٦)دەگرنەبەر، بەڵام هەندێ بەڵگەی ساڵانی پێش و دوای کۆمار، واتە ١٩٤٢ تا ١٩٥٧یشی خراوەتە سەر.

لەم ڕاپۆرتانەدا باسی جموجووڵی سیاسیی ناوچەی بۆکان، بارودۆخی عەشیرەتەکان، بەتایبەت دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی، هەلومەرجی ئابووری و کشتوکاڵ، وەزعی تووتنەوان و بەرهەمهێنەرانی گەنم و چەوەندەر و گەلێک شتی لەم چەشنە کراوە و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو ساڵانەی شار و گوندەکانی دەوروبەر، بۆ نموونە بنەماڵەی ئێلخانیزادە و عەلیار لە ڕاپۆرتەکاندا باسیان کراوە، بەتایبەت خوالێخۆشبووان عەلیئاغای عەلیار کە دەڵێ لایەنگری حکوومەتی ناوەندی بووە و قاسمئاغای ئێلخانیزادە (پاشان موهتەدی) کە پەیوەندیی لەگەڵ کۆنسوولییەتی بریتانیا لە تەورێز هەبووە و هەواڵی ناوچەکەی پێگەیاندوون. نێوەرۆکی بەڵگەنامەکان ناتەبایی ناو کۆمەڵگای ئەو ساڵانەی بۆکان بەباشی

---

نووسەر (؟)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ٨٢١ لاپەڕە، کوردی.

دەردەخـەن و دەوری سـەرەکهۆز و ئاغاوات لە تێکشـکانی کۆمـاردا دەخەنەڕوو. بەڵگەنامـەکان سـەرچاوەیەکی بەنرخن بۆ مێژووی سیاسـی ئابـووری ـ کولتووریی بۆکان و موکریان.[١]

١. ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان (١٩٤٢ ـ ١٩٥٧) لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا، کۆمەڵەی ١٣٠ بەڵگەنامە، وەرگێڕانی ئەنوەر سـوڵتانی، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥، ٤٦٢ لاپەڕە، کوردی.

## بەڵگەنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت

ڕێزدار دوکتۆر ئەفراسـیاو هەورامی ژمارەیەک بەڵگەنامەی سـۆڤیەتی لە پەیوەندیی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و ماوەیەک دوای ئەو تاساڵی ١٩٥٨، کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق و گەڕانەوەی نەمر بارزانی بۆ کوردستان، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کـوردی و هـاوڕێ لەگـەڵ هەڵسـەنگاندن و بۆچوونـی خـۆیدا وەک بەرگێک کتێب بڵاوی کردۆتەوە. ناوی کتێبەکە بریتییە لە «مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومنتـی سـۆڤیەتیدا ١٩٥٨ ـ ١٩٤٥» و وێدەچـێ هەندێک هەڵوێسـتگرتنی بنکەی بڵاوکەرەوەش چووبێتە نێوەرۆکی کتێبەکەوە.

ئاشـکرایە سـۆڤیەتییەکان سـەبارەت بـە ڕووداوەکانـی سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان و ئازەربایجـان زانیاریی بە بەڵگەیان لە هەمـوو وڵاتێکی دیکە زیاتر بێ لەبەروەی ڕووداوەکان لە شوێنێک ڕوویان داوە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بووە و هـەر خۆشـیان هۆکاریان بـوون، جا ئەگەریش خوازیاری ڕێزی سـەربەخۆی کورد نەبووبێتن و ویستبێتیان کوردستان لەژێر باڵی ئازەربایجاندا بمێنێتەوە، لانیکەم بە چەک و بە زۆر پێشـیان بە دامەزرانی کۆمار نەگرتووە و هەندێک یارمەتییان وەک چەک و چاپخانە و ستاسیۆنی ڕادیۆش ئاڕاستە کردووە.

بـۆ ئـەوەی ڕوانگەی نووسـەر/ وەرگێڕمان بـۆ دەربکەوێ با ئـەم چەند دێڕە لە لاپەڕە ١٢٧دا بخوێنینەوە:

«... دەیان سیخوڕ و فەرمانبەر و دیپلۆماتی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کـە ٩٩٪یـان ئازەری و ئەرمەنیی سـۆڤیەتی و پیـاوی «باقرۆف» [سـەرۆککۆماری ئازەربایجانـی سـۆڤیەتی] بـوون یـان بـە ڕێنوێنـی باقـرۆف دەجووڵانـەوە، پیلانـە گڵاوەکانـی باقرۆفیان بەتایبەتی لە بـواری پڕوپاگەندە و لاوازکردن و بەدناوکردنی بزووتنـەوەی کـورددا بەڕێـوە دەبـرد، واتـە بـۆ ئـەوەی... بزووتنـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات لـە ناوچـەی موکریاندا قەتیس بکرێ و کوردسـتان تەنیا

مافێکی کولتووریی لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بدرێتێ و...»

بەداخەوە ئێرە مەودای هەڵسەنگاندنی سەرجەمی بابەتەکانی ناو کتێبەکە نییە و دەبێ لە چوارچێوەی بۆکاندا قەتیس بمێنێتەوە. ئەوەی وا پەیوەندیی بە بۆکانەوە هەبێ لە کتێبەکەدا گەلێک زۆرن و لە ڕاستیدا هەموو ئەو ڕووداوانەی وا باسیان کراوە باوەکوو لە مەهاباد ڕابردوون، هەموویان بۆکانیش وەک شاری دووهەمی کۆمار دەگرنەوە و بەتایبەت ڕووداوەکانی سنووری باشووری کۆمار، واتە گوندی سەرای نێوان بۆکان و سەقز وەک هێڵی جیاکەرەوەی هێزی سپایی کۆمار و ئێرانییەکان، دامەزرانی ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان لەو شوێنە، بوونی حەمەڕەشیدخان لە سەرا و گەلێک بابەتی تر هەمووی هەر بۆکان دەگرنەوە.

ئەوانەی خوارەوە ئاماژەن بە هەندێک بابەت کە پەیوەندییان بە بۆکانەوە هەیە:

شەهید محەممەد مەحموود قودسی لە وتارێکی ناو ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە ٢٣)دا دەنووسێ: «پسپۆڕایەتیی برایانی خۆشەویستی بارزانی... لە چالاکی جەنگی و ئازایی و ڕەشیدیدا لە شەڕی ساڵحاوایە مەعلووم بوو، کە عیددەیەکی ٧٠٠ کەسیی ئۆردووی فارسەکان دەیانویست بەرەو سەرا بێن، ئەوان بە ١٧٥ کەس پێشیان پێگرتن، ١١٠ کەسیان لێکوشتن، ٤٠ کەسیان ئەسیر لێگرتن و تەلەفاتێکی زۆریان لێدان بێئەوەی یەک کەسیان خوێن لە کەپۆی بێ (ل ١٨).

ڕووسەکان ناهێڵن شێخ ئەحمەدی برا گەورەی بارزانی بێتە ناوچەی مەهاباد و بۆکان (ل ٣١).

ڕاپۆرتی هاشمۆف کۆنسوولی سۆڤیەت لە ڕەزائیە بۆ وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتی، ڕێکەوتی ١٩٤٧/٠٨/١٥: «... هێشتا لە ساڵی ١٩٤٥ و ٤٦دا بوو کە ئێمە لە ڕاپۆرتی کۆنسوولیدا نووسیمان وا ئەمریکایی و ئینگلیزییەکان بەتەمان دەوڵەتێکی دەسکردی «بەکرێگیراو» بەناوی کوردستانی گەورە دروست بکەن... و بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرانیان زۆرجار لەگەڵ سەرکردەکانی کورد: قازی محەممەد و سەیفی قازی و حاجی بابەشێخدا وتوووێژیان کردووە (ل ٧٣).»

کوردەکانی ئێران بوون بە دوو بەشەوە. لە بەرە یان بەشی یەکەمدا بە ڕێبەرایەتیی

ئینگلیزهۆزەکانی مامەش، مەنگوڕ، دێبوکری، زەرزا، پیران، فەیزوڵڵابەگی و هەندێکی تری دانیشتووی باشووری کوردستان [ی ئێران]ن (ل ٧٣ و ٧٤).

وەک دەبینین بۆچوونی نووسەر ڕاستە و ئەفسەرە ئازەربایجانییەکانی نێو سپای سۆڤیەت نەک هەر ڕوانگەی ئەرێنییان بە نیسبەت کۆماری کوردستانەوە نەبووە، بەڵکوو ڕێبەرەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیان بە داردەستی ئینگلیز و ئەمریکا زانیوە یا خود وایان نواندوون (نموونەکەی، لاهووتیی کرماشانی).

لەکوێن ئەوانەی وا کۆماری کوردستان بە دەسکردی سۆڤیەت دەزانن؟![1]

١. د. ئەفراسیاو هەورامی، «مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومنتی سۆڤیەتیدا ١٩٥٨ ـ ١٩٤٥، تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورددا»، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢، ٢١٦ لاپەڕە، کوردی.

## بەڵگەنامەکانی ئێران و عوسمانی

دەفتەری لێکۆڵینەوەی سیاسی و نێونەتەوەیی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٣٦٩ ـ ١٣٧٥/ ١٩٩٠ ـ ١٩٩٦ حەوت بەرگ کتێبی بڵاوکردەوە کە سەرجەم سەدان بەڵگەنامەی کۆنی ئێران و عوسمانیی سەبارەت بە پەیوەندیی دوو وڵاتەکەیان تێدایە و بەو کارە تیشکێکی گرنگی خستە سەر پەیوەندییە سیاسییەکانی دوو حکوومەت و بەتایبەت کێشەکانی سەرسنوور، کە ئاشکرایە بەشێکیان کورد و کوردستانیش دەگرنەوە.

دیارە بۆکان وەک سەردەشت یا بانە، شارێکی سنووری نییە و ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیی کێشە و کارە سنوورییەکاندا نەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەو ڕاستییە، کەم نین ئەو بەڵگەنامانەی کە بۆکان و ناوچەکەی دەگرنەوە. پێداچوونەوەی ئەو بەڵگەنامانە بۆ نووسینی مێژووی بۆکان و ناوچەکەی کارێکی گرنگە، لەبەرئەوەی بەشێک لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٧٩٦ تا ١٩٢٤ی سنووری ئێران و عوسمانی دەخەنەڕوو، کە کورد لە زۆربەی زۆریاندا دەوری بینیوە یا خود ئەگەر سیاسەتی دوو دەوڵەتەکە بووە، بەسەر کوردیشدا ساغ بۆتەوە و شوێنی داناوەتە سەر ژیانی ئابووری ـ سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی هەموو ناوچەکە بە بۆکانەوە.

یەک لەو خاڵانەی بەڵگەنامەکان کە بۆکانیش دەگرنەوە ئەوەیە زۆرێکیان لە سەردەمی حوکمی ناسرەددینشا (١٨٣١ ـ ١٨٩٦)دا نووسراون کە عەزیزخانی سەرداری بۆکان، سەرداری گشتیی سپای ئێرانی بووە، بۆ نموونە، بەڵگەی ژمارە ١٩٠ی لاپەڕە ٩٤ تا ٩٦، نامەی «موهەندیسباشی»یە لە سابڵاغەوە بۆ سپاسالاری گشتی ئێران و سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری ـ سیاسیی موکریانە یا بەڵگەنامەی ژمارە ١٩٦ لە هەمان بەرگدا نامەی حاکمی سابڵاغە بۆ وەزارەتی دەرەوە یا بەڵگەنامەی ژمارە ٣٠٢، لیستەی ناوی گوندەکانی گەورک، مەنگوڕ، پیران، مامەش و زوودیی تێدایە بە ژمارەی بنەماڵەی هەر گوندێکەوە (لاپەڕە ٥٢٢ی هەمان بەرگ).

بەڵگەنامەی ژمارە ٥٨٠ (بەرگی ٣) ڕاپۆرتی کارگوزاریی ساباڵغە سەبارەت بە هاتنی شێخ عوبەیدیللای نەهری بۆ ئێران (١٨٨٠) و هاتنی شێخ عەبدولقادری کوڕی بۆ موکریان (ل ١٣).

لە بەڵگەکانی ئەو بەرگەدا گەلێک ڕووداوی ناوچەکە بۆ نموونە دەوری گوڵاویئاغای دێبوکری، کە لە ژێرەوە لەگەڵ حکوومەتی ئێران بووە و گەلێک بابەتی هاوچەشن لە ڕوانگەی حکوومەتەوە ڕوونکراونەتەوە. بەرگەکانی دیکەی کتێبەکەش زانیاریی زۆریان سەبارەت بە ناوچەکە تێدایە و لەوانە فەسڵی چوارەمی بەرگی چوارەمە، کە باسی شێخ سدیق و شێخ عەبدولقادر، کوڕانی شێخ عوبەیدیللا دەکا و سەرجەم ٢٥ بەڵگەنامەیە. بە هەمان شێوەیە بەڵگەنامەکانی نێو هەموو بەرگەکان، بۆ نموونە، بەڵگەنامەی ١٤٤٢ (بەرگی ٧) باسی هاتوچۆی سالاروددەولەی کوڕی محەممەدعەلیشا دەکا بۆ گوندەکانی دەوروبەری ساباڵغ، (کە دیارە ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی بۆکانیش دەگرێتەوە.[1]

١. «گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی»، نشر واحد، نشر اسناد، دفتر تحقیقات سیاسی و بین‌المللی وزارت خارجه جمهوری اسلامی ایران، تهران، جلد اول سال‌های ١٧٩٦ تا ١٨٥٤، چاپ سال ١٣٦٩/ ١٩٩٠. جلد هفتم سال‌های ١٩٠٥ تا ١٩٢٤، چاپ سال ١٣٧٥/ ١٩٩٦، فارسی.

## بەڵگەنامە سیاسییەکانی بۆکان چییان لێهات؟

ڕۆژی ٢٢ی بەهمەنی ١٣٥٧/ ١٩٧٩/٠٢/١١ حوکمی شایەتی، لە ئێران ڕووخا و دەسەڵات کەوتە دەست خومەینی و مەلاکانی قوم و مەشهەد، ئەوانیش سیستەمی نگریسی ویلایەتی فەقیهیان کردە جێگری ڕژیمی شایەتی؛ خەڵکی هەژاری ئێران لە قوڵکێک دەرهاتن و کەوتنە چاڵێکی زۆر قووڵترەوە!

ئەو دەم من دووسێ ساڵێک بوو لە زیندان هاتبوومە دەرێ و لەبەروەی بەپێی یاسا نەمدەتوانی کاری دەوڵەتی بکەم، چوونەوە سەر کاری مامۆستاییم یاساخ بوو و لە ئەنجامدا دەبووایە تەنیا لە کەرتی تایبەت کارێک بدۆزمەوە کە ئەویش بە هیممەتی ڕێزدار جەلیلی گادانی جێبەجێ بوو و لە «شرکت انبارهای عمومی ایران» کە بۆ گوومرگ کاری دەکرد، لە شاری تەورێز دامەزرام. لە کاتی شۆڕش و ڕووخانی ڕژیمی شادا هەر لە تەورێز بووم، بەڵام دوای مانگێک دەوڵەتی بازرگان ڕایگەیاند کە زیندانیانی سیاسی دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئیشوکاری پێشوویان، منیش خەریکی جێبەجێ کردنی کارەکەم بووم و لە عەینی کاتدا داوام کردبوو بۆ دەستبەکار بوونەوە لەجیاتی تاران (کە لە کاتی گیرانمدا لەوێ کارم دەکرد)، بمنێرنەوە بۆکانی پێش تەبعیدەکەم.

لە تاران هەر پێش سەرکەوتنی شۆڕش ڕێکخراوێک بەناوی «شووڕای ئینقلاب» پێکهاتبوو و دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشیش لە هەموو شارەکان شووڕای ئینقلاب پێکهات. من لە بۆکان نەبووم کە هەڵبژاردن و دەنگدانێک بۆ پێکهێنانی شووڕای ئینقلابی بۆکان کرابوو، وا بزانم لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە مزگەوتی جامیع یا لە سالۆنی دەبیرستانی کەمال، ئامادەبووان کە زۆربەیان مامۆستاکانی قوتابخانە و قوتابی و بازاڕی بوون، بڕیاری پێکهێنانی شووڕای ئینقلابی بۆکان و هەڵبژاردنی ئەندامەکانیان دابوو. وەک بیستمەوە، شەهید مینەی شێرخانی بەبێ ئاگاداریی خۆم، ناوی منیشی بۆ ئەندامییەتی شووڕاکە پێشنیار کردبوو و بە تێکڕای دەنگ پەسند

کرابوو. کاتێ گەڕامەوە بۆکان گوتیان بوویەتە ئەندامی شووڕا؛ گوتم من هێشتا هەر لە تەورێزم؛ گوتیان قەیدی ناکا کارەکەت جێبەجێ بکە ئینجا وەرەوە.

هەر چۆنێک بێ دوای نەورۆز، واتە لە بەهاری ١٣٥٨دا گەڕامەوە بۆکان و هاوکات دوو کار و ئەرکم پێکەوە دەست پێکرد: مامۆستایەتی لە دەبیرستانی کەمال و ئەندامییەتی لە شووڕای شار. هەر دوو ئەو شوێنانە ئاڵۆز بوون و لایەنگرانی هێڵی فکری و ڕێکخراوەیی جیاواز کارەکانیان هەرکام بەرەو ئاقارێک دەبرد. من هێشتا خەتێکی دیاریکراوم نەبوو و تەنانەت لە بیرمە کاتێ لە تەورێزەوە گەڕامەوە بۆکان، برادەرێکی تەورێزیم دەمانچەیەکی دامێ و گوتی لە گرتنی ساواکی تەورێزدا دەستم کەوتووە و ئێستا لەجیاتی ئەوەی بیبەم بۆ مزگەوت دەیدەم بە تۆ، منیش وەرمگرت و ڕاستەوخۆ بردمەوە بۆکان دامە دەست شووڕای ئینقلاب، لە کاتێکدا کە دواتر زانیم هەندێک لایەنگری حیزب و ڕێکخراوەکان چەکی شووڕایان زیاتر بۆ ڕێکخراوەکەی خۆیان دەویست تا شووڕا!

لە شووڕای بۆکاندا هەندێک کەس ئەندام بوون کە ئەوەندەی لە بیرم مابێ بریتی بوون لە نەمر مینەی شێرخانی، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک مینەی حیسامی، کاک حەسەنی شەمسی، کاک عومەری حەمیدی، دوکتۆر یۆسف خزری، وەستا مستەفای نەجار و...

ئەوەندەی لە بیرم بێ، شووڕا دەستی بەسەر چەکوچۆڵی شارەبانیدا گرتبوو و یەک لە کارەکانی بریتی بوو لە پاسەوانییەتی شار و کۆنترۆڵی دەروازەکانی شار. خەڵک خۆیان دەهاتن و ئامادە دەبوون شەوانە کێشکچی بن و لە شوێنە دیاریکراوەکانی نێوشار و دەروازەکانی هاتوچۆ کێشک بدەن. دوای ماوەیەک دەرکەوت کە هەندێکیان چەکەنیان دەبردەوە ماڵێ و نەیاندەدایەوە شووڕا، ئەوەش یەک لە گرفتەکان بوو.

لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەوە ڕاگەیەندرابوو کە هەندێک ساواکی لە ئازەربایجانەوە وەڕێکەوتوون و وا هەیە ڕابکەن. بە پاسەوانەکانی دەروازەی باکووری شار گوترابوو ئاگادار بن. لەپڕ هەواڵیان هێنا ئۆتوبووسێک هاتووە، گوێی نەداوەتە

فەرمانـی وەسـتان و ویسـتوویەتی بـڕوا، پاسـەوانەکان تەقەیـان لێکـردوون و وەسـتاندوویانن. یەکیـان لێکوژرابـوو. هیچ لە بیـرم ناچێ ئەوانی تریـان کە هێنایە شووڕای ئینقلاب لە شارەبانی بۆکان، هەموویان ترسابوون و نەیاندەزانی چییان لێ بەسەردێ. کاک عەبدوڵلای موهتەدیم بینی کە بە بیستنی هەواڵی کوژرانەکە پڕ بەدڵ دەگریا و ژیر نەدەبۆوە. ئەو دەم ئیتر بیر لە کوشتن و ئیعدام نەدەکرایەوە و ئاواتی هەموو لایەک هێمنی و دامەزران و ئاسـایش بوو، کوشـتنی کەسێک ئەویش لەلایەن پاسـەوانێکی شـووڕای ئینقلابـەوە جێگـەی باوەڕ نەبـوو و هەموومانـی هەژاندبوو، بـەڵام کاک عەبدوڵـڵا زیاد لە هەمـووان پێی تێکچووبوو و من لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ کاک عەبدوڵڵا و ئەو هەستە مرۆڤانەیم خۆش ویستووە.

ئەرکـی شـووڕا زۆر قـورس بـوو؛ بەخشـداری و شـارەبانی و ژاندرمـەری و هەڵوەشـابوونەوە و ئیداراتی دیکەش تەقولۆق بوون و کاری ئاسـایی‌یان نەدەکرد، بەخشـدار و سـەرۆکی شـارەبانی و ژاندرمـەری و فەرمانبـەرە عەجەمەکانی دیکە هەمـووی شـاریان بەجێهێشـتبوو. شـارەدار کاک عەلـی حەبیب‌زادەی مامۆسـتای پێشـووی قوتابخانەکانـی بـۆکان لەسـەر کار مابـۆوە، بـەڵام ئەویـش لـە بەرانبـەر هێـز و دەسـەڵاتی حیزبـە سیاسـییەکان و شـووڕادا ئەرکێکـی پێ بەڕێـوە نەدەبرا. بەکورتی شووڕا هەموو کارەکانی بەدەست خۆیەوە گرتبوو بەبێ ئەوەی ئەزموونی هەڵسـووڕاندنی کاروباری هەبێ. پێش شـووڕا، لە شارەکەدا «کانوونی موعەللیمان» هەبـوو کـە زۆریـش هەڵسـووڕاو بـوو و گەلێـک کاری شۆڕشـگێڕانەی کردبـوو و شـووڕای ئینقلابیش لە ڕاسـتی‌دا زیاتر لە ئەندامانی کانوونی موعەللیمان پێکهاتبوو، هـەر بۆیـەش بـوو وەختـێ مۆتەکەی کۆماری ئیسـلامی بەسـەر خەڵـکدا زاڵ بوو، خەڵکە ئاسـایی‌یەکە جنێویان بە مامۆسـتاکان دەدا و ئەوانیان بە تاوانباری کارەکان دەزانی.

**

بابچینە سەر باسی بەڵگەنامەکان. بۆکان لقی ساواکی لێ نەبوو و هەر بۆیەش چاوەڕوان نەدەکرا بەڵگەنامەی گرنگی لێ وەدەست بکەوێ. (دەگوترا، گوایە مامۆستایەکی قوتابخانە لە بۆکان، کە جاسووس و هەواڵدەری ساواک بوو، چەند مانگێک پێش شۆڕش خانووبەرەیەکی گەورەی لەسەر جۆگەی ئاوی ئاشی خانم، پشت ماڵی کاک جەعفەری قزڵجی دروست دەکرد، لە ڕاستیدا ئەو ماڵە بۆ ساواک دروست دەکرا، بەڵام شۆڕشی ١٣٥٧ بەسەردا هات و دەزگای ساواک پێچرایەوە و ماڵەکە بوو بە هی خۆی!) بەوپێیە، تاقە جێگەیەک کە زیاتر بۆنی ئەوەی لێدەکرا بەڵگەنامەی سیاسیی لێبێ، شارەبانی و ژاندرمەری بوون. شووڕای ئینقلابی بۆکان لە شارەبانی دامەزرابوو و ئەفسەر و پاسەوانەکانی ڕایانکردبوو یا خۆیان شاردبۆوە. هێشتا من لە تەورێز بووم کە شارەبانی گیرابوو و ئەندامانی شووڕای ئینقلاب چووبوونە سۆراغی ئەوڕاق و بەڵگەنامەکان. لەبەروەی ئەندامانی شووڕا هەمەچەشنە و سەر بە هێڵی فکری و سیاسی و حیزبیی جیاواز بوون هەندێک لە یەکتر دڕدۆنگ بوون و کاتێ من چوومە شووڕا لە هەندێکیانم دەبیست کە کەسێکیان تاوانبار دەکرد بەوەی دەستی گەیاندبێتە بەڵگەنامەکان و هەندێک بابەتی لێهەڵگرتبێتن کە وا هەبوو پێی باوکی خۆی بگرێتەوە وا ئەوان بە ساواکییان دەناسی.

لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی شووڕادا، من و کاک حەسەنی شەمسی، کە خەڵکی مەهاباد و دەبیری دەبیرستانی بۆکان بوو و وا هەیە کەسێکی سێهەمیش کە ناویم لە بیر نەماوە، کراینە مەئمووری ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکانی شارەبانی و ژاندرمەری. دەبووایە ئێمە لەنێو کانوونی موعەللیماندا چەند کەس وەک یاریدەدەر هەڵبژێرین و دەست بەکاری خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بکەین. ئێمە ٣ کەسمان هەڵبژارد کە هەرسێکیان خۆشناو و جێگەی بڕوای خەڵک بوون. ناکرێ ناوی ئەو کەسانە بنووسم، کە ئێستاش لە بۆکان دەژین.

هەنگاوی دووهەم دۆزینەوەی شوێنێک بوو کە بتوانین بەڵگەنامەکان لە شارەبانییەوە بەرینە ئەوێ و بە نهێنی و بە هەستەوە و تەنانەت بەبێ ئاگاداریی

پاشـماوەی ئەندامانی شـوورِا دەست بە خوێندنەوەیان بکەین. قوتابخانەیەکی بۆکان دەسنیشـانکرا و بەڵگەنامەکان ڕاگوێزرانە ئەوێ. سـەرەتا ڕۆژانی هەینی و پاشـان دوو ڕۆژی هەفتـە بـە بێدەنگێـک دەچووینـە شـوێنەکە و بـە ئامادەبوونـی هەمـوو لایەنەکان، فایلەکان دەردەهێنران، لەسەر مێزێک دادەنران و دەخوێنرانەوە.

فایلێـک کـە ئـەو دەم بۆ ئێمـە لە هەمووان گرنگتـر بوو ئەوە بوو کـە پەیوەندیی شارەبانی بۆکانی بە ساواکی مەهابادەوە دەدا. بە حەز و ئیشتیای زۆرەوە سەیرمان کرد، بەڵام تاقە شتێک کە لە فایلەکەدا دەست دەکەوت ئەو نامانە بوون کە لە ساواکی مەهابادەوە گەیشتبوونە شارەبانی بۆکان و داوایان کردبوو بە فڵانە کەس ڕابگەیەنن ڕۆژی فڵان بچێ بۆ ساواکی مەهاباد، واتە فۆرمێکی ڕەسمی و ڕەقوتەق. زۆرێک لەو کەسانەی وا بانگ کرابوونە مەهاباد خەڵکی ئاسایی و خۆشناویش بوون کە ساواک تێـی هەڵپێچابـوون و هاتوچـۆی پێکردبـوون، دەنـا ئەوانەی وا گومانـی هاوکاریی سـاواکیان لێدەکـرا قـەت بەو شـێوەیە بانـگ نەدەکـران و ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ ساواکی مەهاباد بۆ هەڵدەبەسترا. لەو فایلەدا هیچی وا دەست نەکەوت.

فایلێکـی دیکـە کـە خۆێندرایەوە فایلی ئەو پاسـەوانەی شـارەبانی بۆکان بوو کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ سـاواکی مەهاباد بوو بۆ ئەو چەشـنە داواکارییانە. لە بیـرم نییـە ئەو پۆسـتە، لە کەیـەوە دامەزرابوو، بەڵام یەکەم کەسـێک کە ئەو ئەرکە «پیرۆزە»ی بەدەسـت بوو پاسـەبانێکی خەڵکی مەهاباد بوو کە پێی دەگوترا میرزا... کابرایەکـی هێـدی و هێمـن کە نێوانی لەگەڵ خەڵکی شـار گەلێک خۆش بوو و کەس ڕقی لێی نەبوو و هەستیشی بەوە نەدەکرد کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ساواک هەبـێ. درەنگتـر ئـەم پۆسـتە بـە... ئەسـپێردرابوو کـە پاسـەوانێکی بۆکانـی بوو و سـەمەرە ئەوە بوو کە ئەویش کەسـێکی گەلێک هێدی و هێمن و بێهەستوخوسـت بـوو کـە گومانـی ئەو هاوکارییەی لێنەدەکـرا؛ بۆ ماوەیەکیـش هەردووکیان پێکەوە ئەو کارەیان کردبوو!

ڕەنگە خوێنەر بیەوێ بزانی ئەو دوو پاسـەوانە بۆ کارەکە «پیرۆزە!»یان مانگانە چەند هەزار تمەنیان لە ساواک وەرگرتبوو. بەگوێرەی فایلێکی سێهەم کە سەیرمان

کرد، سەرەتا بودجەی مانگانەی شارەبانی بۆ ئەم کارە ١٠ تمەن بوو ( ١٠ تاقە تمەن، نەک دە هەزار!) لە کۆتاییەکانی تەمەنی ڕژیمی شادا ببووە ٢٠ تمەن کە ئەویش لە نێوان یەک لەو پاسەوانانە و کارمەندێکی شارەداریی خەڵکی بۆکان دابەش دەکرا، واتە یەکی ١٠ تمەن. کارمەندەکەی شارەداری، خەڵکی بۆکان و دۆست و خزمی ڕەشیدی حەسەنزادە کارمەندی ساواکی مەهاباد بوو و ئەو جاسووسییانەی بە مانگی ١٠ تمەن بۆ ساواک دەکرد. ئەرک و کاری کابرا چی بوو؟ ئەوە لە بەڵگەنامەکان دەرنەدەکەوت؛ بەڵام دەبێ شتێک وەک ئەوەی پاسەوانەکان بووبێ، دەنا بۆ هەواڵ ناردن، کە بەدڵنیایی ئەویشی بۆ دەکردن، دەبێ پارەیەکی زیاتریان پێ دابێ. دووریش نییە لەلایەکی دیکەوە حقووقی زیاتری پێدرابێ.

ئێمە دوای پێداچوونەوەی بەشێک لە بەڵگەنامەکان هەندێکیانمان دایە ئەندامانی دیکەی شووڕای ئینقلاب و لەسەر بڕیاری ئەوان کۆپیمان لێ هەڵگرتن و کۆپییەکانمان دا بە دیواری شارەوە بۆ ئەوەی خەڵک بیانبینن. شوێنەکەم لە بیرە لای بانکی میللی و دووکانی کتێبفرۆشیی کاک کەریمی سالمی بوو؛ بەڵام هەرچی دەکەم وەبیرم نایەتەوە سەبارەت بەچی و لە پەیوەندیی کێدا بوون.

لەنێو بەڵگەنامەکانی شارەبانیدا ئەوەندەی لە بیرم بێ شکایەتنامەیەکی سەرنجڕاکێش هەبوو. ڕێکەوتی سکاڵانامەکە دوابەدوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بوو و بریتی بوو لە شکایەتی هەندێک تاجر و دووکاندار و خەڵکانی ناوبەدەرەوەی بۆکان لە نەمران حاجی قاسمی کەریمی، عەبدوڵڵا ئێرانی، عەلی میرەبەگ و چەند کەس لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی هاوینی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاواتی شار، ڕاپەڕینێک کە دەڕۆیشت لەگەڵ ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی یەک بگرێ و تەخت و تاجی ئاغاواتی ناوچەکە تێکبدا، بەڵام کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ بە هانای ئیرتیجاعەوە هات و شۆڕشگێڕان کەوتنە بەر شەپۆلی گرتن و لێدران و زیندان و هەڵاتن و ئاوارەیی.

ئاشکرا بوو ئەو سکاڵانامەیە نە بە خواست و ئارەزووی خەڵک بەڵکوو بە زۆری شارەبانی کراوە و بەشێک لە خاوەن ئیمزاکان تەنانەت دۆست و خزم و دراوسێی

شکایەت لێکراوەکان بوون. نموونەی ئەم کارە چەپەڵە سپای ئێران دوای هەرەسی کۆماری ١٣٢٥ی کوردستانیش کردبووی و هەندێک کەسی خستبووە نێو شاری مەهاباد و دەوروبەری بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا و شکایەت و داخوازی ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار. هەر بۆیەش ئێمە بە سەلاحمان نەزانی بەڵگەنامەکە بڵاوبکەینەوە و نەمانویست کێشەی کۆمەڵایەتی و دوژمنایەتییەکی نەخوازراو لە نێو بنەماڵەکاندا دروست بێ. من عەینی شکایەتەکەمدا بە کوڕی یەک لە شکایەت لێکراوەکان، کە لە تاران دەژیا و کەسایەتییەکی ناسراو و جێگەی ڕێزی خەڵک بوو، حەساسیەتی مەسەلەکەشی دەزانی. دڵنیام ئێستاش ئەو بەڵگەیە دەبێ لە ماڵی ئەو کەسە لە تاران پارێزرابێ.

فایلێکی نزیک بە ٢٠ لاپەڕەییش لەسەر کابرایەکی بانەیی هەبوو. کەسەکە لە بانە دووکاندار بوو لێرەدا ناوی ناهێنم. کابرا هاتبووە شارەبانی بۆکان و بە نووسین، نووسیبووی کە ئامادەم هاوکاریتان بکەم و هەواڵتان بۆ بهێنم بە مەرجێک کوڕەکەم لە دانیشکەدەی ئەفسەری لە تاران وەربگیرێ. لێیان پرسی بوو بۆچی بۆکان؟ گوتبووی لەبەروەی لە بانە خەڵک دەمناسن و ناتوانم هاتوچۆی شارەبانی بکەم. من ئەو فایلەم دایە بەرپرسێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بانە و گوتم خۆتان لێی بکۆڵنەوە بزانن چییە و چۆنە.

لەنێو بەڵگەنامەکانی ژاندرمەریدا چەند ڕاپۆرت و نامەی س. أ. یەک لە ئاغاواتی ڕۆژاوای شاری بۆکانی تێدا بوو. هیچکامیان بایەخی ئەوتۆیان نەبوو و تەنیا لە یەکیاندا گوتبووی پیاوم ناردۆتە کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی هەواڵی کوردانی ڕۆژهەلات کە چووبوونە باشوور، بزانم. ئەگەر پیاوەکەم گەڕایەوە هەواڵەکانتان بۆ دەنێرم. وێدەچوو هەمووی هەڵبەستراو و درۆ بن و تەنیا بۆ خۆ شیرن کردن نووسرابێتن، دەنا شتی گشتی و ئاسایی زیاتر هیچ لە نامەکانیدا نەبوو و ژاندرمەری ئەو شتانەی لەو باشتر و زووتریش دەزانی!

جگە لە شارەبانی و ژاندرمەری، بینایەی بەخشداریی بۆکانیش کەوتبووە دەست شووڕای ئینقلاب و هەندێک کۆبوونەوەی ئێمە و خەڵکی شاری لە هۆڵەکەی

ئـەوێ دەبەسـترا. ڕۆژێکیـان لـە قاتـی سـەرەوە لـە ژووری بەخشـدار، ئەوەنـدەی بزانـم کۆبوونەوەیەکـی کرێـکاران یـا بەننـاکان هەبـوو و مـن لـە پشـت مێزەکـەی بەخشـدار دانیشـتبووم. بەهەڵکـەوت کەشـەوی لای چەپـی مێزەکـەم کـردەوە. ئێمە تەنیـا لە شـارەبانی و ژاندرمەری بە شـوێن بەڵگەدا دەگەڕایـن و لامان وا نەبوو لە بەخشـداریش شـتێک دەسـت بکـەوێ، بەڵام لە کەشـەوەکەدا بەهەڵکـەوت نامەیەکی قاسـمئاغای ئێلخانـیزادەم بینـی کـە بـۆ فەرمانـدەی سـپای مەهاباد یا بۆ سـاواکی مەهابادی نووسیبوو. ڕێکەوتی نامەکە گەلێک تازە و هی دوای یەکەم خۆپیشاندانی خەڵکـی شـار دژ بە ڕژیمی شـا و گولـلەبارانیان لەلایەن پاسـەبانەکانی شـارەبانی بـۆکان و کوژرانـی کەمال حەمیدی و محەممەدی بەهرامی نووسـرابوو و دیار بوو دەوڵەت گوشـاری زۆری خسـتبووە سەر ئەو و هەندێک لە خەڵکانی ناوبەدەرەوەی شـار بـۆ ئـەوەی بارودۆخەکە هێـور بکەنەوە، ئەویش نووسـیبووی فڵانـە هەوڵمان داوە و فیسـارە کار دەکەیـن و نـاوی یەک لە برازاکانی خۆشـی هێنابوو کە لاوێکی شۆڕشـگێڕ بوو و دیار بوو سـاواک لێی دەترسـا هانی خەڵک بدا، گوتبووی ئەویش هیچ ناکا. بە بۆچوونی من نامەکە هیچی نەدەگەیاند جگە لەو گوشـارەی کە ڕژیمی شا لە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنیدا خستبوویە سەر خەڵک و یەک لەوان قاسمئاغا و بەتایبەت چاویان لەو برازایەی قاسـمئاغا بوو، کە پێشـینەی هەڵسـووڕانی سیاسـی هەبوو و قسەی لەنێو خەڵکدا دەڕۆیشت.

نامەکـەم لەگـەڵ خۆم بردەوە شـووڕا و لە بیرم نییە دامە دەسـت چ کەسـانێک، بـەڵام وەک پێشـتر گوتـم شـووڕا نوێنـەری هەمـوو ڕێکخـراوە و حیـزب و تەیارە سیاسـییەکانی تێـدا بـوو و ئـەو دەم کێشـەی ئیدیۆلـۆژی لە نێوان حیزبـی توودەی ئێـران و کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـاندا هەبـوو؛ ئەویـان لایەنگری سـۆڤیەت و ئەمیان چینـی مائۆئیسـت. لام وا نییـە ڕاسـتەوخۆ بەڵگەنامەکـەم دابێتـە دەسـت ئەندامێکی توودەیی شـووڕا، بەڵام دوای یەکدوو ڕۆژ نامەکە وەک سـەنەدی هاوکاری کردنی قاسـمئاغا لەگەڵ ڕژیم لە ڕۆژنامەی مەردوم ئۆرگانی حیزبی توودەی ئێراندا بڵاو بوویەوە و پێی برازایەکی ئەویشـی گرتەوە. من بێئەوەی پاکانەیەک بۆ خۆم بکەم

دەڵێم ئێمە هێشتا بڕیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانمان نەدابوو و تەنیا بەشێکی کەمیمان پشکنی بوو. ئەم کارە بەبێ خواستی شوورا (وەک گشت) و ئێمەش وەک دەستەی پشکنینی بەڵگەنامەکان کرا و زەربەیەکی گەورە بوو نەک هەر لە قاسمئاغا، بەڵکوو لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و مائۆئیستەکانی بۆکانیش. هەروەها ئەندامانی سەر بە تەیارە جیاجیاکانی شوورای زیاتر لە یەکتر دڕدۆنگ کرد. دووپاتی دەکەمەوە، دۆزەرەوەی نامەکە من بووم و ئەو کەسەش کە دایە دەست شوورا، هەر من بووم، بەڵام کەم تا زۆر نە دەستم لە بڵاوکردنەوەیدا هەبوو، نە خوازیاری بووم. ئەوەی وای کرد، جیاوازیی هێڵە فکری و سیاسییەکان بوو کە هەرکام بەدوای شکستی لایەنەکەی دیکەدا دەگەڕان و هەر خاڵێکی لاوازی ئەوانیان بە زەرڕەبین گەورە دەکردەوە و لەقاو دەدا.

من بۆیە ناوی قاسمئاغام بەڕاشکاوی هێنا کە بەڵگەکە هەر ئەو دەم بڵاوبۆتەوە و خەڵکێکی زۆریش بینییان؛ هەروەها بە سەرنجدانە سەر نێوەرۆکەکەی دەردەکەوت کە شتێکی مەجبووری بووبێ، بە مەجبووری نووسرابێ و ئەو بایەخەی نەبووبێ کە لایەنێکی تایبەت پێی دا. دوابەدوای ئەم کارە و وا هەیە لە ئەنجامی ئەودا بوو کە لایەنەکەی دیکەش کەوتنە خۆ و بەڵگەنامەیەکی زانستگەی تەورێزیان بڵاوکردەوە کە بەگوێرەی ئەو، گوایە لاوێکی خوێندکار و زانایەکی گەورەی سیاسیی شاری بۆکان لە سالانی کۆتایی ڕژیمی شادا ڕاپۆرتی لە هەندێک خوێندکاری زانستگەکە دابێ، ئەو تۆمەتە با ناڕاستیش بووبێ، بوو بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئەو کەسە لە سیاسەت و خەبات و ئەوەش جگە لە زیان هیچ سوودێکی بۆ کۆمەڵگای بۆکان و کوردستان نەبوو و بالانسی هێزە دژبەرە سیاسییەکانی تەواو پێ تێکچوو. هەڵەیەکی بەڕواڵەت بچووک ئاکامی وا گەورە و گرانی لێکەوتەوە.

## چارەنووسی بەڵگەنامەکان

لــە کۆتایــی بەهــاردا بوو کــە خومەینی وتارێکی دا و تێیــدا داوای لە خەڵک کرد هەر بەڵگەنامەیەکی ســاواکیان کەوتۆتە دەســت بیدەن بە دادگای ئینقلاب کە تا ئەو دەم لە زۆربەی شارەکاندا دامەزرابوو. ئێمە کە تا ئەو دەم بەشێکی کەمی بەڵگەکانمان پشــکنیبوو و هەندێکمان لێ جیاکردبوونەوە، کەوتینە پەلە و ئەوەندەی کرا، بابەتی بەرچاومان جیاکردەوە و لەســەر بڕیاری شــوورای ئینقلاب دوو کەس لە ئەندامانی شــوورا (کاک حەســەنی شەمســی و مــن) لەگــەڵ دوو کــەس لــەو هاوکارانەمان کە پێکەوە خەریکی پشکنینی بەڵگەکان بووین هەڵمانگرتن و بردمان بۆ دادگای ئینقلابی مەهابــاد کــە تازە دامەزرابــوو و کاک عوســمانی ئارمان (حەڵەبی پێشــوو)، کوردی نەغــەدە دادســتانی بــوو. دوو کەس لــە ئێمە ئارمانمــان باش دەناســی لەبەروەی لە دانیشسەرای موقەددەماتیی ورمێ پێکەوە دەرسمان خوێندبوو و پاشان ئەو هاتبووە دەوروبەری بۆکان و ســەقز و لە گوندێکی دێهســتانی تورجان دەرســی دەگوتەوە و تەنانەت جارێکیش هاتبووە سەردانم لە گوندی بوغدەکەندی.

چوویــن، قســەمان لەگەڵ کــرد و بەڵگەکانمان دایە دەفتەری دادگا و ڕەســیدمان وەرگــرت و ئینجا گەڕاینەوە بــۆکان. یەکدوو جاریش چووینەوە مەهاباد بۆ ئەوەی بزانیــن بەڵگەنامــەکان چییــان لێهاتــووە و چییان بۆ کراوە. لەپڕ ســتادی ســازمانی فیدائییان لە مەهاباد بانگیان کردم و گوتیان ئارمان تەلەفۆنی بۆ کردووین و گوتوویەتی ئەنــوەر نایەوێ شــکایەت لەو کەســانە بکا وا ناویان لە بەڵگــەکاندا هاتووە و منیش بێ ئەو شکایەتە هیچم پێناکرێ. زۆرم پێ سەیر بوو، گوتم جا بۆچی من؟ ئێمە چوار کەسین و کابرا هەر چوارمان دەناسێ، تەنانەت کاک حەسەنی شەمسی مەهابادییە و دەســت پێڕاگەیشــتنی لــە منیش هاســانترە، بۆچــی هەر من و بۆچی ئێــوەی فیدایی؟ پەیوەنــدی ئــەم کارە بە ئێوەوە چییە؟ بۆ بە شــوورای ئینقلابی شــاری بۆکان ناڵێ؟ گوتیــان نازانیــن، وا دەڵێ. جنێوێکم دا و گوتم هەر ئێســتا دێمــە مەهاباد و دەچم بۆ

لای بزانم بۆ وای کردووە. لەوێ، گوتیان بەتوورەیی مەچۆ و کەسێکیشـیان لەگەڵ ناردم.

چوومە دادگای ئینقلابی مەهاباد و ژووری عوسمانی ئارمان. چەند کەس لەوێ بـوون و هەمـووی کاریان پێـی بوو. یەکیان نەمـر محەممەدئەمینـی موعینی باوکی شـەهیدان سـولەیمان و عەبدوڵڵای موعینی بوو بۆ شوێنگرتنی کاری کوڕەکانی و کێشەی کوێخا شەریفی جاش هاتبووە ئەوێ. من لەبەر توورەیی نەمزانی چۆنم قسە لەگەڵ ئارمان کرد؛ گوتم بەچ حەقێک تەلەفۆنت بۆ فیدائییان کردووە و بۆ شووڕای ئینقلابـی بۆکانـت نەکـردووە؟ بـۆ بە خۆمانـت نەگوت وەرن شـکایەت بکەن؟ بۆچی هەر من و بۆ سـێ کەسـەکەی دیکە نا؟ دوای هەمووی ئەوانە تۆ دادسـتانی و دەبێ دادی خەڵک بستێنی ئێمە کارێکمان بەدەست نییە گوتوویانە بەڵگەکان بدەینە دادگای شـۆڕش؛ هەندێـک لـەو بەڵگەنامانە هی سـەردەمێکن ئێمە هێشـتا لەدایـک نەبووین؛ شکایەت لە کێ بکەین؟ ئێمە بەڵگەکانمان کەوتۆتە دەست و هێناومانە بۆ تۆ. چییان دەبـێ لێبکـەی تـۆ دەزانی ئێمە چووزانیـن؟ بۆچی بە خۆمانت نەگـوت دەبێ بێن و شـکایەت بکـەن بـا بە شـووڕای ئینقلابمـان ڕابگەیەندایـە بەڵکوو ئەوان شـکایەتیان بکردایە، بۆ کارەکەت بردۆتە لای فیدائییان کە پەیوەندییەکیان بە مەسەلەکەوە نییە و بۆچی تەنیا ناوی منت بردووە؟ ئەوە بیانووە بۆ ئەوەی ئەو کەسـانە بپەڕێنییەوە و هیچیان لێنەکەی!

ئەوانەم بەتوورەیی گوت و ئارمانیش کە هەر لەمێژ بوو دەمناسی شێتۆکە بوو و هەمیشە خەریکی پاڵەوانبازی و کاری وابوو، لەپڕ هەستایە سەرپێ. دەمانچەیەکی بە بەرپشـتێنەوە بوو، داینا سـەر مێزەکە و وەک پاڵەوان گوتی وەردەرێ با حیسابمان لەگـەڵ یەکتـر پـاک بکەیـن. گوتـم فەرمـوو با بڕۆیـن. کەس لـەو خەڵکە شـتی وای نەدیتبوو و باوەڕیان نەدەکرد. ئەو لە پێشـەوە و من بەدوایدا و دۆسـتەکەی من و برایەکـی ئەویـش لەگەڵمـان. هەرسـێکمان چووینـە دەرەوە. لەپڕێـک لە نێـو هۆڵەکە وەستا، وەرگەڕاوە زللـەیەکی لێدام، منیش جنێوێکم پێدا و براکەی و برادەرەکەی من هاتن کەوتنە نێوانمانەوە و نەیانهێشت زیاترم لێبدا. ئیتر ئەو گەڕایەوە ژوورەکەی و

منیش چوومەوە بۆ ستادی فیدائییان. گوتیان ئەو کابرایە شێتە نابێ لەگەڵی تێبکەوێ. گوتم خۆ دەبێ بزانم بۆچی لە منی هەڵپێچاوە؟ گوتیان کەسێکی حەسوودە و بۆ ئەوە نابێ خۆتی تێهەڵقورتێنی. گوتم لەکۆڵی نابمەوە و شکایەتی لێدەکەم. ڕۆژی دوایی لە دادگوستەری مەهاباد شکایەتم لێکرد و ڕۆیشتمەوە بۆکان.

ئیتر بەڵگەنامە گرنگەکان لەوێ لە دادگای ئینقلابی مەهاباد مانەوە و زۆری پێنەچوو ڕژیمی خومەینی هێرشی دووهەمی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد و شارەکان تووشی بشێوی هاتن، پێشمەرگەش لە شارەکان چوونەدەرەوە. پاشان کەس نەیزانی بەڵگەنامەکانی ئێمە لە مەهاباد چییان لێ بەسەرهات. گومانی خۆم ئەوەیە ئەوانیش وەک هەموو بەڵگەنامەکانی ساواک و ئیداراتی دیکەی مەهاباد و سەردەشت، ڕاگوێزرابێتنە ورمێ.

ئەوانە بەشی گرنگی ئەو فایلانە بوون کە تا ئەو دەم پشکنیبوومانن و بایەخێکیان هەبوو، بەڵام ئێمە دوای ئەو ڕووداوەش لە بۆکان درێژەمان بە پشکنینی بەڵگەنامەکان دا و بەتایبەت کاتی هاوین و پشووی قوتابخانە بوو و دەکرا ڕۆژانێکی زیاتر بچینە ئەو شوێنەی وا بەڵگەکانمان لێدانابوون.

نێوەرۆکی ئەو بەڵگەنامانەی وا بردماننە دادگای ئینقلابی مەهاباد بەباشی لە بیرم نەماوە چی بوون، بەڵام چەند دانەیەکیان هی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و لە پەیوەندیی ڕاپەڕیوەکانی شاردا بوون، تاقمێکیان هی کۆنتر بوون، بەڵام هیچم تێدا نەدیتن کە سەردەمی کۆماری کوردستان بگرێتەوە. هی سەردەمی تازەتریشی تێدا بوو، بەڵام نێوەرۆکیانم لە بیر نەماوە. هیوادارم کاک حەسەنی شەمسی، هەروەها ئەو چەند برادەرەی وا هاوکارمان بوون، ئەگەر شتێکیان لەو مەسەلەیە لە بیر مابێ بەناوی خوازراویشەوە بێ، بینووسن و خەڵکیان لێ ئاگادار بکەنەوە.

ئەو حاڵەتە هێمنەی شارەکان زۆری نەخایاند و سەرلەنوێ هێرشی پاسدار و ئەرتەش بۆ سەر گەلی کورد دەستی پێکردەوە. پێشمەرگە لە شار چوونە دەرەوە و ئێمەمانانیش لە شاردا نەماین. شوێنێکی متمانەدار لە شار نەمابوو پێش ڕۆیشتن

بەڵگەنامەکانــی لێدابندرێ، ئەو برادەرەش کــە دەرەتانی پێدابووین بەڵگەکان بەرینە ئەو قوتابخانە تایبەتە، بە شــێوەیەکی ئاســایی هەســتی بە مەترســی کردبوو و کاتێ کــە ئێمــە ڕۆیشــتبووین و هەمــوو ئەرکەکــە بەســەر ئــەودا بەجێمابــوو، ئێوارەیەک هەڵیگرتبــوون و بردبوونی لە دەرەوی شــار لەســەر ڕێگای گونــدی «گۆل» لە نزیک بۆکان لە کەندالێکدا شاردبوونییەوە و لێیان گەڕابوو.

دوایی چی بەسەر بەڵگەنامەکان هات نازانم؟ ئایا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بردیانن یا کەوتنە دەست پاسدار و ئەرتەش یا خەڵکی گوندەکان دۆزیاننەوە یا لەبەر بــاران و بەفــر لەنێوچــوون؟ هیچی لێ نازانم. ئاگاداری ئەوە هــەم کە بەڵگەنامەکانی ســاواکی شــاری مەهاباد و سەردەشــت ســەرجەم ڕاگوێزرانە ورمێ و ئیتر دەستی کوردیــان پێ‌ڕانەگەیشــت، بــەڵام بــۆکان بەڵگەنامــەی ســاواکی لێ‌نەبــوو و ئەوانەی شــارەبانی و ژاندرمەریش ســەریان لەو دوو شــوێنە دەرهێنا کە باســم کردن، واتە بەشێکی کەم، بەڵام گرنگیان درانە دادگای ئینقلابی مەهاباد و بەشی زۆریان لەسەر ڕێــگای گــۆل خرانــە کەندەڵانــەوە! چارەنووســی هیچــکام لــەو دوو تاقمــەش نازانم چی بوو.

ســەرەڕای ئەوەی بابەتی زۆر سەرنجڕاکێش لەنێو بەڵگەنامەکانی بۆکان‌دا نەبوو، بــەڵام دیســانەکە خاوەنــی نرخی تایبەت بــوون و فەوتانیان خەســارێکی مەزن بوو. بــە بۆچوونــی مــن، هۆکاری ئەو خەســارەش لــە قۆناغــی یەکــەمدا، بارودۆخی ئەو دەمی کوردستان و شەڕ و بشێوی و هاتنەوەی پاسدار بۆ ناوچەکە بوو. لە قۆناغی دووهەمدا، هەڵەی شــوورای ئینقلابی بۆکان و بەتایبەت ئەو چوار کەســەمان بوو و لەپێش هەر چوار کەســەکەش‌دا من تاوانبارم. ئێمە دەبووایە لە پاشەکشــێ و چوونە دەرێی پێشمەرگە لە شار، خەمێکی بەڵگەنامەکانمان بخواردایە و لە گوندێک، شوێنێک تاقەتمان بکردایەن. لە قۆناغی ســێهەمیش‌دا دادگای ئینقلابی شــاری مەهاباد و کاک عوســمانی ئارمــان خەتابــارن، لەبــەروەی کاک عوســمان کارێکی وا گــەورەی کردە مەســەلەی شەخســی و هیچــی بــۆ نەکرد لە کاتێکدا دەکرا بە ڕاوێــژ لەگەڵ ئێمە و شــووڕای ئینقلابی بۆکان کەســانی خاوەن‌مەتڵەب دۆزرابانەوە و داوایان لێ بکرایە

سکاڵا پێشکەش بکەن یا شووڕای ئینقلاب بە نوێنەرایەتیی کەسەکان سکاڵای بکردایە، کارێکی ئاسایی، کە کاک عوسمان لەجیاتی شووڕای ئینقلابی شاری بۆکان، بەخۆڕایی پەیوەندی دا بە ستادی ڕێکخراوی فیدائییان لە مەهاباد و شەخسی منەوە و لای خۆی هێشتنییەوە تا هێزەکانی حکوومەت هاتنەوە کوردستان و دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرت، ئەم بەڵگەنامانەشیان لەگەڵ.

دیارە پرسیاری هەرە سەرەکی ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چی لەو بەڵگەنامانە و بە ملیۆنان بەڵگەنامەی گرنگتری ساواک کرد و بۆچی دەرینەخستن؟ ئەوە پەیوەندیی بە خەسلەتی غەیرە خەڵکیی ڕژیمەکە و ڕێبەرایەتییەکەیەوە هەیە و سیاسەتی دوژمنانە و بێ‌متمانەیی‌یان بووە بۆ کورد، دەنا بە هەزاران سەنەدی لەوە گرنگتر لە شارەکانی کوردستان وەک سنە، مەهاباد، سەقز، سەردەشت و بانە هەبوون کە تا ئەمڕۆش تاقە دانەیەکیان لێ ئاشکرا نەکراوە لە کاتێکدا هی ڕژیمە فەوتاوەکەی شا و ئەو ساواکە بوون کە ئایەتوڵڵاکان دژبەری بوون و ببوونە جێگرەوەی.

یادداشتەکانی من لێرەدا کۆتایی‌یان دێ، بەڵام دڵنیام دەبێ زۆر شتم لە بیر چووبێ و هەر بۆیەش تکا لەو کەسانە دەکەم کە زۆر یان کەم ئاگایان لە ڕەوتی کارەکان و ئەنجامەکانیان بووە، با هەرچی دەزانن بۆ مێژوو بینووسن و ئەگەر شتێک لە بیری من چووبێ یا بە هەڵەم گوتبێ، ساغی بکەنەوە؛ خاتری من و هیچ کەسێکی دیکەش نەگرن، ڕاستەقینە هەر چۆنێک بوو و بە بێ‌لایەنی رایبگەیەنن. دیارە چاوەڕوان ناکرێ هەندێک کەس لە نێوخۆی وڵات ئەم کارە بکەن، بەڵام بەتایبەتی تکا لە ڕێزدار حەسەنی شەمسی دەکەم کاتێک بۆ ئەم کارە پێویستە تەرخان بکا و ئەویش چی بینیوە بینووسێ. کاک حەسەن لە سەرەتاوە تا کۆتایی، جگە لە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی ئارمان لەگەڵ من، ئاگای لە ڕووداوەکان بووە و حەق وایە بیرەوەرییەکانی خۆی لەم بارەیەوە بنووسێ. ئەو برادەرەی فیداییش کە لەگەڵ من هات بۆ لای ئارمان، خەڵکی مەهابادە و ئێستاش لەوێ دەژی، بەڵام دەتوانێ ئەگەر خیلافێک لە قسەکانی مندا هەیە یان لایەنێکیم لە بیرچووە، بەناوی خوازراویشەوە بێ، مەسەلەکە ڕوون بکاتەوە.

## سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگەنامە مێژوویییەکاندا

ئەم بەرهەمە ناوی کتێبێکە کاک فەرەیدوون حەکیمزادە نووسیویەتی. کاک فەرەیدوون چەند ساڵێکە لە گۆڤاری مەهاباددا وێنەی مێژوویی کوردستان بڵاو دەکاتەوە و بەو کارەی خزمەتێکی زۆری بە پاراستن و ناساندنی بەڵگەنامە وێنەیییەکان کردووە.

بابەتی ئەم کتێبە هەندێک بەڵگەنامەی مێژوویین کە نووسەر لە سەرچاوەی دیکەی فارسی ڕایگواستوون و گەرچی پێشتر بڵاوبوونەتەوە، بەڵام گردوکۆیان لە بەرگێک کتێبدا یارمەتیدەری کەسانێکە کە بیانەوێ مێژووی سەردەشت و ناوچەکە بناسن. دیارە شێوازی ڕاگواستن و ناساندنی سەرچاوەکان ڕێکوپێک نییە و شێوەی تەزکەرەنووسینی کۆنی هەیە، بەتایبەت کە سەرچاوەی بەڵگەکان یەکەیەکە دەسنیشان نەکراوە و تەنیا بە شێوەیەکی گشتی و هەندێک جار لە پەراوێزدا ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوە. ئەم کارە لە ئەمانەتداری و ئوسلووبی توێژینەوە بەدوورە کە دەخوازێ پێش هەموو شت ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بە سەرچاوەکاندا بکرێ و خوێنەر بزانێ کاری نووسەر لەژێر کارتێکەریی کام کەس و کام هێڵی فکریدایە و چەندە دەتوانێ باوەڕ بە ڕاگەیاندن و هەواڵەکانی بکا.

ئەم شێوە کارە لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە لە لاپەڕە ١٢دا دەنووسێ «لە ڕوانگەی ئێدوین ڕایتەوە...» ئیتر ڕوونی ناکاتەوە ئێدوین ڕایت کێیە و ئەو قسانەی لە کام سەرچاوەدا کردووە! گەلۆ نووسەر ئەم بۆچوونەی ڕاستەوخۆ لەو وەرگرتووە یا لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە؛ هێنانی ناوی چەند کتێب لە بەشی «منابع»ی کۆتایی کتێبەکەش وەڵامێک نییە بۆ ئەو پرسیارە گرنگە.

لە لاپەڕە ١٤دا ناوی «پشدەر»ی بردۆتەوە سەر وشەی «شیدەر» و گوتوویەتی ئەوە وشەیەکی پەهلەوییە. شید چ پەیوەندییەکی بە پشدەرەوە هەیە و نووسەر چۆن زمانی پەهلەوی دەزانێ و بۆچی «پشتدەر» یا «پشتی دەرە و دۆڵ» نییە؟ بۆ خوێنەر ئاشکرا نابێ. لە پەراوێزی ژمارە ٩ی هەمان لاپەڕەدا کتێبە ناسراوەکەی

«ئایەتوڵڵا محەممەد مەردۆخی کوردستانی»ی بە کتێبی «بابامەردۆخی ڕۆحانی» لە قەڵەم دراوە کە ئاشکرایە هەڵەیەکی زەقە و ئەو دوو کەسە لێک جیاوازن. لەم چەشنە هەڵەوپەڵانەی گەلێک زۆرن و ئەرکی ئەم نووسینە دەرخستنی هەڵەکان نییە. هیوادارم نووسەر کە مرۆڤێکی خزمەتگوزاری گەلەکەیەتی بە کارەکانیدا بچێتەوە و بە یارمەتی وەرگرتن لە خەڵکانی شارەزا شێوازێکی ئوسوولیتر بۆ کارەکانی دواتری ڕەچاو بکا. لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە ئەگەر بە یارمەتیی خەڵکانی تر نەبێ لە تاقەتی تاکەکەسدا نییە.

بەڵام ئەو بابەتانەی وا لە کتێبەکەدا بۆکان و ناوچەکەی دەگرنەوە کەم نین:

ژیان و کەسایەتیی عەزیزخانی سەردار یەک لەو بابەتانەیە و کتێبەکە زانیاریی لەمەڕ عەزیزخانی بە چەند وێنەی جۆراوجۆرەوە گرتۆتە خۆ.

ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی گۆڕۆمەری لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا، ڕووداوێکی هەمەگیری ناوچەکە بووە و لە نووسینی مێژووی بۆکانیشدا دەبێ بگیرێتە بەرچاو، بەڵام نووسەر کاتێ کە لە لاپەڕە ٢٤دا باسی عەزیزخان و مەلا خەلیل (سەدەی ١٩ و ٢٠ی زایینی) دەکا، بەبێ هیچ هۆکارێک باز دەداتە دواوە و دەگاتەوە ساڵی ٨٥٩ی پێش‌زایین و حکوومەتی ئاشوور و شتی لەو چەشنە، ئینجا پەیمانی ئاشتی نێوان ڕۆم و ئێران لە ساڵی ٦٢٨ی زایینیدا!

دوای تێکەڵپێکەڵییەکی زۆری مێژوویی، نووسەر لە لاپەڕە ٤٨دا دەگەڕێتەوە سەر عەزیزخان و سەیفەددین‌خانی کوڕی. ئینجا هەندێک بەڵگەنامە چاپ کراون کە لە کتێبی «اسناد سیاسی ایران و عثمانی» وەرگیراون؛ ئاگرتێبەردانی سەردەشت لەلایەن هەمزاغای مەنگوڕ تا باسی سەفەری ژاک دو مۆرگان بۆ ناوچەکە لە سەدەی نۆزدەهەم و بەڵگەنامەی تازەتری تا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی.

خوێنەر دەبێ زۆر لە بابەتەکان ورد بێتەوە تا جەمسەریان بدۆزێتەوە. بۆ نموونە کاتێ کە بەڵگەنامەکان درێژەیان هەیە، لەپڕ لە دوایین دێڕی لاپەڕە ٣٢٧دا سەردێڕی «شخصیت‌ها و اندیشمندان سردشت و روستای سردشت» دەردەکەوێ کە دیارە دەبێ ژیاننامەی هەندێک کەسایەتی ناسراوی ناوچەکە بێ، گەرچی لێرەشدا هەڵەی

چاپی هەیە و ساغ نەکراوەتەوە: «سردشت و روستاهای سردشت» دروستە نەک «سردشت وروستای‌سردشت»مەگەرنیازی‌نووسەرئەوسەردەمەبووبێ‌کەسەردەشت گوندێک بووە.

بەشی کۆتایی کتێبەکە وێنە و کۆپیی هەندێک بەڵگەنامەن کە بە بۆچوونی من بەشی سەرکەوتووی کاری کاک فەرەیدوونیش هەر ئەوانن. لەوێ‌دا کەڵک لە ئاڵبۆمی وێنەکانی سەرتیپ سەیفی ئەفشار وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی‌دا لەگەڵ حاجی بابەشێخی سەیادەت چوون بۆ سەردەشت و پشدەر بۆ وتووێژ لەگەڵ پشدەرییەکان.

بەشێک لەم وێنە و بەڵگەنامانە دەچنەوە سەر بۆکان و ناوچەکانی دەوروپشتی.[١]

١. فریدون حکیم‌زاده، «سردشت در آئینە اسناد تاریخی»، چاپ اول، نشر رهرو، مهاباد ١٣٨٣/ ٢٠٠٤، ٥٢٤ صفحه، فارسی (ISBN: 964-6806-51-1).

## ساوجبڵاغی موکری (مەهاباد)

ئەم کتێبە بەرهەمی نوێی ڕێزدار «فەرەیدوون حەکیمزادە»یە کە لە باسەکەی پێشوودا باسم کرد. کتێبی تازەی کاک فەرەیدوون بە ڕادەی ئەوی پێشتر گرنگە و بەداخەوە بە ڕادەی ئەویش هەڵەی تێدایە. من نامەوێ بچمە سۆراغی ساغکردنەوەی هەڵەکان کە بریتین لە ناساندنی ناتەواو یاخود نەناساندنی سەرچاوەکان، دووپاتکردنەوەی هەندێک بابەت، زانیاری نەدان لەمەڕ هەندێک ڕووداو و کەسایەتی کە بەسەریاندا تێپەڕیوە، هەڵەی زەقی مێژوویی، بۆ نموونە هەواڵی هاتنی شێخ عوبەیدیللای نەهری بۆ مەهاباد کە دەزانین وا نەبووە و تەنیا شێخ قادری کوڕی گەیشتۆتە مەهاباد و موکریان، هەڵەی ڕێکەوتەکان و... هەندێک هەڵەی تر وەک ناوبردنی گۆڤاری «گڕوگاڵی منداڵان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان بە «مجلە کودکانە»! لەجیاتی «مجلە کودکان» (ل ٦٤) و «تشکیل اولین کنسول روس» لەجیاتی «تشکیل اولین کنسولگری روس» (٦٣) و دەیان بابەتی هاوچەشن، کە ئەگەر بەو شێوەیەی وا من لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا ئاماژەم پێکردوون دەسنیشانی هەموویان بکرێ، پێویست بە دەیان لاپەڕە یادداشت و وا هەیە پێکهێنانیناملیکەیەک و دوان بکا.

کتێبەکە سەرەڕای ئەو ناتەواوییانە، سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و وێنەی مێژوویی و بۆ ئەم کارە پیرۆزە دەبێ دەسخۆشی لە کاک فەرەیدوون بکرێ.

بابەتی لەمەڕ بۆکان لە کتێبەکەدا ئەوەندە زۆرن کە من تەنیا دەتوانم لیستەیەک لە ژمارەی لاپەڕەی پەیوەندیدار بە بۆکان پێکبێنم و ئاماژەیەکی کورت بە چەند بابەتیان بکەم. بەگشتی، تەنانەت ئەگەر شێواوی و تێکەڵاویی نێو بابەتەکان بخەینە لاوە، هێشتا ئەو زانیارییە بڵاو و بێشێرازەیەش دەتوانێ یارمەتیدەری توێژەرانی مێژووی سابڵاغ و موکریان بێ بە بۆکانەوە، بەڵام حیسابی وێنەکان تەواو جیاوازە و دەتوانن سەرچاوەیەکی باش بن لەمەڕ کەسایەتی، شوێن و ڕووداوەکانی ناوچە و بۆ نووسینەوەی مێژووی دواڕۆژی بۆکانیش کەڵکیان لێوەربگیرێ.

با لێرەدا ئەوە بڵێم کە چارەنووس و مێژووی سابڵاغ و بۆکان وەها پێکەوە گرێدراون کە هەندێک جار بەشێوەیەکی دەسکرد نەبێ باسی یەکیان لەویتر جیا ناکرێتەوە. هەر چۆنێک بێ، ژمارەی بەشێک لەو لاپەڕانەی کتێبەکە کە ڕاستەوخۆ بۆکان دەگرنەوە بەو شێوەیەی خوارەوەن:

لاپەڕە ۱۳، ۲۵، ۲۹ ۳۳، ۳۵، ۴۲، ۴۶، ۵۰، ۵۱، ۵۷ ۶۰، ۷۲ ۷۶، ۷۹ ۸۱، ۸۴، ۸۵ و ۹۴.

لە لاپەڕە ۹۹وە هەتا ۳۰۶ بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران و ساواکن کە سەرچاوەکانیان بەوردی دیاری نەکراوە، بەڵام دیارە کە دەبێ «اسناد سیاسی ایران و عثمانی» و «چپ در ایران، بەروایت اسناد ساواک، حزب دمکرات کردستان» بن کە چەند ساڵ پێشتر بەفارسی لە ئێران بڵاو بوونەتەوە.

لە لاپەڕە ۳۰۶ بەدواوە وێنەکانن کە تا ۶۲۰ درێژەیان هەیە و گەنجینەیەکی بەنرخن بۆ توێژینەوە لە مێژووی ناوچەکە. لە لاپەڕە ۶۲۱ بەدواوە تا کۆتایی کتێبەکە زانیارین سەبارەت بە وێنەکان و لەوێشدا بەشی بۆکان زۆرن:

لاپەڕە ۶۲۳، ۶۳۵، ۶۳۷، ۶۳۹، ۶۴۱ ۶۵۱، ۶۵۸ تا ۶۶۱، ۶۶۸ ۶۸۰، ۶۸۶ ۶۸۹، ۶۹۷ ۶۹۸، ۷۰۰ ۷۰۳، ۷۰۹ ۷۱۲ و ۷۱۶.[۱]

۱. فریدون حکیم‌زادە، «ساوجبلاغ مکری (مهاباد)، تاریخ تحولات اجتماعی، سیاسی، فرهنگی و اقتصادی مهاباد بە روایت اسناد»، از انتشارات مرکز نشر فرهنگی هیوا، انتشارات رهرو، مهاباد ۱۳۸۹/ ۲۰۱۰، ۷۲۳ صفحە، فارسی (ISBN: 978 964 7970 32 7).

## دادگای پێشەوا و هاوڕێیانی

ئەوە کتێبێکی بەڵگەنامەیی گرنگە و سەرچاوەی زانیاری و بەڵگەنامەکانی «سازمان اسناد ملی ایران»ە، بەڵام شێوازی داڕشتنی کتێبەکە، ئاڵۆزی و بشێوی زۆری پێوە دیارە و خوێنەر ناتوانێ بزانێ بەڵگەنامەکان چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەست کەوتوون و کەی؛ تەنانەت ناوی نووسەری کتێبەکە بەئاشکرا ڕانەگەیەندراوە. بەگوێرەی نێوەرۆک، دەبێ نووسەری کتێبەکە نەمر دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی بێ، کە کتێبەکەی بە فارسی یا تورکیی ئازەربایجانی نووسیبێ، بەڵام بە ڕووبەرگ و لاپەڕە ٣ و ٤ەوە ناوی «محەممەدڕەزا سەیفی قازی» بە شێوەیەک ڕاگەیەندراوە کە وێدەچێ نووسەر بێ و «عەلیئەکبەر مەجیدی»ش بە وەرگێڕ داندراوە. ئەم زانیارییانە بۆ کتێبێکی بەڵگەنامەیی کە دەبێ خوێنەر متمانەی پێ بکا، گەلێک گرنگن و ئەم ناتەواوییانە شوێن دادەنێتە سەر باوەڕ و متمانەی خوێنەر.

هەر چۆنێک بێ کتێبەکە ژیاننامەی کورتی پێشەوا و شەهیدان حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازیی تێدا ڕاگەیەندراوە و پاشان نزیکەی ٦٠ لاپەڕە هەواڵ و وێنە لەژێر ناوی «نهێنیەکانی دادگایی کردنی قازی محەممەد» بڵاوکراوەتەوە کە زۆربەی زۆریان پێشتر بینراون و بۆ ئەوە نابن بە «نهێنی» ناو ببرێن. ئینجا «وەسیەتنامەی سیاسیی پێشەوا» چاپ کراوە، کە پێشتریش لە شوێنی دیکەدا ڕاگەیەندراوە و لە هیچکامیاندا سەرچاوەکەی بەتەواوەتی ئاشکرا نەکراوە، واتە باس لە گۆڤارێکی فارسی کراوە کە کەس نەیدیتووە و وێنەی لاپەڕەکانی چاپ نەکراوەتەوە.

بەڵام گرنگترین بەشی کتێبەکە، بەڵگەنامەکانن (لاپەڕە ١١١ تا ٢٣١).

بەڵگەکان هەمووی فارسین و تەرجەمەی کوردییان لەگەڵدا هاتووە. تەرجەمەکان پڕن لە هەڵە و ناتەواوی و خوێنەر ناتوانێ پشتیان پێ ببستێ.

زۆرێک لە بەڵگەنامەکان باسی بۆکان و کەسایەتییە بۆکانییەکانیان تێدا کراوە.


ئەوەش ژمارەی لاپەڕەی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە بۆکانن:

١١٦ ،١٢٠ ،١٣٢ ،١٥١ ،١٥٣ ،١٥٩ ،١٨٤ ،٢١٠ ،٢١٢ ،٢١٨ ،٢٢٦ ،٢٣٠.

بەشی هەرە دڵتەزێنی کتێبەکە ئەو نامە و گازندانەن وا لە کاتی گیرانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا هەندێک کەسی کینە لەدڵ و ترسەنۆک بۆ شا و سەرەکوەزیرانی ئێرانیان نووسیوە و داوای سزادانی ئەو قارەمانانەیان کردووە. ژمارەیەک لەوانە بریتین لە ئاغاواتی قارەمانی، مەعرووفی، شێخئاغایی، گەورک و هەروەها عەبدوڵڵاغای ئێلخانیزادە، کە جگە لە یەکدوو کەسیان ئاشکرایە ئەوانی تر لەژێر گوشاری سپای ئێراندا ئەم کارە ناجوانمێرانەیان کردووە و وەباڵی سەرەکیی ئەو کارە قێزەوەنە دەبێ بدرێتە پاڵ فەرماندەرانی سەربازیی ناوچەکە.[١]

١. محەممەدڕەزا سەیفی قازی، «نهێنییەکانی دادگایی کردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی، بەڵگەنامەکان»، وەرگێڕ: عەلیئەکبەر مەجیدی، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٣١ لاپەڕە، کوردی.

## بۆکان لە سەدەی بیستەمدا




دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «تاریخ فرهنگ مکریان، بۆکان»، نووسینی نەمر ئیبراهیم ئەفخەمی کە دەوروبەری ساڵی ١٣٦٤/ ١٩٨٥، بە زمانی فارسی بڵاوکرایەوە (بڕواننە بەشەکانی پێشتر) هیچ کارێکی سەربەخۆی جیددی لەسەر مێژووی بۆکان نەکرابوو تا ئەوەی لە سەرەتاکانی ئەمساڵ (١٣٩٨)دا کتێبی بەنێوەرۆکی کاک ڕەحمان محەممەدیان بەناوی «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا» کەوتە بەردەستی خوێنەرانی تامەزرۆی مێژووی کوردستان. دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە من بابەتێکی کورتم بۆ ناساندنی کتێبەکە نووسی، کە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بڵاوکرایەوە.

ناساندنی ئەو کتێبە بەڵگەنامەیی‌یە لە بەشی بۆکان لە مێژوودا، کە تایبەت بە مێژووی بۆکانە، پێداویستییەکی بێ‌گومانە و زانیاریی نێو ئەم باسانە بەبێ باسی کتێبەکەی ڕێزدار ڕەحمان محەممەدیان، ناتەواو دەبێ. هەر بۆیەش لێرەدا دەقی وتارەکەی خۆم دەهێنمەوە و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرگی دووهەمی کتێبەکە و هەروەها وەرگێڕاوی فارسیشی بڵاوبکرێتەوە. ئەوەش دەقی وتارەکە:

**بۆکان لە سەدەی بیستەمدا**

**مێژوویەکی پڕڕووداو**

ئەم کتێبە بە هەموو پێوانەیەکی کاری توێژینەوە، کارێکی بەنرخ و لێکۆڵینەوەیەکی کەموێنەیە: هەڵسەنگاندنی مێژووی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی شار و

ناوچەیـەک لـە مـاوەی سـەد سـاڵەی سـەدەی بیسـتەمدا، بەگوێـرەی ٨١ بەڵگـەی متمانەپێکراو.

مێژووی شاری بۆکان وەک بەشێک لە موکریان لە تاریکیدایە، تەنیا بە یارمەتیی توێژینەوەکانی گردی زێویە و حەسەنلوو و لەم دواییانەشدا قەڵایچی، ڕووناکییەک دەکەوێتە سەر مێژووی کەنارای شارەکە و مێژوونووسە یۆنانی و ڕۆمییەکانیش هەواڵی هەندێک ڕووداوی ناوچەکە وەک شەڕی ئێران و ڕۆم لە دەوروبەری تەختی سـولەیمانمان پێـدەدەن. مێژووی دوای ئیسـلامی ناوچەکەش جگـە لە هەندێک هێڵی گشتی ڕووداوەکان، شتێکی ئەوتۆی لێدەرناکەوێ و لە چەند سەرچاوەیەکدا نەبێ ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە شار و ناوچەکە نەکراوە.

بەکورتی ئەوەی تا ئێستا باسی کرابێ ئەوە بووە کە سەردار عەزیزخانی موکری شاری بۆکان و چەند گوندی ناوچەکەی بەزۆر یا بە خواهیش لە بنەماڵەی «خاکی» یـا «مەردانبەگـی» کڕیبێ، سـێ نـەوە دوای ئەو، سـەردار عەلیخان ئەم شـارەی وا باپیرەگـەورەی کردبوویـە مڵکـی خـۆی، لەبری قـەرز دابێتە «پەناهی»نـاو، تاجرێکی تەورێـزی، ئەویـش لە سـاڵی ١٣٢٣دا بە بنەماڵەی ئێلخانیزادەی فرۆشـتبێ و دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران نەزم و نیزامی ئاغایەتی و خاوەنمڵکی بەتەواوەتی لـە گرێژەنـە چووبـێ و وەک لـە گۆرانـیدا دەگوترێ: «بـۆکان بووبێتە شارسـتان!» ئەوەندە و هیچی تر!

بـەم پێیـە بـواری لێکۆڵینـەوە لە ڕابردووی شـاری بـۆکان بوارێکـی بەرین و لە عەینی کاتدا، دەست لێنەدراوە و چاوەڕوانی گەلێک لێکۆڵینەوەی دوارۆژ دەکا. جا ئەگەر لە ڕابردوودا دەبووایە کەسـانی وەک ڕاولینسـۆن بە هێزی سپایی بریتانیاوە بێنە تەختی سولەیمان یا ژاک دو مۆرگانی فەرەنسی بۆنی نەوت هەڵیبگرێ و سەر لـە تەرەغـە و سـەهۆڵان دەربێنـێ، ئەمـڕۆ ئیتر ڕۆڵەکانـی گەلی کوردن ئـەم ئەرکە دەگرنە ملی خۆیان و ئاوڕ لە ڕووداوە مێژووییەکانی ژینگەی خۆیان دەدەنەوە.

وا ڕێـزدار ڕەحمـان محەممەدیـان کەسـایەتیی ناسـراوی فەرهەنگیـی بـۆکان، دەسـتی داوەتـە کارێکـی گـەورە. کاک ڕەحمان هەندێک بەڵگەنامـەی کۆنی ناو ماڵی

خۆیانی لەلای یەکتر داناوە و کاتێ دیویەتی بۆ ئەوە دەبن بخرێنە بەرچاوی خوێنەر و یارمەتیی ڕوونبوونەوەی قوژبنێک لە مێژووی نادیاری شارەکە بدەن، بە شوێن بەڵگەنامەی هاوچەشندا یارمەتیی لە هەندێک گەورەماڵی وەک سەیادەت و فەیزوڵڵابەگییەکان و شەرەفکەندی و مەجیدی و ئیسماعیلی و... خواستووە؛ لە هەولێر سەردانی بنەماڵەی نەمر حاجی قاسمی کەریمی کردووە و پەیوەندیی بە بنەماڵی نەمر عەبدوڵڵا ئێرانییەوە گرتووە و بەو شێوەیە مەودای کارەکەی خۆی فراوانتر کردووە. دڵاوایی و متمانەپێکردنی ئەو کەسانەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرجەم ٨١ بەڵگەنامە گردوکۆ بکرێن، کە بۆ کاری توێژینەوەی مێژوویی ژمارەیەکی گەلێک سەرنجڕاکێشە. ئەم ٨١ بەڵگەنامەیە و ناساندن و سەرەتا بۆ نووسینیان کتێبێکی بەنرخی ٤٠٠ لاپەڕەیی پێکهێناوە کە بەختەوەرانە ئێستا لە بەردەستی خوێنەری کورددایە.

زمانی بەڵگەنامەکان، جگە لە یەک یا دوانیان، فارسییە؛ هەر بۆیەش دەکرا کتێبەکە کاری کەمتری لەسەر بکرایە و بە زمانی فارسی بڵاوبکرایەتەوە، بەڵام دڵسۆزیی کاک ڕەحمان بۆ زمانی نەتەوایەتیی خۆی، بۆتە هۆی ئەوەی هەر هەموو بەڵگەکان بکرێنە کوردی و ناساندن و سەرەتاکانیشیان هەر بە کوردی بێ.

من بەختی ئەوەم هەبووە پێش بڵاوبوونەوە چاوم بە کاری نووسەر بکەوێ. نووسەر دوای ئامادەکردنی بەڵگەنامەکان و وەرگێڕان و سەرەتا نووسینیان، کارە ئامادەکراوەکەی خۆی بۆ ناردم، منیش سەرنجم دایە یەکدوو خاڵ کە نازانم دواتر ڕەچاوی کردن یان نا، بەڵام دەزانم نووسەری بەڕێز چەندە خۆی بە کارەکەوە ماندوو کرد و شەونخوونیی کێشا بۆ ئەوەی کارێکی پاکردە و کەمهەڵە پێشکەشی گەلەکەی بکا. لە بەرانبەر ئەم هەمووە زەحمەت و ئەرکەشدا هیچ ناتوانم بڵێم جگە لەوەی سپاسی بکەم و هیوادار بم ڕۆڵەکانی گەل خزمەت و ئەرکەکەی لەپێناو ئەو کارە مەزنەدا فەرامۆش نەکەن. هەروەها هیوادارم دەسپاکی و متمانەپێکراویی کاک ڕەحمان ببێتە هۆی ئەوەی بەڵگەنامەی دیکە لەلایەن ئەم یا توێژەرانی دیکەوە دیراسە بکرێن و ببنە بنەمای نووسینی مێژووی هەمەلایەنەی بۆکان وەک بەشێک

لە کوردستانی خۆشەویستمان.

چەند بەڵگەیەکی نێو کتێبەکە هی کۆتاییەکانی سەردەمی سەردارەکانی بۆکان، واتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەن. بەڵگەکانی دیکە بەگوێرەی کات و ڕووداو، لە پەیوەندیی پاشماوەی ملکایەتی «پەناهی» و «ئێلخانیزادە»دان کە ئەوی دواییان تا سەروحەدی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران درێژەی کێشاوە. لە ماوەی هەرکام لەو سەردەمانەدا، بۆکان گەلێک ڕووداوی بەخۆیەوە بینیوە: لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا گوندێک بووە بە دێهبان و کوێخاسجیلەوە، پاشان بووە بە «بەخش» و سەرەتا حاکم، ئینجا بەخشداری بووە و لە ئەنجامدا شارستان.

لەباری سیاسییەوە، کتێبەکە سەبارەت بە سەردەمی کۆماری کوردستان و ماوەیەک پێش ئەویش دەدوێ و بەتایبەت بەڵگەنامەی سەردەمی ڕاپەڕینی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دژ بەئاغاوات، کە ڕاپەڕینێکی چینایەتی بوو، لە کتێبەکەدا گەلێک بەزۆری ڕەنگیان داوەتەوە. هەوڵ و خەباتی خەڵکی بۆکان و نوێنەرە ئازا و بوێرەکەیان حاجی قاسمی کەریمی، شکایەت و شکایەتکاری و سەفەری تاران و چوونە لای کەریمی سەنجابی، ئەندام پەرلەمانی ئەو دەمی ئێران و لە ڕێگەی ئەوەوە پێشکەش کردنی عەریزە بە دوکتۆر موسەددیقی سەرەکوەزیر، ئایەتوڵڵا کاشانی سەرۆکی مەجلیسی شوورا، دوکتۆر فاتمی، وەزیری نێوخۆ و وتاردان لەسەر ڕادیۆی تاران و وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەکان، بەشێکن لەو هەنگاوانەی وا حاجی قاسم بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەڵکی بۆکانەوە، پێش کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ هەڵیهێناوەتەوە و کتێبی کاک ڕەحمان نەک هەر ئەو ڕووداوانەمان وەبیر دێنێتەوە، بەڵکوو بە بەڵگەش پشتئەستووریان دەکا.

ئەوەی لە کتێبەکەدا دەردەکەوێ ئەم ڕاستییەیە کە خەباتی خەڵکی بۆکان لەپێناو ئەستاندنی مافەکانیان تەنیا لە سەردەمی ملکایەتیی ئاغاواتی ئێلخانیزادە و موهتەدیدا نەبووە و مێژووی بەربەرەکانی و خەبات لەپێناوی ئەستاندنەوەی «ئەعیانی»ی ماڵ و دووکان و باغ و مەزرا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەناهییەکان.

کتێبەکە ئەم ڕاستییەی بە بەڵگەی تەواوەوە چەسپاندووە، گەرچی دوور نییە پێشتر لە سەردەمی سەردارەکانیش‌دا مەسەلەکە بەشێک بووبێ لە کێشەی هەمیشەیی خەڵک لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگ. ئەم بابەتە گرنگە بۆ ئەوە دەبێ ببێتە دەسمایەی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی داهاتووی لاوەکانمان و تەنانەت لە دواڕۆژدا چەند نامەی دوکتۆرای لەسەر بنووسرێ.

نووسەر کتێبەکەی لەسەر شێوازێکی ئەمڕۆیی داناوە: پێش هەموو شت سەرەتایەکی بۆ کارەکەی خۆی نووسیوە، ئینجا لە بەشی بەڵگەنامەکان‌دا یەکەم جار عەینی بەڵگەنامەیەکی چاپ کردووە، ئینجا دەقی نووسراوەکەی بە دەسخەتی فارسیی ئەمڕۆیی نووسیوەتەوە و پاشان سەرجەمی بەڵگەنامەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە هەر کوێیەکیش پێویستی کردبێ پەراوێزی بۆ نووسیون و شوێنی نادیار یا سووتاو و پرواوی بەڵگەنامەکانیشی بە وردبوونەوەی زۆر، ساغ‌کردوونەتەوە.

بەشێکی گرنگی دیکە لە کاری کاک ڕەحمان، چاپی ژمارەیەکی زۆری وێنەی مێژوویی بۆکان و بۆکانییەکانە بە ناوچەی دەوروبەرییەوە. زۆربەی زۆری وێنەکان لە سەرچاوەی دیکەدا نەبینراون.

جیا لە وێنە، دوو پارچە شێعری مامۆستای نەمر هەژاریش بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەدا چاپ کراون، کە بارودۆخی ئیدارەی دوخانیاتی بۆکان لە سەردەمی پێش کۆماری کوردستانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. شێعرەکان، بەرتیل وەرگرتنی مەئمووران و مەزلوومییەتی تووتنەوانانی هەژاری ناوچەکە بەدەست ئەوانەوە ئاشکرا دەکەن.

ئاوڕدانەوە لە کێشەی ژن لە بنەماڵەی نەریتیی ئەو ساڵانەی بۆکان و ناوچەکە و بێبەش بوونیان لە میرات و بەشەماڵ و زاڵبوونی پیاو بەسەر لایەنی دارایی و ملکیی بنەماڵەدا، یەک لەو خاڵانەیە کە نووسەر سەرنجی تایبەتیی داوەتێ و بە بڵاوکردنەوەی چەند بەڵگەنامە بۆمانی ڕوونکردۆتەوە کە ژن لەنێو بنەماڵەی ئاغا و دەرەبەگ و هەروەها تاجر و دووکاندار یا فەرمانبەری بۆکانی ئەو سەدەمەدا وەک مرۆڤی پلە دووهەم سەیر کراوە و تەنانەت ئەگەر بەشەماڵێک یاسا و شەرع و

عـورف پێیـان دابێ، بەهۆی ئیمزاکردنی سـەنەدێکەوە کردوویە بە گەرووی مێرد یا برای خۆیەوە لە کاتێکدا خۆی بەبێ مافی ماوەتەوە.

لە پێکهێنانی کتێبەکەدا گەلێک کەس بە ناردنی بەڵگەنامە یارمەتیی کاک ڕەحمانیان داوە. ڕێزدار ئەسعەدی ئێرانزادە ژیاننامەی باوکی نەمری خۆی (عەبدوڵڵا ئێرانی)ی بۆ ناردووە؛ کاک حەمەدەمینی شاسەنەم جگە لە پیتچنین، بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی «مەجیدی»ی بۆ دەستەبەر کردووە؛ منیش بەشبەحاڵی خۆم شەجەرەنامەی بنەماڵەی خۆمان و کاک ڕەحمانم کە دایکی کۆچکردووم لە سەفەرێکی لەندەندا گوتبووی، بۆ نـارد. کاک ڕەحمـان ناتەواوییەکانی بیرەوەریی دایکمی تـەواو کردووە و لە کۆتایی کتێبەکەدا بڵاوی کردۆتەوە، کە بۆ ئەم کارەش سپاسی دەکەم.

گەلێک هیوادارم بەرگی دووهەم و سێهەمی کتێبەکە بە یارمەتیی خەڵکی بۆکان و ناوچەکەی بەرهەم بێ و دەسـپاکیی نووسـەر ببێتە هۆی متمانەی خەڵک بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی خۆیانی بخەنە بەردەسـت و ئەویش نەفەسـیدرێژی بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو کارە پیرۆزە هەبێ. یەک لەو بوارانەی کە نووسەر دەتوانێ کاری جیددیی تێـدا بـکا، مێـژووی فەرهەنگیی شـاری بـۆکان و بەتایبەت، ڕابـردووی پەروەردە و فێرکردنـە لـە بۆکان کـە خۆی یەک بووە لەم کەسـانەی سـاڵانێکی دوورودرێژ لەم بوارەدا خزمەتی خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەری کردووە و شارەزای گەلێک لایەنی کارەکەیە. بەهیوای بڵاوبوونەوەی بەرگەکانی دیکەی ئەم کارە سەرنجڕاکێشە.

ڕوونکردنەوە: بەختەوەرانە، دوای پێنج ساڵ بەرگی دووهەمی کتێبەکەش بڵاوبۆوە و بەرگی یەکەمیش تەرجەمەی فارسی کرا؛ ئیتر نووسەر خەریکی کۆکردنەوەی بابەت بـۆ بەرگـی سـێهەم بـوو، کـە ئەجـەل مۆڵەتی نـەدا و بەداخـەوە کۆچیدوایـی کرد، یادی بەخێر بێ.[1]

---

١. ڕەحمان محەممەدیان، «بۆکان لە سـەدەی بیسـتەمدا، کۆی ٨١ بەڵگەنامە»، بەرگی یەکەم، چاپی پەخشـانگای کۆڵەپشـتی، تاران ٢٠١٠/١٣٨٩، ٤١٦ لاپەڕە، کوردی (ISBN: 978-600-5816-09-9).

ڕەحمـان محەممەدیـان، «بـۆکان لـە سـەدەی بیسـتەمدا (ب٢) مێژوو، سیاسـەت، فەرهەنگ، ئـەدەب»، بنکەی کۆڵەپشـتی، تاران ٢٠١٥/١٣٩٤، ٤٧٩ لاپەڕە، کـوردی. ISBN:978-600-7217-34-4

## کۆبوونەوەی مامۆستایان و شارەزایانی پەروەردەی شارەکانی کوردستان لە مەهاباد

بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتیی دانانی بەرنامە بۆ نووسینی کتێبی کوردی و گونجاندنی لە بەرنامەی دەرسیی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
(بەهاری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی/ ١٩٧٩ی زایینی)

لە ماوەی ٧ مانگی نێوان سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧) و فەرمانی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨)، جگە لە خەباتی سیاسی، چەند هەنگاوی مەزنی فەرهەنگیش لە کوردستان هەڵێنرایەوە کە هەرکام پێویستیان بە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی تایبەت هەیە.

هیوادارم بتوانم بیرەوەرییەکانی خۆم سەبارەت بە چەند بابەتی سەرەکیی ئەو هەنگاوە گرنگانە بنووسم و بیانخەمە بەرچاوی خوێنەر. ئێستا، ٣٢ ساڵێک دوای ئەو ڕووداوانە، کاتێ بیریان لێدەکەمەوە، دەبینم تەنانەت بە پێوانەی ئەمڕۆش گەلێک لایەنی کارەکان جێگەی شانازی و سەربەرزیی گەلەکەمانن و وەک خەباتی فەرهەنگی و کار و کرداری بەرپرسانە لە مێژوودا دەمێننەوە.

دیارە هەڵە و کەموکورتیش لە کارەکاندا کەم نەبوو و وا هەیە هۆکارێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و هەرەسهێنانی خەباتیش دەبێ هەر ئەو هەڵەوپەڵانە بووبێتن.

من شایەدی چوار کاری گرنگی ئەو سەردەمە تایبەتە بووم کە سەرەتای هەموویان لە مەهابادەوە دەستی پێکرد:

١. دامەزرانی «کۆڕی زانیاریی کوردی»؛
٢. کۆبوونەوەی پسپۆڕانی پەروەردە و زمان بۆ دانانی کتێبی دەرسیی کوردی؛
٣. کاری هەرەوەزی بۆ نووسین و ئامادەکردنی کتێبی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی بە کوردی؛
٤. دامەزرانی «زانستگەی کوردستان».

هەردووک هەنگاوی ٢ و ٣ بەگوێرەی بڕیارەکانی هەنگاوی یەکەم، واتە «کۆڕی زانیاریی کوردی» هەڵێنرانەوە.

ئەوەش کورتە زانیارییەک لەسەر هەر چوار بەرنامەکان:

**یەکەم، کۆڕی زانیاریی کوردی**

ئەم کۆڕە، لەسەر نموونەی دەزگایەکی هاوچەشن کە چەندەها ساڵ پێش ئەوە لە باشووری کوردستان دامەزرا بوو، لە بەهاری ١٣٥٨دا پێکهات و ئەوەندەی بزانم بە دەسپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا. منیش بانگهێشتنی یەکەم کۆبوونەوەی کرابووم و چووم، بەڵام لەبەر کەللەگەرمی و بێعەقڵی، مەسەلەیەکی سیاسیم لە خۆم گەورە کردەوە و پێش کرانەوەی فەرمیی کۆبوونەوەکە، یادداشتێکم دایە دەست بەڕێوەبەری کۆبوونەوە نەمر عەلی حەسەنیانی (هاوار) و گوتم لە شوێنێک فڵان و فیسارە کەس دانیشتبێتن، من دانانیشم و ڕۆیشتم! هەندێک کەسایەتیی وەک مامۆستایان حەسەن قزڵجی و هێمنیش لە دانیشتنەکەدا بەشدار بوون. ئەگەر دەرفەتێک هەبوو سەبارەت بە کۆبوونەوەکە و بەگشتی کارەکانی کۆڕی زانیاریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بابەتێکی سەربەخۆ دەنووسم. لەو کۆبوونەوەیەدا کە باسم کرد، بڕیاری دامەزرانی کۆڕی زانیاریی کوردی درا و لە ڕاستیدا دامەزرا. کۆڕ بە نۆبەی خۆی، وەک یەکەم هەنگاوی کارەکانی، بڕیاری دابوو کۆبوونەوەیەک لە پسپۆڕانی پەروەردە پێکبێ بۆ ئەوەی چۆنییەتیی کاری دەرس خوێندنی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی تاوتوێ بکرێ و ڕێبازی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە ڕێبازێک کە لەگەڵ خواستی لەمێژینی گەلی کورد یەک بگرێتەوە، بۆ حکوومەتی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامی جێگەی قبووڵ بێ و لەباری کردەوەیی و داراییشەوە گونجاو بێ.

**دووهەم، کۆبوونەوەی پسپۆڕانی پەروەردە**

ئەو کۆبوونەوانە، ژمارەیان دوو یا سێ بوو و بەدوای یەکدا هاتن. وەک گوتم کۆبوونەوەکان لە ئەنجامی بڕیاری کۆڕی زانیاریدا ڕێکخرابوون و دەسپێشخەرییان دەگەڕێتەوە بۆ کۆڕ. خەڵکانێکی زۆر لە شارە جیاجیاکانی کوردستانەوە تێیدا بەشدار

بوون و باس لە ئامادەکاری و ڕێگا دۆزینەوە بۆ بەرنامەیەکی نوێی پەروەدە بە زمانی کوردی و چۆنییەتیی کارکردن بەرەو نووسرانی دەقی کتێبی دەرسی بۆ قوتابخانەکانی کوردستان کرا. من لەوێدا چالاکانە بەشدار بووم. ڕێکەوتی کۆبوونەوەکان کۆتاییەکانی بەهاری ساڵی ١٣٥٨ بوو. ئەم باسەی ئێستا سەبارەت بەو کۆبوونەوانەیە و لە درێژەدا ڕوونکردنەوەی زیاتریان لەسەر دەنووسم.

**سێهەم، نووسینی کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی**

بەگوێرەی بڕیاری کۆبوونەوەی پسپۆڕانی پەروەردە (بڕواننە سەرەوەتر، بەشی دووهەم)، تیمێکی ١٠ ـ ١٢ کەسیی مامۆستایانی قوتابخانە و ئەدیب و لێزانی بابەتی پەروەردە هەفتەی ڕۆژێک لە مەهاباد کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە زمانی کوردی ئامادە بکەن. ڕێکەوتی کارەکانی ئەم بوارە، سەرەتا هەتا نیوەڕاستی هاوینی ساڵی ١٣٥٨ بوو. بڕیار وابوو لە درێژەی کارەکەدا کتێبی پۆلەکانی دیکەش کاریان لەسەر بکرێ و منیش یەک لەو کەسانە بووم کە خەریکی نووسینی کتێبی پۆلی یەکەم بووین. کۆبوونەوەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە چوون، بەڵام بەداخەوە ٢٨ی گەلاوێژ و شەڕی پاوە و فەرمانی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان کارەکەی لە گرێژەنە برد و نەک ئەوە بەڵکوو گەلێک کاروباری نەتەوەیی دیکەش تووشی وەستان و وچان هات. لە بیرمە لە کۆبوونەوەکانی کۆتاییماندا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا حەیاکیش بەشداری کرد و ڕوانگەکانی ئەو لەمەڕ لایەنی زمانەوانی و ئەدەبی دەقەکەوە زۆر بە هەند وەرگیرا.

ئەوەندەی بزانم دوای سەپێنرانی شەڕ بەسەر گەلی کورددا و دوابەدوای چوونەدەری پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان هەرکام بەتەنیا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ درێژەیان بە کارەکان دا و کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی تەنانەت گەیشتە قۆناغی چاپ و کەڵک لێوەرگیرانیش، بەڵام نازانم کامیەک لەو کتێبانە لەسەر بنەمای کارە ناتەواوەکەی کۆڕی زانیاری دانرا و گەلۆ ئەوەی وا ئێمە کارمان لەسەر کرد، مایەوە یان فەوتا؟ زۆربەی هەرە زۆری بەشداربووان و دانەرانی کتێبەکە خەڵکی ناوچەی

موکریان بوون، بەڵام یەکدوو کەسی ناوچەی ئەردەڵانیشمان لە نێودا بوو. کەسم لە بیر نییە لە ناوچەی باکوور، واتە ورمێ و خۆی و ماکۆوە بەشداریی کارەکەی کردبێ یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نییە.

**چوارەم، کۆبوونەوەی دامەزراندنی زانستگەی کوردستان**

ئەوە دیاردەیەکی جیاواز لە دانیشگای کوردستانی شاری سنەیە کە ئێستاش هەر هەیە. کۆبوونەوەی یەکەم بۆ دامەزراندنی ئەم زانستگەیە لە مەهاباد بەڕێوە چوو و پێکهێنەر و بەرنامەداڕێژیشی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران بوو. ڕێکەوتی یەکەم کۆبوونەوە، بێگومان هاوینی ساڵی ١٣٥٨ بوو، بەڵام مانگەکەیم لە بیر نییە. من وەک میوان بانگهێشتنی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزرانی کرام و لەوێ بووم کە هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبران. لە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەدا، مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی لە سەفەر بوو و بەشدارانی کۆبوونەوەکە ماوەیەکی زۆر دانیشتن تا مامۆستا گەڕایەوە مەهاباد، هاتە شوێنەکە و کۆبوونەوەکەی کردەوە. نەمر دوکتۆر قاسملووش بانگ کرابوو، کە هات و ڕەخنەی لە شێوەی پێکهێنانی دانیشتنەکە و بانگهێشتنی ئامادەبووان گرت.

شێوازێک کە بۆ دامەزرانی دانیشگای کوردستان گیرابووە بەرچاو، شێوازی چینی واتە شێوەیەک بوو کە لە وڵاتی چین بەڕێوەبرابوو و تێیدا بایەخی سەرەکی دەدرایە ئەزموون و کردەوەی عەمەلی و کاری تیۆریک بایەخی کەمتری پێدەدرا. خوێندکار دەبووایە دوای خوێندنێکی یەکدوو ساڵە، ماوەیەک دەست بە کار و خزمەت بکا ئینجا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر خوێندنەکەی. ئەو ڕۆژە، بە شوێن وتاری کرانەوەی کۆبوونەوەکەدا کەسانێک وەک نوێنەری هەرکام لە شارەکانی کوردستان دیاری کران. کاک سەلاحوددینی موهتەدی داوای لە من کرد ببم بە نوێنەری بۆکان، بەڵام گوتم بە بوونی خۆت و کەسێکی وەک دوکتۆر جەعفەری شەفیعی لێرە، من چ ڕایەم دەکەوێ ببمە نوێنەر و دیارە هەر نەمر دوکتۆر جەعفەری شەفیعیش کرایە نوێنەری شاری بۆکان، کە دواتر لقی زانستگەکەشی لە ژوورێکی ژاندرمەریی پێشووی بۆکان لەسەر قوڵلە دامەزراند. سەبارەت بە ئەزموونی

زانستگەی کوردستانیش لە دەرفەتێکی دیکەدا بابەتێک دەنووسم.

**

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم مەسەلەی دووهەم لەو چوار بابەتەی سەرەوەیە، واتە کۆبوونەوەی مامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردەی کورد لە مەهابادە بۆ داڕشتنی بەرنامەی دەرس گوتنەوە و نووسینی کتێبی کوردیی قوتابخانەکانی کوردستان.

هۆکاری باسەکەش ئەوەیە لەم ڕۆژانەدا برادەرێکی گەلێک خۆشەویست کۆپیی ڕەشنووسێکی بۆ ناردم کە کاتی خۆی بە هاوبیری و هاوفکریی چەند کەس لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی بۆکان نووسیبوومان و پێشکەشی کۆبوونەوەکەمان کردبوو. من، کە هەرگیز بە بیریشمدا نەدەهات بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ بەدەست کەسێکەوە مابێ، بە دیتنی سەرسام بووم و دەسبەجێ بڕیارم دا بڵاوی بکەمەوە. دۆزرانەوەی بەڵگەکە هاوکات بوو لەگەڵ «جەژنی زمانی کوردی» و «سیمیناری نێونەتەوەیی زمانی کوردی» لە شاری ئامێدی باکووری وڵاتەکەمان و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەی لەسەر ماڵپەڕەکانی هەڤاڵانی باکوور و نەورۆز تیڤی و ڕۆژهەڵات/ بۆکان. ئیتر دەستم بزاوت و بابەتەکەم تایپ کرد و لێرەدا وێڕای ئەم سەرەتا کورتە، پێشکەشی دەکەم بە خەباتکارانی پێکهێنەری ئەو جەژن و سیمینارە گرنگە لە شاری ئامێدی قارەمان.

شێوازی کاری کۆبوونەوەکانی مەهاباد بەو چەشنە بوو کە سەرەتا کۆبوونەوەیەکی یەک ڕۆژە لە قوتابخانە یا ناوەندێکی فەرهەنگیی شار بەسترا و لەوێدا تاوتوێی مەسەلەی بەرنامەدانان بۆ دامەزراندنی سەرەتایەکی بەرێوەچێ بۆ خوێندنی کوردی کرا. ڕژیمی شایەتی ئێران ڕووخابوو، ساڵی خوێندنی ١٣٥٧-٥٨ کۆتایی هاتبوو و چاوەڕوان دەکرا لە ساڵی داهاتووی خوێندندا قوتابییەکان بە زمانی زگماکییان بخوێنن. بۆ ئەوەش دەبووایە سەرەتا دابمەزرێ و بەرنامە لەلایەک و کتێبی دەرسیش لەلایەکی تر ئامادە بکرێ. چاوەڕوانیی هیچ کوردێک ئەوە نەبوو کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخانی نیزامی شاهەنشاهیش

منداڵەکانی بە فارسی دەرس بخوێنن. دوای کۆبوونەوەی یەکەم، پشووویەک درا بۆ ئەوەی نوێنەرانی شارەکانی کوردستان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، لەگەڵ شارەزایانی بوارەکەدا ڕاوێژ بکەن و دوای دوو هەفتە بگەڕێنەوە مەهاباد بۆ ئەوەی زانیاریی هەموو لایەک بخرێنە سەر یەک.

هەروەها نامەیەکی فەرمی لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگی مەهابادەوە بۆ ئیداراتی فەرهەنگی هەموو شارەکانی کوردستان لە ماکۆوە تا کرماشان و ئیلام نێردرا و داوای بەشداری و ئامادەبوونیان لە کۆبوونەوەی دوو هەفتە دواتر، لێکرا. ئەوەندەی لە بیرمە نوێنەرانێک تا شاری سنەش هاتنە دانیشتنی دوایی، بەڵام لە کرماشان و ئیلامەوە هیچ هەواڵێک نەگەیشت، بە هەمان شێوە لە ورمێ و سەلماس و خۆی و ماکۆشەوە. قورسایی کارەکان لە ناوچەی موکریان بوو.

ئەو دەم، ماهییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ئێستا بۆ خەڵک ڕوون نەببۆوە و زۆر کەس هێشتا هیوایەکی بە ئاوڕدانەوەی بەرپرسان لە خواستی گەلی کورد بۆ ئازادی و دێموکراسییەت و خودموختاری هەبوو. ئەو گەشبینییە، لەو بەڵگەنامەیەشدا بەڕوونی دەردەکەوێ کاتێ باس لەوە دەکا کە نوێنەرانی کۆبوونەوەکە بچن بۆ وەزارەتی پەروەردە لە تاران، داوای چاپی کتێبی دەرسیی کوردی و دانانی کۆرس و ڕاهێنانی مامۆستایانی کورد بکەن. ئەمڕۆ بەڕوونی دەزانین کە بەجێهێنانی ئەو خواستانە لە خەسلەتی کۆماری مەلاکاندا نەبوو و نەک هەر ئەوانە بەڵکوو سەدا یەکی ئەو خواستانەشیان جێبەجێ نەدەکرد.

بەڵگەنامەکە، لەلایەنێکی دیکەشەوە جێگەی سەرنجە، ئەویش ئاشتیخوازیی نووسەرانی و دووربوونیانە لە توندوتیژی و هەنگاوهەڵێنانە بەپێی مەنتیق و حیساب: پەروەردە بە زمانی کوردی لە پۆلی یەکەم و دووهەمەوە دەست پێ بکا، هەنگاوبەهەنگاو، ساڵی یەک پۆل بچێتە پێشەوە هەتا کۆتایی دەبیرستان؛ خوێندن لە پۆلەکانی سەرەوەتر بە فارسی درێژە پەیدا بکا و بە ماوەیەکی ١٢ ساڵە، لە سەرجەمی پۆلەکاندا ببێتە کوردی؛ مامۆستایانی غەیرە کورد بمێننەوە و چەند پێشنیاری دیکەی لەو چەشنە. ئەو خواستانە بەڵگەیەکی ڕوونن بۆ ئەو ڕاستییەی

کە گەلی کورد ئاشتیخواز بوو، شەڕی نەدەویست و مەلاکانی حاکم بەزۆر شەڕیان بەسەردا سەپاند. ئەو خواستە مەنتیقی و هێمنانەیە لەکوێ و شەڕخوازی لەکوێ؟

پێشنیارەکان لاوازییشیان کەم نییە. یەک لە لاوازییەکان، بایەخ نەدانی پێویستە بە مەسەلەی زاراوە کوردییەکان و ئەو پرسەی کە بۆ نووسینی کتێبی دەرسیی منداڵان دەبێ کەڵک لە چ زاراوەیەک وەربگیرێ. بەڵگەنامەکە بە سووک و سانایی دەڕوانێتە ئەو مەسەلە گرنگە و بە دووسێ ڕستە، پێشنیار دەکا زاراوەی سۆرانی ببێتە زاراوەی دەرسیی قوتابخانەی هەموو منداڵێکی کورد، ئەوەندە و هیچی تر، بەڵام ئێستا و بەگوێرەی ئەزموونەکانی باشووری کوردستان، دەزانین کێشەکە وا بە هاسانی چارەسەر ناکرێ و منداڵە کوردی ئیلام تا ماکۆ ناتوانن هەموو پێکەوە بە زاراوەی سۆرانی بخوێنن. کارەکە یا لە ڕێگەی بنیاتنانی زمانێکی یەکگرتووی پێکهاتوو لە هەموو زاراوەکانەوە پێکدێ یا لە ڕێگەی قبووڵی دوو خەسلەتی و سێ خەسلەتی بوونی زمانی کوردییەوە گونجاو دەبێ، کە تێیدا زارۆکی ناوچەکانی باشوور و باکووریش بە ڕادەی نێوەڕاستی کوردستانی ڕۆژهەڵات مافی خوێندن بە زمانی زگماکییان پێدەدرێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو بەڵگەنامەیە بە دەسخەتی من نووسراوەتەوە و هەر منیش لە کۆبوونەوەی دووهەمی مەهابادا خوێندوومەتەوە، بەڵام نێوەرۆکەکەی تەنیا هی من نییە. ئێمە سێ یا چوار مامۆستا و مودیری قوتابخانەکانی بۆکان بووین کە بەشداریی کۆبوونەوەکانمان دەکرد و لە گەڕانەوەی بۆکاندا لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستایانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی و خەڵکانی شارەزای تر دانیشتین و ئەم پێشنیارانەمان لە زمان ئەوانەوە هێنایە سەر کاغەز. وەک لە نموونەیەکی دەسخەتەکەشدا دەبیندرێ، گەلێک بابەت گوتراون و پاک کراونەتەوە یان چاک کراون، ئینجا بە پاکردەیەکیان براوەتە دانیشتنی سەرەکی کۆبوونەوەکەی مەهاباد. لە بیرمە کاتێ گەڕاینەوە مەهاباد، هیچ لایەنێکی دیکە جگە لە ئێمە، پێشنیارێکی نووسراوی ئامادە نەکردبوو، ئەوەش بەواتای بەشداری نەکردن یان کەمتەرخەمیی کەسانێک یا لایەنێک نەبوو، لە بیرمە کاک فاتح شێخولئیسلامی دوابەدوای خوێندنەوەی پێشنیارەکانی ئێمە دەستی

بە قسـە کرد و گەلێک پسـپۆڕانە لە نێوەرۆکی کتێبە دەرسـییەکان دوا، بابەتێک کە ئێمە تەنیا ئاماژەمان پێکردبوو، ئەو بەباشـی شـیکردەوە و داوای گرنگایەتی پێدان بەنێوەرۆکی کتێبە دەرسییە کوردییەکانی کرد.

لـە کۆتایـیدا دەقی پێشـنیارەکان بەبێ دەسـتێوەردان دەنووسـمەوە و سپاسـی هەمـوو ئـەو کەسـانە دەکـەم کـە ئامادەیـان کـرد. هەروەهـا سپاسـی ئـەو دۆسـتە خۆشەویسـتەش دەکەم کە لە هەموو ئەو ماوەی ٣٢ سـاڵە پڕ تەنگوچەڵەمەدا ئەو لاپەڕانـەی «دوور لـە چـاوی چەتـە» لای خـۆی پاراسـتووە و لەم ڕۆژانـەدا بۆ منی ناردوون.

ئـەوەش دەقـی بێگۆڕانکاریی پێشـنیارەکان کە من تایپم کردوون. سـەرەتایەک کە بۆ پێشـنیارەکان نووسراوە، هی ئەو سـەردەمەیە و ئاواتە سیاسییەکانی هێڵێکی فکریـی تایبەتـی ئـەو ڕۆژانەی بەئاشـکرا تێـدا دەبینـدرێ. دەبێ سـەرەتاکە لەلایەن ئێمە، چەند کەسـی ئامادەکاری پێشنیارەکانەوە نووسرابێ و دیارە ڕوانگەی هەموو ئەو مامۆسـتایانە نەبووە کە قسـە و دانیشـتنمان لەگەڵ کردن. لە نووسـینەوەیاندا، دەسکاریی بابەتەکانم نەکردووە:

**پێشنیاری نوێنەرانی شاری بۆکان بۆ کۆبوونەوەی مامۆستایان و پسپۆڕانی فێرکردن و پەروەردەی کوردی**

ئێمە بەشـێک لە مامۆسـتایانی قوتابخانەکانی بۆکان، بڕوای بەهێز و باوەڕی بەتینی خۆمان بە داهاتووی ڕووناک و ڕۆشنی گەلانی زەحمەتکێش و مافخوراو دەردەبڕین. ئێمە باش دەزانین کە گەلانی چەوساوە سەرەڕای وەزع و حاڵی شپرزەی ئێستایان، دیمەنی داهاتوویەکی پڕ لە خێر و بەرەکەت و ژیانێکی ئینسانییان لەبەرچاوە، ژیانێک کـە مافـە ڕەواکانی مرۆڤی تێـدا بەرچاو بگیرێ و ئابووری و ڕامیاری و زانسـت و هونەر چەکێ دەبن نەک بەدەسـت چەوسـێنەرانەوە، بەڵکوو لەسەر کەڵـلەی گڵاوی ئـەوان و هەمـوو خوێنمژ و پێشـێلکەرێکی مافی ئـەوان ڕادەگیرێن، کـە داگیرکەر و چەوسێنەر و ملهوڕان بن.

بـەڵام ئێمـە ئـەوەش دەزانیـن کـە ئـەو دیمەنە جوان و پاکە، سـووک و هاسـان

نایەتــە بەرچــاوی گەلان و وەلاتانــی ژیانی نابەرانبــەر و تووڕهەڵدانی هەلومەرجی ژیانــی چینایەتــی و پێکهێنانــی جیهانێکی ئەوتۆ کە «ئازادە بــە کامی دڵ بگا» و حەق دیلی ناحەق نەبێ، بە خەباتی شــێلگیر و شۆڕشــی بنەڕەتیی زەحمەتکێشــان و چینە چەوساوەکان پێکدێ.

گەلــی کــورد وەک گەلێکی مافخوراو و زۆرلێکراو، هەمیشــە جێگای تەجروبە و ئەزموونی قانوونی گڵاو و دژی مرۆڤانەی چەوسێنەر و پێشێلکەرانی مافی ئینسان بــووە و بەدرێژایــی مێــژوو لەژێر تەوژمی تونــدی جەزرەبــە و عەزیەتی زۆردار و ملهــوڕ و چەوســێنەراندا شــانازیی بەربەرەکانــی و خەبــات و کۆڵنەدەریــی وەک میداڵێک بەسەر سینگییەوە هەڵاوەسیوە و بە جیهانی نیشان داوە.

کورد وەک گەلێک لە گەلانی ئێران، لە ڕاپەڕینی ساڵی ڕابردوودا بە هەموو هێز و توانایەوە تێکۆشی تا دامودەزگای پاشایەتی و سەرمایەداریی وابەستە تێکبڕووخێ و بچێتە گۆڕەوە، بەڵام بەداخەوە ئاوات و ئارەزووی وەدینەهات و ئێســتاش کە پتر لە شــەش مانگ بەســەر پێکهاتنی دەوڵەتی موەققەتی ئیســلامیدا تێپەڕ دەبێ، بەشی کــورد هەر بێبەشــی و تانە و توانج و شــەڕ و ئــاوارە بوونە. ئەوانــەی وا دەزگای شایەتییان تاوانبار دەکرد کە مافی ڕەوای گەلەکانی ئێران دەنێتە ژێر پێ، ئێستەکانێ بۆخۆیان لە پێشــێلکردنی مافی گەلاندا گرەویان بردۆتەوە و دەســتیان لە ســەلەفی داگیرکەر ئەستاندووە.

هــەر بــەو بۆنــەوە، ئێمــە دەزانیــن و متمانەمــان هەیە کــە چاوەنواڕیــی زیاتر بۆ دیتنــی لوتــف و مەرحەمەتــی دەوڵەتــی ئاغــای بــازرگان ڕەوا نییە. ئێمــە لامان وایە ئەگــەر دەوڵــەت بــڕوای بــە مافی گــەلان هەبووایە، لەمێــژ بوو جوابی موســبەتی بە تەرحــی خودموختاریــی کوردســتان دەدا و چــی دی وەختگوزەرانــی نەدەکرد. جا بۆیە ئینتیزاری زەمانێکی مەوهووم کە ئەوە خوایە بەڵکوو دەوڵەت لە کەری شەیتان پیــادە بــێ و هەقمان بداتێ، لە خۆفریــودان بەدەر هیچ نییە، خۆفریودانیش بۆ گەلێک کە لەسەر مافە ڕەواکەی خۆی سوورە، عەیبێکی زۆر گەورەیە.

ئەمجار دەمێنێتەوە ئەوەی چ کەردەن؟! جواب، جوابی هەوێردەیە بە بێچووەکانی:

بۆخۆمان!

ئێمە بۆ ئەوەی هەنگاوێکمان بەرەو ئەو مەبەستە هەڵگرتبێ، لە کۆبوونەوەیەکدا لە شاری بۆکان، تەنگوچەڵەمەی کارەکەمان خستە بەرچاو و تێکۆشاین تا چۆنییەتیی چارەسەرکردنی هەرکام لەو گیروگرفتانە، بەپێی توانا دەرببڕین و پاشان بۆ ڕەخنە و ئیسلاح پێشکەشی ئێوە نوێنەرانی ناوچەکانی سەرانسەری کوردستانی بکەین. ئێمە چاوەڕوانین بەرخوردێکی مەسئوولانەی لەگەڵدا بکەن.

پێشنیارەکانی ئێمە:

لەبەرەوەی کاری فێرکردن و پەروەردە، ئەرکی سەرشانی وەزارەتێکە هەر بەو نێوە؛ لەبەرەوەی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی پێویستی بە موافەقەتی وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە هەیە؛ لەبەرەوەی ئامادە کردن و چاپی کتێب بە زمانی کوردی یا دانانی دەورەی ئاموزشی بۆ مامۆستاکان بە دەستووری وەزارەت و بە هاوکاریی ئیدارەکانی ناوچە دەکرێ؛

یەکەم وەزیفەی ئێمە، هەوڵدانە بۆ ڕەسمییەتبەخشین بە کارەکە.

ڕێگاحەلی مەسەلە:

ئەلف. تەبلیغ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و ئامادە کردنی ئەفکاری عموومی [لەڕێی] (ئیعلامییە، تراکت، سوخەنڕانی، تەوجیهـ ...)؛

ب. ناردنی وەفدێک بە نوێنەرایەتی، بۆ وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە بۆ جەلبی موافەقەتی ئەوان؛

ج. پێکهێنانی جەلەسەی موشتەرەکی ڕوئەسای ئیداراتی فێرکردن و پەروەردە کە لەم جەلەسەیەدا بەشدارن و دەرکردنی ئیعلامییەی موشتەرەک و داخوازی کردن لە وەزارەت بۆ قبووڵی ئەو حەقە ڕەوایە.

چارەسەرکردنی موشکیلی مامۆستایانی غەیرەکورد، بەتایبەت لە گوندەکاندا.

ڕێگاحەل:

الف. لەو شارانەی کە بۆیان دەگونجێ، بە ئاڵوگۆڕکردنی جێگای مامۆستاکان، کارێک بکەن کە هەموو دەرسوێژێکی پلەی هەوەڵ و دووهەمی سەرەتایی

کورد بن و مامۆستای تورک و فارس ڕەوانەی کەلاسی ژوورتر بکرێن؛

ب. بۆ ناوچەکانی شیمال، واتە دەوروبەری ورمێ و سەڵماس و خۆ و ماکۆ، هەروەها وڵاتەکانی جنووب وەک دەوروبەری کرمانشا و سونقوڕ و ئیلام و سەرپێڵیزەهاو، لە ناوچەکانی دیکەوە مامۆستای داوتەڵەب بنێردرێ.

هاوکاریی ئیداراتی فێرکردن و پەروەردە لە سەرانسەری کوردستانا بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکە پێویستە، چونکوو دەرسەکان دەبێ لە بەرنامەی ڕەسمیی وەزارەتدا بگونجێن و لە کارنامە و دەفتەری ئیمتیحاناتدا نێو ببرێن و بۆ پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی تەنانەت کارنامەی کوردی چاپ بکرێ.

ڕێگاحەل:

سەرۆکانی ئیداراتی فێرکردن و پەروەردە بە یارمەتیی کاربەدەستانی فێرکردنی هەموو ئیدارەکان کە لەو کۆبوونەوەیەدا حزووریان هەیە، بەیانییەیەکی تێکڕایی دەربکەن و لەگەڵ ڕاگەیاندنی موافەقەتی خۆیان بۆ ئەو کارە گرنگە، ڕەسمەن لە وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە داخوازی قبووڵ کردنی بەرنامەکە بکەن.

چۆنییەتیی دەرس خوێندن لە قوتابخانەکاندا، کە گرنگترین باسی ئەم کۆبوونەوەیەیە؛

پێشنیارەکانی ئێمە:

ئەلف. پێکهێنانی کومیتەیەک بەناوی کومیتەی تەئلیف؛

ب. کتێبی «خوێندنەوە»، حیساب و علووم لە پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییدا بە کوردی بنووسرێ و چاپ بکرێ و لە ساڵی تەحسیلیی داهاتوودا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ببنە کتێبی ڕەسمی؛

ج. بۆ ئەو قوتابییانەی وا ئەمساڵ دەچنە پۆلی دووهەمی سەرەتایی، نامیلکەیەکی چکۆلە بنووسرێ و دەرەتانیان بدرێتێ لەگەڵ ئەلفوبێی کوردیدا ئاشنایی پەیدا بکەن و دوای مانگێک یا دوو مانگ بەپێی پێویست، دەستبەکاری خوێندنی دەرسی پۆلی دووهەم بە کوردی بن؛

د. قوتابییانی پۆلی ژوور دووهەمی سەرەتایی، درێژە بە خوێندنی خۆیان بە زمانی فارسی بدەن، بەڵام هەفتەی یەکدوو تا چوار سەعات دەرسی کوردی

بخوێنــن کــە بریتی دەبێ لە خوێندن و نووســینی کوردی، مێــژوو، جوغرافیا و ویژە و هونەری کوردی؛

پێشنیاری ئێمە:

کتێبــی تایبــەت بــۆ پۆلەکانی ســەرەتایی ژوور دووهەم و مەدرەســەی ڕاهنمایی تەحسیلی و دەبیرستان بنووسرێ و لە چاپ بدرێ؛

هـ. کتێبی پۆلی هەوەڵ و دووهەمی شەوانە (واتە «پیکار با بیسوادی») بە کوردی بنووسرێن و دەرس بگوترێنەوە؛

و. هەموو ســاڵێک بەرەبەرە، کتێبی یەک پۆل لە پۆلەکانی قوتابخانەی ســەرەتایی بگۆڕدرێ و بکرێتە کوردی تا پلەی ئاخری ناوەندی (واتە دەبیرستان)؛

ز. زمانی فارسی، وەک زمانی دووهەم لە پۆلەکانی دەورەی ڕاهنمایی تەحسیلی و دەبیرستان‌دا دەرس بگوترێتەوە.

ڕاهێنانی مامۆستاکان بۆ ساڵی تەحسیلیی داهاتوو؛

ڕێگاحەل:

ئەلـف. ئامادەکردنـی مامۆسـتاکانی پۆلـی ئـەوەڵ و دووهەمـی سـەرەتایی و هەروەهـا دەبیرانـی علوومـی ئینسـانی لـە دەبیرسـتان و ڕاهنمایـی، پێویسـتە دەورەی تەوجیهی و فێرکردنیان بۆ دابندرێ و ئیداراتی فێرکردن و پەروەردە مامۆستاکان مولزەم بکەن لەو دەورانەدا بەشدار بن؛

ب. وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە بەو مامۆستایانەی وا لە دەورەکەدا بەشداری دەکەن ئیمتیاز بدا؛

ج چۆنییەتیی دەورەکان: کەلاسی تەوجیهی دەگونجێ بە یەکێ لەم دوو شێوانەی خوارەوە دابندرێ:

یەکـەم، مامۆسـتا کوردی‌نـووس و کوردی‌زانـەکان وەک مامۆسـتا قزڵجـی، مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار و ئەوانی دی، کەلاسێک لە یەکێ لە شارەکانی کوردسـتان دابنێـن. نوێنـەری موعەللیمانـی هەمـوو شـارەکان لـەو کەلاسـەدا بەشـداری بکـەن و پـاش گەڕانـەوە بۆ شـاری خۆیان موسـتەقیللەن کەلاسـی

فێرکردن بۆ مامۆستاکانی دیکە دابنێن؛

دووهەم، هەریەک لەو ئەساتیدەی وا نێومان بردن لە یەکێ لە شارەکان کەلاسی تەوجیهی پێکبهێنن و هەموو مامۆستاکانی شارەکە لەو کەلاسەدا بەشدار بن.

موشکیلەی زاراوەکانی زمانی کوردی

پێشنیاری ئێمە:

زاراوەی سۆرانی وەک زاراوەی ڕەسمی و ئەدەبی لە سەانسەری کوردستاندا پەسند کراوە. ئەو زاراوەیە ببێتە زاراوەی ئەسڵی بۆ نووسین و قسەکردن و ئامادە کردنی کتێبی دەرسی و لە زاراوەکانی دیکەش کەڵک وەربگیرێ.

موشکیلیماڵی و بودجە:

تەئلیف و دانانی کتێب و چاپکردنیان بە تیراژ و تیعدادی زۆر و فرۆشتنیان بە قیمەتی کەم، بودجە و ئیمکاناتی ماڵی زۆری پێویستە:

ڕێگاحەل:

ئەلف. لە ڕابیتە لەگەڵ مەتلەبی هەوەڵدا، کە ناردنی نوێنەر بوو بۆ وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە، ئەم مەسەلەیەش قابیلی تەرح و حەلل و فەسڵە. نوێنەران دەبێ سەرنجی وەزارەت ڕاکێشن بۆ لای ئەوەی کە لەجیاتی چاپی کتێب بۆ کوردستان، ئیجازە بدەن ئێمە خۆمان مەتنی کتێبەکان بنووسین و ئەوان بۆمان لە چاپ بدەن؛

ب. ئەگەر وەزارەت بیەوێ ئینقلابی عەمەل بکا، جوابی ئەو خواستە ڕەوایە موسبەت دەبێ؛

ج. بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئینتیزاری ئێمە، وەزارەت حازر نەبوو ئەو کارە وەئەستۆ بگرێ، لە تەریقی هاوکاری و یارمەتیی خەڵکەوە بودجەی لازم تەئمین بکرێ؛

د. چاپخانەیەک یا چەند چاپخانە کە بتوانن کاری ئۆفسێت و حرووفچینی ئەنجام بدەن، ئەو کارە دابین بکەن.

بەڕێوەبردنی کارەکان:

پێشنیار دەکەین شووڕایەک بەنێوی هەیئەتی ئیجڕایی بۆ بەڕێوەبردنی تەسمیماتی ئـەم کۆبوونەوەیـە پێکبـێ. هەیئەتـی ئیجڕایـی لـە نوێنەرانـی هەمـوو شـارەکان[ی کوردستان] پێکدێ و چەند کومیتەیەک بۆ ئیجرای بەرنامەکان ڕێکدەخا:

ئەلـف. کومیتـەی تەئلیـف بۆ دانانـی کتێب و ڕاگەیشـتن بەنێوەرۆکـی کوردانە و شۆڕشگێڕانەیان؛

ب. کومیتەی فێرکردن بۆ دانانی شێوازی دەرسگوتنەوەکان؛


ج. کومیتەی ئامادەکردنی ئەفکاری عمومی؛

د. کومیتـەی ماڵـی و تـەداروکات بـۆ ئامادەکردنی وەسـایلی مـاددی و بودجە و جێگا و ڕێگا؛

هـ. کومیتـەی ڕەوابیتـی عموومـی بـۆ بەرقەراریی تەماس لەگـەڵ وەزارەتخانە و ئیدارات و ڕۆژنامەکان و حیزبە سیاسییە پێشڕەوەکان.

پەیامی پێشنیاری کۆبوونەوە[کان].

ئـەوەش نموونەیەک لە لاپەڕەکانی ڕەشنووسـی پێشـنیارەکان بەبێ دەسـکاری. تەنیا وشـەی «پلە»م کردۆتە «پۆل»!



# ڕووداوە مێژوویی‌یەکان

بریتییـە لـە ئاوڕدانەوەیەک لە هەنـدێ ڕووداوی مێژووی لە بۆکان و ناوچەکـەی؛ ئاماژەکردنە بە هەندێک ڕووداوی بۆکان و ناوچەکەی لە سـەدەی نۆزدەهەم و بیسـتەمدا هاوڕێ لەگەڵ بۆچوون یان هەواڵ و پێشـنیارەکانی خۆم. مێژووی نووسـراوی بۆکان بەگشـتی سەردەمی سەردارەکان (سـەرەتاکانی سەدەی نۆزدە تا نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم) و دوای ئەوان دەگرێتەوە.

## ڕووداوەکانی بۆکان

ئەرکی هەرە گرنگی ئەم زنجیرەوتارە ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ڕووداوە مێژووییەکان و ناساندنی سەرچاوەیە سەبارەت بە ڕووداو و کەسایەتییەکان لە بۆکان و دەوروبەری. ئەم کارە، تەنیا بە ناساندنی کتێب و گۆڤار ناگاتە ئەنجام، بەڵکوو لە درێژەیدا دەبێ ڕۆژمێرێکی بە بەڵگە لە ڕووداوەکان پێکبێ کە بەگوێرەی ئەو، هەودای ڕووداوە مێژووییەکانی بۆکان بە یەکەوە ببەسترێن و دواتر، شوێن یا شوێنگەلی بەتاڵی نێوانیان بە هیممەتی هیممەتداران پڕ بکرێتەوە. بۆ ئەم کارە دەبێ هەر لە سەرەتای دیرۆکەوە تا ئەمڕۆ، هەموو ئەو شوێنە ڕووناکانەی وا لە مێژووی ناوچەکەدا هەن، دەسنیشان بکرێن و سەرچاوەیان بناسێنرێن.

بۆ نموونە، هەر زانیارییەکمان لە ژیار و ژینگە و دۆخی ئابووری ـ سیاسیی ناوچەکە لە سەرەتاکانی دیرۆکەوە هەیە بەگوێرەی لیستەیەک بنووسرێن، ئینجا حکوومەتەکانی وەکماننا و ئیزیرتووی پێتەختیان لە نزیک قەڵایچی، بناسێنرێ، پاشان حکوومەتی ماد و گرد و قەڵای زۆری نێوشار و گوندەکانی دەوروبەری، ئینجا سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و پاشان عەرەب. لە پەیوەندیی ئەشکانییەکان و پێش ئەواندا مێژووی گردی بۆکان و لە پەیوەندیی ساسانیاندا مێژووی تەختی سولەیمان و ناوچەی هەوشار و فەیزوڵڵابەگی بناسێنرێ. ئینجا موغول و دوای ئەوان هاتنی تورکان بۆ ناوچەکە و سەردەمی سەفەوی و قاجار و...

لە ئامادەکارییەکی ئەوتۆدا، بۆ نموونە دەبینین سەردەمی نێوان ماد و ئەشکانی بەتاڵ دەمێنێتەوە و بە هەمان شێوە بۆشایی نێوان هێرشی عەرەب و هرووژمی موغول دەردەکەوێ، کە دواتر دەگەڕێمەوە سۆراغی ئەم بەشە.

قۆناغەکانی دواتری ژیانی ناوچەکە زیاتر و بەرچاوترن و ئاشکرایە سەرچاوەی زیاتریشیان بۆ دەست دەکەوێ، بۆ نموونە،

- ساڵی ١٨٨٠ و ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی و هاتنی شێخ عەبدولقادری کوڕی بۆ موکریان و...
- ساڵی ١٩٤٦ و دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکانی دەوروبەر، دامەزرانی چاپخانە لە بۆکان، دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە، ڕووخانی کۆمار، ئیعدامی خەباتکاران و...
- ساڵی ١٩٥٣ و حکوومەتی میللیی دوکتۆر موسەددیق، ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، خەباتی خەڵکی شار دژ بە دەرەبەگ و ئاغاوات، تێکشکانی ڕاپەڕین، گیران و شاربەدەر بوونی خەباتکاران دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ و...
- ساڵی ١٩٧٩ و شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕاپەڕینی خەڵک، خۆپیشاندان، شەهیدبوونی لاوان، ڕووخانی سیستەمی پادشاهی، شەڕ و پێکدادانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ پاسداران و بەسیجی، گیرانەوەی شار لەلایەن حکوومەتەوە، وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت، ئیعدامی خەباتکاران، شەڕی نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دێموکرات، شەڕی عێراق و بۆمبارانی شار لەلایەن حکوومەتی سەددامەوە و...

وەک دەبینین هەرکام لەو بڕگانە دەیان و هەندێک جار سەدان ڕووداوی تێدا ڕوو داوە، کە دەبێ یەکیەک دەسنیشان بکرێن و لەوەش گرنگتر، سەرچاوەیان بۆ بناسێنرێ.

لە پاڵ ئەو ڕووداوە مێژووییانەدا، دەبێ سۆراغی کەسایەتییە ناودارەکانی بۆکان و ناوچەکە بگیرێ و لەوانە، شاهان و دەسەڵاتدارانیماننا و ماد و ئەوانەی وا لە مێژووی ناوچەکەدا دەورێکیان بینیوە، هەتا سەردەمی ئەمڕۆ. هەروەها زانا و ئەدیب و هونەرمەند و شاعیرانێک کە ناسراو بن و بکرێ بابەتیان لەسەر بنووسرێ، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا و بۆ هەر کام لەو کەسانەش دەبێ هەوڵ بدرێ ڕۆژی لەدایکبوون و مردن، ناوی کتێب و بەرهەم و گەلێک شتی تریان ڕوون بکرێنەوە.

## سەردار عەزیزخان

عەزیزخانی سەردار (١٧٩٠-١٨٧٠) بە یەکەم سەرداری بۆکان دەژمێردرێ. سێ سەرداری دوای ئەو کوڕ و نەوە و نەتیجەی بوون. لە ماڵپەڕی سیروانی هەفتانەدا وتارێکی فارسی بەو ناوە بڵاوبۆتەوە:

**جایگاه سردار عزیزخان مکری در تاریخ قاجاریه**

کە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکانیش ڕایگواستووە و بڵاوی کردۆتەوە. نووسەری وتارەکە، کاک فەرەیدون حەکیمزادە، پێگەی سەردار عەزیزخانی لە دەسەڵاتدارییەتی قاجارەکان و دامودەزگای حکوومیی ناسرەددینشادا خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە. سەرچاوەکانی کاری نووسەر بەگشتی هەر ئەوانەن کە ناسیاوی هەموو لایەکن، بەڵام ئاماژە بە هەندێک لایەنی ژیانی سەردار کراوە، کە جێگەی سەرنجن. ئەرکی نووسەر بۆ ناساندنی گەورەپیاوێکی سیاسی ـ سپایی کورد بە نەوەی تازە و بە بێگانەی داگیرکەر، جێگەی ڕێزی تایبەتە. ئێمە پێویستمانە خۆمان و مێژوو و ئێستامان بە گەلانی دراوسێ و بێگانانی تر بناسێنین و هەر بۆیەش نووسین بە فارسی و عەرەبی و تورکی و زمانانی ئورووپی سەبارەت بە ئەدەب و مێژووی گەلەکەمان کارێکی بەسوودە.

لەو بابەتانەی کە کاک فەرەیدون باسی کردوون، یەکیان ئەوەیە «قرةالعین» کەڵەژنی ناوداری مێژووی ئێران لەلایەن فەڕاش و داردەستی عەزیزخانەوە کوژرابێ. نووسەر سەرچاوەی ئەم باسەی بە سایتی ویکی پێدیا ناساندووە. من ئەو ڕاستییەم نەدەزانی، بەڵام دەمزانی کە سەردار ڕاستەوخۆ چووبووە شەڕی بابییەکانی زەنجان و چەهریق.

هەروەها نووسەر چەند خاڵێکی دیکەی بۆ ژیانی سەردار عەزیزخان دەسنیشان کردووە کە جێگای سەرنجن:

١. سەردار کوڕێکی بووە بەناوی عەلیخان کە لە تاران ژیاوە و لە کاروباری

ئاسایشــی ئــەو دەمــی تاراندا بــووە. ئێمە دەزانیــن کوڕێکی ســەردار کە ناوی سەیفەددینخان بووە گوندی سەدرابادی ئاوەدان کردۆتەوە و پلەی سەرداری موکریی هەبووە، بەڵام من هەواڵێکم لە کوڕی دیکەی سەردار بەناوی عەلیخان نەبوو.

٢. سەردار عەزیزخان لە تایفەی «مرادبەگی» بووە.

٣. بۆکانی بە قەرزوقۆڵە و بە فێڵوتەڵەکە کڕیوە.

٤. زاوای ئەمیرکەبیری سەرەکوەزیرانی ناسرەددینشا بووە.

٥. ئەمیرکەبیــر، پێــش ئــەوەی ڕەگــی لێبــدەن و بیکــوژن، گوتوویەتــی دوای مــن کەسێک هەیە کە ئێران بتوانێ ئاوەدان بکاتەوە، ئەویش عەزیزخانی سەردارە.

٦. مــن لــە هیــچ ســەرچاوەیەکدا نەمدیتبــوو کە عەزیزخــان شــاعیر بووبێ و بە فارسی شێعری گوتبێ، ئەویش شێعری وا ناسک و جوان کە لەگەڵ کەسایەتیی سپایی ئەودا نایەتەوە. هەروەها نەمدەزانی ناسـناوی شێعریشی هەبێ ئەویش «موکری» بێ:

**عشــق را پایان نباشــد، موکریا خاموش باش!**

**راویــان در ایــن حکایت بس روایــت کرده‌اند**

## عەزیزخان و بابییەکان

بزووتنەوەی ناسراو بە «بابیگەری» لە ئێران، بزووتنەوەیەکی عەدالەتخواز و بەگوێرەی ڕێبازە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکەی، پێشکەوتنخواز بوو. بنەمای باوەڕی ئایینی بابییەکان بۆچوونەکانی شێخ ئەحمەدی ئەحسایی (کە ساڵی ١٢٤١ی کۆچی مردووە) و سەید کازمی ڕەشتی (کە ساڵی ١٢٥٩ی کۆچی مردووە) بوو، بەڵام میرزا عەلی محەممەدی شیرازی (١٢٣٥ـ ١٢٦٦/ ١٨١٩ـ١٨٥٠) چەند هەنگاو لە هەڵوێستی ئەوان بەرەوپێش چوو و سەرەتا خۆی بە «باب»، واتە دەروازەیەک بۆ ئیمامی زەمان ناساند، ئینجا باسی ئەوەی کرد کە خودی ئیمام بێ و لە ئەنجامدا وەک پێغەمبەرێک خۆی نواند کە خاوەنی کتێب و ئایین و ڕێبازی سەربەخۆیە و سەری خۆی لەو ڕێگایەدا دانا.

لایەنگرانی باب دوای مردنی بوون بە دوو فیرقەوە (ئەزەلی و بەهایی) و وەک دەزانین، لە درێژەی کاردا ئەزەلییەکان کەموزۆر لەنێو چوون و ئێستا تەنیا بەهاییەکان لەسەر ڕێبازی ئایینی باب ماون، کە ئاشکرایە لە باری سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەوە گەلێک لەوان جیاوازن و ئەو ڕۆحی خەبات و بەربەرەکانییەی سەردەمی بابیان تێدا نەماوە و بەگشتی لە سیاسەت دوورەپەرێزن. بابییەکانی سەردەمی باب وا نەبوون، ئەوان بە قەڵەم و قەدەم دژ بە هەندێک دیاردەی دزێوی سیاسی لە ئێرانی سەردەمی ناسرەددینشای قاجار (١٨٣١ـ١٨٩٦) دەجووڵانەوە و خۆیان لە هەندێک قەڵادا حەشار دەدا و چەکدارانە لەگەڵ سیستەمی حاکم شەڕیان دەکرد.

یەک لە ڕوخسارە ناسراوەکانی ژیانی عەزیزخانی سەردار دژایەتیکردنی بابییەکان و شەڕ و لێدانی ئەوانە. بەگشتی کەمتر کەسێک لە سەردەمی قاجاردا هەبووە ئەوەندەی عەزیزخان دەستی بە خوێنی بابییەکان سوور بووبێ. دیارە عەزیزخان ئەم کارەی وەک ئەرکی حکوومی بەڕێوە دەبرد و وەک سەرداری

هەموو سپای ئێران، سیاسەتی دەرباری ناسری و خواستی ڕووسیای قەیسەری دەبردە پێشەوە، کە ئەوانیش لە بزووتنەوەی بابییەکان ناڕازی بوون و چالاکییە سیاسییەکانی ئەوانیان دژ بە دەرباری قاجاری داردەستی خۆیان دەدیت. ئەوەندەی من بزانم عەزیزخان لای‌کەم لە دوو شەڕ و لێدانی بابییەکان‌دا بەشداریی ڕاستەوخۆی کردووە و لە هەردووکیان‌دا گەمارۆی قەڵاکانی داون، خەڵکەکەی بە زۆر یا بە فێڵ لە قەڵا هێناوەتە دەر و بەکۆمەڵ کوشتوونی؛ یەکیان قەڵای زەنجان و ئەویتریان قەڵای چاری (چەهریق) هەر ئەو گوندەی کە دواتر بوو بە پێگەی خەباتی سمکۆ. لە مێژووی ئێران‌دا شەڕی قەڵای چاری بە دوایین شەڕی شێوازی کۆن، واتە قەڵانشینی و قەڵاگیری ناسراوە و دوای ئەوە ئیتر هیچ شەڕێک بەو شێوەیە لە خاکی ئێران‌دا نەکراوە.

سەبارەت بە «بابیکوژی»ی سەردار عەزیزخان گەلێک سەرچاوە هەن کە من لە درێژەی ئەم وتارانەدا دەیانناسێنم، بەڵام سەرەتا، بە کتێبی «شیخیگری، بابیگری» نووسراوەی «مرتضی مدرسی چهاردهی» دەست پێدەکەم. ئەم کتێبە گەلێک بێ‌سەروبەرە و بێ‌شێوازە و زیاتر لە کەشکۆڵ دەچێ تا لێکۆڵینەوە، بەڵام نووسەر لە بەشێکی کتێبەکەدا هەندێک بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای قەیسەریی لە پەیوەندیی باسەکەدا هێناوە کە باس لە ڕوانگەی ڕووسیا سەبارەت بە بزووتنەوەی بابییەکان دەکەن. بەڵگەنامەکان لە کتێبی «بزووتنەوەی بابییەکان لە ئێران» نووسراوی ئیڤانۆف وەرگێڕاون کە سەرچاوەیەکی جێ‌مەتمانەیە و دەبێ بۆ ئەم باسە تایبەتە سەیر بکرێ. من لێرەدا هەڵبژاردەی بەڵگەنامەی ژمارە ١٧ و ١٩ دەهێنمەوە (لاپەڕە ١٨٦ ـ ١٨٨) لە کتێبەکەی «مدرسی چهاردهی»:

**بەڵگەی ژماە ١٧**

فایلی ژمارە ١٣٤، تاران ١٨٥٠، لاپەڕە ٥٧٥ ـ ٥٧٩، ڕاپۆرتی باڵوێز دالگۆرکی بەسناوین، تاران ١٨٥٠/٩/٢٣، ژمارە ٧٥.

«... وا نامەی غوەلامباشیی باڵوێزخانەکەمانتان بۆ دەنێرم کە هاوڕێ لەگەڵ عەزیزخان چۆتە زەنجان و لە نزیکەوە ڕووداوەکانی بینیوە:

ڕۆژی هەینـی سـێزدەی مانـگ لـە «سـوڵتانییە»وە چوویـن بـۆ زەنجـان. حاکمی زەنجان ئەسـڵانخان و بەگلەربەگی تەوریز محەممەدخان و سەرکردە سپاییەکان هاتنە پێشـوازیمان. ئاجودانباشـی [واتە عەزیزخانی سەردار] بەشێوەی نارەزایەتی دەربڕین ڕووی کردە سەردارەکان و گوتی ئایا شوورەیی ناکەن پێنج مانگە دەوری مەلایەکتان داوە و هێشـتا نەتانتوانیوە بیگرن؟ من سـبەینێ مەجبووری دەکەم خۆی بەدەستەوە بدا. ئاجودانباشی نامەیەکی نارەزایەتیی نارد بۆ مەلا محەممەد[عەلی] و بەهـۆی ڕاپەڕینـی دژ بە شـاوە سـەرکۆنەی کرد. پێی پێشـنیار کـرد لەگەڵیدا بچێ بـۆ تـاران و لـەوێ لـەلای شـا و ئەمیر[کەبیـر] داوای لێبووردنـی بـۆ بـکا. مـەلا محەممەدعەلی وەڵامی ئەرێنیی بۆ نەناردووە. عەزیزخانی ئاجودانباشـی بۆ جاری دووهـەم هەمـان تەتەری نـاردە لای و هەڕەشـەی لێکرد ئەگەر خۆی بەدەسـتەوە نەدا، هەموو دارایی و ژنەکانی دەدرێنە سـەربازانی دەوڵەت. مەلا محەممەدعەلی لە وەڵامدا گوتبـووی: «مـن خۆم پادشـام، هەرچیت لە دەسـت دێ بیکە.»... سـەرەنجام ڕۆژی یەکشـەممە عەزیزخان دوای ئەوەی بانگی ئازایەتیی بەگوێی سـپاییەکاندا دا، فەرمانـی هێرشـی دەرکـرد و هەمـوو تۆپـەکان دەنگیان بەرز ببـۆوە، بەڵام هەر ئەوەنـدەی سـەربازەکان نزیـک مەتەرێزی [بابییـەکان] بوونەوە ١٠ سـەربازیان لێ کـوژرا و پاشـماوەیان هەڵاتـن. عەزیزخان بۆ جـاری دووهەم فەرمانی هێرشـی دا، بەڵام کاتێ لە ئاکامی شەڕ ناهومێد بوو، سواری ئەسپ بوو بە سەربازەکانی گوت دەبـێ لـە ماوەی دوو ڕۆژدا زەنجان فەتح بکەن و ئیتر لە شـوێنەکە دوورکەوتەوە. دوای ڕۆیشـتنی ئاجودانباشـی سـەربازەکان لـە ترسـان درێژەیان بـە هێرش نەدا. لەم کاتەدا سـێ بەش لە چوار بەشـی شـار بەدەست سەرباز و چواریەکی بەدەست مـەلا محەممەدعەلییـەوە بوو. هەموو ئەو ماڵانەی وا کەوتبوونە دەسـت سـەرباز و سـپا وێـران ببوون و دار و تەختەیان سـەرباز فرۆشـتبوونی... لـە ڕۆژی هاتنە ناو زەنجانـەوە ٥٠٠ کـەس کـوژراون و زیاد لە ٢٠٠ کەس بریـندارن، هیچ چادرێک نییە سـەربازی بریندار تێدا نەبێ. هەموو ئەو بابییانەی وا دەگیران دەیانهێنانە بەردەم ئاجودانباشـی و سـەرباز دەیانکوشـتن. لە کاتی سـەفەردا لە هەر مەنزڵێک دیاریی

زۆریـان بـۆ ئاجودانباشـی دەهێنا لە ئێسـتر و شـاڵ و نەغدینە، بەگشـتی داهاتێکی زۆری کەوتە دەست.»

**بەڵگەنامەی ژمارە ١٩**

فایلـی ژمـارە ١٣٤، تـاران ١٨٥٠، ڕاپۆرتـی باڵوێـز دالگۆرکـی بەسـناوین، تاران ١٨٥٠/١٠/٢٦، ژمارە ٨١.

«بابییـەکان بـە هەمـان توندوتیژیـی جارانـەوە خەریکی شـەڕن. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وا لە زەنجانەوە هاتوون، سـەرتیپ فەڕوخخان [برای عەزیزخان (؟)] کـە لە کرماشـانەوە هاتبووە زەنجـان، بابییەکان گرتوویانە و ئاگریـان تێبەرداوە... بارودۆخـی نالەبـار وای کـردووە کـە شـا، دوو هەنگـی نوێ لەژێـر فەرمانی کوڕی عەزیزخاندا بنێرێتە زەنجان...»

سەرچاوەکان:


١. مرتضـی مدرسـی چهاردهـی، «شـیخگیری، بابیگری از نظر فلسـفه، تاریـخ و اجتماع»، کتابفروشی فروغی، تهران ١٣٤٥/ ١٩٦٦، فارسی.

٢. ایوانوف، م. س. «شورش بابیان در ایران، سال‌های ١٨٤٨- ١٨٥٢»، لینینگراد، نشریه و فەرهنگستان علوم، ا. ج. س.ش. جلد ٣٠، فارسی.

## عەزیزخانی سەردار و قرةالعین

بابییەکان دیاردەیەکی نوێی کۆتاییەکانی سەردەمی فیئۆدالّیی ئێران بوون. شۆڕشی پیشەسازی و زێدەخوازیی دەسمایەداری و کۆلۆنیالیزمی ئوروپاییەکان دنیای هەژاندبوو. گۆڕانکاری و خواستی نوێکردنەوەی دیاردەی کۆن گەیشتبووە عوسمانی و ئێرانیش. نوێخوازەکان بەوەی هەبوو ڕازی نەبوون و هەوڵی نوێکردنەوەی لایەنی جیاجیای کۆمەڵگایان دەدا و بابییەکان بەئاشکرا دژ بە ئایینی ئیسلام وەستابوون و دەیانگوت ئامۆژگارییەکانی لەوە کۆنترن کە بتوانن چارەسەی کێشەی ڕۆژ بکەن و زیاد لە هەموو شت دژ بە ڕۆحانییەت و مەلایەتی وەک واسیتەی نێوان خودا و مرۆڤ وەستابوون و هەر ئەوەش بەتەنیا بەس بوو بۆ ڕق و کینەی لەبنەهاتووی «آیات عظام» و هاندانی حکوومەت و شەخسی ناسرەددینشای قاجار (١٨٣١ـ ١٨٩٦) بۆ کوشتنی عەلیمحەممەدی باب (١٨١٩ـ ١٨٥٠) و سەرکوت کردنی بابییەکان.

شتێکی سروشتییە کە سەردار عەزیزخانی موکری (١٧٩٠ـ ١٨٧٠)، وەک فەرماندەی کوللی قشوونی ئێران و دەستەڕاستی ناسرەددینشا، لە لێدان و کوشتنی بابییەکاندا دەوری تایبەتی گێڕابێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی دالگۆرکی ـ باڵوێزی ڕووسیای تزاری لە تاران ـ عەزیزخان بە خۆی و کوڕەکەی و سەرتیپ فەرڕوخخان (؟) و محەممەدخانی بەگلەربەگ و ٦هەزار سەربازەوە ماوەی ٦ مانگ لە شاری زەنجان شەڕی بابییەکانیان کرد هەتا مەلا محەممەدعەلی و ٣هەزار کەس بابی زەنجانیان کوشت و تاقیان لێبڕین (١).

هەروەها عەزیزخان دوابەدوای ڕووداوەکانی زەنجان، لە ئابلۆقەدان و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری بابییان لە ماکۆ و قەڵای چەهریق (چاری)، کە دواتر بوو بە ماڵ و داڵدەی سمایلئاغای سمکۆ، دەوری سەرەکی بینی.

بەڵام وا هەیە گەورەترین پەڵەی سەرشانی عەزیزخان، کوشتنی «فاتمەی

زەڕڕینتـاج زەکیەی بەرەقانی»)، ناسـراو بـە «طاهرە قرةالعین» (١٨١٤ ـ ١٨٥٢)، کچی حاجـی مـەلا سـاڵحی قەزوێنـی بـێ. تاهیرە شـاعیر و زمانپـاراو و بوێـر و خاوەن بڕوایەکـی پتـەو بـە نوێخوازیی ژیانـی کۆمەڵایەتی بوو، بە شـێوەیەک کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران و ئیسلام و ناوچەکەدا حیجابی لە سەری خۆی فڕێدا (ساڵی ١٨٤٨)، بەڵام دوای تیرۆری سـەرنەکەوتووی ناسرەددینشـا و دەسپێکی کوشتاری بابییەکان، پاش ماوەیەک ژیان لە تاراوگەی بەغدا و کرماشان، بەپێی حوکمی شا و فەرمانـی عەزیزخـان لە تاران ئیعدام کرا. بەگوێرەی دەیان سـەرچاوە و یەک لەوان کتێبـی «بـە یـاد صدمین سـال شـهادت نابغـە دوران، قرةالعین»، کارەکـە بە حوکمی ناسرەددینشا و فەرمانی عەزیزخان بەڕێوە چوو.

کەڵانتـەری تـاران، قرةالعیـن دەنێرێتـە لای عەزیزخان لە باغی ئێلخانی (شـوێنی ئێسـتای بانکـی میللیی ئێران لە شـەقامی فیردەوسـیی تـاران)، ئەویش دەسـرەیەک فڕێدەداتـە بەردەم یەکێک لە سـوارەکانی خۆی بەواتـای ئەوەی بچێتە ئەو ژوورەی وا «قرةالعیـن»ی تێـدا زیندانـی کراوە و ئەو دەسـرەیە بخاتە ملـی و بیخنکێنێ؛ کابرا فەرمانی عەزیزخان بەڕێوە دەبا و بەو شێوەیە، لە مانگی سپتامبری ١٨٥٢دا کۆتایی بە ژیانی گەورەژنێکی مێژووی مرۆڤایەتی دێ (٢).

مـن ئـەوەم بۆیە نووسـی کە ڕاسـتیم نەشـاردبێتەوە و چەواشـەکاریی مێژووم نەکردبێ. باهەموومان ئاگاداری ئەنجامی کارەکانمان بین و بزانین کە مێژوو دواپین داوەری کردەوەکانمانە.

ئەوە بەشێک لە شێعرێکی فارسیی «طاهرە قرةالعین»ە:

**گر بتـو افتـدم نظـر، چهرەبەچهـرە، رووبەرو**
**شرح دهـم غـم تـرا نکتەبەنکتـە، موبەمـو**
**از پـی دیـدن رخـت، همچـو صبا فتـادەام**
**خانەبەخانە، دربـەدر، کوچەبەکوچە، کوبەکو**
**مـیرود از فـراق تـو خـون دل از دو دیدەام**

**دجلەبەدجلە، یم‌بەیم، چشمەبەچشمە، جوبەجو**
**مهـر تـو را دل حزیـن، بافته بر قـماش جان**
**رشتەبەرشـتە، نخ‌بەنـخ، تاربەتـار، پوبەپـو**
**در دل خویـش طاهره گشـت و ندیـد جز ترا**
**صفحەبەصفحـە، لابـەلا، پردەبەپـردە، توبەتو**

دیـارە نـە خوێنەر و نە من بە خوێندنەوەی ئەو هەواڵە سـەبارەت بە عەزیزخان خۆشـحاڵ نین، بەڵام سـەرداری گشتیی قشـوونی ئێران بوون ئەویش لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی ناسرەددین‌شـادا ئەوانەشـی لەگەڵ دەبێ. ئەو لەو پۆست و مەقامەدا دەسـتەگوڵی بـۆ خەڵـک نەبـردوو و بڕیاریـش نەبووە ببیـات! فەرماندەی شـەڕە و حکوومەتـی ناسرەددین‌شـا بابییەکانـی وەک گەورەتریـن دوژمنـی خـۆی دەبینـی، ئاشکرایە فەرماندەی سپاکەشی دەبوو ئەو فەرمانە بەڕێوەبەرێ کە ئاغاکەی پێیدەدا.

سەرچاوەکان:

١. مرتضـی مـدرس چهاردهـی، «شـیخیگری، بابیگری از نظر فلسـفه، تاریـخ و اجتماع»، کتابفروشی فروغی، تهران ١٣٤٥/ ١٩٦٦، ص ١٨٤ - ١٨٩.

٢. کتێبی «به یاد صدمین سال شهادت نابغه دوران قرةالعین»، کە نووسەرەکەی ئاشکرا نەکراوە، لە ساڵی ١٣٦٨ی کۆچی مانگی (= ١٩٤٩ز)دا بۆ یەکەم جار بڵاوکراوەتەوە و چاپی دووهەمی لە ساڵی ٢٠٠٠دا بە شێوەی ئەلەکترۆنی خراوەتە سەر ئینترنێت.[1]

1. http://www. babieh. com/farsi/ketab/beyad100/beyad100. pdf (page 17-18).

## ئەشکەنجە لە ژێرخانی ماڵی عەزیزخانی سەردار

گۆڤار یان «وەرزنامە»ی فارسیی «بوخارا» لە لاپەڕە ١٧٨- ١٧٩ی ژمارە ٧٧ (مهر - دی ١٣٨٩/ ٢٠١١)ی خۆیدا، دەقی نامەیەکی «کۆنت ئەندروود ئابۆت» کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێزی بە سەرەتایەکی کورتەوە چاپ کردووە کە بەگوێرەی سەرەتاکە، دەبێ بۆ سەردار عەزیزخانی موکری (١٧٩٠ - ١٨٧٠) نێردرابێ. ڕێکەوتی نامەکە ٩ی مانگی شەشەکانی ١٢٨١ی کۆچییە کە بە حیسابی «تقویم تطبیقی» دەکاتە ١٨٦٥/٣/٨ی زایینی.

لە نامەکەدا، کۆنسوول بۆ عەزیزخان دەنووسێ:

«... بەداخەوە بیستوومە کەسێک بەناوی «ئەحمەدی کورد» لە ژێرخانی ماڵی ئێوەدا ئەشکەنجە کراوە و قامیشیان لەژێر نینۆخی ڕۆکردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ناسرەددینشا لەسەر داوای شای ئینگلستان فەرمانی [یاساخ بوونی ئەشکەنجەی] دەرکردووە... لە کۆتاییشدا دەڵی من بە پێویستی دەزانم هەواڵەکە بە وەزیری موختار[ی ئینگلیز لە تاران] ڕابگەیەنم و هیواداریشم جەنابت وەڵامی نامەکەم بدەیتەوە...»

ئەوەی لەو بابەتە کورتەی وەرزنامەی بوخارا دەردەکەوێ ئەوەیە گوایە نامەکە یەک لەو بەڵگە گرنگانە بووە کە لە ماڵی «سراج‌الدوله میر» لە تەورێز پارێزراون و» دوکتۆر«عباسقلی صادقی» لە ٣ بەرگدا بەناوی «مکاتبات دول ثلاثه با ایران» چاپی کردوون. ئەم بەڵگەنامەیەی جێگەی باسی ئێمە لە لاپەڕە ١٧٠ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا چاپ کراوە کە تایبەت بە دەوڵەتی ئینگلیزە.

دیارە من دەستم بەو کتێبە ڕاناگا، بەڵام ئەگەر ڕێگەم بکەوێتە ئارشیڤی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن هەوڵ دەدەم سۆراغێک لە نامەکە بگرم و بزانم کاتی خۆی کۆپییەکی نێردراوەتە لەندەن یان نا و گەلۆ عەزیزخانیش وەڵامی نامەی ئابۆتی داوەتەوە؟

لە پەیوەندیی بابەتەکەدا چەند خاڵێک هەن بیاننووسم:

یەکـەم، عەزیزخـان لـە زۆر سـەرچاوەدا بـە دڵـڕەق نـاوی بـراوە و گوایـە ناسرەددینشـا لـە هـەر شـوێنێکی ئێـران ڕاپەڕیـن و ئاڵۆزییـەک ببینرایـە، ئـەوی دەنـاردە سـەر خەڵکەکـەی. بۆ نموونـە ناردوویەتـە مەئمووریيەتی گێڵان و شـیراز کـە لـە هەردووکیـاندا ڕاپەڕینەکانـی خەڵکـی دامرکانـدووە. هەروەهـا فەرمانـدەی سـەرەکی بـووە لـە ئابڵۆقەدانـی بابییـەکان لـە زەنجـان و چـاری یـان چەهریـق. هەواڵێکـی دیکـە سـەبارەت بـە توندوتیـژی نواندنـی عەزیزخـان ئـەو هەواڵەیـە کـە دەگوتـرێ گوایـە «قرةالعیـن»، کچـی ئازادیخـواز و شۆڕشـگێڕی قەزوێنـی بـە فەرمانـی ناسرەددینشـا، بـەڵام بەدەسـت نۆکەرانـی عەزیزخـان لە تـاران خنکێنرا. ئاشـکرایە بەشـێکی زۆر لـەو کارانـە، ئەرکی ئیداری بوون کـە لەلایەن حکوومەت و شەخسـی ناسرەددینشـاوە پێی ئەسـپێردراوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ لە سـەرچاوە مێژووییەکاندا بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون.

دووهەم، سەردەمی نووسرانی نامەکە ٥ ساڵێک پێش کۆچیدوایی عەزیزخان و هـی سـاڵانێکە کە لەسـەر پۆسـتی سـەردارکوللی نەمابـوو و بە نیوەخانەنشـینی لە تەورێز دەژیا.

سێهەم، ئەو کەسەی وا لە ژێرخانی ماڵی عەزیزخاندا لە شاری تەورێز ئەشکەنجە کراوە، کورد بووە، واتە ئەو دەمیش وەک ئێستا چەقۆی کورد بەپێچەوانەی چەقۆی میللەتان دەسکی خۆی بڕیوە!

چـوارەم، گەرچـی دەبـێ لـە ئەسـڵی کتێبـی سـەرچاوە (مکاتبـات دول ثلاثـە)دا ڕوونکرابێتەوە، بەڵام لە سەرەتای نووسراو بۆ بەڵگەنامەکە دەرناکەوێ ئایا نامەکە بـە ئینگلیزی نووسـراو و نێـردراوە یان کاتبانی کۆنسـوولییەتی بریتانیـا لە تەورێز پێش ناردن کردوویانەتە فارسی. هەروەها ڕوون نییە ئایا وەڵامی عەزیزخان (ئەگەر وەڵامێـک بووبـێ) بـە چ زمانێـک نووسـراوە. من لام وایـە دەبێ ئەو چەشـنە نامانە هـەر بـە فارسـی نێردرابێتـن، سـەرەتای نامەکەش «جنـاب جلالت مآبا، اجـل افخما، دوسـتان اسـتظهارا، مشـفق مکرما» کە هەمووی تەعبیراتی عەرەبیـی بەکارهاتووی

نێو زمانی فارسیی ئەو سەردەمەن، دەریدەخا کە بە شێوازی نامەنووسینی فارسیی ئەو ساڵانە نووسرابێ، دەنا نامەی فەرمیی ئەو ساڵانەی بریتانیا، کە من زۆریانم لە نێـو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بینیون، ئەوەندە موجامەلەیان تێدا نییە و ساکارترن.

پێنجەم، ساڵی نووسرانی نامەکە (١٨٦٥ی ز) ڕاست ١٥ ساڵ پێش شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ی شـێخ عوبەیدیللای نەهرییە و ئابۆت کە لام وایە ئەو دەم وەک بەشـێک لە باڵوێزخانەی بریتانیا لە خاکی عوسـمانی کاری کردووە، سـەبارەت بەو ڕاپەڕینەش ڕاپۆرتێکـی زۆری نـاردووە بـۆ تاران و لەوێوە بۆ لەندەن. من سـاڵانێکی زۆر پێش ئێسـتا بەشـێک لەو بەڵگەنامانەم وەرگێڕایە سـەر کوردی و لە گۆڤاری مامۆسـتای کورد چاپی سـتۆکهۆڵمی سـویددا بڵاوکرانەوە، بەڵام بەداخەوە ڕێکەوت و ژمارەی گۆڤارەکەم ئێستا لە بیر نییە.

شـایانی باسـە لـە لاپـەڕە ٢٤٣ی بەرگـی پێنجەمـی یادداشـتەکانی ئەسـەدوڵڵا عەلـەم، وەزیـری دەربـاری محەممەدڕەزاشـای پەهلەویش کە لە بەشـی ٣٩٥ی ئەم زنجیرەوتارەدا هەندێک بابەتی لێ‌ڕاگوێزرا، ئاماژە بەوە کراوە کە ناسرەددین‌شـای قاجار لە سـەفەرێکی ئورووپای خۆی‌دا ویسـتوویەتی لە فەرەنسەوە بچێتە بریتانیا، بەڵام ئیجازەیان پێنەداوە لەسـەر ئەساسـی ئەوەی کە لە ئێرانی ژێر حوکماتی ئەودا زیندانییان ئەشکەنجە دەکرێن.

ئەوەش دەقی فارسـیی نامەی کۆنسـوول ئابۆت بۆ عەزیزخان وێڕای سـەرەتای کورتـی وەرزنامـەی «بوخارا» کە هاوڕێیە لەگەڵ وێنەیەکی ناسرەددین‌شـا. من هەر دوو لاپەڕەی ١٧٨ ـ ١٧٩ی وەرزنامەکەم کردۆتە یەک و پێکەوە کۆپیم کردوون، بەڵام با پێشتر ئەو بڵێم کە من خۆم گۆڤاری بوخارام نەبینیوە و دۆستێکی خۆشەویستم کۆپییەکی لەو دوو لاپەڕە پەیوەندیدارە بۆ هەڵگرتووم و پێیداوم کە لێرەدا سپاسـی زۆری دەکەم:



• ناصرالدین شاه در شصت سالگی

**١۵٩٧- ناصرالدین شاه و قبول لغو شکنجه ولی بی‌اعتنائی به آن**

از کنسول انگلیس آبت (Abott) در تبریز به تاریخ ٩ شوال ١٢٨١ نامه‌ای به عزیز خان سردار کل پیشکار آذربایجانی مکشوف شده است که حکایت از توجّه دولت انگلیس می‌کند نسبت به شکنجه‌هایی که در ایران معمول بوده و درین نامه اظهار شده است که در خانهٔ سردار کل مکری نِی به ناخن احمد کُرد کرده بوده‌اند. اعتراض کنسول انگلیس به مناسبت آن است که شکنجه مطابق تصمیمی نیست که ناصرالدین شاه به پادشاه انگلیس اظهار کرده بود.

این نامه ضمن اسناد مهم دیگری است که در خانهٔ سراج‌الدولهٔ میر در تبریز نگاه‌داری می‌شد و اینک به همت قابل تحسین آقای دکترعباسقلی صادقی منتشر شده است در سه جلد کتاب بسیار خواندنی و متنبه‌شدنی.

این نامه همانندی دارد با تذکارهایی که در دههٔ چهلم قرن بیستم شمسی از سوی مراجع بین‌المللی به ایران داده می‌شد و سیدحسن تقی‌زاده در زندگی طوفانی بدان اشارت کرده است

اینک اصل نامه را بخوانید:

جناب جلالت‌مآبا، اجل افخما، دوستان استظهارا، مشفق مکرما، دوستدار با افسوس تمام شنیده که این روزها آن جناب جلالت‌مآب در خانهٔ خودشان یک نفر احمدنام کرد را حکم به شکنجه کردن داده‌اند یعنی نی به ناخن او زده‌اند. در صورت صدق دوستدار متحیّر است که آن جناب چگونه راضی می‌شوند که این‌طور بیرحمی را در خانهٔ خودشان بکنند و علاوه بر این آن جناب باید بدانند که شکنجه کردن به مردم خلاف حکمی است که اعلیحضرت پادشاه ایران بنا به خواهش اعلیحضرت پادشاه انگلیس فرموده‌اند. به دوستدار واجب آمد که هر وقت ازین‌گونه حرکات را استماع نماید به جناب جلالت‌مآب وزیر مختار اظهار کند. امیدوار است جواب این رقعهٔ دوستدار را لطف بفرمایید. زیاده زحمت است.

**[کنت اندرود آبت]**

**تحریراً فی ٩ شهر شوال ١٢٨١.**

(نقل از ص ١٧٠ مکاتبات دُوَل ثلاثه با دولت ایران. جلد اول: انگلیس به اهتمام عباسقلی صادقی فروزنده کاظمی تهران ١٣٨۶).

## نامەی سەرداری موکری

ئــەوەی خـوارەوە نامەیەکـی حەمەحوسـێنخانی سـەرداری موکـری (بابامیری)یـە بـۆ ڕۆژنامــەی «هەتـاوی کـورد» چاپـی ئەسـتەموول، کـە لـە ژمـارە ٣ی گۆڤارەکە (ساڵی١٩١٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

حەمەحوسێنخان کوڕی سەردار سەیفەددینخان و نەوەی عەزیزخانی سەرداری فەرماندەی گشتیی قشوونی ئێران بوو، کە خاوەنملّکی بۆکان و هەروەها سەرداری ویلایەتـی موکریـان بـوو و چ لە بـۆکان لە ماڵی خۆیەوە و چ لە مەهاباد (سـابڵاخی ئەو دەم) کە ناوەندی ڕەسمی و ئیداریی موکریان بوو، حوکماتی ناوچەکەی دەکرد.

لە مێژووی نوێی بۆکاندا، سەرجەم چوار سەردار دەردەکەون:

عەزیزخانی سەردار (١٧٩٠ـ١٨٧٠)؛

سەیفەددینخان (١٨٦٣ـ١٨٩٠)؛

حەمەحوسێنخان (١٨٨٠ـ١٩١٤)؛

عەلیخان (١٨٩٦ـ١٩٣٢)؛

سەردارەکانی بۆکان سەر بە تایفەی «بابامیری» بوون، کە لقێکی دێبوکرییەکانە و بەگشتی لەسەر چۆمی مەجیدخان (نێوان بۆکان و میاندواو) دەژیان، ئێستا زۆرێکیان دانیشتووی بۆکانن.

عەلیخانی سەردار بە مێرمنداڵی نێردرابووە ڕووسیا (لە ڕاستیدا شاری تفلیس پێتەختی گورجستان کە ناوەندێکی گەورەی فەرهەنگی بوو و ئەو دەمانە بە پاریسی ڕۆژهەڵات ناودەبرا). عەلیخان لەوێ دەرسی خوێندبوو و لە گەڕانەوەدا پاسکیلێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە لە بۆکان سواری دەبوو و خەڵک پێیان دەگوت «کەرماشێن». هەروەها کامێرایەکی وێنەگرتنی هێنابوو و یەک لە پێشڕەوانی وێنەگرتنە لە ئێراندا. کەسـایەتیی عەلیخـان و چارەنووسـەکەی زۆر لە هی ئەحمەدشـای قاجار، دوایین شـاهی قاجاریـی ئێران دەچـێ. وەک ئەو گەنج و خوێنـدەوار و ئەمڕۆیی بوو، وەک ئەویـش لـە کاری حوکمات کردندا بێئەزموون. عەلیخان لە تەورێز ماڵی هەبوو و

زۆر کاتی ساڵ لەوێ دەژیا و وەک دەگوترێ زیاتر خەریکی ژیانی شەخسی بوو تا موڵکداری. هەر ئەوەش بووە هۆی قەرزداری و لە دەستچوونی مۆڵک و ماڵ، هەتا ئەوەی بۆکانی بە تاجرێکی تەورێزی فرۆشت، کە درەنگتر ئاغاواتی دێبوکری (بنەماڵەی ئێلخانیزادە و موهتەدی) لێیان کڕییەوە.

ئەوەی ئێمە بیستبێتمان و لە سەرچاوەکاندا هاتبێ زیاتر ئەوەیە کە سەردارەکانی بۆکان مەئموری حکوومەتی ناوەندی لە ناوچەی موکریان و خەڵکانێکی گوێ لەمست و وەفاداری ئێرانییەکان بوون. ئەم نامەیەی حەمەحوسێنخان ڕاستییەکی گەلێک جیاواز دەردەخا و ڕوخسارێک لە سێهەم سەرداری بۆکان دەکێشەتەوە کە دژ بە زانیارییە باوەکان دەوەستێ، ڕوخساری کوردێکی دڵسۆز و خەمخۆرێکی گەل و نیشتمانەکەی خۆی، کەسێک کە دەزانێ گەلی کورد مێژوویەکی پڕ لە شانازیی هەیە، بەڵام لە ژیانی هاوچەرخدا تووشی کەندوکۆسپی گەورە هاتووە، بە چەشنێک کە ئێستا منداڵەکانی دەبێ بە فارسی و تورکی بخوێنن!

ئێمە ئەگەر بۆچوونی نێو ئەم نامەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی عەزیزخانی سەردار (باپیرەی حەمەحوسێنخان) بەراورد بکەین، کە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بەوە تاوانبار کرا لایەنگریی سەربەخۆیی کوردستان دەکا و هەر بەو ناوەشەوە خانەنشینیان کرد، دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی وا کە ئەم هەستە نەتەوایەتییە هەر لە سەرەتاوە لە بنەماڵەی سەردارەکاندا هەبووە و هەتا سەردەمی حەمەحوسێنخانیش درێژەی کێشاوە، جا ئەگەر کاربەدەستیکی میریش بووبێتن، هەستی کوردانەیان هەبووە و ئەوە نین کە بۆ نموونە، لە «کتێبی سەوزدا» دەگوترێ. «کتێبی سەوز» بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانە لەمەڕ ڕووداوەکانی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، کە بەشی زۆری، سنوورەکانی بەری ڕۆژاوای ئێران و خاکی کورد دەگرێتەوە.

من نامەکەم لە کتێبی«چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی» نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین وەرگرتووە. بەگوێرەی ئەو هەواڵە، لە ژمارەی ٣ی گۆڤاری هەتاو چاپی ئەستەموولدا، باپیری حەمەحوسێنخانی سەرداری

موکری، کە حاکمی سابڵاخ بووە، پیرۆزبایی بۆ هەتاوی کورد ناردووە و گوتوویەتی:

«ئاقای من! چاوم کەوت بە ڕۆژنامەی هەتاو. وا بزانە کە هەموو دنیایان دا بە من، چونکە تا ئێستە ئەو میللەتە، کە لە پێش‌دا لە هەموو میللەتان مەشهوورتر و ئازاتر بوو، ئەوڕۆ بەدبەختی ڕووی تێکردووە و بەدبەختیان گەورەترە؛ ئەدەبیاتمان نەبوو، منداڵی ئێمە کە بیانخوێندایە دەبوو بە زمانی فارسی یا تورکی بخوێنن، شوکری خودا کە ئەمڕۆ لە ئەسەری قەڵەمی جەوانانی غەیووری ئێمە، دوو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ دەکرێ؛ لەسەر هەموو کوردان لازمە قەدری ئەو زاتە گەورانە بزانن و بە هەموو تەرزێ لە پێشرەفتی ئەو مەقسوودە موقەددەسە، کە ئەو دوو وجوودە موحتەرەمە عەبدولعەزیزبەگ لە پێشیان کەوتووە کۆمەک بکا، بەڵکوو ئینشائەڵڵا کوردیش بێتە عەرسەی تەمەدوون و بە زبانی خۆی نەشری مەعاریف و تەئلیفی کتێب و تەئسیسی مەداریس بکا، تا لەوە زیاتر لە خەوی غەفڵەت‌دا نەمێنن. خواهیش و تەمەنا لە ئەو دوو زاتە موحتەرەمە دەکەم، هەموو مانگان ڕۆژنامەی هەتاوی کورد و ڕۆژی کورد، ڕەوانە بکەن، کە چاوم بە تەماشاکردنی ئەوان ڕوون دەبێتەوە.

قیمەتی ئابوونەم ڕەوانە کرد، لە حاجی زەینەلعابدین تەورێزیی وەرگرن. ئینشائەڵڵا لەوە بەدواوە ئیعانەش دەنێرم. بە گیان و دڵ بۆ هەموو حەدەس حازرم.»[١]

---

١. ڕۆژنامەی هەتاوی کورد چاپی ئەستامۆڵ، ژمارە ٣، سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٤ (ژمارە ٢ لە ٢٢ی نوامبری ١٩١٣ و ژمارە ٤ و ٥ لە ٢٣ی مەی ١٩١٤دا بڵاوبۆتەوە).

سەرچاوە: «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٩٨ـ ١٨١٦»، بەرگی یەکەم، نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ١٥٠ لاپەڕە، کوردی.

## وێنەیەکی مێژوویی و چەند ڕوونکردنەوەیەک



ئەم وێنەیە لە کاناڵێکی تێلیگرامی بەناوی «خاندان اردلان» وەرگیراوە و لەژێری‌دا بە فارسی ئەم ڕستەیە نووسراوە:

«سومی از سمت راست ماهپارەخانم اردلان همسر سردار بوکان و خواهر اجلال‌السلطنه حاکم وقت سقز» واتە: «سێهەم کەس لە ڕاستەوە ماپەرەخانمی ئەردەڵان هاوسەری سەرداری بۆکان و خوشکی ئیجلالوسسەڵتەنە حاکمی ئەو کاتەی سەقز»ە.

بەداخەوە سەرچاوەکە لەوە زیاتر هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە ماپەرەخانم خۆی و کەس‌وکاری و مێرد و منداڵی ڕانەگەیاندووە؛ هەر بۆیەش پێویست دەکا بەگوێرەی توانا، ڕووناکی بخرێتە سەر لایەنی مێژوویی بابەتەکە و بزاندرێ ئەو کەسانەی وا ناویان لەوێ‌دا هاتووە، کێن. من هەوڵم داوە بەگوێرەی سەرچاوەکانی بەردەستم ئەم زانیارییانەی خوارەوە گردوکۆ بکەمەوە، بەڵام تا ڕادەیەک ناتەواون و پێویستە تەکمیل بکرێن.

## یەکەم، ماپەرەخانمی ئەردەڵان

بەداخــەوە ژیاننامــەی ماپەرە یان مەهپارە/ماهپارەخانم، وەک زۆربەی زۆری ژنانی کورد، بە نەناســراوی و نەگوتراوی ماوەتەوە و تەنیا خزمایەتییەکەی لەگەڵ پیاوان ڕاگەیەندراوە: خوشکی فڵان کەس و هاوسەری فیسارە کەس!

بەپێی یادداشتەکەی سایتی «خاندان اردلان»، ماپەرەخانم خوشکی «اجلال‌السلطنه» حاکمی ئەو سەردەمەی شاری سەقز و هاوسەری سەرداری بۆکان بووە.

نەمـر ئیبراهیـم ئەفخەمی لە کتێبـی «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان» (لاپەڕە ٢٢٩)دا سەبارەت بە حەمەحوسێن‌خانی سەرداری موکری، سێهەم سەرداری بۆکان، نووسیویەتی: «سێ ژنی بووە کە ناویان ستارە، مەهپارە و جەیران بووە.»

ئـەوە یەکـەم سـەلماندنی ڕاگەیاندنەکـەی سـایتی «خانەدانـی ئـەردەڵان»ە و ئەو سەردارەی بۆکانیش، حەمەحوسێن‌خان بووە.

## دووهەم، اجلال‌السلطنه

لە کتێبی «وحشــت در ســقز»، نووسینی نەمر مستەفا تەیموورزادە، هەندێک زانیاری لەســەر «آقـای اجـلال» و «اجلال‌الســلطنه»ی بـرای وەهاب‌خانـی ئـەردەڵان بەرچـاو دەکەوێ (لاپەڕە ٤٨ بەدواوە).

بەگوێـرەی کتێبەکـە، لە سـاڵانی شـەڕی یەکەمـی جیهانی‌دا، کە سـەقزیش وەک پاشـماوەی ناوچـە، هـەر دەمەی دەکەوتە بەر هێرشـی زۆرداریێک و هەر جارەی لە نێوان ڕووس و عوسمانی‌دا دەستاودەست دەگەڕا؛ حاجی وەهاب‌خان (امیر محتشم) لەلایـەن هـەر دوو ئـەو دەوڵەتانـەوە کرابـووە حاکمـی شـاری سـەقز و کاروباری ئەوانـی بەڕێـوە دەبـرد. ماوەیـەک دواتـر، ڕووسـەکان «اجلال‌السـلطنه»یان لەجێـی حاجی وەهاب‌خان دانا (ساڵی ١٣٣٣ی کۆچی/ ١٩١٤ ـ ١٥ی زایینی). ئەو دوو کەسە بـرای یەکتـر و سـەر بـە لقێکی بنەماڵـەی ئەردەڵانی سـەقز بوون. ئینجا سـەرەڕای خزمەتەکانیـان بـە ڕووس و عوسـمانی، لەسـەر کار لابـران و ڕووسـەکان حاجـی وەهاب‌خانیـان لـە ورمـێ دەسبەسـەر کرد و بۆ ڕزگار بوون لە دەست سـاڵدات و هاتنـەدەر لـە زیندانیـش، پارەیەکـی زۆریـان لێ‌وەرگرت! پێنـج سـاڵێک درەنگتر، لە

١٣٣٨دا ناوبراو بوو بە کاندیدی نوێنەرایەتیی شاری سەقز لە مەجلیسی شووڕای میللی ئێران، بەڵام شازادە «اقبال‌السلطان» سەرۆکی گوومرگی کرماشان بە بەرتیل سەری لە سندووقی دەنگەکان دەرهێنا!

ئەوەش دووهەم پەسندە لەمەڕ ڕاگەیەندراوەکەی سایتی خانەدانی ئەردەڵان و پشتڕاستی دەکاتەوە کە «اجلال‌السلطنه»ی ئەردەڵان لە قۆناغێکدا حاکمی شاری سەقز بووە، ئەو قۆناغەش دەوروبەری ساڵی ١٣٣٣ی کۆچیی‌مانگییە (١٩١٤ ـ ١٥ی زایینی). تا ئێرە زانیمان ماپەرەخانمی نێو وێنەکە، خوشکی «اجلال‌السلطنه» حاکمی سەقز و لە بنەماڵەی ئەردەڵانییەکانی سەقز بووە و بۆتە هاوسەری حەمەحوسێن‌خانی سەرداری بۆکان، بەڵام هێشتا هەندێک پرسیار هەن کە بێ‌وەڵامن:

«اجلال‌السلطنه» ناسناوی کەسەکە بووە، ئایا ناوی خۆی و ناوی باوکی چی بووە؟

ئایا ماپەرەخانم لە چ ساڵێکدا مێردی بە سەرداری بۆکان کردووە و منداڵی لێی بووە یان نا؟

## سێهەم، سەردارەکانی بۆکان

«سەردار»ەکانی بۆکان چوار کەس بوون کە بنە و بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی نستانی شاری سەردەشت:

١. عەزیزخانی موکری (١٧٩٠ ـ ١٨٧٠ی ز)، کە لە سەردەمی ناسرەددین‌شای قاجار (١٨٣١ ـ ١٨٩٦)دا گەیشتبووە پلەی وەزیری کابینە و «سردار کل»ی قشوونی ئێران. عەزیزخان بەزۆر یان بە کڕین، ملک وماڵێکی زۆری لە ناوچەکە وەدەست هێنابوو کە بریتی بوون لە بۆکان و میاندواو و سەردەشت و چەندەها گوند، بەڵام بەگشتی نیشتەجێی شاری تەورێز و تاران بوو و چوارڕێیانی عەزیزخان دووسەد میترێک لە باکووری مەیدانی حەسەنابادی تاران، هەروەها شوێنێکی ئەو شارە بەناوی «آب سردار» لە پشت مەیدانی بەهارستان بەرەو مەیدانی ژاڵە، بەناوی ئەوەوە کراون. عەزیزخان لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تۆمەتی لایەنگری کردن لە

سـەربەخۆیی کوردسـتانی لێدرا، لەسـەر کار لابـرا و بـۆ ماوەیەک بە خانەنشـینی گەڕایەوە سەردەشـت و بۆکان، دوای مردنیش لە تەنیشـت «مقبرةالشعراء»ی شاری تەورێز ئەسپاردە کرا.

٢. سەردار سەیفەددینخانی بابامیری (سەرداری موکری) (١٨٦٣ ـ ١٨٩٠) کوڕی سەردار عەزیزخان و حاکمی ناوچەی موکریان وەک بەشی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا بوو. پێگەی حکوومەتی سەیفەددینخان شاری سابڵاغ (مەهاباد) بووە، بەڵام ژیانـی بنەماڵەیـی لە بۆکان تێپەڕکردووە. سـەیفەددینخان لـە کۆتاییدا دەرمانخۆر کراوە و لە تەورێز لە نزیک مەزاری عەزیزخانی باوکی نێژراوە. لە سەردەمی ئەودا دروستکردنی قەڵای بۆکان دەستی پێکردووە.

٣. سـەردار حەمەحوسـێنخانی بابامیـری (سـەرداری موکـری) (١٨٨٠ ـ ١٩١٥) کوڕی سـەیفەددینخان دوای مردنی باوکی لە شـوێنی ئەو دانیشت. لە سەرەتاکانی شـەڕی یەکەمی جیهانیدا کاتێ سـپای داگیرکەری عوسمانی بە پشتگیریی ئاڵمانیای قەیسـەری هاتبووە نێو خاکی ئێرانەوە، بە تاوانی لایەنگری لە ڕووسـیا، سەرداریان گرت و ڕایانگوێستە بنکەی سپایی خۆیان لە شاری مەراغە، هەر لەوێش، ڕۆژی ٢٣ی سـەفەری ١٣٣٣ی مانگی/ ١٩١٥/١/١١ لەگەڵ سەیفەددینخانی موزەففەروسسەڵتەنە کوڕی مەجیدخانی ئەردەڵان حاکمی سەقز ئیعدامیان کرد.[١] تەرمی سەردار لە مەراغەوە هێنرایەوە بۆکان و لە «گومبەزی سـەردار» نێژرا. عوسـمانییەکان بە ماوەیەکی کەم پێـش ئـەم تاوانـە، حەمەخانی حاکمی بانە و شـێخبابای غەوسابادیشـیان بە هەمان

١. سـپای عوسـمانی سـاڵی ١٣٣٣ی کۆچـی هاتۆتـە ئێرانەوە. ئـەو باڵـەی هێزەکەیان کە لە موکریـان کوشـتاری خەڵکیـان کـرد لـەلای بانەوە هاتنە سـەقز و بـۆکان و سـابڵاغ. کە لە بەراوردی ڕۆژمێرەکاندا دەکاتە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٤ی زایینی، بەڵام ڕۆژی ئیعدامی سـەردار حەمەحوسـێنخانی بۆکان و سـەیفەددینخانی سـەقز، کە ٢٣ی مانگی سەفەر بێ، (ئەفخەمی، ل ٢١٣) دەکەوێتە ساڵی ١٩١٥ی زایینییەوە و دەبێتە ڕۆژی ١١ی مانگی ژانویەی ساڵی ١٩١٥. لە سەرچاوەکاندا ساڵی ئیعدامەکە بە ١٩١٤ نووسراوە، بەڵام بەراوردی وردی ڕۆژەکان دەریدەخا کەوتبێتە ساڵی ١٩١٥ەوە. بەگوێرەی نێوەرۆکی «کتاب سبز» کە کۆمەڵەی بەشـێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانە، لە ماوەی شـەڕی یەکەمی جیهانیدا، یەکەم ڕەنگدانەوەی دەوڵەت و ناردنی نامە بۆ ئەستەمووڵ ١٩ ڕۆژ دوای ئیعدامەکان، واتە لە ڕۆژی ٣ی ڕەبیعی یەکەمی ١٣٣٣دا بووە!

تۆمەتی لایەنگری کردنی ڕووس ئیعدام کردبوو.[١] شایانی گوتنە کە لەو ساڵانەدا هەندێک گەشبینی سەبارەت بە سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری لە کوردستان پەیدا ببوو و نیشتمانپەروەرانی کورد لایان وابوو ڕووسیا لەگەڵ سەربەخۆیی کوردانە و لەژێر زوڵمی عوسمانی و ئێران دەریاندەهێنێ. دەنا شێخبابا سەعید چی و ڕووسیا چی؟

فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی کە پێی دەگوترا «ئەرکانی حەرب» و لە ناوچەدا بە «ئەرکان» ناو دەبرا، ئیبراهیم بدلیسی ناوێک بوو. لە مێژووی زارەکیی ناوچەکەدا ئەو ساڵی ١٣٣٣ی کۆچییە بە «ساڵی ئەرکان» دەناسرێ کە بەرانبەرە لەگەڵ دوو مانگی کۆتایی ساڵی ١٩١٤ و ١٠ مانگی ساڵی ١٩١٥ی زایینی. سەردار حەمەحوسێنخان هەستێکی پاکی کوردانەی بوو و لایەنگریی سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد،

١. مامۆستای بەڕێز محەممەدڕەئووفی تەوەککولی لە کتێبی جوغرافیا و تاریخی بانەی کوردستان (لاپەڕە ٣٧٥)دا نووسیویەتی «ڕۆژی بیست و نۆهەمی محەرەمولحەرامی ساڵی ١٣٣٣ی کۆچیمانگی/ ١٩١٥ی زایینی، بە فەرمانی ئیبراهیم بدلیسی قوماندانی هێزی سەفەرییەی عوسمانی محەممەدخان کوڕی یۆنسخانی بانە دەسبەسەر کرا و ٣ سەعات دوای دەرکەوتنی خۆر، تیرەباران کرا». لە بەراوەرد کردنەکانی مندا، ئەو مانگی محەرەمەی ساڵی ١٣٣٣ ناکاتە ساڵی ١٩١٥ بەڵکوو لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣١٤دایە و بەبێ ئەملاوئەولا، کردوویەتە نێوان ڕۆژی ١٩ی نوامبر تا ١٨ی دیسامبری ١٩١٤. بە حیسابی پەڕاوێزی هەمان لاپەڕەی کتێبەکەی مامۆستا ڕەئووف، سەرچاوەی زانیارییەکانی کتێبی کورد و کوردستانی نەمر محەممەدئەمین زەکیبەگ، بەرگی ٢، لاپەڕە ٤١٤ بووە. من سەیری ئەو سەرچاوەیەشم کرد. لە چاپی یەکەمی کتێبەکەی ئەمین زەکیبەگ (دارالسلام، بەغدا ١٩٣١، لاپەڕە ٤١٤)دا نووسراوە: «ئەم حەمەخانەش لە ئەوەڵی شەڕی گەورە و لە ساڵی ١٣٣٣ی هیجریدا لە تەرەف قوەی سەفەرییەی عوسمانی (ابراهیم بدلیسی)ەوە کوژرا و خانەدانی یۆنسخانیش دوایی هات و بانە بووە قەزایەکی سابلاخ.»

ئەم بابەتە لە چاپی نوێی کتێبەکەدا، کە دەزگای سەردەم چاپی کردووە (سلێمانی، ٢٠٠٠، کەوتۆتە لاپەڕە ٢٥٤)، هەروەها لە بەرگی دووهەمی تەرجەمەی عەرەبی کتێبەکە وەرگێڕانی نەمر محەممەدعەلی عەونی (مطبعة سعادة، قاهرە، لاپەڕە ٤٢٤) و بەرگی دووهەمی چاپی فارسی کتێبەکە وەرگێڕانی کاک یەدوڵڵا ڕەوشەنڕەوان (تاران، ١٣٨١، لە لاپەڕە ٢٦٩)دا بە هەمان شێوە دووپات بۆتەوە و لە هیچکامیاندا باس لە مانگی محەرەمی ئەو ساڵە نەکراوە. بەگوێرەی «تقویم تطبیقی فردیناند ووستنفلد و ادوارد ماهلر، دکتر حکیمالدین قریشی، تهران ١٩٨٢»، ئەو مانگی محەرەمە دەکەوێتە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٤ و ١٣ ڕۆژ پێش ساڵی ١٩١٥ کۆتایی پێدێ. مەگەر بڵێین مانگی محەرەم نەبووە و سەفەر بووە کە ١٤ ڕۆژی لە ساڵی ٢٠١٤ و ١٦ ڕۆژی لە ساڵی ١٩١٥دا بووە. دەزانین سەردار حەمەحوسێنخانی بۆکان و سەیفەددینخانی سەقزیش هەر لەو مانگی سەفەرەدا ئیعدام کران.

هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی عوسمانیش‌دا پەیوەندیی هەبوو. لە ماوەی ژیانی حەمەحوسێن‌خان‌دا کاری بنیات نانی قەڵای بۆکان کۆتایی پێ هات، بەڵام ئەو بینایە مێژوویی‌یەی کورد دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ۱۹۷۹ی ئێران خاپوور کرا و پێگەیەکی سپایی لێ داندرا.

۴. سەردار عەلی‌خانی بابامیری (سەرداری موکری) (۱۸۹۶ ـ ۱۹۳۲) کوڕی حەمەحوسێن‌خان، لە تفلیس (تبلیسی) پێتەختی گورجستان (جۆرجیا) دەرسی سپایی دەخوێند،[۱] بەڵام دوای ئیعدامی باوکی گەڕایەوە ناوچەکە و لە شوێنی ئەو دانیشت. سەردار عەلی‌خان کە خاوەنی شەش دانگی شاری بۆکان بوو، شارەکەی بە بازرگانێکی تەورێزی فرۆشت. دوای مردنیش لەلای باوکی خۆی لە «گومبەزی سەردار»ی بۆکان نێژرا. ئەم بینا مێژوویی‌یە، ئێستاش هەر لەسەر پێیە.

ئێستا مەسەلەکە هەندێک ڕوونتر بۆتەوە و بە دڵنیایی‌یەوە دەزانین ئەو سەردارەی بۆکان کە لە یادداشتی ژێر وێنەکەدا ئاماژەی پێکراوە، سەردار حەمەحوسێن‌خانی سەرداری موکری بووە.

## چوارەم، ساڵی زەواجی ماپەرەخانم و سەردار حەمەحوسێن‌خان

بەداخەوە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە تەمەن و ساڵی لەدایکبوون یان مێردکردن و تەنانەت مەرگی ماپەرەخانم بەدەستەوە نییە و زانیارییەکان دەبێ لەلایەن حەمەحوسێن‌خانەوە شوێن هەڵبگیرێن.

ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی (۱۹۱۴ ـ ۱۹۱۸) لە پەیوەندیی بابەتەکەی ئێمەدا گەلێک گرنگن، لەبەروەی لە ڕێگەی تەیموورزادەوە دەزانین کە «اجلال‌السلطنه» ساڵی ۱۳۳۳، واتە ۱۹۱۴ ـ ۱۵، حاکمی سەقز بووە و حەمەحوسێن‌خانیش، کە لە

---

۱. لەو سەردەمانەدا دوو مەڵبەندی ڕووناکبیریی گەورە لە ناوچەکەدا هەبوون، ئەستەمووڵ و تفلیس. زۆرێک لە خوێندەواران و خەباتکارانی ئازەربایجانی لە تفلیس خوێندوویانە و تەنانەت دەگوترێ دەرویش‌خانی مۆسیقاری ئێرانیش هەر لەوێ خوێندبێ، بەڵام کاک عەبدوڵڵا عەلیار لەسەر حیسابی فەیسبووکی سایتی ڕۆژهەڵات/ بۆکان نووسیویەتی: «ئەوەندەی بزانم عەلی‌خانی سەرداری موکری لە پیترێزبوورگ خوێندوویەتی.» دوور نییە هەواڵی لای کاک عەبدوڵڵا ڕاستتر بێ.

ساڵی ١٨٨٠دا هاتبووە جیهان، لە هەمان ساڵی ١٣٣٣ (سەرەتای ساڵی ١٩١٥) لە ٣٥ ساڵیدا لە داری بێدادی تورکان دراوە. لە ڕێگەی ئەفخەمیشەوە زانیمان کە حەمەحوسێنخان سێ هاوسەری بووە کە یەکیان ماپەرەخانمی نێو وێنەکەیە. ئەگەری زۆر بەهێز ئەوەیە کە ژن و مێردایەتیی ئەو دوو کەسە پێش سەرهەڵدانی شەڕ بووبێ، بەڵام کەی؟ نازاندرێ. ئایا ماپەرەخانم هاوسەری یەکەم یان دووهەم یان سێهەمی سەردار بووە؟ ئەوەش نازاندرێ. گەرچی نەمر ئیبراهیمی ئەفخەمی و بنەماڵەکەیان بەهۆی پەیوەندیی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی سەردارەوە، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە میرزا مەحموودی ئەفخەم باوکی مامۆستا برایم، «مونشی و پێشکاری حەمەحوسێنخان بووە و لەگەڵ ئەویشدا لە مەراغە گیراوە و پاشان ئازاد کراوە» (لاپەڕە ١٩٩ی کتێبەکەی)، ئەو هەواڵانەیان بە تێروپڕی زانیوە، بەڵام لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێنەکروون. هیوادارم ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکە درێژە بە نووسینی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە و دوای ئەو بدەن و بەرگی دووهەم و سێهەم بە شوێن کتێبەکەی ئەودا ئامادە بکەن؛ دەزانم خەڵکانی توانای ئەم کارەشیان هەیە.

حەمەحوسێنخان دوو کچی هەبوون بەناوی کوبڕا و عیشرەتخانم. بەگوێرەی هەواڵی کاک عەبدوڵڵا عەلیار، «عیشرەتخانم پاشان بوو بە هاوسەری برایمئاغای ئێلخانیزادە، بەڵام منداڵیان نەبوو و کاک تاهیری ئێلخانیزادە کوڕی حاجی سمایلئاغای برا گەورەی برایماغایان وەرگرتبوو و لای ئەوان گەورە کرا. ئەگەر بەدروستی لە بیرم مابێ عیشرەتخانم لە دەیەی شێستی هەتاویدا کۆچیدوایی کرد.»

نازانم ئایا عەلیخانی سەردار کە دوای حەمەحوسێنخان بوو بە جێگری، کوڕی کامیەک لەو سێ هاوسەرەی بووە.

**

بگەڕێینەوە سەر وێنەکە. بەداخەوە ناوی ئەو خانمانەی دیکەی لای دەستی ماپەرەخانم ڕانەگەیەندراوە و گەلێک گرنگە بەرپرسانی بەڕێزی سایتی «خاندان

اردلان» ئەم ئەرکەش بگرنە ئەستۆ و ناوەکان، ئەگەر بزانن، ڕابگەیەنن. دیارە ئەگەر کەسانێکی دیکەش ئەو زانیارییەیان هەبێ و بتوانن هەموو یان بەشێک لەو خانمانە بناسنەوە و زانیارییان لەسەر بنووسن، کارێکی گرنگیان کردووە. ژن لە کوردستان ستەمی زۆری لێکراوە و لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە کە ناسنامەی تاکەکەسییان لێسەنراوەتەوە، با ئێمە لەگەڵ ئەم ڕەوتە هەڵەیەدا نەبین.

بە حیسابی شێوەی جلوبەرگ بێ، ژنەکان نابێ خەڵکی سنەی ئەردەڵان بن و زیاتر لە ئەندامانی بنەماڵەی دەسڕۆیشتووی ناوچەی سەقز یان ڕۆژهەڵاتی بۆکان دەچن، بەتایبەت سەربەندەکانی سەریان زیاتر وەک هی لای سەقزن و بەو پێیە دوور نییە وێنەکە لە سەقز کێشرابێ. بە دڵنیاییش لەم دواییانەدا نوێ کراوەتەوە و ڕەنگی لێدراوە، دەنا لە سەردەمی ژیانی ئەو کەسانەدا وێنەی ڕەنگی بوونی نەبووە.

هەروەها لە پەیوەندیی وێنەکەدا پێویستە بگوترێ کە سەردار عەلیخانی کوڕ یان زڕکوڕی مایەرەخانم، لە گەڕانەوەی سەفەری ڕووسیا (ساڵی ۱۹۱۵)دا، کامێرایەکی لەگەڵ خۆی هێنابووە بۆکان. گەلۆ ئەو وێنەیەش بەرهەمی هونەری عەلیخانە و بە هەمان ئەو کامێرایە کێشراوە یان دواتر سمایلخانی فەرڕوخی کێشاویەتی؟ سمایلخانیش لە پەیوەندیی بنەماڵەی سەردارعەلیخاندا بوو و خۆی و برایمخانی کوڕی یەکەم دووکانی عەکاسییان لە بۆکان کردبۆوە. هەروەها سمایلخان لە سەردەمی کۆماری کوردستان (۱۹۴۶)دا بۆ ماوەیەک لە تەورێز دووکانی عەکاسی هەبوو و بەشێک لە وێنەی ڕێبەرانی کۆمار ئەو لە تەورێز کێشاونی.

قسەی کۆتایی: ئەوەی تا ئێستا لە من ڕوونە، ئەوەیە مایەرەخانمی ناو وێنەکە، وەک لە سایتی خانەدانی ئەردەڵاندا نووسراوە، خوشکی «اجلال‌السلطنه» لە ئەردەڵانەکانی سەقز و هاوسەری سەردار حەمەحوسێنخانی بابامیری (سەرداری موکری) بووە، کە عوسمانییەکان لە سەرەتای ساڵی ۱۹۱۵دا ئیعدامیان کرد.

**سەرچاوە:**

١. افخمی، ابراهیم، «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان»، ناشر مؤلف، پخش از انتشارات محمدی سقز، سال ١٣٦۴/١٩٨٥ز، صفحات ١٣٧ تا ٢۴١.

٢. محەممەدیان، ڕەحمان، «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا، کۆی ٨١ بەڵگەنامە»، نەشری کۆڵەپشتی، تاران ١٣٨٩/٢٠١٠، لاپەڕە ٢١ تا ٣٢.

٣. توکلی، محمدرئوف، «جغرافیا و تاریخ بانه، کردستان»، انتشارات توکلی، تهران ١٣٨٧/ ٢٠٠٨، صفحات ٣٧٣ تا ۴٠٢.

۴. محەممەدئەمین زەکیبەگ، «کورد و کوردستان»، مطبعة دارالسلام، بغداد١٩٣١ز، (ئۆفسێتی انتشارات سیدیان، مهاباد)، لاپەڕە ۴١۴. هەروەها چاپی تازەی کتێبەکە و وەرگێڕاوی عەرەبی و فارسییەکەی.

٥. تیمورزاده، مصطفی، وحشت در سقز، بەکوشش شهباز محسنی، چاپ شیرازه، تهران ١٣٨٠/ ٢٠٠١.

٦. نیلوفەری، حاج شریف (حەکیم)، «زندەباد مشروطه، پایندەباد قانون»، نشر گوتار، سقز ١٣٨٨/ ٢٠٠٩.

٧. «تقویم تطبیقی فردیناند ووستنفلد و ادوارد ماهلر»، چاپ دکتر حکیمالدین قریشی، چاپ فرهنگسرای نیاوران، تهران ١٣٦٠/ ١٩٨١.

## کوردستان لە ڕێبازی مێژوودا بەگوێرەی گێڕانەوەی بەڵگەنامەکان

ئەم کتێبە، ئامادەکراوی مامۆستا عومەری فارووقییە و لە ڕاستی‌دا بەشی زۆری بڕیتییە لە وەرگێڕاوی بەڵگەنامەکانی نێو کتێبی «گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی» (٧ بەرگ)، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە نووسەر ئەو ڕاستییەی دەرنەبڕیوە و تێکەڵاو لەگەڵ چەند بابەتی بەربڵاوی دیکە، بە کاری «گردوکۆ و لێکۆڵینەوە و نووسین»ی خۆی داناوە (لاپەڕە ٦). من دواتر لەم باسی ئەم بەڵگەنامانە دەکەم.

لە لاپەڕە ١٦٧ ـ ١٦٨ی کتێبەکەی کاک عومەری فارووقی‌دا کەڵک لە یادداشتەکانی میرزا کەریمی بەهرامبەگی بۆکانی (پێشتر) وەرگیراوە و باسی وتووێژی سمایل‌ئاغای سمکۆ لەگەڵ سەردار عەلی‌خانی بۆکان کراوە کە ئەو دەم سەرداری موکری و نیشتەجێی سابڵاغ بوو.

ئەوەش دەقی بابەتەکەیە:

«... لەم کاتەدا سەردار عەلی‌خانی موکری، نەتیجەی عەزیزخانی سەردار، هاتە لای سمکۆ و بە سمکۆی گوت: سوارەی دێبوکری هاتبوون یاریدەی هێزەکانتان بدەن، بەڵام سوارەی ئێوە چەکیان کردوون. بۆچی سووکایەتیتان پێکردن؟ سمکۆ وەڵامی دایەوە: ئەو کەسانە بە تفەنگ و چەک ڕێگەیان گرتبوو و ئێمەش نەماندەزانی دەیانهەوێ هاوکاریی ئێمە بکەن. پاشانیش ئەم ئاغاواتە هەردەم ڕوویان لە لایەنێکە و من هیچ پێویستییەکم پێیان نییە، ئێستاش فەرمان دەدەم ئەسپەکانیان [بدەنەوە و] بۆ هەر کوێ دەیانەوێ بڕۆن.

پاشان سمکۆ ڕووی کردە سەردار و گوتی: منیش پرسیارێکم لە تۆ هەیە. سەردار گوتی: فەرموو! سمکۆ گوتی: ئێوە کە چەند پشتتان سەردار و فەرماندە و سەرداری گشتی و خاوەن‌دەسەڵات و پلەوپایە بوون لە ئێران، بۆچی هیچ ڕێباز و سیاسەتێکی ڕوونتان نییە و دایم لە بەرانبەر ئەمیران‌دا دەنووشتێنەوە و خۆتان

بچووک دەکەنەوە؟ ڕاستە کوردان خۆبەکەمزان و میواندۆست و بەئەدەبن، بەڵام ئەم خووخدەیە دەبێ بەتەواوەتی دوولایە نە بێ. ئەگەر تۆ لە بەرانبەر دەوڵەتییەکان ئەم هەمووە دەنووشتێیەوە و خۆت بە کەم دادەنێی و کوێرانە دەکەوییە شوێنیان، ئەوانیش دەبێ ڕوو بکەنە تۆ و لەلایان بەرێز و خۆشەویست بێ، بەڵام من بەڕوونی دەبینم کە بەپێچەوانە، هەموو ڕۆژێک بێڕێزتر و بچووکتر دەبی و لەبەروەی ناسناوی سەرداریش بە شوێن خۆتدا دەکێشی، ئاشکرایە سووکی و بێڕێزی و بە ناچیز دانانی تۆ دەبێتە هۆی بێحورمەتی کردن بە هەموو گەلی کورد. باش وایە گوێ بدەیە نەسیحەتی من و لە بەرانبەر ئەم هەمووە نوشتانەوەیەدا، چاوەڕوانی ڕووتێکردن و ئیحترامی ئەوان بی.

لەم کاتەدا کەسێک عەرزی کرد کە ئەسپی تایبەت بە سەردار عەلیخان بەدەست سوارەی سمکۆوەیە، فەرمان چی دەدەن؟ عەلیخان گوتی: ئەسپەکە پێشکەش بە تۆ دەکەم. سمکۆ گوتی: خێر، ئەسپی تۆ بە کەڵکی من نایە، باشترە خۆت سواری بی. دوای ئەم قسانە، هاوڕێ لەگەڵ سەرهەنگ مەلیکزادە و ئەفسەرانی ئەسیر، لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ کەوتەڕێ و لەلای خۆیەوە حاکمانێکی بۆ شاری مەهاباد دانا...»[١]

١. عمر فاروقی، «کردستان در مسیر تاریخ به روایت اسناد»، انتشارات آنا، تهران، ١٣٨٣/ ٢٠٠۴، ٢٣۶ صفحه، فارسی.

## کتێبی سەوز

دەوڵەتی ئێران لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤ ـ ١٩١٨) بە شێوەی فەرمی بێلایەن مایەوە و نەچووە هیچکام لە بەرەکانی شەڕکەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران پێشێلی سپای عوسمانی و ڕووس و ئینگلیزکرا و ناوچەی کوردستان بەشی زۆری ئەو ململانێیەی نێوان ڕووس و عوسمانیی پێبڕا کە شەڕ و خوێنڕژان و وێرانی و قاتی و هەژاری بێ. لە کۆتایی شەڕدا حکوومەتی ئێران هەندێک بەڵگەنامەی سەبارەت بە دەستێوەردانی دەوڵەتانی بێگانە، بەتایبەت «هێزەکانی میحوەر» کە ئاڵمانیا و عوسمانی دوو لەوان بوون، پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کرد کە لە ساڵی ١٩١٩دا لە پاریس بەسترا و چەند پەیمان و قەراری گرنگ بۆ نموونە پەیمانی ڤێرسای بەسەر وڵاتانی بەرەی تێکشکاودا فەرز کرد. کۆی ئەو بەڵگەنامانە ناوی «کتاب سبز»ی لێنرابوو و بە فارسی و فەرەنسی بڵاوکرابوونەوە.

من لە فێوریەی ساڵی ١٩٩٢دا وتارێکم سەبارەت بە «کتێبی سەوز» نووسی و لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری پەیڤ، چاپی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن بڵاوم کردەوە. لەوێدا ئەم بەڵگەنامانەم وەرگێڕابووە سەر کوردی کە پێوەندیان بە کوژرانی سەردار حەمەحوسێنخانی سەرداری موکری و سەیفەددینخانی سەقز و محەممەدخانی حاکمی بانە بەدەست عوسمانییەکانەوە بوو، بەڵام چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەشم لەگەڵ خستبوون کە بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی ئەو ساڵانەی ئێران لە ناوچەی موکریان بەکەڵکن.

ڕادەی بێئەخلاقیی سیاسی و چەتەگەری و چەوساندنەوەی سپای عوسمانی و سەرکردەکانیان لە باوەڕی هیچ کەسێکدا ناگونجێ مەگەر ئەو بەڵگەنامە فەرمییانە ببینێ و بزانێ چۆن بە فێڵ هەرچی مڵک و ماڵی ئەو سێ حاکمەی موکریان، بەتایبەت ئەوانەی هی حەمەحوسێنخانی سەرداری موکری بوون لە کەسوکارەکەیان وەرگرتوون و بەڵێنی درۆی ئازادکردنی ئەوانیان پێداون، بەڵام

دواتر ئیعدامیشیان کردوون.

سەمەرە ئەوەیە دەوڵەتی ئێران و والیی ئازەربایجان سەرەڕای تێلگرافی یەکلەدوای‌یەکی سەردار، کە ئەوا عوسمانییەکان هاتنە نێو شار و تا سەعاتێکی دیکە پەیوەندی من لەگەڵ ئێوە دەپسێنن و تکایە کارێک بکەن، هیچ جووڵەیەکیان نەکردووە و ئەو هەزارەیان خستۆتە بەر تیغی دوژمن.

ئەوەی پەیوەندیی بە حەمەحوسێن‌خانەوە هەیە ئەو ڕاستییەیە کە دەیتوانی شاری سابلاغ بەجی‌بهێڵێ و گیانی خۆی لە دەست ئەو مرۆڤکوژانە ڕزگار بکا و بۆ نموونە بچێتە گوندێکی دەرەوەی شار، بەڵام ئەو کارەی نەکرد و لە شار و لەگەڵ خەڵکی شارەکە مایەوە هەتا هاتن و گرتیان و بردیانە مەراغە و لەوێ ئیعدامیان کرد. ئێمە هەمان ئەو ئازایەتی و بەڵێندارییەمان لە پێشەوا قازی محەممەد بینی کە ئەویش بە شێوەی سەردار، شاری بەجێ‌نەهێشت و خۆی دایە دەست دوژمنی داگیرکەر بۆ ئەوەی چارەنووسی لە چارەنووسی گەلەکەی جیا نەکردبێتەوە. یادی هەر دوو قارەمانەکەمان بەخێر بێ! بۆ ناسینی هەستی نەتەوایەتی و کوردپەروەریی حەمەحوسێن‌خان، دەکرێ سەیری ئەو نامەیە بکرێ کە بۆ سەرنووسەری گۆڤاری هەتاوی کوردی نووسیبوو و ئەوە بەشێکە لە بەڵگەنامەی ژمارە ۳۸۶ی کتێبی سەوز:

نامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بۆ باڵوێزخانەی گەورەی عوسمانی لە تاران، ۱۷ی ڕەبیعی دووهەمی ۱۳۳۲ [۴ی مارسی ۱۹۱۵]:

«... بە شوێن نامەکانی پێشووی خۆمدا لەمەڕ کوژرانی سەرداری موکری و بەدوای ئەو قسانەی وا لەگەڵ باڵوێزخانەی مەزنتان‌دا کرا... کەس‌وکاری بەجێماوی سەرداری خوالێخۆشبوو هانایان بۆ هێناوین و دەڵێن عەسکەر و هێزی ئەو دەوڵەتە مەزنەتان لە سابلاغ هیچ کۆتایی‌یەک ناکەن لە ئازار گەیاندن بە کەس‌وکار و مڵک و ماڵی خوالێخۆشبوو. هەواڵمان دەدەنێ کە ۱۰۴ ئەسپ و ئێستر و ماین لەگەڵ ۳۶ تفەنگ کە لە ماڵی سەرداری موکری‌دا بووە، زەوت کراون و جل و بارگەی حکوومی وەک فەرش و ئەسباب هەرچی بووە، داگیریان کردوون و هەر ڕۆژەی بە چەشنێک

کەس‌وکار ئەزیەت دەکەن.

«معاون‌الدولە» مەحموود ناو، بەرپرسی باڵوێزخانەی ئێران لە ئەستەمووڵ دوو هەفتە دواتر نامە بۆ تاران دەنووسێ و لە بەڵگەی ژمارە ٣٧٨دا دەڵێ:

«چاوم بە سەرەک‌وەزیران[ی عوسمانی] کەوت. بڕیار درا کە حوکمی قورس و قایم دەربکەن هیچ کەس دەسدرێژی نەکاتە سەر کەس‌وکاری سەردار.»

دیارە، نە ئەو چاوپێکەوتنە و نە ئەو نامە نووسینانە هیچکام چاوچنۆکیی سپای داگیرکەری عوسمانییان پێ چارەسەر نەکرا و هەتا بنەماڵەی سەرداریان، وەک پاشماوەی خەڵکی ناوچەکە، بەتەواوەتی نەڕووتاندەوە و ناوچەکەیان لەسەر ساجی عەلی دانەنا، دەستیان لە دەسدرێژی هەڵنەگرت. لە ڕاستیش‌دا ئەو ڕووتاندنەوە و بردنی دارایی و سەروەت و ماڵی خەڵکە و ڕاکێش‌کردنیان بۆ نێو عوسمانی، یەک لە هۆکارەکانی قات‌وقڕیی دوای شەڕی یەکەم لە کوردستان بوو.

خوێنەر دەتوانێ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کتێبی سەوز و ئەو جینایەتانەی وا عوسمانییەکان دەرحەق بە ناوچەی موکریان و خەڵکەکەیان کرد سەردانی ئەم سەرچاوانە بکا:

١. بی‌طرفی ایران، مراسلات و مذاکرات متعاقبە بین دولت علیە و دول خارجە از بدو وقوع جنگ بین‌الملل در سنە ١٣٢٢ هجری مطابق با ١٩١۶ مسیحی، جلد اول، طهران سنە ١٣٣۶، مطبعە روشنائی، خیابان علاءالدولە.

٢. بیطرفی ایران، متمم شش ماهە اول کتاب سبز، مطبعە کلیمیان، طهران ١٣٣٧.

٣. کتاب سبز، چاپ دوم کتاب، مقدمە رضا نظام مافی، نشر تاریخ ایران، تهران پائیز ١٣۶٣ هجری شمسی.

۴. ئەنوەر سوڵتانی، «کتێبی سەوز وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی کورد»، گۆڤاری پەیڤ، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لەندەن، ژمارە ١٥، فێوریەی ١٩٩٢، کە تێیدا ٩ بەڵگەی کتێبەکە سەبارەت بە ئیعدامی ئەو سێ سەردار و حاکمە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی و ڕووداوەکە شی‌کراوەتەوە.

## کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا

مێژوونووسی گەورەی کورد دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد کتێبێکی لە ساڵی ١٩٧٥دا بڵاوکردەوە کە تێیدا بارودۆخی پارچەکانی کوردستانی ئێران و عوسمانی لە ساڵانی پێش شەڕ و ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤ ـ ١٩١٨) تاوتوێ کردبوو. کتێبەکە هەتا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی بایەخدار لەلایەن نووسەر و مێژوونووسانی کوردەوە سوودی لێوەرگیراوە و بە چەند زمانیش تەرجەمە کراوە.

کتێبەکە لە زۆرینەی خۆیدا باسی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە و کەمتر بەلای بەشی ڕۆژهەڵات و ئێراندا هاتووە، ناوێکی تایبەتیشی لە بۆکان نەبردووە، بەڵام من بۆ کار هاسانیی مێژوونووسانی دوارۆژی بۆکان و ناوچەکەی، دەسنیشانی هەندێک لاپەڕەی دەکەم کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرنەوە:

- لاپەڕە ٩: (پەراوێز) کێشەی نێوان ڕووس و ئاڵمانیا لە ئازەربایجان و کوردستان؛
- لاپەڕە ١١: «ئەلمانەکان توانییان جێپێی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوە، بۆ نموونە شاری شنۆ پێش شەڕ ببووە ناوەندێکی خوریکڕین لەلایەن ئاڵمانەکانەوە و لەوێوە دەیانبرد بۆ ئەو فابریقەیەی لە تەورێز دایانمەزراندبوو بۆ دروستکردنی ڕایەخ [کە دیارە ئەگەر خوری لە شنۆوە بۆ تەورێز چووبێ، دەبێ ئاڵمانییەکان لە ناوچەی مەهاباد و بۆکانیش غافڵ نەبووبێتن].
- لاپەڕە ١٤: ڕاولینسۆن. مامۆستا دوو وتاری ڕاولینسۆنی وەک سەرچاوە ناساندووە کە یەکەمیان باسی سەفەری ڕاولینسۆنە لە تەورێزەوە بۆ کوردستان. ئەم سەرچاوانە بۆ مێژووی بۆکان و بەتایبەت قەڵایچی و تەختی سولەیمان گەلێک گرنگن. هیوادارم بتوانم ئەم وتارانە بکەمە کوردی. (بۆ باسی ڕاولینسۆن، بڕواننە بابەتەکانی پێشووتر.)
- لاپەڕە ٣٦: لە ساڵی ١٩١٢دا کۆمەڵی «جیهاندانی» لە کوردستانی ئێران دامەزرا، کە دەیویست خەباتی گەلی کورد بە ڕێبازێکی ڕاستدا بەرێ و لە چوارچێوەیەکی

یەکگرتـوودا کـۆی بکاتەوە [ئـەم زانیارییە لە کتێبێکی فاریـزۆڤ وەرگیراوە کە تایبەتمەندییەکانی خراونەڕوو].

- لاپەڕە ٥٧: ئازەربایجان و کوردسـتانی ئێران بوون بە بەشـێک لە مەیدانی شەڕ (١٩١٤).
- لاپـەڕە ٦٠: لەشـکری ڕووس لـە ٢٥ی مـای ١٩١٥دا شـاری ورمێیـان گـرت و توانییان بچنە نێو شاری شنۆ و مەهابادیشەوە.
- لاپـەڕە ٦١: لـە زۆر ناوچـەدا ژاندرمەکانـی تورک بێڕەحمانـە بەردەبوونە گیانی ناحەزەکانیـان، بـۆ وێنـە تەنیا لە یەکێـک لە ناوچەکانی کوردسـتانی ئێران دوو سـەرداری ناحـەزی خۆیان (حەمەحوسـێنخان[ی بۆکان] و سـەیفەددینخانی سەقز)یان لە سێدارە دا و بۆ چەند ڕۆژێک تەنیا بە نیازی چاوترساندنی خەڵکی ئەم ناوە، لاشەکانیان بە هەڵاوەسراوی هێشتەوە.
- لاپـەڕە ٦٢: خەڵکـی «ناوچـەی» سـابڵاغ (مەهاباد)یـش بـە سـەرکردایەتیی قازی فەتاحـی بەناوبانـگ بەگەرمی کەوتنە بەرهەڵسـتی کردنی هێزی تورک و دوای ئەویش ڕووس.[١]

١. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، «کوردسـتان لە سـاڵەکانی شـەڕی یەکەمی جیهانیدا»، بەغدا، ١٩٧٥، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٨ لاپەڕە، کوردی.

## مێژووی هاوچەرخی کورد

دەیڤید مەک داوڵ یەک لە شارەزایانی ڕۆژاوایی کێشەی کوردە، کە لە ساڵی ١٩٩٢دا پەڕتووکێکی لەســەر کورد بڵاوکردەوە: Kurds: A Nation Denied (کورد نەتەوەی نکووڵی لێکراو).

کتێبی پڕلاپەڕەی A Modern History of The Kurds (مێژوویەکی نوێی کوردان)، کاری تازەتـری «مــەک داوڵ»ە، کـە تێیـدا ژیانـی سیاسـی ـ کۆمەڵایەتـی ـ ئابووریی کـوردی لـە پارچەکانـی کوردسـتان لـە سـەدەکانی نۆزدە و بیسـتەم خسـتۆتە بەر لێکۆڵینەوە و بایەخی سەرەکی دراوە بە دەوری عەشیرەتە کوردەکان.

کتێبەکە وەرگەڕاوەتە سـەر فارسـی، بەڵام فەسـڵێکی گرنگی لە تەرجەمەدا قرت کراوە، ئەویش بەشی سێزدەهەمە لە «کتاب سوم» بەناوی «ڕەعیەتی کۆماری شیعە» و بـە دوای بەشـی «ئێران: پێکهێنانـی بزووتنەوەیەکی سـەربەخۆی نەتەوایەتی»دا دێ. من ئەم یادداشتەم لەبەر دەقە فارسییەکە نووسیوەتەوە، بەڵام بەشی قرت کراویشم بـە ئینگلیـزی خوێندۆتـەوە و یادداشـتم لەبەر هەڵگرتـووە، ئەگـەر دەرفەتیش هەبێ وەریدەگێڕمە سەر کوردی و فارسی.

سەبارەت بە «بۆکان و بۆکانی» لەم کتێبەدا، دەبێ بڵێم بەشی ١٠ تا ١٣ی کتێبەکە سـەبارەت بە کوردی ئێران و بەگشـتی ئێران نووسـراوە، کە لێرەولەوێ ئاماژە بە بۆکانیشیان تێدا دەبیندرێ و من لێرەدا پێرستێکی ئەو بابەتانەی وا بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆکان دەگرنەوە دەخەمەڕوو.

دەقـی فارسـیی کتێبەکـە وەرگێڕانـی ڕێـزدار ئیبراهیـم یونسـییە. با هـەر لێرەدا بڵێـم کـە مامۆسـتا ئیبراهیـم ئـەرک و زەحمەتێکـی زۆر دەکێشـێ بـۆ وەرگێڕانـی دەقـی سـەبارەت بـە کـورد و بۆ هەمیشـە نـاوی وەک خزمەتگوزاری ڕاسـتەقینەی گەلەکەمـان دەمێنێتـەوە، بـەڵام بەداخـەوە بـۆ زۆربـەی کتێبـەکان سـەرەتایەک دەنووسـێ کـە دارماڵـی ڕەخنـە و هێرشـە بۆ سـەر سیاسـەتی کـوردان و هەندێک

ڕێبەری سیاسیی کورد. دیارە ڕەخنەگرتن مافێکی دێموکراتییانەی هەموو کەسێکە، بەڵام مامۆستا برایم لەم کارەدا ئەوەندە دەچێتە پێشێ، کە نووسینەکانی ڕەنگی هەڵکوتان بۆ سەر خەباتی سیاسیی گەلەکەمان بەخۆوە دەگرن و ڕەنگە لاوەکانمان لە داهاتووی خەباتی گەل بێهیوا بکەن.

ئەوەش پێرستی بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە بەشی ١٠ ـ ١٢دا:

فەسڵی ١٠: «کورد لە حکوومەتی ڕەزاشادا» (ل ٣٧٢ ـ ٣٩٢):

یەک لە سەرەکهۆزە کوردەکانی موکری لە سەقز پێشنیاری بە نوێنەری بریتانیا کرد کە کێشەی سەربەخۆیی کورد لەژێر حیمایەتی بریتانیا بکەوێتە بەر باس (ژووئیەی ١٩١٨). [وا بزانم ئەو سەرەکهۆزە، یەک لە دێبوکرییەکانی بۆکان بووە.]

- گرووپێک لەو سەرەکهۆزانە بۆ هەمان ئامانج لە سنە و سەقز و هەورامانەوە چوون بۆ سلێمانی؛
- لە جانیوەری ١٩٢١دا دوو هۆزی گەورەی موکری، واتە دێبوکری و مامەش لە شنۆ چاویان بە نوێنەرانی سمکۆ کەوت؛
- ناوچەی دێبوکری و مامەش بوون بە دوو شوێنی هاوپشت و ناحەزی سمکۆ؛
- شێخ تەها ناوچەی دەوروبەری بۆکانی تاڵان کرد؛
- ساینقەڵا لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان؛
- پیاوێکی سابڵاغی گۆڤارێکی بەناوی ڕۆژی کوردستان لەلایەن سمکۆوە دەرکرد. [ئەو کەسەی باسی کراوە لە ڕاستیدا نەمر مەلا محەممەدی تورجانیزادەیە]؛
- هێزی یارمەتیدەر[ی حکوومەتی ڕەزاخان] لەنێو هەندێک هۆزی گرنگی موکری پێکهات و لە هەمان ساڵدا (١٩٢٤) هەندێک لەو هێزانە دژی «والی پشتکۆ»[ی لوڕستان] نێردرانە بەرەی شەڕەوە؛
- سەرۆکی موکری لە ساڵی ١٩٣١دا بە شێوەیەکی نەزانراو لە زیندانی مەهاباد مرد.

فەسڵی ١١: «هۆز یا قەوم؟ کۆماری مەهاباد» (ل ٣٩٥ ـ ٤٢٣):

- ناوچەی نێوان مەهاباد و سەقز لە چوارچێوەی دەسەڵات و نفووزی سۆڤیەتدا

بوو، بەڵام لە دەرەوەی چاوەدێری ڕاستەوخۆی ئەو؛

- لە ناوچەی نێوان مەهاباد و بۆکان، عەلیئاغای ئەمیر ئەسعەد ڕێبەری ناخۆشەویستی دێبوکریش دەیویست خۆی لە مەقامات[ی ئێران] نزیک بکاتەوە. ئەویش وەک عەباس قوبادیان [نەوەی داودخانی کەڵهوڕ] پێشنیاری کرد هێزێکی سوارە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە پێکبێنێ و وەک نوێنەری مەرکەز [تاران] لەگەڵ حەمەڕەشید[خان]دا وتوویێژ بکا. ناوبراو وەک فەرمانداری مەهاباد، بە ئیجازەی دامەزراندنی ٣٠٠ «میلیشیا»وە گەڕایەوە ناوچەکە، بەڵام بۆ سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە، لێزانی و هەروەها هاودەستی پێویستی نەبوو. حەمەڕەشید بە تووڕەییەوە هەڕەشەی لێکرد کە «سمێڵی دەتاشێ». هەروەها لەبەروەی عەلیئاغا نەیتوانی یارمەتی دارایی دەوڵەت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان سەرەکهۆزەکان دابەش بکا، ئەوە بوو بەهۆی کێشەی نێوان ئەو و سەرەکهۆزی مامەش و مەنگوڕ و براکانیشی کە پێشتر نێوانیان لەگەڵی باش نەبوو، زیاتر لێی دوور کەوتنەوە و لە ئەنجامدا ئەوانە دەستیان دایە دەست یەک و لە مەهاباد دەریانکرد (زیاتر نفووزی قازی محەممەد بوو کە ئەوی لە فەرمانداریی مەهاباد لابرد. ئیبراهیم یۆنسی)؛
- کاتێ کە عەلیئاغای دێبوکری پێی لەسەر وەفاداریی بۆ تاران داگرت، برا ناڕازییەکانی بوونە خوازیاری پشتگیری و ڕووتێکردنی سۆڤیەت؛
- چوونی نوێنەرانی عەشایری کورد بۆ باکۆ؛
- حاجی بابەشێخ، لە سەیدەکانی زەمبیل لە نزیک بۆکان، کە لە ناوچەکەدا نرخی بۆ دادەنرا، [کرایە سەرەکوەزیری کابینەی پێشەوا]؛
- هەندێک لە سەرەکهۆزانی دێبوکری، کە ڕێبەرایەتیی قازی محەممەدیان بۆ قبووڵ نەدەکرا، لە باشووری کۆمار[لە سەقز] پەیوەندییان بە سەرتیپ همایوونی فەرماندەی هێزەکانی ئێرانەوە گرت؛
- قازی محەممەد لەگەڵ دێبوکرییەکانیش تەنگوچەڵەمەی هەبوو و ناچار «شکاک» و «هەرکی» بە ڕێبەرایەتی عومەرخان ناردە بۆکان؛

- تەنیا گەورکی مەهاباد و فەیزوڵڵابەگی و زەرزا، وەفادارییان بۆ قازی محەممەد هەبوو؛
- ئەوانەی وا چوون بۆ باکۆ: حاجی بابەشێخ، مەجیدخانی میاندواو، عەلیئاغای دێبوکری و کوڕەکەی، واتە عومەری عەلیار بوون؛
- کێشەی نێوان مەجیدخانی میاندواو و عەلیئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری؛
- ئاغاکانی ئێلخانیزادەی دێبوکری لە یەکەم کەسەکان بوون کە پشتگیریی کۆمەڵەیان کرد (ژ. ک)، بەڵام کاتێ کە قازی محەممەد بۆ ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێررا، پشتیان بەردا؛
- هەڵبژاردنی یەکەمی ڕووسەکان قازی محەممەد نەبوو، بەڵکوو ٣ سەرەکهۆزی ناوچەکە، واتە عەلیئاغای ئەمیر ئەسعەد، عومەرخانی شکاک و قەرەنیئاغای مامەش بوو. عەلیئاغا کرابووە سەرۆکی ژاندرمەری ناوچەکە (ڕووزڤێڵت، کۆماری کورد، ل ١٣٩)؛

فەسڵی ١٢: ئێران: پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، (ل ٤٢٥ ـ ٤٤٣):

- دێبوکرییەکان هێشتا ٣٠٠٠ شەڕکەر و نزیکەی ٧٠٠٠ تفەنگی زیادیشیان هەبوو. (ئەوە ڕاست نییە، عەشایر هەر خاوەنی ئەو تفەنگەن کە بەدەستیانەوەیە. ئیبراهیم یۆنسی)؛
- باکووری ڕۆژاوا[ی ئێران] (ورمێ ـ مەهاباد ـ بۆکان) لە ناوچە کوێستانییەکانی تر پێشکەوتووتر بوو؛
- لە ساڵی ١٩٥٢دا ئاغاواتی بۆکان تووشی تەنگژە هاتبوون [دەبێ نیازی نووسەر ڕاپەڕینی شکۆداری ساڵی ١٣٣١ و ٢ی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بە ڕێبەرایەتیی حاجی قاسمی کەریمی، میرزا حەمەڕەئووفی خەیات، عەبلا ئێرانی، عەلی میرەبەگ و... بێ.]؛
- لە بۆکان و مەهاباد زەویوزار لە نێوان بنەماڵەی دێبوکری و ئەعیانی تردا دابەشکرابوو؛

فەسڵی ١٣: ڕەعیەتی کۆماری شیعە، (ل ٢٦١ ـ ٢٨٣ی دەقی ئینگلیزی):

ئەم فەسڵە، پێداچوونەوەیەکی خێرا و ژورنالیستییە بە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکە لە ساڵی ١٩٩٦دا. لەم فەسڵەدا، بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کتێبەکە کە لێکۆڵینەوەکان لەسەر بنەمای هۆز و تایفەی کورد دانراون، گرنگایەتیی سەرەکی بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە دراوە، گەرچی ئاماژەی بە فیدائییانی گەل و پەیکار و ئەوانی تریش تێدایە و لە ڕێبەرە ئایینییەکان باسی دەوری شێخ عیززەددین حوسێنی و ئەحمەدی موفتیزادەی کردووە و لە شەڕی سنە و نەغەدە دواوە. ئەوەش ئەو ئاماژانەی وا بە بۆکان و بۆکانییەکان کراوە:

- لە سێپتامبری ١٩٨٢دا [هێزەکانی ئێران] بۆکانیان بە شێوەی کاتی گرتەوە؛
- وتوویێژ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری یەکەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و ڕاگەیاندنی بۆچوونەکانی: (ل٢٧٥ ـ ٢٧٦، ٢٧٩ ـ ٢٨٣)؛
- محەممەد موهتەدی (٢٨٠ و ٢٨٣)؛
- عومەر ئێلخانیزادە (٢٨١)؛
- دێبوکریی بۆکان (٢٨١)؛
- سەلام عەزیزی (٢٨٣).[1]

---

١. ئەلف: وەگێڕاوە فارسییەکە:
دیوید مک داول، «تاریخ معاصر کرد»، مترجم ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ، تهران ١٣٨٠/ ٢٠٠١، ٧٠۴ صفحه، فارسی.
ب: سەرچاوە ئینگلیزییەکە:
David MC Dowall, «A Modern History of the Kurds», I. B. Tauris, London/ New York, 1996, English, 472 pp. ISBN: 185043653-3.

## شۆڕشەکانی کورد

نەمر عەلائەددین سەجادی لە کتێبی «شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق»دا مێژوولکەی نۆ شۆڕشی کوردی لە نێوان بەدرخانییەکان و شۆڕشی ئەیلوول نووسیوە. لە «شۆڕشی سمکۆ»دا هەندێک ئاماژە بە ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی بۆکان، چەمی موکریان (؟)، جەخەتوو و ساینقەڵا کراوە، گەرچی باسێکی زۆری بۆکانی تێدا نییە (لاپەڕە ٢٤٧ تا ٢٤٩)، بەڵام لە «شۆڕشی سابڵاخ»دا ـ کە مێژووی کۆماری کوردستان (١٩٤۶)ە، سەبارەت بە زۆر ڕووداو و کەسایەتی دواوە کە بۆکان دەگرنەوە و دەچنەوە سەر خودی بۆکانیش.

ئەوانەی خوارەوە ئەو بابەتانەن کە بۆکان دەگرنەوە:

- بەرەی تورجانییەکان (لاپەڕە ٢۶۶)؛
- قاسمی حاجی بایزئاغا (لاپەڕە ٢۶٩)؛
- فەیزوڵڵابەگی (لاپەڕە ٢۶٩، ٢٧٢، ٢٧٥)؛
- حاجی بابەشێخی جەمیان (لاپەڕە ٢٧٢)؛
- حاجی ڕەحمانی ئێلخانیزادە (لاپەڕە ٢٧٣)؛
- ئیسماعیل ئێلخانیزادە (لاپەڕە ٢٧٣)؛
- گیرانی بۆکان (لاپەڕە ٢٧۴)؛
- ئاڵتوون و قاراوا (لاپەڕە ٢٧٥)؛
- بۆکان (لاپەڕە ٢٧۶، ٣٠١ ـ ٣٠٢، ٣٠۶)؛
- مامەشا (لاپەڕە ٢٧٧)؛
- سەرا (لاپەڕە ٢٨٠)؛
- عەبدوڵڵا ئێلخانیزادە (لاپەڕە ٢٨٩، ٣٠١ ـ ٣٠٢)؛
- تیکاب و تیکانتەپە (لاپەڕە ٢٩٥ ـ ٢٩۶، ٢٩٩)؛

لە باسی عەبدوڵڵا ئێلخانیزادەدا سەجادی دەنووسێ: «دوای هەرەسی کۆمار،

سەرەتا فکر وا بوو عەبدوڵڵای ئێلخانیزادە و مام عەزیزی قەرەنیاغای مامەش کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوون، حکوومەت بە نهێنی جلوبەرگی سەربازی بکا بە بەر پیاوەکانیانا و سەرەتا ئەوانە بچنە نێو شاری سابڵاخەوە... لەبەر ئەمانە، قازی محەممەد لەگەڵ جەنەڕال هومایوونی سەرۆکی عەسکەری ئەو ناوە قسەی کرد و هومایوونی پەشیمان کردەوە لەو باوەڕە (لاپەڕە ٣٠١ ـ ٣٠٢).»

ئەم مەسەلەی چوونی عەشایر بۆ نێو شاری مەهابادە لە زۆر سەرچاوە و یەک لەوان نەمر محەممەدی شاپەسندیشەوە باسی کراوە (بڕواننە بەشی شاپەسندی).

مـن ژمـارەی لاپەڕەکانم لە ڕووی چاپی ئەو دەقەوە نووسـیوەتەوە، کە ئەحمەد محەممەدی لە سنە چاپی کردۆتەوە. دەقی چاپی بەغدام لە بەردەستدا نەبوو.[١]

١. علاءالدیـن سـجادی، «شۆڕشـەکانی کـورد و کورد و کۆمـاری عێـراق»، لەچاپدانەوەی ئەحمـەد محەممـەدی، دەزتـگای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئەتڵـەس، تـاران، ٢٠٠٥/١٣٨٤، ٣٥۴ لاپەڕە.

ISBN :964 06 – 2263 X

## ڕۆژمێری مێژووی ئێران (بەرگی ١)

ڕۆژمێری مێژووی ئێران ناوی کتێبێکی فارسییە لە دوو بەرگی قەبارە گەورەدا بە شێوەی کرۆنۆلۆژی ئاماژەی بە مێژووی ئێران لە سەردەمی مەشرووتە (١٢٨٥/ ١٩٠٦ی ز)ەوە هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران و هەڵگەڕانەوەی تەختی پادشایی (١٣٥٧/ ١٩٧٩ی ز) کردووە و وێنەی گەلێک کەسایەتیی گرنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و ئایینیی ئێرانیشی تێدا چاپ کراوە.

کتێبەکە بۆ پێداچوونەوەی ڕۆژانەی ڕووداوەکانی ئەو بڕگە زەمانییە گەلێک بەکەڵکە، بەڵام نووسەر ـ کە خۆی لە سەردەمی حوکم حەمەڕەزاشادا وەک «مدیرکل» و فەرمانبەری پلەبەرزی وەزارەتخانەیەک کاری بەدەست بووە ـ لە باسی خومەینی و مەلاکانی ئێراندا چەشنە لایەنگرییەکی نواندووە و بە شانوباڵیدا هەڵگوتوون گەرچی زۆریش پڕکێشیی نەکردووە.

کتێبەکە زیاتر چاوی لە تاران و شارە گەورەکانی ئێرانە، بەڵام جاروبارەش دەربارەی ناوچە دوورەکان دواوە و بابەتی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی تێدا دەبیندرێتەوە.

لە هەموو ماوەی جێگەی باسی کتێبەکەدا بۆکان بەشێک بووە لە شاری مەهاباد و بەو بۆنەیەوە زۆرێک لە هەواڵەکانی مەهاباد کە لە کتێبەکەدا هاتبێتن، بۆکانیش دەگرنەوە. نەک هەر مەهاباد بەڵکوو هەواڵەکانی شاری ورمێ، وەک: گۆڕانی ئوستاندار و فەرماندە سپاییەکان و تەنانەت تارانیش وەک پێتەختی وڵات، پەیوەند بە مێژووی بۆکانەوە پەیدا دەکەن و دەتوانم بڵێم زۆرێک لەو چەشنە فەرمان و گۆڕان و لاچوونی فەرمانبەرانە لە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

کەسانێکیش بیانەوێ وێنەی وەزیر و وەکیل و کاربەدەستی گەورەی ئەو ساڵانەی ئێرانیان دەست بکەوێ، وا هەیە لە کتێبەکەدا بیدۆزنەوە. لە بەشی کۆتاییەکەشیدا چەند بەڵگە و بابەتی ڕوونکەرەوەی تێدایە.

من لێرەدا ئاماژە بەو بابەتانە دەکەم کە لە پەیوەندیی بۆکان و ناوچەکە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا هاتوون و بەرگی دووهەم دادەنێم بۆ بەشی دواتر. ڕێکەوتەکان بە ساڵ و مانگی هەتاوی نووسراون، واتە ٦٢١ ساڵ دوای زایین:

- ١٣١٥/٠٤/١٢، لافاوی مەهاباد؛
- ١٣١٥/٠٨/١٥، کرانەوەی کارخانەی قەندی میاندواو؛
- ١٣١٦/١١/٢٧، «مهدی فرخ» بوو بە ئوستانداری ئوستانی ٤ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)؛
- ١٣١٦/١١/١٩، «عبدالله مستوفی» بوو بە ئوستانداری ئوستانی ٤ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)؛
- ١٣١٨/٠٥/٠٧، «حسن سمیعی» بوو بە ئوستانداری ئوستانی ٤ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)؛
- ١٣١٩/٠٧/٢٠، «مظفر اعلم» بوو بە ئوستانداری ئوستانی ٤ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)؛
- ١٣٢٠/٠٦/٠٣، هاتنی هێزەکانی سۆڤیەت و ئینگلیز بۆ نێو ئێران؛
- ١٣٢٠ /٠٦/٠٤، ڕاگەیاندنی هێرشی هەوایی بۆ سەر میاندواو و مەهاباد؛
- ١٣٢٠/٠٦/٠٨، بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندننامە لە فڕۆکەکانی سۆڤیەتەوە و [بە بڵاوبوونی دووپەڕ ئاگاهی/ بوو بڵاو ئەرتەشی شاهەنشاهی! هەژار]؛
- ١٣٢٠/٠٦/٢٥، ئیستیعفای ڕەزاشای پەهلەوی؛
- ١٣٢٠/٠٧/٠٧، دامەزرانی حیزبی توودەی ئێران؛
- ١٣٢٠/٠٧/١٣، سەرلەشکر محەممەدی شابەختی بوو بە فەرماندەی سپای غەرب؛
- ١٣٢٠/٠٧/٢٤، «سرتیپ محمدصادق کوپال» بوو بە ئوستانداری ئوستانی ٤ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)؛
- ١٣٢٠/٠٨/١٣، «سرتیپ عبدالرضا افخمی» بوو بە ئوستانداری ئوستانی ٤ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)؛
- ١٣٢٠/١١/١٨، «سرلشکر محمود امین» بەدەست کورد لە سەقز کوژرا؛

- ١٣٢١/٠٣/١٤، وەزیری جەنگی ئێران گەیشتە ورمێ؛
- ١٣٢١/٠٣/٢١، هێزی سپایی ئێران گەیشتە ورمێ؛
- ١٣٢١/٠٤/٠١، «سرتیپ ابوالحسن پورزند» کرایە فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان؛
- ١٣٢٣/٠٧/١٠، حەمەڕەشیدخان شاری بانەی ئاگر تێبەردا؛
- ١٣٢٤/٠٩/٢١، وەفدێک لەلایەن قازی محەممەدەوە چوو بۆ تەورێز بۆ وتووێژ؛
- ١٣٢٤/٠٩/٢٦، ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵکرا؛
- ١٣٢٥/٠٤/٠٥، چوونی قازی محەممەد بۆ تاران بۆ وتووێژ؛
- ١٣٢٥/١٠/٢٥، ئیعدامی ١٠ ئەفسەر[ی کورد] لە مەهاباد [و بۆکان و سەقز]؛
- ١١/١٧/ ١٣٢٥، ئەوانەی سەرلەشکر ئەمینیان کوشتبوو و بانەیان ئاگرتێبەردابوو ئیعدام کران؛
- ١٣٢٦/٠٤/١٠، «سرگرد مستشاری» کرایە فەرماندەی گوردانی میاندواو؛
- ١٣٢٦/٠٥/٢٩، شا، لێبووردنی گشتیی بۆ ئازەربایجان و کوردستان دەرکرد؛
- ١٣٢٦/١١/١٤، ئێران نارەزایی دەربڕی بۆچی سۆڤیەت بارزانیی ڕێگا داوە بۆ وڵاتەکەی؛
- ١٣٢٦/١١/٢١، «سرتیپ درخشانی» فەرماندەی پێشووی لەشکری تەورێز ٢٥ساڵی زیندانی بۆ دەرچوو.[١]

١. باقر عاقلی، «روزشمار تاریخ ایران از مشروطه تا انقلاب اسلامی»، جلد اول، چاپ اول، نشر گفتار، تهران ١٣٦٩/ ١٩٩٠، ٤٨٢ صفحه، فارسی.

## ڕۆژمێری مێژووی ئێران (بەرگی ٢)

لە هەڵبژاردەی بەرگی دووهەمدا، نەک هەر هەواڵی بۆکان بەڵکوو زیاتر دەسنیشانی ڕووداوە گشتییەکان دەکەم، ئەویش بەهۆی سەرنجڕاکێش بوونی هەواڵەکانی دوای ساڵی ١٣٣٢ەوە:

- ١٣٣٢/٥/٢٨، سەرکەوتنی کۆدەتا دژ بە حکوومەتی دوکتۆر موسەددیق؛
- ١٣٣٢/٨/١٧، دەسپێکی دادگایی کرانی موسەددیق؛
- ١٣٣٢/٩/٣٠، کۆتایی دادگا و قەراری ٣ ساڵ زیندانی تەنیایی بۆ موسەددیق؛
- ١٣٣٣/٧/٠٧، هاتنی سەعید قەزاز وەزیری نێوخۆی عێراق بۆ ئێران؛
- ١٣٣٤/١١/١٩، شەڕی جوانڕۆیییەکان لەگەڵ حکوومەتی ئێران؛
- ١٣٣٤/١٢/٠٦، هەواڵی زیاتری شەڕەکە؛
- ١٣٣٥/٩/٢٠، ژمارەی دانیشتووانی ئێران ١٨ ملیۆن و ٩٥٥ هەزار کەس؛
- ١٣٣٥/١١/١٠، پەسندکرانی لایحەی دامەزرانی ساواک؛
- ١٣٣٦/١٠/١٦، شەڕی عێلی زەنگەنە لەگەڵ حکوومەتی ئێران؛
- ١٣٣٧/٢/٠٤، ڕێگائاسنی تەورێز بۆ تاران دەستی بە کار کرد؛
- ١٣٣٧/۴/٢٣، کۆدەتای قاسم لە عێراق؛
- ١٣٣٧/٩/٣١، پەناهێنانی هەندێک کوردی عێراقی بۆ ئێران؛
- ١٣٣٩/١١/١٥، ژمارەی دانیشتووانی ئێران ٢١ ملیۆن و ٣٥٣ هەزار کەس؛
- ١٣۴٠/١١/١٨، بۆ یەکەم جار ئیسلاحاتی ئەرزی لە مەراغەوە دەستی پێکرد؛
- ١٣۴١/١١/١٩، کۆدەتای عارف و کوژرانی قاسم لە عێراق؛
- ١٣۴٢/٨/٠٢، لافاوی کرماشان؛
- ١٣۴۴/٩/٣٠، گیرانی وانێتێکی پڕ لە تریاک لە مەهاباد؛
- ١٣۴٦/٧/٠۴، خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە ئێران بوو بە ٥ ساڵ؛

هەموو ماوەی ساڵی ١٣۴۴ ـ ١٣۴٥ هەواڵی پێکدادانی ئێران و عێراقە لەسەر سنوورەکان؛

- ١٣٤٧/٢/١٠، بوومەلەرزەی ئازەربایجان؛
- ١٣٤٧/٤/٢٦، کۆدەتای بەعسییەکان لە عێراق؛
- ١٣٤٧/٦/٣١، تیرەبارانکرانی ٦ کەس لە کوردستان (باڵی شۆڕشگێڕی حدکا)؛
- ١٣٤٧/١٢/٢٤، سێڵاوی میاندواو؛
- ١٣٤٨/٤/٣٠، ئاپۆلۆ ١١ گەیشتە سەر مانگ؛
- ١٣٤٩/٤/٢١، پێکدادرانی ئوتوبووس لە مەهاباد؛
- ساڵی ١٣٤٩ ئیعدامی زۆر کەس لە ورمێ؛
- ١٣٥١/١٠/١٤، ئیعدام لە کوردستان؛
- ١٣٥٢/١/٢٦، ئیعدام لە کوردستان؛
- ١٣٥٢/٨/١٣، بوومەلەرزەی مەریوان؛
- ١٣٥٢/١٢/٢٦، لافاوی کوردستان و ئازەربایجان؛
- ساڵی ١٣٥٢ و ١٣٥٣ هەواڵەکانی شەڕی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراق؛
- ١٣٥٣/٩/٢٦، بارزانی کەرکووکی گرت؛
- ١٣٥٣/١٢/١٥، پێکهاتنی شا و سەددام لە جەزائیر؛
- ١٣٥٤/٢/١٦، لافاوی کرماشان؛
- ١٣٥٤/٤/٢٥، وەستانی دڵ و مردنی سەناتۆر محەممەدی عەباسی؛
- ١٣٥٥/٩/٣٠، نەتەوە یەکگرتووەکان: خەباتی چەکداریی دژ بە ئیستیعمار ڕەوایە؛
- ١٣٥٦/٥/٢٧، ئازادیی دەستەی یەکەمی زیندانیانی سیاسی ئێران؛

نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٦ و هەموو ساڵی ١٣٥٧ هەواڵی خۆپیشاندانەکانی ئێران؛

- ١٣٥٧/١/١٧، خۆپیشاندانی خەڵک لە کوردستان؛

ساڵی ١٣٥٧ هەواڵی ڕۆژبەڕۆژی ڕووداوەکانی ئێران و خۆپیشاندانەکان؛

- ١٣٥٧/١١/٢٢، سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی سیستەمی پادشاهی لە ئێران.[١]

---

١. باقر عاقلی، «روزشمار تاریخ ایران از مشروطه تا انقلاب اسلامی»، جلد دوم، چاپ اول، نشر گفتار، تهران ١٣٧٠/ ١٩٩١، ٥١٠ صفحه، فارسی.

## شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆماری کوردستان

ڕووداوەکانی شــەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکە، بابەتی بەشــی پێشتر بوو. لێرەدا دەچمە سـۆراغی هەواڵەکان ســەبارەت بە سەرەتا و ئەنجامەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی کە تێیدا باس لە هاتنی سپای دەوڵەتانی ئورووپایی بۆ ناوچەکە و پێکهاتن و هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩۴۶) بابەتی سەرەکین.

## کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان

کەموزۆر هەموو ئەو ڕۆژاوایی‌یانەی وا بابەتیان لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد و ســەردەمی کۆمـاری کوردســتان (١٩۴۶) نووسـیوە، هەروەها هەندێک ســەرچاوەی خۆماڵیـش، کەڵکیـان لـەم کتێبـەی «ئیگڵتـۆن» وەرگرتـووە یـا لایکـەم ئاماژەیەکیان پێکردووە. لە ڕاسـتیش‌دا کتێبی ئیگڵتۆن ســەرچاوەیەکی کورت و پوخت و ڕاست و کـەم هەڵەیـە، بـا وەک ڕۆژاوایی‌یـەک ڕوانگە و هەڵوێسـتی لـە بەرانبـەر یەکییەتیی سۆڤیەت و کۆماری کوردستان و ئازەربایجان‌دا دۆستانەش نەبێ.

به بۆچوونی من ئیگڵتۆن بۆ ئامادەکردنی کتێبەکە ڕاسـتەوخۆ چاوی بە هەندێک کەسـایەتیی کـورد و ئێرانـی کەوتـووە و قســەکانیانی ڕاسـتەوخۆ ڕاگواسـتووە یا کردوونیەتـە نێوئاخنـی قســەکانی خۆی. بنەمای بۆچوونەکەشـم ئەوەیە قســەی ئەو کەسـانە (بـۆ نموونـە قاسـمئاغای موهتـەدی، ل ٩٠ و ١٠٥ و ســەرتیپ جیهانبانـی) بـە شـێوەیەکی ئەوتـۆ ڕاگوێـزراون کە خوێنەر هەسـت بە ڕاسـت بوونـی هەواڵ و بۆچوونەکانی نووسەر دەکا و دەزانێ ئەو هەواڵانە لەخۆوە نەدراون.

کتێبەکـە ڕێـزدار سـەید محەممـەدی ســەمەدی وەریگێڕاوەتـە سـەر فارسـی و وت‌وویژی خۆی لەگەڵ چەند کەسایەتیی کورد وەک نەمر مەلا قادری مودەڕریسی، لە کۆتایی کتێبەکە زیاد کردووە.

ئەوانەی خوارەوە ئاماژەی ئیگڵتۆنن بە بۆکان و ناوچەکەی لەم کتێبەدا:

- ل ٣٢: تایفـەی دێبوکـری شـار[ی مەهابـاد] یـان [لـە ماوەی شــەڕی دووهەمی

جیهانیدا] داگیر کرد و لە جادەی مەهاباد ـ مياندواو باجیان دەسەند؛

ـ ل ٣٤: باسـی عێلـی دێبوکـری و عەلیئاغـای حاجـی ئێلخانـی و ئـەوەی دوو بنەماڵەیـان ناسـناوی ئێلخانیزادەیـان بۆخۆیـان هەڵبـژاردووە و عەلیئاغا، کە ناسناوی عەلیارە لە ساڵی ١٩٤٢دا چووە بۆ باکۆ [سەفەری یەکەمی نوێنەرانی کـورد بـۆ باکـۆ]. هەروەهـا نـاوی بنەماڵـەی «عەزیـزی» و «مەعـرووف»ی و «فەتاحـی»ی وەک بەشـێک لە دێبوکرییەکان تۆمار کـردووە. لە هەمان لاپەڕەدا باسـی فەیزوڵڵابەگییەکانـی دەوروبـەری بـۆکان و سـەقز کـراوە و نووسـەر گوتوویەتـی لـە باشـووری دێبوکرییەکانـی بـۆکان هەڵکەوتـوون و ١٥ هـەزار کەسـێک دەبن کە لە دەوروبەری مەهابادەوە تا دەوروبەری سـەقز نیشتەجێن. هەروەهـا دەڵـێ عەلی جەوانمەردی لە سـاڵی ١٩٤٤دا بەهـۆی هاوکاری کردنی حەمەڕەشیدخانەوە لە دار دراوە؛

ـ ل ٥١: باسـی هێرش بۆ سـەر شـارەبانی مەهاباد، کە دەڵێ «عەزیزخان» ناوێک لـە مەیدانـی چوارچـرا قسـەی بـۆ خەڵک کـرد و بەشـوێن ئەودا هێـرش کرایە سەر شارەبانی و دوای تەقەی پۆلیس کە بوو بەهۆی کوژرانی عەبلای مینەی خالندی، ٧ پاسەوانی تورکی ئازەربایجانیی تێدا کوژرا. دیارە عەزیزخان هەمان عەزیزخانی کرمانج (یاسیکەند)ە؛

ـ ل ٦٩: عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) یەک لە ئەندامانی خاوەن نفووزی کۆمەڵەی «ژ. ک» بوو؛

ـ ل ٧٠: لـە بـۆکان هەندێـک لە ئەندامانـی بنەماڵەی ئێلخانیزادە بـە گەرموگوڕی خەریکی هەڵسووڕان [بۆ کۆمەڵەی ژێکاف] بوون؛

ـ ل ٨٥: قاسم ئێلخانیزادە پێش چوونی هەیئەتی کورد بۆ باکۆ، نێردرایە باکۆ؛

ـ ل ٨٦: [لە سەفەری باکۆدا] پێشتر، قاسم ئێلخانیزادە دەسنیشان کرابوو پێشنیار و ئاواتی لەمێژینی گەلی کورد بۆ دامەزرانی کوردسـتانی ئازاد بنووسـێ و پێش چاوپێکەوتنی باقرۆف ئەم کارە بەڕێوە چوو؛

ـ ل ٩٠: قاسمئاغا ئێلخانیزادە باشی لەبیر ماوە کە ئێوارەی هەمان ڕۆژ [ڕۆژێک

دوای چاوپێکەوتنی باقرۆف] نوێنەرانی کورد بە چەند چەپکەگوڵەوە چوونە سەر گۆڕی عەزیزۆف لە نزیک هەیکەلی «کرۆف» و گوڵیان پێشکەش کرد. یەک لە نوێنەرانی کورد لەو کاتە و لەژێر پەیکەرەکەدا نوێژی ئێوارەی کرد؛

- ل ١٠٥: یەک لەوانەی وا [لە سیاسەتی سۆڤیەتی] دوودڵ بوون، قاسمئاغای ئێلخانیزادە پیاوێکی ناسراوی عێلی دێبوکری بوو، کە بانگهێشتنی ژەنەڕاڵ ئاتاکیشی یۆفی بۆ باکۆ بۆیە قبووڵ کرد، کە ئەم کارە بارودۆخی کورد قایمتر بکا. ناوبراو لەوێ تێگەیشت کە ئامانجی سەرەکیی باقرۆف ئەوەیە ناوچەکە لە ئێران جیا بکاتەوە و بیخاتە سەر سۆڤیەت. ئەوەش کە ئەستەم بە بیریدا بهاتبایە مافی گەلی کورد بوو. قاسمئاغا لە بۆکان چاوی بە کاک هەمزەی نەڵۆس کەوت و ئەویشی کردە هاوبەشی گومانەکەی خۆی. کاتێ کە قاسمئاغا لە باکۆ گەڕایەوە لەجیاتی ئەوەی لەو کەشوهەوایەدا بچێ بۆ مەهاباد چوو بۆ تەورێز و لەوێ چەند هەفتەیەک مایەوە. لەوێش چەند کەسێکی وەک خۆی دوودڵ کرد و هەر ئەو کارەشی بوو بەهۆی ئەوەی سەرۆکانی کورد پەیوەندیی بە ژەنەڕاڵ هومایوونی فەرماندەی سپای ئێران لە بەشی کۆماری کوردستانەوە بکەن. لەو سەردەمەدا خەڵکێکی زۆر لە قاسمئاغا کەوتبوونە گومانەوە؛
- ل ١٢٣: دوای سەرۆککۆمار، سەرەکوەزیر (سەرۆکی هەیئەتڕەئیسە) حاجی بابەشێخ خەڵکی بۆکان بوو. ناوبراو سیاسەتمەدارێکی ٦٥ ساڵان و لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیلی دەوروبەری بۆکان بوو. پیاوێکی لاواز و باریک. عەینەک و ڕیشە سپییەکەی قەڵافەتی زۆر عالمانەیان پێدەبەخشی، دیارە خوێندەواریی فەرمیشی هەبوو. لە ڕابردوودا یەک لە دۆستانی بەئەمەگ و جێگەی باوەڕی ڕەزاشا بوو و لای ئەو خاوەن نفووزی زۆر بوو. دوای شاربەدەرکرانی ڕەزاشا ڕووی کردە حەمەڕەشیدخان کە ئەو دەم حاکمی سەقز و بانە بوو. پاشان بەرەو کۆماری کوردستان هات. حاجی بابەشێخ لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوتی زۆر چاکی هەبوو، بەڵام ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی «ژ. ک» نەبوو... نزیکایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ قازی محەممەددا نەبوو و وا هەست دەکرا کە بۆ بێئەسەر کردنی کار و کردەوەی بنەماڵەکانی ئێلخانیزادەی بۆکان کە دراوسێی بوون

گەیشـتبێتە پلەی سـەدارەتی بەرز. سـەرەڕای ئەو پلەبەرزەی، حاجی بابەشـێخ هەرگیز پیاوێکی بەدەسەڵاتی نێو حکوومەت[ی کوردستان] نەبوو؛

- ل ١٢٤ ـ ١٢٥: عەبدوڕڕەحمانـی ئێلخانـیزادە کـوڕی حاجـی بایزاغـا وەزیـری کاروبـاری دەرەوە و حاجی سـمایلئاغای ئێلخانیزادە وەزیری ڕێگاوبان بوو. [ئەوەنـدەی زانرابێ پۆسـتی وەزارەتـی دەرەوە لە کابینەی پێشـەوادا نەبوو و ئـەوەش هۆکاری سیاسـیی هەبوو، حاجـی ڕەحمانئاغاش وەزیری ڕاوێژکاری کابینەکـە بـوو، بەڵام دەگوتـرێ بەکردەوە ئەو دەورەی گێڕابێ. کاک سـەلاحی موهتـەدی کـوڕی حاجی ڕەحمانئاغاش لە وتار یـا وتووێژێکدا باوکی خۆی بەوەزیری کاروباری دەرەوە ناو بردبوو.]؛
- ل ١٣٤: شێعری سروودەکە [ئاوی کەوسەرە]، هەژاری شاعیر ئامادەی کردبوو.
- ل ١٣٧: حاجی بابەشێخ سەرەکوەزیران بوو؛
- ل ١٣٨: باسـی ئـەوەی ئایـا کـورد و بەتایبـەت پێشـەوا لە ڕاگەیاندنـی کۆماردا پەلەیـان کرد؟ سـەیفی قازی و حاجی بابەشـێخ لەگەڵ ئـەو بۆچوونە نەبوون... شەڕی کوردی شێخئاغایی و تورکیمیاندواو؛
- ل ١٥١: لەنێـو ئـەو ٦٠ لاوەی بۆ خوێندن نێردرانە باکۆ، یەکیان کوڕەلاوێک بوو بەنـاوی [عەلـی] گەلاوێژ کە لە سـاڵی ١٩٦١دا لەسـەر ڕادیـۆ بەرلین بە زمانی کوردی بەرنامەی تەبلیغاتیی دژ بە ئێرانی بەڕێوە دەبرد؛
- ل ١٦٧: ژمارەی سـوارەی عەشـیرەتەکانی کوردی ناوچە:... دێبوکریی مەهاباد بـە سـەرۆکایەتیی جەعفەرئاغـای کەریمـی ٤٠٠ سـوارە؛ دێبوکرییەکانی بۆکان بەچاوەدێریـی ئاغاواتی ئێلخانیزادە ٥٠٠ سـوارە؛ فەیزوڵڵابەگییەکانی بۆکان و سـەقز ٨٠٠ سـوارە؛ تایفـەی بیداغـی سـەقز [دەبـێ بوداغـی بێ] ٢٠٠ سـوارە؛ سەرجەم ١٢ هەزار ٧٥٠ سوارە؛
- ل ١٦٩: لەو کاتانەدا هەیئەتێکی تێکەڵاوی ئازەربایجانی و کورد لە سەقز لەگەڵ بەرپرسـانی [ئێرانـی] ناوچە سـەبارەت بـە گرفتی نێوانیـان، خەریکی وتووێژ بـوون. ئەندامانـی هەیئەتی کـورد بریتی بوون لە سـەرهەنگ دووهەم عیززەت عەبدولعەزیز (عێراقی)، سـەرگورد ئیبراهیم سـەلاح سەرۆکی ستادی ئەرتەشی

کوردان و جەعفەری کەریمی لە دێبوکرییەکانی مەهاباد؛

ـ ل ١٧٩: حاجی بابەشێخ کە سەرەکوەزیرێکی خاوەندەسەڵات نەبوو، باسی هێرش[ی ئێران بۆ سەر ناوچەکەی] کرد و تەنیا چوار سەرەکهۆز و خەڵکەکەی پشتگیریی قسەکانی ئەویان کرد. ناوبراو پێی وابوو دەتوانن بچنە نێو شاری سنەوە و ئەگەر ڕووسەکان شتێکیان گوت دەکرێ بڵێن حاجی بابەشێخ و چەند سەرەکهۆز لەخۆیانەوە چوونەتە نێو شارەکە؛

ـ ل ١٨٢: لەو ماوەیەدا وتووێژێکی زۆر جیددی لە نێوان قازی محەممەد و ژەنەڕاڵ ڕەزمئارا لە گوندی سەرا بەڕێوە بوو؛

ـ ل ٢٠٩: قازی محەممەد [لە میاندواو] بە ژەنەڕاڵ هومایوونی گوت با بزانن کە بارزانییەکان هێشتا لە مەهابادن و دەیانەوێ سەرلەنوێ بۆکان بگرنەوە. هومایوونی وای بەباش زانی کە بە قازی و حاجی بابەشێخ و سەیفی قازی بڵێ خۆتان بچن بۆ بۆکان و چاوتان بەوێ بکەوێ... لە بۆکان دیتیان کە بارزانییەکان چەند ڕۆژ پێشتر شاریان چۆڵ کردووە و چوونەتە مەهاباد. ئەوانەی وا لەگەڵ ژەنەڕاڵ هومایوونی بوون بەرەو حەمامیان، کە گوندێکی دێبوکرییەکانە وەڕێکەوتن؛ ئێلخانیزادەکان لەو گوندە دەژیان و لە ساڵێک پێشترەوە پەیوەندییان لەگەڵ ژەنەڕاڵ هومایوونی گرتبوو... قازی گوتی پێتەخت[ی کۆماری کوردستان] هێمن نییە و بارزانییەکان دەیانەوێ بەربەرەکانی [سپای ئێران] بکەن. ژەنەڕاڵ بە قازی گوت بگەڕێتەوە مەهاباد و شارەکە ئامادەی هاتنەوەی سپا بکا؛

شایانی گوتنە کە کاک سەید محەممەدی سەمەدی وتووێژی لەگەڵ هەندێک کەسایەتیی سەردەمی کۆمار وەک نەمر مەلا قادری مودەڕریسی و سەید ڕەحیم ئەیووبی کردووە و دەقی قسەکانی ئەوانی وەک پاشکۆ خستۆتە کۆتایی کتێبەکە. یەک لەو کەسانە سەید عەبدولقادری سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخە.[1]

---

١. ویلیام ایگلتون جونیر، «جمهوری ١٩٤٦ کردستان»، ترجمە سید محمد صمدی، ناشر (؟)، محل انتشار (؟)، سال انتشار ١٩٨٠ (؟)، ٣١٢ صفحە، فارسی.

## سەفەری دووهەمی ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ

یەکییەتیی سۆڤیەتی لە ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٤٤دا دووجار ژمارەیەک لە گەورەپیاوانی کوردی ناوچەی موکریان و بەگشتی بەشی ئازەربایجانی بانگهێشتنی باکۆ کردن کە بەتایبەت ئەوی دووهەمیان بەتەواوەتی نهێنی بوو، گەرچی ئێران گەلێک زوو، وا هەیە لە ڕێگەی دەزگا زانیارییەکانی وڵاتانی ڕۆژاواوە، بە مەسەلەکەی زانی و لە قاوی‌دا.

لە هەر دوو سەفەرەکەدا پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتیی سەرەکی بووە و لە هەر دووکیان‌دا خەڵکانی ناوچەی بۆکانی تێدا بەشدار بوون. لە سەفەری یەکەم‌دا حاجی بابەشێخی سەیادەت و عەلی‌ئاغای عەلیار (سەردار ئەسعەد) و لە سەفەری دووهەم‌دا قاسم‌ئاغای ئێلخانی‌زادە بەشدارییان کردووە و هەر قاسم‌ئاغاش دەقی داواکارییەکانی وەفدەکەی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە و پاشان داویانە بە میرجەعفەر باقرۆف سەرۆکی «کۆماری سوسیالیستیی ئازەربایجان».

تەنیا دوو ڕۆژ دوای سەفەری دووهەم، ڕۆژنامەی ئیتلاعات چاپی تاران و چەند ڕۆژنامەی دیکەش لە ١٣٢٤/٧/٩ هەواڵی سەفەرەکەیان ڕاگەیاندووە و بەشوێنی‌دا ڕۆژنامەی «کوهستان» چاپی تاران چەندین هەواڵ و تێلگرافی لەو پەیوەندەدا بڵاوکردۆتەوە:

- ژمارە ٢٩ (١٣٢٤/٧/١٦)، سەروتار بەناوی «مهاباد جداشدنی نیست» بۆ پاساودانەوەی مەسەلەکە؛
- ژمارە ٣٠ (١٣٢٤/٧/٢٣)، تێلگرافی قاسم ئێلخانی‌زادە کە هەواڵەکەی بەدرۆ خستۆتەوە؛
- ژمارە ٣٠ (١٣٢٤/٧/٢٣) تێلگرافی ١٣٢٤/٧/١٨ی محەممەدئەمین ئێلخانی‌زادە بۆ بەدرۆ خستنەوەی مەسەلەکە؛
- ژمارە ٣١ (١٣٢٤/٧/٣٠)، هەواڵێک کە ڕۆژنامەکە لە زمان «ستاد ارتش»ەوە

ڕایگەیانـدووە و گوتوویەتـی لە گوندێکی دەوروبـەری ڕەزائیە کۆبوونەوەیەک بەستراوە و نووریبەگ باسی سەفەرەکەی بۆ گرووپێکی خەڵک کردووە؛

- ژمـارە ٣٢ (١٣٢٤/٨/٧)، تێلگرافـی حەمـزەی مامـەش و «عەبدوڵـلا قـادری» کـە هەواڵەکەیان بەدرۆ خستۆتەوە؛
- ژمـارە ٣٢ (١٣٢٤/٨/٧)، تێلگرافـی محەممـەد قـازی، محەممەدحوسـێنی سـەیفی قـازی، عەلی ئێلخانی، هەمـزەی مامەش و عەبدولقادر جەڵدیان [دەبێ عەبدوڵڵا قادری بێ]کە هەواڵەکەیان وەدرۆ خستۆتەوە.

**

هۆکاری نووسـینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ڕێزدار حەسـەن قازی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٣١ لەسەر لاپەڕەی وێبلۆگی «ڕوانگە»[1] بابەتێکی سەبارەت بە ڕاست بوونی سەفەرەکە و هـۆکاری نکوولـی کردنی ئەو کەسـانەی وا لە سـەفەرەکەدا بـوون بڵاوکردۆتەوە و هەوڵی داوە ئەم هۆکارە بدۆزێتەوە. ئەوە گەوهەری بۆچوونەکەی کاک حەسەنە:

«... حکوومەتـی شـووڕەوی لەلایەکـەوە لەبـەر ئـەو بەرعۆدەیییانەی لە ئاسـت دەوڵەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و دەوڵەتـی بریتانیـا بوویەتـی و لـە سـەرێکی دیکەشـەوە بـۆ ڕێگاخۆش کردن بـۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانـی نەوتی باکوور حەولی داوە دەوڵەتی لاوازی ئێران لە خۆی نەورووژێنێ، جا بۆیە لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردسـتاندا زۆر لە سەرهەسـت و بە ئیحتیات جووڵاوەتەوە. وێدەچـێ یەکێـک لـە مەرجەکانی ئەو بانگهێشـتنەی دەسـتەی نوێنەرایەتـی کورد بە نهێنی هێشتنەوە و باس نەکردنی بووبێ...»

واتە ئەم نهێنیکارییانەی ڕێبەرانی کورد نەک لە ترسـی دەوڵەتی ناوەندی ئێران، بەڵکوو بەگوێرەی ڕاسپاردە و داوخوازیی سۆڤیەتییەکان و حکوومەتی ئازەربایجانی باکووریـی بـووە کە نەیانویسـتووە مەسـەلەکە گەورە بکرێتـەوە و ببێتە هۆکارێکی گوشـاری سیاسیی دەوڵەتانی ڕۆژاوا بۆسـەریان. سەمەرە ئەوەیە عەلیاغای عەلیار

---

1. http://ruwange. blogspot. co. uk/2012/05/blog post-31. html

کـە دەگوتـرێ لەو سـەفەری دووهەمـەدا لەگەڵیان نەبـووە، یەک لەو کەسـانە بووە کـە لەگـەڵ پێشـەوا نامـەی نکوولی کردنـی ئیمزا کـردووە و ناردوویەتی بـۆ تاران. بەداخەوە سەرجەم بابەتەکە لەبەر دوورودرێژی نەکرا تەواو ڕابگوێزرێ.

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان

بۆ توێژینەوەی مێژووی هاوچەرخی بۆکان، بەتایبەت مێژووی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی شار و ناوچەکە، پێویستە سەرنجی تایبەت بدرێتە ئەو بەڵگەنامە گرنگانەی وا لە پێوەندیی کار و چالاکییەکانی حەمەڕەشیدخانی قادرزادە (دارۆخان) دان و لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکراونەتەوە.

حەمەڕەشیدخان لە قۆناخی پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦)، کەسایەتییەکی گرنگ و خاوەنی دەسەڵاتی ناوچەی سەقز و بانە و مەریوان بوو و لە ئێران و عێراقدا تەنگوچەڵەمەی زۆری بۆ هەر دوو حکوومەتەکان خوڵقاندبوو:

**«ئای لە حەمەڕەشیدخان، خەڵکی وێنە و دارۆغان**
**لەشکری شای ڕەپێنا هەتا پێتەختی تاران!»**

(فۆلکلۆر)

لە سەرەتاکانی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، یەک لە گرفتە سیاسی ـ نیزامییەکانی کۆمار و ڕێبەرەکانی بریتی بوو لە چۆنییەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو. ڕێبەرانی کۆمار نیگەرانی دەسەڵات و توانای حەمەڕەشیدخان بوون و نەیاندەویست بچێتە بەرەی دەوڵەتی ئێرانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئامادە نەبوون بەشێک لە دەسەڵاتی ناوەندیی کۆماری بدەنە دەست، جا مەسەلەکەیان بەو شێوەیە چارەسەر کرد کە بیکەنە قوماندانی هێزەکانی کۆمار لە سنووری گەلێک گرنگی باشوور و بۆ ئەم کارەش، خانیان بە دەرەجەی ژەنەڕاڵییەوە کردە بەرپرسی ناوچەی «سەرا» لە نێوان بۆکان و سەقز. سەرا گوندێک بوو کە بەگوێرەی پەیمانی ساڵی ١٩١٥ی نێوان ڕووس و ئینگلیز ناوچەی دەسەڵاتی هەر دوو لایان لەوێ دەگەڕایەوە. ئەو پەیمانی دابەشکرانی ئێرانە، گەرچی لە ساڵی ١٩١٧ و دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبر هەڵوەشابۆوە، بەڵام لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاوکاریی نێوان سۆڤیەت و ئینگلیز دژ بە فاشیسمدا، بە شێوەی «دوفاکتۆ» ڕەچاو

دەکرا و نە هێزەکانی سۆڤیەت لە سەرا بەرەو باشوور دەچوون و نە هێزی ئینگلیز لەوێوە دەچوونە باکوورتر. هۆی سەرەکیی کۆماری کوردستانیش کە سەقز و بانەیان نەدەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هێزەکانیان لە سەرا و قاراوا نەدەبردە پێشەوەتر، خواستی سۆڤیەت بوو لەپێناو پاراستنی ئەو دابەشکردنە دوفاکتۆیەدا.

هەر چۆنێک بێ، حەمەڕەشیدخان نیشتەجێی گوندی سەرا بوو و ماڵی «حەمەداغای عەباسی» کردبووە پێگەی هێزی پێشمەرگە و بنکەی حوکمی خۆی لە ماوەی نزیک بە ١١ مانگ تەمەنی کۆماردا.

حەمەڕەشیدخان، میرزا یا «کاتب»ێکی هەبوو، کە ئیشوکاری دەفتەریی بۆ جێبەجێدەکرد، نامەی بۆ دەخوێندەوە و وەڵامەکانی بۆ دەنووسییەوە. ئەو کاتبە ناوی میرزا «محەممەدئەمین مەنگوڕی» بوو. مەنگوڕی خەڵکی باشووری کوردستان و ڕووناکبیرێکی تێگەیشتوو و نووسەرێکی بەتوانا بوو، کە چەند کتێبی نووسیوە.

دوای تێکشکانی کۆمار و چوونەوەی حەمەڕەشیدخان بۆ باشووری کوردستان، مەنگوڕیش گەڕایەوە باشوور و لەم گەڕانەوەیەدا کارێکی گرنگی کرد، ئەویش پاراستن و ڕاگواستنی بەڵگەنامەکانی بەردەستی بوو. دوای گەیشتنی بەڵگەنامەکان بە باشوور و پارێزرانیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، هەموویان دەکەونە دەست کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین و لەلای ئەویشەوە دەدرێنە خوالێخۆشبوو مەحموودی مەلا عیززەت.

کاک مەحموود لە ساڵانی نێوان ١٩٩٢ ـ ١٩٩٧دا بە ئەرک و زەحمەتێکی زۆر و یارمەتی خواستن لە خەڵکانی شارەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرجەمی بەڵگەنامەکانی لە سێ بەرگ کتێبدا بڵاوکردەوە، بەو شێوەیە بەشێکی بەرچاو لە نامە و پێوەندەکانی کۆمار پارێزران و لە فەوتان ڕزگاریان بوو.

بەڵگەنامەکان بابەتی هەمە چەشنەیان هەیە، نامەی بەرپرسانی کۆمار بۆ حەمەڕەشیدخان، بارودۆخی بارزانییەکان لە ناوچەکە، داواکاری بەرپرسانی بنکەی سەرا لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگیی دەوروبەری بۆکان و سەقز، نامە و داخوازییەکانی

ئەوان، نامەگۆڕینەوەی نێوان لقەکانی هێزی سپایی کۆمار و دەیان بابەتی دیکە.

زۆربەی زۆری نامەکان لە پەیوەندیی ناوچەی بۆکان و سەقزدان و کەسایەتییەکان، هی ئەو ناوچەیەن، نموونەی دەسخەتی شەهیدان عەلیبەگی یەکشەوە (شێرزاد)، ئەحمەدخانی فاروقی، قودسی، میرحاج، مستەفا خۆشناو و کەسانی وەک ئیبراهیم سەلاح و جەعفەرخانی کەریمی، هاوڕێ لەگەڵ هەندێ بەیان و ڕاگەیاندنی کۆمار و گەلێک بابەتی دیکە نێوەرۆکی بەڵگەنامەکانن.

ئەوەش تایبەتمەندییەکانی ئەو کتێبە بەنرخە بۆ ئەویندارانی مێژووی بۆکان و کوردستان:

١. «دەوڵەتی جمهووری کوردستان»، نامە و دۆکومێنت، مەحموودی مەلا عیززەت کۆی کردۆتەوە و ڕێکیخستووە، نامە فارسییەکانی کردووە بە کوردی، پەڕاوێز و تۆماری بۆ کردووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە. بەرگی یەکەم، سوید، ئازاری ١٩٩٢؛ ٣٧٣ لاپەڕە و ٢٣٩ دۆکومێنت،

٢. بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥، لاپەڕە ٣٨٠ تا ٦٦٩، بەڵگەنامەی ژمارە ٢٤٠ تا ٤٤٨، وێڕای چەند نەقشە.

٣. بەرگی سێهەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، لاپەڕە ٦٦٧ تا ١٠١٥، بەڵگەنامەی ژمارە ٤٤٩ تا ٥٥٧، وێڕای چەند وێنە و دەسخەتێکی پێشەوا قازی محەممەد.

## حکوومەتی کوردستان

کتێبی حکوومەتی کوردستان پێداچوونەوەیەکی پوختی ڕووداوەکانی ئێران، کوردستان و ئازەربایجانە لە ساڵانی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان و ماوەی تەمەنی کۆمار، تا هەرەس‌هێنان و شەهیدکرانی ڕێبەران و خەباتکاران و دڵسۆزانی کورد لە مەهاباد و سەقز و بۆکان.

تایبەتمەندیی کتێبەکە، کەڵک وەرگرتنی زۆر لە سەرچاوە فارسی و کوردی و عەرەبییەکان و ڕاگۆستنی ئەو سەرچاوانەیە. نووسەر کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کتێبەکەدا هەوڵی داوە چۆنییەتی و هۆکارەکانی دامەزران و هەرەسی کۆمار لە زمان سەرچاوەکانەوە بگێڕێتەوەو هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی خۆشی بخاتەسەر.

بۆکان وەک شاری دووهەمی کۆمار لە گەلێک لایەنەوە، مێژووی و چارەنووسی بە ڕووداوەکانی مەهابادەوە گرێدراوە، ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵای شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری هەڵکراوە، دووهەم چاپخانەی کۆمار لەوێ دامەزراوە، کەسایەتییەکانی شار و دەوروبەری لە کاروباری سیاسی و تەنانەت کابینەی وەزیران و هێزی سپایی کۆماردا بەشداری ڕاستەوخۆ بوون و بەو بۆنەیەوە دوای هەرەسی کۆمار و داسەپانی سەرلەنوێی حوکمی عەجەم، تووشی ئیعدام و زیندان و ئاوارەیی و ماڵوێرانی هاتوون، شاعیران و نووسەرانی بۆکانی لە گەورەیی‌بەخشین بە کۆمار و پێداهەڵگوتنی ئاڵا و ڕێزلێ‌گرتنی ڕێبەرانی‌دا دەوریان بینیوە و...

نووسەر کە بەوردی بە سەرچاوەکان‌دا چۆتەوە، سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی ئەو سەردەمە دواوە کە نەوەی ئێستای کورد نەیبیستوون یا گرنگایەتیی پێنەداون. یەک لەوانە هەڵکرانی ئاڵا لە بۆکان و گوندی ئاڵبلاغ و کۆڕی جەژن و شادمانی بەبۆنەی هەڵکرانی ئاڵا لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان، وەک گەردیگلانە. لە دێڕەکانی خوارەوەدا ئاماژەیەکی کورت بەو ڕووداوانە کراوە. من ڕێزمانی دەقەکانم

پاراستووە، کە بەشی زۆریان لە ڕۆژنامەی کوردستان وەرگیراون:

ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٠٥ ئاڵای کوردستان لە مەهابادەوە بەرەو بۆکان برا. ئاغایانی قازی قزڵجی، حەسەنخانی بوداقی، برایمئاغای ئێلخانیزادە، حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە، ئەبووبەکرئاغای ئێلخانیزادە، دوو نەفەر شاعیری میللی، هەژار و حەقیقی، لەگەڵ سەد نەفەر پتر لە ئەعزای (ئەندامانی) کومیتەی مەحەللی بۆکان لە میاندواو پێشوازییان لێکرد. لە گوندی تەقیاباد خوشک و برایانی ئەرمەنی پێشوازییان کرد و وتاریان دا، قاسمئاغای ئێلخانیزادە لەلایەن هەیئەتەوە سپاسی کردن. لە قەرەمووسالیان میرزا مستەفا موقتەدیری، مەحموودخان و یۆنسخان و عەبدوڵلاخانی ئەمیری ئەندامانی لکی مەحەللی دێموکراتی ئەوێ لەگەڵ خەڵکی دێهاتی تریش پێشوازییان لێکرد.

سەعات چوار و نیوی پاشنیوەڕۆ ئاڵا گەیشتە «عەلیاباد»ی سێ کیلۆمتریی بۆکان. لەوێ گاردی ئیحترام بە فەرماندەیی سەلیمئاغای ئێلخانیزادە و قوتابییەکانی بۆکان و ئاغای ئەحمەدبەگی فەیزوڵلابەگی و فەیزوڵلاخان و عەلیخانی قازڵیان و ئەحمەدئاغا و عومەرئاغا و کەریمئاغای عەباسی و هەباسئاغا و خالیدئاغای حیسامی و چوارپێنج هەزار نەفەر خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بە پێشوازییەوە هاتبوون. لەوێ ئاڵا لەسەر شانی جەوانی ڕەشید ئەبووبەکرئاغای ئێلخانیزادە گەیشتە کێلەشین و پاشان گەیشتە سەر حەوزی بۆکان. تەواوی خەڵکی لە دەوروبەری حەوز و مەیدانی ئەوێ کۆببوونەوە و قازی «محەممەدسادق قزڵجی» وتار و شێعری بەتینی لەژێر ئاڵادا خوێندەوە و پاش وی حەقیقی و هەژار شاعیری میللی هەرکام دەستەشێعرێکی گەرم و چاکیان خوێندەوە و هەیئەتی ئاڵا چوونە عەمارەتی قەڵا...

سەعات دوازدەی بەیانی ئەوی ڕۆژێ [١٣٢٤/١٠/٠٦] جەنابی حاجی بابەشێخ ڕەئیسی میللی کوردستان لەگەڵ ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادە واریدی بۆکان بوون.

ڕۆژی هەینوو ١٣٢٤/١٠/٠٧ [١٩٤٥/١٢/٢٨] لە سەعات هەشتی بەیانییەوە دەست بە تەشریفات کرا. لە سەربانی عەمارتی قەڵای بۆکان لە تەڕەفی ڕاستی ئاڵاوە

جەنابی حاجی بابەشێخ و لەلای چەپەوە جەنابی حاجی بایزئاغا ڕاوەستان، لە هەر دوولاوە دوو موسەلسەل دانرا. قوتابی و مامۆستاکان و خەڵکێکی یەکجار زۆر لەسەر سەکۆی قەڵا و دەستەی مووزیک و گاردی ئیحترامی مەهاباد و بۆکان بە فەرماندەیی ئاغای محەممەدی نانەوازادە فەرماندەری ئۆردووی میللی مەهاباد و سەلیمئاغای ئێلخانیزادە فەرماندەری بۆکان لە هەیوانی نێوەڕاستی قەڵا ئامادەبوون. تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعییەتێکی کەش لە ئاغایان، مینجوملە حوسێنئاغای عەلیار و براکانی، لە سەربانی قەڵا بەڕیز لەملاولای ئاڵاوە، بە چەند سەف ڕاوێستان. خەڵکێکی بێژماریش لە مەیدانی خوارەوە و دەوروبەری حەوزی بۆکان ڕاوەستان. قاسمئاغای ئێلخانیزادە پرۆگرامی خوێندەوە و جەنابی حاجی بابەشێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرموو، مزگێنیی خوشبەختیی نەتەوەی کوردیدا و ئاڵای موبارەکی بەدەستی خۆی هەڵکرد. حەسەنی قزڵجی لەباتی ڕەحمانئاغای ئێلخانیزادە وتاری پیرۆزبایی دا؛ قازی محەممەدسادقی قزڵجی، عەلی خوسرەوی، ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادە، ڕەحمان مودەرریسی، حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە، مارفئاغا، جەعفەرئاغا و حاجی بایزئاغای ئێلخانیزادە هەریەکەو وتارێکی بۆ پیرۆزبایی لە هەڵکردنی ئاڵا دا؛ هەژار، حەقیقی و خالیدئاغای حیسامی بەو بۆنەیەوە سەروو شێعریان خوێندەوە. لە خاتیمەدا قاسمئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی زۆر بەتینی لە بابەت خۆشی و ئازادیی کوردەوە بەیان کرد و سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ بە خوێندنەوەی مارشی میللی و لێدانی مووزیک، جەژن تەواو بوو (لاپەڕە ٩۴ تا ٩٦).

**ئاهەنگەکانی دووی ڕێبەندان:**

مەهاباد: لەنێو ئەو ٢٢ کەسەی وا لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەنداندا «خطابە»یان خوێندەوە و وتاریان دا، ئەم کەسانەش هەبوون: خیتابەی جەنابی حاجی بابەشێخ، ئەشعاری ئاغای هەژار شاعیری میللی، نوتقی ئاغای محەممەد فەیزوڵڵابەگی و خیتابەی ئاغای ئەحمەدی ئێلخانیزادە.

حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی کۆمەگ فەرماندەی هەموو هێزی کوردستان، لە

نوتقی «٢ی ڕێبەندان»ی خۆیدا، ناوی چەند کەس لەوانە دەهێنێ کە هاوکاری لەگەڵ دوژمن دەکەن. دوو لە ناوەکان، عەلی عەلیار و محەممەدی عەباسین (ل ١٠٩).

**جێژنی شیرکەتی تەرەقی لە مەهاباد:**

حەزرەتی پێشەوا، سەید عەبدوڵڵای شەمزینی، جەنابی حاجی بابەشێخی سەیادەت و حاجی بایزئاغا و مەحموودئاغای ئێلخانیزادە... تەشریفیان بوو... قاسمئاغای ئێلخانیزادە، ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادە و حاجی بابەشێخ... لەم جەژنەدا دوان (لاپەڕە١٣٥).

ڕۆژی شەشی ڕێبەندان ئاغای شێرزاد [عەلیبەگ ؟] و حەمەحوسێنخان ئەمیری جەژنیان کرد، پێشەواش بەشداری کرد (لاپەڕە ١٣٦).

ڕۆژی شازدەی ڕێبەندان سەید عەبدوسسەلام لە گەردیگلان جەژنی کرد. سەید حسێن و سەید محەممەد نوورانی زەنبیل و چەند کەسی کە، بەشدار بوون. سەید عەبدوسسەلام و سەید کامیل و مەلا عەبدوڵڵا و شێخ ئەحمەد وتاریان خوێندەوە (هەمان لاپەڕە).

ڕۆژی نۆزدەی ڕێبەندان محەممەد ڕەشیدخان [قادرزادە]، ئەحمەدبەگی سەلیمی، حاجی گەنجاڵیبەگی سەلیمی لەگەڵ خزمەکانیان و بنەماڵەی شێربەگ و دادخوا و ئاغایانی ئیبراهیمبەگی سەلاح و سەلیمبەگی بەگزادە و حەمەحوسێنخانی ئەمیری و فەیزوڵڵاخانی حەریقی و محەممەدکەریمبەگی مەجیدی و محەممەدئیبراهیمبەگی فەیزوڵڵابەگی و ئەحمەدخانی کەیخوسرەوی و ئاغایانی ئەحمەدبەگی فەیزوڵڵابەگی و تەواوی ئاغایانی بەگزادە لە «یەکشەوە» کۆبوونەوە.

هاشم حەمزەیی سەرۆکی ستادی بۆکان و حەسەنخانی بوداقی بۆ سەر ئەو جێژنەبانگ کرابوون. لە سەعاتی ٩ی بەیانیدا ١٥٠ نەفەر پێشمەرگە و غەیرە، تاقمێکی ٣٠٠ نەفەری ئاغا و ڕەعیەت و نۆکەر، بەناوی گاردی ئیحترامی ئاڵا لە مەیدانی پێش کومیتەدا سەفیان بەست. لەو وەختەدا پێشمەرگە سەلیمی فەیزوڵڵابەگی هەڵگری تایبەتیی ئاڵا، ئاڵای موقەدەسی لە غایەتی ئیحتراما نایە سەر شانی و فەرماندەی لک لە شانی ڕاستی ئاڵاوە و فەرماندەی بەشی سوار لە شانی چەپەوە بە جەلال و

شـەوکەتێکی زۆر جـوان هێنایانـە مەیدانـی پێـش کومیتە. لە حـدوودی هەزار کەس زیاتر لە دێهاتی بەگزادەوە بۆ سـەیر و پێشـوازیی ئاڵا هاتبوونە یەکشـەوە. لەپاش چەپڵەڕێـزان هوڕایەکـی زۆر، فەرماندەی لک ئاغای شـێرزاد [عەلیبەگی یەکشـەوە] خیتابەیەکـی زۆر شـیرین و جوانـی خوێنـدەوە... لـەدوای ئـەو ئاغـای محەممـەدی شکارچی قەراردادی ٢ی ڕێبەندانی بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە. ئاغایانی حیسامی و دادخوا، پێشمەرگە مستەفا فەیزوڵڵابەگی و ئەسەدی دادخوا و میرزا محەممەدئەمین تاهیری، نوتقی زۆر بەتین و تەوژمیان کرد؛ ئاغای عەبدوڵڵا نیروومەند نووسـەری حیزبی یەکشـەوە، شـێعرێکی خوێندەوە... تاقمی پێشـمەرگە لەژێر فەرمانی حسـێن شێرزاد دەسرێژێکی زۆریان کرد... ئاغای ڕەئیسی ستادی بۆکان نوتقێکی بێئەندازە بەتینی کرد، ئەوجار بە کەمالی ئیحترامەوە ئاڵای موقەدەسیان لە سەربانی کومیتەی حیزب نەسب کرد. بە تەقەی دهۆڵ و زوڕنا خاتیمە بە جێژن درا (لاپەڕە١٣٦ ـ ١٣٧).

نووسـەر ئـەو هەواڵانـەی سـەرەوەی لـە ڕۆژنامەی کوردسـتان چاپـی مەهاباد وەرگرتوون.

لە لاپەڕە ١٣٩ی کتێبەکەدا لیسـتەی ناوی «هەیئەتی ڕەئیسـەی میللی» هاتووە و نووسـەر گوتوویەتـی «ئـەم دەزگایـە لەباتـی کابینـە یاخـود ئەنجومەنـی وەزیـران بوو و کارەکانی ئەویشـی ئەنجام دەدا. لە لیسـتەی ناوەکاندا حاجی بابەشـێخ وەک ڕەئیسـی هەیئەت، ئیسماعیل ئێلخانیزادە وەک وەزیری ڕێگاوبان و عەبدوڕڕەحمان ئێلخانـیزادە وەک وەزیـری موشـاویر نـاو بـراون. لـە ڕاگەیاندنی هەواڵـی «جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆکجەمهووری بەرزی کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هێزی دێموکراتی کوردسـتان» لە مەهابادیشدا نووسـیویەتی: ئەوانەی لەم جێژنەدا قسەیان کرد:... قاسمئاغای ئێلخانیزادە، قادرئاغای قارەمانی، مەعرووفی، ئیفتیخاری چواردۆڵی، برایم قارەمانی، عەبدوڵڵائاغای داربەسەر و حەسەنخانی بوداقی بوون» (لاپەڕە ١٣٣).

کتێبەکـە هەواڵـی هەندێـک کاری گرنگی سیاسـی ـ کۆمەڵایەتـی ـفەرهەنگیی لە مـاوەی کەمـی تەمەنی کۆمـاردا ڕادەگەیەنێ و لەوانە، کرانەوەی ستاسـیۆنی ڕادیۆ،

کتێبخانـەی میللـی، ئەنجومەنـی فەرهەنگیـی کوردسـتان و سـۆڤیەت لـە مەهابـاد و بڕیـاری کرانەوەی دانیشـکەدەی مەعقوول و مەنقوول کـە دەرفەتی جێبەجێکرانی نەبوو. هەروەها حکوومەتی سـۆڤیەتی دەزگایەکی سینەمای گەڕۆکیشیان بە دیاری دابوو بە حکوومەتی کوردستان. دوای ئەوەش کە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد لەلایەن دوو موهەندیسی «چێک»ەوە دامەزرا، چاپخانەی کۆنی مەهاباد برایە بۆکان و لەوێ گۆڤاری هەڵاڵە و چەند کتێبی پێ چاپ کرا (لاپەڕە ١٦٤ تا ١٦٦).

هەواڵی سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا یەکجار زۆرە و دەسنیشان کردنیان لە گونجان نایە. من چەند لاپەڕەی گرنگم دیاری کردوون و لەوانە:

١٣٣، ١٣٥، ١٣٦ تا ١٣٨، ١٥٠، ١٥٣، ١٦١، ١٧٥، ١٨٠، ١٨٧، ١٩٧، ٢٣٢، ٢٦٨.

بەداخەوە ڕێکەوتی شـەهیدکرانی عەلیبەگی شـێرزاد و ١١ شـەهیدەکەی سـەقز لێـرەشدا وەک زۆر سـەرچاوەی تـر ڕوون نییە و نووسـەر دوای ئەوەی خەبەری شـەهادەتی پێشـەوا و سـەیف و سـەدر لە ١٩٤٧/٣/٣١ [١٣٢٦/١/١٠] و شـەهادەتی حامیـد مازووچـی، ڕەسـووڵ نەغەدەیـی، عەبدوڵڵا ڕەوشـەنفکر و محەممـەد نازمی لـە مەهابـاد لـە ١٩٤٧/٤/٧ [١٣٢٦/١/١٧] ڕادەگەیەنێ، دەنووسـێ: «هەر لەو ماوەیەدا عەلیبەگـی شـێرزاد لەسـەر حەوزی بـۆکان و ئەحمەدخانی فارووقی و... لە سـەقز هەڵواسران» (لاپەڕە ٢٦٩)[١]، بەڵام ڕۆژی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە ڕوون ناکاتەوە.

---

١. ئەلـف: نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، «حکوومەتـی کوردسـتان، ڕێبەندانـی ١٣٢٤ تـا سـەرماوەزی ١٣٢٥، کورد لە گەمەی سـۆڤیەتیدا»، چاپی یەکەم ١٩٩٣، ٢٨٨ لاپەڕە، ناشـر: KIB، هولەند، کوردی (ISBN: 90-9006356-0).

کتێبەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، بەڵام بەداخەوە وەرگێڕاوێکی ناڕێکوپێکە و پێویستی بە پێداچوونەوە یان باشتر بڵێم وەرگێڕانێکی تازەیە:

ب: نوشـیروان مصطفی امین، «حکومت کردسـتان کردها در بازی سیاسـی شـوروی»، ترجمه اسماعیل بختیاری، انتشارات ژین، سلیمانیه، ٢٠٠٥، ٢٩٧ صفحه، فارسی.

## کۆماری کوردستان

ئـەم سـەرچاوەیە بەداخـەوە لـەو کتێبـە لاوازانەیە وا لـە ئێران سـەبارەت بە دۆزی کـورد نووسـراون و دەنووسـرێن. هۆکارێکـی کێشـەکە دەبێ ئەوە بێ کـە هەندێک قەڵەم بەدەسـت کە شـارەزای مێژووی سیاسیی کوردستان نین، دەرەتان و ئازادیی چـاپ و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی خۆیان پێدەدرێ، لە کاتێکدا کۆت و زنجیری قایـم دەخرێتـە پێـی قەلەمـی شـارەزایانی بوارەکـە و مۆڵەتیان پێنـادرێ بەڕوونی باسـی دۆزی کـورد بکـەن. بۆ نموونە، پاسـدارێکی وەک جەلاییپـوور جەللادی ٥٩ شـۆڕەلاوی مەهابـادی، کـە باوەڕی بە مافـی کورد نییە هیچ، بـە قەڵەم و قەدەمیش لـە دژی دەوەسـتێ، دەرەتانـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی قسـە بێبنەماکانـی لەسـەر کۆمـاری کوردسـتان و پێشـەوا قـازی محەممـەد پێـدەدرێ، بـەڵام مەزنەپیاوێکـی وەک محەممەدسـەدیقی کەبوودوەنـد سـەرۆکی ڕێکخـراوی مافی مرۆڤـی کورد بۆ بڵاوکردنـەوەی چەنـد ڕاگەیاندنـی سـاکار لەسـەر دۆخـی کـورد ١١ سـاڵ زیندانـی بەسـەردا دەسـەپێنرێ و مافی عیلاجی نەخۆشیی مەترسـیداری بە خەرجی خۆشی پێنادرێ!

ئـەم کتێبـە دەبێ لـە هەلومەرجێکی ئەوتـۆ و لە چوارچێوەی ئەو سیاسـەتانەی کۆماری مەلاکاندا هەڵسـەنگێندرێ. من نووسـەر ناناسـم، ناشزانم سەر بە کوێیە و لـە چ پەیوەندییـەکدا چۆتە سـۆراغی نووسـینی ئـەم کتێب یا نامیلکەیـە؛ هیچ دوور نییـە مرۆڤێکـی خزمەتگوزاری گەلەکەشـمان بێ، بەڵام ئەوەی لـە کتێبەکەدا دەیبینم، ناشـارەزایی لـە ڕادەبـەدەر لـە مێـژووی کـورد و ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانییەتی و هیچی تر.

بۆچوونەکانی نووسەر سەبارەت بە قەومییەت (ل ١١)، میللەت (ل ٢٣)، حیزب (ل ٢٥)، کلێشەکراوی ئاشکرای هەندێک بۆچوونی سواو و دووپاتکراوی ڕۆژاواییەکانە بەبێ ئەوەی سەرچاوەکان بەتەواوەتی ڕابگەیەندرێن. کێشەکەش هەر لەوێوە دەست

پێدەکا. کەسێک کە بنەمای تیئۆریکی بابەتێک نەزانێ لە هەڵسەنگاندنەکانیدا جگە لە دووپاتکردنەوەی بۆچوونی خەڵکانی تر ناتوانێ هیچ ئیجتیهادێک بکا. ئەو «خەڵکانی تر»ە کێن؟ ئەوەش خۆی مەسەلەیەکی گرنگە. نووسەر خەنجێری لە بیروڕای چەپ هەڵکێشاوە و لەژێر ناوی مەحکووم کردنی دەستێوەردانی سۆڤیەت لە کاروباری کوردستان و ئازەربایجاندا، بیری پێشکەوتنخواز دەکوتێ و بۆ ئەم کارە پەنا بۆ ئەنوەری خامەیی و کەسانی تریش دەبا (ل ٦٢)، کە بڕوای بە ڕێبازی ئەوانیش نییە و تەنیا لەبەرئەوە ئاماژەیان پێدەکا کە ناحەزی حیزبی توودە بوون.

هەر چۆنێک بێ، ئێرە جێگای هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵوێستە ناسراوە نییە و ئەوەی گرنگە دەرخستنی چەواشەکاری و «تەحریف»ی مێژووی میللەتێکە لەلایەن کەسێکەوە کە دوور نییە خۆشی هەر ئەندامی بێ.

نووسەر لە لاپەڕە ٦٨دا ڕەخنە لە میلیسپۆی ئەمریکایی دەگرێ کە بۆچی زمانی ناپاکە و ئێرانییەکانی بە «ناپختە و خام» ناوبردووە، بەڵام ئەو زمانە ناپاکە هەر بۆیە خراپە کە بۆ ئێرانییەکان کەڵکی لێوەرگیرابێ، دەنا نووسەر خۆی فوو لە دۆ ناکا بۆ ئەوەی کورد بە نەخوێندەوار (ل ٨٠) و نەزان و دواکەوتوو و فەرمانبەری بێدەلیل (ل ١٠٦) و... بناسێنێ!

نووسەر تەنانەت لە گێڕانەوەی ساکاری ڕووداوە مێژووییەکانیشدا وردبینی نییە و کورتێ دێنێ: بۆ نموونە، سەردەمی ژیانی زەردەشت بە ٦٥٠٠ ساڵ پێشزایین ناودەبا کە تەنیا ٥٥٠٠ی هەڵە کردووە (ل ٩٨)!

نزیک بە هەموو شوێنێکی کتێبەکە پڕە لە دروشمی دووپاتکراوەی ڕەگەزپەرستانەی ئێرانییەکان لە چەشنی ئەوانەی وا لە سەردەمی ڕەزاشادا باو بوو و ئامانجیش تاقە یەک شتە: چەسپاندنی کورد بە کلکی ئێرانی عەزیزەوە! فەرموون:

«کوردان بە درێژایی مێژوو وەک قەڵغانی دیفاعی، لە بەرانبەر هێرشی بێگانە بۆ سەر ئەم خاکە [خاکی ئێران]، ئەرکی خۆیان بەجێهێناوە و گیانیان بەختکردووە» (ل ٩٧). «کورد نەک هەر لەگەڵ فارسی ئێرانی یەکە...» (هەمان)، «... کورد لە هەر کوێیەکی ئەم

کورەی خاکە بن، پێوەلکاوی مێژوویی فەرهەنگیی ئێرانییەکانن و پێویست و شایانیانە خۆیان بە ئێرانی بزانن...» (هەمان). ئەگەر خوێنەر جیاوازییەک لە نێوان ئەم قسانە و فەرمایشاتی سەرهەنگ پێژمانی دەزگای ساواک و سەرهەنگ زەنگەنەی ئەرتەشی شاو قانعیفەردی ئێستادا دەبینێ با ڕاییگەیەنێ!

ئەوەی کە بۆکان بگرێتەوە تاقە یەک شتە، ئەویش کاتێکە کە باسی دەسەڵاتسەندنی پێشەوا قازی محەممەد دەکا لە ساڵی ١٩٤٥دا و دەڵێ ڕووسەکان سەرەتا دەیانویست عومەرخانی شکاک یا «ئەمیر ئەسعەد» [واتە عەلیئاغای عەلیار] بکەنە هاوکاری خۆیان کە یەکەمیان ئامادە نەبوو هاوکارییان بکا و دووهەمیشیان بەهۆی نزیکی لە حکوومەتی ئێرانەوە، ڕووسەکان نەیانویست هاوکاریی بکەن، ئینجا کەسایەتیی قازی محەممەد بۆیان بەرچاوتر ببوویەوە (ل ٨١). دیارە ئەو قسانەشی کۆپیکراوی نووسەرێکی ئەمریکییە.

هیوادارم لاوەکانمان لەوە زیاتر ورد و ژیر بن و لەجیاتی دووپاتکردنەوەی دروشمی دەسکرد و قسەی سەدان جار گوتراو، لە دیاردەکان بکۆڵنەوە و ئیجتیهادی تاکەکەسی خۆیان لە بیر نەکەن، دەنا کارەکەیان دەبێتە کلێشەیەکی ناحەزی قسەی نەیاران. خواستی «ڕۆیشتنی ناوبانگ!» بۆ کەسێک خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپ نییە، بەڵام دەبێ بزاندرێ چۆن و بە چ نرخێک؟[١]

١. حمیدرضا فیروزی، «جمهوری کردستان، گذری بر چگونگی پیدایش و چرایی فروپاشی»، چاپ دوم انتشارات نوای دانش، مکان (؟)، زمستان ١٣٨٨/ ٢٠٠٩، ١٢٨ صفحه، فارسی، محل پخش: کتاب کانی، سنندج (ISBN:964-8949-07-7).

## هەڵکرانی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە بۆکان

### ڕاپۆرت و وێنە

ڕێزدار حەسەنی قازی لە وێبلاگێکدا بەناوی «وێنەی کۆماری کوردستان»[1] سەرجەم هەواڵی سەبارەت بە هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە بۆکانی لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهابادەوە ڕاگواستووە و وێنەیەکیشی هاوپێچی وتارەکە کردووە کە ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵاکەمان پیشان دەدا. وێنەکە لە بەری حەوزەگەورە، واتە لە باشووری قەڵاوە هەڵگیراوەوە و کۆمەڵانی خەڵکی بۆکان دەردەخا کە لە سێ ڕیزی جیاواز لەسەر قەڵای سەردار و لە دەوری ئاڵای کوردستان وەستاون.

ئاڵای کوردستان لە وێنەکەدا بە شەکاوەیی دەرکەوتووە و بەو حیسابە وێدەچێ وێنەکە لە نێوان سەعات هەشتی بەیانی و یەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ۷ی مانگی بەفرانباری ساڵی ۱۳۲۴، کە دەکاتە ۱۹۴۵/۱۲/۲۸ی زایینی هەڵگیرابێ. ئەوەش بەگوێرەی هەواڵی ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەیەکە، کە دەڵێ ڕێوڕەسمەکە لە سەعات هەشتی بەیانی دەستی پێکردووە و سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ کۆتایی پێهاتووە. بەرنامەی جەژنەکە قاسمئاغای ئێلخانیزادە (موهتەدی) ڕایگەیاندووە و پاشان حاجی بابەشێخی سەیادەت وتاری داوە ئینجا ئاڵاکەی بەدەستی خۆی هەڵکردووە. ئەگەر بەرنامە خوێندنەوەی قاسمئاغا و وتاردانی حاجی بابەشێخ نیوسەعاتێکیان خایاندبێ، سەعاتی هەڵگیرانی وێنەکە دەکاتە نێوان هەشت و نیوی بەیانی تا یەکی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە.

بەداخەوە ڕوخساری کەسەکان لە وێنەکەدا ڕوون نییە و ناناسرێنەوە، بەڵام ئەو کەسەی وا لە دەستەچەپی ئاڵاکە ڕاوەستاوە، بەگوێرەی هەواڵەکە، دەبێ حاجی بایزاغای ئێلخانی مەزنی بەرەی موهتەدی لە ئاغاکانی بۆکان بێ. وێنەی ئاڵاکەش

1. http://weneykk. blogspot. com/2011/01/blog post_30. html.

بەڕوونی دیار نییە و نازاندرێ چ نەخشێکی لەسەرە، بەڵام ئەوەی ئاشکرابێ ئەوەیە لە نێوەڕاستی‌دا نەخشێک هەیە.

کێ وێنەکەی هەڵگرتووە، بۆ من ڕوون نییە، بەڵام بە دووری نازانم کاری نەمر سمایل‌خانی فەڕڕوخی بێ کە لەو سەردەمانەدا بۆ ماوەیەک ماڵی لە تەورێز بوو و لەوێ دووکانی وێنەگریی کردبۆوە. دەگوترێ بەشێک لەو وێنانەی ڕێبەرانی کورد کە لە تەورێز کێشراون، کاری ئەو بن. گەرچی وا هەیە وێنەگر لە سابڵاغەوە لەگەڵ هەیئەتی ئاڵا هاتبێتە بۆکان.

کاک حەسەنی قازی کەڵکی لە ڕاگەیاندنێکی گۆڤاری هەڵاڵە چاپی بۆکان وەرگرتووە و گوتوویەتی نووسەری ئەم هەواڵەی ڕۆژنامەی کوردستان نەمر حەسەنی قزڵجی بووە. من گومانێکم لە ڕاست بوونی بۆچوونەکەی‌دا نییە.

کووتاڵێکی سپی لە قاتی ژێرەوەتری ئەو شوێنەی وا ئاڵاکەی لێ‌هەڵکراوە دەبیندرێ. بە بۆچوونی من ئەوە دەبێ «لافیتە» و نووسراوەیەک بووبێ کە بەو بۆنەیەوە لە شوێنەکە بەرز کرابێتەوە، بەڵام هیچی ناخوێنرێتەوە. دەزانین لەو قاتەی نێوەڕاستی قەڵا و ژێر شوێنی ئاڵاکە، دوو دەستە چەکداری کوردی بۆکان و مەهاباد وەستابوون.

کاک حەسەن هەمان هەواڵ و هەمان وتاری بە پیتی لاتینی لەسەر هەمان وێبلاگەدا ئامادە کردووە. لێرەدا وێنەی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و سان و ڕێژەی بەردەم پێشەوا قازی محەممەد و نەمر بارزانی و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار لە مەهابادیش دەبینین. وێنەکە گەلێک ڕوون و جوانە و کەسایەتییەکانی بەباشی تێدا دەناسرێنەوە.[١]

1. http://wkomarik. blogspot. com.

## ڕاپەڕینی ئەفسەرانی [پارێزگای] خوراسان

لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجانی ساڵی ١٩٤٦دا چەند ئەفسەرێکی ئێرانی ئەندام و لایەنگری حیزبی توودەی ئێران لە پارێزگای خوراسانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەستیان بەسەر سەربازخانەیەکدا گرت و بە تەما بوون شوێنەکە بکەنە بنکەی ڕاپەڕینی خەڵک بۆ ڕووخاندنی حوکمی پاشایەتیی ئێران. ئەم ڕاپەڕینە گەلێک زوو تێکشکێنرا و ڕێبەرەکانی هەڵاتن بۆ ئازەربایجان و لەوێوە نێردرانە کۆماری کوردستان و لەسەر سنووری باشووری کۆمار لە گوندی سەرای نێوان بۆکان و سەقز نیشتەجێ کران. گەیشتنیان بە سەرا هاوکات بوو لەگەڵ هەڵاتنی پیشەوەری و ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان. ئینجا ئەوان لەگەڵ نەمر مەلا مستەفای بارزانی و هێزی بارزانییەکان کەوتن، لە هەموو ئەو ماوەیەدا یارمەتیی کۆماری کوردستان و بارزانییەکانیان دا، ئینجا ئاوای دیوی عێراق بوونەوە و لەوێ کەوتنە زیندانەوە.

کتێبی «قیام افسران خراسان» یەک لەو ئەفسەرانە نووسیویەتی کە ناوی «ئەبولحەسەن تەفریشیان»ە. کتێبەکە تژییە لە ڕێز و ئیحتیرام بۆ نەمران پێشەوا و مەلا مستەفا بارزانی. بەشی سەبارەت بە بۆکان لاپەڕە ١٠٣ تا ١٠٨ دەگرێتەوە و تێیدا باسی گەڕانەوەی خۆیان دەکا لە گوندی «ئاڵتوونی خواروو» و «سەرا»وە بۆ بۆکان و پاشان مەهاباد، دوای هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجان.

لەم وتارەدا خەڵکی بۆکان بە «شەڕەخۆر» ناودەبا کە سەربازخانەی شارەکەیان تاڵان کردووە و ئەفسەرەکانی کۆماری ئازەربایجانیان گرتووە و تەحویلی ڕژیمی شایان داونەتەوە و ئەوانیش لە مەهاباد ئیعدامیان کردوون. ئاشکرایە ئەم کارە بەدەستی ئاغاکانی بۆکان کراوە کە خۆیان بۆ هاتنەوەی ڕژیم ئامادە دەکرد و بەڵگەکەشی بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژارە لە چێشتی مجێوردا کە دەڵێ یەک لە ئاغایان خەریک بوو منیش بگرێ و بمداتە دەست سپای ئێران. بەداخەوە چاپی دووهەمی کتێبەکە هەندێ گۆڕانکاریی تێدا کراوە کە دوورە لە هەڵوێستی نووسەر.[1]

١. ابولحسن تفریشیان، «قیام افسران خراسان»، چاپ دوم، انتشارات اطلس، تهران ١٣٣٧/ ١٩٩٨، ٢٠٨ صفحه، فارسی.

## ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خوراسان و حەماسەی خارک

ئـەم بەرهەمـە کتێبی دووهەمە، کە یەک لەو ئەفســەرە ئێرانییانە نووسـیویەتی وا لە خوراسان ڕاپەڕین و دوای تێکشکانیان هەڵاتن بۆ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و ئینجا گەیشتنە کۆماری کوردستان.

نووسەری کتێبەکە «عەلیئەسغەر ئیحسانی» لە بەشێکی کتێبەکەدا، واتە لاپەڕەی ١٧٦ تـا ٢٤٣ باسـی ژیانـی خـۆی و پێنج ئەفسـەری دیکەی ئێرانی لەنێـو کوردان و بەتایبـەت بارزانییـەکان دەکا و بەوپەڕی ڕێـزەوە دەڕوانێتە کورد. لە لاپەڕە ١٨٢ تا ١٨٥دا نووسەر لە بۆکان دەدوێ، واتە ئەو کاتەی لە سەراوە دەگەنە بۆکان و لەوێ بۆکانییەکان پێیان ڕادەگەیەنن کە پیشەوەری و غوەلام یەحیا و ئەوانی تر هەڵاتوون. لە بۆکان وادیارە ئاپۆرە یا خود داروودەستەی ئاغاکان دەوریان داون و ویستوویانە چەکەکانیان لێبستێنن. هەروەها دەڵێ پادگانی بۆکان تالان کرابوو و ئەفسەرەکانیان دابـووە دەسـت حکوومەتـی ئێـران، کە ئـەوەش وێناچـێ خەڵک کردبێتیـان و زیاتر پیلانی ئاغاواتی شـار و ناوچەکەیە. دەڵێ ئەو ئەفسـەرانە هەمووی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانـەوە لـە مەهاباد ئیعدام کران. هەروەها دەڵێ «طابور»، واتە هەنگی بۆکان ١١٥٠ سـەربازی لێبـوو، کـە هەمووی توانـەوە و هەڵاتن و تەنیا ١٩ کەسـیان مابوونەوە. ئینجا بە ڕێگەی بورهاندا دەچن بۆ مەهاباد و چاویان بە پێشەوا دەکەوێ و...[١]

١. علیاصغر احسـانی، «قیام افسـران خراسـان و حماسـه خارک»، نشـر علم، تهران ١٣٧٨/ ١٩٩٩، ٥٠٥ لاپەڕە + ٤٠ (فارسی)، (ISBN: 964-405-037-1).

## بیرەوەرییەکانی مورتەزا زەڕبەخت

کتێبی سێهەم بیرەوەرییەکانی «مورتەزا زەڕبەخت»ە بەناوی «گذار از توفان»، واتە تێپەڕبوون لە تۆفان، کە یەکێکە لەو کتێبانەی وا لەنێو پرۆژەی «مێژووی زارەکی ئێران»دا بڵاوکراونەتەوە. ئەم پرۆژەیە لە دەرەوەی ئێران لە ئەمریکا و ئوروپا بەڕێوە چوو و تێیدا لەگەڵ هەندێ کەسایەتی وەک ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری پێشووی حکوومەتی مەلاکان و کەریم سەنجابی کرماشانی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران و... چەندها سەعات وتوویژ کرا و پاشان وتوویژەکان هێنرانە سەر کاغەز و بڵاوکرانەوە.

لە کتێبەکەدا زەڕبەخت باسی ئەوە دەکا کە پایلۆت، واتە فڕۆکەوان بووە، تەیارەیەکی ئێرانی ڕفاندووە و بردوویە بۆ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە تەورێز و ویستوویەتی لە کۆماری کوردستان و نێوان سەقز و بۆکانیش فرۆکەخانەیەک بکرێتەوە، بەڵام حکوومەتی هەردوولایان هەرەسی هێناوە و ئەویش لەگەڵ هاوڕێکانی لە گوندی سەراوە بەرەو بۆکان بوونەتەوە و لەوێوە بۆ مەهاباد و ئینجا لەگەڵ بارزانییەکان کەوتوون و لەلایەن ئەوانەوە لە دەوروبەری شنۆ یارمەتی دراون تا ئەوەی هەڵاتوون بۆ عێراق و گیراون.

لە لاپەڕە ١١٧ی کتێبەکەوە تا ١٢٥ باسی هەڵاتنی خۆی و هاوڕێکانییەتی لە سەراوە بۆ بۆکان و مەهابادە.[١]

---

١. «گذار از توفان، دونسل از افسران سازمان نظامی»، خاطرات مرتضی زربخت در گفتگو با حمید احمدی، انجمن مطالعات و تحقیقات تاریخ شفاهی ایران در برلین، آلمان ١٣٨٠/ ٢٠٠١ (؟)، فارسی.

ئەم کتێبە لە ئێران بەو ناوە بڵاوبۆتەوە: مرتضی زربخت در گفتگو با حمید احمدی، «خاطراتی از سازمان افسران حزب توده ایران»، انتشارات ققنوس، تهران ١٣٨٢/٢٠٠٣، ٣٤٣ صفحه، فارسی.

## لە مەهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس

بۆ ساڵانکی دوورودرێژ کتێبی بە فارسی نووسراوەی «نەجەفقولی پەسیان» بەناوی «از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس» تاقە سەرچاوەیەکی ئێرانی بوو، کە دوور لە سووکایەتی و هێرشی نامرۆڤانەی قەڵەم بەدەستانی بەکرێگیراوی ئێرانی بۆ سەر کۆماری کوردستان و ڕێبەرەکانی، بە چاوێکی نەک بێلایەن، بەڵکوو تا ڕادەیەک واقیعبینانە سەیری کۆمار و ڕێبەرانی و بەتایبەت خەباتی بارزانییەکان و نەمر مستەفا بارزانیی کردبوو و خۆی لە هێرشی ئاسایی ئەو ساڵانە بۆ سەر گەلی کورد و ڕێبەرەکانی پاراستبوو.

نووسەری کتێبەکە هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەی «اطلاعات»ی چاپی تاران بوو، کە چەند ڕۆژێک دوای هەرەسی کۆمار و هاتنەوەی سپای ئێرانی سەردانی مەهابادی کردبوو و زانیاریی زۆری لەمەڕ ڕووداوەکان هەبوو. ناوبراو سەرەتا کتێبێکی بەناوی «مرگ بود، بازگشت هم بود» سەبارەت بە کۆماری ئازەربایجان و ڕێبەرەکانی نووسیبوو و ئەم کتێبەی لەسەر کۆماری کوردستان وەک بەرگی دووهەمی هەمان کتێبی «از مهاباد خونین...» وابوو. بەشی زۆری کتێبی پەسیان سەبارەت بە بارزانییەکان و نەمر مەلا مستەفای بارزانی و چوونیان بۆ سۆڤیەتە، بەڵام لە لاپەڕەکانی سەرەتادا بەکورتی سەبارەت بە کۆمار و تێکشکانی و هاتنەوەی سپای ئێران لە سەقزەوە بۆ مەهاباد دواوە و ئەوەی بۆکان بگرێتەوە لاپەڕەکانی ٢٥ ـ ٢٦ە کە تێیدا باسی سەرا، بۆکان، بورهان، تازەقەڵا، تایفەی عەباسی و هۆزی دێبوکری، حاجی بابەشێخ، بایزئاغای گەورک (؟) و... کراوە و لەمەڕ سوارەی عەشایر دەڵێ کە ئامادە بوون لە ئیندرقاشەوە بچنە نێو مەهاباد و تاڵانی بکەن و تەنانەت پێشەوا و ڕێبەرانی کۆمار بگرن و سزایان بدەن (لاپەڕە ٢٦).

کتێبەکە وەرگەڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە هەندێک زیادکراوە و وێنە و لیستەی ناوەوە لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی چاپە کوردییەکەیەتی. نوسخەی فارسییەکەیم دەست نەکەوت.[١]

---

١. نەجەفقولی پەسیان، «لە مەهابادی خوێناویەوە... هەتا لێوارەکانی ئاراس»، شەوکەت شێخ یەزدین کردوویەتە کوردی و پەراوێزی بۆی نووسیوە، بڵاوکردنەوەی پارتی دێموکراتی

## ڕێکەوتی ئیعدامی شەهیدانی بۆکان و سەقز

دووســێ مانگێـک پێش ئێسـتا بابەتێکم لەســەر ماڵپــەڕی ڕۆژهەڵات/ بـۆکان و دوو ماڵپەڕی دیکە (ڕێنیسانس و هەڵوێست) بڵاوکردەوە. لە وتارەکەدا پرسی سەبارەت بە ڕێکەوتی ئیعدامی شەهید عەلیبەگی یەکشەوە لە بۆکان و ١١ شەهیدی سەربەرزی شـاری سـەقزم هێنایـە گۆڕێ. مەسـەلەی ڕێکەوتـی ڕۆژ و مانگـی ئیعدامی ئەو ١٢ شەهیدە، بەپێچەوانەی ٧ شەهیدەکەی مەهاباد، نادیار بوو و لە پەڕوپێستدا مابۆوە.

سـەرەتا وامدەزانـی کـە تەنیـا من لـەو تاریخانـە ئـاگادار نیم و سـەرچاوەکانی بەردەستی من دەیزانن و باسی ناکەن، بەڵام درەنگتر تێگەیشتم هیچ سەرچاوەیەکی کوردی یا ئەو کەسـانەی وا بیرەوەریی ڕاسـتەوخۆی ئەو ڕۆژانەیان هەیە، لەسـەر ڕێکەوتەکان یەکدەنگ نین. لە ڕەوتی کارەکەدا بۆم دەرکەوت کە ڕێکەوتی شەهادەتی عەلیبەگی شـێرزاد (یەکشـەوە) بەهۆی نووسراوی سەر کێلی قەبرەکەیەوە گومانی لەسەر نییە، بەڵام پرسی ئیعدامەکانی سەقز نادیار ماوەتەوە و ڕێکەوتەکەی یەکلایی نەبۆتەوە.

لـەو بـوارەدا بـە یارمەتی چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵـەی فەیزوڵڵابەگی چوار وتـاری جیاجیام نووسـی لە ماوەیەکـی دوو مانگیدا بڵاوم کردنـەوە. بەختەوەرانە، لە کۆتایی کاردا دەسـتم بە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ئیتلاعات، چاپی ئەو سـەردەمەی تـاران کـەوت کـە هەواڵـی ئیعدامەکانـی سـەقزی بەڕوونـی ڕاگەیاندبـوو. بێئەوەی بچمەوە سەر سێ وتارەکەی پێشتری خۆم، لێرەدا دەقی چوارەمین و ئاخرین وتار دەهێنمـەوە بـۆ ئەوەی خوێنەران لە چۆنییەتی و ڕێکەوتی دروسـتی ئەو جینایەتەی ڕژیمی پەهلەوی دەرحەق بە گەلی کورد، ئاگادار بن.

---

کوردستان، چاپی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٩٦، کوردی.

## ڕۆژی شەهید بوونی

## یازدە شەهیدەکەی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز ڕوون بوویەوە

## ۱۳۲۵/۱۱/۱۶ی هەتاوی = ۱۹۴۷/۲/۵ی زایینی

سێ‌چوار ساڵێک پێش ئێستا وتارێکم سەبارەت بە شەهیدانی کۆماری کوردستان (۱۹۴۶) نووسی و هەوڵم دا ڕۆژی شەهادەتی ئیعدامییەکان کە سەرجەم ۱۹ کوردی ڕۆژهەڵات و ۴ ئەفسەری باشووری کوردستانن، دەسنیشان بکەم.

ڕۆژی ئیعدامی نەمران پێشەوا و سەیف و سەدری قازی لە هەمووان ڕوونتر بوو و دەزانرا لە ۱۳۲۶/۱/۱۰ بەرانبەر بە۱۹۴۷/۳/۳۱دا لە مەهاباد لە داری بێداد دراون. کوردانیش هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا لە کوردستان و گەلێک شوێنی جیهان بەو بۆنەیەوە ڕێ‌ورەسمی یادکردنەوە بەڕێوە دەبەن.

١. لەسەر ڕۆژی ئیعدامی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی مەهاباد، واتە نەمران حامید مازووچی، محەممەد نازمی، ڕەسووڵ نەغەدەیی و عەبدوڵڵا ڕەوشەنفکریش هاودەنگی هەبوو. ئەوان ڕاست هەفتەیەک دوای شەهید بوونی پێشەوا و سەیف و سەدر، واتە ۱۳۲۶/۱/۱۷ بەرانبەر بە ۱۹۴۷/۴/۷، لە مەهاباد لە دار درابوون.

٢. چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی باشووریش، واتە نەمران مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەممەد مەحموود قودسی و عیززەت عەبدولعەزیز کە لە سپای کۆماردا خەباتیان کرد و دوای هەرەس‌هێنانی کۆمار گەڕانەوە باشوور، حکوومەتی عێراق لە ڕۆژی۱۳۲۶/۳/۲۸ کە دەکاتە ۱۹۴۷/۶/۱۹ لە بەغدا ئیعدامی کردن و تەرمی پیرۆزیان برایەوە باشووری کوردستان و بە ڕێزی تایبەتی خەڵکەوە لە شارەکانی کوردستان نێژران، دەیان سەرچاوەش بۆ ڕێکەوتی ئەو ڕووداوە هاودەنگن.؛

٣. نەمر عەلی‌بەگی شێرزاد (یەکشەوە)، لە بۆکان لە داری بێداد درابوو و ڕۆژی ۱۳۲۵/۱۱/۲۵ وەک ڕۆژی شەهید بوونەکەی بەڕوونی لەسەر کێلی گڵکۆی پیرۆزی نووسراوە و دەکاتە ۱۹۴۷/۲/۱۴ (بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە بەندی «خ»

لە خوارەوەتر).

٤. ئـەوەی دەمایـەوە ١١ شـەهیدەکەی سـەقز بوون. سـەبارەت بـەوان بەداخەوە سـەرچاوەکان هاودەنـگ نیـن و مـن لـە وتارەکـەمدا دەسنیشـانی زیـاد لە ١٠ سـەرچاوەم کردبـوو کـە هـەرکام ئامـاژە بـە ڕۆژێـک و مانگێـک دەکـەن و ڕێکەوتەکانیش بەگشتی لە دەوری ٢٥ی مانگی یازدە یان ٢٥ی مانگی دوازدەی ساڵی ١٣٢٥ دەسووڕێنەوە.

ئـەو دەم سـەرەڕای وتوویـژ کـردن لەگەڵ چەند کەس، نامە نووسـین بۆ چەند کەسـی دیکـە و پشـکنینی ئـەو کتێـب و سـەرچاوانەی وا لێـرە لـە دوورەوڵاتـی لە بەردەستمدا بوون، نەمتوانی بەوردی ڕۆژی ئیعدامی ١١ شەهیدەکەی سەقز دیاری بکەم. ئەوە وەک گرێ لەسەر دڵم مابوو تا ئەوەی لەم ڕۆژانەدا بڕیارم دا پەنا بەرمە بەر ڕۆژنامەکانی ئەو ساڵەی تاران بۆ ئەوەی بزانم لە کامیاندا هەواڵێک سەبارەت بە ڕووداوەکە بڵاوبۆتەوە. لە ڕۆژانی ٢ ـ ٣ی ئەم مانگەدا، واتە مانگی چواری ٢٠١٤ چووم بۆ بە شی ئاسیا و ئەفریقای کتێبخانەی بریتانیا (بریتیش لایبرێری) لە لەندەن. نوسـخەی ئەسـڵیی ئەو ڕۆژنامانەی وا لە کتێبخانەکە ڕاگیراون پێشـتر لە بینایەیەک بـوون لـە ناوچـەی «کۆلینـدڵ»ی لەندەن و دەسـت ڕاگەیاندنیان هاسـان بـوو، بەڵام ئێستا ڕاگوێزراونەتە ناوچەی «یۆرک»ی بریتانیا، کە مەسافەیەکی زۆر لە لەندەنەوە دوورە، بینایـەی سـەرەکی کتێبخانەکـە لـە لەندەنیش تەنیا مایکرۆفیلمـی هەندێک لە ڕۆژنامەکانی تێدا ڕاگیراوە.

هەر چۆنێک بێ، ویسـتم لە مایکرۆفیلمەکانی لەندەنەوە دەسـت پێ بکەم. یەکەم ڕۆژنامە کە سۆراغم دەکرد هەواڵەکەی بڵاوکردبێتەوە ڕۆژنامەی «اطلاعات»ی چاپی تاران بوو. سـێ نوسـخەی مایکرۆفیلمی ئەو سـالانەم وەرگرت و پێیاندا چوومەوە تا ئەوەی لە هەواڵەکانی مانگی ١٠ ـ ١١ی ساڵی ١٣٢٥ی ئێرانی، واتە مانگی یەک و دووی سـاڵی ١٩٤٧دا تووشـی هەواڵێکـی زۆری ئازەربایجـان و کوردسـتانی ئـەو ڕۆژانە هاتم و لە ئەنجامدا ئەوەی وا بە شوێنیدا دەگەڕام دۆزیمەوە!

ڕۆژنامـەی ئیتلاعاتـی ڕۆژی ١٣٢٥ /١١/١٦ بەرانبـەر بـە ١٩٤٧/٢/٦ (سـاڵی ٢١،

ژمارە ٦٢٦٩) لە لاپەڕەی کۆتایی و بەشی «خبرهای کشور»دا ئەم هەواڵە تێلگرافییەی لە زمان هەواڵنێری ڕۆژنامەکە لە سەقزەوە بڵاوکردۆتەوە:

«قاتلین مرحوم سرلشکر امین و مسببین غارت بانه اعدام شدند. سقز ١٦ بهمن.» ئەم ڕۆژنامەیە دوای شەرحێکی سەرتاپادرۆ و بوختان، ناوی ١١ شەهیدەکەی ڕاگەیاندووە و لە کۆتاییدا نووسیویەتی «سەعات ٥ی بەیانی چوارشەممە بڕیاری دادگا [لەمەڕ ئەو ١١ کەسە] بەڕێوەبرا و بە داری سزادا هەڵاوەسران.» بەو پێیە گومانێک نەما کە ڕۆژی ئیعدامی شەهیدە قارەمانەکانی سەقز، چوارشەممە ١٣٢٥/١١/١٦ بەرانبەر بە ١٩٤٧/٢/٥ بووە.

با لەپێشدا دەقی هەواڵی ڕۆژنامەکە بە فارسی لێرەدا بنووسمەوە و پاشان بیکەم بە کوردی:

«قاتلین مرحوم سرلشکر امین و مسببین غارت بانه اعدام شدند!

تلگراف مخبر ما از سقز

سقز ١٦ بهمن

سال قبل، سرلشکر محمود امین و عده‌ای از سربازان رشید در راه استقرار امنیت در سقز شهید شدند.

دیروز صبح اهالی سقز بر دارهائی که در میدان شهر جلو شهرداری برپا گردیده بود، اجساد کسانی را آویخته دیدند که در شهادت مرحوم سرلشکر امین و آتش زدن بانه و غارت دهات دست داشتند و ٥ سال تمام آسایش و امنیت منطقه کردستان را بهم زده بودند.

دادگاه نظامی زمان جنگ که در سقز تشکیل گردیده بود، احمد فاروقی، محمد دانشور، عبدالله متین، علی جوانمردی، رسول محمودی، احمد شجاعی، شیخ صدیق اسعدی، شیخ امین اسعدی‌مقدم، حسن فیض‌الله‌بگی کانی‌نیازی، علی فاتح و محمود فیض‌الله‌بگی را باتهام قیام مسلحانه علیه امنیت کشور محکوم باعدام نمود.

ساعت ٥ صبح روز چهارشنبه رأی محکمه بمورد اجرا گذاشته شد و افراد نامبرده بدار مجازات آویخته شدند.»

وەرگێڕاوی کوردیی دەقە فارسییەکە:

«بکوژانی خوالێخۆشبوو سەرلەشکر ئەمین و سەبەبکارانی تالانی بانە ئیعدام کران!

تێلگرافی هەواڵنێرمان لە سەقزەوە

سەقز، ١٦ی ڕێبەندان

٥ ساڵ پێش ئێستا سەرلەشکر مەحموود ئەمین و ژمارەیەک لە سەربازانی ئازا لەپێناو مسۆگەر کردنی ئاسایش‌دا لە سەقز شەهید بوون.

دوێنی بەیانی دانیشتووانی سەقز بەسەر ئەو دارانەوە وا لە گۆڕەپانی شارەکە لە بەردەم شارەداری‌دا هەڵکرابوون، تەرمی ئەو کەسانەیان بە هەڵاوەسراوی بینی کە لە شەهید کردنی خوالێخۆشبوو سەرلەشکر ئەمین و ئاگر تێبەردان و تالانی بانە و چەپاوکردنی گوندەکان‌دا دەستیان هەبوو و ٥ ساڵی ڕەبەق هێمنایەتی و ئاسایشی ناوچەی کوردستانیان تێکدابوو.

دادگای سپایی سەردەمی شەڕ کە لە سەقز پێکهاتبوو، ئەحمەد فارووقی، محەممەد دانیشوەر، عەبدوڵڵا مەتین، عەلی جەوانمەردی، ڕەسووڵ مەحموودی، ئەحمەد شوجاعی، شێخ سدیق ئەسعەدی، شێخ ئەمین ئەسعەدی‌موقەددەم، حەسەن فەیزوڵڵابەگی کانی‌نیازی، عەلی فاتح و مەحموود فەیزوڵڵابەگی بە تۆمەتی ڕابوونی چەکدارانە دژ بە ئاسایشی وڵات بە ئیعدام مەحکووم کرد.

سەعات ٥ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، بڕیاری دادگا بەڕێوەبرا و ناوبراوان بە داری سزادا هەڵواسران.»

هەندێک ڕوونکردنەوە:

ئا. ئەوە شێوازی هەمیشەیی حکوومەتەکانی ئێرانە بە ڕژیمی پەهلەوی و ئیسلامییەوە، کە تۆمەت و تاوان و بوختان بۆ خەڵکانی ئیعدامی هەڵدەبەستن بۆ ئەوەی پاساوی کردارە نامرۆڤانەکەیان بدەنەوە، دەنا شێخ سدیقی ئەسعەدی چی و کوژرانی سەرلەشکر ئەمین لە شەڕدا چی، نەک هەر ئەویش بەڵکوو هەموو ئەو شەهیدانەی تر. یان ئاگرتێبەردانی بانە، ئەگەر بووبێ، دەبێ لە

پەیوەندیی حەمەڕەشیدخانی بانەدا باسی بکرێ نەک کۆماری کوردستان و ئەو کەسانە.

ب. ئەو ٥ ساڵەی وا لە هەواڵەکەدا گوتراوە، ساڵانی شەڕی دووهەمی جیهانین کە سپا خاوێنەکەی ڕەزاشا «بە بڵاوبوونی دووپەڕ ئاگاهی» بڵاوەی کردبوو و ناوچەکانی باکووری ئێران بە موکریان و ئازەربایجانەوە کەتبووە ژێر کۆنترۆڵی لەشکری سووری یەکییەتیی سۆڤیەتەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کورد و ڕێبەرە بەوەجەکانی، ناوچەکەیان بەوپەڕی هێمنایەتییەوە بەڕێوەبردبوو تاوەکوو دوای گەڕانەوەی هۆردووی سوور، ئەرتەشی هەڵاتووی ئێران لە کونەمشکەکانیان هاتنەوە دەرێ و گەڕانەوە سەربازگەکان، ئینجا ژەنەڕاڵە هەڵاتووەکان دووبارە بەربوونەوە گیان و ماڵی خەڵک و بەو ئیعدامانەش وەڵامی عەجەمانەی ئەو کەسانەیان دایەوە کە لەو ٥ ساڵەدا ئاسایشی ناوچەکەیان بۆ خەڵکیش و حکوومەتی «ئەعلاحەزرەت»یش پاراستبوو!

پ. کوژرانی سەرلەشکر مەحموود ئەمین دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٣٢٠/١١/١٨ (١٩٤٢/٢/٧). ناوبراو فەرماندەی ئێرانیی لەشکری کوردستان بوو و لە شەڕ لەگەڵ هێزی حەمەڕەشیدخانی بانە (قادرزادە)دا لە سنەوە گەیشتە دیواندەرە و پاشان سەقز، بەڵام لەوێ چەند کەسێک تەقەیان لێکرد و کوژرا. هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کەسێک لەو یازدە شەهیدە بەرپرسی ئەو تەقە لێکردنە بووبێ. شەڕ یان تاڵان یان ئاگر تێبەردانی بەشێک لە شاری بانەش پەیوەندیی بەوانەوە نەبووە، سپای ئێرانی جگە لە هەستی تۆڵەسەندنەوە لە ڕێبەرانی کورد، بەئاشکرا دەیانویست هێزی خۆیان بنوێنن و چاوترسێنی خەڵکیش بکەن؛ ئەو کارە چەپەڵەیان لە ئازەربایجانیش بەڕێوەبردبوو.

ت. هەواڵەکە بەناوی هەواڵنێری ڕۆژنامەکە لە سەقزەوە نێردراوە، بەڵام زۆر وێدەچێ کە بەرپرسانی سپایی ئێران لە سەقز نووسیویانە و داویانەتە دەست هەواڵنێر بینێرێ بۆ ڕۆژنامەکە. ئەوەش بەو ڕاستییەدا دەردەکەوێ

کـە نووسـراوەکە لە چوارچێـوەی هەواڵی ڕووداوی ئـەو ڕۆژە چۆتە دەرێ و مێژوولکەیەکـی بـۆ ئیعدامییـەکان تێـدا هەڵبەسـتراوە کـە هەواڵنێری هـەژار نە زانیویەتی و نە توانیویەتی شتی وا بداتە پاڵ کەسانێک کە هیچ پەیوەندییەکیان بە مەسـەلەکانەوە نەبووە. ئەوە بەرپرسـانی سـپایی و لە ڕاستیدا قاتڵانی ئەو ١١ شـەهیدەمانن کـە کـردەوەی وایان داونەتە پاڵ و دیارە لەسـەر بنەمای ئەم تۆمەتانـە مەحکوومیـان کردوون و ئێسـتا هەواڵیان بۆ ڕۆژنامـەی ئیتلاعاتیش نووسیوە.

ج. ناوەکانی نێو ڕۆژنامەی ئیتلاعات هەمان ١١ ناون کە هەموومان دەیانناسـین، بـەڵام وەک لـە کۆپـی لاپـەڕەی ڕۆژنامەکـەشدا دەبینـدرێ، ناوی «شـیخ امین اسـعدی مقـدم» وەک دوو بـەش و دوو کـەس نووسـراوە و بە هەمان شـێوە، ناوی «حسـن فیض‌اللەبەگی کانی‌نیاز»یش. ئەوانە ئیتر هەڵەی تایپ و نووسـینی ڕۆژنامەکەن و ئەگەر ئەو کێشەیە نەگرینە بەرچاو، ناوەکان هەمان ناوی یازدە شەهیدە سەرفرازەکەی سەقزن.

چ. لـە نووسـینی نـاوەکاندا یـەکدوو هەڵـەی دیکـەش دەبینـدرێ: مەحمـوود فەیزوڵڵابەگـی دەبـێ محەممەدخانی فەیزوڵڵابەگی بێ؛ ناسـناوی موقەددەمیش دوای نـاوی شـێخ ئەمیـن ئەسـعەدی بۆ من نەناسـراو و نەزانـراوە گەرچی وا هەیە لە ناسـنامەی فەرمیی شـەهیددا ئەو زیادییەش هەر بووبێ و سـەرچاوە کوردییەکان باسیان نەکردبێ؛

ح. لەبەر ڕووناکایی ئەو هەواڵە، پرسیارێک لەمەڕ ڕۆژی ئیعدامی شەهید عەلی‌بەگی شـێرزاد (یەکشەوە) سەرهەڵدەدا: لەسـەر کێلی گڵکۆی پیرۆزی عەلی‌بەگ بەبێ پێچوپەنا ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ بۆ ڕۆژی شەهید بوونی ڕاگەیەندراوە.

ئایا عەلی‌بەگ ٩ ڕۆژ دوای یازدە شەهیدەکەی سەقز لە بۆکان ئیعدام کراوە؟ هیچ سەرچاوەیەک ڕاینەگەیاندووە کە عەلی‌بەگ ٩ ڕۆژ دوای ئیعدامەکانی سەقز زیندوو بووبـێ؛ بـۆ نموونە، نەمر میـرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسـەن) لە بیرەوەرییـە هێشـتا چاپ نەکراوەکانـیدا دەڵێ لە ڕۆژانی پێش ئیعدامدا ڕاسـتەوخۆ

سەردانی عەلیبەگ و گیراوەکانی دیکەم لە زیندانی ماڵی ڕەشیدەسوور لە بۆکان کردووە. ئایا ڕووداوەکان هەر وا ڕابردوون و عەلیبەگی شێرزاد تا ڕۆژی ٢٥ی ئەو مانگە ماوە یان نووسەرانی کێل هەڵەیەک بە قەڵەمیاندا هاتووە کە ئەگەر واش بێ زۆر سەمەرە نییە لەبەر ئەو ڕاستییەی کە تەرمی پیرۆزی عەلیبەگ دوو جار گوێزراوەتەوە و بۆ جاری سێهەم لە خانەقای بورهان ئەسپەردە کراوە کە ئەو کێلەش بۆ ئەو مەنزڵە نوێیەی نووسراوە.

هەر چۆنێک بێ، ژمارە و ڕێکەوتی ئیعدامییەکانی کورد، دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بە شێوەی خوارەوەیە:

لە ماوەی چوار مانگ و ١٣ ڕۆژی نێوان ١٣٢٥/١١/١٦ و ١٣٢٦/٣/٢٩ی هەتاویدا سەرجەم ٢٣ کەس (١٩ کورد لە ڕۆژهەڵات و ٤ کورد لە باشووری کوردستان) ئیعدام کراون.[١]

یەکەم ئیعدامەکان لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/١٦ (١٩٤٧/٢/٥) لە شاری سەقز بەڕێوەبراوە و تێیدا ئەم ١١ ڕۆڵە نەمرەی گەلەکەمان لە دار دراون:

ئەحمەدخانی فارووقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممەدخانی دانیشوەر، محەممەدخانی فەیزوڵلابەگی، حەسەنخانی فەیزوڵلابەگی، عەلیخانی فاتح، ئەحمەدخانی شەجیعی، ڕەسووڵئاغای مەحموودی، عەلیئاغای جەوانمەردی، شێخ سدیقی ئەسعەدی و شێخ ئەمینی کەسنەزانی.

ئیعدامی دووهەم جار لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٩٤٧/٢/١٤) لەسەر حەوزەگەورەی بۆکان بووە کە یەک کەسی تێدا لە دار دراوە:

نەمر عەلیبەگی شێرزاد (یەکشەوە).

سێهەم دەستەی ڕێبەرانی کورد لە ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٠ (١٩٤٧/٣/٣١) لە مەهاباد ئیعدام کراون و وەک هەمووان دەزانین، بریتی بوون لە ٣ ڕێبەری مەزن:

---

١. خاڵی سەرنجڕاکێش وا هەیە ئەوە بێ کە ڕژیم دوای کوشتوبڕ و ڕەشەکوژییەکی زۆر لە ئازەربایجان، بە شێوەی فەرمی لەوێش وەک کۆماری کوردستان، هەر ١٩ کەس لە ڕێبەر و کاربەدەستەکانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجانی ئیعدام کرد.

پێشەوا قازی محەممەد، محەممەدحوسێن‌خانی سەیفی قازی و میرزا ئەبولقاسمی سەدری قازی (صدرالاسلام).

چوارەم دەستەی ئیعدام کراوەکان ۴ ئەفسەری کورد بوون کە لە ڕۆژی١٣٢۶/١/١٧ بەرانبەر لەگەڵ ١٩۴٧/۴/٧دا لە شاری مەهاباد لە دار دران:

نەمران حامید مازووچی، محەممەد نازمی، ڕەسووڵ نەغەدەیی و عەبدوڵڵا ڕەوشەنفکر.

پێنجەم دەستەی ئیعدام کراوان بریتی بوون لەو چوار ئەفسەرە کوردەی وا لە باشووری کوردستانەوە هاتبوونە نێو سپای کۆمار و دوای هەرەسی کۆمار گەڕابوونەوە باشووری کوردستانی ژێر حوکمی دەوڵەتی عێراق. هەر چوار ئەفسەرە قارەمانەکە لە ڕۆژی١٣٢۶/٣/٢٨دا بەرانبەر بە ١٩۴٧/۶/١٩ لە بەغدا ئیعدام کران و تەرمی پیرۆزیان برایەوە کوردستان و ئەسپەردەی خاکی خۆشەویستیان کرا. ناوی ئەفسەرە گیانبازەکان بەو شێوەیە بوو:

مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەممەد مەحموود قودسی و عیززەت عەبدولعەزیز.

**

لە خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژنامەی ئیتلاعات‌دا سەرنجم دایە خاڵێکی گرنگ:

لە ڕۆژانی پێش ئیعدامی ئەو ١١ ڕۆڵەیەی گەلی کورددا، بەرپرسانی سپایی ڕژیمی شا تاقمێک سەرەک‌عەشیرە و خاوەن‌ملک و شێخ و مەلای هەڵبژاردەیان لە شارەکانی کوردستانەوە برد بۆ تاران کە هەندێکیان لە دژبەرانی کۆمار و لایەنگرانی ڕژیم بوون و لەوێ بردیاننە لای شا. سەرۆکی ستادی ئەرتەش و ئەفسەرانی لەشکری یەک و لەشکری دوو بۆ ئەوەی زیاتر لە خۆیان نزیک بکەنەوە و بەهێزبوونی ئەرتەشی ئێرانیان بخەنە بەرچاو، ئەرتەشێک کە چەند ساڵ پێشتر لە بەرانبەر دوژمن هەڵاتبوو، هەر ئەو ئەرتەشەی کە پێشەوا لە ماوەی دادگا فەرمایشییەکەی‌دا

تانـەی ترسـەنۆکی لـە ئەفسـەرەکانی دابـوو. هـەواڵ و وێنـەی ئـەو چاوپێکەوتنانە لـە ژمارەکانـی ڕۆژنامـەی ئیتلاعـاتدا ڕەنگیـان داوەتـەوە و گەرچی پێـم باش بوو لـە درێـژەی ئـەم بابەتـە یان لـە وتارێکی سـەربەخۆدا کۆپیـی هەواڵەکانیـش بهێنم، بـەڵام دەبـێ بڵێـم کۆپییەکانی من لەبـەر مایکرۆفیلم هەڵگیـراون و کەیفییەتێکی زۆر خراپیـان هەیـە، بەتایبـەت وێنەکان هیچ چەشـنە کەڵکێکیـان نییە، تەنانـەت من پێش کۆپی کردنیش ئەسـتەم توانیم تەنیا یەک دووانێکیان، ئەویش بە لێڵی ببینم، گەرچی شـەرحی ژێر وێنەکان ڕوونکەرەوەی زۆر شـتن. بۆ نموونە، ئەرتەش و حکوومەتی ئێـران ڕاسـت لـە دوانیـوەڕۆی هەمان ڕۆژی چوارشـەممە ١٣٢٥/١١/١٦دا کە سـەر لـە بەیانییەکـەی لـە سـەقز ١١ ڕۆڵـەی گەلی کوردیـان ئیعدام کردبوو، بەشـێک لەو تاقمـە هەڵوێسـت چەوتـە، واتـە شـێخ و مـەلا و سـەیدەکان دەباتـە بـەردەم شـا و ئەویـش ئەنگوسـتیلەیەکی برێلیـان خەڵاتـی هەرکامێکیـان دەکا. ئـەم قسـەیەی مـن پشتئەسـتووره بـە هەواڵێکـی ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات لـە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/١٧ و لـە هەمان ئەو لاپەڕەیەدا کە هەواڵی ئیعدامی ١١ کەسـەکەی سـەقزی تێدا نووسـراوە. دەقی فارسیی هەواڵی ڕۆژنامەکە سەبارەت بە بردنی ئەو تاقمە بۆ بەردەم شا، بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

«تفقدات شاهانه

در ساعت پنج و نیم بعدازظهر روز چهارشنبه ۱۶ بهمن، چند نفر از مشایخ و سادات کرد بوسـیله آقای سـرهنگ گیلانشـاه، رئیس رکن دوم سـتاد ارتش برای شـرفیابی بحضـور ملوکانـه بـکاخ اختصاصی هدایـت و مورد تفقـد و عنایـت ملوکانه واقع و هریک از آقایان بدریافت یک حلقه انگشتر برلیان عطیه ملوکانه قرین افتخار گردیدند، در سـاعت ۱۸ مرخـص و اوامـر ملوکانـه اینطـور شـرف صدور یافت که نسـبت به عبدالرحیم شمس‌الدینی از مشایخ مهاباد و قاضی مکری که کسالت دارند، از طرف ارتـش در بیمارسـتان نظامـی نهایـت مراقبت و پرسـتاری بعمل آمـده و همراهی و مساعدت شود.»

وەرگێڕاوی کوردی:

«بەسەرکردنەوەی شاهانە

کاتژمێر پێنج و نیوی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی ڕێبەندان [ی ١٣٢٥ی هەتاوی] چەند کەس لە شێخان و سەیدانی کورد بۆ ئەوەی شەرەفی گەیشتنە بەردەم پادشایان بە نسیب بێ، لەلایەن جەنابی سەرهەنگ گیلانشا سەرۆکی ڕوکنی دووهەمی ستادی ئەرتەشەوە[1] بەرەو کاخی تایبەتی بران و کەوتنە بەر بەسەرکردنەوە و میهرەبانیی شاهانە، هەرکام لەو بەڕێزانەش شانازیی ئەوەیان پێ بەخشرا کە ئاڵقەیەک ئەنگوستیلەی برێلیان وەک خەڵاتی شاهانە وەربگرن، [ئینجا] لە سەعات ٦ی ئێوارەدا مەرەخەس کران و فەرمانی شاهانە وا دەرچوو کە عەبدوڕڕەحیم شەمسەددینی یەک لە شێخانی مەهاباد، هەروەها قازی موکریش کە ناساغن، لە نەخۆشخانەی نیزامیدا بکەونە بەر ئەوپەڕی چاوەدێری و پارێزگاری و دەبێ [بەرپرسانی] سپا بە شوێنیانەوە بن و یارمەتییان بدەن.»

لە هەواڵی ڕۆژنامەی ئیتلاعات سەبارەت بەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ شادا ناوی دوو کەس براوە کە یەکیان شێخ ڕەحیمی کوڕی شێخی بورهان و ئەویتریش قازی موکریی سەردەفتەری ئەسنادی ڕەسمی لە مەهاباد بوو، بەڵام لیستەی ناوی هەموو ئەو ٥٥ کەسەی وا برابوونە تاران،[2] لە ڕۆژنامەی «کوهستان» چاپی تاران، ژمارە ٨١، دووشەممە ١٣٢٥/٢/١٤ بەرانبەر بە ١٩٤٧/١١/٣ لاپەڕە ٦دا هاتووە.

لێرەدا، هەندێک زانیاری سەبارەت بەو کۆپییانەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات دەخەمە بەرچاوی خوێنەر، کە لە پەیوەندیی هەواڵی ئیعدامەکان و سەردانەکەی تاراندان:

---

١. ڕوکنی دووی ستادی ئەرتەش کاری زانیاری کۆکردنەوە و جاسووسیی لەسەر فەرمانبەرانی سپا و چالاکانی سیاسی دەکرد و پێش دامەزرانی ساواک لە ساڵی ١٣٣٥دا، یەک لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی شا بوو و بەشێکی زۆر لە خەباتکارانی کوردی خستبووە بەر ئەشکەنجە و زیندانەوە. مەسەلەکە لە بیرەوەرییەکانی ئەو ساڵانەی کەسانی وەک مامەغەنی بلووریان و کاک جەلیلی گادانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢. دەڵێم برابوونە تاران و ناڵێم چووبوون لەبەروەی دەزانم بەشێکیان وا هەیە بەو چوونە ڕازی نەبووبێتن و لەسەر داخوازی یان فەرمانی فەرماندەرە سپاییەکان لەگەڵ تاقمەکە کەوتبێتن. لە ڕاگەیاندنی هەواڵدا دەبێ ئەوەندەی دەکرێ بێلایەنی بپارێزرێ.

یەکـەم، لاپـەڕەی کۆتایـی ڕۆژنامەی ئیتلاعاتـی چاپی تاران، ڕۆژی پێنجشـەممە ١٣٢٥/١١/١٧ی هەتاوی بەرانبەر لەگەڵ ١٩٤٧/٢/٥ی زایینی (ساڵی ٢١، ژمارە ٦٢٦٩).

دووهەم، شـێوازی کاری ڕۆژنامەکە لەو سـاڵانەدا بەو شـێوەیە بوو کە ژمارە و ڕێکەوتـی ڕۆژ و مانـگ و سـاڵی هەتاویـی هەموو ژمارەیەکی لەسـەر لاپەڕە یەکەم دەنووسرا و لە لاپەڕەی کۆتاییدا ڕێکەوتەکان بە ساڵی مانگی و زایینی ڕادەگەیاێنرا. بۆیـە لـەو دوو بەڵگەیـەدا ڕێکەوتی هەتـاوی نابیندرێن، بەڵام لە بەڵگـەی دواتردا کە پەیوەنـدی بـە چوونی کوردەکانـەوە هەیە بۆ تاران، ڕێکەوتی هەتـاوی دەبیندرێ و ڕێکەوتە مانگی و زایینییەکە، نییە.

سـێهەم، لاپـەڕەی یەکەمـی ڕۆژنامەی ئیتلاعـات، ڕۆژی شـەممە ١٣٢٥/١١/١٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٤٧/٢/١ی زایینی، کە تێیدا تەنیا دوو وێنەی ئەو کوردانە دەبیندرێ وا برابوونە تاران. بەداخەوە لە کۆپی وێنەکاندا هیچ شتێک دەرناکەوێ، من لەسەر مایکرۆفیلمەکە چەند کەسم بە جلی کوردییەوە دەبینی و دوو کەس بە کڵاوی بەدەورە و باڵتـەی درێـژ و کۆتوشـەڵوار و کراواتـەوە، کـە لـە دوو ئاغای ناوچـەی موکریان دەچوون، بەڵام بەتەواوەتی بۆم ساغ نەبۆوە کێن. شەرحی ژێر وێنەکان بە شێوەی خوارەوەیە:

وێنەی سـەرەوە: «اعلیحضرت همایون شاهنشـاهی هنگام عبور از مقابل علما و مشایخ مهاباد در باشگاه افسران [تهران]».

وێنەی خوارەوە: «عدەای دیگر از خوانین و معاریف مهاباد و کردستان لحظەای پیش از تشریف فرمائی ملوکانە بە لشکر اول [در تهران]».

لـە ژمارەکانـی ئەو ڕۆژانەی ئیتلاعاتدا چەند وێنە و هەواڵی دیکەش سـەبارەت بە «میوان»ە کوردەکان بەرچاو دەکەون. وێدەچێ هاوکات لەگەڵ عەشـایەری کورد هەندێک سەرەکعەشـیرەی شاسـەیوانیش لە دەوروبەری «مشکینشەهر»ەوە برابنە تاران و هەر دوو تاقم پێکەوە لە هەندێک ڕێوڕەسمی تەشریفاتیدا بەشدار بووبێتن.

لـەو پەیوەندییـەدا، خاڵـی سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کاتـێ کـە ڕێبەرانـی کـورد بۆ جاری دووهەم بانگکرانە شـاری باکۆ، ماوەیەک پێشـتر، ژمارەیەک سـەرەکهۆزی

شاسەیوانیش هەر بانگکرابوونە ئەوێ. ئێستا هەمان سیناریۆ لە تاران ڕوودەدا!

چەند نموونەی هەواڵەکانی ڕۆژنامەی ئیتلاعات:

ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ١٣٢٥/١١/١٣ی هەتاوی، ١٩٤٧/٦/٢ی زایینی: «تایتڵی لاپەڕەی یەکەم:

«ایلات و عشایر از گذشته پند میگیرند؛ سران عشایر با افسران و سربازان لشکر دوم آشنا شدند»

هەر لەوێدا وێنەیەک داندراوە و ئەم دێڕانەی لەژێردا دەخوێندرێنەوە:

«سرتیپ موینی[؟] فرمانده لشکر دوم و آقای دهقان مدیر [مجله] تهران مصور در میان عده‌ای از سران و افراد عشایر در لشکر ١، که دیروز در آن جشنی برپا بود، دیده می‌شوند.»

ڕۆژنامەی ئیتلاعات ١٣٢٥/١١/١٧ی هەتاوی [١٩٤٧/٠٢/٠٦، تیتری لاپەڕە یەکەم «مهمانان شاهسون و کرد ما یا قهرمانان فداکار ایران.»

هەر لەو شوێنەدا دوو وێنەش لە سەروخواری یەکتر چاپ کراون و ئەم شەرحە لەژێر وێنەکاندا نووسراوە:

«عده‌ای از روسا و نمایندگان طوایفی که در قضیه آذربایجان به میهن خود صمیمانه خدمت کردند. در عکس بالا آقای سرلشکر رزم‌آرا رئیس ستاد ارتش نیز دیده می‌شوند.»

**

لە ژمارەکانی ئەو دوو مانگەی ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا «نەجەفقوڵی پەسیان» [١] هەواڵنێری ڕۆژنامەکە زنجیرەبابەتێکی سەبارەت بە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، بەتایبەت ڕێبەرەکانیان نووسیوە کە هەمووی بە ڕوانگەیەکی نەرێنی و خراپەوە نووسراون. وێدەچێ بەشێک لەو بابەتانە لە «بازجویی» و

١. نەجەفقوڵی پەسیان دواتر کتێبێکی بەناوی «از مهاباد خونین تا کرانه‌های ارس» چاپ کرد کە لە ڕاستیدا سەرجەمی ئەم وتارانەی ڕۆژنامەی «اطلاعات»ە. وەک پێشتر باسم کرد ئەو کتێبە کراوەتە کوردی و من وەکوو سەرچاوە کەڵکم لێوەرگرتووە.

لێپرسینەوەکانی بەرپرسان لە بەرپرسانی زیندانیکراوی کۆمار وەرگیرابێتن. من هەوڵ دەدەم لە دواڕۆژدا کورتەیەکیش سەبارەت بەو بابەتانەی «پەسیان» بنووسم.[١]

١. ئەوە ڕیفرەنسی ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئەو ساڵ و مانگە تایبەتەیە لە هەر دوو لقی کتێبخانەی بریتانیا بۆ کەسانێک کە بیانەوێ سەردانیان بکەن:
The British Library
ETTELA»AT NEWSPAPER, IRANIAN
Reference for the paper copy:
OP. 637.
Address:
The British Library, Boston Spa, Wetherby, West Yorkshire, LS23 7BQ, UK.
Reference for the microfilm:
OR. MIC. 11348.
September 23 1346 – March 20, 1947.
(Preserved at the Asian and African Studies Department).
Address:
The British Library, 96 Euston Road, London, NW1 2DB, UK.
Underground station: King Cross and St Pancras.

## ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ تا ١٣٥٧

لە ساڵانی ١٣٣١ ـ ٣٢ی ئێران (١٩٥٣ز)دا ڕاپەڕینێکی شکۆداری کۆمەلانی خەڵک دژ بە ئاغا و دەرەبەگ لە بۆکان سەری هەڵدا کە خێرایەک باڵی کێشایە سەر گوندەکانی دەوروبـەر، بەتایبـەت ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهـەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی شـار. پریشـکەی ئاگـری ڕاپەڕین گەیشـتە هەندێ ناوچـەی دەوربـەری مياندواو و مەهاباد، بۆ نموونە شـامات) و پێوەدەچوو تا ببێتە شۆڕشـێکی بەربڵاوی چینایەتی، بەڵام هەر ئەوەندەی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ٣٢ دژ بە حوکمی دوکتۆر موسەددیق سـەرکەوت و شـا گەڕایـەوە ئێـران، ژاندرمـەری و سـپای ئێرانـی هاتنـە یاریـدەی ئاغاکان و ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت کرد. ئەوە لاپەڕەیەکی زێڕینە لە مێژووی خەڵکی شارەکەدا. ئەم بابەتانەی خوارەوە ئاماژە بەو ڕووداوە مێژوویی‌یە دەکەن. ئامانجی سـەرەکیی ڕاپەڕیـوەکان دابەش‌کردنـی زەوی‌وزار و دادپەروەیـی کۆمەڵایەتی بوو. بیرەوەرییەکانی ١٠ سـاڵ دواتری من لە مەسـەلەی ئیسـلاحاتی زەوی‌وزاری شـا، هەمـان بابـەت دەگرێتـەوە، بـەڵام نـەک بە هێـزی خەڵـک، بەڵکـوو وەک ڕیفۆرمێکی سـەردەمی پەهلـەوی. دوو بابەتـی دوای ئـەوان پەیوەندییان بـە ڕاپەڕینی خەڵکەوە هەیە لە شاری سنەی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) و ئەو کوشتار بێ‌بەزەیی‌یانەی وا پاسـدار و بەسـیجییەکانی ناوچەی میاندواو لە گوندەکانی سەر چۆمی‌مەجیدخان لە نێوان بۆکان و میاندواویان کرد.

## ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان و گوندەکانی فەیزوڵڵابەگی دژ بە دەرەبەگەکان

**بە بۆنەی پەنجایەمین ساڵی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەوە نووسراوە**

ڕێزدار کاک حەسەن سەلاح (سۆران) یاداشتێکی کورتی لەسەر یادی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان نووسیبوو و ئەرکی بەجێنەهاتووی ڕووناکبیرانی کوردی بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەکە وەبیرهێنابۆوە. ئەوە کارێکی گەلێک بەڕێوجێ بوو، بەڵام خۆزگە کاک حەسەن کە خۆی خەڵکی ناوچەکەیە قۆڵی لە کارەکە هەڵماڵیایە و دڵنیام توانای زۆریشی بۆ ڕاپەڕاندنی هەیە.

بەڕێز دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور چەند ساڵێک پێش ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی سەرچاوە لەسەر ئەم بابەتە بوو و وەک ڕاستەوخۆ لە خۆیم بیست، دوو چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ بەڕێزان کاک سەلاح موهتەدی و مەلا عومەر عەسری تۆمارکردبوو.

من پێم خۆشە لێرەدا چەند خاڵێک لە درێژەی یاداشتەکانی کاک حەسەن‌دا بنووسم:

١. بە بۆچوونی من ناوبردنی ڕاپەڕینەکە بە بزووتنەوەی «جووتیارانی موکریان» هەڵەیە[1] لەبەر ئەو هۆکارە ئاشکرایەی کە ڕاپەڕینەکە جگە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵات و بەشێک لە باکووری بۆکان و شاماتی لای میاندواو، هیچ شوێنێکی دیکەی نەتەنییەوە و لە چۆمی تەتەهووش نەپەڕییەوە. بنکە و بنەمای ڕاپەڕین شاری بۆکان بوو، کە خەڵکەکەی دژ بە ئاغاوات ڕاپەڕیبوون، بەڵام ڕەنگدانەوەی چالاکییە سیاسییەکانی بۆکان تەنیا لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بینرا و پێش ئەوەی پەل بهاوێتە شوێنەکانی تر، لەلایەن هێزی هاوبەشی ئاغاوات و حکوومەتی ئێرانەوە تێکشکا. بۆیەش لێرەدا ناوی ئاغاوات

---

١. ئەم تەعبیرە لە ئەدەبیاتی حدکادا باوە و لە بیرەوەرییەکانی نەمران کەریمی حیسامی و جەلیلی گادانیش‌دا ڕەنگی داوەتەوە.

وەپێش حکوومـەت دەخەم کە لە ڕاسـتی‌دا ئەوان بوون ڕاپەڕینەکەیان تێکشـکاند و لـە زۆر جێـگا هیـچ نیازێکیان بـەو چەند ژاندرمە و پۆلیسـە نەبوو کـە مۆڵگەیان لە بۆکان یان مەهاباد بوو.

٢. ئەم ڕاپەڕینە لە فەزای ئاواڵەی سیاسیی ساڵانی نێوان ساڵانی ١٣٢٩ و ١٣٣٢ (١٩٥٠ و٥٣ی ز)ی ئێران و سەردەمی چالاکییەکانی «جبهەی میللی» و «حیزبی توودەی ئێـران»، واتـە حکوومەتـی میللیـی دوکتۆر موسـەددیق‌دا هاتە کایەوە و ڕاسـتەوخۆ لەژێر تەئسیری بێ‌گومانی فەزای دژ بە شا و چەوسێنەرانی ئابووری، کە لە ئێرانی ئەو ساڵانەدا گەیشتبووە لووتکەیەکی بەرز، پەرەی سەند، بەڵام تایبەتمەندییەکیشی هەبـوو کـە نـەک هەر لـە هەموو شـوێنێکی ئێران نەبینـرا، بەڵکوو کەوتـە پێش هەر بزووتنەوەیەکی دیکەی هاوچەشن لە موکریان و تەنانەت پاشماوەی کوردستانیش[١].

٣. ناسـراوترین ڕوخسـاری ڕاپەڕینی دژ بە ئاغاوات لەنێو شـاری بۆکان، حاجی قاسمی کەریمی بوو، کە خۆی و میرزا حسێنی برای، بە بنەماڵەکەیانەوە، کەوتنە بەر هێرشی ئاغاواتی بۆکان و هەر دوو ماڵەکەیان لە گەڕەکی حەمامی قاسم‌ئاغای بۆکان لەلایەن ئاغاکانەوە سووتێنرا و بوو بە خۆڵەمێش. بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی قوربان (یـا ڕەمـەزان؟)ی یـەک‌دوو ڕۆژ دوای کۆدەتـای ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٣٢ی هەتـاوی (١٩٥٣ی ز) بـوو، ئـەو دەم مـن منداڵێکـی دە سـاڵان بـووم و وەک هەمـوو منداڵانی هاوتەمەن چووبوومە سەیری مەشغەڵانی ئاگرەکە. ئیتر حاجی قاسمی خوالێخۆشبوو کـە ئەو دەم لە سـەفەری تارانـەوە گەڕابۆوە تەورێز، لەوێـوە نەهاتەوە بۆکان و بە ورمـێ و دزەی مەرگـەوەڕدا پەنـای بردە بەر باشـووری کوردسـتان و لـە هەولێر گیرسـایەوە تا ئەوەی لەم چوارپێنج سـاڵەی دوایی‌دا لە هەولێر سەری نایەوە. یادی بەخێر بێ. پێویستە ئەوەش بڵێم کە حاجی قاسم کارگەیەکی قەندی لە ڕووبەڕووی حەوزەگەورە هەبوو و من نەمزانیوە خەیات بووبێ، گەرچی دووریشـی نازانم ئەو قسـەیە ڕاسـت بێ، بەڵام میرزا حسـێنی برای مامۆسـتای خۆم بوو لە قوتابخانەی

١. نەمـر کاک ئەمیـر لـە ڕاپەڕینێکـی وەرزێـری لـە ناوچـەی سـنە دواوە کـە کەوتۆتە پێش ڕووداوەکانی بۆکان.

بۆکان.

٤. بەگشتی بەرگدرووەکانی بۆکان نەک هەر لەو ڕاپەڕینەدا، بەڵکوو لە بزووتنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی ناوچەی بۆکاندا خاوەنی وشیاریی چینایەتیی زۆر بوون کە دواتر کەوتە دۆخی نەتەوایەتی کوردییەوە. لەوان، «میرزا حەمەڕەئووفی حافزەلقوڕئان» [ڕەئووفی مەلا حەسەن] کە وا هەیە وەک کەسایەتیی دووهەمی ڕاپەڕینەکەی نێو شاری بۆکان سەیر بکرێ. ناوبراو دوابەدوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ و چەند جار گیران، هەڵات و لە سلێمانی گیرسایەوە. لەوێشەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شۆڕشی ئەیلوولدا هاوکاری کرد و کوڕێکی خۆی فیدای گەلەکەی کرد. لە کۆتایی تەمەنیشیدا بیرەوەرییەکانی خۆی نووسی کە ئێستا لای کاک ئیسماعیل ئیسماعیلزادەیە، ئینجا لەم ساڵانەدا کۆچیدوایی کرد، یادی بەخێر بێ.

جگە لەوان، لە بەرگدرووەکانی بۆکان ناوی خوالێخۆشبوو «حسێن تەهایی»م لە بیرە کە دواتریش هەر دژ بە ئاغاوات و چەوسێنەران خەباتی دەکرد و ئێستا لە نێوماندا نەماوە. حسێن مەجیدی و برایم تەننازیش دوو کەسی دیکە لە بەرگدرووە ڕاپەڕیوەکان بوون. باوکم، «میرزا عەبدوڵڵا سوڵتانی»ش هەر خەیات بوو، بەڵام ئەوەندەی بزانم لەو ڕووداوانەدا چالاک نەبوو، سەرەڕای ئەوەش لە ڕۆژی ئاگرتێبەردانی ماڵی حاجی قاسمدا لەلایەن خوالێخۆشبوو سەید حەمەدەمین (سەیدە شینە)وە لە بەرەی ئاغاکان، هەڕەشەی گیرانی لێکرابوو و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە ماڵ نەدەچووە دەرەوە. بەداخەوە ناوی خەیاتەکانی تری بۆکانم لە بیر نییە جگە لە کاک محەممەد شاقوڵی، کە دواتر باسی دەکەم. جیا لە خەیاتەکان، پێویستە ئاماژە بە ناوی ئەم کەسانە بکەم: نەمر عەلی میرەبەگ، کە ئەگەر قەساب نەبووبێ نازانم ئیشی چ بووە؛ نەمر عەبدوڵلا ئێرانی قۆنتەراتچی قەپان، «ئەحمەد یەدی»ی شەربەتفرۆش، حسێن فاتحی دووکاندار و سەید تەهای تەنەکەساز، کە دووکانەکەی لەسەر شەقامی نوێی بۆکان (نزیک بانکی سادراتی ئێستا) بوو. نەمر، سەید تەها پێش کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ بە تاقەکەس هێرشی بردە سەر یەک لە

ئاغاکانـی بۆکان و بەو شـاڵاوە هەیبەت و جەبەڕووتیـان لەبەرچاوی خەڵکی بۆکان بەیەکجاری شکا و توایەوە.

٥. جگـە لـە خەیـات و دووکاندارەکانی بۆکان، گەنج و لاوەکانیش بەشـدارییەکی چالاکانـەی ڕووداوەکانیـان دەکـرد. ئـەو دەم مامۆسـتایەکی قوتابخانەکانـی بۆکان بەنـاوی «شـوقاقی» کـە تا ئەم سـاڵانەی دوایی‌یـەش هەر مابـوو و کوردیش نەبوو، دەورێکـی باشـی لە پەروەردەکردنـی لاوان و قوتابییان و ڕاکێشـانیان بەرەو بیری چەپ و حیزبی توودە دەگێڕا. گەلێک لە قوتابییانی ئەو دەمەی بۆکان شاگردی ئەو بوون و شـوێنی ئەویان لەسـەر بوو. لەو قوتابییانە، هەندێکیان دوابەدوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ چ لەلایەن ئاغاکان و چ لەلایەن حکوومەتەوە گیران و جەزرەبە دران. نـاوی ئـەو کەسـانەی وا لـە بیرم بـێ ئەوانـەن: نەمران مەحمـوود ڕەزایـی، برایمی حەریری» کاکم عومەری سوڵتانی (وەفا) و ڕەشیدی حەسەن‌زادە. لەوانە، مەحموودی ڕەزایـی لەلایەن ئاغاکانی بۆکانەوە دوابەدوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ و تێکشـکانی ڕاپەڕینەکـە، گیـرا و خرایـە حـەوزی ماڵـی قاسـمئاغای موهتەدییـەوە و دارکاری کـرا. کاکـم کاک عومـەری سـوڵتانی ئـەو دەم تـازە قوتابخانـەی بەجێ‌هێشـتبوو و بـە تەنیشـت دووکانـی خەیاتیـی باوکمـەوە دووکانێکـی ڕۆژنامەفرۆشـیی دانابـوو. کاکـم بەگشـتی ڕۆژنامەکانی بـەرەی پێشـکەوتنخواز، واتە جبهـەی میللی و حیزبی تـوودەی ئێرانـی دەفرۆشـت. ئەویـش دوابـەدوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاویـژ لە بۆکان گیـرا و نێردرایـە مەهابـاد و دوای ئـەوەی بـۆ مـاوەی ٢ مانـگ زیندانییـان کرد، بە شـێوەی کاتـی ئـازاد کـراو و پاشـان مـاوەی ١٥. سـاڵ هەر سـاڵەی جارێـک بانگ دەکـرا دادگای نیزامیـی ورمـێ و بـە کەفالـەت ئازادیـان دەکـردەوە، هەمووشـی بـۆ ئـەوەی لەژێر چاوەدێری‌دا ڕابگیرێ. ڕەشـیدی حەسـەن‌زادە ئاغـاکان گرتیان و دایانـە دەسـت پۆلیـس، ئینجا سـەریان چوارقاش تاشـی و بە نێوەڕاسـتی شـەقامی بـۆکان‌دا بردیـان بـۆ گاراج و لەوێـوە بـۆ دادگای مەهابـاد. کاک ڕەشـید ئەو دەم و دواتریـش هـەر لـە بـەرەی دژ بـە ئاغاوات‌دا وەسـتا و بەشـێکیش لە ترسـی ئەوان بـوو کاتـێ دائیـرەی سـاواک لـە سـاڵی ١٣٣٦/ ١٩٥٧، لـە مەهابـاد دامـەزرا، بوو بە

کاربەدەستی ساواک و ئیتر لە خزمەتی ئەواندا کەوتە گیانی خەڵکانی سیاسی و نەتەوەپەروەرانی ناوچەکە و لە هیچ توندوتیژی نواندنێک دژ بە خەباتکاران و گرتن و ئەشکەنجەکردنیان دەستی نەپاراست. حەسەنزادە لە ماوەی پەیوەندییەکانی ساواک و ڕژیمی شا لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١- ١٩٧٥) خزمەتێکی زۆری ساواکی کرد و وێڕای سەرهەنگ مودەرریسی و سەرهەنگ پێژمان پەیوەندیی ڕۆژانەی لەگەڵ بەرپێوەبەران و کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلوول و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو...

لێرە بەدواوە ئاغاکانی بۆکان پەلاماریان بردە سەر هەر بیرێکی نوێ و بەناوی «توودەیی»یەوە هەر کەسیان ویست گرتیان و دارکاری یاخود دەربەدەریان کرد یان بە گرتی پۆلیسیان دا. پۆلیس و ژاندرمە و بەگشتی سیستەمی حکوومەتیی ئێرانیش لەو ماوەیەدا پشتی ئاغاواتیان دەگرت و ئەوەی ئەوان بۆیان نەدەکرا، ئەمان ڕاستەوخۆ کردیان.

٦. ئەو ڕووداوانەی بۆکان و بەگشتی ئێران، ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنییان لەنێو گوندنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا هەبوو. ئەوەی بۆچی وەرزێر و بەتایبەت ڕەشاییەکانی ڕۆژهەڵاتی شار وا بەتوندی ڕاپەڕین و خۆیان ڕێکخست، بەڵام لە بەری ڕۆژاوای شار تەقینەوەیەکی ئەوتۆ ڕووی نەدا، جێگەی سەرنجی تایبەتە و تەنانەت ئەوەش کە بۆچی بۆکان بەگشتی ببووە ناوەندی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی چینایەتی، بەڵام بۆ نموونە ڕاپەڕینی خەڵک لە مەهاباد زیاتر ڕوخساری نەتەوایەتی هەبوو و لەژێر ڕێبەرایەتی حیزبە سیاسییەکان (حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێران)دا بوو، جێگەی لێکۆڵینەوەیە. بە بۆچوونی من زوڵم و زۆریی ئاغاواتی بۆکان لەسەر خەڵک، یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم جیاوازییە بوو. بۆکان شارەدێیەکی گەورە بوو کە تایبەتمەندیی شاری وەک ناوەندێکی ئابووری - ئیداریی تێدابوو، بەڵام جیاواز لە هەموو شوێنێکی هاوچەشنی ناوچە، سەرجەمی شارەکە بە ملکی هی بنەماڵەیەک لە ئاغاواتی دێبوکری بوو کە خۆیان و ئامۆزا و بنئامۆزایان لە گوندەکانی ڕۆژاوای بۆکان خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکی بوون...

ئەوان لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی خەڵکدا نموونەیان کەم بوو. دانیشتووانی گونـدی ئـەم خاوەنمڵکانەش دەرەتانی ڕاپەڕینی جەماوەرییان دژ بە ئاغاکان نەبوو، گەرچی لە هەندێ گوندی وەک داشبەند و عەمبار، بزووتنەوەیەکی بەربەستکراوی خەڵک بەرچاو کەوت. دڵنیام لەم بوارە و بەگشـتی لە هەموو مێژووی ئەو سـاڵانەدا بەڕێـز محەممـەدی نـووری (عەتری گڵۆڵانی) شـاعیری بەنرخی کـورد زانیارییەکی زۆری هەیە و ئەوەی من لێرەدا دەینووسم لەچاو ئەوەی ئەو دیتوویە و ڕاستەوخۆ بەشـداریی تێـدا کـردووە، قەترەیـە لـە بەرانبەر دەریـا. خۆزگە ئەویـش ئاوڕێکی لە مەسـەلەکە بدایەتەوە و بریا هەروەها خەڵکانی وەک کاک محەممەدی ئەفخەمی، کە لەگەڵ کاک محەممەدی نووری دانیشتووی داشبەند بوون دەنگیان هەڵبڕیبایە.

هۆیەکی دیکەی ئەم جیاوازییە، وا هەیە دەوری ڕووناکبیرانە و پێشکەوتنخوازانەی هەندێ لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی بووبێ کە گوندنشینەکانی ناوچەی خۆیانیان لەگەڵ چەمکی یەکسانی و بەرانبەریی ماف، هەروەها دابەشکردنی زەوی ئاشنا کردبێ. هەر چۆنێک بێ بزووتنەوەی شـاری بۆکان لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی ڕۆژهەڵاتی شـار ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو. گوندنشینەکان بەتایبەت لە هەندێ گوندی وەک گۆل، یەکشەوە، ئاڵبلاغ، تیکانتەپە و... دژ بە ئاغای گوندی خۆیان ڕاپەڕین. لە هەندێ شوێن ئەم ڕاپەڕینە ڕەنگی هێرش کردنە سەر ماڵی ئاغا و دەست بەسەرداگرتنی زەویوزار و تەنانەت ماڵی ئاغاکانی بەخۆیەوە گرت، کە هەندێ جار هاوڕێ بوو لەگەڵ دەرهێنانی دەرگا و پەنجەرەی ماڵی ئاغا. لە هەندێ شوێنی تر، کارەکە ڕێکوپێکتر و بەڕێوجێ بوو. لە ئاڵبلاغ و یەکشـەوە، بزووتنەوەکە کەوتبووە ژێر ڕێبەرایەتی کەسـانی وەک «میـرزا فەتحولـڵا»وە و بەرەو ئەوە دەچوو کە ئەگەر وا زوو تێکنەشـکایە شـێوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و تەنانەت نەزم و تەرتیبی حیزبی بە خۆیەوە بگرتایە. بەو شێوەیە ئاغاکانی فەیزوڵڵابەگی یا لە گوندەکانیان دەرکران یا خۆیان ماڵیان پێچایەوە و لە ڕۆژانی پێش کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژدا بارگەیان بردە بۆکان و ئیتر بۆکان بوو بە قەڵای بەرەی چەوسێنەران و زۆرداران، گەرچی سەرەڕای دەسەڵاتی ئاغاکانی بۆکان و پۆلیـس و ژاندرمـە، هیـچ ئاغایـەک لـە ترسـی ڕاپەڕیوانی شـار نەیدەتوانـی لە ماڵ

بێتە دەرەوە.

ئـەم بارودۆخـە درێژەی هەبوو تـا ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢. هەر ئەوەندەی هەواڵی کۆدەتا و ڕووخانی حکوومەتی میللیی دوکتۆر موسەددیق لە ڕادیۆ بڵاوبوویەوە، دارودەستە و بابنۆکەر و دەستوپێوەندی ئاغاکان وەربوونە نێو شار و گوندەکان و ڕاپەڕیـو و ئازادیخـوازان یـا گیران یا خـود هەڵاتن و لێرەولەوێ خۆیان شـاردەوە. مـن ئـەو ڕۆژەم لـە بیـرە! لـە ماڵـی خاڵـم لـە گەڕەکـی گۆلـی مەردانبـەگ و ماڵـی قـازی کاکەحەمـە گیرم خواردبـوو. هەمـوو دەرگای ماڵێک داخرابـوو. بابنۆکەر و داردەسـتی ئاغـاوات بـە کۆڵانـەکان وەربببوون، جنێویـان دەدا و بـە پێلەقە دەرگای ماڵانیـان دەشـکاند. ژێرخانـی مـاڵان ئـاوەدان ببوونـەوە و خەڵـک خۆیـان تێـدا شـاردبۆوە. ئـەو ڕۆژە و ڕۆژانـی دواتر لە بۆکان لەلایەن ئاغـاوات و حکوومەتەوە خۆپیشـاندان سـازدرا. لەبـەر قەپانـی قاسـمئاغا، کـە ئـەو دەم حوکمـی گۆڕەپانـی سـەرەکی شـارەکەی هەبـوو خەڵکیان کۆکردبـۆوە وتاریان دەدا. من ئەو شـانۆیەم بـاش لەبەرچـاوە کـە یـەک لـە کـوڕە ئاغـاکان چووبـووە سـەر بەرزاییـیـەک و قسـەی بـۆ خەڵـک دەکـرد. بەگشـتی ڕۆژانێکـی ڕەش بـوو، دژایەتـی شەخسـی و تایفەیی دەوری دەبینی. هەر کەس سەر بە دەسەڵاتی ئاغاکان بووایە، ناحەزەکانی خۆی بە توودەیی بوون تاوانبار دەکرد و هەر ئەوەش بۆ گیران و لێدران و لەوە خرابتر پێکرانیان لەلایەن پۆلیسی شا و «ڕوکنی دووی ئەرتەش»ەوە بەس بوو. پیاوی ئاغاکان نامەیان دەگێڕا و بە دووکاندار و حاجی و دەوڵەمەندیان مۆر دەکرد و داوای گیران و موحاکەمەکرانی ڕاپەڕیوەکانی وەک نەمران «عەبدوڵڵا ئێرانی» و «عەلی میرەبەگ» و «حاجـی قاسـمی کەریمی» و ئەوانی تریان دەکـرد.[١] حکوومەتی کۆدەتا واتە حوکمی

١. یـەک لـەو نامانـە لەنێـو فایلەکانی ئیدارەی شـارەبانیی بـۆکاندا بـوو و دوای ڕووخانی ڕژیمی شا و دەسەڵاتسەندنی پێشمەرگەی کورد، لەگەڵ بەڵگەنامەکانی دیکەی شارەبانی و ژاندرمـەری و بەخشـداری کەوتـە بەردەسـت «کومیتـەی ئینقـلاب»ی بـۆکان. دوو یـا سـێ مامۆسـتای قوتابخانەکانـی بـۆکان و مـن لەلایـەن کومیتەی ئینقلابـەوە کراینـە مەئمووری ڕاگەیشـتن بـە بەڵگەنامـەکان. مـن ئـەو بەڵگەنامەیـەم دا یەک لـە کوڕەکانی نەمـر عەبدوڵڵا ئێرانی. بەڵگەنامەکە بریتی بوو لە نامەیەکی مۆرکراو لەلایەن تاجر و پیاوماقووڵانی شارەوە کە داوای موحاکەمەی چەند کەس و یەک لە وان عەبدوڵڵا ئێرانییان لە حکوومەت کردبوو؛

شا و سپەهبود زاهیدی لە تاران دەستیان بە ئیعدامی ئازادیخوازان کردبوو؛ چالاکانی سیاسی لە مەهاباد گیرابوون و هەندێ کەسی وەک «میرزا محەممەدی شاقوڵی»ش کە خەیات بوو لە بۆکان گیران. دواتر خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا سامبەگی و میرزا حەمەڕەسووڵی ئیسماعیلزادە و میرزا حەمەساڵحی کەریمی هەر لەو پەیوەندییانەدا گیران و لە ورمێ و تاران خرانە زیندانەوە. بەگشتی حوکمی شا و کۆدەتا بە گرتن و لێدان و شاربەدەرکردنی خەڵک، لە بۆکان و دەوروبەری دامەزرایەوە و قارەمانانی ونی ئەم ڕاپەڕینە پڕشانازییەش لە شار و گوندەکان ئاوارە و دەربەدەرکران. یادی هەموویان بەخێر بێ.

لە پەیوەندیی ئەم وتارەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

یەکەم، من ڕاپەڕینی گوندنشینانی فەیزوڵلابەگیم وەک ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانتر سەیر کردووە کە ڕاپەڕینی خەڵکی نێو شاری بۆکان بێ و ڕاپەڕینەکەی بۆکانیشم لەژێر تەئسیری ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی میلیی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی جیبهەی میللی و دوو یاسای پشتگیریی حکوومەتی دوکتۆر محەممەدی موسەددیق لە وەرزێران و هەروەها چالاکییە سیاسی ـ چینایەتییەکانی حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکەدا بینیوە.

دووهەم، ئەم شێوە بۆچوونە نابێتە هۆی چاوپۆشین لە هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی خەڵکی شاری بۆکان، هەروەها گوندنشینانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی. گوندنشینانی ئەم ناوچەیە دەبێ خاوەنی سوننەتێکی کۆنی خەبات و چالاکیی چینایەتی بن. بەڵگە بۆ قسەکەم ئەوەیە کە لە ماوەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی ئێران و شەش مانگی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەشدا، کە بۆکان بەدەست هێزە سیاسییە کوردییەکانەوە بوو و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی ئێرانی لێنەبوو، دوو ڕێکخراوی چەپ، واتە ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە هەوڵی دابەشکردنی زەویوزاری ئاغاواتی دەوروبەری بۆکاندا بوون، زیاترین

---

دیارە ئەوەش لەلایەن شارەبانیی بۆکانەوە ڕێکخرابوو.

هاودەنگی لەلایەن گوندنشینانی هەمان ناوچەی فەیزوڵڵابەگییەوە هاتە کایەوە و ئەمجارەش بەشێک لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی لە گوندەکانیان دەرکران، دەست بەسەر زەوی‌وزاریاندا گیرا و بەسەر ڕەشایی و بێزەوی و کەمزەوی‌دا دابەشکرا. من ئەو دەم ڕاستەوخۆ لە بۆتەی کارەکەدا بووم و لە عەینی کاتدا کە پێ لە زۆر هەڵەوپەڵە و توندوتیژیی ڕێکخراوەکەمان (فیدائییانی ئەکسەرییەت) و شەخسی خۆم دەنێم، ئێستاش و بۆ هەمیشەش بەڕێزەوە سەیری ئامادەیی خەباتکاران و بەگشتی هەموو دانیشتووانی گوندەکانی فەیزوڵڵابەگی تا سەراو و ڕەحیمخانی نزیک میاندواو دەکەم. وەک دیتمان، لەو دەرفەتەشدا گوندنشینانی فەیزوڵڵابەگی سەروگەردنێک لە پێش خەڵکی ناوچەکانی تری دەوروبەری بۆکان بوون و بۆکانیش جارێکی تر ببوو بە جەرگەی خەباتی چینایەتی و ڕاپەڕینی دژ بە ئاغاوات لە هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**تێبینیی ڕێزدار برایم فەڕشی:**

حسێن تەهایی (حسێن نەورۆز) شاعیرێکی خۆشخوان بوو، ئەو لەگەڵ کەسانی تر وەک حاجی کەریم مەردانبەگی (قەساب)، حاجی ئەحمەد کەیخەسرەوبەگ (خەیات)، محەممەد پیرۆتی (وەرزێر و خەڵکی گوندی حەمامیان و پێشمەرگەی زەمانی قازی، هەتا دوا ساڵەکانی ژیانی لە هەموو دەورەکاندا لە زیندانەکانی بۆکان و شارەکانی تردا بوو)، عەلی کەردار (بەیتبێژی بەناوبانگ) و باوکم (دووکاندار) ساڵانی ١٣٤١ ـ ١٣٤٢، شەوانی جومعە لە ماڵی ئێمە کۆدەبوونەوە هەتا بەیانی شێعری کوردییان دەخوێندەوە و عەلی کەردار بەیت و حەیرانی دەکوت و زۆر جاران بەیتەکان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناوچەکە بوو. ئەو کەسەی کە زۆرتر شێعری بەسۆزی کوردیی دەخوێندەوە حسێن نەوروز بوو. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ گیرانی مامۆستایانی ناوچەی بۆکان محەممەدی پیرۆتیش گیرا و لە پادگانی بۆکان بە چلەی زستان لە تەویلەیان هاویشتبوو و ئاوی ساردیان لە بن دەکرد و خواردنیان لێ قەدەغە کردبوو هەتا ناوی کەسان بدرکێنێ. کەوایە

بەرەی جووڵانەوەی ساڵانی ١٣٢٩ و ١٣٣٣ بە شێوەی جوراجۆر چەشنە چالاکی و پێوەندییان لە شار و دێ لەگەڵ یەک بووە، ئەم پێوەندییەش لە ڕێگای کاری ڕۆژانە بە شـێوەی ئاسـایی جەرەیانی هەبوو؛ بۆ وێنە هەموو ئەو کەسـانە شـتومەکیان لە یەکتر دەکڕی و مشتەرییان بۆ یەکتر دەنارد!

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٣١ - ١٣٣٢ی هـ/ ١٩٥٢ - ١٩٥٣ی زایینیی بۆکان لە زمان «دوکتۆر محەممەد موکریی کرماشانی»یەوە

ئەم بابەتەی خوارەوە، نامە یان ڕاپۆرتێکی چوار لاپەڕەیی فارسییە کە بەشێک بووە لە بەڵگەنامەکانی کتێبخانەی دوکتۆر محەممەد کەیوانپوور موکری و دوای کۆچیدوایی ئەو لە فەرانسە گەیشتۆتە بنکەی ژین لە سلێمانی، ئەوانیش بە میهرەبانی کۆپییەکیان بۆ من ناردووە. بەڵگەنامەکە بە ئەگەری زۆر بە دەسخەتی دوکتۆر موکری نووسراوە و ڕووبەرگێکی هەیە کە وێدەچێ هی دائیرەی پۆستەی وڵاتەکە بێ و هەمان نووسەر بە هەمان دەسخەت ڕستەیەکی فارسی لەسەر نووسیوە.

نامە بێ یان ڕاپۆرت، لێرەدا بۆ هاسانکردنەوەی کار، وەک «بەڵگەنامە» ناوی دەبەین و وەرگێڕاوە کوردییەکەی هاوڕێ لەگەڵ کلێشەی سەرجەم لاپەڕەکانی بە هەندێک ڕوونکردنەوە و پەڕاوێزەوە دەخەینە ڕوو.

### یەکەم، دوکتۆر موکری کێیە؟

دوکتۆر محەممەد کەیوانپوور موکری، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی ئینتەرنێتی لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی/ ١٩٢٦ی زایینی لە کرماشان لەدایک بووە، کە بە حیسابی ئیش و کارە حکوومییەکانی دواتری، زۆر لە ڕاست ناچێ و دەبێ لایکەم چوارپێنج ساڵی پێش ئەوە بووبێ. خوێندنی لە کرماشان و تاران تەواو کردووە و لە ساڵانی ١٣٢٢ ـ ١٣٢٣/ ١٩٤٣ ـ ١٩٤٤دا بۆتە سەرۆکی دائیرەی پەروەردەی مەهاباد، ئەرکێک کە پێش چوونی ئەو بۆ مەهاباد و سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٣٠٥ ـ ١٣١٠دا بە پێشەوا قازی محەممەد و ماوەی دوو ساڵ پێش ئەویش بە نەمر سەیفولقوزاتی قازی سپێردرابوو. مامۆستا حەسەنی قازی لە وەڵامی پرسیاری مندا سەبارەت بە تێکەڵاویی دوکتۆر موکری لەگەڵ شاری مەهاباد، بۆی نووسیوم:

«سەبارەت بەو تێکەڵاوییەی دوکتۆر موکری:

لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی کە دوای سەفەری خەلیلی فەهیمی (وەزیری ڕاوێژکاری

سـەرەکوەزیرانی ئێران) بۆ کوردسـتان و داوخوازی ژ.ک و پێشـەوا لە وەزارەتی فەرهەنگ، کە فەرهەنگی مەهاباد ڕاستەوڕاست بە تارانەوە ببەسترێ؛ بۆ ئەو مەبەستە محەممـەدی موکـری کرا بە ڕەئیسـی فەرهەنگ لەوێندەرێ و هەتـا مانگەکانی بەرلە ڕاگەیاندنی کۆمار لەوێ بوو؛ چەند وێنەیەکی شانۆی «دایکی نیشتمان»یشی هەڵگرتبوو و تەنانەت لە مەجلیسـێکی ڕەسـمی پێشەوادا دەبیندرێ و بە جلوبەرگی کوردیشەوە لەگـەڵ هێندێـک لـە کادرەکانـی کۆمـار وێنـەی هەیە. دواتـر لەبەر ئەو پێشـینەیە بۆ هەڵبژاردنـی خولـی حەڤدەهەمـی مەجلیس ناردرا بـۆ مەهابـاد ... هەرچەند موکری لە ئاخری ژیانیدا ئەوکاتەی کە لە پاریسـەوە ڕۆیشـتەوە بۆ ئێران و دوایە بوو بە سەفیری ئێران لە شووڕەوی، زۆر هەڵوێستی دوژمنانەی گرت لەدژی خەباتی گەلی کورد، بەڵام لە زەمانی موهاجەرەت لە سەروبەندی شادا، ئەمن لە پاریس جارێک یا دوو جار دیتم و زۆر بەحورمەتەوە باسی پێشەوا قازی محەممەدی دەکرد.»

لـە هەڵبژاردنـی دەورەی حەڤدەهەمی مەجلیسـی شـووڕای ئێران کـە بەگوێرەی سـەرچاوەکان لـە سـاڵی ١٣٣٠/ ١٩٥١دا بەڕێـوە چـووە، جگـە لـە دوکتـۆر موکری گەورەپیاوێکـی دیکـەی کوردیـش، نەمـر سـارمەددین سـادقوەزیری، کاندیـدی هەڵبژاردنەکـەی مەهابـاد بـوو و دەگوتـرا لـە پەیوەندیـی حیزبـی تـوودەی ئێراندا بـووە. شارسـتانی مەهابـادی ئـەو سـاڵانە، سـێ بەخشـی بـۆکان و سەردەشـت و خانـێ (پیرانشار)یشـی دەگرتەبـەر. هەوڵـی ئـەم دوو کاندیدە نەگەیشـتە ئەنجام و سـەرەڕای لایەنگری کردن و دەنگپێدانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو شـارانە، هیچکامیان وەک بـراوە ڕانەگەیەنـدران و بـە سەرسـوڕمانێکی زۆرەوە مـەلا حەسـەن ئیمامی، ئیمامجومعـەی شـاری تـاران[1] وەک نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە سـندووقی دەنگدان

١. سەید حەسەن ئیمامی زڕباوکی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی بوو، کە دوای مردنی ڕەزاشا دایکی شووی بەو کردبۆوە. ناوبراو هەرگیز مەهاباد و ناوچەکەی بە چاو نەدیتبوو و لە هەموو ماوەی نوێنەرایەتییەکەشیدا یەکجار نەهاتە مەهاباد، کەسیش لەوێ نەیدەناسی، بەڵام کەراماتی دێموکراسییەتی شا ئەو نێرەزەلامەی بە شاقەل و عاباوە لە سندووقی مەهاباد هێنایە دەرەوە و بە کەڵەگایی بەسـەر مەجلیسـی ئێرانیدا سـەپاند هیچ، کردییە سـەرۆکی مەجلیسـیش! هەر ئـەوە بـوو بـە نەریت و بە شـوێن ئـەودا ئایەتوڵڵا کاشـانی کرایە سـەرۆکی مەجلیس، ئیتر مـەلاکان لەکۆڵ نەبوونەوە هەتا سـاڵی ١٩٧٩ کە شۆڕشـی گەلانـی ئێرانیان دزی و کردیان

هێنرایە دەرەوە! لە ماوەی ژیانیدا لە تاران و دوای چوونی بۆ فەرانسەش، دوکتۆر موکری هاوکات لەگەڵ کاری سیاسی، توێژینەوە لە مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردیشی بەڕێوەدەبرد و نموونەی کارەکانی بریتی بوون لە: فەرهەنگی ناوی باڵندە لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا؛ گۆرانیی کوردی؛ ڕێزمانی زمانی کوردی و چاپی دوو ژمارەی بڵاوکراوەی «ماد» لە پەیوەندی زمان و ئەدەبی کوردیدا. دواتر لە فەرانسەش کارێکی زۆری لەسەر دەقە ئایینییەکانی یارسان کرد کە «شاهنامەی حەقیقەت»ی حاجی نیعمەتوڵڵا جەیحوونئابادیی موکری تەنیا یەکیانە.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی حوکمی پەهلەوی و چوونی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ پاریس، بەپێچەوانەی بەشێک لە سەرکردایەتیی جیبهەی میللی ئێران وەک شاپووری بەختیار، دوکتۆر موکری و دوکتۆر کەریم سەنجابی کرماشانی، خۆیان لە ئایەتوڵڵا نزیک کردەوە و گوایە ئەو فڕۆکەیەی شەریکەی ئەیر فرانسیش کە خومەینیی لە پاریسەوە هێنایە تاران، دوکتۆر موکری بۆی بە کرێ گرتبوو و خۆشی لە نێو فڕۆکەکەدا بوو. ماوەیەکیش دواتر کە کەریمی سەنجابی بوو بە یەکەم وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی، دوکتۆر موکری کرایە باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە مۆسکۆی پێتەختی یەکییەتی سۆڤیەت، بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە تێکچوو و لە ئەنجامدا گەڕایەوە فەرانسە؛ ئەو شوێنەی کە تا ساڵی ٢٠٠٧ و کۆچیدوایی لەوێ ژیا.

دوکتۆر موکری لە هەردوو قۆناغی بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارەی فەرهەنگ و کاندیداتۆریی مەجلیسدا ناسیاوییەکی باشی سەبارەت بە کۆمەڵگای شاری مەهاباد و بۆکان و خەڵکەکەیان پەیدا کردبوو، بەڵام لە باری سیاسی و لە پەیوەندیی لەگەڵ دۆزی کورد لە ئێراندا، هەڵوێستی لایەنگرانەی نەبوو و ئەویش وەک دوو هاوشاریی خۆی، غوڵامڕەزا ڕەشیدیاسەمی و دوکتۆر کەریمی سەنجابی، نەتەوەخوازێکی ئێرانی بوو و هیچ نیشانەیەکیش بە دەستەوە نییە کە

---

بە هی خۆیان.

دوای هەرەسی کۆماری کوردستان و ئەو سەردەمەی وا مامۆستا حەسەنی قازی ئاماژەی پێکرد، دڵسۆزییەکی بۆ خواستی سەربەخۆیی یان خودموختاریی کورد بووبێ، بەپێچەوانە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەلی کورد لە کوردستاندا، لەسەر ڕاگەیاندنە گشتییەکانی ئێران دژایەتییەکی زۆری لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کرد.

**دووهەم، نێوەرۆکی بەڵگەنامەکە**

بەڵگەنامەکە بەگشتی سەبارەت بە ڕووداوەکانی نێو شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری بۆکانە تا سەر چۆمی‌مەجیدخان و ناوچەی شامات لە ساڵانی پێش ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ی ئێران. ناوی ئەو کەس و شوێن و دەوائیرەی وا لەوێدا هاتوون بەباشی بۆ خەڵکی بۆکان ناسراون. کەسەکان لە هەردوو بەرەی خەڵکی ڕاپەڕیو و ئاغاواتی سەرکوتکەری خەڵکن. هەواڵەکانیش کەموزۆر هەر ئەوانەن وا لە نووسین یان بیرەوەرییەکانی نەمران دوکتۆر قاسملوو، مامۆستا هێمن، مامە غەنی بلووریان، کەریمی حیسامی، جەلیل گادانی و مەلا محەممەدی خزریدا دەبیندرێن و بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندنی کەسانێکی وەک نەمران دوکتۆر ئەمیر حەسەن‌پوور و ڕەحمان محەممەدیان. دوکتۆر قاسملوو لە وتارێکدا باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی/ ١٣٣١ی هەتاویی ناوچەکەی کردووە و سەبارەت بەو ڕاپەڕینە نووسیویەتی:

«لە درێژەی هەمان ساڵدا وەرزێرانی بۆکان دژ بە ملهوڕیی فێئۆداڵەکان و پۆلیس ڕاپەڕین. حیزبی دێموکراتی کوردستان بزووتنەوەکەی ڕێبەرایەتی دەکرد، کە بەخێرایی لە ناوچەی بۆکان و مەهاباد پەرەی سەند، بەڵام بە دەستووری شا، سپای ئێران بۆ یارمەتی‌دانی فێئۆداڵەکان و سەرکوتکردنی وەرزێرە ڕاپەڕیوەکان کەوتەڕێ.»[1]

١. وتارەکەی دوکتۆر قاسملوو دووردرێژ و بەنێوەرۆکە و سەبارەت بە کوردستانی ئێران بۆ کتێبەکەی «ژێرارد شالیان»ی نووسیوە، بەڵام کاتێ ڕێزدار ئیبراهیم یۆنسی کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر فارسی، ئەو بەشە تایبەتە ئیجازەی چاپی پێنەدراوە. من دواتر وتارەکەم

## سێهەم، ڕووداوەکانی شاری بۆکان و ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی

بۆکان لە سەردەمی سەردارەکان و دواتریش لە ماوەی خاوەندایەتی شارەکە لەلایەن «پەناهییەکان»ەوە و پاشانیش کاتێ کە بنەماڵەی ئاغاواتی دێبوکری (ئێلخانیزادەکان) بۆکانیان کڕی، سەرەڕای ئەوەی وەک شار دەوائیری دەوڵەتی تێدا دامەزرابوو، لە باری خاوەنایەتییەوە جیاوازیی لەگەڵ هیچ گوندێکی ناوچەکە نەبوو، واتە ئاغاکان خاوەنی «عرصە»ی ماڵ و دووکان و باغی خەڵکەکە بوون و ئیجازەیان نەدەدا بۆیان تاپۆ بکرێ و بەبێ ئیجازەی ئەوان لە ئیدارەی سەبتی ئەسناد قەباڵەی مڵکایەتییەکەیان بۆ ئیمزا نەدەکرا، جا لەبەر ئەوەی ئاغاکان خاوەنی عەرسە بوون، دەیانتوانی هەرکەسێکیان خۆشنەویستایە ماڵ و مڵکەکەی لێ زەوت و لە شاریشی دەربکەن و یاساش پشتی دەگرتن. ئەو حاڵەتە ببوو بە هۆکاری ناڕەزایی خەڵک لە ئاغاکان و بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی وا لە کتێبی «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا»، نووسینی نەمر ڕەحمانی محەممەدیاندا دەبیندرێن، تەنانەت بە ١٣ ساڵی پێش هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥١یش، ئەو کێشەیە لە نێوان خەڵکی بۆکان و ئاغاکانیدا درێژەی بووە.

بەڵام ئەوەی وا بوو بە هۆکاری ڕاپەڕینی ئەو ساڵانەی خەڵک، گۆڕانکارییەک بوو کە لە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندیی ئێراندا هاتبووە ئاراوە. دوکتۆر محەممەدی موسەددیقی سەرەکوەزیران و ئازادیخوازانی نێو بەرەیەک کە بەناوی «جیبهەی میللی»یەوە دەناسرا، لە دەورەی حەڤدەهەمی پەرلەمانی ئێراندا قورساییەکی زۆریان هەبوو (٣٠ ئەندام پەرلەمان لە کۆی ٨٠ ئەندام) و توانیبوویان چەند یاسای پێشکەوتوو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و دژایەتیی موحافیزەکارەکاندا پەسند بکەن؛ لەوانە دوو یاسای تایبەت بە دۆخی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی گوندەکانی ئێران.

بەگوێرەی یەکیان، دەبووایە لە هەموو گوندێک شوورایەک لە نوێنەرانی خەڵکی گوندەکە پێک بێ، کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری گوندەکەی هەبێت و بەوە دەسەڵاتی ڕەهای ئاغاکان بەربەستی بۆ داندرا.

---

کردە کوردی کە ئەویش تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە. بەداخەوە هەواڵی «ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکەلەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە» جێگەی قسەیە.

بە حیسابی دووهەمیان، ئاغا و خاوەنملکی گوند مافی ئەوەی نەما جگە لە «دەودوو» واتە سەدا بیستێک کە لە ڕەعیەتیان دەسەند، چیتر خەڵکەکە بچەوسێنێتەوە و بێگاری بە ڕەعیەت بکات یان باجی وەک هێلکانە و مریشکانەیان لێ وەربگرێ. لەو دەودووەش کە وەریدەگرت دەبووایە سەدا بیستی بگەڕێنێتەوە دەست ڕەعیەت بۆ ئەوەی نیوەی سەرفی ئاوەدانی گوند بکەن و نیوەشی بکەنە خەرجی باشتر کردنی ژیانی خۆیان. ئەوە لە پەیوەندیی نێوان ئاغا وڕەعیەتدا شۆڕشێکی مەزن بوو کە مێژووی وڵاتەکە بەخۆیەوە نەبینیبوو.

یاساکان بوونە هاندەرێکی مەزن بۆ خەڵکی گوندەکان و هەر ئەوەندەی دانیشتووانی شاری بۆکان دوابەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥١ لە ئاغاکانیان هەستانە سەرپێ، وردەوردە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شار و بەگشتی ناوچەی ناسراو بە فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان خۆیان ڕێکخست، ئاغاکانیان لە دێ وەدەرنا، چاڵە گەنم و تەنانەت دەرگا و پەنجەرەی هەندێک لە ماڵەکانشیان دەرهێنان. ڕاپەڕینەکە خێرایەک پەرەی سەند و بەرەو باکوور کشا، وەرزێر و ڕەشایی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و دەوروبەری میاندواو تا شامات و محاڵی نزیک مەهاباد لەگەڵ ڕاپەڕینەکە کەوتن و دەڕۆیشت کە چەوساوەکانی هەموو ناوچەی موکریان و پاشماوەی کوردستان بێنە ڕیزی شۆڕش و ڕاپەڕینەوە. ئاغاکان لە بۆکان کۆبوونەوە و نوێنەرانیان چوون بۆ مەهاباد و داوای یارمەتییان لە سپای ئێرانی کرد. هێزی سپا و پۆلیس یارمەتیی ئاغاکانیان دا و هەر ئەوەندەی کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢/ ١٩٥٣ش سەرکەوت و شای هەڵاتوو گەڕایەوە ئێران و دوکتۆر موسەددیق دەسبەسەر کرا، لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەریشی هەتا شامات و محاڵ، ڕاپەڕیوەکان گیران و کەوتنە زیندانەوە و بە سەدان بنەماڵەش لە گوندەکان دەرکران.

بەڵگەنامەکەی دوکتۆر موکری سەبارەت بەو بارودۆخە و ئەو ڕووداوانەی بۆکان و دەوروبەری نووسراوە. دیارە هەندێک لە ڕاگەیاندنەکانی وەک کوژران و خنکێندرانی سەدان کەس بەدەستی ئاغاکان، کە بە شێوەیەک لە هەندێ سەرچاوەی

وەک بیرەوەرییەکانی نەمر کەریمی حیسامیش‌دا هاتووە، تا ئێستا پەسندی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام هەواڵی گرتن و لێدان و دەرکردن و تاڵان و سووتاندنی ماڵ و دووکانی ڕاپەڕیوان لەلایەن باب‌نۆکەری ئاغاکانەوە زمانەوزمان لە زۆر بیرەوەری و هەواڵدا ڕەنگی‌داوەتەوە.

## چوارەم، پەیوەندی دوکتۆر موکری لەگەڵ ڕاپەڕیوانی بۆکان

نەمر حاجی قاسمی کەریمی یەک لە ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوو کە لە نێو شاری بۆکان لە جەنگەی ئەو خەبات و ڕاپەڕینەدا بە سەفەر چوو بۆ تاران، نامەی بۆ دوکتۆر موسەددیقی سەرەک‌وەزیران و ئایەتوڵڵا کاشانی سەرۆکی پەرلەمان نووسی و لەسەر ڕادیۆی تاران پەیامێکی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی بۆکان نارد و وێنەی بە جل‌وبەرگی کوردییەوە لە ڕۆژنامەی «جبهه آزادی» ئۆرگانی حیزبی ئێران لە تاران چاپ کرا. بەڵگەنامەی دوکتۆر موکری ئاڵقەی پەیوەندییەکانی حاجی قاسم و ئەو بارودۆخە گونجاوەی وا لە تاران بۆی ئامادە کرا، بەڕوونی دەردەخا و دەزانرێ چۆن بەرگدروویەکی ئەو ساڵانەی بۆکان توانیبووی بگاتە سەر ڕادیۆی تاران و سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەیەکی سەرانسەریی ئێران.

دوکتۆر موکری وەک سەرۆکی دائیرەی فەرهەنگی مەهاباد و وەک کاندیدی نوینەرایەتیی پەرلەمان سەردانی بۆکانی کردبوو و بەشێک لە خەڵکی شاری دەناسی. بەحیسابی ناسیاوی لەگەڵ دوکتۆر موکری‌دا، ڕەنگە یەکەم پەیوەندییەکیش کە حاجی قاسم لە تاران گرتبێتی، لەگەڵ ئەودا بووبێ. هەر ئەویش دەبێ بردبێتی بۆ لای دوکتۆر کەریم سەنجابی، هاوشاری و دۆست و هاوحیزبیی خۆی و نوێنەری خەڵکی کرماشان لە مەجلیس و ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێران وەک بەشێک لە جیبهەی میللی، بە ڕێبەرایەتیی دوکتۆر موسەددیق. هەر بەو شێوەیە و لەو ڕێگایەوە دەبێ حاجی قاسم توانیبێتی نامە پێشکەش بە دوکتۆر موسەددیقی سەرەک‌وەزیران و ئایەتوڵڵا کاشانی بکا، کە لە دەورەی حەڤدەهەمی مەجلیسی شوورای ئێران‌دا بۆ ماوەیەک سەرۆکی مەجلیسی شوورا بوو.

هەڵبژاردنــی دەورەی حەڤدەهەمــی مەجلیســی شــووڕای میللیــی ئێران لە ســاڵی ١٣٣٠دا بەڕێوەچوو، بەڵام مەجلیس خۆی لە رۆژی ١٣٣١/٢/١٧دا کرایەوە و ڕاست سێ مانگ دوای کۆدەتا، لەلایەن محەممەدڕەزاشاوە هەڵوەشایەوە.

## پێنجەم، ڕێکەوتی نووسرانی بەڵگەنامەکە

بەداخەوە بەڵگەنامەکە هیچ ڕێکەوتێکی بە ســەرەوە نییە و هەر هەڵســەنگاندنێک بۆ دیاریکردنــی ڕێکەوتەکــەی تەنیا بــە مەزندە و بەپێی ڕاگەیاندنەکانــی نێو دێڕەکانی خۆی دەبێ. بە حیســابی ئەو دوو ڕووداوەی وا دوکتۆر موکری لەســەر ڕووبەرگی بەڵگەکــە نووســیویەتی، واتــە «ڕووداوەکانــی دوای هەڵبــژاردن لــە مەهابــاد» و «کارتێکەرییەکانــی ٩ی ئیســفەند» و بــە بــەراورد کــردن لەگــەڵ بیرەوەرییەکانی ئەو ســاڵانەی کەســایەتییە سیاســییەکانی کورد وەک کەریم حیسامی و غەنی بلووریان، وا هەیە بکرێ ڕێکەوتێکی بە مەزندەی بۆ دیاری بکەین.

- هەڵبژاردنــی مەجلیســی حەڤدەهەمــی ئێــران لە زســتانی ســاڵی ١٣٣٠/ ١٩٥٢دا بەڕێوەچــوو، کە وەک گوترا، حەســەنی ئیمامــی وەک نوێنەری مەهاباد (بە بۆکان و سەردەشــت و پیرانشــارەوە) بەسەر خەڵکدا ســەپێندرا. لە ماوەی ئەو هەڵبژاردنەدا ڕیزی موحافیزەکاری شاخواز و ڕاپەڕیوە پێشکەوتنخوازەکانی لایەنگری موسەددیق بەتەواوەتــی لێک جیا بوونەوە و هــەرکام چوونە بەرەی خۆیانەوە. دژایەتیی ئاغا و ڕەعیەتــی بــۆکان و دەوروبەریشــی، کــە هەرکامیــان لــە یــەک لــەو دوو بەرەیــەدا ڕووبــەڕووی یەکتــر وەســتابوون، بەتەواوەتی زەق ببــۆوە و دژایەتییەکە لە ماوەی ساڵێک دوای ئەودا ڕۆژبەڕۆژ تەشەنەی دەکرد و زیاتر پەرەی دەسەند.

- ڕووبەرگی بەڵگەنامەکە ئاماژە بە «کارتێکەرییەکانی ڕۆژی ٩ی ئیســفەند» دەکا. ئەو ڕۆژە لە پەیوەندیی ساڵی ١٣٣١دایە و لووتکەی ناتەبایی‌یەکانی نێوان دوو بەرەی ئاغــا و ڕەعیەتــە لە بۆکان. لەو ڕۆژەدا، کە بــە ڕۆژمێری زایینی دەکاتە ١٩٥٣/٢/٢٨، ئاغاکانــی بــۆکان بەنــاوی خۆپیشــاندان بۆ لایەنگریکــردن لە شــا، ژمارەیەکی زۆر تێلابەدەستیان لە گوندەکانی خۆیانەوە (حەمامیان و شێخلەر و...) بە لۆتکە و کەڵەک

لە چۆمی لای گوندی میراوا پەڕاندەوە و ڕژاندیاننە شـاری بۆکانەوە؛ دوای کۆتایی هاتـن بـە خۆپیشـاندانەکەش نەیانگێڕانـەوە گوندەکانـی خۆیـان، بەڵکـوو خسـتیاننە گیانـی ڕاپەڕیوەکانـی شـار. بەپێچەوانـەی گوندنشـینەکانی ناوچـەی فەیزوڵڵابەگی، لـە ڕۆژهـەڵات و باکـووری بۆکان، کە خێرایەک بـە دەنگی ڕاپەڕینەکـەوە هاتبوون، ڕەعیەتـی گوندەکانـی ئاغاواتی دێبوکری لە ڕۆژاوای بۆکان بەهۆی ئەو ڕاسـتییەوە کە ئاغاکانیان هەمان خاوەنملکەکانی بۆکان بوون، هێشتا نەیانوێرابوو بەتەواوەتی پەیوەسـت بـە ڕاپەڕینەکـە بن و ئاغـاکان توانیبوویان بە سـوودی خۆیـان بیانهێننە شـاری بۆکانـەوە و گەلێـک لـەو کارەسـاتانەی وا دەیانویسـت بەسـەر ڕاپەڕیوانی شار و بنەماڵەکانیانی‌دا بێنن، بە دەستی ئەوان بەڕێوەیان برد.

من بۆ دڵنیابوون لەوەی ٩ی ئیسفەند لە پەیوەندیی ساڵی ١٣٣١، واتە سەرەتاکانی ١٩٥٢دایـە، بەهۆی ئەو ڕاسـتییەوە کە بەڵگەنامەکـە ئاماژەی بە ناوی نەمر عەبدوڵڵا ئێرانـی کردبـوو و ئەویـش وەک دووهەم کەسـی ڕێبەرایەتیـی ڕاپەڕینەکەی بۆکان دوای حاجی قاسـم ناسـراوە، بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە ڕێزدار ئەسعەد ئێران‌زادەوە کـرد. کاک ئەسـعەد کـوڕە گـەورەی عەبدوڵـڵا ئێرانییـە و ئێسـتا وەک پارێـزەری خانەنشـین لە تاران دەژی. ناوبراو کە هاوتەمەن و هاوپۆلی قوتابخانەی سـەردەمی لاوییەتیی من بوو، پێشـتر بابەتێکی سـەبارەت بە ژیانی باوکی خۆی نووسـیبوو و لـە کتێبـی مامۆسـتا ڕەحمـان محەممەدیـان (بـۆکان لـە سـەدەی بیسـتەمدا، بەرگی یەکـەم، لاپـەڕە ١٤٧ ـ ١٥٠)دا چـاوم پێی کەوتبوو. کاک ئەسـعەد لە قسـەکانی سـەر تەلەفۆنی‌دا بەڕوونی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندان و هێرشی گۆپاڵبەدەستی ئاغاکان و برینـدار بوونـی باوکـی لەلایـەن تاقمێکی گۆپاڵبەدەسـتەوە، ڕاسـت لـە ڕۆژی ٩ ی ئیسـفەندی ١٣٣١ لە کۆڵانی حەمامی کۆنی بۆکان بووە و ئەویش لە ترسـی گیانی، خـۆی گەیاندۆتـە نێو بینایەی شـارەبانی و لەوێ دەسبەسـەر کراوە. کاک ئەسـعەد لـە درێژەی قسـەکانی‌دا گوتی: مـن منداڵ بووم، بەڵام لەبیرمە هەمـان ئێوارە لەگەڵ خاڵـم خـواردن و پێخەومـان برد بـۆ باوکم و دیتم کە دەسـت و قۆڵی لـە ئەنجامی هێرشی تێڵابەدەستەکان‌دا ئازاری بینیبوو و هەڵپێچرابوو. درەنگتر بە دەسبەسەری

نێردرایە زیندانی مەهاباد و ئێمەش هەفتەیەک دواتر بە ماڵەوە چووین بۆ مەهاباد و دوای ئـەوە هەرگیـز ماڵمـان نەهاتـەوە بۆکان ـ گەرچی زڕدایکـم وەک بەڕێوەبەر و مامۆسـتای قوتابخانـەی کچانی بۆکان هەر لەوێ مایـەوە و کاتێ کە دۆخەکە هێور بوویەوە، منیشی بردە لای خۆی.

ئـەوە باشـترین بەڵگـە بوو کە دەکرا بـۆ ڕوونکردنەوەی چارەنووسـی ئەو ٩ی ئیسفەندەی جێئاماژەی دوکتۆر موکری دەستم بکەوێ، ئەویش لەلایەن کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزی کۆمەڵگای کوردەوە، کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بە چاوی خۆی بینیوە.

بەڵگەنامەکـە هەواڵـی سـەرجەم ڕووداوەکانـی دەوروبـەری سـاڵێکی بۆکانی لە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٣٣٠ تـا دوای ٩ی ئیسـفەندی ١٣٣١ گرتۆتـە خۆ، کە دەکاتە سـاڵێکی ڕەبەق. لەو ماوەیەدا بۆکان بورکانی ئاگر بوو و خەڵکی شـار و گوندەکانی دەوروبـەری هەمـوو ڕۆژ و مانگێکیـان بـە ڕووداوی خـۆش و ناخۆشـی وەک ڕاپەڕینی چەوسـاوەکان و سـەرکوتکرانیان لەلایەن ئاغاواتی چەوسـێنەرەوە تێپەڕ کرد. بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکانی سـەرەوە، دەبـێ بەڵگەنامەکەی دوکتۆر موکری دوای ئیسـفەندی ١٣٣١، واتـە لـە بەهـاری سـاڵی ١٣٣٢دا نووسـرابێ، لەبەر ئەوەی ئامـاژە بـە دەرکرانی ماڵی ڕاپەڕیوانی ناو گونـدەکان لەلایەن ئاغاواتەوە دەکا و ئەو ڕاسـتییەش کـە دەرکراوی گوندێک لـە هیچ گوندێکی دیکـە وەرنەدەگیرا و لە کاری سـەرکوتکردنی ڕەعیەتدا هەموو ئاغاوات پشـتی یەکتریان دەگرت. لە بیرەوەریی کەسـانی وەک نەمـر کەریمـی حیسـامیدا هاتووە کـە تەنیا دوو کـەس وێرایان لەو زسـتانە سـاردەدا دالدەی ڕەعیەتی دەرکراو بدەن: ڕێزدار خانمخانمەی هاوسـەری نەمـر دوکتـۆر ڕەحیمی سـەیفی قازی و نەمـر ئیبراهیم سـەلاح خاوەنملکی گوندی سارووقامیش و فەرماندەی هێز لە سەردەمی کۆماری کوردەستاندا. یادیان بەخێر بێ!

لـەم ماوەیـەدا ململانیـی دوکتـۆر موسـەددیق و جیبهـەی میللـی لەگـەڵ شـا و پشـتیوانە ئینگلیـز و ئەمریکییەکانـی نێـو مەجلیسـی شـووڕای ئێـران بـەردەوام

بــوو و لایەنگرانــی شــا لەگــەڵ لایەنگرانــی حیزبــی توودەی ئێران لەســەر شــەقامی شــارەکان کەوتبوونــە شــەڕ و بەربەرەکانــی کردنــی یەکتــرەوە، دەســەڵاتی حکوومەتــی شلوشــەویقی موســەددیق لــە ناوچەکــەش ئەوەنــدە نەبــوو بتوانێ دژ بــەو بێعەداڵەتییانــە بوەســتێ. پێنــج مانگێــک دواتــر کۆدەتــای ٢٨ی گەلاوێــژ تــای تــەرازووی لایەنگرانــی شــا و ســەڵتەنەتی بــە تەواوەتــی قــورس کــرد و لــە ڕۆژی یەکەمــی دوای کۆدەتــاوە، لایەنگرانــی حیزبــی تــوودە و جیبهەی میللــی کەوتنە بەر هێرشــی کۆنەپەرســتان لە شار و گوند و بەلێشاو ڕەوانەی زیندانەکانی ئێران کران، بەشێکیشــیان لــێ ئیعــدام کرا و ئاگری خەبات دژی ڕژیمی شــا بۆ ماوەی بیســت و چەند ساڵێک سارد بوویەوە، تا ئەوەی ژیلەمۆکە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ی خەڵکدا سەرلەنوێ گڕی سەندەوە.

### شەشەم، ناوی کەسەکان

ئەو کەسانەی وا لە بەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە، لە هەردوو بەرەی خەڵک و ئاغاکان، بۆ من کە وەرگێڕی بابەتەکەم بەباشی ناسراون و جگە لە حسێن محەممەدی کە بە [سەرۆک] عەشیرە ناسێندراوە.

### حەوتەم، دامودەزگا فەرمییەکانی ڕژیم

لــە بەڵگەنامەکــەدا بــاس لــە چەنــد دامودەزگای فەرمیــی حکوومــی کــراوە، جــا لــە بــۆکان بووبێــن یــان لە شــارەکانی دەوروبــەر. بۆکانی ئەو ســاڵانە بەخــش (ناحیە) یەکی شــاری مەهاباد بوو و بەو پێیە بەخشــداری و کەلانتەری/ ئیدارەی شــارەبانی (پۆلیــس) و ژاندارمەریــی تێــدا دامەزرابوو. شــارەبانی بۆ ڕاگەیشــتن بــە کاروباری شــار و ژاندارمەری بۆ گوندەکانی دەوروبەر، بەڵام بەپێچەوانەی مەهاباد و ســەقز کــە ســەربازخانەی گەورەیــان هەبــوو، بــۆکان لــە هەندێک برگــەی زەمانــیدا نەبێ ســەربازخانەی نەبــووە و کە بووشــییەتی بنکەیەکی بچووک زیاتــر نەبووە. بەوپێیە ئەگەر حکوومەتی ناوەندی هەســتی بە مەترســییەک لەلایەن خەڵکەوە کردبێ، هێزی سپایی لەم دوو شارەوە ڕەوانەی بۆکان کردووە.

لە بەڵگەنامەکەدا ناوی تیپی مەهاباد و لەشکری سەقز دێ، واتە سەربازخانەی سەقز گەورەتر بووە لە هی مەهاباد. ناوێک لە فەرماندەی سەربازخانەی سەقز لە بەڵگەنامەکەدا نەهاتووە، بەڵام فەرماندەی سەربازخانەکەی مەهاباد بە سەرهەنگ موزەففەری زەنگەنە ناسێندراوە، کە لەگەڵ زۆرێک لە بیرەوەریی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە: نەمران دوکتۆر قاسملوو، کەریمی حیسامی و مامە غەنی بلووریان یەک دەگرێتەوە. گەرچی من لام وایە موزەففەری زەنگەنە وا هەیە ئەودەم سەرگورد بووبێ، نەک سەرهەنگ، بە دڵنیایی دواتریش هەر لەسەردەمی شادا کرایە سەرلەشکری سپای ئێران. لە بەڵگەنامەکەدا سەرهەنگ زەنگەنە بە بەرتیلخۆر و داردەستی ئاغاکان ناسێندراوە، کە بە فیتی ئەوان سپای ناردۆتە سەر خەڵکی هەژاری دەسبەتاڵی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، ئاغاکانی بۆکان و دەوروبەر بڕی ١٧ هەزار تمەن کۆدەکەنەوە و لەڕێگەی سەرهەنگ موزەففەری زەنگەنەوە (کە خۆی کوردێکی کرماشانی بوو)، بەسەر مەئموورانی دەسڕۆیشتووی بۆکان و مەهاباد و سەقزدا دابەشی دەکەن و ئەوەش لە پەنا ئەرکە حکوومییەکەیان هۆکارێک دەبێ بۆ بەشداریکردنی زیاتر و توندوتیژتر لە کاری سەرکوتکردن، لێدان، گرتن و زیندانیکردنی ڕاپەڕیوەکان و دەرکردنی خاوخێزانیان لە شار و دێ. تەنانەت لە دەرەوەی بەڵگەنامەکە هەموو خەڵکی بۆکان دەزانن، کاتێ کە ئاغاکانی بۆکان فەرمان بە بابنۆکەرەکانیان دەدەن ماڵی حاجی قاسم و عەلی میرەبەگ ئاگر تێبەردەن، حاجی قاسم خاوەنی دوو ماڵ بوو لە گەڕەکی حەمامی کۆن کە یەکیان شوێنی ژیانی خۆی بوو و ئەوی دیکەیانی بە ئیجارە دابوو بە دائیرەی ژاندارمەری. ئاغاکان خانووەکە بە ژاندارمەری چۆڵ دەکەن و ئەویش ئاگر تێبەردەدەن. لە خزمێکی نەمر مامۆستا مەلا ئەحمەدی وەحیدی، ئیمامجومعەی ئەودەمی بۆکانم بیست کە هاوکات ماڵی ئەویشیان ئاگر تێبەرداوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا پرسی دەوری ژاندارمەری لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەدا

دێتە گۆڕێ. لە کاتێکدا کە سپا و پۆلیس و هەموو دەوائیری دیکەی حکوومی لایەنی ئاغاکانیـان دژ بـە ڕاپەریـوەکان گرتبـوو، دەزگای ژاندارمـەری بـۆکان دیاردەیەکی جیاواز بوو و لە پشـت خەڵکی شـار و ڕاپەڕیوەکان وەستا بوو و ئەگەر بەرگرییان لە گیان وماڵی خەڵک نەکردایە وا هەبوو لە شـار و گوندەکانی دەوروبەری بۆکان کارەساتی گەلێک گەورەتر بقەومایە و خەڵکانێکی زۆر تێدابچوایەن. بیرەوەرییەکانی ئـەو سـاڵانە بـاس لـەوە دەکـەن کـە فەرمانـدەی ژاندارمـەری ئەودەمـی بـۆکان لایەنگرێکـی جیبهـەی میللـی یان حیزبـی توودەی ئێـران بووبێ و باوەڕە سیاسـی- مرۆڤایەتییەکـەی بووبێتە هۆکار بۆ ئـەوەی لەو فێڵ و تەڵەکە و بەرتیل وەرگرتن و بگرەوببرەیەی ئاغاکان و پۆلیس و سـپادا بەشـداری نەکردبێ. تەنانەت بیرەوەریی کاک ئەسعەد ئێرانزادە، کە لە کتێبی «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا»ی کاک ڕەحمانی محەممەدیـاندا هاتـووە، بـاس لەوە دەکا کـە دوای گیرانی عەبدوڵـڵا ئێرانی و کاتێ کە بە دەسبەسـەری دەینێرن بۆ زیندانی مەهاباد، لە گوندی داشـبەندی سـەر ڕێگا، ئاغـاکان پێـش بـە ئوتومبیلەکەیـان دەگرن و دەخـوازن کە لـە ئوتومبیلەکـە بیهێننە خـوارەوە و بیکـوژن، بـەڵام جوامێریـی ئەفسـەرێکی کرماشـانی لە مـردن ڕزگاری دەکا و ڕادەستیان ناکا. بە حوکمی ئەوەی کاروباری دەرەوەی شار بە ژاندارمەری ئەسـپێردرابوو، زۆر وێدەچـێ ئـەو کەسـەش یـەک لـە ئەفسـەرانی ژاندارمەریـی بـۆکان بووبـێ. بـە کورتـی، ژاندارمەریی بـۆکان لـەو ڕۆژگارە تاریکوتنۆکەدا تاقە ڕووناکییـەک بـووە کە شـەوەزەنگی بۆکانی شـکاندووە و هیوایەکی خسـتۆتە دڵی خەڵکـی بێپەنـای شـار و گوندەکانـەوە. یـادی ئـەو فەرمانـدە دلێـرە، هەرکـەس و سـەر بـە هـەر نەتەوەیەک بووبێ، بەخێر بـێ! لە وتوووێژی تەلەفۆنیـی خۆم لەگەڵ کاک ئەسـعەددا (ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٢)، کاک ئەسـعەد فەرمووی کە ئەفسـەرەکە ناوی «سـەروان سـەعیدی» و دۆسـتی باوکـم بـوو، کـە چەنـد جـار لـە هاتوچـۆی ماڵی خۆمـاندا بینیبـووم. سـەروان سـەعیدی وێنەدەچوو کـورد بێ، بەڵام دڵنیـا نیم ئایا فـارس بـوو یـان ئازەربایجانـی. کاک ئەسـعەد لە باسـی ناردنی باوکی بـۆ زیندانی مەهابادیشدا باسـی ئازایەتیی ئەفسەرێکی کرماشانی دەکا کە پارێزگاریی لە باوکی

کـردووە و نەیهێشـتووە ئاغـاکان لە گوندێکی سـەر ڕێـگادا لە ئوتومبیلەکـە بیهێننە خوارەوە و بیکوژن. جا ئەگەر ئەفسەرەکە هەمان ئەفسەری فەرماندەی ژاندارمەری بۆکان بووبێ، دەبێ بە خەڵکی کرماشانی بزانین، بەشێک لەوانیش بەهۆی جیاوازیی زاراوەوە زۆر جار هەر بە فارسی لەگەڵ کورد دەدوێن، هەروەها بە فارسی قسەکردن بۆ کاربەدەسـتانی ئیدارات لە سـەردەمی پەهلەوییەکاندا دیاردەیەکی ئاسایی بوو و تەنانەت مامۆستاکانی خوێندنگە، کە خەڵکی شار و تەنانەت هاوگەڕەک و دراوسێی ماڵـی قوتابییـەکان بوون، لـە دەرەوەی فێرگەشدا بە فارسـی لەگەڵیان دەدوان. ئەو ئەفسـەرە هەرکەس و لەسـەر هەر باوەڕێک بووبێ، بە هەر زمانێک قسـەی کردبێ، مرۆڤێکی بـاش بوو کە لەو شـەوەزەنگەی بۆکاندا گیانی ئەویـش و گەلێک خەڵکی دیکەشی لە مردن ڕزگار کرد.[١]

**هەشتەم، ڕوون‌کردنەوەی هەندێک وشە و تێرمی نێو بەڵگەنامەکە:**

نهضـت ملـی: دوای ڕووداوەکانـی ٣٠ی تیـری ١٣٣١ (١٩٥٢/٦/٢٠) و کوژرانـی ژمارەیـەک خۆپیشـاندەر لـە تـاران کـە داواکار بوون دوکتـۆر موسـەددیق ببێتەوە سـەرەکوەزیرانی ئێران، نوێنەرانی لایەنگری جیبهەی میللی لە مەجلیسـی شـووڕا، نـاوی خۆیـان نا «نهضت ملی» و ئەم ناوە بە لایەنگرانیـان لە دەرەوەی پەرلەمانیش درا؛ لە تەرجەمەکەی مندا بۆتە: «ڕاپەڕینی نەتەوەیی».

---

١. بـۆ نووسـینی ئـەم سـەرەتایە کەڵکـم لـەم کتێبانـە وەرگرتـووە: وتارێکـی دوکتـۆر عەبدوڕڕەحمان قاسملوو کە بۆ کتێبی ژێرارد شالیانی نووسیوە و خۆم وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی؛ سـەرەتای تاریک و ڕوونی مامۆسـتا هێمن؛ چەند نووسـراوە و نامەی شەخسـیی مامۆسـتا ئەمیری حەسـەن‌پوور؛ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسـامی بەرگی یەکەم؛ سەدەی کارەسات و ئاڵەکۆک (وتوێژ لەگەڵ مامەغەنی بلووریان)؛ وتارێکی مەلا عومەری عەسری لە گۆڤاری گزینگدا؛ بیرەوەرییەکانی مەلا محەممەدی خزری؛ تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بۆکان نووسـینی ئیبراهیم ئەفخەمی؛ بۆکان لە سـەدەی بیسـتەمدا، بەرگی یەکەم، نووسـینی ڕەحمان محەممەدیان؛ نگاهی بە تاریخ مەهاباد، نووسـینی سـەید محەممەد سەمەدی؛ تاریخ مشـاهیر کـرد، بەرگـی دووهـەم، نووسـینی بابامەردۆخ ڕۆحانی؛ از سـید ضیاء تـا بختیار، دولت‌های ایران از اسـفند ١٢٩٩ تا بهمن ١٣٥٧، نووسـینی مسـعود بهنود؛ روزشـمار تاریخ ایـران، بەرگـی یەکـەم، نووسـینی باقر عاملـی؛ هەندێک سـایتی ئینتەرنێتی و چەنـد ئیمەیلی مامۆستای بەڕێز حەسەنی قازی.

ملیـون: سـیفەتێکە نووسـەر بـە خەڵکانـی لایەنگـری «نهضـت ملـی»ی داوە. لـە وەرگێڕاوە کوردییەکەدا بە «نەتەوەیی» نووسراوە.

عەشایەر و سەرانی عەشایەر: نووسەری بەڵگەنامەکە ئاغا و خاوەنملّکەکانی بە «سـران عشـایر» و خەڵکە داردەستەکانی ئەوانی بە «عشـایر» ناو بردووە. ئەو دوو سـیفەتە ئێسـتاش لەلایەن هەندێک کەسـەوە لە ناوچەی کرماشـان بە دانیشـتووانی گونـدەکان دەدرێ، کـە بریتیـن لە گۆران و کەڵوڕ و زەنگەنـە، بەڵام لە موکریان باو نییە.

لـە خـوارەوە وەرگێـڕاوی کوردیـی بەڵگەنامەکـە و دەسنووسەکەشـی دەخرێتە بەرچاو؛ یادی دوکتۆر موکری بەخێر بێ!

## ڕووداوەکانـی دوای هەڵبژاردنـی مەهابـاد - کارتێکەرییەکانـی ۹ی [مانگی] ئیسـفەند[ی ۱۳۳۱ی هەتاوی= ۱۹۵۲/۲/۲۸]

بەگوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی کـە گەیشـتوونەتە دەسـتم و لـەم دواییانـەدا لـەو بۆکانییانـەم بیسـتووە وا هەڵاتـوون و هاتوونەتـە تـاران، لـەم ڕۆژانـەی دوایـیدا کـە نێوانناخۆشـییەک لـە نێـوان جەنابـی ئاغـای دوکتـۆر موسـەددیق[1] و هەندێـک لـە کاربەدەسـتان هاتبـووە پێشـێ، محەممـەدی عەبباسـی[2] نوێنـەری پێشـووی پەرلەمـان[ی ئێـران] و تەرشـیحکراوی دەربـار[ی شـا]، بـە مەئمووریيەتێکـی

١. دوکتۆر محەممەد موسەددیق سەرەکوەزیرانی ئێران بوو. لە سەردەمی سەرەکوەزیریی ئەودا شەریکەی نەوتی ئێران میللی کرا و بەشێک لەو ڕیفۆرمانەی وا هێنایە ئاراوە بریتی بوون لە: دوو لایحە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی خاوەنملّک بەسەر ڕەعیەتی گوندەکاندا لە ڕێگەی دانانی شـووراى گوندەکانەوە، هەروەها دانانی سـەدا بیستی ئەو دەودووەی وا ڕەعیەت بە ئاغایان دەدا بۆ ئاوەدانیی گوندەکان. ئەو لایحانە لە مەجلیسدا پەسند کران و وەک یاسا بوون بە یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکان بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ساڵانی ١٣٣١ ـ ١٣٣٢ی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەریان دژ بە فیئۆداڵەکان.

٢. حەمەدئاغـای عەبباسـی خاوەنملّکـی گەورەدێـی سـەرا، لـە نیوەڕێی بۆکان و سـەقز و چەنـد گونـدی دیکە بـوو وەک: تورجان، سـەرچاوە، کوچک و بوغدەکەنـدی. حەمەدئاغا لە ڕووداوەکانی سـەردەمی کۆماری کوردسـتان (١٩٤٦)دا دژ بە کۆمار وەسـتا و بە پاداشـی ئـەوە لەلایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە کرایە نوێنەری پەرلەمانی ئێران لە سـەقز و پاشـانیش سەناتۆری پارێزگای کوردستان لە مەجلیسی سەنای ئێران.

گرنگـەوە چۆتـە سـەقز و مەهابـاد. سـەرەتا لـە مەهابـاد چـاوی بـە فەرمانـدەی تیـپ[ی سـپا] کۆلۆنێـل موزەففـەری زەنگەنـە کەوتـووە و بـە یارمەتیـی یەکتـر و ڕاوێژکردن لەگەڵ یەک، هەندێک پلان دادەڕێژن.

عەبباسـی پێکـەوە لەگەڵ ئێلخانیزادەکان[1] و حسـێن محەممـەدی[2] و هەندێک لە عەشایەری دێبوکری و بەگزادەی سەقز و مەهاباد، بڕی سەد و حەفتا هەزار تمەن کۆدەکەنەوە و بەهۆی فەرمانداەی تیپەکەوە بەسەر بەخشدار[ی بۆکان] و سەرۆکی دادگا[ی مەهابـاد] و فەرمانـدەی لەشـکر[ی سـەقز] و مەئمووڕانـی شـوێندانەری دەوڵەتیدا لە بۆکان و مەهاباد و سەقز دابەشی دەکەن.

لە ڕێکەوتی پێنجشەممە ٢١ی مانگی ئیسفەند [١٩٥٣/٣/١١]دا خەڵکانێکی زۆر لە گوندەکانـی ئاغایانـی عەبباسـی و ئێلخانیزادە و ژمارەیەکی دیکـە لە دێبوکرییەکان دەهێننە بۆکان و سـێ ئاڵای گەورە[ی ئێران] بەدەسـتەوە و [بە گوتنی] دروشـمی زۆری وەک بـژی شـا و بمـرن دژبەرەکانـی، هەرکام بـە چەکـەوە و ڕەعیەتیش بە تێـڵا و کوتەکـەوە و سـەرەک عەشـیرەتەکانیش بـە چەکـی برنەوی بـێ چەرمەوە، دەسـت دەکەن بە ڕێژە و خۆپیشـاندان و قسەی ناحەز دەکەن بەرامبەر بە دەوڵەتی جەنابـی ئاغـای دوکتـۆر موسـەددیق و هاوڕێکانـی و یەکبەیـەک ناویـان دەبەن و جنێویـان پێـدەدەن. خۆپیشـاندانێکی زۆریـان کـرد کە لە سـەعات ١٢ی پێشـنیوەڕۆ دەسـتی پێکـرد و دوای کۆتایـی هاتـن بـە خۆپیشـاندان، خەڵکەکـە بڵاوەیـان کرد و بردیاننە ماڵەوە[ی ئاغاکان؟]. بەرپرسان و سەرۆکانی پیلانەکە لە ماڵی حەمەدەمینی ئێلخانیزادە و قاسـم ئێلخانیزادە [دواتر موهتەدی]، لەگەڵ [محەممەد] عەبباسـیدا کۆبوونەوە و نانی نیوەڕۆیان لەوێ خوارد. ئینجا سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ دەست دەکـەن بـە ڕیزکردنـی هێزەکانیـان و بـۆ تاڵانکردن و هێـرش بردنە سـەر خەڵکی

---

١. نیـاز لـە ئێلخانیزادەکان دوو بەرەبابی ناسـراو بە ئێلخانـیزادە و موهتەدین کە خاوەنی هەمـوو مـاڵ و دووکان و بـاغ و مەزرا و زەویوزاری بۆکان بوون. لە سـەردەمی جێگەی باسی ئەم نامەیەدا موهتەدییەکانیش هێشتا هەر بە ئێلخانیزادە دەناسران.

٢. حوسـێنئاغای محەممەدی خاوەنی ملکی گوندی قاجر لە نێوان بۆکان و مەهاباد و یەک لە ئاغاواتی دێبوکری.

بۆکان دەسنیشــانیان دەکەن بۆ ئەوەی بە ناوی شـۆڕش و داواکاریی عەشایەرەوە، لایەنگرانــی ڕاپەڕینــی نەتەوایەتــی لــە بــۆکان بکــوژن و خەڵکــی بــۆکان لــە ترســان دووکان و بازاڕ دادەخەن.

لەلایەن ئاغای عەبدوڵڵا ئێرانی، یەک لە ڕێبەرانی لایەنگری دەوڵەت[ی موسەددیق] و ڕاپەڕینی نەتەوایەتییەوە، نامەیەک دەنووسرێ بۆ شارەبانی و تێیدا پێی ڕادەگەیەنن هۆکار چییە سەعات ١٢ خۆپیشاندانیان کردووە، بەڵام هێشتا بڵاوەیان نەکردووە و ناگەڕێنــەوە گوندەکانیــان و شــار چــۆڵ ناکــەن؟ شــارەبانی کەســێکی ناردۆتــە لای حەمەدەمیــن ئێلخانــیزادە و پێی ڕاگەیاندوون کە خەڵکی شــار لــەو کۆبوونەوەیەی ئێــوە دەترســن، بۆچی شــار چــۆل ناکــەن؟ حەمەدەمین لــە وەڵامدا دەڵــێ: هەتاکوو فیداکاریــی خۆیــان بۆ شــا ڕانەگەیەنن و لایەنگرانی موســەددیق نەکــوژن و [ماڵ و مڵکیان] تالان نەکەن، ناگەڕێنەوە.

هەر لەوکاتەدا (سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ)، هەندێک لە خەڵکی بۆکان لە دەوروبەری حەوز[ەگەورە]، کە ناوەند و گۆڕەپانی شارەکەیە، وەستابوون و قسەیان دەکرد کە دەوروبەری سەد کەس لەو دار و گۆپاڵ بەدەستانە هێرش دەکەنە سەر [عەبدوڵڵا] ئێرانــی و خەڵکەکــە و دەســت دەکــەن بــە دارکاری کردنیــان. [عەبدوڵــڵا] ئێرانــی دەســبەجێ خۆی دەخاتە شــارەبانییەوە و لەوێ پەناگیر دەبێ. لە هەمان ســەعاتدا لە ســەرجەم شــوێن و کۆڵان و شــەقامەکان و تەنانەت لە ماڵاندا دەست دەکەن بە دارکاری کــردن و ئازاردانــی خەڵــک و گەلێــک بــە توندوتیژی لایەنگرانــی ڕاپەڕینی نەتەوایەتــی دارکاری دەکــەن و بە ئامانجی کوشــتن لێیاندەدەن. لــە ئەنجامدا چوار کەسیان مێشکیان تووشی زیانی زۆر هاتووە و لە سەرەمەرگ و حاڵی مردندان و دەوروبەری پەنجا کەسیش بریندار بوون.

خەڵکەکە هەرچەندە داوای یارمەتی لە ســەربازخانەی شــار و شارەبانی دەکەن، لەبەر ئەوەی پێشتر و بەپێی پیلانی فەرماندەی تیپ[ی مەهاباد]، بڕیار دراوە کارەکە بکرێــت ئیتــر هیــچ یارمەتییەکــی خەڵک نــادرێ و ئەگــەر یارمەتی و دەســتێوەردانی ژاندارمــەری نەبووایــە، هەموو کەســەکان[ی لایەنگری ڕاپەڕین] دەکوژران و شــار

تـاڵان دەکـرا و نامووسـی ژمارەیەک خەڵکیـان بە بادا دەدا. لەو کاتـەدا ژاندارمەری دەست دەخاتە کارەکەوە و بەرگر دەبێ لە بەرانبەر دەستدرێژییان بۆ سەر نامووسی خەڵکی بـۆکان. نزیکەی دووسـەد کـەس هێرش دەبەنە سـەر ماڵی حاجی قاسـم و نەتەوەیی‌یەکانی تر و ویستوویانە بچنە ژوورەوە، کە ژاندارمەری ڕێی لێ‌گرتوون.

سەعات هەشتی ئێوارە دوو لۆری سەربازی چەکدار لە سەقزەوە و فەرماندەی تیپیـش لـە مەهابـادەوە بـە دوو زرێپۆش دێن و لـە بۆکان حکوومـەت نیزامی [واتە منع‌تجول] ڕادەگەیەنن کە تا ئێسـتاش هەر درێژەی هەیە. [عەبدوڵڵا] ئێرانی و سـێ کەسـی دیکـە لـە نەتەوەیی‌یـەکان کە لە ترسـی گیانی خۆیـان پەنایـان بردبووە بەر شارەبانی، بە دەسبەسەری بردوویاننە مەهاباد و لەوێ زیندانییان کردوون، [بەڵام] هیچ کردەوە و سزایەکیان دەرحەق بە پیلانگێڕان و مرۆڤکوژەکان نەگرتۆتە بەرچاو.

دوای هێوربوونەوەی [دۆخی] بۆکان، ئەم خەڵکانەی خوارەوەیان ترساندووە و شاربەدەریان کردوون، ئەوانیش لە ترسی گیانیان هەرکام بەرەولایەک هەڵاتوون و ژن و منداڵیان ئاوارە بوون، ناوەکانیشیان بریتین لە:

حاجی سەعید ئیسماعیل‌پوور، [بازرگان] (بە ژن و منداڵەوە)؛

حسێن فاتحی [دووکاندار]؛

ڕەحمەتوڵڵا خزری [دووکاندار]؛

حسێن ڕەوشەنفکر [قاوەچی]؛

عەبدوڵڵا ئیسماعیلی [کووتاڵفرۆش] (بەژن و منداڵەوە)؛

کەریم سیدقی [خاوەن موسافیرخانە]؛

عەبدوڵڵا ڕەشیدی؛[1]

فەتاح حەسەنخاڵی؛[2]

---

١. نەمر عەبدوڵڵا ڕەشیدی یەک لە خەباتکارە ڕاپەڕیوەکانی شاری بۆکان بوو، کە دوابەدوای کۆدەتـای ٢٨ی گەلاوێـژ گیـرا و لە ماڵی ئاغاکانی بۆکان زیندانی و دارکاریی زۆر کرا. کاک عەبدوڵڵا تا کۆتایی تەمەن هەر سکاڵای لە دەست ئەو ئەشکەنجە و لێدانە دەکرد کە لەلایەن باب‌نۆکەرانی ئاغاواتەوە تووشی هاتبوو. یادی بەخێر بێ.

٢. بنەماڵەی حەسـەنخاڵی لە بۆکان و مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەردا گەلێک ناسـراون و

ئەحمەد ڕۆستەمی [کووتاڵفرۆش]؛

وە خەڵکێکی زیاتری دیکەش، کە هێشتا ناویان نەهاتووە و هەموویان لە نەتەوەیییەکانی ڕاپەڕینی نەتەوایەتی بوون.

ژمارەیەکی زیاتری خەڵکیشیان لە دووکانەکانیان دەرکردوون و بەرگر بوون لە کاسبی کردنیان، شتومەک و کەرەسەشیان فڕێداونەتە دەرەوە و پێیان ڕاگەیاندوون کە دەبێ هەرچی زووترە لە بۆکان وەدەرکەون.

(ڕوونکردنەوە: زۆربەی فرۆشگا و دووکانەکان هی ئێلخانیزادەکانە کە خۆیان بە خاوەنی گیان و ماڵ و ناموسی خەڵک دەزانن و هەر دەسدرێژییەک بکەن لە پەنای فەرماندەی تیپ و سپادا زیانیان وێ ناکەوێ.) تەنانەت فەرمانیان بە تێلگرافخانەکانی بۆکان و مەهاباد داوە کە ئەو تێلگرافانەی وا لە تارانەوە بۆ بۆکان دەنێردرێن نەدەنە دەست خەڵک و ئەگەر لەلایەن خەڵکیشەوە تێلگرافێک بکرێ، بەڕێی نەکەن.

## چۆنییەتی [دۆخی] بۆکان و مەهاباد:

دوای کۆتایی هاتن بە ڕووداوەکانی بۆکان، کە ئێستا [ئاغاکان] بەوپەڕی گوشارەوە و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دەجووڵێنەوە و خەڵکەکەیان ترساندووە، هەموو ڕۆژێک چەند کەس دەبەنە ماڵی قاسم ئاغا و بەناوی لایەنگری نەتەوەیییەکان بە قامچی لێیان‌دەدەن.

لە گوندەکانیش دەستیان کردووە بە کار و کردەوەی کارەساتبار و جێگەی شەرم و

---

خزمایەتیی نزیکیان لەگەڵ بنەماڵەی شەرەفکەندی هەیە. نەمر کاک فەتاحی حەسەنخاڵی (١٣٠١ –١٣٤٠) کوڕی حەمەدەمینئاغا (کاکئاغا) مرۆڤێکی خوێندەواری خەتخۆش، سوارکار، جوانچاک و دەنگخۆش بووە و لەو ساڵانەدا لە بۆکان ژیاوە، ئینجا بە چەند ساڵێک دوای ئەو ڕووداوانەی بۆکان ماڵی بردۆتە گوندی «تالاو»ی نێوان میانداو و مەهاباد و لەوێ بۆتە کوێخاسجیل، پاشان ماڵی چۆتە مەهاباد و ساڵی ١٣٤٠/ ١٩٦١ بە نەخۆشی کۆچی‌دوایی کردووە. سپاسی زۆری جەمیلەخانمی شەرەفکەندی و کاک بەهمەنی حەسەنخاڵی (کوڕی کاک فەتاح) دەکەم بۆ ئەو زانیارییانەی سەرەوە.

لـە هەمـوو گوندێـکدا (کـە وا هەیـە دەوروبـەری ٥٠٠ گونـد بـن)، ئـەو پێشـەنگ و سـەرۆکانەی بوونەتـە هاوکاری نەتەوەیی‌یەکان، لـە گوندەکانیان دەرکردوون و بە ژن و منداڵەوە لەسـەر ڕێگاکان و چیاکان دەربەدەر کراون، دارایی و شـتومەک و مەڕوماڵاتیـان لـێ داگیـر کردوون و بەو شـێوەیە سـەد وحەفتا هـەزار تمەنەکەیان کۆکردۆتـەوە و بەردیـان لـە پشـتی ژمارەیەکی زۆری دەوروبەری سـەد کەس (کە ئەگەر لە گوندەکان‌دا ژمارە بکرێن، ڕوون دەبێتەوە) بەستووە، دەستیان لە پشتەوە بەسـتوون و خسـتوویاننەتە نێـو چۆمـەوە. هەمـوو ئـەو کارانـەش بـە یارمەتـی و هاوڕێیەتیی سـەرباز و بە فەرمانی فەرماندەی تیپ بەڕێوە دەچن و هەموو ڕۆژێک زرێپۆش دەبەنە یەک لە گوندەکان و خەڵکی پێ دەترسێنن.

ئێسـتاش خەریکی فایلی پێشـینە دروستکردنن و ئەو بریندارانەی وا هەموویان بـە گولـلەی بڕنـەو بریـندار کـراون، لەلایـەن [سـەرەک] عەشـایرەوە، بەتایبـەت حەمەدەمین‌ئاغا و قاسـم‌ئاغای ئێلخانی‌زادەوە هاندەدرێن کە بڵێن بە گولـلە بریندار نەکراوین و ئەوە لایەنگرانی ڕاپەڕینی نەتەوایەتی بوون کە لێیان‌داوین. سوێندیشیان خواردووە یا خۆیان تێدابچن یان ڕاپەڕینە نەتەوایەتییەکە بخنکێنن و سەری تێدابەرن.

لەم کاتەدا عەشـایەری پیلانگێڕ بە شـەش ئۆتومبیلی جیپ و بارهەڵگر چوونەتە شامات، کە ناوچەیەکی دێبوکرییە و بە وتەی خۆیان خەریکی پاکردنەوەی گوندەکانن لە لایەنگرانی ڕاپەڕینی نەتەوایەتی.

نیشانەیەکی پیلان ئەوەیە کە فەرماندەی تیپ گوندبەگوند سەربازیان لەگەڵ دەنێرێ و عەشایەر بەردەداتە گیانی خەڵک و لێکیان هەڵدەبڕێ. هەرئێستاش بەبۆنەی جیاوازەوە خەریکی پیلانگێڕی و فایلی پێشینە دروستکردنە بۆ لایەنگرانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی.

ئەوەش کۆپیی لاپەڕەی یەکەم و چوارەمی نامەکەی دوکتۆر موکری:

بطوریکه اطلاع رسیده دو فقره چندی از بوکانیها قراره تهران کرده گزارش داده‌اند در روزهای اخیر کمیته‌ای مرکب از عشایر

و بعضی از مقامات چنانچه زیر دولت محمد عباس نماینده سابق مجلس و ملاعبدالله بابا میرزا بیگی سقز و مهاباد رفته

ابتداء در مهاباد و فرمانده تیپ سرهنگ مظفر زنگنه را ملاقات کرده و بگوید هم و مشورت هم نقشه‌ای می‌کشند عباس بابا میرزا زاده

و حسین محمدی و بعضی از عشایر دهبکری و منگور از سقز و مهاباد در حدود تکشیده و هفت و هزار تفنگ جمع‌آوری

نموده و بیعت فرمانده تیپ و مدیران فرماندار و بخشدار و دولت و ژاندارمری و فرمانده لشکر ... در بوکان

مهاباد و سقز تقسیم می‌کنند در تاریخ پنجشنبه ۲۱ اسفندماه عده‌ای را از دهات عباس و ایلخانی‌زاده

و بعضی از دهبکریها در بوکان آورده با داشتن سه پرچم بزرگ و شعارهای متعدد بعنوان زنده باد

شاه و مرده باد مخالفین و هرگونه با اسلحه و رعایا با چوب کلفت و کتک و عموم مردان

عشایر با اسلحه‌های نو برنو بدون چرم رژه داده و کامیونهای ... دولت جاسوس اکثر

مصدق و دوستان آن که یکی یکی نام آنها را برده دشنام داده‌اند تظاهرات زیادی کرده‌اند

پس از ختم میتینگ که در ساعت ۱۲ بعد از ظهر گرفته متفرق شده بمنزل رفتند رؤسا در بوکان توطئه

در منزل محمدامین ایلخانی‌زاده و قاسم ایلخانی‌زاده بهمراه عباس جمع شده قرارداد

مرور می‌کنند در ساعت ۵ بعدازظهر عده‌ای مسلح ... تیراندازی ... و ... عمارت

و حمله مردم بوکان تفتیش کرده که خط طرفداران نهضت ملی را در بوکان بعنوان انقلاب ... خواسته‌اند

عشایر تقاضا ... مردم بوکان از ترس دکان و بازار را تعطیل کرده و از طرف ملا عبدالله ایرانی

یکی از سران طرفدار دولت و نهضت ملی ... لاشه شده ... گوشزد می‌کنند

که علت چیست اینهمه که در ساعت ۱۲ تفنگ دارند و دیگر مشغول نشده و بعد ساعت صحبتی روند
و شهر را تخلیه می‌کنند شهربانی نیز یکنفر نزد مهاباد علیخان زاده فرستاده ژاندارمها دیدار کرد که مردم شهر از این
احتیاج به دهشت دارند چرا که شهر را تخلیه می‌کنند مهابادی در پایین ژاندارمها دیدار کرد تا در کاری خود را
نسبت به ژاندارمها نداشته و طرفداران مصدق را تقویت نمی‌کنند و غارت نکنند بر نخواهند گشت
در همین وقت (یعنی در بیداری) عده‌ای از اهالی بوکان در اطراف حرص (که مرکز شهر بوکان است)
ایستاده و صحبت میکرده‌اند در حدود یکصد نفر از کنگ و چوب به تنها [struck through] با ایرانی و مردم حمله کرده
و شروع کتک کاری می‌کنند ایرانی فوراً صفوف شهربانی را انداخته و در آنجا پناهنده شوند در همین
ساعت در تمام قهوه‌خانه‌ها و کوچه‌ها و جلوی خانه‌ها و حتی خانه‌ها شروع کتک کاری در آمده مردم نموده طرفداران
مصدق همه را تسلیمی کتک میزنند و همه را بقصد کشتن کتک میزنند در نتیجه چهار نفر از آنها
که یکنفر از آنها ضربت شدید وارد و اکنون در حال وخامت و بیهوش است و در حدود پنجاه نفر زخمی و خفیف دارد
هرچه مردم از پاسگاه و شهربانی تقاضای کمک می‌کنند هیچ اقدامی بر حسب [illegible] نشده
بنا بوده که این عملیات اگر به مردم کمک نشده [struck through] و اگر کمک و مداخله
ژاندارمری نبوده تمام افراد مردان کشته شده و شهر را غارت و ناموس عده‌ای را برباد
میداده‌اند ورود یک ژاندارمری و فعالیت کرده و از تعدی ناموس مردم بوکان آنها را باز میدارند
تقریباً ساعت [illegible] نفر [illegible] بوکان [illegible] و ایرانی و سایر [illegible] حمله کرده قصد داشته‌اند
که ژاندارمری آنها را بیرون کرده‌اند - در ساعت هشت بعدازظهر هم [illegible] از سقز
دو [illegible] از [illegible] به همراه [illegible] وارد بوکان حکومت نظامی اعلام

سیاوند که هنوز هم ادامه دارد . و ایرانیان دسته نفر دیگر از ملیون را که از ترس جان به شهرها پناه برده بودند به دو تا گاه تحت الحفظ گرفته و بمهاباد برده و زندانی میکنند و چگونه اقدام [illegible] نسبت به خانه چپاول و [illegible] [illegible] آورده‌اند [illegible] بوکان [illegible] زیرا [illegible] و [illegible] بیرون کرده‌اند

آقایان هم از ترس جان هر یک بطرفی گریخته و زن و بچه را آواره کرده‌اند و نام آنها این است :

حاج سعید احمدی پور (با زن و بچه)
حسین فاتحی
رحمت‌الله غفاری
حسین روشنفکر
عبدالله [illegible] (با زن و بچه)
کریم صدقی

عبدالله رشیدی
فتاح حسن خالی
احمد رشتی
و عده زیاد دیگری که هنوز نام آنها نرسیده
و همه از ملیون و طرفداران [illegible] بوده‌اند

عده دیگری را از [illegible] بیرون رانده و دکانها را از کاسبی منع کرده و راسا [illegible] آنها را بیرون ریخته و ثانیا اعلام داشته‌اند که هر چه زودتر از بوکان خارج شوند ( تصور اینکه انقلاب نشده و داریم مستقل و [illegible] آزاده هست که [illegible] حق دارند و [illegible] مردم سیاوند و هر چه تعدی کنند در پناه [illegible] دارند محفوظ‌اند) و حتی تلگرافی [illegible] بوکان و مهاباد و [illegible] داده‌اند که تلگرافاتی که از مرکز [illegible] به مردم ندهند و از طرف مردم نیز دیگر تلگرافات مخابره نکنند

شرح الحوادث بوکان و مهاباد : [illegible] ختم [illegible] در بوکان که اکنون در حال [illegible] مردم بوکان [illegible] [illegible] کرده و مردم را مرعوب کرده‌اند و هر روز چند نفر را برده و در [illegible] [illegible] تمام طرفدار ملیون [illegible] [illegible] اکنون نیز شروع [illegible] تعلیمات [illegible] و [illegible] نموده و در [illegible] (که شاید در حدود یا [illegible] باشند) [illegible] ملیون را که با ملیون همکار نشده‌اند از [illegible] رانده و در [illegible] برف و باران با زن و بچه در راهها و [illegible] سرگردان کرده

داران روستایی و کوکنندگان [illegible] را ضبط و به این طریق تکمیل دهقانان و هزاران تن را جمع آوری می‌کنند

و به هزینه دیگر در حدود تکمیل نفر و شاید بیشتر (اگر در دهات سرشماری شود و کشف شود مسلم خواهد شد)

سنگ بهشت لبنه و دست [illegible] آنها را از عقب بسته و برده و خانه ها را غارت کرده‌اند و تمام این عملیات

کمک و همراهی سربازان و به دستور دولت [illegible] انجام گرفته و می‌گیرد. [illegible]

[illegible] و مردم را ترسانده

اکنون مستقل پرونده سازی شده و زخمی‌ها را که همه با تفنگ و گلوله برخورد مجروح شده‌اند

از طرف عشایر [illegible] [illegible] [illegible] گلوله مجروح شده‌ام

و طرفداران [illegible] [illegible] زده‌اند و [illegible] خورده‌اند [illegible] نابود شده و یا

[illegible] و نابود کنند و در حال حاضر عشایر [illegible]


جیب [illegible] [illegible] که یکی از [illegible] و دیگری [illegible] رفته و در [illegible] تعقیل

طرف مستقل تصفیه [illegible] از طرفداران [illegible]

[illegible] ترکیه [illegible] که [illegible] سربازان [illegible] عشایر را

بجای مردم [illegible] و آنها را [illegible] و اکنون هم [illegible] طرفداران [illegible]

[illegible] مستقل [illegible] پرونده سازی [illegible]



## ناوی ڕاپەڕیوەکانی ساڵی ١٣٣٢ی شاری بۆکان

کاک ڕەشـیدی سـپێهری خەڵکـی بۆکانـە، فەرمانبـەری ئیدارەی پۆسـتە و تەلەفۆنی شـارەکە بـووە، لە سـەروحەدی شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ی ئێراندا چـووە ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە و ئێستاش لە وڵاتی سوید دەژی.

کاک ڕەشـید زانیارییەکـی زۆری لەسـەر بـۆکان و خەڵکەکەی هەیـە و تەنانەت دوای ساڵانێکی زۆری دووری لە نیشتمان، نەک هەر گەلێک ڕووداوی کۆمەڵایەتیی ساڵانی پێشووی بەباشی لە بیر ماوە و لە دانیشتنی دۆستانەدا باسیان دەکا، بەڵکوو ئاگاداری دوایین ڕووداوەکانی شار و ناوچەکەش هەیە. نموونەیەک لە زانیارییەکانی ئـەم ناوانـە بـوو وا بـۆ زنجیرەوتـاری «پێشـڕەوانی کەسـبوکار لە بـۆکان»ی منی نووسی و دەوڵەمەندی کرد (بڕواننە بەشی باسکراو).

دوو سـاڵێک پێـش ئێسـتا لـە لەنـدەن چاومـان بـە یەکتر کـەوت و تـکام لێکرد بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢/ ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە. دوای ماوەیەک ٣ لاپەڕە یادداشتی بۆ ناردم کە بریتین لە:

- هەندێـک ڕوونکردنـەوە سـەبارەت بـە مەسـەلەی ڕاپەڕینـی خەڵکـی بـۆکان و ناوچەکە؛
- ڕیزبەندیی ناوی ئەو بنەماڵانەی شاری بۆکان کە لە ڕاپەڕینی دژ بە دەسەڵاتی ئاغاکاندا بەشدارییان کردبوو.

ئـەوەی خـوارەوە دەقـی یادداشـتەکەی کاک ڕەشـیدە بەبێ دەسـتێوەردان و لە کۆتاییشدا کۆپیی نووسـراوەکەی خۆی دەهێنمەوە، ئینجا هەندێک ڕوونکردنەوە و پەراوێزی لێ زیاد دەکەم.

بەڵام با هەر لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە لە ساڵانی ١٣٣١ ـ ١٣٣٢دا لەنێو شار و هەروەها لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان دوو ڕاپەڕینی گەورە سـەریان هەڵدا، کە

بەهۆی خەسلەتی هاوبەش و هاوکاریی کردنی ڕێبەرەکانیانەوە لەگەڵ یەکتر، گەلێک جار وەک یەک تاکە ڕاپەڕین لە زەینی خەڵکدا چەسپاون و لە باسکردنیاندا، تێکەڵ بە یەک دەکرێن یا لە شوێنی یەکی تر دادەندرێن. ئەم مەسەلەیە لە یادداشتەکانی کاک ڕەشیدیشدا بەرچاو دەکەوێ.

بەشی هەرە زۆری بابەتەکەی کاک ڕەشید لە ڕاستیدا، ڕاپەڕینەکەی نێو شاری بۆکانی گرتۆتەوە لە کاتێکدا عینوانەکەی «ڕاپەڕینی جووتیاران»ە، ئەو ڕاپەڕینەی وا کەموزۆر هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی شار، لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان سەری هەڵدا و پاشان تا سەر چۆمی‌مەجیدخان و دەوروبەری میاندواو و ناوچەی شاماتی مەهاباد پەرەی سەند.

گەرچی لیستەی کاک ڕەشید وا هەیە تەواو و بێ‌عەیب نەبێ، بەڵام وەک لە ڕووی ناوەکان دەردەکەوێ، زۆربەی هەرە زۆر یا سەرجەمی ڕاپەڕیوەکان کاسبکاری وردە و کەمداهات و هەژاری وەک بەرگدروو، دارتاش، تەنەکەساز، بەننا و کرێکار بوون. ئەو تاکوتەرایەی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانیش کە لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان کەوتوون (سالمی، زیایی، ڕەزایی، حەریری و کەریمی)، لە ڕاستیدا لاوانی تازەپێگەیشتوو و خوێندەواری نێو بنەماڵەکە بوون، نەک گەورە و بەرپرسانی ماڵ کە وا هەیە بەهۆی موحافیزەکارییەوە هەڵوێستیان دژ بە ئاغاکان نەگرتبێ، ئەوە خەسلەتێکی چینایەتی و قانوونمەندی هەموو کۆمەڵگایەکە.

لە نووسراوەکەی کاک ڕەشیددا، ئاماژە بە دەوری گرنگی بەرگدرووەکانی بۆکان لەو ڕاپەڕینەدا کراوە و ناوەکانیش ئەم بەشدارییە بەربڵاوەی ئەوان پشتڕاست دەکەنەوە. توێژینەوە لە هۆکاری ئەم بەشدارییە بەرچاوەی بەرگدرووەکان، هەروەها چۆنییەتی و بۆچییەتیی ژمارەی زۆری بەرگدروو لە شارەکە و هەڵوێستگرتنی شۆڕشگێڕانە و بەشداریکردنی بەرچاویان لە سیاسەت، هاوپشتی کردنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و دژایەتیکردنی حکوومەتی ئێران، ئەرکێکی گەورەیە و دەبێ نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی ناوچەکە لەم دیاردە گرنگە بکۆڵنەوە. بۆکان چەند قاتی شارەکانی دەوروبەر، خەیاتی هەبووە و بەگشتی لە تاکوتەرایەک بەدەر،

هەموویـان (بـۆ نموونـە میـرزا حەمەڕەئووفـی حافیزولقورئان، حسـێنی مەجیدی و حسـێنی تەهایـی و برایمـی تەننازی)، لە ڕیزی پێشـەوەی خەباتێکدا بوون کە هەر دوو عونسـوری چینایەتـی و نەتەوایەتیـی تێیـدا ئاوێتە ببوون. هەڵگرانـی ئەو بیرە، ڕزگاری لە دەسـت چەوسـانەوەی ئاغاکانیان لە سـەرکەوتنی خەباتی نەتەوایەتی‌دا دەدیـت. هـەر ئـەوەش کردبوونی بە قارەمانێک کە لە دوو بەرەدا شـەڕ بکەن: دژ بە ئاغاواتی بۆکان بوەسـتن و لە عەینی کاتدا دژایەتیی حکوومەتی ناوەندیی ئێرانیش بکەن، کە پشتیوانی ئاغاکان بوو.

ئەوە دەقی بێ ئاڵوگۆڕی نووسـراوەکەی کاک ڕەشـید سپێهرییە،[1] بەو هیوایەی کـە خوێنـەر لە خوێندنەوە و هەڵسـەنگاندنەکانی‌دا ئەم خاڵە گرنگە بگرێتە بەرچاو و دوو ڕاپەڕینـە هاوتەریـب و هاوشـان و هاوئامانجەکانـی بـۆکان و گونـدەکان لێک جیـاواز دابنـێ و تێکـەڵ یەکتریـان نـەکا. ئـەو خەڵکانەی لە لیسـتەی کاک ڕەشـیددا ناویـان هاتـووە، ڕاپەڕیوانی شـارن نەک خەباتکارانی ڕاپەڕینـی وەرزێریی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی.

لە کۆتایی‌دا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم.

یەکـەم، لـە کاتـی نووسـرانی یادداشـتەکەی کاک ڕەشـیددا ٥٥ سـاڵ بەسـەر ڕاپەڕینەکانـی بـۆکان‌دا تێپەڕ دەبوو. ئەوە زەینی تیژی کاک ڕەشـیدە کە هەموو ئەم ناوانەی لە بیر ماوە، دەنا من خۆم وا هەبوو لە دەدوازدە ناو زیاترم بۆ دەسنیشان نەکرابا. سەرەڕای ئەوەش، دڵنیام گەلێک ناوی دیکە هەن کە لە قەڵەمی کاک ڕەشید کەوتوون و هیوادارم کەسانی دیکە ئەو ناوانە بۆ مێژوو تۆمار بکەن.

دووهەم، ڕێزگرتن لە خەباتکارانی ڕاپەڕینەکە بەواتای بێ‌ڕێزی کردن بە لایەنەکەی دیکـە، واتـە ئاغاکانـی بۆکان و دەوروبەر نییە. ئەوە شـەڕی چینایەتییە و تایبەت بە شارێک و ناوچەیەک یا وڵاتێک نییە، بەڵکوو یاسایەکی جیهانییە و هەر ئەم خەبات و

---

[1] ١. تاقـە دەسـکاریی مـن ئەوە بووە نـاوی هەندێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکـەم وەپێش ئەوانی دیکە خستووە یان لە ڕاستەکەوان‌دا شتێکم پێوە زیاد کردوون، بەڵام نە ناوێکم پەڕاندووە و نە هیچم لێ زیاد کردووە.

ڕاپەڕینانە بوو کە مرۆڤایەتیی لە چەوسانەوەی فیئۆدالّی ڕزگار کرد و گەیاندییە قۆناغی ئەمڕۆی ژیان. گەرچی ئەمڕۆکەش کار تەواو نەبووە و بێعەدالّەتی و نابەرانبەریی سەرمایەداری هەموو شوێنێکی جیهانی داگرتووە و پێویست بە هەوڵ و خەباتی زیاتر و شێلگیرتر دەکا بۆ ئەوەی چەوسانەوە، وەک دیاردە لەسەر ڕووپەڕی مێژووی مرۆڤایەتی پاک بکرێتەوە.

ئەوەش نووسراوەکەی کاک ڕەشیدی سپێهری کە ئامادە بوون ناردمەوە خزمەتی و ئەویش چەند ناوێکی لێ زیاد و کەم کرد.

## ڕاپەڕینی جووتیاران

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە سالّی ١٣٢٦،[1] خەلّکی کوردستان لە ناوچەی موکریان کەوتنە بەر شالّاوی زۆرداران و کاربەدەستانی حاکم و دەرەبەگەکان. خەلّک لە هەلێک دەگەڕا کە خۆی لەم زولّم و زۆرە ڕزگار کا.

سالّی ١٣٣١ لە دەرەوەی شاری بۆکان بە پشتیوانیی کاسبکار و کرێکار و خەیاتەکانی بۆکان، کە پشتیوانییەکی بەرچاویان لەم ڕاپەڕینەدا بۆ لایەنگری لە دوکتۆر موسەددیق، کە «بەرەی میلییی ئێران» بوو،[2] چەند حەوتوو ڕێپێوان و وتاردان دەستی پێکرد. پاشان ژاندرمەری کە لە مالّی حاجی قاسمدا بوو، پشتیوانی لە خەلّک کرد.[3] مالّی حاجی قاسم دەولّەمەندێکی شۆڕشگێڕ بوون. خەلّک توونیی شۆڕش بوو.

ئەم کەسانەی لە بۆکان پشتیوانی ڕاپەڕینەکە بوون، ئەمانەن:

١. حاجی قاسم کەریمی (ڕێبەر)؛

٢. حوسێن کەریمی، مامۆستای قوتابخانە و برای حاجی قاسم؛

٣. عەلی میرەبەگ [قەساب]؛

---

١. ١٣٢٥ ڕاستە.

٢. جبهه ملی ایران.

٣. دەگوترێ کە لەو برگەیەدا، ئەفسەری فەرماندەی ژاندرمەری بۆکان خۆی کەسایەتییەکی چەپ یا لایەنگری موسەددیق بووبێ.

۴. عەبدوڵڵا ئێرانی [قۆنتەراتچیی قەپان]؛

۵. حەمەڕەئووفی [حافیزولقورئان، خەیات]؛

۶. حسێن فاتحی؛

۷. حەسەن فاتحی؛

۸. ساڵح فاتحی (هەرسێکیان، کوڕانی مام فەتحوڵڵا)؛

۹. کەریم غەفووری (کەریمی خات زینەت)؛[1]

۱۰. ئەحمەد یەدی؛

۱۱. برایم تەننازی، خەیات؛

۱۲. حاجی محەممەدی شاقولی [خەیات]؛[2]

۱۳. مەلا محەممەدی قزڵجی [مامۆستای قوتابخانە]؛

۱۴. مەلا سدیقی قزڵجی؛

۱۵. مەحموود ڕەزایی [خوێندکاری قوتابخانە]؛

۱۶. برایمی حەریری [خوێندکاری قوتابخانە]؛

۱۷. عەلی سالمی؛

۱۸. حسێنی تەهایی (حسێنی نەورۆز)، خەیات؛

---

۱. کەریمی خات زینەتیش وەک حاجی قاسمی کەریمی و عەبدوڵڵا ئێرانی، لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی شاری بۆکان بوو.

۲. لە بیرەوەرییە چاپ نەکراوەکەی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسەن)دا، میرزا محەممەدی شاقولی بە لایەنگری ئاغاکان ناوبراوە، بەڵام باسی ئەوەش کراوە کە کارتی حیزبی دێموکرات لە دووکانەکەیدا دۆزراوەتەوە. من بەباشی لە بیرمە دوای دۆزرانەوەی کارتی ئەندامییەتی حیزب لە دووکانەکەیدا، میرزا محەممەدی شاقولی گیرا و لە شاریدا باس باسی ئەو گیرانە بوو. ناوبراو ماوەیەک لە شارەبانی بۆکان، کە ئەو دەم لە ماڵەکانی حاجی بایزی ئیسماعیلی (شوێنی ئێستای بانکی میللی)دا بوو، ڕاگیرا و پاشان نێردرایە زیندانی مەهاباد. شەوێک دووان پاش گیرانەکەی، باوکم کە بەرگدروو بوو و شەوانە شەوکاریی دەکرد و دوای نیوەشەو دەگەڕایەوە ماڵێ، لە بەیانیدا بۆی گێڕاینەوە کە کاتێ دوای نیوەشەو بە بەردەم شەهرەبانیدا تێپەڕ بووە چەند پاسەبانی بینیوە میرزا محەممەدی شاقولییان لە جۆگەی ئاوی بەر شارەبانی خستووە و بە باتووم دارکارییان کردووە. باوکم زۆری بەزەیی پێیدا دەهات و هەندێکیش لە گیرانی خۆی دەترسا.

١٩. عەلی تەهایی (نەورۆز)؛

٢٠. حەسەنی تەهایی (نەورۆز)؛

٢١. میرزا محەممەد ئاڵبلاغی؛

٢٢. میرزا عەبدوڵڵا سوڵتانی، خەیات؛

٢٣. عومەری سوڵتانی، ڕۆژنامەفرۆش؛

٢٤. ڕەحمانی حەیدەری؛

٢٥. حەمەساڵەی کەریمی [کوڕی] حاجی بابەخان؛

٢٦. عەبدوڵڵا سامبەگی؛

٢٧. میرزا حەمەکەریمی کەریمی (دوکتۆرەکەی خۆم)؛

٢٨. مام عەلی پینەچی ( لەگەڵ ماڵی حاجی قاسمی کەریمی هەڵات بۆ باشووری کوردستان)؛

٢٩. کاک فەتحوڵڵا مەرزەنگی، قاوەچی؛

٣٠. حەسەن مەرزەنگی؛

٣١. لوتفوڵڵا حەقپوور، پینەچی؛

٣٢. وەستا حەسەنی بەسری [ئاسنگەر]؛

٣٣. میرزا ناجی زیایی [کووتاڵفرۆش]؛

٣٤. عەلی ئەبازەری؛

٣٥. وەستا عەوڵای قەرەگوێز [بەرگدروو]؛

٣٦. مام ڕەحیمی خەیات؛

٣٧ ـ ٣٨. «غوەلام»ی پینەچی و براکەی؛

٣٩. سەید تەهای تەنەکەساز؛

٤٠. میرزا مەحموودی غەوسی، [گاراجدار]؛

٤١. میرزا عەبدولخالقی غەوسی، خەیات (کوڕی میرزا مەحموود)؛

٤٢. حاجی فەتحوڵڵای جەنگەڵی، عەللاف؛

٤٣. سەید متەللیبی قوڕەیشی، خەیات؛

۴۴. سەید حەسەن قوڕەیشی (کوڕی سەید متەللیب)؛[1]
۴۵. ڕەحمانی بابامیری؛
۴۶. مەحموودی تووفرۆش (مەحموودەکوێر)؛
۴۷. حەسەنخان مەسعوودی؛
۴۸. مەمەدخان مەسعوودی؛
۴۹. ڕەشید حەڵەبی، [تەنەکەساز]؛
۵۰. عەلی حەڵەبی؛
۵۱. ڕەسووڵ کەفشدووزی، [پێڵاودروو]؛
۵۲. ڕەشید کەفشدووزی، [پێڵاودروو]؛
۵۳. حەسەن ڕەحمانی مەشهوور بە حەسەنی بایزئاغا؛
۵۴. عەبدوڵڵا مسگەری؛
۵۵. محەممەد مسگەری؛
۵۶. وەستا ڕەحیمی مسگەری، [مسگەر]؛
۵۷. عەلی مەجیدی، خەیات؛
۵۸. حوسێن مەجیدی، خەیات
۵۹. میرزا ڕەسووڵی ئەسڵانی؛
۶۰. سوڵتان ئەسڵانی؛
۶۱. مام سوڵتان مەشهوور بە «تەسلیم»، لە شارەداریدا بوو؛
۶۲. عەوڵای کوڕی مام سوڵتان، کە ئەویش لە شارەداریدا بوو؛
۶۳. سالْح کەریمی (شەشقامک)؛
۶۴. حەمەی حۆری، بەننا؛
۶۵. حوسێن حۆری، بەننا؛
۶۶. قالەخەزاڵ؛

۱. دەبێ نیاز لە کوڕەکەی، سەید حەسەن بێ کە دواتر لەژێر گوشاری زۆری ئاغاکاندا پەڕەوازەی شاران بوو و بەداخەوە بوو بە کارمەندی ساواکی مەهاباد.

٦٧ ـ ٦٨. حەسەن ناڵبەند و برایمی کوڕی؛

٦٩. عەبدولخالقی خەیات؛

٧٠. عەبدولخالقی کۆتفرۆش؛

٧١. کاک حەمەحسێن قاوەچی (ڕەوشەن[فکر])؛

٧٢. مەولوود عەبدولقادری؛

٧٣. قادر عەبدولقادری؛

٧٤. عەلی کامەلایی؛

٧٥. حەمەکەریم سەرایی (تەڕشودە)؛

٧٦. محەممەدی دەلاڵ، کرێکاری گاراژ؛

٧٧. محەممەدی عەللاف (محەممەدەشەلە)؛

٧٠. مام غەنی کامەلایی، ناڵبەند؛

٧٩. حەسەنی مینەدەلاڵ؛

٨٠. عەبە زیقاوە؛

٨١. سەلیمبەگی دەرزی، خەیات؛

٨٢. مەحموودی نەوبەری؛

٨٣. فەتاحی عەزیزی کانیەڕەشی؛

٨٤. محەممەدی عەتری گلۆلانی، شاعیر؛

٨٥. حاجی مەحموودی ئەڵماسی؛

٨٦. محەممەدی خەندوستان؛

٨٧. وەستا مەحموودی حەیدەری؛

٨٨. مەحموودی حەسەن ناچیتی (فەتحی)؛

٨٩. ڕەشیدی حەسەن ناچیتی (فەتحی)؛

٩٠. وەستا کەریمی دەبباغی، [پینەچی]؛

٩١. ڕەحمان دەبباغی؛

٩٢. حەمەی مام باپیر، پینەچی؛

۹۳. محەممەدی خلە گەورک؛

۹۴. ڕەشیدی ئاغا ڕەزا؛

۹۵. ساڵەی ئاغا ڕەزا؛

۹۶. سەعیدی کەریمبەگ، تەنەکەساز؛

۹۷. حەمەسووری [ئیسماعیلی]، قاوەچی؛

۹۸. متەللیبی کوڕی حەمەسووری قاوەچی؛

۹۹. مینەی میکانیک (ئێستا دووکانەکەی ڕووبەڕووی قەبری حەسەن زیرەکە)؛

۱۰۰. حەمەی شوتوری (ملوشتر)؛

۱۰۱ ـ ۱۰۳. میرزا حسێن کۆچەری، [کووتاڵفرۆش] و دوو کوڕی؛

۱۰۴. حەمەساڵەی جەیرانخانم (خاکی)؛

۱۰۵. مینەی عەلیبەگ؛

۱۰۶. عەلی بابامیری (عەلی زەردان)؛

۱۰۷. ئیبراهیم نەوبەختی.

لەو ڕۆژەدا خەڵکێکی زۆر لەسەر حەوزەگەورەی بۆکان تاقیان لێدا. بە تاقەکەدا فەرشێکی گەورە هەڵاوەسرابوو. عەلی سالمی خەیات بە لۆکە لەسەری نووسیبوو: «بژی موسەددیق». تاقەکە وەستا مستەفای نەجاڕی دروستی کرد. «حاجی مستەفا، هەر بۆ سبەینێ [واتە دوای کۆدەتای ۲۸ی گەلاوێژ دژ بە موسەددیق] تاقێکی دیکەی دروستکرد. حاجی مستەفا وتی: «تاقی دوێنێ خۆش بوو یا هی ئەمڕۆ!»

بۆ پاشنیوەڕۆ. دەمگۆی ئەوە بوو شا دەگەڕێتەوە. خەڵک ڕژانە سەر شەقام، دەست کرا بە خۆپیشاندان: «مەرگ بۆ شا، بژی موسەددیق!» ئەمنیش (ڕەشید سپێهری) یەکێ بووم لە بەشدار بووان. ئەو ڕۆژە سەعات ۹ی بەیانی خەبەر درا بە دێهاتی دەوروبەری چۆم، کە کەنداوکەند هاتبوو؛ خەڵکی [گوندی] ئاختەتەر و شێخلەر و کەرێزە و میراوا دەیانویست بێن بەشداریی خۆپیشاندان بکەن، بەڵام لۆتکەکەیان لێشکاندبوون، وتیان تەڕەفی کوڕی مەحموودئاغا لۆتکەکەی

شکاندووە و نەفەرێکی لە ئاوی چۆم خستووە.

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە، شا گەڕایەوە. ماڵی حاجی قاسم و جەماعەتێک هەڵاتن بۆ کوردستانی باشوور. ماڵی حاجی قاسم دەوڵەمەند بوون، ئیدارەی ژاندرمەری لە ماڵی ئەواندا بوو؛ بە مۆدێکی زۆر جوان و دووتەبەقە دروستکرابوو. لە بەینی پەنجەرەکان وێنەی دوو سەعاتی چاڵمەی لێکێشرابۆوە. هەر لەو ماڵەدا کە ژاندرمەری تێدابوو، ئەفسەرەکەی پشتیوانی خەڵک بوو، دیار بوو لە «جیبهەی میللی» بوو. ڕیزە دووکانێکیش لە پشت حەمامی کۆنە بوو لەگەڵ کارخانەیەکی قەند کە وەستاکەی دەروێش محەممەدی کاوەیی بوو. ئەو کارخانە قەندە، هۆڕن [ئاژیر]ێکی بوو، کە سەعات ١٢ی نیوەڕۆ لێدەدرا، هەموو دەچوونەوە سەر کار. بۆکان ئەو دەمە شێوەی وڵاتی پێشکەوتووی دەدا.

بەداخەوە بۆ سبەینێ کە خەڵک هاتنە دەرێ، کارخانەی قەند ڕووخاو و ژاندرمەری ئاور درابوو و ماڵی عەلی میرەبەگ سووتابوو. ئەوشەوە، نۆکەرەکانی حەمەدەمینئاغا ماڵی خەڵکیان تاڵان کردبوو، جەماعەتێکیش لە توودەیییەکان برابوونە ماڵی حەمەدەمینئاغا، زۆریان لێدابوون.

لەو وەختەدا، من حەوت ساڵەیەکی وشیار بووم. هەر لەو وەختەوە داخم لە داگیرکەر و بەکرێگیراو بوو.»

ڕەشید سپێهری، ١٣٨٧/٨/١٩/ ٢٠٠٨/١١/٩

ئەوەش دەسخەتی کاک ڕەشید، کە وەک گوتم دوای ئامادەکران جارێکی دیکەش ناردوومەتەوە بۆی و ئەویش لە پێداچوونەوەدا دەسکارییەکی ناوەکانی کردوون و هەندێک ناوی دیکەی لێ زیاد کردوون کە لە دەسخەتەکەدا نابیندرێن:

( ڕاپەڕینی جوتیاران )

پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان لەساڵی ۱۳۲۶ خەڵکی کوردستان
لەناوچەی موکوریان کەوتنە بەر شاڵاوی زوورداران و کاربەدەستانی
حاکم و دەرەبەگەکان. خەڵک لەهەلێک دەگەڕا کەخۆی لەم زوڵم زۆرە
ڕزگار کا. لەساڵی ۱۳۳۱ لەدەوری شاری بوکان بەپشتیوانی ڕێک
خەراوە سیاسیەکان وەک حیزبی تودەو دیموکراتەکان بەپشتیوانی
کاسبکارو کرێکارو خەیاتەکانی بوکان کەپێشڕانەیی بەرچاویان لەم
ڕاپەڕینەدا بو لایەن گری لەدوکتور موسەدیق کەبەرەی مەلی ئیران
بوو چەوند هەنگوو ڕێ پیاوان و ئاغاوان دەستی پێکرد. پاشان ژاندارمەری
کەلەماڵی حاجی قاسم دابو پشتیوانی لەخەڵک کرد. ماڵی حاجی قاسم دەولەمەند
فوئادی شورشگیربوو. خەڵک توفی شورەشی بوو. ئەوکەسانەی لەبوکان
پشتیوانی ڕاپەڕینەکە بوون ئەمانەن. ۱ حاجی قاسم و براکەی ناو عبداللە
۲. عەلی میرەبەگ ۳ قادر پیرانی ۴ حەمەرەئوفی خەیات ۵ میرزا عبداللە
سولتانی و عومەری سولتانی ۶ مەحموودی ڕەزانی. ۷ عەلی ساڵحی
۸ ماڵی قزلجیەکان – مەلا محەمەدی قزلجی حەسەنی قزلجی و سەریقی
قزلجی ۹ عەولا پیرانی – ۱۰ منصوری عەلی بەگ ۱۱ ڕەحمانی حەیدەری
۱۲ ڕەحمانی بابامیری ۱۳ عەلی بابامیری. عەلی زەرەدان ۱۴ حاجی محەمەدی
شاقلی – ۱۵ براهیمی حەیدەری ۱۶ محەمەدی دەڵاڵ. ۱۷ کاکە محەمەدی عەلا
۱۸ حەمەکەریم سەرای پورشدە. ۱۹ عەبدوڵا ساسبوڕی. ۲۰ حوسێن وحەسەن و
ساڵحی فاتحی. ۲۱ حەمەساڵەی کەریمی حاجی باباخان – ۲۲ میرزا محەمەدی ئەبلاغی
۲۳ میرزا حەمەکەریمی کەریمی – ۲۵ مام عەلی پینەچی لەگەل ماڵی حاجی قاسم و حەمە
ڕەئوفی خەیات هەڵاتن بو عیراق. ۲۶ کاکە فتح‌اللە وحیسەمەدی ناسر قاوەچی.
لوتف‌اللە پینەچی. ۲۷. وەستا حەسەن بەسری – ۲۸ ناجی زیادی ۲۹ عەلی پەمبادز
۳۰. وەستا عەولای قەرەگوز ۳۱ مام ڕەحیمی خەیات. ۳۲ غولام پینەچی و براکەی
۳۳ ئیبراهیم نەوبەخت ۳۳ ماڵی غەوسی. ۳۴ حاجی فتح‌اللە مەلائی. ۳۵ سەید
صەلیبی خەیات وکورەکەی. ۳۶ کەریم قاتوزی ۳۷ کەریم غەفوری قاتینیت
۳۸ مەجیدی ئەتمونی مەحمودەکوێر. ۳۹. حەسەن خانی محەمەدخانی مەسعودی
۴۰ عەلی حەمەئەحمەد ۴۱ ڕەشید حەمەئەحمەد. ۴۲ ڕەسولی لەشکری و ڕەشیدی لەشکری
۴۳ حەسەن ڕەحمانی م بەهمەن بابۆئاغا. ۴۴ عبداللە سوور ۴۵ محەمەد ڕەسکەری
۴۶ وەستا ڕەحیمی مسگەر ۴۷ عەلی مجیدی و براکانی ۴۸ میرزا ڕەسولی ئەسلانی
۴۹ سولتانی ئەسلانی – ۵۰ مام سولتان وعەولای کوڕی. م بەتەسلیم لەشەهرداری دابول
الاسلامی کەریمی شەفیق ئاغا – ۵۱ حەمەی حوری ۵۲ حوسێن حوری ۵۴ ئاغا خەزاڵ
۵۵ حەسەنی فالبەڤی برایمی کوری – ۵۶ عەبدولخالق خەیات. ۵۷ عبدالخالق توت فروش
۵۸ کاک حسێن قاوەچی ڕەوشەن ۵۹ مەولود و قادری عەبدولقادری ۶۰ عەلی قاسملو

مالی حەسەنی نەورۆز. مالەکی نەورۆز. حوسێنی نەورۆز. عەلی نەورۆز

٦١ مام غەفوری نالبەند ٦٢ حەسەنی میە دەلال. ٦٣ عەبە زێقاوە.

٦٤ سەلیم بەگی خەیات دەرزی ٦٥ مەحموودی نەوبەری ٦٦ کاک ئەتاهی عەزیزی

٦٧ محەمەدی نوری گۆلالی ٦٨ حاجی مەحمودی ئەلماسی، ٦٩ محەمەدی خەنزەکان

٧٠ وەستا مەحمودی حەیدەری ٧١ مەحمودی حەسەن ئاچیتی ٧٢ ڕەشیدی حەسەن ئاچیتی

٧٣ ڕەحمانی دەباغی. کەریم دەباغی ٧٤ حەسەنی مام بابیر پینەچی. ٧٥ مەحمودی خەلە

گەورکی ٧٦ ڕەشید وسالەی ئاغا ڕەزا. ٧٧ سەعیدی کەریم بەگ. ئەمانە کەسانێ

ئەبوو بە شەدار بوان ناوەکانیان لە سەرەوە هات. کە لە ڕاپەڕینی ٢٧ گەلاوێژی

١٣٣٢ خەلکی بۆکان دوو ڕوو بوو. ئەدا بە شداربون. لە ڕوژدا خەلکێکی زۆر لە سەر

حەوزە گەورەی بۆکان ئامیان لێدا. لە ئامەکەدا فەرشێکی گەورە هەلواسراو بوو

عەلی سالی خونیا. بە لوکە لە سەر فەرشەکە نووسیبوی بژی موسەدق ئاقەکە

وەستا مستەفای نەججاری دروستی کرد. (حاجی مستەفا) هەر بۆیەی ئەی

ئاقێکی دیکەیان دروست کرد حاجی مستەفا وتی ئاقی دوێنێ خۆشتر بو یا هی ئەمڕۆ

بۆ پاشی نیوەڕۆ دەمەقرەی ئەوە جۆرە شادەیە ڕێتەوە خەلک ڕژانە سەر شەقام

دەست کرا بە خۆپیشاندان. دالن مەرگ بۆ شا. بژی موسەدق. ئەمنیش یەکێ بووم

لە بەشدار بوان (ر.س) ئەو ڕوژە سەعات ٩ی بەیانی ئەوەبوو را بە دەباغی دەوروبەر

چەرم کە نواوکەنو هابتو خەلکی ئاخفتە ئەوە شێخ لە بۆکاریزە وەمیراوا دیان وەست بێن

بە شوار خۆپیشاندان دژی لە تکەی کەیان لی تێکشکاو بوان وتیان تۆرەیف کوری

مەحمود ئاغا لە تەکەی تێکشکاندوە. ئەوە بکرا لەعاوی چەرم خستوەوە. بۆ سبەینێ ئەوروژە

شاگەڕایەوە مالی حاجی قاسم وحەمە ئەمینی حەلاقی بو کوروستای باشور. مالی

حاجی قاسم دەلەمەنو بوو بێدارە ژانرا عەدری لە مالی ئەوان دا بوو. بەحەودێکی زور

جوان و ڕەنگاو ڕەنگی دوتەبەتە دروست کرا بو لە بەینی پەنجەرەکان وێنەی دوبەتە

چالەی لێ تێرا بووە هەر لەو مالەدا کە ژاندارمەری تێدا بۆ ئەفسەرەکەی پێشتوانی

خالک بوو دیار بوو لە جبهەی میللی بوو ڕیزە دوکانێش لە پشت حەمامی کۆنە بو لە

گەل کارخانەیەکی قەند وستاکەی دروستی محەمەدی کاوەی بو. ئەو کارخانە

ئەتوە هورنێکی بوو کە سەعات ١٢ی نیوەڕۆ لێیدەدا کرێکاری بۆکان دەوروبەر

هەموی سەرەخەنی ئەجوون سەعات یەک دوبارە لێدەدا هەمو دەچونەوە سەر

کار. بۆکان ئەو دەمە شێوەی دێهاتێ بێشێ کە وتوی دەدا بە داخەوە بووسەیەنی

بەیانی کە خەلک هاتنە دەری کارخانەیی ئەتورو خاو ژاندارمەری ئاگر درابو.

مالی عەلی میرە بەگ سوتا بوو کەوشەوە نوکەرەکانی حەمە دمستاغا مالی

خەلکێکیان تالان کردبوو بە ماعە تێکشکن لە ترودەی پەکان برابونە مالی حەمە

دەمینائاغا زوریان لێدابون. لەوەوختەدا من حەوسالە یەکی وشیار بووم

هەر لەو وەختەوە داخم لە دلێکەرەوەیە کرێی گیراو بوو (ڕەشید سپهری)

٢٠٠٨/١١/٩

## ڕووداوەکانی بۆکان لە ڕۆمانی «تاقەدار»دا

بـۆکان و ڕووداوەکانـی زۆر کـەم لە ڕۆمان و چیرۆکدا ڕەنگیـان داوەتەوە و ئەوە کەمایەسـییەکی گەورەیـە لەبـەروەی فیلـم و شـانۆنامە گەلێک جار لەسـەر بنەمای چیـرۆک دەخولقێـن و بـە نەبوونـی چیـرۆک ئـەم دەرفەتـە گەلێـک کـەم دەبێتەوە، ئەوەش جیا لەو ڕاسـتییەی کە خەیاڵی ئازادی چیرۆکنووس دەتوانێ هەندێ لایەنی سـایکۆلۆژی و دەروونیـی مرۆڤـەکان دەربخا، کە توێژینەوەی وشـک و ڕەقوتەقی توێژەران هەرگیز پەیان پێنابا.

وا هەیە گرنگترین سەرچاوە بۆ چیرۆکنووسینی سەبارەت بە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری، چیرۆکەکانی شـەهید حەسـەنی قزڵجی بن لە کتێبی «پێکەنینی گەدا»دا، کە کۆمەڵگای بۆکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستم دەردەخەن.

یـەک لـە چیرۆکەکانی دیکە کە باسـی بـۆکان و ڕووداوەکانی ئەوێـی تێداکرابێ، ڕۆمانی «تاقەدار» نووسینی کاک ئەنوەر ئێرانزادەیە.

نووسـەر لەو کتێبە سـەرنجڕاکێشـەدا ـ کە تایبەتمەندیی چیرۆکێکی سـەرکەوتووی ئەمـڕۆی تێـدا بەدی دەکرێ ـ ئاوڕێک لە بۆکانیش دەداتەوە. چیرۆکەکە بەگشـتی لە مەهاباد و تاران ڕادەبرێ، بەڵام لە باسـی ڕووداوە سیاسـییەکانی ساڵی ١٣٥٧دا، کە گەیشـتە ئەنجامی هەرەسـی ڕژێمی شایەتی و هاتنە سەرکاری مەلاکان، کاتێ باسی یەکەم خۆپیشـاندانی خەڵکی شـاری مەهاباد بە بۆنـەی کۆچیدوایی نەمر «عەزیزی یۆسفی» دەکا (لاپەڕە ٣٨٤)، دەڵێ هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوە خەڵکی بۆکانیش خەباتی خۆیـان دژ بـە هێـزی چەکداری ڕژیم دەسـت پێکرد، ئینجا کار و چالاکیی سیاسـیی خەڵکی مەهاباد و بۆکان لە کۆنەوە پێکەوە دەبەستێتەوە. وا هەیە ئەم شێوە بۆچوونە بنەماییيە ڕەنگدەرەوەی ژیانی نووسەر خۆی بێ کە لەلایەن باوکەوە بۆکانی و لەلایەن دایکەوە مەهابادییە و ئاشکرایە دەبێ هەواڵی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٣١ـ٣٢ی بۆکانی لە باوکی خۆی، نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی بیستبێ. هەر چۆنێک بێ هەڵوێستی نووسەر بۆ

زەق کردنـەوەی ئـەم یەکییەتی و هاوخەباتییەی خەڵکی ناوچەکە جێگەی سـەرنجی تایبەتە.

نووسەر پاشان لە چیرۆکەکەدا ئاوڕێک لە مێژووی کۆن دەداتەوە و هاتنی ترکە ڕەشـەکانی ئاسـیای بچووک بۆ ناوچەکە و زوڵم و زۆریی ئەوان لە خەڵکی شـاری بـۆکان دەخاتـە ڕوو و خەباتـی خەڵک وەک ڕەنگدانەوەیەکی سروشـتی لە بەرانبەر ئەو بێدادگەرییانە دەناسێن.

لە درێژەی باسـەکەدا دەچێتە سـۆراغی ڕاپەڕینی هاوکاتی خەڵکی شاری بۆکان بە ڕێبەرایەتیی نەمران «قاسم کەریمی» و «عەبدوڵڵا ئێرانی» و ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچـەی فەیزوڵڵابەگـی بۆکان لە بەهار و هاوینی سـاڵی ۱۳۳۲/ ۱۹۵۳دا، کە بەهۆی کۆدەتـای ۲۸ی گەلاوێـژی هەمـان سـاڵ تووشـی شـکان هاتـن و ئاغاواتی شـار و دەوروبەری جارێکی تر دەسەڵاتیان سەندەوە.

لە کتێبەکەدا گرنگایەتیی تەواو بە دەوری حاجی قاسم و عەبدوڵڵا ئێرانی دراوە، کە دوور نییە لە ڕاستی، بەڵام وا هەیە مافی میرزا حەمەڕەئووفی خەیات و عەلی میرەبەگ و حسـێنی مەجیدی وەک ڕێبەرانی دیکەی خەباتەکە، بەتایبەت حسـێنی فاتحی ـ وەک بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان ـ بەتەواوی نەدرابێ.

لەلایەکـی دیکـەوە، بەگوێـرەی وتووێژەکانـی ڕێـزدار میـرزا حەمەڕەئووفـی خەیات، لەگەڵ کاک ئیسـماعیل ئیسماعیلزادە، کە هیوادارم بەو زووانە لە ماڵپەڕی بـۆکاندا بـە دەنگـی خـۆی بڵاوبێتـەوە، نەمـر عەبدوڵڵا ئێرانـی لە چالاکانـی حیزبی دێموکـرات بـووە، لـە کاتێکدا حاجی قاسـم پەیوەندیی بە «حیزبـی ئێران»ی دوکتۆر «کەریم سەنجابی» وەک بەشێک لە «جیبهەی میللی»یەوە بووە. گەرچی بەرژەوەندیی هاوبـەش و دوژمنـی هاوبەش ببووە هۆی خەباتی هاوبەشـی ئەم دوو کەسـایەتییە خەباتکارە، بەڵام لە عەینی کاتدا هێڵی فکری حیزب و ئەندامەکانی سەداسەد لەگەڵ بەرنامەکانی جیبهەی میللیدا یەکی نەدەگرتەوە.

ڕووداوی تەقەکردنی «نوورانی»ـ واتە سەیدەشینە، (کە لە کتێبەکەدا بە «سەید نوورە» ناو براوە، لە عەبدوڵڵا ئێرانی و «ئەنوەر»ی کوڕی ـ کە نووسەری کتێبەکە بێ، لەگەڵ

دەوری سەید تەهای تەنەکەساز و فەحە سنەیی و ئەحمەد یەدی لە ڕووداوەکاندا و هەروەها هەڵوێستی ئەفسەری فەرماندەی ژاندرمەری لەو شتانەن کە لە کتێبەکەدا تۆمار کراون و بۆ ئەم کارە دەبێ ئەمەکداری نووسەر بین.

هەر چۆنێک بێ، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ ڕۆمان ئاوێنەی باڵانوێنی سەرتاپای ڕاستییەکان بێ لەبەر ئەو فاکتەی کە «خەیاڵ»ی نووسەرە هونەرمەندەکەشی ئامێتە کراوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بابەتە مێژوویییەکانی ئەو بەشەی کتێبەکە کە دەبێتە (لاپەڕە ٣٨٤ تا ٤٠٣) لەگەڵ ڕاستیدا هاوشانن. یادی نووسەری جوانەمەرگ و باوکی شۆڕشگێڕی بەخێر بێ![١]

١. انور ایرانزاده، «تاقەدار»، ناشر: مؤلف، چاپ اول: ١٣٧٦/ ١٩٩٧، تهران ٨١٦ صفحه، فارسی.

## ئیسلاحاتی ئەرزی لە بۆکان

دابەشکرانی زەوی بەسەر جووتیارانی ئێراندا ـ کە بەگوێرەی بەرنامەی «ئیسلاحاتی ئەرزی» بەڕێوە چوو ـ خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بوو لە ژیانی ئابووری ـ سیاسیی وڵاتەکەدا و ڕوخساری ئێرانی بەتەواوەتی گۆڕی. ئەم کارە لە سەردەمی پەهلەویی دووهەم، دوای هاتنە سەرکاری دیموکراتەکان لە ئەمریکا و بەگوێرەی نەخشە و پلانی وڵاتانی ڕۆژاوا لە ساڵی ١٣٤١، ١٩٦٢ەوە لە ئێران دەستی پێکرد و دوای هەندێک بەرز و نزمی و ئاڵۆزی، سیستەمی کۆنی ئاغا و ڕەعیەتی بەتەواوەتی هەڵوەشاندەوە و خاشەی کێشا.

ئەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پێشەوە و گەرچی لە دەسپێکدا هێزی چەپ دژایەتییان کرد، بەڵام دواتر بۆ زۆر کەس دەرکەوت کە هەڵوێستێکی هەڵە بووە و گۆڕانکارییەکی بناغەیی ئەوتۆ لەلایەن هەر کەسێکەوە بەڕێوەبرابێ، کارێکی جێگەی پەسند بووە و دەبووایە پشتگیریی لێ بکرێ.

بەرنامەی ئیسلاحاتی ئەرزیی ئێران لە ساڵی ١٣٤١ەوە دەستی پێکرد. پێشتریش محەممەدڕەزاشای پەهلەوی هەندێک هەنگاوی بچووکی لەو بوارەدا هەڵێنابۆوە و ملکەکانی خۆی! بەناوی دابەشکردنەوە بە وەرزێران فرۆشتبوو. کاری دابەشکردنی زەوی‌وزار لە عێراقدا زووتر بەڕێوە چووبوو، واتە دوابەدوای کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨ ملکی ئاغاکان دابەشکرابوون و لە ئەنجامدا، هەندێک خاوەن زەوی عێراقیان بەجێ‌هێشتبوو و ڕوویان کردبووە ئێران.

دابەشکردنی زەوی لە ئێران لە یەکدوو شوێنەوە دەستی پێکرد کە ئەوەندەی لە بیرم بێ مەراغەی بنگویێ بۆکان یەکیان بوو؛ پاشان کەم‌وزۆر هەموو ڕۆژێک ئیعلانێک لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی کەیهان چاپی تاراندا بڵاو دەکرایەوە و دەسپێکی دابەشکردنی زەوی لە ناوچە و شارێکی ئێرانی تێدا ڕادەگەیەندرا.

ئەگەر هەڵە نەکەم، لە نیوەڕاستەکانی ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣)دا بوو، کە پرۆژەکە

گەیشتە بۆکانیش. لە بۆکان هێشتا کەس باوەڕی نەدەکرد مەسەلەکە وە ڕاست بگەڕێ و بگاتـە قۆناغێـک کە دەسـەڵاتی ئاغاوات لـە ناوچەیەکی وەک بۆکانیـش بێتە کۆتایی، بەڵام شتەکە ڕووی دا و خەیاڵپڵاو بوو بە ڕاستەقینە.

ماوەیەکـی کەم دوای بڵاوبوونـەوەی ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە لە بۆکان، ئیدارەیەکی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵی ئێران، کە وا بزانم ناوی «اصلاحات ارضی» یا «عمران» یا شتێکی ئەوتۆ بوو، دەستی بەکار کرد و زەوی‌وزاری ئاغاکانی ناوچەی بۆکانی بەسەر وەرزێراندا دابەش‌کرد. من هەر لەو سەردەمانەدا تەبعید کرام و لە ناوچەکەدا نەمام، هەر بۆیەش ئاگاداری وردەکارییەکانی کارەکە نیم، بەڵام دەزانم کابرایەکی عەجەمی ئازەری بەناوی عەلی مەدەنی سەرۆکی ئەو ئیدارەیە بوو کە لە بۆکان بە کاروباری دابەش‌کردنی زەوی ڕادەگەیشت. دواتر هەر ئەو عەلی مەدەنییە بۆ دوو یا سێ دەورە کرایە نوێنەری بۆکان لە پەرلەمانی ئێران! من عەلی مەدەنیم چەند جارێک بینیبوو و جارێکیـش لەگـەڵ خاڵـم لە تاران چووینـە ماڵەکەی لە خوار مەیدانی ٢٤ی ئیسـفەند (ئینقلابی ئێستا).

ئەوەنـدەی لـە بیـرم بـێ، دابەش‌کرانی زەوی سـەرەتا بەو شـێوەیە بـوو کە ئەو زەوی‌وزارەی وا «میکانیـزە» بـوون، واتـە ئاغـا بـە تراکتۆر و کۆمبایـن دەیکێڵان و حاسڵی لێ‌هەڵدەگرتن بۆ خۆی دەمایەوە و ئەوانی تر دەفرۆشران بەو وەرزێرانەی وا لەسـەر زەوییـەکان کاریـان دەکـرد. وا بزانم ئاغاواتێک کە چەنـد گوندیان هەبوو گوندێکیان بۆ دەهێشتنەوە و ئەوانی تریان بەسەر وەرزێراندا دابەش دەکرد.

بەم پێیە لە بەرنامەی ئیسـلاحاتی ئەرزی‌دا سـەری ڕەشـایی، واتە خۆش‌نشـین، کـە زەحمەتکێشـترین خەڵکـی نیشـتەجێی گوندەکانن، بـێ‌کڵاو دەمایـەوە لەبەروەی زەوییەکانی ئاغا دەدرایە کەسـانێک کە کاریان لەسـەر دەکرد، واتە جووتبەندەکان. دەگوتـرا یـەک لـە ئامانجەکانـی ئیسـلاحاتی ئەرزیـش هـەر ئـەوە بـوو ڕەشـایی لە گونـدەکان هەڵبکەنـێ و بیانباتە شـار بۆ ئەوەی هێزی کار بـۆ کارخانە و کارگەکان دابین بکرێ. دیارە کوردسـتان کارخانەی تێدا نەبوو و هەر بۆیەش بەشـێکی زۆری گوندنشینەکان لە ساڵانی دواتردا دەبوون بە کرێکاری کوورەخانە لە عەجەمستان.

هەر چۆنێک بێ، لە ئەنجامی ئیسلاحاتی ئەرزیدا بەشی زۆری خەڵکی گوندەکان بوون بە خاوەن زەوی و پارەی زەوییەکانیان بە قیست دەدایەوە دەوڵەت؛ دەوڵەتیش خۆی پارەی دەدا بە ئاغاکان. زۆرێک لەو وردەمالیکانەی وا زەوییەکانیان لێ دابەشکرا، چیتر لە گوند نەمانەوە و هاتنە شارەکان و پارەی مڵکەکانیان کردە سەرفی ژیان و بێدەسەڵات کەوتنەوە. هەندێکیان دووکان و کارگە و شوێنی کاروکاسبییان لە شارەکان دابۆخۆیان دابین کرد و بەشێکی بەرچاویشیان لە گوندەکان دالەسەر ماڵ و حاڵ و زەوی و زاری خۆیان مانەوە، بەڵام نەک بە ئاغایەتی، بەڵکوو وەک وەرزێرێکی دەسرۆیشتوو.

دەوڵەت لە هەندێک شوێنی ئێران وەک ناوچەی قەشقایییەکان لە پارێزگای فارس تووشی بەربەرەکانیی چەکدارانەی ئاغاوات و خاوەنمڵکەکان هاتبوو؛ هەروەها هەندێک مەلای دەسەڵاتداری وەک خومەینیش بە هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانەوە دژ بە ئیسلاحاتی ئەرزی وەستا بوون، بەو بۆنەیەوە ساڵانی سەرەتای ئیسلاحاتی ئەرزی ساڵانێکی ئاڵۆز و پڕ لە بشێوی بوو. دەوڵەت هەوڵی دەدا لایەنگر بۆخۆی و بەرنامەی دابەشکردنی زەوی دەستەبەر بکا، زووزوو خۆپیشاندان و شایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنای بۆ ئەم بەرنامەیە ڕێکدەخست و لە بۆکان هەندێک کەسی وەک نەمران مامۆستا محەممەدی نووری (شاعیر) و محەممەدی ئەفخەمی ببوونە پێشەنگ و وتاریان دەنووسی و دەیانخوێندەوە، هەندێک شاعیری دیکەش هەبوون کە گەرچی بەشداری ئەم چەشنە خۆپیشاندان و بگرەوبەردەیە نەدەبوون، بەڵام لە وەسفی ئیسلاحاتی ئەرزی و پەسندی بەرنامەی شا و دەوڵەتدا شێعریان دەگوت وتاریان دەدا. لەوانە، نەمران مامۆستا حەقیقی، ئیبراهیمی ئەفخەمی و کاکم عومەری سوڵتانی (وەفا). جگە لە بەرەی چەپ، خەڵکێکی زۆر پشتگیرییان لە بەرنامەکە دەکرد، بەڵام لە بنەڕەتدا زۆربەی خەڵک لە سەرکەوتنی دەوڵەت و بێدەسەڵات کردنی ئاغاوات دڕدۆنگ بوون، بەتایبەت لە هەندێک شوێنی وەک بۆکان کە هەویری خەڵکەکە بە پەیوەندی فیئۆداڵی گیرابۆوە و هەمووشت لەنێو دەسەڵاتی ئاغادا خۆلاسە دەبۆوە.

ئەنجامێکی کاری ئیسلاحاتی ئەرزی ئەوە بوو کە ئاغاکانی بۆکان «عەرسە»ی ئەو ماڵ و دووکان و زەوی‌وزارەیان بە خەڵکی شارەکە فرۆشت کە تا ئەو دەم لە دەستی خۆیان‌دا هێشتبوویانەوە، هەر ئەم مەسەلەی عەرسەی مڵک و ماڵەی کە هۆکاری سەرەکیی ڕاپەڕینی بەهار و هاوینی ساڵی ۱۳۳۲ (۱۹۵۳)ی بۆکان بوون بە ڕێبەرایەتیی نەمر حاجی قاسمی کەریمی بوو.[۱] وەک هەنگاوێکی پێشگیرانە لەپێناو کۆنترۆڵی ئاغاوات و بەرگری‌کردن لە بەربەرەکانی و شەڕیان لەگەڵ دەوڵەت، هەندێک لە ئاغاکان گیران و نێردرانە زیندانی «فلک‌الافلاک» لە خوڕەماوای لوڕستان. لەوانە، قاسم‌ئاغای موهتەدی و برایم‌ئاغای ئێلخانی‌زادە. چەند کەسی دیکەش لە ئاغاواتی ناوچەکە لەگەڵیان بوون کە بەداخەوە ناویانم لە بیر نەماوە. زیندانییەکان دوای ساڵ یا دوو ساڵێک، ئازاد کران و لە بیرمە لە گەڕانەوەی قاسم‌ئاغای موهتەدی بۆ بۆکان، پێشوازییەکی گەرمی لێ‌کرا و خەڵک بە دەیان ترۆمبیل تا ڕێگایەکی دوور چوونە بەخێرهێنانەوەی. بەشێکی زۆر لەو پێشوازییە گەرمە هی کەسایەتیی خودی قاسم‌ئاغا و ناوبەدەرەوەیی ئەو لە ناوچەکە بوو؛ وا هەیە بەشێکیشی هی ناحەزایەتی و دژایەتی نواندن بەرانبەر بە ڕژیمی پەهلەوی بووبێ، کە سەرەڕای بەرنامەی چاکسازیی زەوی‌وزار، هێشتا پێگەیەکی لەنێو خەڵکدا نەبوو و کەم‌وزۆر هاوکات لەگەڵ بەرنامەی ئیسلاحاتی ئەرزی‌دا ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و حیزبی و ڕۆڵەکانی ڕاستەقینەی گەلی کوردی خستبووە زیندانەوە. هەر چۆنێک بێ، وەک دەرەنجامێکی ئیسلاحاتی ئەرزی، بارودۆخی ئابووری و کولتووریی خەڵک لە گوندەکان‌دا گۆڕا و خوێندەوار و دەوڵەمەندی زیاتر لەنێویان‌دا سەری هەڵدا.

لەنێو شاری بۆکانیش ئاغاکان دەسەڵات و زوڵم و زۆریی پێشوویان نەما. دەوری ئیسلاحاتی ئەرزی وا هەیە لە هیچ شارێک‌دا هێندەی بۆکان بەرچاو نەبووبێ. بۆ خەڵکی شار، کە سەردەمێکی دوورودرێژ زوڵم و زۆری ئاغاواتیان

۱. ڕاپەڕینی ساڵی ۱۳۳۲ی خەڵکی شاری بۆکان جیاوازە لە ڕاپەڕینی کەم‌وزۆر هاوکات و هاوتەریبی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و گوندەکانی دیکەی دەوروبەری بۆکان.

بە خوێن و پێست هەست پێکردبوو، ئەوە لەدایکبوونێکی تازە بوو. بۆکانی دوای ئیسلاحاتی ئەرزی شارێک بوو وەک شارەکانی دیکە و چیتر گوندی ژێر دەسەڵاتی ئاغاوات نەمابۆوە. ئابووریی شارەکە برەوی سەندبوو، چینێکی مامناوەندی نوێ لە کۆمەڵگادا سەری هەڵدابوو کە خەریکی بەخۆداهاتن و گەشە کردن بوو، خوێندکاری بۆکانی لە شارە گەورەکان وەک تاران و تەورێز دەرسیان دەخوێند و بیری نوێ بە تانوپۆی کۆمەڵگادا گەڕابوو. لەلایەکی دیکەوە شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتیی نەمر بارزانی هەستی نەتەوایەتیی کوردی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت موکریان وروووژاندبوو؛ ڕژیمی شا بۆ بەربەرەکانیی ئەم هەستە لەنێو لاوەکاندا ڕادیۆ کوردیی کرماشانی دامەزراند و ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بە کوردی بڵاو کردەوە و ئەوانەش هەرکام بەشبەحاڵی خۆیان کۆمەڵگای مەند و بێجووڵەی ساڵانی دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی بۆکانیان هەژاندبوو.

دوابەدوای ئیسلاحاتی ئەرزی، بەشێک لە خاوەن زەوی و ئاغاکانی دێهات ماڵیان هێنایە بۆکان و لەوێ دەژیان، بەشێکی دیکەیان لە گوندەکان مانەوە و بەسەر پاشماوەی زەویوزاری خۆیاندا ڕادەگەیشتن. ئاغاکانی شاریش لە ڕێگەی فرۆشتنی زەوییەکانیانەوە دەژیان کە ئەو دەم بەهۆی باش بوونی باری ئابووریی خەڵکەوە نرخیان گەلێک چووبووە سەرێ و خەڵکیش کە ماڵ و سامانیان بۆ کڕینی زەوییەکان هەبوو، زەوی و دووکانەکانیان لێدەکڕین. بەگشتی، بۆکانی دوای ئیسلاحاتی ئەرزی تەنیا ناوی وەک بۆکانی پێش ئیسلاحاتی ئەزی مابۆوە!

ئەم بارودۆخە هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا درێژەی کێشا و لەو قۆناغەدا، کەموزۆر ئاسەواری ئاغا و ئاغایەتی هەر نەما؛ بەشێکی زۆر لە وەچەی نوێی ئاغاکان تێکەڵاوی شۆڕش و حیزبایەتی بوون، دژ بە ڕژیمی مەلاکان وەستان و شەهیدیان پێشکەش بە خاکی کوردستان کرد. ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیە بوو بەهۆی داگیرکرانی پاشماوەی ملک و ماڵیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و تەنانەت وێرانکرانی ماڵی هەندێک کەسی بنەماڵەی موهتەدی بە بولدوزێری سپای پاسداران. ئەنجامی کارەکەش تا ئەمڕۆ بریتی بووە لە بازرەبوونی

ئاغاواتـی خەباتـکار و دەسـت بەسـەرداگیرانی نـەک هـەر زەوی‌وزار، بەڵکوو ماڵی نیشتەجێ‌بوونیان لەلایەن پاسدار و ئیتلاعاتی ملهوڕەوە.

بەڵام بەگشتی و دوای هەندێک بەرزی و نزمی لە ماوەیەکی کەمتر لە ٣٠ ساڵدا (١٣٤١ تـا ١٣٥٧) ڕیشـەی دەرەبەگایەتـی، وەک ژێرخانـی ئابـووری و دیاردەیەکـی سیاسی ـ کولتووری لە کۆمەڵگای بۆکان و ناوچەکەی هەڵکەندرا و نەما.

## شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە

مانگێک و پێنج ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژیمی شایەتی لە ئێران (ئیسفەندی ١٣٥٧/ ١٩٧٩)، شەڕێکی خوێناوی بەسەر خەڵکی شاری سنەدا سەپێنرا، کە سێ‌لایەنی جیاوازی هەبوو: مەلایەکی عەجەم بەناوی سەفەری، لایەنگرانی خوالێخۆشبوو ئەحمەدی موفتی‌زادە و لایەنگرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و زۆربەی دانیشتووانی شار. شەڕەکە کوژراو و بریندار و ماڵوێرانیی زۆری لێکەوتەوە و بوو بە سەرەتای تێکگیران و دژایەتیی نێوان گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکوومەتی تازەدامەزراوی مەلاکان لە تاران، کە بەداخەوە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە و گەلی کورد لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا جگە لە خوێن و برین و ئیعدام و دواکەوتوویی ئابووری و بێ‌بەشی، هیچی تریان لەو ڕژیمە ملهوڕە بەرچاو نەکەوتووە.

کتێبی مەنسووری بلووری و محەممەدی حەسەنخاڵی هەنگاوێکە بەرەو توێژینەوە لە بنەماکانی شەڕی سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨/ ١٩٧٩دا و ئەم کارەش بەپێی سەرچاوە و بەڵگە بەڕێوەبراوە. چۆنییەتیی شەڕەکە لە زمان بینەرانی عەینی و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی دەوڵەت و لایەنە کوردییەکانەوە ڕیوایەت کراوە و دەوری چەپەڵی سەفدەری وەک نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی (و بێ‌گومان خودی خومەینیش) لە هەڵگیرساندنی شەڕ و درێژەپێدانی، هەروەها بێ‌دەسەڵاتیی دەوڵەتی موهەندیس بازرگان لە کاری کۆنترۆڵی مەلا شەڕەنگێزەکان بەباشی پیشان دراوە. بەهەمان شێوە، دووبەرەکی و کێشەی نێوان لایەنە کوردییەکان، بەتایبەت کۆمەڵە و موفتی‌زادەیی‌یەکانیش لە کتێبەکەدا خراوەتە بەرچاو. ڕاست بوونی بۆچوونەکانی نووسەرانی کتێبەکە کاتێ دەردەکەوێ، کە ئێمە گوێ لەو وتارە ڕابگرین وا خومەینی بۆ هەندێک لە بەرپرسانی حکوومی تارانی دەدا و تێیدا باسی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە کورد و شەڕی کوردستان دەکا و دەڵێ ئەو بووە کە فەرمانی

ئـەم توندوتیژیـی نواندنانـەی داوە و نەیویسـتووە وتوویـژەکان ئەنجامیـان هەبێ. وتارەکەی خومەینی لەسەر YouTube هەیە.

ئەوەی وا بۆکان بگرێتەوە لە کتێبەکەدا بەو شێوەیەیە:

- مامۆسـتا مـەلا ئەبووبەکـری شـەفیعی لە وتوویـژی ئیمامانی جومعەی شـارە کوردنشینەکان‌دا لە سەقز بەشدار بووە (۵۷/۱۲/۲۷)؛
- کاک سـەلاحوددینی موهتەدی لە وتووێژەکانی هەیئەتی کورد لەگەڵ ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و تاقمی نێردراوی تاران لە سنە، بەشدار بووە لاپەڕە۴۱؛
- کۆمەڵێک پێشـمەرگە و خەڵکی شـاری بۆکان لەگەڵ مامۆسـتا شـێخ عیزەددین چوونەتە سنە؛
- پەیامی مامۆسـتا شـێخ عیزەددین لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی سـنە، بەدەنگی کاک سەلاحی موهتەدی بڵاوبۆتەوە؛
- دەیان هەزار کەس لە خەڵکی موکریان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی گۆڕسـتانی شـاری بۆکان بۆ ناشـتنی دوو شـەهیدی شـەڕی خوێناویی سـنە (موهەندیس سـولەیمانی تیکانتەپـە و کاک عومەری عەزیزنـژاد)، بڕیارنامەیەکی ۷ بەندییان بڵاوکردەوە و کوشتاری سنەیان مەحکووم کرد.

جگە لەوانە، لە زۆر لاپەڕەی دیکەش‌دا باس لە بۆکان یا کەسایەتییە بۆکانییەکان کراوە: لاپەڕەکانی ۲۸، ۳۰، ۳۲، ۳۶، ۶۲، ۷۲، ۷۶ و ۷۸[۱]

---

۱. بلووری، مەنسـوور و حەسـەنخاڵی، محەممەد، «شـەڕی خوێناوی سـنە، مارسی ۱۹۷۹»، چاپی یەکەم، ۲۰۰۴/۱۳۸۳، ناشر (؟)، ۱۰۱ لاپەڕە، کوردی.

## کوشتاری ناوچەی چۆمی مەجیدخان

لە مێژووی کورددا کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی شار و گوندەکان کەم نین و سەدان جار کوردی ناوچە و بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەدەستی ڕژیمی جینایەتکار و دراوسێ نامیهرەبانەکانیان تووشی کوشتنوبڕین و تالان و دەرکردن هاتوون. کوشتاری دوای هەرەسی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللا و شێخ قادر (۱۸۸۰) لە خەڵکی کوردی ناوچەکانی میاندواو و ورمێ و مەنگوڕایەتی یەک لەو برگە مێژوویییانەیە کە کاری کەمی لەسەر کراوە و زانیارییەکی کەمی لەسەر هەیە.

کوشتوبڕی دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (۱۹۴۶) و هەروەها دوای شکستی حکوومەتی موسەددیق لە ئێران (۱۹۵۳)، دوو وێستگەی دیکەی ئەم قەتارە ڕەشەن، کە زانیاریی زیاترمان لەسەری هەیە، بەڵام لە ماوەی حوکمی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا، کە دژایەتیی سیاسیی تێکەڵاو بە دوژمنایەتیی ئایینی کردووە و پاسدار و بەسیجی لەنێو گەلانی دیکەی دراوسێی کوردەوە، بە پشتیوانیی تانگ و تۆپی کۆماری ئیسلامی بەربوونەتە گیان و ماڵی کورد، وێنەیەکی ترسناکی سەدەکانی نێوەڕاست لە کوشتاری بێبەزەیییانەی خەڵکی بێتاوانی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کێشاوە. بەکورتی سەرەڕای ئەم دەورە ڕاستەوخۆیەی وا کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری هەڵەبجە و بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی کوردستان بینیویەتی، بەڵام خۆی لەژێر سێبەری ڕژیمی جینایەتکاری سەددام حسێندا شاردۆتەوە بە شێوەیەک کە کەمتر کەس هەیە ئەم شەریکە جینایەتە، تاوانبار بکا، کە لە بنەڕەتدا هۆکار یان بیانوویەکی سەرەکی بوو بۆ بەڕێوەچوونی جینایەتەکەی سەددام و عەلی حەسەن مەجید!

ئەوەی بۆکان و ناوچەکەی دەوروبەریشی بگرێتەوە، کەم نین و بۆکانیش داغی کەمی لە دڵ نەبووە. هەر لەو ساڵانەدا کە کوشتاری قارنێ و قەڵاتان و

جەڵدیـان و سـۆفیان دەکـرا، خەڵکـی چـوار گونـدی ناوچـەی چۆمـی مەجیدخانیش تووشـی کوشـتارێکی بێبەزەییيانـە هاتـن. گونـدی کەلبەڕەزاخـان (سـەرچنار)، قەرەگـۆل و سـەوزی لـە سـەرەتای زسـتانی سـاڵی ١٣٦٣/ ١٩٨٥دا بوونـە گۆڕەپانـی زنجیـرە جینایەتێکـی دڵتەزێنـی مێژوویـی، کـە تێیـدا گونـدی قەرەگـۆل بـە تەنیایـی ١٨ کەسـی تووشـی زگـهەڵـدڕان و سـەربڕان و دسـت و پـێ بـڕان هاتـن. شـانۆی دڵتەزێـن ئـەوە بـوو کە بەهۆی هێرشـی دوژمنـەوە هیـچ پیاوێک لە گوندەکـەدا نەمابـوو جەنـازەکان تەسـلیمی خـاک بکـەن و ئـەم کارە ئەسـتەمە، لەو سەرماوسۆڵ و زەوییە بەستەڵۆکە کەمویێنەیەدا خوشک و دایک و ژنی شەهیدەکان بە دەست و بە خاکەناز بەڕێوەیان برد.

نووسینی مێژووی بۆکان بەبێ ئاوڕدانەوە لەو کوشتارانە و دیاریکردنی هۆکار و دەسنیشـان کردنـی بەڕێوەبـەرە جینایەتکارەکانیان، ناتـەواو و نەگونجاو دەبێ. ئەم کارە دەبێ هەرچی زووتر بەڕێوە بچێ بۆ ئەوەی سوود لە بیرەوەریی ئەو کەسانە وەربگێرێ کە ڕاسـتەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکان بوون و لایەن و کەسـانی بەشدار لە کوشتارەکە دەناسن.

# بۆکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان

هەوڵ دراوە لێرەدا هەندێک زانیاری سەبارەت بەو ڕێکخراوە سیاسییانە ئاڕاستە بکرێ کە لە بۆکان و دەوروبەری چالاک بوون. مێژووی ڕێکخراوی سیاسی لە ناوچەکە، جگە لە ئیتیحادی ئیسلام کە هی عوسمانییەکان بوو و بە ئامانجی فریودانی کوردی موسوڵمان و ڕووتاندنەوەیان بەناوی ئایینەوە، لە ناوچەی نێوان سەقز و بۆکان بۆ ماوەیەکی کەم برەوی هەبوو، هی پاشماوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ۱۹۱۹ ـ ۲۰ و درەنگتر، واتە ۱۹۳۸ تا ۴۲ ـ ۴۵. هەموو ئەم حیزبانە سەرەتا تایبەتمەندی کورد و کوردستان بوون، بەڵام درەنگتر لقی ڕێکخراوە ئێرانییەکانیش لە ناوچەکەدا کرایەوە.

## ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

خەڵکی بۆکان وەک خەڵکی دیکەی ناوچەکە و کوردستان بەگشتی، چ لە مێژووی کۆن و چ لە سەردەمی نوێدا بەدەست حاکمان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و داگیرکەرانی خاکەکەوە تووشی ئازار و جەزرەبە و کوشتوبڕ و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و نشوستی ئابووری و بەگشتی دەسدرێژی بۆ سەر مافەکانیان هاتوون.

نووسینی مێژووی دەسدرێژیی حاکمان بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکە بابەتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشی مێژووی بۆکانە و نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکان دەبێ بەوردی پێیدا بچنەوە و بیگرنە بەرچاو.

لەوەتا بزووتنەوەی مافی مرۆڤ پەیدا بووە و تۆماری دەسدرێژیی دەسەڵات بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ نووسراوەتەوە، باسی ڕژیمی ئێران خاڵێکی بەرچاو بووە لە ڕاپۆرتەکانیاندا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەک لەو بەشانە بووە کە سەرنجی چاوەدێرانی مافەکانی مرۆڤی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە لەبەروەی هەر دوو ڕژیمی شایەتی و مەلایەتی لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی کورددا گرەویان لە یەکتر بردۆتەوە.

ئەو ڕێکخراوانەی وا بەو ئەرکەوە خەریکن و تۆێژەران و نووسەرانی مێژووی بۆکان دەبێ بە تۆماری هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانیاندا بچنەوە، بریتین لە:

ئا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان؛

ب. ڕێکخراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی یا ئەمنستی ئینترناشناڵ؛

پ. ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ یا «هیوومەن ڕایتس واچ»؛

ت. کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ئورووپا

ج. کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلەمانی وڵاتانی ئورووپی؛

چ. کومیسیۆنی مافی مرۆڤی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئورووپا و ئەمریکا و هتد؛

هەروەها ڕیکخراوەکانی هاوچەشن لە ئێران و کوردستان بەتایبەت:

١. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد کە ڕێزدار محەممەدسەدیقی کەبوودوەند و هاوکارەکانی دایانمەزراند و کەبوودوەند بەو بۆنەیەوە دوازدە ساڵ لە زیندانی ڕژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی‌دا مایەوە؛

٢. لقی ئورووپای هەمان ڕێکخراوە؛

٣. ڕێکخراوەیەکی هاوچەشن و هاوناو کە لە وڵاتی سوید دامەزراوە و کاک نەوید موعینی و هاوکارەکانی بەڕێوەی دەبەن و سەرنجی سەرەکیی ڕێکخراوەکە بۆ سەر ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە؛

۴. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ناوەندەکەی لە لەندەنە و ڕێزدار کەریم یەڵدیز و هاوکارانی بەڕێوەی دەبەن. گەرچی سەرنجی سەرەکیی کاری ئەم ڕێکخراوەیە باکووری کوردستان و کارە بێ‌قانوونییەکانی ڕیژیمی تورکیایە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش غافڵ نین و کارەکانیان گەلێک بە شێوازی ئوسوولی و ئەمرۆیی بەڕێوەدەبەن؛

۵. پێشتر ڕێکخراوەیەکی هاوچەشن لە لەندەن هەبوو، کە دوکتۆر نووری تاڵەبانی بەڕێوەی دەبرد و سەرەڕای ئەوەی زیاتر بە کاروباری باشووری کوردستانەوە خەریک بوو، ئاوڕی لە کارەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەدایەوە. وا بزانم ڕێکخراوەکە ئێستا کەمتر هەڵسووڕاویی هەیە؛

۶. زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیش هەرکام بەش و لقێکی تایبەت بە مافی مرۆڤیان هەیە؛

٧. لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش‌دا وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ هەیە کە لە پەیوەندییەکی باشی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی، بەتایبەت نەتەوە

یەکگرتووەکان و لێبووردنی نێونەتەوەیی‌دا هەیە. بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی پێشمەرگە و کادری حیزب و پەنابەری کوردی ڕۆژهەلات لە باشووری کوردستان خۆی لە خۆی‌دا بۆتە هۆی ئەوەی وەزارەتەکە ڕووبەڕووی کاری ڕۆژهەلاتیش ببێتەوە.

ئەمانە هەموو و زۆر ڕێکخراوی هاوچەشنی تر، هاوڕێ لەگەڵ ڕاپۆرتەکانیان، دەتوانن سەرچاوە بن بۆ نووسینی مێژووی سیاسیی بۆکان و ناوچەکەی.

## ڕێکخراوە و حیزبە سیاسییەکان

بـۆ نووسـینی مێـژووی سیاسـیی بۆکان و ناوچەکـەی، یەک لە گرنگتریـن کارەکان ڕاگەیشتن بە مێژووی دامەزران و هەڵسووڕانی ڕێکخراوە و حیزبە سییاسییەکان دەبێ لە شار و ناوچەکە. ژمارەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی وا بە درێژایی سەدەی بیستەم لە ناوچەی بۆکاندا هەڵسـووڕاویی حیزبییان کردووە، زۆرن. من لێرەدا ئاماژەیەک بە ناوی هەندێکیان دەکەم و هیوادارم هەڵەوپەڵەکانم سـاغ بکرێنەوە و ئەوەی وا لە بیریشم چوون، لێی زیاد بکرێ:

١. لقی «جمعیت اتحاد اسلام» (١٩٠۴)، کە بۆ پشتگیریی عوسمانییەکان لە ماوەی شـەڕی یەکەمـی جیهانـیدا، لەلایەن حاجی بابەشـێخی سـەیادەتەوە لە کوردسـتان کرایەوە. ئەساسـی حیزبەکە لە عوسـمانی دانرابوو، بەڵام لە چەند شـوێنی ئێرانیش، بە تارانەوە، لقی هەبوو.

٢. «کۆمەڵەی جیهاندانی» کە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ئەمر عەبدوڕڕەزاق‌بەگ بەدرخان و چەند کەسێکی دیکە لە ناوچەی خۆی و ماکۆ دایانمەزراند.

٣. «کۆمەڵەی ئیستیخلاسی کوردستان» کە سەید تەها شەمزینی بە هاوکاریی سمکۆ و خەڵکانـی تـر لـە ناوچەی ورمـێ دایمەزراند و دەبـێ لە دەوروبەری سـاڵی ١٩٢٠دا بووبێ.

۴. «ئازادیسـتان»ی شـێخ محەممـەدی خیابانـی و لقەکەی لە موکریـان، کە ئەوی تـا ئێسـتا زانرابێ، ئەمر سـەیفولقوزاتی قـازی لە مەهاباد سـەرۆکایەتیی کردووە و بەگوێـرەی ئیرادەتـی قـازی کاکەحەمـەی قزڵجی بە سـەیف، دەبێ لقی لـە بۆکانیش کرابێتـەوە. ئـەم حیزبـە لە هەندێک سـەرچاوەدا بەنـاوی «حیزبـی محەممەدی»یەوە ناوبراوە. کۆماری ئازادیستانی خیابانی لە ساڵی ١٣٢٠/ ١٩۴١دا لە تەورێز دامەزرا و هەر ئەو ساڵەش تێکشکێنرا.

۵. حیزبی ئازادیی کوردستان یان ئازادیخوازانی کوردستان لە مەهاباد؛

۶. کۆمەڵەی ژ. ک؛

۷. حزبی دێموکراتی کوردستان:

- باڵی شۆڕشگێڕ (۱۳۴۶ - ۱۳۴۷)

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - پەیڕەوانی کۆنگرەی ۴ (دەستەی حەوت کەسی)؛

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ؛

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛

- حزبی دێموکراتی کوردستان؛

۸. حیزبی ڕزگاری، کە کاک سەلاحوددینی موهتەدی و نەمر محەممەدی ئێلخانیزادە دایانمەزراند.

۹. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان:

- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)؛

- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران؛

- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛

۱۰. پارتی ئازادیی کوردستان (پاک)؛

۱۱. یەکییەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان؛

۱۲. پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)؛

۱۳. ڕێکخراوە چەپییە سەرانسەرییەکان:

- حیزبی توودەی ئێران؛

- فیدائییانی خەڵق؛

- ئەکسەرییەت؛

- ئەقەلییەت؛

- چریکی فیدایی (ئەشرەفی دێهقانی)؛

- راە فدائی؛

- راە کارگر؛

- سەهەند؛
- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و حیکمەتییەکان؛
- ڕێکخراوی پەیکار (کە ئێستا لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا تواوەتەوە)؛
- اتحادیە کمونیستها.

۱۴. ڕێکخراوە ئیسلامییەکان:

- مەکتەبی قورئان؛
- خەبات؛
- سەلەفی و وەهابییەکان؛
- موجاهیدینی خەڵق.

زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، خاوەنی ڕێکخراوی مەدەنی و سینفی، وەک ڕێکخراوی ژنان، لاوان، کرێکاران، جووتیاران، قوتابییان، مامۆستایان و بابەتی هاوچەشن بوون یا هەن و بڵاڤۆکی تایبەتمەندیان لەو بوارانەدا بڵاوکردۆتەوە. هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و چالاکییەکانی سەرجەمی ئەو ڕێکخراوانە لە پەیوەندیی کوردستان و پرسی کورددا پێداویستییەکی گرنگە. وا هەیە هەندێک لەوانە ئێستا هەڵسووڕاوییان نەمابێ، بەڵام لە برگەیەکی زەمانیدا لە کوردستان یا لە پەیوەندیی کورددا بە چاک یا خراپ دەوریان بینیوە و ئەم دەورە دەبێ ڕوون بکرێتەوە.

نووسینی مێژووی ڕێکخراوەکان و ژیاننامەی کورتی ڕێبەر و بەڕێوەبەر و بەرپرس و ئەندام و کوژراو و شەهیدانی هەرکام لەو ڕێکخراوانە و ناو و کورتەی نێوەرۆکی بڵاوکراوە و کتێب و نامیلکەکانیان، هەروەها کاروباری پڕوپاگەندە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ماڵپەڕی ئینترنێت و هتد، ئەرکێکی گەورە و گرانە و وا هەیە چەند بەرگ کتێبی سەربەخۆی بوێ، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەوە پێداویستییەکی گەورەیە و ناتوانرێ چاوی لێبپۆشرێ. گرنگ ئەوەیە بە بێلایەنگریی یەک لایەن و دژایەتی کردنی یەکی تر، مێژوولکەیەکی ڕوونیان بۆ بنووسرێ کە لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەکەوە تا کۆتایی، خاڵە سەرەکییەکانی بیروبڕوا و کردەوەیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و ڕژیمەکانی حاکمدا دەربخا و بزاندرێ خەباتی چینایەتی و

نەتەوایەتـی لـە بـۆکان و ناوچەکـەی دەوروبـەری بـە کام ئاقاردا تێپـەڕ بووە و چ بەرز و نزمییەکی بەخۆیەوە دیتووە.

سـەبارەت بـە حیزبـە سەرانسـەرییەکانیش دەبـێ مێژوویەکـی کورتـی کار و چالاکییان لە دەرەوەی کوردستان بکرێتە دەسپێکی مێژوویان لە ناوچەی بۆکان.

## حیزبی ئازادیی کوردستان

دوای کۆمەڵـەی جیهاندانیـی سـەردەمی سمکۆ لە خـۆی و ورمێ، حیزبـی ئازادیی کوردسـتان یاخود حیزبی ئازادیخوازی کوردسـتان یەکەم حیزبی سیاسیی کوردییە لە مەهاباد دامەزرابێ. نەمر عەزیز زەندی لە ساڵی ١٩٣٨دا بنیاتی حیزبەکەی ناوە و وێدەچـێ چەنـد کەس لە ئەندامانی حیزبەکە کاتێ کۆمەڵـەی «ژ. ک» دانرا، چووبێتنە نێـو کۆمەڵـەوە. بە حیسـابی ئـەوەی زەندی خەڵکـی «قالوێ زەنـدان»ی گەورکایەتی بووە، دوور نییە پەیوەندیی بە بۆکانیشەوە گرتبێ، بەڵام من هیچ زانیارییەکم لەسەر هەڵسووڕان و هەڵسووڕاوانی حیزبەکە لە بۆکان نییە؛ ئەوە کارێکە دەبێ بکرێ.

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ناوی کتێبێکە کاک حامید گەوهەری نووسیویەتی و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٨ لە سوید و بۆ جاری دووهەم لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر بـڵاوی کردۆتـەوە. لە خوێندنـەوەی کتێبەکەدا، خاڵی سەرنجڕاکێشـی نێوەرۆکەکەی بۆمن بریتی بوون لەوانەی خوارەوە:

١. ئـەوەی تـا ئێسـتا گوتـرا و بیسـترابێ ئـەوە بـووە کـە دوو پیتـی «ژ» و «ک» بگەڕێنەوە بۆ «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» یا «کۆمەڵەی ژیانی کورد». نووسەر بە کەڵک وەرگرتن لە ڕاپۆرتێکی «حەسـەنۆف» سەرکۆنسـوولی یەکییەتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێـز، کـە تێیدا گوتوویەتی دوو پیتـی «ژ» و «کاف» بەواتای «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»ە، ناوی کتێبەکەی ناوە «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»، واتە ئەگەرێکی سـێهەمی بۆ ئەو ناوە خسـتۆتە پێش چاو. ڕاپۆرتەکە لەنێو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی سـۆڤیەتدا بووە و نەمر دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی وەریگێڕاوەتە سەر کـوردی و ناردوویـە بـۆ کاک حامید، ئەویش لـە لاپەڕە ٢٩ی کتێبەکـەیدا ئاماژەی پێکردووە.

من لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا قسەیەکم نییە، بەڵام پێویستە بزانین:

یەکەم، ئایا نەمر ئەفراسیاو هەورامی کە خزمەتێکی زۆری بە مێژووی گەلەکەمان کردووە، لە وەرگێڕانی بەڵگەنامەکەدا ئاگای لە حەساسییەتی وشەکان بووە و بەبێ هەڵە وەریگێڕاون؟ دووهەم، حەسەنۆف مەسەلەکەی بەباشی لە قاسمئاغای ئێلخانیزادە و مامۆستا زەبیحی، وەک سەرچاوەی ڕاپۆرتەکەی خۆی، وەرگرتووە؟

٢. نووسەر ڕچەشکێنییەکی دیکەشی کردووە کاتێ گوتوویەتی کۆمەڵەی «ژ. ک» لە ڕاستیدا درێژەی «کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان»ە کە نەمران عەزیز زەندی، حوسێن زێڕینگەران (فرووهەر) و چەند کەسی دیکە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی/ ١٩٣٨ی زایینی لە مەهاباد دایانمەزراند (ل ٢٧) و دوای هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە، چەند کەس لە دامەزرێنەرەکانی، کۆمەڵەی «ژ. ک»یان بنیات نا.

٣. هەروەها، وەرگێڕاوی کوردیی نامەی ٣١ی ئاگۆستی ١٩٤٢ی مۆلۆتۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکییەتیی سۆڤیەت بۆ سیمیرنۆف باڵوێزی سۆڤیەت لە تاران لە لاپەڕە ٩٨ تا ١٠٢ی کتێبەکەدا چاپ کراوە کە نەمر ئەفراسیاو هەورامی تەرجەمەی کردووە. گرنگیی نامەکە لەوەدایە کە ڕوانگە و سیاسەتی ڕەسمیی یەکییەتیی سۆڤیەت بەرانبەر بە کورد دەردەخا و وەڵامێکی بەبەڵگەیە بۆ ئەوانەی وا کۆمەڵەی «ژ. ک» و کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بە دەسکردی سۆڤیەت و باقرۆف دەزانن. ڕوانگەی دژەکورد و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە نامەکەدا سەرسووڕهێنە. ئەوە چەند بەشی هەڵبژاردە لە نامەکەی تاواریش مۆلۆتۆف:

«خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و سەربەخۆیی، بەپێی نێوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی، دیفاعێکی کۆنەپەرستانەی دەرەبەگیی جیاوازیخوازی کوردە دژ بە سیاسەتی سانترالیزم لە ئێراندا... سەرکردەکانی کورد زۆربەیان گوێڕایەڵی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی ئیمپریالیستین... ئەوان بەگوێرەی بەرژەوەندی، بەئاسانی ئەربابەکانی خۆیان گۆڕیوە... دەبێ بە لێبڕاوییەوە لە هێڵی نادروستی خۆشوبێش کردن لەگەڵ کوردان دووری بکرێ... کاربەدەستانمان لە ئازەربایجانی ئێران نابێ بڕوایان بە سەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد هەبێ... دەبێ لەسەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکەین... دەبێ لەپێناو ئەو مەبەستەدا بە لێبڕاوی لە

پشـتیوانی کردنـی کـوردان دوورەپەرێزی بکرێ... پشـتیوانی کـردن و یارمەتیدان بـە کوردان لەپێناو هەوڵ و تێکۆشـانیان بۆ بەدیهێنانـی خودموختاری و دامەزرانی کوردستانێکی ئازاد دروست نییە...» (ل ۹۸ تا ۱۰۲).

ئایا هیچ بەڵگەیەکی دیکە بۆ وەڵامی نەیاران پێویستە، کاتێ خەباتی گەلەکەمان بە کلکی ئەو سیاسەتمەدارە بەقسە «ئینترناسیۆنالیست»انەوە دەبەستن و بە داردەستی ئەوانمان دادەنێن؟

۴. کتێبەکە لە بابەت هەندێک کەسـایەتیی شـاری بۆکانیش زانیاریی باشی تێدایە. یـەک لـەوان قاسـمئاغای ئێلخانـیزادە (دواتـر موهتەدی)یـە. قاسـمئاغا بەگوێـرەی کتێبەکـە، مرۆڤێکـی هەڵسـووڕاو بـووە و لەپێناو مافـی گەلی کـورددا پەیوەندیی بە کۆنسوولییەتی سۆڤیەت لە تەورێزەوە کردووە و چۆتە سەردانی شاری باکۆش، بەڵام کاتـێ لـەوان بێهیوا بووە، ڕووی کردۆتە کۆنسـوولییەتی بریتانیا لە تەورێز. ئەوانە دەقی نووسراوی کتێبەکە نین و تێگەیشتنی منن لەو کەسایەتییە، کە ڕووداوەکان و هەندێک لە سەرچاوەکانیش پشتڕاستی دەکەنەوە. بڕواننە داخوازییەکانی قاسمئاغا لە حەسەنۆف سەرکۆنسوولی سۆڤیەت لە تەورێز: «ئێمە ئازادیی گەلی کوردمان لە یەکییەتیی سۆڤیەت دەوێ... یەکییەتیی سۆڤیەت کوردەکان لەژێر باڵی خۆی بگرێ و بۆ ئازاد کردنی کوردستان یارمەتیمان بدا»، (ل ۹۵).

۵. جگە لە قاسمئاغا کە لە چەندین شوێنی کتێبەکەدا ناوی هاتووە ( ۲۳، ۲۹، ۹۴، ۹۵ و...)، لە لیستەی ناوی ئەندامانی هەڵسووڕاوی کۆمەڵەی «ژ. ک» کە لەلایەن نەمر زەبیحییەوە دراوەتە کۆنسوولییەتی سۆڤیەت لە تەورێز، ئەم ناوانەش دەبیندرێن:

ڕەحمانی ئێلخانیزادە، بۆکان، گەنج؛

عەباسی حەقیقی، بۆکان، گەنج؛

ڕەحمانی شەڕەفکەندی (هەژار)، بۆکان، گەنج؛

محەممەدسـەعید حافیـدی، کرماشـان، گەنـج [لە بنەماڵەی قزڵجییـەکان بوو و لە کرماشان دەژیا]، (ل ۵۵).

هەروەها:

عەزیزخانی کرمانج (ل ۱۱۰ ـ ۱۱۲)؛

عەلیئاغای سەردار ئەسعەد (عەلیار)، (ل ۱۳۰)؛

حاجی ڕەحمانئاغای ئێلخانیزادە (ل ۵۵، ۶۷).

لە لاپەڕە ۶۷دا باس لە وتارێکی «مرۆ» لە گۆڤاری نیشتماندا کراوە. نەمر حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی، لەبەر هەر هۆکارێک، دوو ناسناوی لە کۆمەڵەی «ژ. ک»دا هەبووە: سەرەتا «مرۆ» و پاشانیش «برای ڕاست». مامۆستا هەژار لە «بەرەو موکریان»دا دەنووسێ: «لە مرۆ، ئاخۆ برای ڕاست ماون؟»

۶. کەسایەتییەکی دیکە، کە لە کتێبەکەدا چەند جار ناوی هاتووە، عەزیز زەندییە. ژیاننامەیەکی عەزیز زەندی وەک یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کورد لە لاپەڕە ۳۳ تا ۳۵ی کتێبەکەدا دەبیندرێ. بەگوێرەی ژیاننامەکە، زەندی لە ساڵی ۱۸۹۸ی زایینی لە گوندی «قالوێ زەندان» لەدایکبووە و لە ساڵی ۱۹۷۲دا لە تاران کۆچیدوایی کردووە. قالوێ زەندان گوندێکی گەورکایەتییە کە پێشتر سەر بە بۆکان بوو و ئێستا لەسەر شاری سەقزە. هەر بەو بۆنەیەوە من لێرەدا ناوی دوکتۆر عەزیز زەندیم هێنا، دەنا ئەوەندەی ئاگادار بم ناوبراو هەمیشە خۆی بە مەهابادی زانیوە و منیش لەسەر ئەو پێوەرە دەڕۆم.[1]

۱. حامید گەوهەری، «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ۲۰۰۴، ۳۳۶ لاپەڕە، کوردی.

## کۆمەڵەی «ژ. ک» لە بۆکان

ئەندامێکی بنەماڵەی بەڕێزی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی لە پرسوجۆی ئەوەدا بوو ئایا بۆچی ناوی مەلا ئەمجەد لە ڕیزی ئەندامانی کۆمەڵەی «ژ. ک»دا نابرێ و لە وتاری باسکار و نووسەرانی بابەتی پێوەندیدار بەو ساڵانەدا چاوپۆشی لێدەکرێ؟!

ئەم پرسیارە گەرای پرسیارێکی هەراوتری لە مێشکمدا گووراند، کاتێ نەمر مامۆستا هەژار لە شێعری «بەرەو موکریان»دا دەڵێ:

**ئەمجەد و قازی، مەلا ڕیشی حەسار**
**کێ بەداخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەسار؟**

ئایا بەهەڵکەوت ناوی مەلا ئەمجەد و قازی کاکەحەمەی قزڵجی و مەلا عەبدوڵڵای حەسار پێکەوە دەهێنێ؟ ئایا ئەو سێ کەسە لە کامە خەباتدا ڕەنجیان کێشاوە و پاشان ڕەنجیان بە خەسار چووە؟

گومان نییە ئەو ڕەنجە بەباچووە ساڵانی کۆماری کوردستان و چالاکیی «ژ. ک» دەگرێتەوە و لەو سێ کەسەش، قازی کاکەحەمە، قازی و سەرۆکی لقی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان، مەلا عەبدوڵڵای حەسار خەڵکی گوندی حەساری باشووری شار و دانیشتووی بۆکان و مەلا ئەمجەدی عوسمانیش خەڵکی قەڵای ڕەسووڵەسیتی سەر چۆمیمەجیدخان لە نێوان بۆکان و میاندواو بوون. مەلا ئەمجەد بە «کاک» دەناسرا کە ناوی نهێنیی کۆمەڵەی «ژ. ک»ی بوو. لەو سەردەمانەدا مامۆستا هەژار لە بۆکان دەژیا و لە پێوەندیی نزیکی ئەم کەسانەدا بوو.[1]

ئەو مەجلیسەی ڕاست لە ساڵانی چالاکیی «ژ. ک» و دامەزرانی کۆمار (١٩٤٦)دا بە بەشداریی هەژار بەسترابێ دەبێ جگە بۆ باسی سیاسی و نەتەوایەتی چی دیکە

١. شەوانە لە بۆکان لە بن دیواری قاوەخانەیەک بەرانبەر بە حەوز، دەگەڵ «قازی کاکەحەمە» و «حەسەنی قزڵجی» و «مەلا ئەمجەدی قەڵایە» و «مەلا عەوڵای حەساری» تا نیوەشەو مەجلیسمان دەگرت، کە زۆر یادگارێکی خۆشە و لە بیر ناکرێ...» (هەژار، چێشتی مجێور، ل ٨٤).

بووبێ؟ پێوەندی هەژار و مامۆستا مەلا حەسەنی قزڵجی لەگەڵ «ژ. ک»دا جێگەی گومان نییە، هەردووکیان پێکەوە چاپخانەی «هەڵاڵە»ی بۆکانیان بەڕێوەدەبرد. قازی کاکەحەمەش کە لەگەڵ ئەندامێکی بنەماڵەی قزڵجی، واتە مەلا سدیقی قزڵجی دوابەدوای هەرەسی کۆمار هەڵاتن و لە باشووری کوردستان لەژێر چاوەدێریی شێخ لەتیفی حەفیددا بوون[١] و پاشان «ئەمان»یان وەرگرت و گەڕانەوە بۆکان.[٢]

کەوابێ، گومانێکی کەم لەمەدا هەیە کە ئەم کەسانە هەموویان لە پێوەندیی «دۆز»ی ئەو ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون، بەڵام:

ئایا «دۆز»کە، دۆزی کۆمەڵەی «ژ. ک» بووە یاخود کۆماری کوردستان؟

ئایا جگە لەو چەند کەسە، کێی تر لە خەڵکی بۆکان و دەوروبەری ئەندامی کۆمەڵە یاخود پێوەندیدار بەو دۆزەوە بوون؟

سەرەتا، پرسیاری دووهەم: بۆکان شاری دووهەمی کۆمار بوو، لە دوو چاپخانەی کۆماری کوردستان یەکیان لە بۆکان دامەزرابوو و ئاڵای کوردستان بە ڕێورەسمی تەواو، جارێک لەسەر قەڵای بۆکان و چەند جارێکیش لە گوندی یەکشەوە و گلۆڵان و... هەڵکرابوو؛ هەر دوو هۆزی فەیزوڵڵابەگی و دێبوکری، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پێوەندیی کۆماردا بوون (گەرچی شێوازی ئەم تێکەڵاوییە وەک یەکتر نەبوو)؛ وەزیری ڕێگاوبانی کۆمار (سمایلئاغای ئێلخانیزادە) و وەزیری ڕاوێژکاری پێشەوا قازی محەممەد (ڕەحمانئاغای ئێلخانیزادە پاشان موهتەدی) خەڵکی بۆکان بوون؛ خوالێخۆشبوو حاجی بابەشێخ خەڵکی گوندی تورجان ئەو دەم سەر بە بۆکان بوو؛[٣] حاجی بابەشێخ پێوەندیی نزیکی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی قازی کاکەحەمەی

---

١. «هەر لە سیتەک، قازی کاکەحەمەی بۆکانیشمان هاتە لا، لە ئێران ڕایکردبوو. تەواو پێی حەساینەوە. زۆر زانا و قسەخۆش، تا خواش حەز کا ترسەنۆک. بەگشتی، بەرەماڵەی قزڵجی هەر سەریان لە هێلکە جووڵایەوە عالمن، هەموویان زیرەکی بێهاوتان...» (هەمان، ل١٠٧)

٢. من خۆم ئەو ڕۆژەم لە بیرە کە «مامە قازی» و خوالێخۆشبوو مەلا سدیقی قزڵجی (گڕوێ) گەڕانەوە بۆکان. ئێمە منداڵ بووین و لەگەڵ کوڕانی خاڵمدا لە حەوش و بەردەرگای ماڵی قازی کایەمان دەکرد. ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جەژن وابوو.

٣. گوند و دێهستانی تورجان لە ساڵی ١٣٤٢/ ١٩٦٣ لە بۆکان جیا کرایەوە و کەوتە سەر

بۆکان و شـێخانی زەمبیلدا هەبوو، بەو پێیە، نەمر سـەید کامیل ئیمامی (ئاوات)یش کـە شـاعیرێکی دڵسـۆز و خەمخۆری گەلـی کورد بوو، جێگری سـەرۆکی حیزب لە بۆکان و سەرۆکی لقی حیزب لە گوندی گەردیگلانی ملکی خۆی بوو.

کاتـێ هـەودای ئـەم ڕووداو و پێوەندییانـەم دەهۆنـدەوە بیـرم لـەوە دەکردەوە باشـە لە بارودۆخی سیاسـیی ئەو سـاڵانە، شلوشـەوێقیی دامودەزگای حکوومەتی ئێـران و ئازادی و دێموکراسـیی ئەم بەشـەی کوردسـتان لەو سـەردەمە تایبەتەدا، بەگوێـرەی «مەنتیـق» دەبێ خەڵکانێکی زیاتر لە بۆکان تێکەڵاوی چالاکییە سیاسـی ـ نەتەوایەتییەکانی ئەو سـاڵانە بووبێتن بۆ نموونە مامۆسـتا هەژار و خوالێخۆشـبوو میرزا حەسـەنی عەلیزادە (کووتاڵفرۆشـی بۆکانی) پێکەوە بە نوێنەرایەتیی خەڵکی بـۆکان بەشـداریی یەکـەم کۆبوونـەوەی حیزبییـان کـردووە لە مەهابـاد؛ واتە دەبێ گەلێـک سـەربازی ونـی دیکەش هەبـن کە ناویان لە ئـارادا نەمـاوە و ئەگەر هەوڵی ڕوونکردنـەوەی کێشـە و کەسـەکان نەدەیـن ئیتر بـۆ نەوەکانـی دوای ئێمە گەلێک ئەستەمتر دەبێ ڕووناکی بخەنە سەر ئەم گێژ و گومی و تاریکییانەی مێژوو.

بیرم لە خوالێخۆشبوو حسێن فاتحی کردەوە کە ساڵانێکی درەنگتر دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێـژی (١٩٥٣) وەک بەرپرسـی حیزبـی دێموکرات گیرا و خرایە زیندانەوە یـا محەممـەدی شـاقولی کە هەر لـەو سـەردەمانەدا کەوتە زیندانـەوە. لەوانە زیاتر، بزووتنەوەی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگیی ساڵی ١٩٥٣ و ڕاپەڕینی شکۆداری خەڵکی بۆکان بە ڕێبەرایەتی حاجی قاسم کەریمی (١٩٥٣) نابێ بەبێ بنەمای پێشوو هاتبنە کایەوە و چالاکانی ئەو سـاڵانە هەمووشـیان نەبووبێتن، بەشێکیان لە ساڵانی کۆمار و کۆمەڵەشدا (٧ ساڵ پێشتر) چالاکییان نواندبێ.

بەڵام ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتانە و ناسـین و ناسـاندنی ئەو خەڵکانە لە وزەی مندا نەبوو، دەبووایە دەراوێک بدۆزمەوە و یارمەتی لە بیرەوەریی هەڵسـووڕاوانی ئـەو ڕۆژانـە وەربگرم. بەڕێز مامۆسـتا قـادر دەبباغی (مامەقالە)، یـەک لە ئەندامانی

---

سەقز من ئەو دەم مامۆستای گوندی «باغڵووجە» بووم و لە بۆکانەوە کەوتمە بەشی سەقز لە ئوستانی کوردستان.

کۆمەڵەی «ژ. ک»ە کە بەختەوەرانە ماوە، بیری بەباشی کار دەکا و لە لەندەن دەژی.

سەعات ٨:٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٦/٢/١٢ تەلەفۆنم کردە خزمەت مامەقالە و پرسیاری مەلا ئەمجەدم ئاڕاستەی کرد. ئەوانەی خوارەوە وەڵام و بۆچوونی بەڕێز مامەقالەن:

«مەلا ئەمجەدی قەڵای ڕەسووڵەسیت بە دڵنیایی ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» بوو و ناوی نهێنیشی «کاک» بوو. مەلا ئەمجەد شاعیرێکی باشیش بوو، دوای کۆچیدوایی مەرحوومی سەیفولقوزات پارچە شێعرێکی بەرزی بۆ گوت، هەروەها پارچە شێعرێکی باشی عەرەبی کردە کوردی و بڵاوی کردەوە. مەلا ئەمجەد مەسئوولی سەر چۆمیمەجیدخان بوو. من لەگەڵیدا هاوڕێ بووم و لەگەڵ کاک ساڵحی موقتەدیردا دەچوومە ماڵی لە قەڵایە...»

من شێعرەکەی هەژارم بۆ مامەقالە خوێندەوە: «ئەمجەد و قازی، مەلا ڕیشی حەسار...» مامەقالە دەسبەجێ گوتی:

«هەرسێک ئەوانە ئەندامی «ژ. ک» بوون، سەید کامیلی ئیمامیش (ئاوات) ئەندامی بێگومانی «ژ. ک» بوو و ناوە نهێنییەکەی «زرنگ» بوو، لەگەڵیدا لە زیندانیش بووم... هەروەها مەلا حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی «ژ. ک» و ناوی نهێنیی «ژیر» بوو. خاڵەمینی شاعیر کە ئەویش خۆی ئەندامی «ژ. ک» بوو، لە شێعرێکدا دەڵێ: «...کاک و ژیر و زرنگ»، واتە مەلا ئەمجەد و مەلا حەسەن و سەید کامیل هەرسێکیان.»

پرسیاری بەڕێز محەممەدی نووری (عەتری گڵۆڵانی)م لێکرد، مامەقالە فەرمووی:

«ئەویش هەر ئەندامی «ژ. ک» بوو و «مەلا ساڵحی گوێگجەلی»یش ئەندام بوو. کۆمەڵە بەهۆی ئەندامەتی مەلاکانەوە دەیویست پڕوپاگەندەی دوژمنان و جاسووسەکانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە کە دەیانگوت ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستییە... زۆربەی ئەندامانی «ژ. ک» موسوڵمان و ئەهلی نوێژ و ڕۆژوو بوون...»

دوای تەلەفۆنی مامەقالە، بە (چێشتی مجێور)ی مامۆستا هەژاردا چوومەوە و لە بیرەوەریی ساڵانی دوای هەرەسی کۆمار و هەڵاتن و پەنابردنە بەر ماڵی شێخ

لەتیفی شێخ مەحموودی حەفیددا، باسی مەلا عەوڵای حەسارم دۆزییەوە:

«... ناوبەناو، کاک هەمزەی کۆنەشەریکم و مەلا عەوڵای حەساریش بوونە پەنابەر...»[١]

کەوابوو مەلا عەوڵای حەساریش هەڵاتووە و پەڕەوازەی باشووری کوردستان بووە و بەو پێیە، مۆرێکی پەسندی دیکە لە ناسنامەی سیاسیی ناوبراو دەدرێ بەوەی کە لە هەمان ئەو ساڵانەی‌دا کە هەژار و قازی و مەلا حەسەن بە پەنابەری چووبوونە باشووری کوردستان ئەویش لەگەڵیان‌دا بوو و کەوا بوو دوور لە هەمان کێشەی ئەوان نەبووە.

بەو یەک دێڕە نووسینەی مامۆستا هەژار و ناوهێنانی «هەمزەی شەریکم» (هەمان لاپەڕە) بەری مەسەلەکە فراوانتر ببۆوە و دەبووایە بزانم هەمزەی شەریکی مامۆستا کێیە؟ هەمزاغای حەمیدی کوڕی سلێمان‌ئاغا لە ئاغاواتی دێبوکری هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە لە بۆکان ژیاوە و تێکەڵاوی کاروباری سیاسی بووە و گەلێک ڕەنجی لەپێناو کوردایەتی‌دا کێشاوە، دووجار پەڕەوازەی باشووری کوردستان بووە و سەرەنجام چوارپێنج ساڵێک پێش ئێستا کۆچی‌دوایی کرد. هەژار لە سێ شوێنی (چێشتی مجێور)دا باسی هەمزاغا دەکا[٢] و خۆی لەوە دەبوێرێ کە بە هەمزاغا ناوی بەرێ. لە سەردەمی ژیانی هەژاردا شەریکە کاسبی بووە و لە تێکشکانی کۆمار و هاتنی هێزەکانی ئەهریمەن بۆ بۆکان، قاسم‌ئاغای ئێلخانی‌زادە (موهتەدی)، هەژار لە ماڵی میرزا عەبلای بەهرامی لە بۆکان ڕادەگرێ و بەگوێرەی «چێشتی مجێور» خەیاڵی ئەوەی دەبێ بیکاتە قۆچی قوربان و بە فەرماندەی سپای ئێرانی تەحویل بدا. هەمزاغا بەرپرسایەتیی پاراستنی دەگرێتە ئەستۆ و دەیباتە ماڵی خۆی، لەوێ هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدا هەڵێ و خۆی بەدەستەوە نەدا، بەڵام هەژاری بەجەرگ نایەوێ تەنگوچەڵەمە بۆ برادەرەکەی

---

١. چێشتی مجێور، هەژار، ل ١٠٤.
٢. هەمان، ل ٤١، ٨٥، ١٠٣.

بخولقێنی و هەڵنایە.[1] هەمزاغایەکی ئەوتۆ ئایا نابێ ئەندامی «ژ. ک» بووبێ، بەڵام کوا ناوی؟

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٦/٢/١٩ لە هۆڵی کینزنیگتن لە لەندەن و لە کاتی پشووی سیمیناری بەڕێز دوکتۆر نووری تاڵەبانی‌دا، چوومە خزمەت مامەقالە و بۆ دڵنیا بوونی یەکجاری، پرسیارم سەبارەت بە هەمزاغای حەمیدی و مەلا عەبدوڵڵای حەسار لێ‌کرد، بەڕێزان کاک سەباحی غالیب و کاک خانی هەژاریش لەگەڵمان وەستابوون، مامەقالە گوتی بە دڵنیایی ئەوانیش لەگەڵدا بوون. گوتم ئایا کەسی دیکەشت لە بیرە؟ گوتی ئەگەر ناوی هەموو خەڵکی بۆکانی ئەندامی «ژ. ک» ببەین دەبێتە قامووسێک! بۆ نموونە باوکیشت لەگەڵدا بوو. ئەمەم پێ سەیر بوو و پرسیم ئایا باوکی جەنابتان یا باوکی من؟ گوتیان باوکی تۆ میرزا عەبدوڵلا[2] و دەزانم کێ سوێندیشی دا، مامۆستا هەژار سوێندی دا، حەمەسالْحی حاجی سوورەی ئامۆزای باوکیشت[3] هەر سوێندی خواردبوو، باوکی منیش (واتە باوکی مامەقالە) سوێندی خواردبوو.

من پێشتر بە هەواڵی چالاکییەکی وا بەربڵاوی کۆمەڵەی «ژ. ک»م نەزانیبوو و لام وابوو ڕێکخراوەیەکی نهێنیی ئەوتۆ بووە کە ژمارەی ئەندامان توانیبێتی بگاتە سەد یا دووسەد کەس، بەڵام لە قسەکانی مامەقالە وا دەردەکەوێ کە ئەگەر ئەندامانی چالاکی ڕێکخراوەکە هەر ئەو ژمارانەش بووبێتن، بەباشی ڕەگی لەنێو کۆمەڵانی

---

١. هەمان، ل ٨٥.

٢. باوکم ناوی میرزا عەبدوڵلای حاجی ئەحمەدی خەیات بوو، کە بەهاری ساڵی ١٣٤٦/ ١٩٦٧، لە تەمەنی ٥٣ ساڵی‌دا کۆچی‌دوایی کرد و لە نزیک گومبەزی سەردار لە بۆکان بە خاک سپێردرا. وابزانم شارەداریی شارەکە هەموو شوێنی گۆڕستانەکەیان کردە پارک و گڵکۆی مردووەکانیان تێدابرد. بەوەی‌دا کە ڕۆژی گیرانی حاجی محەممەدی شاقولی لە ساڵی ١٣٣٣دا باوکیشم گەلێک لە خۆی دەترسا و لە دوای هەرەسی ڕاپەڕینی شکۆداری ساڵی ١٣٣٢ش لەلایەن نۆکەر و گزیری ئاغاکانی بۆکانەوە هەڕەشەی گیرانی لێکرابوو، بۆچوونەکەی مامەقالە وەڕاست دەگەڕێ.

٣. مەرحوومی حاجی محەممەدسالْحی محەممەدی کوڕی حەبیبوڵڵای ناسراو بە حاجی سوورە، گەورەپیاوی تایفەی ئێمە و مرۆڤێکی تێگەیشتووی بەمشوور بوو. مامۆستای بەڕێز کاک عوسمانی محەممەدی کوڕی ئەوە.

بەرینی خەڵکدا داکوتاوە و لایەنگرییەکی زۆری لێکراوە و بە ڕەسمی سەردەمیش سوێندخواردن لەجیاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ئەندامەتی بووە.

ڕۆژی یەکشــەممە ٢٠٠٦/٢/٢٦ تەلەفۆنم بۆ دایکم ئامینەخانمی محەممەدیان کرد کە لە بۆکان دەژی.[١] پرسیاری ئەندامەتی باوکم لە کۆمەڵەدا ئاڕاستەی خزمەتی کرد، لە وەڵامدا گوتی هیچ ئاگایەکم لەم مەسەلەیە نییە، باوکت زۆر کەم قسە بوو و شتی وای لای کەس نەدەدرکاند.

لە مەسەلەی ژمارەی زۆری ئەندامان یا سوێندخواردنی کۆمەڵە نەمدەتوانی دڵنیا بـم و بیـرم لەوە دەکـردەوە وا هەیە مامەقالە مەسـەلەی کۆمەڵەی «ژ. ک» و حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانی لێشـێوابێ، واتە ئەوانەی سـوێندیان خواردووە بۆ حیزبی دێموکراتیان خواردبێ نەک بۆ کۆمەڵە.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٦/٣/٧، بە تەلەفۆن سەرلەنوێ زەحمەتم دایە بەر مامەقالە و پرسـیارەکەم ئاڕاسـتە کرد، لە وەڵامدا گوتی نەخێر، سـوێندەکان تەنیا بۆ کۆمەڵەی «ژ. ک» خوراون کە ڕێکخراوەیەکی نهێنی بوو، دەنا حیزبی دێموکرات سوێندخواردنی تێدا نەبـوو، لەبـەروەی حیزبێکـی ئاشـکرا بـوو. مەسـەلەی ئەندامەتیـی باوکیشـم لێپرسـیەوە، گوتـی بەڵـێ وابـوو، من باوکـت و ئامینەخانمی خێزانیم دەناسـی و لە ڕێگەی ماڵی «هۆشمەند»ەوە لە سەقز پێوەندیم هەبوو.[٢]

لێرەدا من نوسخەی ئەم وتارەم لە ڕێگەی برای بەڕێزم کاک هاشم کەریمییەوە ناردە خزمەت مامەقالە بۆ ئەوەی هەر چەشنە ساغکردنەوە یا خود زیاد و کەم یان بۆچوونێکی هەبوو بیخاتە دەم وتارەکەی من، بۆ ئەم کارەش سپاسی زۆری دەکەم.

---

١. بەداخەوە دایکم سەعات ٨ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٦/٣/١٥ و ئێوارەی ساڵڕۆژی هەڵەبجـە لـە ماڵـی خۆی لە بـۆکان کۆچیدوایی کرد و من جارێکی دیکـەش هەتیو مامەوە، یادی بەخێر بێ.

٢. هۆشمەندەکانی سەقز خوشکەزای دایکمن.

**یادداشتی بەڕێز مامەقالەی دەبباغی:**

بەڕێز و خۆشەویستم کاک ئەنوەر سوڵتانی

لەوەی کە هەستێکی نیشتمانپەرەوەری و نەتەوایەتی سەرنجی ڕاکێشاوی، هۆیەکی دڵشادییە و هیوام وایە بەو مەبەستە پڕبایەخە درێژە بدەی، لە وەڵامی پرسیارەکان‌دا بەکورتی و بە کوردی عەرزت بکەم:

کۆمەڵـەی «ژ. ک»، خزمەتـە بەنرخ و هەرگیز لە بیرنەچووەکەی بە کوردایەتی لە هەل‌ومەرجێ دامەزرا کە بۆ بەرەی ئێسـتای کورد «قبووڵ کردن»ەکەی زەحمەتە و پێویسـتی بـە شـیکردنەوەیەکی تایبەتـی هەیـە، بـەڵام بەش‌بەحاڵـی خـۆم ناتوانـم خزمەتـە بەنرخەکانـی تایفـەی ئێلخانی، بەتایبەتـی حاجی ڕەحمان‌ئاغا، قاسـم‌ئاغا و کاک ئەبووبەکـر لـە ماڵـی حاجـی بایزئاغا و حاجـی سـمایل‌ئاغا، حەمەدەمین‌ئاغا و جەعفەرئاغـا لـە ماڵی مەحموودئاغا هەرگیز لە بیـر بکەم، کە بۆ پەرەپێدانی ئامانجی کۆمەڵە ڕەنجیان کێشاوە.

ئێمە (کومیتەی ناوەندی بۆکان) کۆمەڵانی خەڵکمان بەو شـێوەیە دابەش‌کردبوو: ١) سـوێندخۆران ٢) پڕبـاوەڕان ٣) بێ‌لایەنـەکان. سـوێندخۆران، جێگـەی متمانـە و ئامـادەی گشـت کارێ بـوون (بەپێـی توانـا)؛ پڕبـاوەڕان، زیاتر موریدانـی بنەماڵەی پیرۆزی سـەید تەها و شـێخی شـەهید (شێخ عەبدولقادری شـەمزینی) بوون، کە بە غەوسـی سانی سـوێندیان پێدەخورا؛ بێ‌لایەنەکانیش زیاتر کاسـبکاری بازاڕ بوون، بـەڵام جێگـەی مەترسـی نەبـوون. چونکـە لـەو سـەردەمەدا جاسـووس بە شـۆفار ناودەبـرا و کارێکـی بێزراو بوو. وەک عەرزم کـردی کەش‌وهەوای لەبار و زوڵم و زۆریـی پەهلـەوی بـە ڕادەیـەک لەبەرچـاو بـوو، کـە هـەر کوردێکی پاک بەڕاسـتی تامەزرۆی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوو.

شێعرەکەی بەهەشتی مامۆستا هەژار، سەبارەت بە قازی کاکەحەمە و مەلا ئەمجەد و مەلا عەوڵا و ئەو چاخانە کە برێ شەوێ دادەنیشتن، ئەو مەجلیسە جگە لەو سێ کەسە، بەهەشـتییان میرزا مسـتەفا موقتەدیری و جاروبار میرزا عەبدولکەریم هەمزەیی و حسێنەسـووری خەیـات و... چەنـد کەسـێکی دیکـە بـوون و قاوەچییەکـەش

حەمەحسـێنی خات سـافیە [شۆڕەتی ڕەوشـەنفکر بوو]، کە دەنگە خۆشە بێوێنەکەی بەڕاسـتی بێوێنـە بـوو. سـەرەڕای ئەمانـە لـەو سـەردەمەدا ڕۆژانـە سـەدان کەس سەردەشـتی و بانەیـی و سـەقزی و پێنجوێنیـی و سـلێمانەیی دەهاتنـە بـۆکان و شـەوانە، دەوروبـەری حەوزەگـەورە جێژوان و سـەیرانگایان بوو، دوای نیوەشـەو کە قاوەخانە دادەخرا، دەنگخۆشـانی وەک: عەلی کاک حسـێن و سـەید غەفوور و... تـا مەلابانگـدان بە کووچـە و کۆڵاندا دەگـەڕان و گۆرانییان دەگـوت، بەڵام ڕەنجی خەسـاری ئـەوان ئـەوە بـوو کـە پـاش گەڕانەوەیـان قـازی و قزڵجی و مـەلا ڕیش تـەواو خۆپارێـز و مـات و دوورەپەرێز بوون و مـەلا ئەمجەد لە داخ و حەسـرەتی ڕووخانـی کۆمـاری ئازیـز و پێشـەوای زانـا و خۆشەویسـت و بەهەشـتی ئاغـای سـەیف (حەسـەنی سەیفولقوزات) کە وەک مورشیدی بوو لە ژین بێزار و بێهیوا و بێهومێدانە دەژیا.

ئـەوە شـینەکەی (مـەلا ئەمجـەد بـۆ) ئاغـای سـەیف و وەرگێـڕاوی چوارینـە عەرەبییەکەیم بۆ نووسی (کە پێشتر بە تەلەفۆن باسم کردبوو) و پێشکەشی دەکەم. پرسیارەکانت بۆ من زۆرن و برینەکانم دەکولێننەوە، بۆیە بەو کورتە وەڵامە قنیاتم کرد و ئەگەر تەمەن مەودا بدا و هەلم بۆ هەڵکەوێ، دیسان هەڵەسوون دێنمەوە.»[1]

---

١. لـە یادداشـتەکەی بەڕێـز مامەقالـەدا نـاوی چەند کەسـێکی دیکەش هاتووە کە پێم باشـە زانیارییەکیان لەسەر بنووسم:

- میرزا مسـتەفای موقتەدیر، باوکی کاک عەزیزی موقتەدیری بوو کە لە بۆکان مامۆسـتای قوتابخانە بوو. درەنگتر ماڵی چوو بۆ تاران. میرزا ساڵەش برای میرزا مستەفا بووە.
- میـرزا عەبدولکەریمـی خات شـەوکەوت (هەمزەیی) بازرگانێکـی دەوڵەمەندی بۆکان بوو. مامۆسـتا هـەژار لـە لاپـەڕەی ٤٠ ـ٤١ ی چێشـتی مجێـوردا باسـی ئـەوە دەکا کـە میرزا عەبدولکەریم پارەی بە قەرز داوەتێ و ئەویش قازانج بە نیوەیی کاسپیی پێوە کردووە.
- حسێنەسـووری خەیـات، کـوڕی کوێخـا کوێـرەی کوێخـای سـەردارەکانی بـۆکان بوو، کوڕێکـی نابینـا، بـەڵام قسەخۆشـی هەیـە بەنـاوی مەلا ڕەحمـان. ماڵی حسێنەسـوور لە تەنیشت ماڵی «کامەلایی» و «حاجی بابەخانی کەریمی» بوو، خەیاتی دەکرد و لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢/ ١٩٥٣دا لەگەڵ ڕاپەڕیوەکانی شار بوو.
- حەمەحسـێنی خـات سـافیە (ڕەوشـەنفکر) قاوەچـی بـوو، لـەو سـاڵانەدا قاوەخانەکـەی ڕووبـەڕووی حەوزەگـەورە و خوڕێنک بوو. کا حەمەحسـێن دەنگخۆش و گۆرانیبێژیش بـوو و دەگوتـرا کـە حەسـەن زیـرەک هەنـدێ گۆرانیی لـەو فێر بـووە، لـە دەوروبەری سـاڵی ١٣٥٢/ ١٩٧٣دا لـە بۆکان کۆچیدوایی کرد. کاک حەسـەنی کـوڕی برینپێچ بوو لە

هەر بژی بە شادی، عەبدولقادری دەبباغی ١٣٨٥/٢/١ /٢٠٠٦/٤/٢٢

وەک لــە یادداشــتەکەی بەڕێـز مامەقالــەوە دەردەکــەوێ، جەنابی هەمــوو ئەو ٧ لاپــەڕە نووســراوەی منــی بینیــوە و خوێندوویەتــەوە و ئــەو بابەتانــەی وا لە زمان ئەوەوە نووســیومن کەوتوونەتە بەرچاوی. جا ئەگەر هەموو یا بەشــێکی قســەکانی نەداوەتــە دواوە و بەرپەرچــی نەداوەتــەوە دەتوانیــن بگەینــە ئــەو ئامانجــەی کە من بۆچوونەکانی ئەوم بەبێ هەڵە ڕاگواستووە و هەموویان جێگەی پەسندی ئەون.

بــەم پێیــە کۆتایــی بــە وتارەکــە دەهێنــم و زۆر سپاســی جەنابــی مامەقالە، کاک هاشــمی کەریمی و هەروەها کاک «س. چ. هێرش» سەرنووســەری گۆڤار و ســایتی گزینگ دەکەم کە وتارێکی گەلێک بەڕێوجێی لەمەڕ (ناوی ڕاســتەقینەی نووســەر و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ک) لە سایتەکەی‌دا بڵاوکردەوە؛ وتاری کاک هێرش لە بابەتی ئەندامانی «ژ. ک» لە گۆڤاری «نیشتمان»دا نووسرابوو.

مامەقالــە هــاوڕێ لەگــەڵ یادداشــتەکانی‌دا، پارچەیــەک شــێعری کوردیــی نەمـر مــەلا ئەمجــەدی عوســمانی، وێـڕای چوارینەیەکی عەرەبــی و وەرگێـڕاوی کوردیی هەمــان چوارینــە لەلایەن مــەلا ئەمجەدەوەی بــۆ ناردبووم، گەرچــی نازانم چوارینە عەرەبییەکە هی چ شــاعیرێکە، بەڵام وەرگێڕاوە کوردییەکەی مەلا ئەمجەد لەوپەڕی ڕازاوەیی‌دایە و من لێرەدا هەر سێ پارچە شێعرەکە دەهێنمەوە:

---

دەوروبەری نەغەدە و پیرانشار.

ـ بەداخەوە لەمەڕ «عەلی کاک حسێن» و «سەید غەفوور» هیچ نازانم. لە کۆتایی‌دا ئەوە بڵێم کە لە نێو دەسنووسی برای مەلا ئەمجەدی عوسمانی‌دا، دوو پارچە شێعری درێژی مەرحوومی مەلا ئەمجەدم دۆزیوەتەوە و لە وتارێکدا بڵاوم کردۆتەوە. هەر دوو شێعرەکە سیاسین و یەکیـان ئەوەیــە کە نەمر کەریمی حیســامی لــە بیرەوەرییەکانــی (ل١٥٤ی بەرگی یەکەم) دا باســی دەکا. هەمان کەشــکۆڵ پارچە شــێعرێکی قازی کاکەحەمەی قزڵجیشی تێدایە کە بۆ مەرگی سەیفولقوزاتی گوتووە و ئەویشم هەر لە گۆڤاری مەهاباددا بڵاو کردۆتەوە.

یەکەم: شینی ئاغای سەیف

**وەرن هـــاوارە کـــوردان! ڕۆژی شـــینی کـــوردە قەومـــاوە**
**چرای وەک حەزرەتی ســـەیفولقوزات هـــەر لێمە کووژاوە**
**کە زاتێکی وەک ئاغای سەیف وەفاتی کرد، بە مەعلوومی**
**بناغـــەی دیـــن و زانیـــن نەقســـی هێنـــا، پاکـــی ڕووخاوە**
**نەمانـــی پیـــاوی گـــەورە پشت‌شـــکێنی میللـــەت و دینە**
**لـــە دنیادا دروســـت مەعلوومە هـــەر پیاوێ بە ســـەد پیاوە**
**بـــە فەوتی پیـــاوی وا ناقیس دەکا حەق ئـــەم کورەی خاکە**
**بۆخـــۆی فەرموویە «ناتـــی الارض تنقصها» لـــە هەر لاوە**
**بە نووسین وەسفی چاکەی ئەو تەواو نابێ بە تۆ «ئەمجەد»!**
**ئەگـــەر ســـەد دەفتەری گـــەورە بنووســـی و بێتە ئینشـــاوە**
**وجـــوودی ئەو کەســـانەی لێی بەجێ‌ماون ســـەلامەت بێ**
**بەڵـــێ دنیـــا بەقای بۆ کـــەس نەبـــوو و نابێ لەمـــەو دواوە**
**هەزار ڕەحمەت لە جێگە و مەرقەدی ئەو بێ هەتا مەحشەر**
**بـــۆ ئـــەو ئـــەولادە چاکانـــە و بـــۆ تەرتیباتـــی ڕۆینـــاوە**
**بەڵـــێ، بابـــی وەهـــا ئەڵبەت دەبـــێ ئـــەولادی وای لێ بێ**
**لە جێگەی پیـــاوی چاک، چاکتر لەوانە کـــوا بەجێ‌ماوە؟**
**غروبـــی حەوتی بەهمەن[1] ڕووحی پاکی ڕۆیی بۆ جەننەت**
**غروبـــی ڕۆژ هەمیشـــە بـــۆ بەشـــەر تاریکـــی هێنـــاوە**
**بە خوێنی چـــاوی کوردان نوقتەدار بـــوو حەرفی تاریخی**
**لەپاش ئەو عەیشـــی کوردان بوو بە غەم، ئـــازاری بۆ ماوە**

۱۳۲۳/۱۱/۷/ ۱۹۴۵/۱/۲۷ [2]

---

۱. مانگی بەهمەنی ئێرانی بەرانبەرە لەگەڵ مانگی ڕێبەندانی کوردی.
۲. بەو پێیە، دەبێ نەمر سەیفولقوزات ۵ ڕۆژ دوای ۲ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۲۳، واتە ساڵێک پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆچی‌دوایی کردبێ و سـەردەمی سەروەریی کوردی بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەدی برازای خۆی نەبینیبێ.

دووهەم: چوارینەی عەرەبی

**ذكرتــك و الرمــاح نواهــل**
**منى وبيض الهند تقطر من دمى**
**وددت تقبيل الســيوف لانها**
**لمست كبارق ثغر المتبسم**[١]

سێهەم: وەرگێڕاوی کوردیی چوارینەکە

**کە نووکی ڕم لە مەیدانا لە ســینەم چەسپ و جێگیر بوو**
**کە قەترەی خوێنی من دەتکا لە شمشیر، یادی تۆم بیر بوو**
**وەکــوو بەرقــی ددانــی پێکەنینت شــوعلەیەک لێی دام**
**تەواو پێم خۆشبوو ماچی کەم، کە ڕوانیم بەرقی شمشیر بوو**

**سەرچاوەکان:**


- هەژار، چێشتی مجێور، ئامادەکردنی خانی شەڕەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧.
- کەریمـی حیسـامی، لـە بیرەوەرییەکانـم، بەرگـی یەکەم، لـە منداڵییەوە تا سـاڵی ١٩٥٧، وەشانێن ژینا نوێ، سوید ١٩٨٦.
- س. چ. هێـرش، ناسـاندنی نـاوی ڕاسـەقینەی نووسـەر و ئەندامانی کۆمەڵـەی ژ. ک لە گۆڤاری نیشتماندا، گۆڤاری گزینگ چاپ سوید، دیسامبری ٢٠٠٥.
- دەسنووسـی کەشـکۆڵی مـەلا بابەوەیسـی عوسـمانی کـە لـەلای کاک حەسـەنی قازی پارێزراوە و بەسپاسەوە ئێستا لە بەردەستی مندایە.


١. ناوی شاعیری شێعرە عەرەبییەکە نەزاندرا.

## کۆمەڵەی ژ. ک تا کۆمار

ئەم کتێبە دەبێ لە نێوخۆی وڵاتدا بە دڕدۆنگییەوە وەرگیرابێ. هۆکاری مەسەلەکەش ئەوەیە بەپێچەوانەی هەموو ئەو سەرچاوانەی وا سەبارەت بە کۆمەڵەی «ژ. ک» و دامەزرێنەرانی لە بەردەستدان، نووسەر کاک کاوە قادری، بەگوێرەی بیرەوەریی باوکی خۆی کاک محەممەدئەمین قادری کوڕی کاک مامەند قادری کولیج، سەرەکهۆزی مامەشان لە ناوچەی لاجان بە دامەزرێنەری «ژ. ک» دەناسێنێ.

باس کردنی کتێبەکە لەلایەن منەوە واتای پەسندکردنی ئەم داوایەی نییە و لام وایە دیعایەیەکی گەورەی ئەوتۆ پێویستی بە بەڵگە و شاهید و سەلماندنی گەلێک زیاتر هەیە لە کاتێکدا ئێمە ئەم هەواڵە تەنیا بە قەڵەمی کاک کاوە دەخوێنینەوە کە ئەویش دەڵێ کاک محەممەدئەمینی قادریی باوکی بۆی گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی کە باوکی خۆی، واتە کاک مامەندی قادری دامەزرێنەری کۆڕ و کۆمەڵەیەک بووە وا دواتر بەناوی «ژ. ک»ەوە ناسراوە. بەشی نووسراوی کتێبەکە (جیا لە وێنەکان)، سەرجەم ۹۱ لاپەڕەیە و لەوانەش تەنیا ۲۰ لاپەڕەی نێوان ۱۳ ـ ۳۲ لە پەیوەندیی مەسەلەکەدان. پاشماوەی کتێبەکە هەندێک بابەتی سەبارەت بە کۆماری کوردستان تێدا ڕاگەیەندراوە کە لە دەیان سەرچاوەدا خوێندوومانەتەوە و نووسەر بەبێ ڕاگەیاندنی سەرچاوە دووپاتی کردوونەتەوە.

بەو سەرەتایەوە، من نامەوێ نرخی کاری کاک کاوە بهێنمە خوارەوە یا بەبێ بەڵگە، بەرپەرچی قسەکانی بدەمەوە. بەپێچەوانە بۆچوونی نوێی وەک داواکەی ئەو، بۆ کاری توێژینەوە گەلێکیش بەکەڵکە و وا هەیە یارمەتیی پڕکردنەوەی زۆر شوێنی بەتاڵی زنجیرەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بدات، بەڵام بۆ جێگیر بوونی بۆچوونەکە و وەرگیرانی لەلایەن خەڵکانی شارەزاوە پێویست بە هەندێک بەڵگە و کەرەسە دەکا کە بەداخەوە کتێبەکە هیچکام لەوانەی تێدا بەدی ناکرێ و لە دیعایەیەکی بێخەوش زیاتر نانوێنێ.

من ئەوە هیچ بە دوور نازانم کە لەو سەردەمەدا هەوڵی دامەزرانی ڕێکخراوەیەک درابێ و ناوی کۆمەڵەشی لەسەر دانرابێ، تەنانەت زووتر لەو سەردەمە کە ساڵانی دوای هەرەسی حکوومەتی ڕەزاشا و سەرەتاکانی شەڕی دووهەمی جیهانییە، لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا، عوسمانییەکان ڕێکخراوەیەکی سیاسییان لە ناوچەکەدا دروستکردبوو کە ناوی «جمعیت اتحاد اسلام» بوو و نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت سەرۆکایەتی دەکرد. واتە بیرۆکەی حیزبی سیاسیی لە ناوچەکەدا زۆر نامۆ نەبوو و دەکرێ کەسێکی ناوبەدەرەوە وەک کاک مامەندیش بەو تایبەتمەندییانەوە کە کاک کاوە ڕایدەگەیەنێ، هەوڵی دامەزراندنی حیزب یا ڕێکخراوەیەکی سیاسی دابێ، بەڵام ئەوەی کە ڕێکخراوەکەی کاک مامەند هەمان کۆمەڵەی «ژ. ک»ی ناسیاو بووبێ، ئەوە جێگەی پرسیاری جیددییە. دیارە من ئاگاداری ئەوەش هەم کە کاک مامەند کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و دۆستی نزیکی بارزانی نەمر بووە و هەر بەگشتی بنەماڵەی قادری و یەک لەوان نەمر کاپیتان قادری لە خزمەت نیشتمان و نەتەوەکەماندا بوون.

بەڵام ڕاستەقینە ئەوەیە کۆمەڵەی «ژ. ک» و خواست و ئامانجەکانی هی توێژە ناونجییەکانی کۆمەڵگایەکی شارین، ئەویش شارێکی کەموزۆر گەورەی وەک مەهاباد بە پێشینەی خەبات و کاری سیاسی و قاڵ بوو لە کوورەی شەڕ و کێشە و تێکگیرانی سیاسەتەکانی ڕووس و عوسمانی و ئینگلیز و ئێران و عێراقدا، نەک هی گوندێکی بچووکی تەریکی ناوچەیەکی دوورەدەستی لاجان. ئێمە دەبینین لە سەرەتای کاردا هەموو دامەزرێنەران و تەنانەت ئەندامەکانی «ژ. ک» لە باری چینایەتییەوە سەر بە توێژی ناونجی، واتە وردەبورژوازیی شارن، گەرچی دواتر هەندێک کەسایەتیی سەر بە چینی فیئۆداڵیشیان تێکەڵ دەبن. ئەوە بۆمن گەلێک ئەستەم دەنوێنێ کە خواستە سەرەکی و سەرەتاییەکانی حیزبێکی ئەوتۆ لەگەڵ کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی و ئاوات و ئامانجەکانی سەرۆک عەشیرەتەکاندا یەک بگرێتەوە. من دژ بەوە ناوەستم کە کاک مامەند کوردپەروەر بووبێ یا ویستبێتی کۆمەڵە یا ڕێکخراوەیەک بۆ خزمەتی ئەو بیرۆکەیەی خۆی دابمەزرێنێ، تەنانەت ئەوەش بە دوور نازانم کە ڕێکخراوەکە

هـاوکات لەگـەڵ دامەزرانـی «ژ. ک» و تەنانـەت پێـش ئەویـش بووبـێ؛ بـەڵام بـەو زانیارییە کەمەوە کە سـەبارەت بە مێژووی ئەو سـاڵانە هەمە ناتوانم قبووڵی بکەم کـە ئـەوە هەمـان کۆمەڵەی «ژ. ک»ی زەبیحی و حوسـێنی زێڕینگـەران و ئەوانی تر بـووە. ڕێکخراوەیەکـی ئەوتـۆ ئەگـەر دامەزرابێ، دەبێ بە هاوکاری لەگەڵ سـەرەک عەشیرەکانی دیکەی ناوچە دامەزرابێ نەک بە یارمەتیی چەند گەنجێکی خوێندەواری شاری مەهاباد.

نووسـەر خۆشـی بەو ڕاسـتییە دەزانێ و دەیسـەلمێنێ و لە زمان باوکی خۆی، واتە کاک حەمەدەمین قادرییەوە دەنووسێ:

«... سـەرۆکانی عەشـایری ناوچە، کە لەگەڵ کاک مامەندئاغا زۆر لە هاتوچۆدا بوون، دوای هاوفکری لەگەڵ یەک، بە پێویستیان زانی ڕێکخراوەیەک دابمەزرێنن بە ئامانجی هێنانەدی ئەمنییەت و ئاسایشـی سـەقامگیر لـە ناوچەکە لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراو... باوکیشم دوای هاوفکری لەگەڵ من [حەمەدەمینئاغا]، لە [گوندی] کولیج ڕێکخراوەیەکی عەشایریی بەناوی «کۆمەڵە» دامەزراند» (ل ١٣ و ١۴).

خوێنـەر تـا ئێـرە دەتوانێ لەگـەڵ نووسـەردا بـێ. «دامەزراندنـی ڕێکخراوەیەک بـە یارمەتیی چەند سـەرەک عەشـیرە بـۆ هێنانـەدی ئەمنییەت و ئاسایشـی ناوچە» شـتێکی زۆر سـەمەرە نییـە و گونجـاوە. تەنانـەت دانانی ناوی «کۆمەڵە»ش لەسـەر ڕێکخراوەکە نائاسایی نییە. ئەم وشە کوردییە بۆ کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە کەڵکی لێوەرگیـراوە و پێـش دامەزرانـی کۆمەڵەی «ژ. ک»یش لەسـەر زمانـی خەڵک بووە، بەڵام با گوێ بدەینە پاشماوەی باسەکە لە زمان حەمەدەمینئاغاوە:

«کۆمەڵـەی ژ. ک لـە سـەرەتادا نـاوی کۆمەڵـە بوو، دواتـر لەگـەڵ فراوانبوونی چالاکییەکانـی، کـرا بـە کۆمەڵـەی «ژ. ک». باوکـم کاک مامەندئاغا هێندێـک فکری لە مێشکدا بوو، لە فکری ئەوەدا بوو کەمکەم بتوانێ لە ڕێگەی ڕێکخراوە عەشایرییەکەوە ڕێکخراوەیەکی سیاسـی پێکبێنێ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەڵکی کوردسـتان...» (ل ١۴)

بـە بۆچوونـی مـن، ئـەم خاڵـە گرێکوێـرەی مەسـەلەکەیە. نووسـەر دوور نییە

هاوشـێوە بوونـی نـاوی ئـەم دوو ڕێکخراوەیـە تووشـی سەرلێشـێوانی کردبێ و بەگوێـرەی نـاوەکان، وای دانابـێ کـە ئـەو دوو ڕێکخراوەیـە هـەر یـەک بـوون و دووهەمیـان، واتـە کۆمەڵـەی «ژ. ک»، درێـژەی ڕێکخـراوی یەکـەم، واتـە کۆمەڵـەی مامەندئاغا بوو بێ، هەمووش بە حیسـابی هاوشـێوەبوونی ناوەکان. هەر بۆیەش لە درێژەدا دەڵێ:

«... خەڵکانێکـی زۆر ڕوویـان تێکـرد [لـە کۆمەڵەی مامەندئاغـا] و بوونە ئەندام... باوکـم دۆسـتانی زۆری هەبـوو و کەسـایەتیی سیاسـی و شۆڕشـگێڕی دەناسـی، بەتایبـەت لـە مەهابـاد کە لەگـەڵ یەک لە هاتوچۆدا بوون، ئەوانیشـی لە بوونی ئەم ڕێکخراوەیە و چالاکییەکانی ئاگادار کرد...» (ل ١٥).

پاشـان باسـی «چەند کەسـێک» دەکا کە لە مەهابادەوە چوونەتە کولیج بۆ دیتنی مامەندئاغـا و «دوای کۆبوونەوەیەکی فراوان بڕیاریان دا نووسـینگەیەک لە مەهاباد بکەنەوە و بەدەستی ئەوان کە دۆست و ئاشنایان لە بۆکان هەبوو، نووسینگەیەکیش لـە بـۆکان بکەنـەوە و ڕێکخراوەکە بچێتـە قۆناغێکی نوێ و ببێ بـە ڕێکخراوەیەکی گەورەتر کە پاشان بوو بە حیزبێکی سیاسی» (ل ١٥ ـ ١٦).

نووسـەر، کاتـێ ناوی ئەو چەند کەسـە دەهێنـێ، دەبینین دەقـاودەق هەمان ئەو کەسانەن کە لە سەرچاوەکاندا بەناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی «ژ. ک»ەوە ناسراون: خەلیل خوسـرەوی، سـەید محەممەد تەهازادە، سـدیقی حەیدەری و... [سەرجەم ١١ کـەس] و دەڵـێ «ئەوان نووسـینگەیەکیان لە مەهاباد کردەوە و نووسـینگەیەکیش لە بۆکان...» (ل ١٦).

دیـارە، نـە نووسـەر بەڵگەیەکـی بـۆ سـەلماندنی مەسـەلەکە هەیـە و نـە مـن بەڵگەیەکـم بـۆ بەرپەرچدانـەوەی، بـەڵام دووری نازانـم پێـش دامەزرانـی کۆمەڵەی «ژ. ک» لـە مەهابـاد، کاک مامەنـد و کوڕەکـەی، واتـە حەمەدەمینئاغـای قـادری (ل ١٨) ڕێکخراوەیەکیـان بەنـاوی «کۆمەڵـە» لە کولیج دروسـتکردبێ، بـەڵام نە پێگەی چینایەتـی و نـە ئامانجەکان و نە ئەندامانـی ئەو دوو ڕێکخراوەیە ناتوانن یەک بن و بـەو بۆنەیـەوە مـن دەگەمـە ئاکامـی ئـەوەی کـە تاقە شـتی هاوبەش لە نێـوان دوو

ڕێکخراوەکەدا ناوەکەیان، واتە «کۆمەڵە» بێ و ئەوەش نامگەیەنێتە بڕیاری نووسەر کە کۆمەڵـەی «ژ. ک» درێژەی کۆمەڵەی کاک مامەند و کاک حەمەدەمین قادری بێ. سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا تەنیا دوو ئاماژە هەیە کە لە سەرەوەدا دەسنیشانم کرد.[١]

١. کاوە قادری، «کۆمەڵەی ژ. ک. تا کۆمار (بیرەوەرییەکانی محەممەدئەمین قادری کولیج)، باس نەکراوەکانی کۆماری کوردستان مەهاباد، نهێنییەکانی دروستبوونی ژ. ک.»، بڵاوکەرەوە: نووسەر، هەولێر ٢٠٠٨، ژمارەی لاپەڕە: ٩١ + ٩ لاپەڕە وێنە، کوردی.

# وتوویژ

ئەم بەشە تایبەتە بە دوو کتێب کە هەردووکیان کۆمەڵەی زنجیرەیەک وتوویژ بوون بە ماوەیەکی کەم لەگەڵ نەمر غەنی بلووریان کراوە و ئەویش بیرەوەرییەکانی خۆی لە ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕێگەی وەڵامدانەوە بە کاک برایم فەڕشی و کاک حەمید گەوهەرییەوە گێڕاوەتەوە و ئەنجامەکەیان بۆتە دوو کتێبی «سەدەی کارەسات» و «ئاڵەکۆک». هەروەها وتوویژێکی ڕادیۆیی کە پێشتر لە ساڵی ١٣٦٩/ ١٩٨١ی زدا لەگەڵ مامۆستا برایم ئەفخەمی و وتوویژێکی دیکە لەگەڵ مامۆستا سەید جەلالەددینی حوسێنی، بەرپرسی ڕێکخراوی خەبات بەڕێوە چوون.

## وتوویژی ڕادیۆیی لەگەڵ مامۆستا برایمی ئەفخەمی

کاک ناسری سینا لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی شریتێکی بڵاوی کردۆتەوە. شریتەکە، چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ مامۆستا برایمی ئەفخەمی و پرسیار و وەڵامێکە سەبارەت بە مێژووی کەونارای بۆکان.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی کاک ناسر، وتوویژەکە کاک «سولەیمان مەسروور» لە سالانی ١٣٦٠ی هەتاوی [هەشتاکانی زایینی]دا لە بۆکان بەڕێوەی بردووە و بەڕواڵەت دەبێ بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆی کوردیی مەهاباد بەرهەم هاتبێ کە نازانم لە کاتی خۆیدا لەوێدا بڵاوبۆتەوە یان نا؟

بابەتی پرسیار و وەڵامەکان مێژووی کۆنی بۆکان و شوێنەوارە لەمێژینەکانی ناوچەکەیەتی. وەک لە وەڵامەکانی مامۆستا برایم دەردەکەوێ، دەبێ وتوویژەکە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی خۆی، واتە «تاریخ فرهنگ بوکان و ادب مکریان ـ بۆکان»، کرابێ، لە چەند شوێندا ئاماژە بەنێوەرۆکی ئەو کتێبە دەکا. بەداخەوە چاپی یەکەمی کتێبەکەش ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی بەسەرەوە نییە و تەنیا لە ڕێکەوتی نووسرانی سەرەتاکەیەوە دەزانین کە دەبێ لە ساڵی ١٣٦٤ [١٩٨٥] یان ماوەیەکی کەم دوای ئەوە بڵاوبووبێتەوە.

هەر چۆنێک بێ، ئەم کارەی کاک ناسر بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی ئەفخەمی جێگەی پێزانینە، لەبەروەی دەزانین مامۆستا برایم بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر هاوکاریی ڕادیۆ مەهابادی کردووە و بەرنامەی بۆ تۆمار کردوون، بەڵام وا هەیە ئێستا هیچکام لەو بەرنامانە نەپارێزرابن یان ئەگەریش پارێزرابێتن، بڵاونەکرێنەوە.

هەر چۆنێک بێ، قسەکانی مامۆستا برایم سەبارەت بە مێژووی پێش ئیسلامی بۆکان و ناوچەکە سەرنجڕاکێشن و تێیدا بۆکان بە پادگانی ئەشکانییان و ساسانییان ناودەبا و دەڵێ ٣٨ شوێنی مێژوویی ناوچەکە لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگ و هونەری ئێرانەوە تۆمار کراون. لەوانە: قەڵایچی، فەرهادتاش (سماقان) لەگەڵ بێبێکەند (هۆرتەکەند).

سەبارەت بە بۆکان مامۆستا دەڵێ پێشتر ناوی «شارەکۆن» بووە کە بە بوومەلەرزە وێران بووە و پاشان لە شوێنی ئێستا دروستکراوە. بەگوێرەی قسەکانی ئەو، ناوی بۆکان وەک بێکان و بووکانیش هاتووە.

مامۆستا باس لە حوسێنقوڵیبەگ (مەردانبەگی) دەکا وەک خاوەنمڵکی بۆکان پێش سەردار عەزیزخان و دەڵێ ئەو دەم بۆکان ١٢ ماڵ بووە کە هەمووی لە دەوری حەوزەگەورە کۆبوونەتەوە.

مامۆستا باسی کتێبێکی دیکەی خۆی دەکا بەناوی کتێبی «سرداران بوکان»، کە دەڵێ تێیدا خەت و خەدەمات و ئاساریانی تۆمار کردووە. من ئاگام لەم کتێبە نییە و هیوادارم کەسوکاری مامۆستا بڵاوی بکەنەوە و نەهێڵن بفەوتێ.

ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەی قسەکانی مامۆستا برایمن لە شریتەکەدا:

- عەزیزخان و فەڕوخخانی برای لە نستانی گەورکەوە دێن بۆ بۆکان و میوانی حوسێنقوڵیخان بوون و لەوێوە دەچن بۆ تەورێز... عەزیزخان لە دارولفنوون دەرسی نیزامیی گوتۆتەوە و کتێبێکی لە فنوونی نیزامیدا نووسیوە؛
- کوڕانی عەزیزخان: عەلیخانی سەردار و سەیفەددینخان بوون؛
- عەزیزخان ناوی گوندی «چاوان»ی گۆڕی و بەناوی کوڕەکەیەوە کردی بە «عەلیاباد»؛
- عەزیزخان دەرسی عیلمی مەنتیقی لای مەلای پیرەباب خوێندووە؛
- سەیفەددینخانی سەردار لە ٧ ساڵیدا بووە بە حاکمی سابڵاغ و بۆکان و شارەکانی دەوروبەری. سێ گوندی یەنگیجە، کەرێزە و قازڵیانی فرۆشت بۆ خەرجی تەکمیلی قەڵا و حەوزەگەورە و مزگەوتی جامیعی بۆکان. موهەندیسی

لە ڕووسیاوە هێنا و بە ترومپایەک و بە یارمەتیی دوو تەختە ئاسن، ئاوی حەوزەگەورەی ۲۰۰ میتر بۆ سەر قەڵا بەرەوژوور برد؛

- ژاک دو مۆرگان گوتوویەتی سەیفەددینخان لە ۲۹ساڵیدا دەرمانخۆر کراوە و بە مردنی ئەو پشتی دەوڵەتی ئێران شکاوە؛
- سەیفەددینخان سەدرابادی دروستکردووە؛
- حەمەحوسێنخان لە ۱۳۳۳دا شەهید کراوە؛
- قەڵا تا سەردەمی سەردار عەلیخان مەحفووز ماوە؛
- شوێنەواری باستانی بۆکان ۳۸ فەقەرەن: وەک شێخلەر، تیکانتەپە، ئەحمەداوا، قەڵایچی، باخچە، تەپی و شاریکەند کە تاریخیان تا ۲۵۰۰ ساڵ دەگەڕێتەوە دواوە.[1]

1.https://soundcloud. com/nassersina/birayim_efxemi_bokan.

## وتوویژی خالید محەممەدزادە لەگەڵ مامۆستا سەید جەلالەددینی حوسێنی

ئەم وتوویژە لەگەڵ بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوی خەبات، لە ماڵپەڕی «دیدار»دا بڵاوبۆتەوە کە کاک خالید بەڕێوەی دەبا.[1]

دیمانەی ئەو دوو کەسە، گەلێک دوورودرێژ و هەمەلایەنەیە و گەلێک پرسیار ئاڕاستەی شێخ جەلال کراوە کە وەڵامدراونەتەوە، هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی «ژ. ک» و دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەتا لاچوونی شێخ جەلال لە ڕێبەرایەتیی سازمانی خەبات.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، چەند خاڵن: یەکەم شێخ جەلال بە فەقێیەتی لە گوندی سەرا و حەمامیانی بۆکان بووە، هەر لەو ساڵانەدا کۆمەڵەی «ژ. ک» دامەزراوە و ئەویش بۆتە ئەندامی. پاشان باسی نەمر مامۆستا شێخ عیززەددینی برای خۆی دەکا کە لە کاتی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیدا لە گوندی «گۆڵ»ی بۆکان بووە. هەروەها باسی هەندێ کەسایەتی خەڵکی بۆکان دەکا وەک: خوالێخۆشبوو حاجی ڕەحماناغای موهتەدی، کاک سەلاحوددینی موهتەدی و کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، مەلا عومەری عەسری و مامۆستا مەلا عەلی ڕەببانی، مەلای گوندی بوغدەکەندیی نێوان بۆکان و سەقز. مامۆستا شێخ جەلال دەڵێ: مامۆستا مەلا عەلی دانیشتنێکی بۆ نزیککردنەوەی لایەنە ئیسلامییەکانی دژبەری ڕژیمی شا لە بوغدەکەندی پێکهێنا، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت.[2]

1. www. endishe. blogfa. com/post 87. aspx.

٢. من کە ماوەی ساڵ و نیوێک (١٩٦٤/١٣٤٣) مامۆستای گوندی بوغدەکەندی بووم، گەلێک جار گەیشتبوومە خزمەت مامۆستا و هاتوچۆی ماڵی یەکترمان کردبوو. مامۆستا کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بوو، یادی بەخێر بێ!

# هۆزە کوردەکان

لەم بەشەدا ئاوڕ لە هەندێک هۆز و عەشیرەتی کورد دراوەتەوە و
پەیوەندیی دوور و نزیکیان بە بۆکانەوە خراوەتە بەرچاو.

## میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئـەم کتێبـە، «لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی، رامیـاری و ئابوورییـە»، نازنـاز محەممەد عەبدولقـادر، وەک بەشـێک لـە پێداویسـتییەکانی پلەی ماسـتەر پێشکەشـی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە. نووسەری کتێبەکە سوودی لە سەرچاوەیەکی زۆری کوردی و فارسـی وەرگرتووە و زانیارییەکانی بەگشـتی پشتئەسـتوور بەو سەرچاوانەن.

بەشـی دووهەم لە بەندی یەکەمی بەشـی یەکەم، باسـی میرنشـینی موکریانە و تێیدا دەنووسرێ:

«ناوی موکریان لە سەدەی چواردەهەمی زایینیەوە کەوتۆتە لاپەڕەکانی مێژوو»، کـە بەداخـەوە بـۆ ئـەم بۆچوونـە سـەرچاوەی ڕانەگەیاندووە، بـەڵام لـە پەڕاوێزدا گوتوویەتی: «خەڵفین دەڵێ ئەم ناوچەیە لە سەدەی حەڤدەوە ناونرا موکریان.» ئینجا مەراغە، سەڵماس، شنۆ، لاجان، نەغەدە، ورمێ، سائینقەڵا، سابڵاغ، بۆکان، میاندواو، خانێ، سەردەشـت و نزیکەی ٧٥٠ گونـدی وەک پێکهێنەرانی موکریان ناوبردووە و لە زمان خەڵفینەوە گوتوویەتی بە پیتترین ناوچەی ئێرانە.

کتێبەکـە بـە شـێوەیەکی ئاکادێمیـک داڕژاوە و لـە بەشـەکانی دواتـردا باسـی پەیوەندیی موکریان و سـەنتەر، واتە حکوومەتی ناوەندیی ئێران و هەروەها باسـی پەیوەندیـی میرنشـینە کـوردەکان لەگـەڵ یەکتر و بـۆ نموونە، پەیوەندیـی موکریان لەگەڵ ئەردەڵان و سۆران دەکا و لە بەندی سێهەمدا دەچێتە سۆراغی هۆکارەکان و چۆنییەتی تێداچوونی میرنشینەکان، بە موکریانەوە.

لــە باســی پەیوەندیــی موکریــان و ســەنتەر، نووســەر نموونــە لــە «عەزیزخانی موکری» دەهێنێتەوە [یەکەم سەرداری بۆکان]، کە گەیشتە پلەی سەرداری گشتی لە ئێران و بوو بە زاوای «ئەمیرکەبیر»ی سەدریئەعزەمی ئێران (لاپەڕە ١٥٨) و دەڵێ: «جیاوازیی فەرهەنگ و ئایین لە نێوان موکریان و حکوومەتی ناوەندیدا بوو بەهۆی گرژتر و ساردتر بوونەوەی پەیوەندییەکانیان» (لاپەڕە ١٥٩).

ئەم لێکۆڵینەوە بەنرخەی نووسەر لە بەندی سێهەمدا دەگاتە ناساندنی هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی موکریان کە «توندوتیژی و بەرهەڵستکاری و هەڵوێست وەرگرتنیــان [بەرانبــەر بــە حکوومەت] بــە درێژایی مێژوو، وەک هــۆکاری کوژرانی هــەزران لاوی موکری دادەنێ (لاپــەڕە١٧٩) و لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە ناوچەکە هەڵدەســەنگێنێ کە لەچاو گەلێک لە ســەرچاوەکانی دیکەی بەردەســتی ئێمە، کارێکی عەینیتر و زانستییانەترە (لاپەڕە ١٧٩).

بەگشتی، خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ توێژەرەوەی مێژووی بۆکان، وەک بەشێک لــە میرنشــینی موکریان پێداویســتییەکی گرنگــە و هیوایە چاومان بــە نامەی کۆتایی ماستەری نووسەریش بکەوێ.[١]

١. نازنــاز محەممــەد عەبدولقــادر، «میرنشــینەکانی کوردســتانی ڕۆژهــەڵات لــە ســەردەمی فەرمانرەوایــی قاجــارەکاندا ـ لێکۆڵینەوەیەکــی مێژوویــی، رامیــاری و ئابوورییــە»، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، ٢٤٥ لاپەڕە، کوردی.

## باو و باپیری تایفەی دێبوکری

عەبدوڵڵاخانی موکری؛ ئەوە عینوانی وتارێکە کاک قادر فەتاحی قازی لە ژمارە ١٢٣ی «نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه آذرابادگان»دا نووسیویەتی و پاشان بە شێوەی نامیلکەیەکیش بڵاوکراوەتەوە.

وتارەکە باسی «عەبدوڵڵاخانی موکری» کوڕی بوداقخان دەکا و بوداقخانیش لە ساڵی ١٢٠١ی ق/ ١٧٨٦ ـ ٧ حاکمی سابڵاغ بووە. (ناوی سابڵاغ ساڵی ١٣١٤ی ش/ ١٩٣٥ی ز، کراوەتە مەهاباد). بەگوێرەی وتارەکە عەبدوڵڵاخان لە ماوەی حکوومەتی خۆیدا هەمیشە لەگەڵ «ئاغاواتی دێبوکری» لە کێشە و شەڕ و هەرادا بووە و لە ١٦ی ڕەبیعی دووهەمی ١٢٥٦دا هەباسئاغای دێبوکریی لە سابڵاغ کوشتووە. بەو بۆنەیەوە بەیتێکی فۆلکلۆری گوتراوە کە بەو شێوەیە دەست پێدەکا:

**خالق! هەر تۆ بێفکری**
**ڕەبی! هەر تۆ بێفکری**

بەیتەکە هەندێ ئاماژەی بە ناوچە و کەسانی خەڵکی موکریانی تێدایە:

**هەباساغای دێبوکری — بابی قەرەنی و قادری...**
**یاغی بوون دێبوکریانە — هەباساغا گەورەی وانە**
**دارەلەک بە قوڕێ گیراوە — ئاو زۆرە دەڵێی سێلاوە**
**جوابێکی نارد بۆ حەمامیان — لەشکر بێ وەکوو بای زریان**

لە پەڕاوێزی لاپەڕە ٤١٤ ـ ٤١٥ شدا لە زمان نەمر عومەرئاغای عەلیارەوە گوتراوە:

«باپیرەگەورەی تایفەی دێبوکری، ئەحمەدئاغا» بووە. کوڕی ئەحمەدئاغا ناوی عارەبئاغا بووە و کوڕی عارەبئاغاش بەیرەمئاغا. بەیرەمئاغا لە دیاربەکرەوە هاتۆتە موکریان لە دێبوکری ئێستا نیشتەجێ بووە.

بەیرەمئاغا پێنج کوڕی بووە بەو ناوانە: ڕەسووڵ، سلێمان، شێخئاغا، ئەحمەد و مامەسوور. ڕەسووڵئاغاش سێ کوڕی بووە بەناوی عەباس، مەعرووف و محەممەد.

مارفئاغا حەوت کوڕی بووە بەناوی محەممەد (ئێلخانی)، ئەحمەد، سلێمان، گوڵاوی، مامەند، سوڵتان و برایم.

حاجی محەممەدئاغای ئێلخانی کوڕی مارفئاغا سێ کوڕی بووە بە ناوی: مەحموودئاغا، عەلیاغا عەلیار (ئێلخانیزادە) و حاجی بایزئاغا...

مادده تەئریخی مردنی عەباسئاغا دێبوکری، وشەی «روغن»ە، کە دەکاتە ساڵی ١٢٥٦.[١]

١. نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه آذرابادگان، پائیز ٢٥٣٦، سال ٢٩، شماره مسلسل ١٢٣.

## هۆزی فەیزوڵڵابەگی

مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران) و پرۆفیسۆرێکی زانستگە لە ئاڵمان بەناوی وۆلفگانگ ڕوودۆڵف (Wolfgang Rudolf) پێکەوە لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر هۆزی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و باشووری ڕۆژهەڵاتی سەقز کردووە کە سەرەتا بە زمانی ئاڵمانی لە ساڵی ١٩٦٧دا بڵاوکراوەتەوە و پاشان دوکتۆر ناجی عەباس ئەحمەد وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی و لە بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە (١٩٧٧).

بابەتەکە مێژوولکەیەکی بەسوودی هۆز و هەروەها ناوچەی فەیزوڵڵابەگییەکانە و بۆ ناسینی مێژووی دوو سەدەی ڕابردووی ناوچەی بۆکان یەک لەو سەرچاوانەیە کە ناکرێ چاویان لێ بپۆشرێ.

لە کۆتایی بابەتەکەدا، شەجەرەنامەیەکی هۆزی فەیزوڵڵابەگی چاپ کراوە کە پێکهێنەرەکەی کاک حەسەن سەلاحە. کاک حەسەن ئەو شەجەرەنامەیەی بە زمانی فارسی ئامادە کردووە و لە ساڵانی ١٣٤٤/ ١٩٦٥دا لە تەورێز چاپی کردووە. هەر دوو سەرچاوەکە لە پەیوەندیی مێژووی ناوچەی بۆکاندا گەلێک بەنرخن.[١]

---

١. وۆلفگانگ ڕوودۆڵف و حەسەن سەلاح (سۆران)، «هۆزی فەیزوڵڵابەگی بانی بۆکان (مێژوویەکی کورتی بنەماڵەیەکی بەگزادەی کورد)»، وەرگێڕانی د. ناجی عەباس ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی پێنجەم، بەغدا، ١٩٧٧.

## بنەماڵەی عەبدوڕڕەحمان‌بەگی موکری

کتێبـی گەلێـک بەنرخی کاک ئیرەج ناهید سـەبارەت بە وەچەی عەبدوڕڕەحمان‌بەگی موکری ـ کە فەیزوڵڵابەگییەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و باکووری سەقز بەشێک لەوانن ـ لە ڕاستی‌دا درێژەی کاری مامۆستایان حەسەنی سەلاح، محەممەدی ڕۆستەم‌زادە و مەحموودی ئیشـراقییە و ڕووناکییەکی زیاتری خسـتۆتە سەر مێژووی بنەماڵەیەکی ڕووناکبیر و هونەرمەند کە لەم ڕوانگەیەوە، لە ناوچەکەدا دیاردەیەکی دەگمەنن.

ئەوەی لە کتێبەکە دەردەکەوێ ڕاستییەکە، کە وا هەیە زۆربەی زۆری ئێمە نەیزانین: فەیزوڵڵابەگییـەکان بە بنەچەک دەگەڕێنەوە سـەر هۆزی خاوەن‌دەسـەڵاتی موکری. بەگوێرەی نووسـینی کاک ئیرەج، ئاغا عەبدوڕڕەحمان‌بەگی موکری لە سـەروبەندی ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی ١٨٣٤ ـ ١٨٣٥ی زایینی‌دا، لە سابڵاغ ژیاوە و خاوەنی سێ پارچە ئاوایی تیکانتەپە و باخچە و ساروقامیش بووە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان. فەیزوڵڵابەگ و سوڵتان‌بەگی کوڕانی عەبدوڕڕەحمان‌بەگ، بەتایبەت یەکەمیان، پەرەیان بە دەسەڵاتداری و مڵکداریی خۆیان داوە، بوونەتە هێزێکی گەورەی ناوچەکە لە هەوشار تا سەر چۆمی جەخەتوو و هەندێک جار ئەوبەری چۆمەکەش.

فەیزوڵڵابەگییـەکان لـە ڕێگـەی ژن و ژنخوازییـەوە لەگـەڵ نەمر سـەیفولقوزاتی قازی و بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەد بوونەتە خزم و چوونەتە ڕیزی خەباتکارانی کۆماری کوردسـتانەوە (١٩٤٦) و لای‌کەم حەوت ئەندامی بنەماڵەکەیان لە سـەقز و یەکیان لە بۆکان (شەهید عەلی‌بەگی یەکشەوە) لە داری بێداد دراون (١٩٤٧).

کتێبـی کاک ئیـرەج گەلێـک بـە پوختـی نووسـراوە، واتـە بابەتـەکان بەکورتـی بڕوانەتـەوە، لـە کاتێک‌دا زۆربـەی ئـەو ڕووداوانـەی وا لـە لاپـەڕەکان‌دا ڕەنگیـان داوەتـەوە باس‌وخواسـی بـە وردەڕیشـاڵ هەڵدەگرن و بـۆ ئەوە دەبـن چەند بەرگ کتێبیـان لەسـەر بنووسـرێ. هیـوادارم کاک ئیرەج خۆی و لاوانـی بنەماڵەی خاوەن فەرهەنگی فەیزوڵڵابەگی ئەم ئەرکە پێویسـتە ڕاپەڕێنن و ئێمە لە داهاتوویەکی نەک

دووردا، چاومـان بـە چەنـد بـەرگ کتێبـی تـازەی ئەم بـوارە گرنگـە ڕوون ببێتەوە. کتێبەکە بە وێنەی کەسان و نەقشە و شەجەرەنامە و وێنەی بەردی قەبری زۆرێک لە ناودارانی بنەماڵەکە ڕازاوەتەوە کە بایەخی بەڵگەنامەیی زیاتری پێدەدەن.

ئەوەی لە کتێبی کاک ئیرەجدا نادیار بێ ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگیدا و پەیوەندە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکانن. هیوادارم نووسەر خـۆی یـا کەسـانی تر لـە داهاتوودا ئـاوڕ لەم بـوارە گرنگانـە بدەنـەوە و بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

زۆربـەی هـەرە زۆری کتێبەکـە تایبەتە بە ناوچەی بۆکانەوە و پێویسـت ناکا بۆ ئەم کارە ژمارەی لاپەڕەکان دەسنیشان بکەم.[1]

١. ایـرج ناهیـد، «نظری به خانواده عبدالرحمن‌بیگ مکری»، ناشـر: نویسـنده (؟)، سـال چاپ ٢٠٠٩/١٣٨٨ (؟)، ١٦٧ صفحه، فارسی.

## عێلی بارزان

توێژەری ناسراوی کورد، دوکتۆر محەممەدعەلی سوڵتانی، لە ساڵی ۲۰۰۴دا بەرگێک کتێبی لە تاران بڵاوکردەوە کە ناوی «بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی عێلی بارزان»ە. لە کتێبەکەدا سـەرەتایەک سـەبارەت بە وشەی «بارزان» نووسراوە، ئینجا زانیارییەکی زۆر لە پەیوەندیی پێشـینەی ئایینی ـ سیاسـی بارزانییەکان ڕاگەیەنراوە کە بۆ خوێنەری فارس گەلێک بەسوود دەبێ.

بەشـی دووهەمـی کتێبەکـە، چـاپ کـراوەی سـەرلەنوێی کتێبی «اسـرار بارزان» نووسـینی نەمر دوکتۆر ئیسـماعیلی ئەڕدەڵانە کە سـەرەتا لە سـاڵی ۱۳۲۵/ ۱۹۴۶دا چاپ کرابوو و چیتر نوسخەی بەدەست کەسەوە نەمابوو.

بەشی سەرەکیی کتێبەکە، بریتییە لە چاپ کردنی ۴۴۶ بەڵگەنامەی ساواک و سپا و دەزگا حکوومەتییەکانـی دیکـەی ئێـران لە پەیوەندیی بارزانییەکاندا ـ هەر لە سـاڵی ۱۹۴۵ەوە تا ۱۹۷۶. بەشـەکانی کۆتایی کتێبەکە بریتین لە وێنە و ژیاننامەی هەندێک کەسـایەتی کـورد. بەڵگەنامـەکان بەشـێکی زۆریان هەر ئەوانەن وا پێشـتر لە کتێبی «چپ در ایران ...»دا بڵاوبوونەتەوە و من لەم وتارانەدا ئاماژەم پێکردووە.

کتێبی کاک محەممەدعەلی سـوڵتانی هەر لە یەکەم بەڵگەنامەوە کە پەیوەندی بە گوندی «سەرا»وە پەیدا دەکا تا بەڵگەی ژمارە ۳، کە باسی هاتنی نەمر مەلا مستەفای بارزانـی بـۆ بۆکانـە و ژمارە ۷، کە باسـی چوونی حاجی بابەشـێخی سـەیادەتە بۆ سـەقز، گەلێـک بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکانیان تێـدا دەبیندرێ. بەڵگەنامەکانی ژمارە ۲۵، ۴۱، ۴۶ سـەبارەتن بە (قاسـم ئێلخانیزادە، ئیبراهیم عەلیار)؛ ۲۴۹ (حسێن فاتحی، فەتحوڵڵا سنەیی، ڕەحمانی کوڕی رسووڵ لە بەردەزەرد و مەلا سوڵتان لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی)؛ ۳۸۱ (حەسەن زیرەک)؛ ۲۸۵ (سەلاح موهتەدی، محەممەد ئێلخانیزادە، عەبدوڵـڵا ئێلخانـیزادە)؛ ۳۰۴ (سـەلاح موهتـەدی)؛ ۳۰۹ (دادخوا، ئەمیـری، محەممەد عەباسـی)؛ ۳۲۲ (موعەللیمانی بۆکان)؛ ۳۲۴ (سـوارە ئێلخانیزادە، سـەعد موهتەدی،

دێهبانی بۆگەبەسی [کە دەبێ شۆرەتی قەدیمی بێ]، هەروەها ٣٣٠ (هەمان دێهبانی بۆگەبەسی، محەممەد بوداقی، ئاغاواتی بۆکان)[1]

١. محمد علی سلطانی، «اوضاع سیاسی، اجتماعی، تاریخی ایل بارزان»، بانضمام «اسرار بارزان» نوشته دکتر اسماعیل اردلان، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران ١٣٨٣/ ٢٠٠٤، ٦٧٧ صفحه، فارسی.

## مێژووی هۆزی بڵباس

لەسەر مێژووی هۆز و تیرە و تایفەی کۆنی کورد کاری کەم کراوە. بنەچەکی هەرکام لە ئێمە لە ڕابردووی دوور یا نزیکدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر هۆزێک لە هۆزەکان و بەگشتی کۆمەڵگای کورد پێشینەیەکی بەهێزی هۆزایەتی و پەیوەندیی عەشیرەیی و خوێنیی هەیە.

ناوچەی موکریان بەگشتی مۆرکی بڵباسەکانی بەسەرەوەیە کە یەکییەتی یا کۆنفدراسیۆنێکی پێکهاتوو لە چەند هۆزی سەربەخۆ بووە. بەگوێرەی شەرەفنامە، ئەو پێکهاتەیە بریتی بوون لە ١٠ تیرە و بەرەباب و لە سەردەمێکی نوێتردا لە مەنگوڕ و مامەش و پیران (هەروەها «دەلۆ»، «ورمزیار»، «سن» و «ڕەمک» ) پێکهاتووە.

دیارە ئەم پێکهاتەیە هۆزە سەرەکییەکانی بۆکان و دەوروبەری، واتە گەورک و دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی ناگرێتەوە، بەڵام ئەندامانی هۆزەکانی نێو بڵباس تێکەڵاوی و کۆچ و هاتوچۆیان لەگەڵ ناوچەی بۆکانیش هەبووە و بۆ نموونە ئەندامی «ورمزیاری»یەکان لە بۆکان بوون و هەن، یاخود «سەکری» کە بەگوێرەی کتێبی جێباسی ئەمجارە، یەک لە تیرەکانی بڵباسە، لە گوندی حەساری لای بۆکان هەبوون و پاشان هاتنە بۆکان و ناسناوی خۆیان لە «سەکری»یەوە کردە «شوکری».

کتێبی «مێژوویی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ» نووسینی کاک مەحموود ئەحمەد محەممەد، بەرگی یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی باش و بەبەڵگەیە لەمەڕ بڵباسەکان، کە هیوادارم بەرگی دیکەشی بەدوادا بڵاوبکرێتەوە. کتێبەکە بە شێوازێکی ئوسوولی تیرە و تایفەی بڵباسی ناساندوون و کەسایەتیی ناوداری هەرکام، هەروەها گوند و ناوچەی ژیانی هەموویانی ناساندوون. بۆ نموونە دەڵێ «بەیتی کانەبی» بۆ کانەبی فەقێ وەیسی گوتراوە کە هۆزی «ڕەمەک» یا «ڕاماک» یا «ڕامەک» یا «ڕێمێک»ی بڵباس بووە. (لاپەڕە ٢١٠). [من ئەو بەیتەم بە دەنگی نەمر «حەمەجان» گوێ لێبووە کە باسی شەڕی مەراغە دەکا. حەمەجان خۆی خەڵکی سێوەدینی لای بۆکان بوو.]

یـا لـە باسـی هـۆزی ورمزیار (یـا «هوڵمزیار» یـا «وڵمزیار» )دا دەنووسـێ کە لە دەوروبەری شاری سەقزیش ژیاون (لاپەڕە ٢١٥).

کتێبەکە وەک بەشێک لە مێژووی بڵباس، باسی «موکریقڕان»ی مەراغە لە ساڵی ١١٩٨ی کۆچی و ١٧٨٣ی زایینی، هەروەها شۆڕشی شێخ عوبەیدیللا و هاتنی شێخ قـادری کـوڕی بۆ ناوچەکـە و هاوکاریی هۆزی مەنگوڕ و مەزنـی هۆزەکە هەمزاغا لەگەڵ شۆڕشەکە دەکا (ساڵی ١٨٨٠).

لە کتێبەکەدا خوێنەر تووشـی سەرسـامی دەبێ کە چۆن و بۆچی هۆزێک وەک بڵبـاس و ناوچەیەکـی وەک موکریـان بـە درێژایـی مێـژووی چەنـد سـەدەیی خۆی کەوتبێتە بەر هێرشـی بێوچانی نەک هەر داگیرکەری عەجەم و عوسـمانی، بەڵکوو داردەستە کوردەکانیش. ئەوە لیستەیەک لە هێرشەکانی سەر بڵباس:

- هێرشی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان (٢ جار) (دوای ١٦١٢ و ١٦٣٥؟) لاپەڕە ٤٤؛
- هێرشی عەباس‌خان زیادئۆغلوو و میر حسێن‌خانی لوڕ (پێش ١٦٩٨): «قڕانێکی خستە کوردەکانی ئەو مەڵبەندانە کە تەتاریش دەسکیان کە دوو نەکردەوە»، لاپەڕە ٥٨؛
- هێرشی حەسەن‌پاشای والی بەغدا (١٧١٢)، لاپەڕە ٦٦؛
- هێرشی ئەحمەدپاشای والی بەغدا (١٧٣٧)، لاپەڕە ٦٩؛
- هێرشی سوبحان وێردیخانی ئەردەڵان (١٧٤١)، لاپەڕە ٧٢؛
- هێرشی خان ئەحمەدخانی کوڕی خوسرەوخانی ئەردەڵان (١٧٨٩)، لاپەڕە ٧٩؛
- هێرشی عەلی والی‌پاشا والی بەغدا (١٨٠٢)، لاپەڕە ٨٣؛
- نیشـتەجێکردنی خێڵی قەرەپەپاغ لە دەشـتی سـندووس، کە بەدەست بڵباسەوە بوو لەلایەن قاجارەکانەوە (١٨١١)، لاپەڕە ٨٧؛
- موکریقڕانی شـا عەباسـی سـەفەوی، هێرشـی والی بەغدا (١٨٦٧) و هێرشـی سپای ئێرانی دوای تێکشکانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا (١٨٨٠) و...

کتێبەکە سـەرچاوەیەکی جێمتمانـە و گرنگە بۆ مێژووی ناوچەکە بە بۆکانەوە، لەبەرئەوەی بۆکانیش لە مەڵبەندەکەدا بووە و هێرشـی ئەردەڵانەکان و ئەوانی تریـش بـە ڕێگای بـۆکاندا کراوە و ئاشـکرایە بۆکانیش لە ئاگری ئەو شـەڕ و

هێرشـکەرییانەدا سـووتاوە. بـۆ نووسـینی مێـژووی بـۆکان لـە دواڕۆژدا، ئەم سەرچاوەیە گەلێک یارمەتیدەر دەبێ.[١]

١. مەحموود ئەحمەد محەممەد، «مێژووی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ»، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاڤگە، سلێمانی، ١٩٨٩، ٢٥٦ لاپەڕە، کوردی.

## بەشی دووهەم

# چاند و هونەر

## چاند و هونەر

### (کتێب، شێعر، چیرۆک، مۆسیقا، وێنە، پەیکەر و فیلم)

لەم بەشەدا هەواڵی ئەو ڕووداوە فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەرییانە دەکەونە بەرچاو کە هەرکام بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە بۆکانەوە بێ و بریتی دەبن لەو کتێب و وتـار و چاپەمەنییـە دەورەیی و ماڵپەڕ و وێنە و فیلـم و کلیپانەی وا بەنێوەرۆکێکی فەرهەنگی هونەرییەوە کەوتبنە بەرچاوم و سۆراغێکی بۆکانم تێدا کردبێتن. دیارە نە توانای من و نە بابەتێکی هەفتانەی وەک ئەم پڕۆژەیە ناتوانێ و نەیانتوانیوە هەموو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بپشکنن و خوێنەریش داخوازی دیاردەیەکی وا نەگونجاویان لە پڕۆژەیەکی وەک ئەوەی من نابێ. لێرەدا دوور نییە بگوترێ باشە باسی ئەم سەرچاوەیە کراوە بۆچی ئەو سەرچاوە تایبەتەی دیکە لە بیرکراوە کە گرنگایەتیی زیاتریشی هەیە؟ من تاوانی ئەوە دەسبەجێ دەگرمە ئەستۆ، بەڵام من تاکێکم لە دوورەوڵاتی دەژیم و سەر بە هیچ ڕێکخراوە و ئەنجومەنێکیش نیم جگە لە ئەنجومەنی قەڵەمی بریتانیا،[1] لە ماوەی نووسینی ئەم وتارانەشدا پێنج ڕۆژی هەفتە لە دەرەوەی ماڵ بە ئیشوکاری

١. چەند ساڵێک پێش ئێستاش بە فەرمانی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و بەبێ داواکاری و ئاگاداریی خۆم، وەک ئەندامێکی ئەکادیمیا دەسنیشانکرم. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ نە هەواڵێکم لەو ئەندامییەتییە و ئەرک و کارم پێگەیشتووە، نە پێم گوتراوە قەرارەکە هەڵوەشابێتەوە! ئەو دەم بۆچی وابوو و ئێستا بۆچی وایە، نازانم.

بەڕێوەبردنی ژیانەوە خەریک بووم و تەنیا شەوانە ئەگەر دەرفەتێکم دەست کەوتبێ لـە پەنـای هەواڵەکانی ڕۆژانەدا کتێب و چاپەمەنییـە دەورەیی‌یەکانم لێرەولەوێ یان لەسـەر ئینترنێـت دۆزیوەتەوە و هـەر چۆنێک بووە هەندێک ماتریالـم لە پەیوەندیی بۆکان‌دا لێ‌هەڵکراندوون بۆ ئەوەی پێش ڕۆژانی شەممە کە وتارەکە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهـەڵات/ بـۆکان بـڵاو دەبـۆوە، گەڵاڵەی بکـەم و بینێرم بۆ لای سەرنووسـەری ماڵپەڕ، تەنانەت ئەگەر پشـوویەکی هاوینەشـم بووبێ، کتێبـم لەگەڵ خۆم بردووە و یادداشـتم لەبـەر هەڵگرتۆتەوە بـۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا بیکەم بـە وتارێک و نەهێڵم وچان بکەوێتە کارێکەوە کە خۆشم ویستووە. هەموو ئەوانەشم داناوە لە پەنا کاری دیکەی نووسـین و ڕانانی کتێب بۆ ئەم ڕادیۆ یان ئەو تەلەفیزیۆن و ئەو گۆڤار یان ڕۆژنامەی کوردی.»

# شوێنە فەرهەنگییەکان

## خانووبەرە مێژووییەکان

لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتووی جیهان ڕەسم وایە تابلۆیەکی بچووک بە دیواری ئەو ماڵانەوە دەدەن کە پێشتر کەسایەتییەکی گرنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و زانستیی تێدا ژیاوە و لەسەری دەنووسن فڵانەکەس لە نێوان ئەو ساڵە دیاریکراوانەدا لەم شوێنە تایبەتە ژیاوە، یاخود کاونسڵ (شووڕای شار) یان حکوومەتی ناوەندی ماڵەکە دەکڕێتەوە و دیکۆڕاسیۆنی ئەو ساڵانەی تێدا پێکدەهێنێ و ئاسەوارەکانی ئەو کەسایەتییەی لێ‌دادەنێ و دەیکاتە شوێنێکی توورستی بۆ سەردان و چاولێکردنی خەڵکی خۆیی و بیانی.

ئێمە تا ئەو قۆناغە و بە ڕێوەچوونی بەرنامەیەکی ئەوتۆ، ڕێگای دوورمان لە بەرە و هەرگیز داگیرکەرانی تورک و ئێرانی ئیجازەی کاری وامان پێ‌نادەن، واتە دەبێ سەرەتا کەیانێکی خۆیی نەتەوایەتیمان هەبێ ئینجا بەرەو کاری وا بئاژوێین، بەڵام بۆ ئەوەی سەرەهەودای مەسەلەکان ون نەبن و لە دوارۆژدا بزانین کێ‌کێ بووە، پێویستە هەر لە ئێستاوە شوێنەوارەکان لە سەرانسەری کوردستان‌دا دیاری بکەین و بیاننووسین.

لە بۆکان هەندێک خانووبەرە هەن کە شوێنی ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکان بوون و بەداخەوە بەهۆی شێوازی کۆنی میعماری و کەرەسەی خراپی بیناسازییەوە ڕووخاون و نەماون یا لەبەر هۆکاری سیاسی کەوتوونەتە بەر هێرشی حکوومەتی عەجەمان (بۆ نموونە، قەڵای سەردار کە لەجیاتی پاراستن و نوێ‌کردنەوە، پاسدارەکان ڕووخاندیان و لە ناویان برد). لە بارودۆخێکی وادا، گرنگ ئەوەیە ئێمە شوێنەکانمان

لـە بیـر نەچـێ بـۆ ئـەوەی لـە دوارۆژدا بتوانـرێ دەسنیشـان بکرێنـەوە و یادیـان زیندوو ڕابگیرێ:

**ای خاک! اگر سینه تو بشکافند**

**بس گوهر قیمتی که در سینه توست (خیام)**

بـۆ ئـەم کارە پێویسـتە شـوێنی هـەرکام لـەو ماڵانە بـەوردی دیـاری بکرێن و بنووسـرێن. بـۆ نموونە، مامۆسـتا هەژار لە سـاڵانی لاوییەتیی‌دا ماڵـی لە تەرەغەوە هاتۆتـە بـۆکان لەگـەڵ بنەماڵەکـەی لەو ماڵەدا ژیـاون کە دواتر بوو بـە ماڵی خاتوو «فاتـم فەرهـاد» و «حاجی سـەعیدی موبارەکی». من ئێسـتا زیاد لە ٤٠ سـاڵە بۆکانم نەدیتـووە و نازانـم چـی بەسـەر ئـەو ماڵە هاتـووە، بـەڵام دەتوانم شـوێنەکەی بەو شـێوەیە دیـاری بکـەم: لە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی مزگەوتی جامیع، خـوار ماڵی مەلا عیسامەددینی شەفیعی، باکووری ماڵی ساڵەخانی نەسیری، کە گوایە ئێستا کەوتۆتە بەری باشـووری ئەو خیابانە تازەیەی وا لە نێوان خیابانی سـەرەکیی شـار و لای حەوزەگەورەوە تا خیابانی سەقز لێدراوە.

لەسـەر ئەم پێوشـوێنە پێویستە کۆمەڵێک خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێ بوون پارێـزراو بـن، ماڵی کەسـانێکی وەک: قازی کاکەحەمەی قزڵجـی، مەلا عەلی قزڵجی، مەلا حەسـەنی قزڵجی، حەقیقی، ئەفخەم، میرزا عەبدوڵڵا ئەفخەمی، برایمی ئەفخەمی، مەلا هادی ئەفخەمزادە، سـەلاحەددینی موهتەدی، سـوارە ئێلخانی‌زادە سـمایل‌خانی فەڕڕوخی، مامۆستا سەید حەسەنی کازمی، سەید عەبدوڵڵای کازمی، عەبدوڕڕەحمانی ددانسـاز، سـەیدی بەننا، دوکتۆر سـەلامەتبەخش، حاجی قاسـم کەریمی، عەبدوڵڵا ئێرانـی، میـرزا حەمەڕەئووفـی خەیـات، عەلـی میرەبەگ، حسـێنی فاتحـی، عومەری سوڵتانی وەفا، حوسێنی تەهایی، میرزا برایمی حەریری، مەحموودی ڕەزایی، حوسێنی مەجیـدی (قارەمانی ڕاپەڕینی سـاڵی ١٣٣٢ی بۆکان)، مەلا عیسـامەددینی شـەفیعی، مەلا ئەبووبەکری شـەفیعی، دوکتۆر جەعفەری شـەفیعی، وەستا قەفاری بەننا، ماڵی جووەکان، ئەرمەنی، بەهایی و پەیڕەوانی ئایینەکانی تر؛ هەروەها ماڵی ئەو کەسانەی وا خەڵکی بۆکان نەبوون، بەڵام بۆ ماوەیەک لە بۆکان ژیاون و دەوریان هەبووە لە

ڕەوتـی ژیانـی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی بۆکاندا، بۆ نموونە: حاجی شـەیبانی (یەکەم سـەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان لە ١٣١٥)، کاک ئەحمەدی قازی، کاک ڕەحمانی مودەرریسـی، کاک حەبیبوڵـڵا تابانـی، کاک فەتاحـی ئەمیری، شـاعیرە گەنجترەکان وەک کاک سـەعید نەجاڕی (ئاسـۆ)، کاریکاتۆریستەکانی وەک برایانی قوەڕەیشی و وەرگێڕێکـی وەک کاک محەممـەد ڕەمەزانـی و گۆرانیبێـژان و هونەرمەندانی وەک: حەسەن زیرەک، قالەمەڕە، حەمەحسێنی ڕەوشەنفکر، عەلی خەندان، حەسەنی دەرزی و عەبـە دەڕژێ و بەیتبێژانـی وەک عەلـی کـەردار و حەمەجـان و سـەدان نـاوی تر کە من لە بیرم نەماون، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک دەیانناسن.

هەر بەڕاستی حەیف نییەماڵی حەسەن زیرەک ون بێ؟

پێویسـتە شـوێن و ڕێکەوتی ژیان و کاری هەر کامیان بەوردی دیاری بکرێ و بنووسرێ، ئەوەش کاری لاوە دەست بە قەڵەمەکانە لە بۆکان. ئەوە ئێوە و ئەوەش ئەم ئەرکە گرنگە!

## بنکەی فەرهەنگیی حەمامیان

لە ژمارە ٧٥ و ٧٧ی گۆڤاری «مەهاباد»دا بەڕێزان محەممەد ئەحمەدیان و مستەفا ئێلخانیزادە دوو وتاریان لەسەر «بنکەی فەرهەنگیی حەمامیان»ی بۆکان نووسیوە و تێیاندا باسی خوێندەوار و مەلا و فەقێ و ئاغای گوندەکەیان کردووە. زانیاریی نێو وتارەکان دەریدەخا کە حەمامیان و مزگەوت و حوجرەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا کۆتاییيەکانی سەدە، بنکەیەکی گرنگی فەرهەنگی بوون و گەلێک زانا و مەلایان لێ پەروەردە کراون، کە دواتر لە ڕەوتی سیاسی ـ فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوری گرنگیان بینیوە.

وتارەکان هەروەها زانیاریی باشمان سەبارەت بە گومبەزی حەمامیان دەدەنێ کە لەوێدا هەندێک مەزنەپیاوی ناوچەکە و سەرۆکهۆزانی دێبوکری نێژراوان و بەردی گڵکۆیان بە خەتی خەباتکاری ڕێگەی کوردایەتی، نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی، نووسراوە.

ئەم دوو وتارە بۆ نەوەی تازە و ئەوانەی وا ئاگاداریی زۆریان لە مێژووی فەرهەنگیی ناوچەکە نییە گەلێک بەسوودە، بەڵام گەورەیی بنکە و دوورودرێژی چالاکییەکانی حوجرە و مزگەوتی حەمامیان ئەوە هەڵدەگرێ کە ئەم برایانە و نووسەرانی دیکەی ناوچەکە ئاوڕی جیددیتر لە حەمامیان بدەنەوە، ژیاننامەی مەزنەپیاوانی پەیوەندیدار بە حەمامیان بنووسن، وێنەی خۆیان و گڵکۆیان هەڵبگرن و تەنانەت فیلمی ڤیدیۆ لە گومبەز و دیوەخان و دانیشتووان و بارودۆخی سیاسی ـ ئابووریی گوند و ناوچەکەی لێ زیاد بکەن و ئیتر بیکەنە کارێکی کارستان.

کاتێ باسی ئابووریی گوندەکە دەکەم، دە بێ بۆ زانیاریی خوێنەر بڵێم تا ٤٠ ـ ٥٠ ساڵی ڕابردووش حەمامیان ناوەندێکی کشتوکاڵیی گرنگ بوو و بەشێک لە برنج و گەنم و پێخۆری خەڵکی ناوچەکە لەوێ بەرهەم دەهات.

لێرەدا دەبێ بڵێم کە لە هەر دوو ژمارەی ناوبراوی گۆڤارەکەدا، وتاری بەکەڵکی

دیکەش سەبارەت بە بۆکان چاپ کراون و لەوانە، وتارێکە بە قەڵەمی کاک مستەفا کاوە بەناوی «بۆکان» کە لە بنەماکانی «ناو»ی بۆکانی کۆڵیوەتەوە و زۆرێکی تریش.[١]

١. گۆڤاری «مەهاباد»، ساڵی حەوتەم، ژمارە ٧٥ و ٧٧، ساڵی ١٣٨٦/ ٢٠٠٧، مەهاباد.

## «سینەما سەعدی»ی بۆکان

بە ئەرکم زانی وەک سەرەتایەک بۆ گردوکۆی زانیاری لەسەر ئەو سینەمایەی وا لە سەرەتای ساڵانی ١٣٤٠ (واتە شەستەکانی زایینی)دا لە بۆکان بنیاتنرا و دوای چەند ساڵێک بە ئاگر سووتا، بابەتێکی کورتیش بێ بنووسم، ئینجا داوا لەو کەسانە بکەم کە شارەزایی زیاتریان لەسەر مەسەلەکە هەیە، بەتایبەت ئەوانەی وا لە نێوخۆی وڵات دەژین، کاری زیاتر و بەبەڵگەتر لەسەر بابەتەکە بکەن و هاوڕێ لەگەڵ وێنەی کۆنی ئەو ساڵانە و ناوی هەندێک لە فیلمەکان زانیارییەکی زیاتر بۆ مێژووی شار و ناوچەکە تۆمار بکەن؛ بەتایبەت دەوری کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگیی سینەماکە لە بۆکان شی بکەنەوە. بەختەوەرانە ڕێزدار برایم فەڕشی کە پسپۆڕی بواری شانۆگەرییە و پێشتریش سەبارەت بە سینەمای بۆکان بابەتی نووسیوە، پێی ڕاگەیاندم کە وتارێکی نوێ سەبارەت بە سینەما سەعدی دەنووسێ. ئەوە هەنگاوێکی بەجێیە و هیوادارم دواتر هەمان ئەو وتارە لێرەشدا بڵاوبکەمەوە.

بە بۆچوونی من سینەمای بۆکان، بەتایبەت لە ساڵانێکدا کە هێشتا تەلەفیزیۆن نەهاتبووە ناوچەکە، دەورێکی گەلێک گرنگی لە بواری ناسیاو کردنی خەڵک بە سینەمای ئێران و جیهان بینی و بەتایبەت بۆ کچان و ژنان کە کەمتر لە ماڵ دەچوونە دەرەوە و کەمتریش هاتوچۆی شارانی دیکەیان دەکرد، دیاردەیەکی گەلێک گرنگ بوو. لەو ساڵانەدا پەیوەندیی نێوان شارەکان وەک ئەمڕۆ نەبوو و گەنج و لاو، بەتایبەت کچان و ژنان، دەرەتانی سەفەر و هاتوچۆیان وەک ئەمڕۆ بۆ نەڕەخسابوو. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش کە بەشی بنەماڵەیی نێو هۆڵی سینەمای بۆکان لە بەشی خەڵکانی ڕەبەن جیاکرابۆوە، دانیشتنی ژنان لە شوێنێک کە پیاوی بێگانەی لێبوون، خۆی لەخۆیدا هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە.

لەبیرمە ساڵی ١٣٣٨ ـ ٣٩، کاتێ کە لە بۆکان قوتابی پۆلی ١٠ی ناوەندی بووم، مامۆستای گەلێک بەڕێزم کاک ئەحمەدی قازی سەرۆکی دەبیرستان و مامۆستای

زمانـی ئینگلیـزی و ئەدەبیاتمان بوو. ڕۆژێک مامۆسـتا ئەحمەد لێی پرسـین کامتان سینەماتان بینیوە؟ وا بزانم تەنیا دوو کەس لە پۆلەکەدا سینەمایان دیتبوو! جا گوتی بۆ وانەی ئینشـای ئەم هەفتەیە، بنووسـن: «عجیب است انسان در قرن بیستم سینما ندیده باشد!» ئەو دەم هێشتا سینەما لە بۆکان دروست نەکرابوو و وا بزانم ساڵێک یا دوو ساڵ دواتر کرایەوە.

لە سینەمای بۆکان‌دا ڕادەی هونەری و کۆمەڵایەتیی فیلمەکان گەلێک نزم بوو و کەمتـر وابـوو فیلمـی چاک، بە پێوانـەی تاران و تەورێز، بگاتە بۆکان، بەڵام نەفسـی کارەکە ڕچەشکێنییەکی گرنگ بوو و ئەگەر ئێران تووشی مۆتەکەی مەلاکان نەبووایە، چاوەڕوانی دروست بوونی سینەمای چاکتر و پیشاندانی فیلمی باشتریشی لێ‌دەکرا، بەڵام سـینەماکە پێش هاتنە سـەر کاری مەلاکان سـووتا و ئیتر چاک نەکرایەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەدوادا هات و کەس لە بیری فیلم و سینەمادا نەما؛ ئێستاش خۆ جگە لە مزگەوت و حوسێنییە و تەکیە، حاشا لە ئێران دوو خشت بۆ سینەما و شانۆ و شتی وا لەسەر یەکتر دابندرێ ئەویش لە کوردستان و لە شوێنێکی وەک بۆکان![1]

من لە سـاڵانی سـەرەتای دروسـت بوونی سـینەما لە بۆکان‌دا مامۆسـتای گوند بووم و وا هەبوو لە هاتنەوەی شـاردا جاروبارەش بچوومایەتە سـینەما، بەڵام لام وا نییـە ئـەو شـتە سـەرجەم لە سـێ‌چوار جار تێپـەڕ بووبێ، لەبـەروەی دوای دوو سـاڵ مامۆسـتایی لـە گوندەکانی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٣٤٤دا وەک زۆرێکی دیکە لـە مامۆسـتایانی مەهابـاد و سـەقز و بـۆکان، منیـش شـاربەدەر کـرام و نێردرامە ئەراکی سـوڵتاناباد تا شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧یش بۆ ئیش‌وکار نەگەڕامەوە بۆکان و سەردانەکانیشـم کـورت بـوون و بەشـی ئـەوەی تێـدا نەبـوو بچم بۆ سـینەما. هەر بۆیەش ئاگاداریم لەسـەر مەسـەلەی سـینەمای بۆکان یەکجار کەمە و بۆ نووسـینی ئـەم بابەتە تـکای یارمەتیم لە هەندێک برادەری بەڕێزم کرد و ئەوەی لە خوارەوەدا

---

١. لە هەواڵەکانی ڕۆژی ٢٠١١/٨/٥ی ماڵپەڕی «پەیامنێر»دا خوێندمەوە تا کۆتایی ئەمساڵ ٣٣ سـینەما و شـوێنی پیشـاندانی فیلم لە پارێزگای هەولێر دەکرێنەوە. ئەوە شـوێنێک کە کورد خاوەنی خاکی خۆیەتی و ئەوەی بۆکانیش لە وڵاتێکدا کە بێگانە بەسەری‌دا زاڵە!

دەیخوێننــەوە مێژوولکەیەکـی کورت و ناتەواوە کە بەگشــتی لە نامە و ئیمەیلی کاک ڕەحیـم بەهـرامزادە پێکهاتـووە و کاک عومـەری حەمیـدی و کاک نـادر فەتحـی و دوکتـۆر کامـران ئەمینئاوەش چەند بابەت و زانیاریی زیاتریان خسـتۆتە سـەر؛ وا هەیە چەند دێڕیشم خۆم لێ زیاد کردبێ.

تا ڕوون بوونەوەی تەواوی ڕێکەوتی ڕووداوەکان، من ساڵی دامەزرانی سینەما لە بۆکان بە ١٣٤١ ـ ١٣٤٢ دادەنێم (کە دەکاتە ١٩٦٢ ـ ١٩٦٣ی زایینی)، دڵنیاشم هەر لەو سـەروحەدەدا بنیاتنراوە. سـاڵی سـووتان و لەنێوچوونیشـی بە ١٣٥٦ دادەنێم (١٩٧٧ی زایینی). هۆکاری سووتانەکەشی نازانم. تۆبڵێی هەڵەیەک بووبێتە هۆکاری سووتانی یا دەستێکی چەپەڵ کارەکەی کردبێ؟ لەو ساڵانەدا سینەما سووتاندن باو بوو و بۆ نموونە، «سـینەما ڕێکس»ی ئابادان و سـینەمایەک لە تەورێز لە تەنیشـت تێرمیناڵی ئوتوبووسی باغی گوڵستان.[1]

شـوێنی سـینەما سـەعدی بـۆکان ڕووبـەڕووی دوخانیـات، پەنـای ماڵـی کاک عەبدوڵـڵا شـەرەفکەندی و لـە ماڵی مامۆسـتا حەقیقی شـاعیرەوە زۆر دوور نەبوو. واتـە کەوتبـووە لای ڕۆژهەڵاتی ئاشـی باشـی و بەربەردان و سـەللاخخانە، کە لەو سـاڵانەدا ئاوەدانیـی زۆری لێنەبوو. پۆمپی بەنزینـی ماڵی حەبیبزادە دواتر کەمێک بـەرەو باکوور و لەبەری دوخانیات دروسـتکرا. دواتـر، «نەغدالی»ش مەیخانەکەی هەندێک دوای سینەما کردەوە.

بینایەی سینەماکە خشتی سوور و میچەکەی شیروانی بوو. هۆڵی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی نەبوو و هەموو بیناکە بریتی بوو لە ساڵۆنێک. ئەوەندەی بزانم خاوەنەکەی عەجەمێکـی میانـدواوی بـوو، دواتـر لەگەڵ غەفووری ئاشـناگەر بوو بە شـەریک یا خود پێی فرۆشـت. وەک گوتم زانیاریی من لە سـینەمای بۆکان کەمە و لێرەدا ئەو یادداشتانە دێنم کە چەند برادەری بەڕێزم بۆیان نووسیوم:

«... ئەوەندە دەزانم سینەماکە هی غەفووری ئاشناگەر، کوڕی حاجی خمگەر بوو،

١. من ئەو دەم لە تەورێز دەژیام و ماڵم لەوبەری خیابانەکە، ڕاسـت ڕووبەڕووی سـینەما بووم و بە گەرما و دووکەڵی سووتانەکەی لە خەو هەستام.

بەڵام بەگشـتی کاروباری سـینەماکە بەدەست هەندێک کەسی ئازەربایجانییەوە بوو: ئۆپێراتۆر، ئازەربایجانییەک بوو بەناوی عەلییەشـەل. عەسـکەرئاغا، کە پاسـەبانێکی بازنشستەی ئازەربایجانی بوو، کۆنترۆڵی بلیتەکانی دەکرد. «هەمزەی سینەما»ش کە ئازەربایجانی بوو هەر کۆنترۆڵی بلیتەکانی دەکرد.

ڕەحمانـی یـەدی بلیتفـرۆش بـوو. نەزیر و «عەبدولـی کاوەیی»ش لـەوێ کاریان دەکـرد. کوڕەکانـی مـەولا قولـی و حەسـەنی عەبەسـالار و جاروبـارەش سـەلیمی مام ڕەسـووڵ تەبلیغاتیان دەکرد، واتە پۆسـتێری فیلمەکەیان بۆ لەسـەر تەختەیەک دەدان، تەختـە لـە دارێکـی درێـژ قایـم دەکـرا و ئەوانیـش دەیاننا سەرشـانیان و بە شـەقامی سـەرکیی شـاردا دەیانگێـڕا. تەبلیغاتەکەیان بە فارسـی دەکـرد، بۆ نموونە دەیاننەڕاند «فیلم فلان، سراسر جنگ و خونریزی»! سەعاتی دەسپێکی کاری سینەما چـواری دوانیـوەڕۆ بوو، بەڵام منداڵان لە سـەعات دووەوە لـە بەردەرکی دوخانیات ڕووبەڕووی سینەما ڕادەوەستان تا دەکرایەوە. کاتێ کە ماتۆڕی کارەبای سینەماکە گەرم دەبوو، داوایان هەر لەو منداڵانە دەکرد بە سـەتڵ لە سـەللاخخانەوە ئاوی بۆ بێنن، دەنا لە کاتی خۆیدا دەست پێناکا!

نێو ساڵۆنەکە زۆر خاوێن و ڕێکوپێک نەبوو، کورسییەکانیشی شەقوشڕ بوون. بە گاڵتە دەڵێن کەسـێکی مەهابادی گوتبووی «سـینەمای بۆکان کورسی بۆ دانیشتن نییـە، دەبـێ لەگـەڵ خۆتدا چەلەنگی حەڵەبی بەری لەسـەر دانیشـێ، جـا لەبەرەوەی چەلەنگەکە هی خۆتە، هەرچەند سیئانسیش دانیشی، دەتوانی»!

فیلمـەکان بـە «سـروودی شاهەنشـاهی» دەسـتییان پێدەکـرد و لـە مـاوەی سـروودەکەدا خەڵک دەبووایە هەسـتنە سـەر پێ. «پێشپەردە» نموونەی ئەو فیلمانە بوو کە لە داهاتوودا پیشان دەدران و بەشێکی بەرچاوی کات بەو پێشپەردانە تێپەڕ دەبوو. فیلمی تەبلیغاتیشـی هەبوو، واتە ئەو فیلمانەی وا بۆ نموونە بۆ شـمەکی ماڵ پیشان دەدران و بەشی زۆریان هی دووکانی عومەری سوڵتانی (وەفا) و غەفووری ئاشناگەر بوون.

لـە کاتی نیشـاندانی هـەر فیلمێک چەند جار پشـوو دەدرا و خەڵک لە سـاڵۆنەکە

دەهاتنە دەرێ. ساڵۆنێکی ئینتیزاری وای نەبوو و وا هەبوو خەڵکەکە بۆ پشوودان بێنە بەردەرگای دەرەوە و سەر شەقامەکە! بێپووڵەکان کە بلیتیان پێنەدەکڕدرا، لە بەردەرکە ڕادەوەستان و لە کاتی دەسپێکردنەوەی فیلمەکە خۆیان تێکەڵی ئەوانە دەکرد کە لە ژوورەوە هاتبوونە دەرێ. کاتێ باران دەباری، لە دەرەوە نەدەوەستان و عەسکەرئاغاش پیاوێکی بەبەزەیی بوو و زۆر جار کاتێ دەیبینی کەسێک گزە دەکا و بێ بلیت دەچێتە ژوورەوە خۆی لە گێژی دەدا! یەکێ لە میتۆدەکانی بەکاری دەهێنا بۆ ئەوەی ئەوانی ژوور و دەرەوەی لێ تێکەڵ نەبێ، ئەوە بوو سەتڵێک ئاوی دەهێنا و دەستێکی تەڕی بەسەر ئەوانەدا دەهێنا کە بلیتیان هەبوو. ئەم مەڕاسیمە زۆر لە غوسڵی تەعمیدی کلیسا دەچوو!

خۆشترین شتی سینەما ئەم هەیەجانە بوو کە بینەران نیشانیان دەدا و چەپڵەیان بۆ دەستەی چاکەکان لێدەدا.

نرخی بلیتی بەشی پێشەوە ٥ قڕان، نێوە ڕاست یەک تمەن وهی «لۆژ»یش ١٥ قڕان بوو.

زۆر جار فیلمەکەیان دەپەڕاند. ئیتر نازانم ئەوە لەبەر هۆی تیکنیکی بوو یان عەلییەشەل بەپەلە بوو زووتر بچێتەوەماڵەوە! هەر چی بێ، تەماشاچییەکان دەیانزانی و دەستیان بە فیتوو لێدان دەکرد و زۆر جاریش جنێوی ڕاستەوخۆیان بە عەلییەشەل دەدا. جەماعەتی حەوزەگەورە هەمیشە دژی سانسۆڕ بوون!»[١]

«مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان خۆیان دەچوونە سینەما، بەڵام چوونی منداڵ بۆ سینەمایان پێ چاک نەبوو! جارێکیان لەگەڵ چەند کەس لە دۆستان دوای مەدرەسە چووین بۆ سینەما. هەموومان وەک جوو لە کاک... کە مودیری دەبیرستان بوو، دەترساین. لە نیوەی فیلمەکەدا، برادەرێکمان گوتی وا کاکی مودیر لە پێشمان دانیشتووە! کابرایەکی کڵاولەبەدار لەسەر، چەند ڕەدیف لە پیش ئێمەوە دانیشتبوو و زۆر لە مودیرەکەمان دەچوو. هەموومان لەسەر زگ لە ١٥ قڕانییەوە چووین بۆ پێنج

١. یادداشتی ڕێزدار ڕەحیم بەهرامزادەیە و هەندێک زانیاریی ڕێزدار کامران ئەمین ئاوەشم ئاوێتەی کردووە.

قرانــی و لەویـوە هەڵاتینە دەرێ. لەبەر دوخانیات ڕاوەســتاین تا فیلمەکە تەواو بوو. کاتێک خەڵکەکە هاتنە دەرێ ئەو کەسەی وا بە کاکی مودیرمان دانابوو، لە ڕاستی‌دا مەشەدی مل...ی دارفرۆش بوو!»[1]

«هۆڵـی سـینەمای بـۆکان هەندێـک جـار بـۆ کۆبوونـەوە و وتاردانیـش کەڵکـی لێ‌وەردەگیـرا. ئێمـە هەندێـک مامۆسـتا و قوتابـی بوویـن کـە لەژێـر کارتێکەریـی شانۆگەرییەکانی تاران و خوێندنەوەیان لە کتێب و گۆڤارە فارسییەکان‌دا گرووپێکی تیئاتریمـان لـە بـۆکان پێکهێنـا. مـن شـانۆنامەیەکم بەناوی «پسـر خاک» نووسـی و دوای هەندێک تەمرین و پڕۆوە، لەســەر شـانۆی سـینەما سەعدی پیشانی خەڵکمان دا. ڕادەی پێشـوازی کردنـی خەڵکەکـە هەر باسـی ناکرێ. کارەکە بـە چەپڵەلێدان و لەبـەر هەسـتان و هاواری بژی بژی تەواو نەبوو؛ لـە هاتنە دەرەوەی ئەکتەرەکان‌دا خەڵکێکی زۆر لەگەڵمان کەوتن و بەرەو نێوشـاریان هێنایەنەوە. لە بیرمە، نەمر کاک قادری سـالمی[2] یەک لە ئەکتەرەکانی نابووە سـەر شانی خۆی و لەگەڵ خەڵکەکە بە خیابان‌دا دەهات. ڕاست وەک خۆپیشاندانێکی سیاسیی لێهاتبوو.»[3]

سـەبارەت بەو شـانۆنامەیە و کاری دیکەی شـانۆیی لە سـینەما سەعدی بۆکان هیـوادارم کاک برایـم فەڕشـی، کـە خـۆی لـە جەرگـەی کارەکان‌دا بـووە بابەتێکـی سەربەخۆ بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە.

---

١. یادداشتی ڕێزدار نادر فەتحییە.
٢. مانگی ڕابردوو سیهەمین ساڵی شەهید بوونی مەزلوومانەی کاک قادر بوو.
٣. بەشێک لە وتەکانی ڕێزدار عومەری حەمیدی کە لەسەر تەلەفۆن پێی گوتم.

## جارێکی دیکە سینەما «سەعدی»ی بۆکان

مـن بـۆ دەوڵەمەند کردنی فایلی سـەبارەت بە سـینەما سـەعدی و یارمەتیدانی ئەو کەسـانەی وا لە دواڕۆژدا مێژووی بۆکان دەنووسـن، لێرەدا وتاری کاک برایم فەڕشی و کاک ڕەحمان محەممەدیان و وتاری دووهەمی کاک مەنسوور فەڕڕوخی دەهێنمەوە:

**ئا. وتاری کاک برایم فەڕشی:**

«لە جاڕکێشانەوە بۆ سینەما سەعدی»[1]

**ب. وتاری کاک ڕەحمان محەممەدیان**

ئەم یادداشتانەی خوارەوە کە گەلێک ورد و دەقیقن، نەمر ڕەحمانی محەممەدیان لەسەر وتارەکەی کاک برایمی نووسیوە و لە ڕاستیدا زیادکراوێکە لەو. یادی کاک ڕەحمـان بەخێـر بـێ کە ئەم زانیارییانەی چەند سـاڵێک پێـش کۆچیدواییەکەی بۆ ناردین.

چەنـد تێبینـی و زیادکـراو لـە وتاری «لە جاڕکێشـانەوە بۆ سـینەما سـەعدی»، نووسینی ڕێزدار برایم فەڕشی».

لەگەڵ دەسخۆشی زۆری کاک برایمی خۆشەویست لەم یادداشتە کورتەدا هەوڵم داوە، بگەڕێمـەوە بـۆ گەشـەی هونەر لە سـاڵانی پێشـتر و یادێک لـە هونەرمەندانی ئـەو سـاڵانە بکەم و ڕێزیان لێبگرم. جا ئەگەر شـوێنێکی وتارەکـەی کاک برایمیش پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوە بووبـێ، ئـەوا بـە ئیجازەی ئـەو، ڕوانگـە و بۆچوونی خـۆم، کـە پشتئەسـتوورە بەو زانیارییانەی لە دۆسـت و برادەری شـارەزای خۆم وەرمگرتوون، ڕاگەیاندووە:

١. لاپـەڕە ۴: ئیجارەی بـەری دووکانەکانی حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە، مینەی ڕەشـید ناسـکێ و مـەلا تەهـا وەریاندەگـرت. بـەری قاسـمئاغای موهتەدیـش

---

1. http://bokan. de/laperekan/nuseran/Braym/sinema%20seadi. pdf.

مەحموودی ئیفتیخار و میرزای حەسار کۆیان دەکردەوە.

٢. لاپـەڕە ٥: لەسـەر ئـەو تۆزە قیرەتاوەی بەر دوخانیات، مەزرەق و شـێللاقەش دەخولایەوە و دووچەرخەسواریش دەکرا!

٣. لاپەڕە ٦: ئەو کەسەی وا تەختەنەرد و شەترەنج و شتی تری دارینی دروست دەکـرد، ئەرمەنییـەک بەنـاوی «مسـرۆب» بوو کـە «میسـرۆف»یان پێدەگوت و گوایە لە بنەڕەتدا «موهاجیر» بوو، واتە لە ئەرمەنسـتانی سـۆڤیەتەوە هاتبووە ناوچەی ئێمە.

٤. لاپەڕە ٧: لە سـینەما سـەعدیدا، حەسـەنی ڕەسـوولّیانیش بلیتی دەفرۆشت و سـەدیقی مورادی (دۆینە)ش خەڵکەکـەی ڕێنوینی دەکرد بۆ هۆڵەکان. هەروەها دیواری نێوان سێ هۆڵی سینەماکە، سەرەتا نەردەی ئاسن بوو، بەلام منداڵان لە کەلێنی نەردەکانەوە دەچوونە بەشەکانی تر! دواتر لەبەر ئەو هۆیە، نەردەکەیان کردە دیوار.

٥. لاپـەڕە ٨: ئـەو کەسـانەی وا شـەربەتی مێوژەڕەشـەیان دەفرۆشـت، ئەحمـەد عەدە و ئەحمەدی مامۆستا بوون، پێش ئەوانیش ئەحمەدی شاقولی بووە. نیاز لە مامۆستا، نەمر مامۆستا شێخ حەسەنی کازمییە.

٦. لاپەڕە ٩: ئەو سـەیدەی وا شـێعری دەخوێندەوە و دەفەی لێدەدا، ناوی سـەید ڕەسـوول و خەڵکی هەورامان بوو. یەحیاخانیش هەبوو کە بە کەشکۆڵەکەی و جلوبەرگـی سـپییەوە دەگـەڕا و شـێعری دەخوێنـدەوە و خەڵـک پووڵیـان بۆ دەخستە ناو کەشکۆڵەکەیەوە.

- هەرلەو لاپەڕەیەدا: ئوورووجە عەجەم جگە لە فرۆشتنی بلیتی بەختئازمایی و ڕۆژنامـە، دوایـە لـە خیابانی سـەقز دووکانـی تەعویزی ڕەوغەنـی هەبوو و بە چاوی کوێرەوە ڕۆنی ماشێنی دەگۆڕی و گریسکاری دەکرد.

- هـەر لـە لاپـەڕەی٩ دا: ئەو لاوە بالابەرزە، سـەید برایمی شـێربەگی بووە کە ئێستاکە بۆتە خەلیفە و لە بەشێک لە هەورامان مورید و مەنسووبی هەیە و خۆشی نیشتەجێی بۆکانە و خانەنشینی بانگی سادراتە.

٧. لاپەڕە ١١ و ١٣: کاک موستەفا حەریری دەڵێ: بەزمی ورچ و مەیموون هەڵپەڕاندن لە کاروانسەرای «کەیکاوس» بەڕێوە دەچوو.

- هەمان لاپەڕە: هەوەڵین فیلمی سینەما سەعدی بەگوێرەی بۆچوونی کاک عوسمانی ئیسماعیلی «گربە وحشی»ی ئێرانی بوو. [«دختر لر» یەکەمین فیلمی فارسی بووە کە لە هیندووستان بەرهەم هێنراوە و لە سەردەمی ئێمەدا لەمێژ بوو لەسەر ئیکران نەمابوو.]

٨. لاپەڕە ١٤: محەممەد عابیدی ڕاستە.

هەروەها نابێ گەشەی هونەری نمایش و شانۆ، کێبەرکێی شێعرخوێندنەوە (مووشەرعێن) و گۆرانی و سەما لە ساڵەکانی پێشتردا لە بیر بکەین.

هۆڵێکی گەورە بەگوێرەی ئەو کات لە ساڵەکانی ١٣٣٥ ـ ١٣٣٦دا بە هیممەتی نەمر «مەحموودی سیدقی»، سەرۆکی ئەو کاتی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان، لە بەشی باکووری ڕۆژاوای قەڵای سەردار، ڕووبەڕووی خیابانی تازە، واتە ئەو شوێنەی وا دەیڕوانییە پاساژی سەید سەدیقی قورەیشی و ماڵی میرزا حسێنی کۆچەری، کرایەوە. هۆڵەکە بەرزتر بوو لە حەوشەی قەڵا و بە چەند پلیکان دەچوویە نێو ساڵۆنەکە، هۆڵەکە سەکوی شانۆ و پەردەی مەخمەری هەبوو، لە دەستی چەپی ساڵۆنەکەوە بە دالانێکدا، بە پلیکان دەچوویتە سەر سەکۆکە. هەر لەو دالانەوە دەچوویتە نێو ژوورێکەوە، کە بۆ گریم و خۆسازکردنی ئەکتەرەکان تەرخان کرابو، ئەم ژوورە کەوتبووە پشت پۆلەکانی دەرس گوتنەوە. ئیمتیحانی قوتابییانیش لەوێدا بەڕێوە دەچوو و ڕێوڕەسمی حکوومەتیش، وەک جەژنی ٤ی ئابان و ٢١ی ئازەر هەر لەوێ دەکرا. هەروەها چالاکیی هونەریی وەک شانۆ، شێعر و گۆرانی و سەمای کچان و هونەری تریشی لێ بەڕێوە دەچوو.

لە ساڵی ١٣٣٦دا، کە نەمر حەبیبوڵڵا تابانی وەک بەرپرسی بارهێنانی لەش لە مەهابادەوە هاتە بۆکان، جودا لە ئیشەکەی خۆی زۆری خۆ بە گەشەپێدانی شانۆ و مۆسیقا و بەشەکانی تری هونەرەوە ماندوو دەکرد. ئەم کەسایەتییە، خۆشی وەک ئەکتەر لە نومایشەکاندا وێڕای قوتابییانی هونەرمەند چالاک بوو؛ کاری گریمی

ئەکتەرەکانیش هەر ئەو دەیکرد.

دواتر بەڕێز قەرەپاپاق کە خەڵکی نەغەدە و خۆی مامۆستای وێنە بوو، زۆر هۆگری بەشەکانی تری هونەر وەک شانۆ و مۆسیقا بوو. لە بیرمە لەگەڵ ڕێزدار سەید یاسینی حسێنی و چەند کەسێکی تر نومایشی «ئەسکەندەری مەقدوونی»یان هێنایە سەر شانۆ و خۆشیان وەک ئەکتەر تێیدا بەشدار بوون.

بەڕێز حەمەدەمینی مورادیان کارمەندی دوخانیات لەگەڵ بەڕێزیکی سەقزی‌دا کە خۆی دەکرد بە ژن، نومایشی کۆمێدییان لەو سالۆنەی قەڵا بەڕێوە دەبرد و خەڵک زۆریان پێخۆش بوو.

بەڕێزان سدیقی کاوەیی و برایمی مەعرووفی و چەند ئەکتەرێکی تر بە جل‌وبەرگی کوردی و زمانی فارسی، نومایشی عەلی‌مەردان‌خانیان بەڕێوە برد.

بەڕێز برایمی کەریمی کارمەندی دوخانیات لە نومایشەکان‌دا، گریمی ئەکتەرەکانی دەکرد.

بەڕێز سولەیمان کەریمی بەرپرسی بارهێنانی لەش، جودا لە بەرپرسایەتیی ئیشەکەی خۆی لە هاوکاری و بەڕێوەبردنی چالاکی هونەری‌دا تێکۆشەر بوو.

من و بەڕێز ئەنوەری سوڵتانی قوتابیی پۆلی حەوتەم بووین لە قەڵا، مونازەرەی چێشتی ئێرانی و فەرەنگیمان لەو سالۆنەدا بەڕێوە برد. من لایەنگری چێشتی فەرەنگی بوم و کاک ئەنوەریش هی ئێرانی.

چالاکی و هەڵسووڕانی بێ‌وچانی نەمر ئەحمەدی سامبەگی چ لەباری وەرزشی و چ لە ئیشی هونەری‌دا، لە تەواوی دەورانی قوتابێتی و کاربەدەستی‌دا، نابێ لە بیر بچێ و دەبێ بەردەوام ڕێزی لێ‌بگیرێ.

لێرەدا دەبێ یادێک لەو کچە قوتابییە بەڕێزانە بکەم کە لەو سەردەمەدا، چالاکیی هونەرییان دەکرد و بوێرانە شان‌بەشانی قوتابییانی کوڕ گەشەیان بە هونەری شانۆ و ئاواز و سەما دەدا. دەتوانم ئەم بەڕێزانە ناو بەرم و داوای لێبووردن بکەم لەو خۆشەویستانەی کە وەبیرم نەکەوتوونەوە و ناویان لە قەڵەمکەوتووە:

بەڕێزان پەروین مەنگوڕی، فەوزیە کەفشدووزی، ژیلا ئەورامی‌پوور، خانمۆڵی

وەستا حەمەساڵەی بەننا و زۆر خاتوونی تر.

هەوڵ و تێکۆشان و دڵسۆزیی بەڕێز کاک برایمی فەرشی و گرووپەکەی لە بەشی شانۆدا هیچ کات لە بیر ناچێ.

چالاکیی ئەم بەڕێزانەش لە بەشەکانی هونەری شانۆ، مۆسیقا، گۆرانی و شتی تر لە یادی خەڵکدا هەر ماوە و هەر دەمێنێ:

بەڕێزان: مەنسوور فەڕروخی، برایانی مەردانبەگی، حسێنی ڕەحیمیپوور، مینەی شێرخانی، حسێنی دێهبەندی، ئەبووبەکری غەفووری، حسێنی سەرکار، عوسمانی فەتحی، سمایلی فەتحی، حسێنی مەلیکپوور، عوسمانی ئیسماعیلی، حسێنی مورادبەگی، خالید ڕزایی، موستەفا حەریری، غەفووری حاجی غەفووری، عەزیزی حەریری، حسێنی سەعیدی، عوسمانی موبارەکی، عەلی میرزایی، فەتاحی تاهیرئازەر، محەممەد عابدی، حەسەنی دەرزی، جەماڵ باباحوسێنی، سەلاح نەزەری و تەها تەحریریان.


**پ: وتاری دووهەمی کاک مەنسوور فەڕروخی**

سینەمای بۆکان

ئەم بابەتە لە درێژەی وتارێکدا دەنووسم کە پێشتر سەبارەت بە سینەمای بۆکان نووسیبووم و لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات ـ بۆکاندا بڵاوکرابۆوە.

لێرەدا، مەبەست دووپاتکردنەوەی نووسراوەکانی پێشوو نییە، بەپێچەوانە تەنیا باس لەو شتانە دەکەم کە پێشتر نەگوتراون و وا هەیە بەشی زۆری خوێنەرانیش لێیان ئاگادار نەبن. لێرەدا سپاسی زۆری ڕەعناخانم ئەحمەدەین دەکەم کە زانیاری و بەڵگەنامەکانی ڕاگەیەندراوی نێو ئەم وتارەی بۆ من و لە ڕاستیدا بۆ خوێنەران و بۆ مانەوە لە مێژووی وڵاتەکەیدا ناردووە. نموونەی ڕەعناخانمی بەڕێز هەر زۆر بێ.

ئەوە وێنەی بەڵگەی کڕینی زەمین لەلایەن «سەتار عەلیپوور»ی خەڵکی میاندواوە، لە برایانی ئێلخانیزادە بە مەبەستی دروستکردنی سینەما لە شاری بۆکان.


وزارت دادگستری

ثبت کل اسناد و املاک

مورخه

شماره

رونوشت سند

ثبت اسناد و املاک

داده میشود

1-JAN-2008 17:00 FROM:RAYKA BAMBOO 02144285084 TO:00318

ئەوەش دەقی ڕوونووسکراوی بەڵگەنامەکە:

وزارت دادگستری، ثبت کل اسناد و املاک، ثبت اسناد و املاک شهرستان مهاباد، دفتر ۱۲ بوکان، صفحه ۱، رونوشت سند قرارداد مورخه۳۱ تیرماه۱۳۴۰، شماره ۲۶۲۲/۲۶۱۲، که به آقای ستار علی‌پور داده می‌شود:

آقایان ابراهیم، اسماعیل و محمدامین ایلخانی‌زاده به‌شناسنامه‌های شماره۱۹، ۲۱ و ۳ تماما فرزندان آقای محمودآقا ساکن بوکان، اقرار نمودند که مقدار چهارصد متر مربع از زمین پلاک ۱۱۴ اصلی واقع در قریه علی‌آباد بوکان بطول ۳۲ متر و ۱۲/۵ متر عرض به آقای ستار علی‌پور به‌شماره شناسنامه ۵۲۸ میاندوآب فرزند حبیب مرحوم، ساکن میاندوآب فروخته‌اند و قیمت همه را

دریافت داشته‌اند و تعهد نمودند پس از رفع موانع ثبتی مقدار مزبور را بطور قطعی طبق سند رسمی به آقای ستار علی‌پور انتقال دهند و فروشندگان ملتزم و متعهد گردیدند چنانکه از حال تا پنج سال شمسی کسی بمقام اعاده زمین مزبور برآمد، مبلغ یکصد هزارریال وجه‌التزام به آقای ستار علی‌پور بپردازند و زمین مزبور شمالا خیابان کشاورزی، جنوبا زمین ابتیاعی آقای شرفکندی و شرقا به زمین اربابی. توضیح اینکه مرز غربی زمین که پیاده‌رو خیابان پهلوی است دوازده متر و نیم عرض و حدود شمالی زمین که در خیابان هیجده متری است به طول سی و دو متر است.

تاریخ سی و یکم تیرماه یکهزار و سیصد و چهل شمسی برابر با هشتم صفر یکهزار و سیصد و هشتاد و یک قمری.

محل امضا ابراهیم ایلخانی‌زاده، اسماعیل ایلخانی‌زاده و محمدامین ایلخانی‌زاده به احراز پیوست[؟]...

مراتب مسطوره در نزد اینجانب قلمی شد بتاریخ متن[؟] شرفکندی.

رونوشت برابر اصل است. مبلغ ۳۱۳ ریال تمبر به اصل الصاق شد.

سردفتر اسناد رسمی شماره ۱۲ شهری [؟] بوکان، شرفکندی ۱۳۴۰/۹/۷ [مهر و امضاء]

لەنێوەرۆکی سەنەدەکەوە وادەردەکەوێ کە بەڵگەی سەرەکیی نەبێ و ڕوونویشت بێ، واتە وەک لە دەقەکەدا هاتووە، بەڵگەی فرۆشی «قطعی» و «ثبتی» دوای چارەسەرکرانی «بەربەستی سەبتی» دەردەکرێ. ئەم بەربەستە دوور نییە هەمان کێشەی عەرصە و ئەعیانیی مڵکەکانی بۆکان بێ کە لە کۆنەوە لە نێوان ئاغاکانی بۆکان و خەڵکی شارەکەدا هەبوو.

### سەتار عەلیپوور کێ بوو؟

سەتار عەلیپوور پێگەیشتووی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و باغدارە لە میاندواو. سەتار لە پەنا باغداری‌دا کە بەمیرات پێی‌گەیشتبوو، کاروکاسبی دیکەشی دەکرد.

ناوبـراو نوێنەرایەتیی شـیرکەتی جیپی لـە میاندواو هەبوو، هەروەهـا خاوەنی ڕیزە دووکانێـک و سـینەمای میاندواویـش بـوو. هۆی دروسـتکردنی سـینەما لە بۆکان لەلایـەک دەگەڕێتـەوە بـۆ دۆسـتایەتییەک کە مەرحوومی سـەتار عەلیپـوور لەگەڵ ئاغاکانی بۆکانی هەبوو (بە فرۆشتنی ماشێنی جیپ و تراکتۆر و کۆمبایین)، لەلایەکی تریشـەوە ئەزموونی سـینەمادارێ لە میاندواو. مەرحوومی سـەتار لەگەڵ ئاغاکانی دەوروبەری بۆکان و سەقز و مەهاباد و نەغەدە و شنۆ دۆستایەتی و ئاڵشوویرشی کردووە و کەرەسـەیەکی زۆری لە ماشـێنی جیپ و تراکتۆر و کۆمباینی بە قەرز و قیستی ساڵانە پێ فرۆشتوون.

بەرلـە دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان ڕێـزدار کەریـم ئەحمەدەیـن (وەزیـری پۆسـت و تێلگراف لە کۆماری کوردسـتان) ئەرکی بەرپرسـایەتیی شـیرکەتی نەوتی میانـدواوی لە ئەسـتۆ دەبـێ و ئەوەش دەبێتە هۆی دۆسـتایەتیی ئەو بەڕێزە لەگەڵ بنەماڵەی سەتار عەلیپوور.

لە کۆتایی مانگی بەهاری ساڵی ١٣٤٠ کاتێک کە بنەماڵەی ئەحمەدەین بەمەبەستی پێکهێنانـی جـەژن و گۆوەندێـک بۆ خاتـوو ڕەعنا، بەهۆی وەرگرتنـی دیپلۆم، بەرەو قەباغکەنـدی (قەباغکەنـدی) ماڵی خاڵی وەڕێدەکەون، لە کاڕێژی میاندواو تووشـی سـەتار دەبـن و داوایـان لێدەکا کـە میوانداریيان بکا. کاتێک سـەتار لە مەبەسـتیان تێـدەگا کـە بە مەبەسـتی گۆوەند بـۆ قەباغکەندی دەچن، گەلێک پێـی خۆش دەبێ و دەڵێ کە غوەلام حەیدەریش دیپلۆمی وەرگرتووە و با جەژنەکە بکەین بە دوو.

خاتوو ڕەعنا کچی گەورەی ڕێزدار کەریم ئەحمەدین دەبێتە هاوسـەری غوەلام حەیـدەر عەلیپـوور، کوڕی گەورەی سـەتار. زەماوەندی غـوەلام حەیدەر و خاتوو ڕەعنـا ئـەو کات دەنگدانەوەیەکـی زۆری لێدەکەوێتەوە و بە زەماوەندێکی شـاهانە ناوی دەبەن، واتە لەو کاتەوە کە بووک بەرەو ماڵی زاوا وەڕێدەکەوێ هەتا دەگاتە ماڵـێ، چـاردە جـار قوربانیی لەبـەردەم دەکرێ، کە ئەوە خـۆی دەبێتە هۆی درەنگ گەیشتنی بووک بۆ ماڵی زاوا.

بەهۆی خزمایەتی دایکم لەگەڵ بنەماڵەی ئەحمەدەین، بەخۆشییەوە توانیم بەڵگەی

سەرەکیی کڕینی زەمین بوو سازکردنی سینەما بە فاکس وەربگرم.

بەپێی ئەم سەنەدە، شوێنی سینەما لەگەڵ ماڵی ڕێزدار شەرەفکەندی و مامۆستا حەقیقی و ئەوانەی تری دەوروبەریان لە مەحدوودەی عەلیابادی بۆکاندا بوون، واتە مەحدوودەی شاری بۆکان ئەوکات تا شیرکەتی نەوتی قەدیم و پێش ماڵی حەقیقی و شەرەفکەندی بووە.

سازکردنی بینای سینەما شتێک زیاتر لە ساڵێکی پێدەچێ و جێگەی دانیشتنی سێسەد کەسی تێدا ئامادە دەکرێ. سینەما لە ساڵی ۱۳۴۱دا دەست بەکار دەکا. خاتوو ڕەعنا ئاوا باسی دەست بەکارکردنی سینەما دەکا:

«عەلی داداشوەند، ناسراو بە عەلییەشەل لە سینەمای بۆکان یەکەم کەس دەبێ کە پرس‌وڕای پێدەکرێ بۆ وەڕێخستنی سینەما لە بۆکان، کە بەرلەوە لە میاندواو کاری ئۆپێراتۆریی سینەمای ئەو شارەی کردبوو. هەروەها دابین کردنی چەند کەس بۆ کار کردن لە سینەما، کاک غەفوور ئاشناگەر کە پێشتر پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ سەتار عەلیپوور دەبێ، وەک سەرپەرشتی کرێکارانی سینەما دیاری دەکرێ.» بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەگوترێ، کاک غەفوور هەتا ساڵی ۱۳۴۷ خاوەنی سینەما نەبووە و نیوە بەشێشی نەدراوەتێ. بەپێی ئەم بەڵگەیەی کە خاتوو ڕەعنا وەک دەسخەت لە ئیدارەی سەبتی ورمێ وەریگرتووە، کاک غەفوور لە ساڵی ۱۳۴۷دا دەبێتە خاوەنی ئەعیانی (واتە بینای سینەما).


لە ساڵەکانی ۴۵ـ۴۶دا کاروباری سینەما بەرەو کەسادی دەڕوا و خاتوو ڕەعنا خۆی بۆ سەرپەرشتی کردنی سینەما دێتە بۆکان و ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لە بۆکان، لە باڵەخانەکەی بینای سینەمادا نیشتەجێ دەبێ. خاتوو ڕەعنا لە سەردەمەکانی دامەزرانی پایگای کەشاوەرزی لەسەر ڕێی میاندواو بۆ مەهاباد لە ساڵی ۱۳۴۷، لەو شوێنە وەک کارمەند دادەمەزرێ و سینەمای بۆکان دێتەوە سەر ڕەواڵی پێشووی خۆی و کاک غەفوور ئاشناگەر دیسان سەرپەرشتیی کاروبارەکان بە ئەستۆوە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامیشدا دەبێتە خاوەنی شەش‌دانگ ئەعیانیی سینەما.

کاروکاسبیی سەتار عەلیپوور لە ساڵەکانی ۱۳۴۲ ـ ۱۳۴۳ دا، بەهۆی دامەزرانی

ئیسـلاحاتی ئەرزییـەوە کە دەبێتە هۆی نزمیی داهاتـی ئاغاکان لە ناوچەدا و نەمانی دەودوو و نەدانـی قیسـتەکانی سـاڵانە لەلایەن مشـتەرییەکانییەوە، کەسـادی دێنێ، باغات لە دەسـت دەچن، نمایەندەگیی جیپ نامێنێ و شـیرکەتی جیپ دەسـت بەسەر ملکەکانـیدا دەگـرێ کە یەک لەوان سـینەمای بۆکان دەبێ. لە کۆتایی زسـتانی١٣٥٥ لە نیوە شـەوێکدا سـینەمای بۆکان ئاور دەگرێ، عەلییەشـەل دەڵێ ئیتیسالی کارەبا دەبێتە هۆی ئاورگرتنی سـینەما (؟) کەس بۆ کووژاندنەوەی ئاگری سـینەما نەچوو. لەدوای فەوتی سـەتار، غوەڵام حەیدەر کە چەند سـاڵێک بەرلە فەوتی بابی تووشـی نەخۆشـییەکی گـران دەبـێ، ئیتـر وەک وەرەسـە توانایـی سەرپەرشـتیی کاروباری نابێ و کاتی ئاڵوگۆڕەکەی ئێران دێ.

لـە بەڵگەکـەدا هاتـووە، کـە زەمینەکە لـە برایانی ئێلخانـیزادە کـڕدراوە. لەدوای تەفکیکی زەمینەکانی بۆکان و دیاریکردنی بەشـی هەریەک لە برایانی ئێلخانیزادە، ئەوکات ڕوون نەکراوە کە زەمینی سـینەما بەلای کام برادا کەوتووە. بەپێی ئەوەی کـە سـەتار عەلیپـوور شکسـتی دێنـێ و دواییـش فـەوت دەکا، وەرەسـەکەی، واتە غوەڵام حەیدەریش، بەهۆی نەخۆشـییەوە توانایی ڕەفع و ڕجووعی کارەکانی نابێ، سینەما بەبێ خاون دەمێنێتەوە.

بە وردبوونەوە لەو بەڵگەنامە دەسخەتەی وا لە ورمێ بە خاتوو ڕەعنایان داوە، دەردەکەوێ کە کاک غەفوور دوای ئەوەی کە سـاڵی ٤٧ دەبێتە خاوەنی شـەشدانگ ئەعیانیی سـینەما، خۆی دەسـت دەکا بە چەند مامەڵە لەسەر ئەعیانیی سینەما، هۆی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتیی کڕینی شـەشدانگ ئەعیانیی سـینەما لەلایەن کاک غەفـوورەوە. کاتێـک کـە شـیرکەتی جیـپ دەسـت بەسـەر ئەعیانیی سـینەمادا دەگرێ و لەلایەکی تریشـەوە کاروکاسـبیی سـینەما بەرەو کەسادی دەڕوا و خاتوو ڕەعنـا سـینەما بەجێدێڵـێ و لە ئیدارەی کەشـاوەرزی دەبێتـە مووچەخۆر، ئەوکات ناوی حەیدەر ئەکبەریان دێتە کایەوە.



اعیانی

- برابر سند ۶۴۴۵/۴۷/۲/۱۷ دفتر ۱۸۸ تهران - به غفور دانشگر برابر اسناد ۱۱۸/۴۹/۱۲/۱۱ و ۴۹۴ بدون تاریخ دفترخانه ۱۱ بوکان چهار دانگ از
- طرف آقای دانشگر به صدر اکبریان انتقال قطعی و برابر سند ۵۴۰۲۲/۵۲/۷/۱ دفترخانه ۲ رضائیه --- ۲ دانگ هم از طرف دانشگر وثیقه
- قرار داده شده و برابر سند ۱۷۴۹/۵۲/۹/۱۴ دفترخانه ۱۱ بوکان :
- سه دانگ اعیانی از طرف صدر اکبریان درحق مسعود نقیب و دانیال سیمانی (بالسویه) انتقال شد --- یک دانگ
- دیگر صدر اکبریان برابر سند ۱۸۱۴/۵۲/۱۱/۲۷ دفتر ۱۱ به مسعود نقیب انتقال شد ---
- برابر سند ۵۷۶۷۷/۱۳۵۵/۲/۶ دفتر ۲ رضائیه یک دانگ از طرف غفور دانشگر درحق [illegible] منفرد نقیب انتقال شد:

حەیدەر ئەکبەریان لە ساڵانی کۆنەوە شەریکی سەتار دەبێ لە سینەمای میاندواو، کاک غەفوور بە یارمەتیی ڕاستەوخۆی حەیدەر ئەکبەریان، شەش دانگ سینەمای بۆکان لە شیرکەتی جیپ لە تاران دەکڕێتەوە و لە ڕاستیدا حەیدەر ئەکبەریان دەبێتە خاوەنی ئەعیانیی سینەما، هەر چەند ماوەی پێنج ساڵی پێدەچێ تاکوو کاک غەفوور چوار دانگ بە سەنەد بەناوی حەیدەر ئەکبەریان دەکا و کاک غەفووریش وەک پاداش دوو دانگی پێ دەبڕێ. کەوابوو مالیکییەتی سینەما دێتەوە سەر جێی خۆی، هەر دوو شەریک دەبنەوە خاوەنی سینەما، یەکیان خاوەنی زەمین و ئەویتریان خاوەنی ئەعیانی. هەتا ساڵی ٥٥ حەیدەر ئەکبەریان و کاک غەفوور چەند مامەڵەیەکیان بە سەنەد لەسەر ئەعیانیی سینەما کردووە، کە ناوەکانیان بۆ خاتوو ڕەعنا ناسراو نین. لەدوای فەوتی سەتار و حەیدەر ئەکبەریان، هەر ئەو جۆرەی باس کرا، سینەما لە زستانی ساڵی ١٣٥٥دا سووتا. وەرەسەی هەر دوو لا بایەخێکی ئەوتۆیان بە زەمینی سینەما نەدا و بەحاڵی خۆی بەڕەڵایان کرد.

خاتـوو ڕەعنـا باس لـە کەمتەرخەمیـی خـۆی و بنەماڵەکەی دەکا بـۆ ئەوەی کە لـە کاتـی خۆیدا چالاکیی ئەوتۆیان لە خۆ نیشـان نەداوە بۆ سـەبت کردنی زەمینی سـینەما، تاکـوو سـاڵی ١٣٧٢ کـە ئیدیعانامەیـەک بـۆ دادگای تەوریـز دەنێـرن و وەڵامەکەشی وەردەگرنەوە کە سینەمای بۆکان لە کاتێکدا کە هەر سینەما نەمابوو، لـە سـاڵی ١٣٥٩دا لەگـەڵ سـینەماکانی ئازەربایجـان موسـادرە کـراوە بـۆ بونیادی موستەزعەفان و جانبازان (بڕواننە بەڵگەنامەی کۆتایی ئەم وتارە).

کاتێک کە شاری بۆکان دەگیرێتەوە و حکوومەت حاکم دەبێتەوە، زەمینی سینەما بە پێنج میلیۆن تمەن دەفرۆشرێ بە کابرایەکی عەجەم.


شماره ١٤٠١٤ ع
تاریخ ٢٩/٦/١٣٧٢
پیوست ..........

اموال و داراییهای استان آذربایجانغربی

آقای غلام حیدر ـ علی‌پور نماینده وراث مرحوم ستار علی‌پور

پاسخ نامه مورخ ٧٢/٦/٢٤ شما ـ اشعار میگردد همانطور که اطـــــلاع دارید دادگاه انقلاب اسلامی تبریز در آبانماه سال ١٣٥٩ کلیه سینماهـای آذربایجانغربی را بموجب حکم شماره ٤/٨٣٩٤ / ٥٩/٨/٧ صادره از آن دادگاه به نفع مستضعفان مصادره کرده است واخیرا" عرصه سینمـــای بوکان طبق مقررات از طرف اداره اموال‌ودارائیهای مستضعفان‌وجانبازان آذربایجانغربی بمزایده گـذاشته شده وبفروش رفته است و فعـــلا" در مورد شکایت شما وسایر ورثه اقدامی برای این اداره میسورنیست٪

سرپرست اموال‌ودارائیهای استان آذربایجانغربی
محمد ...

ارومیه: چهارراه دانش ساختمان اموال طبقه سوم تلفن ٢٧٠٧٠ ـ ٢٨١١٣
صندوق پستی ١٢١١

P.1 TO:00318487316S2 32144235084 FROM:RAYKA BAMBOO 1-JAN-2008 17:32

# شێعر، شرۆڤەی شێعر و ژیاننامەی شاعیران

شـێعر بـۆ کوردیـش وەک گەلانی دیکـەی ناوچە، هونـەری یەکەمە و زیـاد لـە هەموو هونەرێکی دیکە گەشــەی کردووە؛ ئەم باڵاســەندنەی شـێعر بە شـێوەیەک بووە کە بڕسـتی لـە هونەرەکانـی دیکە بڕیوە و بـۆ نموونـە، دەوری مێـژوو، چیـرۆک و شانۆشـی گێـڕاوە و وەک دەبینیـن لـەم بوارانەدا گۆڕەپانی هونەرمان تا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمیش بەتاڵ بووە و پاڵەوانێکی لێهەڵنەکەوتووە و تەنیا شێعرە کە دێتە مەیدان و وەک جێگرەوەی ئەوان قسە دەکا. شێعری کوردی تەنانەت بۆتە دەقی ئایینیش (سروودەکانی یارسان یان کتێبی «نزانی؟ مزگانـی!»ی نەمر دوکتۆر سـەعیدخانی کوردسـتانی، کە بانگەوازە بۆ مەسیحییەت بە شێعری هەورامی).

ناوچـەی بـۆکان بەتایبـەت لە سـەدەی بیسـتەمدا شـاعیری گەورەی لێهەڵکەوتـوون: (حەقیقـی، ئـاوات، نـووری و...)؛ لـە نوێبوونـەوەی شێعری کوردیشدا، بۆکان هەر قسەی یەکەمی کردووە (سوارە، وەفا و...)؛ تەنانەت ئێسـتا بۆکان قوتبێکی گەورەی شـێعری کلاسیکی نوێیە (ئاسـۆ). ئەم بەشـەی کتێبەکە ئاوڕێکی سـەرپێیی لە هەندێک شاعیری ناوچەکە و کارەکانیان دەداتەوە.

## دەسنووسی نووسراو لە بۆکان

### کەشکۆڵی عەزیز و سەوزەحمەد

ئـەوەی لێـرەدا دەمـەوێ بیناسـێنم کەشـکۆڵە شـێعرێکە کە سـاڵی ١٨٨٠ لـە بۆکان نووسراوەتەوە. خاوەنی ئێستای کەشکۆڵەکە ڕێزدار عەبدوڵڵا ڕۆستەمی مامۆستای خانەنشـینی بۆکانییە و نووسەرانی کەشـکۆڵەکەش باوباپیری ئەون. کەشکۆڵەکە بە هیممەتـی ڕێـزدار ڕەحمانـی محەممەدیان گەیشـتۆتە دەسـت من و منیـش بابەتێکم لەسـەر نووسـیوە کە لە ژمارە یەکەمی گۆڤاری ژین، چاپی بنکەی ژین لە سـلێمانی، لاپەڕەی ٢٢١ تا ٢٣٤ (پووشپەڕی ٢٠٠٩)دا بڵاوکراوەتەوە.[1]

سـاڵی نووسـرانی کەشـکۆڵەکە ١٨٨٠ (ساڵی شـێخی) و ماوەیەکیش دوای ئەوە. نووسـەرانی کەشـکۆڵ مام و ئامۆزای نەمر وەستا عەبدوڕڕەحمانی ددانساز باوکی کاک عەبدوڵڵای ڕۆستەمی بوون و لە گوندی تورکمانکەندیی ڕۆژهەڵاتی بۆکانەوە هاتوونەتە بۆکان و لەوێ ژیاون.

کەشـکۆڵەکە کە گەلێکیش بەباشـی پارێزراوە، سەرجەم ١٠٢ پارچە شێعری تێدا تۆمـار کـراوە. شـێعرەکان زۆربەیان کوردی و بەشـێکی کەمیان فارسـین. شـێعرە کوردییـەکان هەندێکیان هەورامین (شـەفیع، میـرزا فەتحوڵڵا و...)، بەڵام زۆرایەتییان کرمانجـی خـواروون، وەک: «هـی ئەحمـەدی کـۆر، وەفایـی، ئـەدەب، نالـی، حەریق، شـەهاب و شـێخ ڕەزا تاڵەبانی». قورسـایەتیی شـێعرەکان هی ناوچەی موکریانە و

1. https://zheen. org/govaryzheen/
http://www. bokan. de/laperekan/nuseran/Kak%20Anwer/keshkol2. pdf.

بەتایبەت شێعرەکانی ئەحمەدی کۆر زۆرترین شوێنیان لەنێو لاپەڕەکانی کەشکۆڵەکەدا بـۆ تەرخـان کـراوە. هەر ئەوە خۆی پەیوەندیی کەشـکۆڵەکە بـە بۆکانەوە دەردەخا، گەرچی ناوی نووسەران و پەیوەندیی خزمایەتییان لەگەڵ خاوەنی بۆکانیی ئێستای دەسنووسەکە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە بەسە.

دەرکەوتنـی ئـەم کەشـکۆڵە هەواڵێکـی خۆشــە و بۆ مێـژووی هونـەر و ئەدەبی ناوچەکـە بەڵگەیەکـی بەکەڵکـە. ئەوەنـدەی ئاگادار بـم کاک حەمەدەمینی شاسـەنەم چەند کەشـکۆڵێکی دیکەی لە بەردەسـتدان کە ئەوانیش هـی بۆکان و ناوچەکەن و هیوادارم بتوانێ بە شێوەیەک بڵاویان بکاتەوە. کەشکۆڵەکانی کاک حەمەدەمین و ئەم کەشکۆڵەی عەزیز و سەوزەحمەد، هاوڕێ لەگەڵ دەسنووسەکانی بەغدا کە مامۆستا محەممەدعەلـی قەرەداغـی لـە کتێبی کەشـکۆڵی کەلەپووری کوردیدا ناسـاندوونی، دەتوانـن گەنجینەیەکـی بەنـرخ بن لە کاری زانسـتی و هونەریی پێشـینییانی ئێمە لە بۆکان و لە کوردستان بەگشتی.

## کێشی شێعری هەندێک شاعیری بۆکانی

کتێبی گەلێک بەنرخی مامۆستا عەزیز گەردی بەناوی «ڕابەری کێشی شێعری کلاسیکی کوردی» دیاردەیەکی شازە لە لێکۆڵینەوەی بنچینەیی کێشی شێعری شاعیرانی «عەرووزیوێژ»ی کورددا.

مامۆستا بە نەفەسێکی گەلێک درێژ سەرجەمی دیوانی زیاد لە ٨٢ شاعیری کوردی «تقطیع» کردووە و «بەحر»ە عەرووزییەکانی هەموو غەزەل و چامەی نێو ئەو دیوانەی پێناساندووین. شێوازی کارەکەی لەسەر «تقطیع» کردنی مەتلەع ـ واتە فەردی یەکەمی هەر پارچە شێعرێکە و بەو شێوەیە سەروبەری هەموو شێعرێکی نێو دیوانەکانی لە باری عەرووزی عەرەبەوە دەسنیشان کردووە.

من ناچمە سەر باسی ئەو گێرە و کێشەیەی وا لەسەر عەرووزی بوون و بڕگەیی بوون، هەروەها گونجاویی گۆڕانی ئەمیان بۆ ئەو و پێچەوانەکەی لە ئارادایە، بەڵام هەر چۆنێک بێ بەشی هەرە زۆری سەرمایەی شێعریی گەلەکەمان لە ڕابردوو و تەنانەت ئێستاش‌دا خۆ لە شێعری عەرووزی‌دا دەنوێنێ و بەو بۆنەیەوە خاوەنی گرنگایەتیی تایبەتە. شێوازی داڕشتنی کتێبەکەش گەلێک ڕێکوپێک و جێگەی بڕوایە و دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باشی خوێندکارانی ئەدەبی کوردی بێ.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە و گەلێکیش گرنگە ئەوەیە کە ٧ دیوانی ٦ شاعیری ناوچەکەی تەقطیع کردووە. ئەم کارە پێشتر کەس نەیکردووە. ئەوەش بابەتەکان:

ئەحمەدی کۆر: لاپەڕەی ٦٢ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، چاپی ئەنیسی، سەرجەم ٥١ پارچە شێعر، بەحری شێعرەکان: ڕەمەل، ڕەجەز، هەزەج، بەسیت.

میسباحوددیوانی ئەدەب: لاپەڕە ٧٦ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، چاپی هەولێر، سەرجەم ٧٦ پارچە، هەروەها لاپەڕە ٨٣ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، چاپی بەغدا، سەرجەم ١٢ پارچەی تر؛ بەحری شێعرەکان: هەزەج،

ڕەمەل، موزاریع، ڕەجەز، سەریع، موتقاریب، موجتەس.

عەباس حەقیقی: لاپەڕەی ٢٢٣ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، چاپی ئینتشاراتی سەلاحەددین، سەرجەم ٥٦ پارچە؛ بەحری شێعرەکان: هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، ڕەجەز، خەفیف، سەریع.

سەیفولقوزاتی قازی: لاپەڕەی ٣٤٧ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، چاپی ئەحمەدی قازی، سەرجەم ١٨ پارچە؛ بەحری شێعرەکان: هەزەج، موزاریع، ڕەمەل.

مەلا مارفی کۆکەیی: لاپەڕەی ٥٤٣ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، چاپی سەیدیان، سەرجەم ٥٠ پارچە؛ بەحری شێعرەکان: هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، موجتەس، خەفیف.

خالید حیسامی (هێدی): لاپەڕەی ٧٤٧ی کتێبەکە، لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر (کاروانی خەیاڵ)، سەرجەم ٧٦ پارچە؛ بەحری شێعرەکان: ڕەمەل، هەزەج.[١]

---

١. عەزیز گەردی، «ڕابەری کتێبی شێعری کلاسیکی کوردی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی»، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٣، ٧٩٠ لاپەڕە، کوردی.

### شێعرێکی فارسیی شێخبابا

شـێخ بابا سەعیدی غەوسـاباد هاوڕێ لەگەڵ حەمەحوسێنخانی سەرداری موکری، سـەیفەددینخانی سـەقز و حەمەخانـی بانـە لە یەکەمین ڕۆژەکانی هێرشـی سـپای داگیرکەری عوسمانی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجانی ئێران لە ماوەی شـەڕی یەکەمـی جیهانـیدا، بەتاوانی لایەنگری کردنی سـپای ڕووس، گیرا و ئیعدام کرا.[١] شێخبابا کەسایەتییەکی ناوبەدەرەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینیی ناوچەی موکریان و خەڵکی غەوساباد بوو.

«شـێخ بابـای بەرزنجـی لـە دواڕۆژانی مانگی سـەفەری ١٣٣٣ی کۆچـی لە دێی غەوساباد لەلایەن سپای داگیرکەری عوسمانییەوە دەگیرێ و دەیبەنە کەرێزەی گڵی. سـێ ڕۆژان لەوێ دەسبەسـەر دەبێ و هەڵیدەپێچن تا حوکمی جیهاد و شەڕ لەگەڵ ڕووسـان پەسـند بکا، بەڵام مل نادا. سـەرکردایەتیی سپای عوسـمانی لە دادگایەکی ڕووکـەش و هەڕەمەکـیدا حوکمـی ئیعدامی بۆ دەبڕنەوە و بە فەرمانی ئەفسـەرێک بەناوی عومەر ناجیبەگ لە داری بێدادی دەدەن.

شـێخی شـەهید ناسـراو بە «صدرالسـادات» لە کەرێـزەی گڵی دەنێـژرێ و پاش هەشـت مانـگ خـزم و کەسـی دەچـن گۆڕەکـەی هەڵدەدەنـەوە و ڕایدەگوێـزن بـۆ غەوساباد و لەنێو گومبەزی شێخ ئەحمەدی برای تەسلیم بە خاکی دەکەنەوە.»[٢]

مامۆستا هەژار لە بەشی مەهابادی بەرەوموکریاندا دەڵێ:

**گیانـی خـۆی داوە بەتـۆ شـێخبابا**
**بـاوی شـادی بـوو ئەگـەر ئـەو مابا**

---

١. بەگوێرەی نووسـینی ئیبراهیم ئەفخەمی، حەمەحوسـێنخانی سەردار و سەیفەددینخانی سـەقزی ڕۆژی ٢٣ی سـەفەری ١٣٣٣ی مانگـی لـە مەراغـە ئیعـدام کراون [کە بە حیسـابی مـن دەکاتـە ١٩١٥/١/١١ی زایینی]. بڕ: ابراهیـم افخمی، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٦٤ (؟)، ص ٢١٣.

٢. سعیدی، سید مسعود «زندگانی عارف شهید شیخ باباسعید برزنجی غوثآباد»، ص ٥٢ و ٧١، چاپ اول ١٣٩٦/ ٢٠١٧، انتشارات زانکۆ.

لە پەراوێزی شێعرەکەشدا دەنووسێ:

«شێخبابا، شێخی غەوسابات بووە، سەرەکی کۆمەڵێک بووە گفتیان لە ڕووسیای قەیسەری وەرگرتووە ئیسیقلال بدا بە کوردستان و ئەوانیش دژی تورکان شەڕ بکەن... تورکان بەو توهمەتە، دەگەڵ حەمەحوسێنخانی سەردار و سەیفەددینخانی سەقزی، ئیعدامیان کردووە.»[1]

لە گەلێک سەرچاوەی دیکەشدا بەکورتی یادێکی لێکراوە و ئاماژەیەکی پێکراوە؛ لەوانە، ئیبراهیم ئەفخەمی (پێشتر) و سەید محەممەدی سەمەدی، کە شێخبابا بە «عارف و شاعیری گەورەی کورد» ناو دەبا.[2] بەڵام لە لیستەی ناوەکانی «تاریخ مشاهیر کرد»ی نەمر بابامەردۆخ ڕۆحانیدا چاوم بەناوی شێخبابا سەعید نەکەوت، هیوادارم من هەڵەم کردبێ.

**

پارچە شێعرێکی شێخبابا لە کەشکۆڵی «حاجی میرزا محەممەدی سەقەتی» کوڕی حاجی سمایل خاریجەی مەهابادی و باپیری ڕێزدار فەتاحی کاویاندا تۆمار کراوە. کەشکۆڵەکە لە ساڵانی دەوروبەری ١٣١٩ (١٩٤٠ی زایینی)دا نووسراوەتەوە و بریتییە لە شێعری کوردی و فارسی زیاد لە ٤٧ شاعیری کورد و فارس.

من لە ژمارە ٢ی گۆڤاری ژین، چاپی بنکەی ژینی سلێمانیدا بابەتێکم بۆ ناساندنی کەشکۆڵەکە نووسی و لیستەیەکم لە ناوی شاعیران و شێعرەکانیان پێکهانی. لە لاپەڕە ٢١٧ شدا ئاماژەم بەو پارچە شێعرەی شێخبابا سەعید کرد.[3]

---

١. هەژار، «بۆکوردستان»، چاپی سێهەم، چاپی جەواهیری، تاران، ١٣٥٨/ ١٩٧٩، ل ١١٥. بەپێی نووسینی موحسین سدیقی لە کتێبی «سەقز در گذر زمان»دا، کاتێک سەیفەددینخانی سەقزی (مظفرالسلطنە) لە میاندواو بە پیلانی تورکانی عوسمانی دەزانێ بۆ گیرانی، خۆی دەگەیەنێتە مزڵی «مەولانای مەرزینگ» دەمڕاستی شێخی بورهان، کە بۆ بەشداریی جیهاد چووبوویە ئەو شارە؛ بەڵام تورک پێدەزانن دەچن لە مزڵ و ماڵی وی دەریدەکێشن و دەیبەن و مەولانا چ ناڵێ. نووسەر گەلێکی تانە لە مەولانا داوە کە میوانی بەدەستەوە داوە. بڕ: ل ٥١، چاپی ١٣٧٧/ ١٩٨٨.

٢. سید محمد صمدی، «نگاهی بە تاریخ مهاباد»، انتشارات رهرو، مهاباد١٣٧٣، صفحه ٨٠.

٣. ژین، گۆڤاری بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی

نێوەرۆکی شێعرەکە عیرفانییە و لە هەموو ٩ فەردەکەیدا باس لە «وحدت وجود» و «یەکگرتنەوەی خالق و مەخلووق» کراوە. وێدەچێ شێخبابا عارف و شاعیر هەردووکیان بووبێ. لە شێعرەکە دەردەکەوێ کە ناسناوی شێعریی شێخبابا هەمان ناوی خۆی، واتە «سەعید» بووە.

بەداخەوە لەبەر هەڵەیەکی زۆر کە کەوتۆتە نووسینەوەی شێعرەکە، ڕادەی هونەریی شاعیر و توانای شاعیرییەکەی لە هەڵسەنگاندن نایە، بەڵام هەست دەکرێ کە یەکەمین و دوایین شێعری شاعیرەکە نەبووبێ لەبەروەی نێوەرۆکی دەوڵەمەند و شێوازێکی ڕازاوەی هەیە. ئەگەر ئەم بۆچوونەی من ڕاست بێ، دەبێ شەهیدی نەمرمان شێعری دیکەشی گوتبێ.

لێرەدا، دەقی شێعرەکە دەهێنمەوە بەو هیوایەی کە شێعرەکانی دیکەی ئەم کەسایەتییە مەزنەی گەلی کورد کۆ بکرێنەوە و بڵاوببنەوە. من ئاگاداری بەجێماو و خزم و کەسوکاری شێخبابا سەعید نیم، بەڵام هیوادارم ئەگەر کەسانێک سەر بە بنەماڵەکەی هەبن و بیانەوێ شوێنی مەسەلەکە بگرن، لە داهاتوودا هەم زانیاریی زیاترمان لەمەڕ ژیان و هەڵسووڕاویی سیاسی و حیزبی ناوبراو دەست بکەوێ، هەم چاومان بە شێعرەکانی ڕوون ببێتەوە.


**

سەبارەت بە شێعرەکە و نووسەرەوەی شێعرەکە، واتە نەمر حاجی میرزا محەممەدی سەقەتی، دەبێ ئاماژە بە یەک خاڵ بکەم: شێعرەکە پڕە لە هەڵەی نووسینەوە. ئەو ناتەواوییە داوێنی بەشی زۆری نێوەرۆکی کەشکۆڵەکەی گرتۆتەوە. وێدەچێ حاجی میرزا محەممەد زۆر لە کارەکە ورد نەبووبێتەوە و گوێی نەدابێتە ئەوەی هەڵەوپەڵە بکەوێتە نووسینەوەکانییەوە. ئەم کێشەیە تەنیا لەو شێعرانەدا دەبیندرێن کە خاوەنی کەشکۆڵ خۆی نووسیونییەتەوە، بەڵام هەندێک لە شێعرەکان کە بە دەسخەتی جیاواز نووسراونەتەوە، کەم هەڵەتر و متمانە پێکراوترن.

---

کوردی، ژمارە ٢، سلێمانی، ئەیلوولی ٢٠١٠، ل ٢١٣ تا ٢٢٦.

مـن لـە درێـژەی ئـەم یادداشـتەدا، سـەرەتا وێنەی ئـەو لاپەڕەیەی کەشـکۆڵەکە دەهێنمـەوە کـە شـێعری شـێخبابای تێدا نووسـراوەتەوە، بۆ ئـەوەی خوێنەر لەگەڵ کاری حاجی میرزادا ناسیاوی پەیدا بکا، ئینجا جارێکی دیکە دەینووسمەوە و هەوڵ دەدەم، بەگوێرەی توانا، هەڵەکانی ببڕم. ئەومە وێنەی لاپەڕە ٣١ی کەشکۆڵەکەیە:


٣١

کلام شیخ بابا سعید

ئەوەش نووسینەوەی دەقەکە لەلایەن منەوە:

کلام[١] شیخ‌بابا سعید

**نوبهـــار گلشــــن وحـــدت دوبـــاره [باز][٢] شـــد**
**بلبـــل معنـــی در ایـــن گلزار هم دمســـاز شـــد**
**بلبـــلان در هرطرف گل‌هـــا بریزنـــد[٣] در چمن**
**زانکـــه در منقـــار ایشـــان نغمه‌هـــا آغـــاز شـــد**
**شـــد ظهور گل از این گلشن بهر [ره] صدهزار**
**عندلیبـــان[٤] آمد[ه] هـــر طرف[٥] در پرواز [شـــد]**
**جشـــن و رقای[٦] حقیقـــت بود در گلشـــن بهار**
**عیـــد جـــان آمـــد، در ابر میـــلان (؟) باز شـــد[٧]**
**شـــمس حق پرتو فکند،[٨] عالم همه انوار گشت**
**سر بـــرون[٩] آرنـــد و... (؟) خبـــاز شـــد**
**شـــد ظهـــور حـــق... (؟) در اول شـــهر صیام**
**بـــر سر تخـــت حقیقـــت حالیـــا شـــهباز شـــد**
**بر سریر عرش دل، سلطان [١٠] روحانی نشست**
**بر همه عالم همیشـــه درک [١١] رحمت باز شـــد**
**فـــرق پـــرگار[١٢] معانی شـــد به نقطه هـــم قرین**
**گفتگـــوی اول و آخـــر... (؟) ایـــن راز شـــد**

---

١. کام
٢. ناز، ساز
٣. سەبەبێکی زیادی هەیە
٤. عندلبان
٥. بۆ کێشی شێعرەکە هیچ چارەیەک نییە جگە لەوەی «طرف» بە سکونی /راء/ بخوێنینەوە
٦. رقاصی (؟)
٧. تاز شد
٨. فکندە
٩. بیرون
١٠. سلطانی
١١. بڵێی وشەی کوردی «دەرک» بەواتای دەرگا نەبێ؟
١٢. پرکاری

**همچو پروانه به دور شـــمع می گردد «سـعید»**
**بـــرد جانــش طیرجــان پیوســـته در پرواز شــد**

بەداخەوە هەڵەیەکی زۆر لە دەسخەتەکەدا هەیە، هەروەها چەند شوێنێکیشیم بۆ نەخوێنراوەتەوە. تۆبڵێی نوسخەی شێعرەکە لە شوێنێک و لای کەسێکی دیکە نەبێ؟

یـادی شـەهیدی مەزنـی گەلی کورد شـێخبابا سـەعیدی غەوسـابات و هەروەها یادی میرزا محەممەدی سەقەتی کە ئەم شێعرەی بۆ تۆمار کردووین، زیندوو بێ!

## شێعرێکی زێوەر بۆ ناودارانی ناوچەی بۆکان

مـەلا عەبدوڵـڵا زێـوەر (١٨٧٥ ـ ١٩٤٥) ماوەیـەک لە سـلێمانییەوە پەڕیوەی موکریان بووە و لەوێ ژیاوە، ئینجا لەوێوە چۆتە ئەستەمووڵ. هەر لەو ماوەیەدا ئەم قەسیدەیەی هۆندۆتـەوە و بـۆ یەک لـە گەورەپیاوانی ناوچەکەی ناردووە. لە شـێعرەکەدا داوای «خەرقە»یـەک لـە بەرگۆی شـێعرەکە دەکا، کە نەمر مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەفخەمی لە کتێبی «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان»، لاپەڕە ٦٢٢دا دەڵێ: ئەو کەسـە حاجی عەبدوڕڕەحمانبەگی ئێلخانی، کەسایەتیی ناسراوی فەیزوڵڵابەگیی ناوچەی بۆکان و سەقز بووە.

بەگوێرەی نووسینی ئەفخەمی، زێوەر ئەم شێعرەی لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ ـ ١٩١٨)دا نووسیوە. مامۆستا ئەحمەدی قازیش لە دیوانی سەیفولقوزاتی قازی (١٨٧٦ ـ ١٩٤٥)دا دوو فەرد شێعری سەیف و حاجی عەبدوڕڕەحمانبەگی چاپ کردووە کە بۆ یەکتریان نووسیوە و گوتوویەتی حاجی عەبدوڕڕەحمانبەگ خاوەن موڵکی گوندی قەرەگوێز بووە کە ئەو دەم سـەر بە بۆکان و ئێسـتا هی سەقزە. بەو پێیـە دەبـێ عەبدوڕڕەحمانبەگیـش هەر لەو سـەردەمانەدا ژیابێ کە سـەیف ژیاوە. بەگوێـرەی شـەجەرەنامەیەک کـە کاک ئیرەج ناهید لە لاپـەڕە ٤٧ی کتێبی «نظری به خانـواده عبدالرحمنبیگ مکری»دا چاپی کردووە، عبدالرحمن کوڕی بوداقخانە و بە چوار پشت دەگاتەوە سەر بوداق سوڵتانی موکری.

قەسیدەکە ناوی هەندێک کەسایەتیی ناوچەی بۆکانی تێدایە و هەر بۆیەش لێرەدا دەیهێنمەوە. شێعرەکە لە چەند سەرچاوەدا تۆمار کراوە و من لە لاپەڕە ٦٢٢ی کتێبی «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان»ی نەمر ئیبراهیم ئەفخەمیم وەرگرتووە:

**خەرقەیەکم هەیە**

**خەرقەیێکـم هەیـە ڕەفیقـی سـەفەر    ماهووتی خاسـی شـاری «مەنچەسـتەر»**
**خدمـەت و مینەتـی ئـەوەن زۆرن    نـادرێ شـەرحی ئـەو بـە سـەد دەفتـەر**

بەخوسووس لەم زەمانی هیجرەتدا
جاربەجار موتتەکا و سەرینی منە،
ڕوو لە مەجلیس دەکەم عەبای شانە،
وەختی نوێژ ڕایەخەم لەجێی بەرماڵ
ڕۆژێ لێم هاتە حیددەت و شیددەت
من کە بدڕێم ئەتۆ دەبی قاتڵ
چاری بەرماڵی نوێژ بکە بۆخۆت
کوتم: ئەی یاری هەمدەم و گیانی!
کەس بەخۆڕایی شت بە کەس نادا
کوتی: تۆ شاعیری، بەشۆرەتی، خەڵق
یەک قەسیدە بنووسە بۆ زاتێ
کوتم: ئەی خەرقە کۆنی هەرجایی!
کوتی: من پێت دەڵێم بنووسە لەکوێ
وەک دەڵێن ئاغەواتی دێموکری
کوتم: ئەو ئاغەواتە ناناسم
کوتی: شێخێ لە «کۆکە» زۆر کۆکە
کوتم: ئەو شێخە گەرچی ناناسم
کوتی: ئاغای «قەڕاڵی» چۆنە لەلات؟
کوتم: ئەو ئاغەواتە دەروێشن،
کوتی: ئێلخانی حاجییە و سەردار
ئەنجەبی خانەدانی کوردستان
لەو تەڵەب کە، مەچۆرە لای هیچ کەس
کوتم: ئەی هەرزەگۆیی هەرجایی!

شەو لەجێی لێفە، ڕۆژ لەجێی بەستەر
ڕایەخەم من لە کێو و دەشت و دەر
وەختی باران و بەفر، دەبێتە سپەر
مەوریدی ویردی حەزرەتی داوەر
کوتی: «ئەی بێخەبەر لە نەفع و زەرەر!
غافڵی تۆ لە حاڵی خۆت یەکسەر
تا نەجاتم ببێ لە ڕەنج و کەدەر
خۆت دەزانی کە نیمە سیم و زەڕ
بەخوسووس بە غەریبی خانەبەدەر
وەکوو زانیومە پێت دەڵێن زێوەر
خواستی بەرماڵ بکە بە نەزمی دوڕەر
ئابڕووی من دەبەی وەکوو سواڵکەر
جوابی خۆش وەرگری بە فەتح و زەفەر
ساحێبی بەخششن، نیانە لەچەر
پێم دەڵێن سائیلێکە بێسەروبەر
ساحێبی جووت و ماڵ و مڵک و مەڕ
وادەزانم ناکاتە نامە نەزەر
هەردوو دیندارن و عیبادەتوەر
شێخ شناسن، لەگەڵ مەلا بە کەدەر
ساحێبی ناو و شەئن و شەوکەت و فەڕ
ئەڕشەدی تائیفەی هونەرپەروەر
باغی فکرت لەوانە دێتە سەمەر
ئەی حەماقەتمەئابی بێسەروبەر!

زاتی ئەو، ڕەخش‌بەخشە، ساحێبی خوان
«فەزل» و «یەحیا» لە قاپییا نۆکەر

زۆر لە لام نەقسە لەو تەڵەب کەم، کەم
ئەغڵەبی خوارە، سەتری بێ مەستەر

کوتی: ئەی ئاغەواتی دەوری سەقز؟
ساحێبی جوودن و هونەرپەروەر

ماڵی ئەو تاقمە، کوتم: وەققە
بۆ غیاث و شەریف و شەهد و شەکەر

کوتی: ئایا ئەمیرتومان چۆنە؟
کوتم: ئەی حیلەبازی ئەفسوونگەر!

هیممەتی ئەو کچە و کچیش بۆ من
زۆر مەحاڵە، غەریبم و بێ‌پەڕ

کوتی: سا، حاجی بابەشێخ چاکە،
سەییدە و عالمە و کەریم‌سیەر

کوتم: ئەو مەردە، فەردە لەم چەرخە
من لە ڕاست ئەو خەجاڵەتم یەکسەر

دەفعەیەک بۆ زیارەتی کە نەچووم،
چۆن بنووسم، بکەومە بەحس و خەبەر؟»

کوتی: زاتێ هەیە، خوجەستەسیفات،
عاسمان‌پایەیە و بڵندئەختەر

کامی هەر کەس ڕەوا دەبێ لای ئەو
نووری «زەنبیل»ە سەییدە و سەروەر

سوبحی گوڵشەن‌سیفاتی ئەهلی بەهار
یا هەناسەی نەسیمی وەختی سەحەر،

هەروەکوو خوڵقی ئەو فەڕەح‌بەخشە
هەروەکوو فکری ئەو عەبیرئاوەر

مەرکەزی دائیرەی فەزایل و جوود
لە سەمای عیلم و حیلمە ئەو میحوەر

دەرکی ئەو مەڕجەعی خەواس و عەوام
بۆ فەقیران و بێ‌نەوایە پدەر

خزری ڕاهی موریدو گوم‌گەشتە،
سەددی ڕێی زوڵم دەکا وەک ئەسکەندەر

نەسلی پاکی «بەتوول» و «شێری خودا»،
زوهدی «بووبەکر»ییە، بە وەرعی «عومەر»

کە ئەمانەم لە خەرقە بیست فەورەن
کوتم: ئەی ئافەرین ڕەفیقی سەفەر!

هیممەتی سەییدە کە هاتییە زمان
لە کەراماتی بووی بە دانیشوەر

من نە دەروێشم و نە پیر و مورید
ڕەنگە نوێژیش نەکەم لە وەختی سەفەر

بەشی من هیچ نەمایەوە ئیللا
کە دۆعای بۆ بکەم بە سۆزی جگەر

من بە «بەرماڵ»ی خۆم بگەم، بەسمە
بۆ سەوارییش، ئەگەر ببێ یەک «کەر»!»

تەواو

چەند وردەسەرنج سەبارەت بە شێعرەکە:

١. هەندێک ناو لە شێعرەکەدا هاتوون کە پێویستە ڕوون بکرێنەوە کێن، لەوانە، دوو ئاغای گوندی قەڕەڵی و... باسی شێخی کۆکە کە دەکا دەبێ مەبەستی حاجی شێخ مستەفای بەرزنجی باوکی خاڵەمین بێ.

٢. کۆتایی شێعرەکە بە شێوەیەکە ناکرێ لێی دڵنیا بی شاعیر دوابڕیاری چییە و دەیهەوێ داواکارییەکە ئاڕاستەی کێ بکا. هەر لەم پەیوەندییەدا، من لەوە دڵنیا نیم کە ئایا حاجی ئێلخانی هەمان عەبدوڕڕەحمانبەگی فەیزوڵڵابەگییە یا حاجی محەممەدئاغای ئێلخانی لە دێبوکرییەکان کە بە حاجی ئێلخانی دەناسرا. نەمر ئەفخەمی لە بۆچوونەکانیدا هەندێک جار لایەنگر بوو و دووریش نییە بەهۆی دژایەتیی بنەماڵەی ئێلخانییەوە شێعرەکەی بردبێتەوە سەر عەبدوڕڕەحمانبەگی فەیزوڵڵابەگی.

بەگوێرەی نێوەرۆکی شێعرەکە، شاعیر دوای ئەوەی ناوی زۆر کەس دەهێنێ و یەک لەوان حاجی ئێلخانی، بەڵام هەموویان، هەرکام لەبەر هۆیەک، دەداتە دواوە و لە کۆتاییدا دەچێتە سەر سەیدی زەنبیل (حاجی سەید عەبدولحەکیم) و لەسەر ئەوە ساغ دەبێتەوە کە داواکارییەکەی ئاڕاستەی ئەو بکا. بەو پێیە، بەرگۆی شێعرەکە سەیدی زەنبیلە، بەتایبەت کە سەبارەت بە حاجی ئێلخانی دەڵێ: «زۆر لە لام نەقسە لەو تەڵەب کەم، کەم».

شێعرێک کە بەشوێن ئەم شێعرەدا دێ وەڵامی سەیدی زەنبیلە بۆ زێوەر و بەتەواوەتی دەیسەلمێنێ کە شێعرەکە بۆ ئەو نێردراوە.

## وەڵامی شێخی زەنبیل (شای حەکیم) بە شێعرەکەی عەبدوڵڵابەگی زێوەر

لە وتاری سەرەوەدا باسی شێعرێکی عەبدوڵڵابەگی زێوەر (١٨٧٥ ـ ١٩٤٨)م کرد. بنەمای کارەکەی من، وەک ڕامگەیاندبوو، دەقێکی شێعرەکە بوو کە نەمر ئیبراهیم ئەفخەمی لە کتێبی «فەرهەنگ و ئەدەبی موکریان، بۆکان»دا ڕایگەیاندبوو. ئەو دەم دیوانی زێوەرم لە بەردەستدا نەبوو و دۆست و برادەرانیش لە لەندەن هیچکام نەیانبوو، ناچار دەقەکەی ئەفخەمیم وەک بنەما وەرگرت. ئێستا دەقی دیوانەکە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بڵاوبۆتەوە و من بە یارمەتیی ئەو دەقە، هەندێک هەڵەی وتارەکە ساغ دەکەمەوە و پاشان وەڵامی جەنابی سەید عەبدولحەکیم نوورانی (شێخی زەنبیل، ١٨٧٥ ـ ١٩٣٨) بۆ شێعرەکە دێنمەوە کە ئەویش هەر لە دیوانی زێوەردا چاپ کراوە.

یەکەم ساغکردنەوەی هەڵەی سەرەتا و پەراوێزەکانی وتارەکە:

١. ساڵی لەدایکبوونی زێوەر بە ١٨٧٥ نووسرابوو، کە ڕاستە؛ بەڵام ساڵی مردنی زێوەر ١٩٤٥ نییە و بەگوێرەی دیوانەکە، ١٩٤٨ە؛

٢. شێعرەکە، بەپێچەوانەی بۆچوونی مامۆستا ئەفخەمی، بۆ حاجی عەبدوڕڕەحمانبەگی فەیزوڵڵابەگی نەنووسراوە کە هەر ئەو دەم گومانم لێکردبوو، بەڵکوو بۆ سەید عەبدولحەکیم نوورانی (سەیدی زەنبیل) نووسراوە و بۆ ئەویش نێردراوە.

دووهەم هەڵەی نێو شێعرەکە:

بەداخەوە زێوەر لەو شاعیرە کەمبەختانەی کوردە کە سەرەڕای چەندەها جار بڵاوبوونەوەی شێعرەکانیان هێشتا دەقێکی پاک و بێهەڵەیان نەکەوتۆتە بەردەستی خوێنەر و لەپێش هەموویانەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە تا ئەمڕۆش دەقێکی بەمتمانەی دیوانەکەیمان نییە. هەڵەی نێو شێعری جێگەی باسی ئێمەش بریا هەر ئەوانە بووایە کە ئەفخەمی تووشی کردووە، بەداخەوە، دیوانی زێوەریش کە لەژێر

سەرپەرشتیی کوڕی شاعیردا چاپ کراوە، ئەوەندەی هەڵەی چاپ تێدایە کە خوێنەر بێزار دەکا. لە کۆتایی ئەم وتارەدا دەقی شێعرەکە لەبەر چاپی دیوانەکە دەهێنمەوە کە خوێنەری ئەم زنجیرەوتارە دەستی بە هەر دوو دەقەکە ڕاگەیشتبێ و بتوانێ بەراوردی یا هەڵەبڕییان بکا.

با سەرەتا بچینە سەر ئەسڵی باسەکە، واتە وەڵامی سەید عەبدولحەکیم نوورانی بۆ زێوەر. ئەوەی لێرەدا ڕوونە، ئەوەیە زێوەر شێعری «خەرقە»کەی خۆی بۆ سەیدی زەنبیل ناردووە نەک کەسێکی تر. سەیدی زەنبیلیش هاوکات لەگەڵ ناردنی خەرقەی ماهووت بۆ زێوەر، بە شێعرێک وەڵامی داوەتەوە. شێعرەکە نیشانەی توانای بەرزی سەید عەبدولحەکیمە لە شاعیریدا و بەگوێرەی «چێشتی مجێور»ی مامۆستا هەژاریش، ناوبراو شاعیرێکی توانا بووە. خۆزگە کەسێک شێعرەکانی کۆدەکردەوە و دەیگەیاندنە دەست خوێنەری تامەزرۆ.

وەڵامی سەید عەبدولحەکیم نوورانی (سەیدی زەنبیل) بە شێعری عەبدوڵڵابەگی زێوەر:

**ئەی عەزیز و ڕەفیقی دانیشوەر!**
**نییە خۆشتر لە شێعری تۆ «زێوەر»!**
**من خەجاڵەت ئەبم لە عەرزی جەواب**
**هەیە ئوممێد لە تۆ، بە سەرفی نەزەر**
**خەرقەیێکت هەیە ڕەفیقی شەفیق**
**«خەرق»ە بۆ تۆ وجوودی ئەو یەکسەر**
**ئەو لە «بەرماڵ»ەکەت جگەرسۆزتر**
**کە لە بەرماڵ دۆعا ئەکا بە ئەثەر**
**چۆن نەگرمە گوێ نەسیحەتی ئەو؟**
**هەیە گوفتاری زوبدە وەک گەوهەر**
**خەرقە هەرچی ئەڵێ لە گوێی بگرە**

**باوەکوو نوێژ نەکەی لە وەختی سەفەر**
**زووە بۆ ڕۆیینت، مەکە تەعجیل**
**بەفر زۆرە، بە ئێمە گەیوە خەبەر**
**وەختی ڕۆیین خەبەر بدە «خادم»**
**کەشفی ڕێگەت بکا لە هەر کیشوەر**
**ڕۆح ئەنێرم لە بەدرەقەی تۆدا**
**لاکین ئینساف نییە قبووڵی خەتەر**
**موئمینان و «سەعید» و «قۆچ» و «ڕەشید»**
**بە حەکەم دابنێن لە ئەهلی هونەر**
**من سەلامم هەیە لە خزمەتیان**
**بیگەیێنە بە عیشقی پیر و پدەر**
**خەرقەکەی ماوتە، ئومێد وایە**
**بە سەفای دڵ دۆعا بکەی بێمەڕ!**

سەرنجەکانی من لەسەر شێعرەکەی سەید عەبدولحەکیم:

- ویدەچێ شێعرەکە ناتەواو بێ بەتایبەت لە دەوروبەری فەردی دەهەمدا؛
- وەک شێعرەکەی زێوەر خۆی، لەمیشدا تەنزێکی نەرمونیان دەبیندرێ؛
- هیچ نیشانەیەکی لە ڕادیکالیزمی ئیسلامی پێوە نییە و ڕوانگەی شاعیر گەلێک لیبراڵە، تا ئەو شوێنەی کە دەڵێ بە قسەی خەرقەکەت بکە با لە کاتی سەفەردا نوێژیشت بۆ نەکرێ؛
- نەمزانی «خادم» کێیە و بە هەمان شێوە، «سەعید» و «قۆچ» و «ڕەشید» کێن؟ «موئمینان» دەبێ موریدانی خانەقا بن گەرچی من شکم بۆ ئەوە دەچێ نیازی لە مۆمنبەگ و قۆچبەگی فەیزوڵلابەگی بووبێتن، واتە زێوەر ویستبێتی لەلای زەنبیل و تورجانەوە بەرەو ناوچەی فەیزوڵلابەگی بچێ؛
- ئەوانەی وا بە «حەکەم»ی داناون بۆچی بووە؟ بۆ هەڵسەنگاندنی شێعرەکەی

زێوەر و خۆی؟ یا بۆ مەسەلەی ڕێگاوبان؟

- کاتی گوترانی شـێعرەکان زسـتان بووە، بەڵام کام سـاڵ؟ بەگوێرەی پەڕاوێزی لاپەڕە ۴۲ی دیوانی زێوەر کە لە زمان مامۆستا «نەجمەددین مەلا»وە نووسراوە، ساڵی ۱۹۱۹ و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بووە؛
- «پیـر» یـا پیـری دەسـتگیر دەبـێ یـەک لـە شـێخانی نەقشـی بـێ وەک شـێخی حیسامەددین؛
- «پدەر» دەبێ باوکی سەید عەبدولحەکیم، واتە سەید عەبدوڕڕەحیمی حافز بێ؛
- بەگوێـرەی هەمـان پەڕاوێز، نەجمەددین مـەلا لە ڕۆژنامەی ژینی ژمارە ۱۳۴۷دا ژیاننامەی سـەید عەبدولحەکیمی نووسـیوە و سـاڵەکانی ژیانی ئەوی بە ۱۲۹۲ تـا ۱۳۵۷ی کۆچـی مانگـی ( ۱۸۷۵ تـا ۱۹۳۸ی زایینـی) دەسنیشـان کـردووە و گوتوویەتی لە گوندی زەنبیل لەدایکبووە و هەر لەوێش کۆچی‌دوایی کردووە و نێژراوە.
- ناکرێ بزاندرێ لە ئەسـڵی شـێعرەکەدا ناوێ شـاعیر بە «زێوەر» نووسراوە یان «زیوەر». دەقی چاپکراو بە «زێوەر»ی نووسیوە.
- من یەک‌دوو هەڵەی چاپیی شـێعرەکەم ڕاسـت کردۆتەوە: وەک زوبدە لەجیاتی زێـدە، کـە واتاکـەی سـەقەت دەکا؛ یـا بێ‌مـەڕ، لەجیاتـی بـێ شـک و مـەڕ، کە شێعرەکەی لە باری کێشەوە پێ لەنگ دەبێ.[1]

١. «دیوانـی [عەبدوڵڵابەگـی] زێـوەر»، مەحمـوود زێـوەر کـۆی کردۆتـەوە و پێشـەکیی بـۆ نووسیوە، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣، دەقی شێعرەکە لە لاپەڕە ٣٧ تا ٤٢.

## شێعری گەنجاڵیبەگ

ئـەم پارچە شـێعرە هـی گەنجاڵیبەگـی فەیزوڵڵابەگییە و مامۆسـتا محەممەدی مەلا کەریـم لـە گۆڤـاری بەیان، ژمارە ١١٧، مانگی ئادار [مـارس]ی ١٩٨٦ (لاپەڕەی ٧٠ ـ ٧١)دا بڵاوی کردۆتەوە. لە سەرەتای کورتی مامۆستادا هاتووە:

«حەسـەن فەهمیبەگی کوڕەزای مەحموودپاشـای جاف لە کەشـکۆڵی مەحموود پاشادا ئەم شێعرەی زیاد کردووە و نووسیویەتی «یەکێک لە بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی کـە نـاوی «گەنجعەلیخـان»ە لـە سـاڵی ١٩٤٣دا «تصادفـا» ڕێـی کەوتە ماڵـی ئێمە لە هەڵەبجـە و موددەتـی ١٥ ڕۆژ لـە ماڵـی ئێمە مایەوە. پاش ئـەوەی گەڕایەوە بۆ لای خۆیـان، موکریـان، ئـەم غەزەلـەی بـۆ ناردبـووم. ئـەم گەنجەلیخانە کـوڕی حاجی سەلیمخانی موکریانە و ماڵیان لە دێی «جانبولاق»ە.»

هـۆی هێنانـی شـێعرەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـە بەرهەمـی ئەندامێکـی بنەماڵـەی فەیزوڵڵابەگیی ناوچەی سـەقز و بۆکانە، وەک کەسـایەتییەکی ناودار و بەدەسەڵاتی ناوچەکـە و ئەگـەر شـێعری دیکەشـی هەبـن ئـەم پارچـە شـێعرەش دەبـێ بدرێتـە دەم ئەوانـی تـر، خـۆ ئەگەر شـوێنەواری ئەدەبیشـی لـێ بەجێمابێ ئەرکـی لاوانی هەڵکەوتووی کوردە شوێنی ئاسەوارەکانی هەڵبگرن.

هۆیەکی دیکەش ئەوەیە نیشاندەری پەیوەندیی ناوچەی بۆکان لەگەڵ هەڵەبجە و باشووری کوردستانە. گەنجعەلیبەگ کوڕی حاجی سەلیمخان، کوڕی فەیزوڵڵابەگ کوڕی عەبدوڕڕەحمانبەگ بووە.

عینوانـی شـێعرەکە لـە گۆڤاری بەیـاندا «ئەی نەسـیمی سـوبحدەم»ە و ئەوەش دەقەکەیەتی:

**ئەی نەسیمی سوبحدەم!**

**ئەی نەسـیمی سـوبحدەم، ئـەی شـارەزایی دەشـت و دەرە!**
**وەی بەقوربانـی شـنەت بـم، هەسـتە، زوو بـەو وا وەرە**

زۆر دەمێکە ئارەزووم وایە بنێرم قاسدێک
بۆ حزووری خۆشەویستم، بۆ سەرم تاجی سەرە
کاغەزێکت بۆ دەنووسم زۆر بە شەوق و ئاب و تاب
ئەیدەمە دەستت، بەڵام توخوا زەریفی هەڵگرە
وەقتی زۆر خۆشە، بەهار نیوەی چووە، سەرما نییە
دەشت و کێو و شاخ و لاپاڵان وەکوو ڕووی مەخمەرە
ئاوی بەفری شاخی کوێستان دێنە خوارێ شیو بە شیو
زۆنگ و کانی هەڵقوڵیون، ئاو لە ئاو شیرینترە
گەرچی ڕێگای شارەزای، با منیش وەبیرت بێنمەوە
ڕێی نزیک و ڕاست لەکوێ بۆ کوێ ئەچێ، یادی گرە
لێرەوە ئەچیە محاڵی «میرەدێ» تا «کێلەشین»
دێ لەسەر دێ چیمەن و سەوزی و گوڵاڵە و شەستپەڕە
دەچیە «بانە» بەندەن و کێوی سەراسەر جەنگەڵە
گوێزە، هەنجیرە، هەنارە، بووز و پەڵک و عەڕعەڕە
ئەمبەر و ئەوبەر خیابانی چنار و سەر و کاج
ئەمسەر و ئەوسەر هەمووی فەڕشی سمنت و مەڕمەڕە
شارەکەی شارێکە زۆر ئاو و هەوای ساف و لەتیف
ساختمان و پارک و بازاڕی قەشەنگ و دڵبەرە
گەر وەدەرکەوتی لەوێ، جێگەی شەوت «سەیرانبەن»ە
چۆم و بوستانی بە بەردا دێت و شیرینمەنزەرە
گەر لە چۆمت دا، ئەڕۆی تا دەچیە شاری «پێنجوین»
شار وەکوو فیردەوسە، ئاوی سەلسەبیل و کەوسەرە
هیچ لەوێ تەئخیر مەبە ئەمجار بڕۆ بۆ «شارەزوور»
میسری کوردستان و جێگەی عێل و خێڵ و چادرە

مەرکــەز و پێتەختــی دەشــتی شــارەزوور لــەم دەورەدا
پێــت بڵێــم شــاری «هەڵەبجــە»ی پێدەڵێــن و دڵگــرە
نیشــتمانی میــر و پاشــای عێلــی جافانــە قەدیــم
خەیمەگاهــی گەورەیــی کوردانــە، جێــی ئەســکەندەرە
دەچیە بــەر دەرکی «حەســەنبەگ» میر و گــەورەی گەورەکان
دەرکــی دەروازەی وەکــوو پێــش دەرکــی قــەسری قەیســەرە
دەســتەیی بەگــزادە ســەفیان بەســتووە بڕنــەو بەدەســت
دەســتەیی نۆکــەر هەمــوو دەســتیان لەســەر گــۆی خەنجەرە
دەســتەیی فــەڕڕاش لــە بــەردەرگا «عموومــەن» حــازرن
عەترپاشــی لێئەکــەن، بــۆن خــۆش ئەکــەن بەرپەنجــەرە
بــا تەمیــز و پــاک و خاوێــن بچنــە خزمــەت ســەروەرم
گــەر گەیشــتیە حــەوزی بــەر دەروازە، دەســنوێژ هەڵگــرە
دەرکــەوان دانیشــتووە دائیــم لەســەر خواجەنشــین
بــۆ پەزیرایــی لــە میهــمان و غەریــب زۆر حــازرە
پــاش ئــەوە ئیزنــت ئــەدەن داخــڵ کــە بوویتــە نێو حەســار
شــەم ئەکەیــت بۆنــی گوڵــە، عەتــر و عەبیــر و عەنبــەرە
پــەردەدار ئیزنــت ئــەدا تــا ئەچیــە نێــو میهمانســەرا
تەخــت و کورســی و ئەســکەمیرە،[1] پــڕ لــە ئاغــا و بەگلەرە
لای سەرووی هەمووان حەسەن بەگ سەروەر و سەرداری کورد
زۆر بــە تەمکیــن و ئــەدەب دانیشــتووە ئــەو ســەروەرە
ئەهلــی فــەزل و عیلــم و ئــاداب و ئەدیــب و زۆر فەســیح
خۆشەچینی«مەحن» و«سەحبان»،«فەزڵ» و«مانی» و«جەعفەر»ە
ئــەم عەریــزەت پێیــە، بیــدە خزمەتــی، بکشــێوە پــاش

١. ئەسکەمل؛ لەبەر وەزنی شێعرەکە دەکرێ ئەسکەمیل بێ.

دەس لەسـەر دەس، لێـو لەسـەر لێو، چاو لەسـەر پـێ ڕاگرە
عـەرزی ئیخـلاس و سـەلامی خالیسـانەی لێئەکـەم
تاکـوو دنیـا مـاوە مـن هـەر بەنـدەم و ئـەو سـەروەرە
زۆر لـە ئـەو ڕۆژەی کـە هاتوومـە حـزووری ئەنـوەری
سـەد بەرابـەر ئـەوڕۆ ئیخـلاس و سـەمیمیم زۆرتـرە
ئـەو تەواریخـەی کـە فەرمـووت، داخـی داخانـم نەبـوون
وەرنـە ئەمـری تـۆ موتاعـە، جێـی لەسـەر چـاو و سـەرە
حەولـی زۆرم دا لـە «سـابڵاغ» و لـە «تەورێز»یـش نەبـوون
هـەم لـە «تاران»یـش نەبـوو، نوسـخەی ئەڵێـن زۆر نـادرە
بـۆ هەمـوو بەگزادەکانـی موحتـەرەم تەقدیـم ئەکـەم
بەندەگـی و عـەرزی ئیـرادەت لێـرەوە تـا لۆنـدەرە!

## شێعری حاجی سەلیمخان (حاجی سەرتیپ) لە وەڵامی شێعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

خەریکی ساغکردنەوەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هەڵبڕیی شێعرەکانیم. تووشی ئەم پارچە شێعرە هاتم کە بەناوی «حاجی سەلیم»ەوە لە پەراوێزی ئەم شێعرەی

**خزمینـــە، مەدەن پەنجە لەگـــەڵ عەشرەتی جافا**
**مێروولـــە نەچـــێ چاکە بەگـــژ قولـــلەیی قافا**

شێخ ڕەزا، لە دیوانی چاپی مامۆستا شوکور مستەفادا چاپ کراوە.[1] هەستم کرد شێعرەکەم پێشتر بینیوە و ناوی ئەو سەلیمخانەشم بیستووە. شکم بۆ ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی لای موکریان چوو لەبەروەی شێعرەکە باسی شەڕی موکری و جاف دەکا. چوومە سۆراغی کتێبێکی ڕێزدار ئیرەج ناهید کە سەبارەت بە بنەماڵەی خۆیان، واتە فەیزوڵڵابەگییەکانی نووسیوە.[2]

شێعرەکەم لەوێدا دۆزییەوە و لە بەراوردکردندا هەندێک جیاوازیم لە ناویاندا بینی. بۆ نموونە، فەردێکی عەرەبی لە دەقی چاپی کاک ئیرەجدا هەبوو و لەویتردا نەدەبینرا.

دیارە کێشەی ڕەوەند و نیشتەجێ بوون کە لەو سەردەمانەدا هەبووە ئێستا بەختەوەرانە نەماوە و بۆتە بەشێک لە مێژوو، هەر بۆیەش شێعرەکە تەنیا وەک لاپەڕەیەکی مێژووی ئەدەبیی گەلەکەمان سەیر دەکرێ و من بەهۆی ڕەوانی و پاراویی زمانی شاعیرەوە کە شانلەشانی شێعرەکەی شێخ ڕەزا دەدا، لێرەدا دەیهێنم.

حاجی سەلیمخان، کوڕی ئاغا شێربەگ و باوکی حاجی عەبدوڕڕەحمانبەگی ئێلخانی بووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە

١. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی؛ ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٠، کوردی.
٢. ایرج ناهید، «نظری به خانواده عبدالرحمانبیگ مکری»، ناشر (؟)، سال (؟)، فارسی.

گوندی «سلێمانکەندیی بەشی بەگزادە» ژیاوە، کە گوندێکی خۆشی ئاوەدانە لە نزیک «سەرا» و پێشتر سەر بە بۆکان بوو، بەڵام ئێستا وەک بەشێک لە دێهستانی تورجان لەسەر سەقزە.

دەقی چاپی دیوانی شێخ ڕەزا وەک پاشماوەی کتێبەکە هەڵەی زۆری تێکەوتووە و من ئەوانی زەق و ئاشکراییم ڕاست کردۆتەوە:

**نەتبیستووە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا**
**هەر «جاف»ە چووە نووکی ڕمی «موکری» بەنافا؟**
**تیپی عەدووو وەک پۆلی قولینگ، ئەووە کوو شمقارِ**
**تێکیدەشکاند یەک یەکە، ئەیخست لە مەسافا**
**«شێخ» بێخەبەرە لەم قسە مەشهوورە لە ئافاق:**
**حەربە و ڕمی ئەم بوو کە بەجێما لە غەلافا**
**هەر ئەو کوڕە جافەش بوو لەبەر چۆپیی دلێران**
**ناڵینی دەهات هەروەکوو بووکێک لە زەفافا**
**زۆر کەس لە جەوانانی ئەوان بوو بە ئەسیر هات**
**دەس بەستە و تەنخەستە و گەردن لە تەنافا**
**چاک وایە نەکا مەتحی ئەوان نەک بڵێ مونسیف**
**ئەم مەتحە کە فەرموویەتی «شێخ»، لاف و گەزافا**
**بۆ مەدحەتیان کافییە «شێخ» بێت و نەزەر کا**
**مەعلوومە کە مەعنای لە لۆغەتدا هەیە «جاف»ا**

ئەوەی خوارەوەش دەقی چاپکراوی کتێبەکەی کاک ئیرەجی ناهیدە لە لاپەڕە ٦٧ ـ ٦٨ی کتێبی «نظری بە خانوادە عبدالرحمان‌بیگ مکری»دا. من هەندێک هەڵەی ئەم دەقەشم ساغکردۆتەوە، بەڵام میسراعی یەکەمم سەرەڕای ناتەواوبوونی کێشەکەی، وەک خۆی هێشتۆتەوە لەبەروەی بەناوی «شێخ» دەست پێدەکا، بەڵام دەقی پێشوو بەڕاشکاوی ناڵێ ڕووی لە کێیە.

فەردی دووهەم کە ناوی «حاجی سەلیمخان»یشی تێدا هاتووە، لە دەقی یەکەمدا نییە بەڵام لە شێعرەکەی شێخ ڕەزادا میسراعی یەکەمی بەناوی «وەسمان پاشا»وە دەبیندرێ و میسراعی دووهەمی عەینووبیللا وەک دەقی یەکەمە. وێدەچێ حاجی سەلیمخان تێهەڵکێشێکی لە شێعرەکەی شێخ ڕەزا دروستکردبێ و ناوی خۆی خستبێتە جێی ناوی وەسمان پاشا یاخود کەسێک دواتر ئەم کارەی کردبێ.

فەردی چوارەم لە دەقی کاک ئیرەجدا نییە و لە ئەنجامدا، فەردی پێنجەمی کردۆتە فەردی چوارەمی خۆی. فەردی پێنجەم عەرەبییە و لە دەقی نێو دیوانەکەدا نابیندرێ. گرنگیی ئەم فەردە عەرەبییە لەوەدایە کە ڕەچاوی شێخ ڕەزای کردووە وا لە شێعرەکەی خۆیدا فەردێکی عەرەبی هێناوە و ئەمیش بە هەمان شێوە مامۆستایانە، فەردێکی عەرەبیی هۆندۆتەوە.

ئەوەش دەقی شێعرەکە لە کتێبی کاک ئیرەجی ناهیددا:

**نەیبیستووە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا[1]**
**هەر «جاف» بوو دەچوو نووکی ڕمی «موکری» بە نافا؟**
**حازر نەبوو ئەو دەم کە بە ڕم حاجی سەلیمخان**
**دەیکرد جەوەلان هەروەکوو سۆفی لە تەوافا**
**تیپی عەدوو وەک پۆلی قوڵینگ، خۆی وەکوو شمقارٍ**
**تێکیدەشکاند یەک یەک و دەیخست لە مەسافا**
**هەروا کوڕە جاف بوو کە لەبەر حەربی دەلێران**
**ناڵینی دەهات هەروەکوو بووکێ لە زەفافا**
**یرمون من الیأس فلاتا و جبالا**
**یکنون من الروع شحافا و کنافا**
**زۆر کەس لە جەوانانی ئەوان بوو بە ئەسیر هات**
**دەسبەستە و تەنخەستە و گەردن لە تەنافا**

---

١. لە سەرچاوەی بەردەستی مندا ئاوا هاتووە: «شێخ نەیبیستووە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا...» کە ئاشکرایە هەڵەیە و وشەی شێخ زیادییە.

**چاک وایـــە نەکا مەدحی ئـــەوان، نەک بڵێ مونســـیف**
**ئەم مەدحە کـــە فەرموویەتـــی «شـــێخ»، لاف و گەزافا**
**بـــۆ مەدحی ئـــەوان کافیـــە «شـــێخ» بێت و نـــەزەرکا**
**مەعلوومـــە کـــە مەعنای لـــە لۆغەتدا چییـــە «جاف»ا**

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە حاجی سەلیمخان باوکی «گەنجاڵیبەگ» بووە و من لە بەشێکی پێشتری ئەم وتارانەدا پارچەشێعرێکی گەنجاڵیبەگم هێناوەتەوە کە کاتی خۆی ڕێزدار محەممەدی مەلا کەریم لە گۆڤاری بەیاندا چاپی کردبوو.

**ڕوونکردنەوەیەک:**

دۆستێکی بەڕێز کە خۆی لە فەیزوڵڵابەگییەکانی دەوروبەری سەقزە ئەمڕۆ (٢٠١٠/٩/٢٥) بە تەلەفۆن پێی گوتم قسەی ئەوە دەکرێ کە گوایە حاجی سەلیمخان شاعیر نەبووبێ و ئەو شـێعرانە مەلایەکی پێشنوێژی مزگەوتی تیکانتەپە گوتبێتنی. من بەو دۆسـتەمم گوت باشە، لە کتێبەکەی کاک ئیرەجدا پارچە شێعرێکی دیکەی حاجی سەلیمخانیش چاپ کراوە و وا دەگەیەنێ کە ناوبراو شـاعیر بووبێ. لە وەڵامدا گوتی من نامەوێ لەسەر مەسەلەکە سوور ببمەوە و هیچ بەڵگەیەکیشم بۆ قسەکەم نییە جگە لەوەی لە خەڵکم بیستووە دەڵێن کارەکە وا بووە و ئەگەر قسەکە بۆ یەک پارچە شێعر ڕاست بێ، ئیتر دەکرێ لەجیاتی ئەو، دوان و سێیان لە شێعرەکانی مەلای ناوبراویشی بەناوی خۆیەوە کردبێ.

سـەبارەت بەنـاوی مەلاکـەی تیکانتەپە، برادەرەکەم گوتی «مـەلا ئەحمەد» بوو و لـە بەشـی باخچـەی شـاعیرانی «مێـژووی ئەدەبـی کـوردی» مامۆسـتا عەلائەددین سەجادیشدا ناوی هاتووە، ژمارەکەشی لەو کتێبە و لەو بەشەدا ١١٦یە. من سەیری کتێبەکـەم کـرد، لـە لاپـەڕە ٥٤٣ و لەژێر ژمـارە ١١٦دا ناوی «حاجی مـەلا ئەحمەدی کـوڕی مـەلا سـەعیدی تیکانتەپـەی موکـری»م بینی و ئـەو دێڕە کورتەی مامۆسـتا سەجادیشـم خوێنـدەوە کـە نووسـیویە ناوبـراو «هـاودەورەی شـێخ ڕەزا بـووە». بەگوێرەی زانیارییەکیش کە ئێسـتا لە بەردەسـت هەمووانە، شـێخ ڕەزا لە ١٩٠٩ یا

١٩١٠دا کۆچی‌دوایی کردووە.

دواقسە: من سەبارەت بەو باسە ناتوانم هیچ بڵێم و بە ئەرێ و نەرێ بۆی لە مل نادەم، بەڵام وەک ئەرکێکی ئاسایی کاری توێژینەوە، نەدەبوو چاو لەو هەواڵە بپۆشم کە لەو برادەرە بەڕێزەم بیست و هیچ ئاماژەیەکی پێنەکەم. ئەوەش کە ناوی حاجی سەلیمخان لە فەردی دووهەمی شێعرەکە (چاپی کاک ئیرەج)دا هاتووە، ڕەنگە سووکە پەسندێک بێ بۆ بۆچوونی برادەرەکەم، لەبەروەی ئەگەر حاجی سەلیمخان شێعرەکەی گوتبایە ناوی خۆی لە کۆتایی‌یەکەیدا دەهێنا نەک لەو شوێنە و ناوهاتنی لە فەردی دووهەمدا نیشاندەری هیچ نییە جگە لەوەی بەشداری شەڕی موکری لەگەڵ جافەکان بووبێ، بەڵام بەو ڕاستییەدا کە گەنجاڵی‌بەگی کوڕی حاجی سەلیمخانیش شاعیر بووە و من لە سەرەوەتردا باسم کرد، بڵێی نەتوانین بڵێین شێعر و شاعیری لە بنەماڵەکەدا هەبووە و کوڕ میراتی باوکی پێ براوە؟ دیارە پێویست ناکا کوڕی شاعیرێکیش وەک باوکی شاعیر بێ، بەڵام ئەو پەیوەندییە خاڵێک بوو بە زەینمدا هات و نەدەکرا ئاماژە بەویش نەکەم.

## شێعرەکانی عەلی گەلاوێژ

مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران) ماوەیەکی کەم پێش کۆچیدوایی نەمر عەلی گەلاوێژی برا گەورەی، شێعرە کوردییەکانی لە ماڵپەڕی «ڕۆژهەڵات/ بۆکان» بڵاوکردەوە.[١] ئەوە کارێکی بەنرخ و بەجێ بوو لەبەروەی لە ڕابردوودا ئێمە بەگشتی تەنیا شێعری «ذوحەیاتەین»مان لە مامۆستا گەلاوێژ خوێندبۆوە و وا هەیە جگە لە خەڵکانی نزیکی خۆی کەمتر کەس زانیبێتی کە گەلاوێژ لە دوورەوڵاتی و لە بارودۆخی ئەو دەمی سۆڤیەتیشدا شوێنی ڕووداوەکانی کوردستانی گرتووە و تاوتوێی کردوون و شێعری بۆ گوتوون، بۆ نموونە بە بۆنەی واژۆکرانی پێکهاتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراقدا، شێعری «سڵاوی دوور»ی گوتووە.

من هیوادار بووم مامۆستا سۆران هەموو شێعرەکان سەرەتا لە ماڵپەڕەکەدا بڵاوبکاتەوە و درەنگتر وەک کتێبیش لە چاپیان بدا.

ژیانی عەلی گەلاوێژ بەشێکە لە مێژووی سیاسیی بۆکان و خۆشی وەک کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسیی ناوچەکە، شیاوی ئەوەیە لەو مێژووەدا کە دواتر لەمەڕ بۆکان و ناوچەکەی دەنووسرێ، شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. هەروەها پێویستە کۆپی ئەو کتێبەی وا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی زەویوزار لە ئێران نووسیویەتی دەست بخرێ و بڵاوببێتەوە (بەختەوەرانە لەم ساڵانەی دواییدا کۆپیی کتێبەکە لەسەر ئینترنێت دەستاودەست گەڕا و ئێستاش هەیە. جێی خۆی دەبوو ئەگەر لەو کاتانەدا هەبووایە بابەتێکیشم لەسەر ئەو بنووسیایە).

ئەوە نموونەیەک لە شێعرەکانی گەلاوێژ، کە ناسناوی شاعیرییەکەی «ئاگری» بووە:

1. http://bokan. de/laperekan/Edebiat/gelawej. pdf.

**تاقەدارەکە**

**تاقەدارەکـەی لەسـەر ئاسـۆگان**
**خۆم بم بە قوربان تاقـی و تەنیاییت!**
**ئەو دەسـتە بشـکێ وا تاقی خسـتی!**
**وا بوو بـە باعیس دووری و جیاییت!**

******

**چوار دەورەت خۆڵە و عەرزی سووتاوە**
**لایەکـت لێـژی و لایەکـت بەندەن**
**لـە تـۆ دەپرسـم ئـەی تاقـەدارە:**
**بۆچ ئەم چۆڵگەیەت کردۆتە مەسکەن؟**

******

**کاتـی بـای زەبەنـد بـە تاقیتەنیـا**
**سـینگ وەپێش ئەدەی وەک پاڵەوانان**
**بـا دەتچەمێنـێ و بـاران دەتکوتـێ**
**خـۆت ڕائەژەنـی بـە هـەوای تۆفان**

******

**ئـەی تاقـەدارە! بەسـییە تەنیایـی**
**وشـکان باشـترە لـە تەنیـا ژیـان**
**بۆچ لەو سـەر کەلە ڕیشـەت کوتاوە**
**چاو لـە عاسـمانی بۆ دەنکـێ باران**

******

**بێشـە و دارسـتان لێـوارەی کانـی**
**لە سات دانیشن دۆسـت و دڵداران** [١]

---

١. بەداخەوە ئەم بەندەی ناتەواوە

## بیری رابردوو

بیـری ڕابـردوو پەخشانەشـێعرێکی عومـەری سـوڵتانی (وەفا)یـە، کـە تێیـدا باسـی ڕابردووی شاری بۆکان کراوە بە داب‌ونەریت و باغ و کانیاو و جادە و کەسایەتیی ناوداری شارەکەوە. سەردەمێک کە وەفا لێی دەدوێ نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمە کە هێشـتا دەوروبەری شـار بە باخی میوە تەنرابوو، حەوزەگەورە گەورەیی‌یەکەی مابـوو، قـەڵا لـە بەرزی وێسـتابوو، عەلی‌بەگی یەکشـەوە لە دار نەدرابوو، حەسـەن زیـرەک مابـوو، موسـوڵمان و جوولەکـە ژیانـی هاوبەشـیان هەبـوو و گۆرانیبێژان دەیانچڕی:

**تــازەم زانیــوە بــۆکان بۆتــە شــار**
**تێیــدا هەڵکەوتــۆ دوو خەڵفی چنار**
**یەکیــان زارایــە وەک دەنکــی هەنار**
**ئەوی دیش، سوعدا شۆخ و مەزەدار**

جیـا لـە لایەنـەی ئەدەبییەکـەی، پەخشانەشـێعری وەفـا مێژوویەکـی کورتی ٥٠ ساڵەی بۆکانە تا کۆتایی‌یەکانی سەدەی بیستەم و سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ گەلێک داب‌ونەریتی ئەو سەردەمەی خەڵکی شار.[1]

1.http://bokan. de/laperekan/Edebiat/edibani%20bokani/wefa/Dasta%20Shier. pdf.

## دەنگی هەرمان

مـن ئـەم کتێبـە وەک نموونەیـەک دەهێنمـەوە بۆ کارێـک کە نووسـەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان دەبێ ڕەچاوی بکەن: نووسینی ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ و شـاعیر و هونەرمەندانی بۆکانی؛ واتە دەبێ بەشـێکی بەرچاو لە مێژووی هەمەلایەنـەی بـۆکان تەرخـان بکـرێ بـۆ ناسـاندنی ئـەو کەسـانەی وا خزمەتکاری کولتـوور و زمانـی نەتەوایەتـی و لـەوە زیاتـر، ناسـێنەری کولتـووری جیهانـی بـە گەلەکەیان یا پێشکەشکەری کولتووری کوردی بە مرۆڤایەتی بوون.

بێگومـان وەرگێـڕان بەشـێکی گرنگـی ئـەم کارە پێکدەهێنێ بەبێ پەرەسـەندنی کاری وەرگێڕان لە زمانانی دیکەوە بۆ سـەر زمانی کوردی و بەپێچەوانەش، کورد دەبێتە گەلێکی دابڕاو لە فەرهەنگی جیهانی و لە تەنیایی و دابڕاوی‌دا دەخنکێ.

کتێبـی تـازەی وەرگێـڕی زەحمەتکێشـێکی کـورد، کاک محەممـەد ڕەمەزانـی، هەنگاوێکـە لـەم بوارە گرنگەدا. ڕەمەزانی بێ‌هەستوخوسـت و ئیدديعا و لەخۆبایی بـوون، لەمێژسـاڵە خزمەتـی زمانـی کـوردی دەکا. ئـەو چیرۆکانـەی وا لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە وەریاندەگێڕێتـەوە سـەر زمانی کوردی، یارمەتیـی هەموو لایەک دەدا ئەدەبـی جیهانـی بناسـن و لاوەکانیـش فێـر دەکا چـۆن بنووسـن، چـی بنووسـن و بۆچی بنووسن.

«دەنگی‌هەرمان»کۆمەڵەی ١٧ چیرۆکی‌کورتەکە زۆربەیان‌نووسەر وچیرۆکنووسی ناسـراوی ئینگلیزی‌زمـان نووسـیویانن. «جیمـز جۆیـس، ئێرنێسـت هێمینگـۆی و...»؛ هەندێکیان‌هی‌نووسەرانی‌گەلانی‌دیکەن وکاک‌محەممەدلەبەرتەرجەمەی‌ئینگلیزییانەوە وەریگێڕاونـە سـەر کـوردی: «ئالبێـر کامـۆ، داستایۆفسـکی، ماکسـیم گورکـی و...»؛ بەشـێکیان هـی سـەردەمی تازەتـرن و کەمتر ناسـیاوی زەینی خوێنەری ئاسـایین: «ئێود دی. هۆچ، فرانک ئۆکانێر، ڕابێرت ئێم. کۆوتس و...»؛ کە بەتایبەت ئەم بەشـەی دوایی‌یان خاوەنی گرنگایەتیی تایبەتە و لاوەکانمان لەگەڵ ئەدەبی نوێی جیهان ئاشنا

دەکا.

وەرگێڕ لە پێشەکییەکی ٢٠ لاپەڕیدا، پوختەی چیرۆکەکان و ژیانی نووسەرەکانیان بە خوێنەر دەناسێنێ و ئەوە کارێکی بەکەڵکە، بەتایبەت بۆ لاوەکان و ئەو خوێنەرانەی وا شارەزایی کەمتریان لەسەر نووسەری چیرۆکەکان هەیە.

قەڵەمی ڕەمەزانی ڕەوان و زمانی پاراوە. مۆرکی شێوە نووسینی موکریانی و تەنانەت بن لەهجەی مەهابادی بە نووسینەکانییەوە دیارە، ئەوەش لە ڕووی ئەو پێشەکییە بەنێوەرۆکەوە دەردەکەوێ کە بۆ کتێبەکەی نووسیوە. تەنزێکی نەرم هاوڕێ لەگەڵ زمانێکی سیمبۆلیک ڕادەی پێشەکییەکەیان گەیاندۆتە شوێنێک کە خوێنەر هەست دەکا ئەگەر نووسەری دێرەکان بە کاری تەرجەمەوە خەریکیش نەبووایە، خۆی دەیتوانی نووسەرێکی سەرکەوتووی شارەزای بەرز و نزمیی زمانی نەتەوایەتی بێ.[1]

---

١. محەممەد ڕەمەزانی، «دەنگی هەرمان»، کۆمەڵەی ١٧ چیرۆکی ئەمریکایی و ئورووپایی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناشر: وەرگێڕ (؟)، چاپی سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٧٧ لاپەڕە، کوردی.

# BOKAN
# IN THE COURSE OF HISTORY

## BY ANWAR SOLTANI

Vol. I

A collection of 481 essays detailing history, literature and life accounts of people o Bokan (Bukan), a Kurdish town in north-west Iran, from the earliest written record to present. The accounts of historic sites around the town give details of continuous story of three thousand years of civilizations in the region, including the time of Mannaean, Medes, Urartian, Scythians, Parthians, Sassanids, Greeks, Romans and Arabs who governed the region at different points in time. Readers will embark on the journey through the historic sites of Zewiyeh, Izirito, Takht-e Soleiman (Shiz) and Faqreqa, the tomb of a Median king in neighbouring towns of Saqiz and Mehabad, while meeting past and present religions such as Mithraism, Zoroastrian and Islam.
Bokan is also a land of great Kurdish poets and authors; important contributions to Kurdish literature are documented in the book through the life and fortunes of H. Qizilji, A.Haqiqi, K. I. Awat, S. Ilkhanizadeh, E. Afkhami, O.S. Wefa and many others.
Two further sections of the book will account for development of economy in Bokan during the time, along with the exciting political memoirs of the author in both prisons of the previous and current Iranian regimes.
Readers can also find detailed history of the region through the time, from Assyrian invasions (first millennium BC) to the first and second world wars, Republic of Kurdistan (1946), Peasants Uprising (1952-3) and Kurds defending harsh aggression of the Islamic republic of Iran in 1979.